لە بڵاوکراوەکانی کۆڕبەندی هزری ئیسلامی
لە هەرێمی کوردستان - هەولێر
(٢٧)

نووسینی
دکتۆر محەمەد شەریف ئەحمەد

# نوێسازی

## هەڵوێستی ئیسلامی لە فیقهو هزرو سیاسەتدا

بەکوردی کردنی
زێبار عەزیزخان مهاجیر

١٤٣٦ - ٢٠١٥

ISLAMIC FORUM
2005
بەروار: ٢٠١٦/٨/٢٦

لە بڵاوکراوەکانی کۆڕبەندی هزری ئیسلامی
لە هەرێمی کوردستان - هەولێر
(٢٧)

# نوێسازی

## هەڵوێستی ئیسلامی لە فیقهو هزرو سیاسەتدا

نووسینی
دکتۆر محەمەد شەریف ئەحمەد

بەکوردی کردنی
زێیار عەزیزخان مهاجیر

١٤٣٦ - ٢٠١٥

ناوی کتێب: نوێسازی هەڵوێستی ئیسلامی لە فیقهو هزر و سیاسەتدا
نووسەر: دکتۆر محەمەد شەریف ئەحمەد
وەرگێڕان: زێبار عزیزخان مهاجر
ڕێکخستن: نوسینگەی A4
ahamdfatih2000@yahoo.com
بەرگ : حامد محمد غفور
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
چاپ: یەکەم، ١٤٣٦- ٢٠١٥
چاپخانە: حاجی هاشم - هەولێر

**لە بڵاوکراوەکانی کۆڕبەندی هزری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان - عێراق ( ٢٧ )**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٦٥) ی ساڵی (٢٠١٥) ی پێ دراوە

به ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

## پێشەکی

وەکو کوردەواری دەڵێت: "کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترشە" بەڵام خۆتان و بەختتان وەرن ئەو کتێبەی بەندە کە پرۆژەی نوێسازییە لە کەلتوری ئیسلامی و کاك زێبار، بە توانایەکی سەر سوڕهێنەر لە زمانی عەرەبییەوە وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی، بە وردی بیخوێننەوە، تا بۆتان روون ببێتەوە:

ئایە ئەو پرۆژەیە شایستەی ئەم داوایە زلەیە؟

ئەگەر کەم و کورتیشی هەبێت، بێ گومان سەرنجتان بۆ ئەوە رادەکێشین کە نوێسازی لە کەلتوری ئیسلامیدا نەك پێویستیەکی هەنوکەیە و بەس، بەڵکو زەرورەت و ناچارییە، چونکە رەهەندی مرۆڤایەتی و شارستانییەت و هوشمەندی ئیسلام کە حورمەتی رۆڵانی ئادەم بنەمای رێنماییەکانیەتی و تیشکی "نور" پێناسەیەتی، و هەموو بەهایە جوانەکانی ئیسلام کە گشت شارستانییەتێك پێشوازی لێدەکات، و بەڵگەی مانەوە و نەمری ئەو دینەن کەوتووتە ئیشکالییەتێکی خەتەرناك بە هۆی رێبازی تیرۆر و توند رەوییەی کە دەیەوێت بە زەبری شمشێر چەتری هەموو بەهایەکانی مرۆڤایەتی و ئازادی بیر و ڕاو رێزگرتن لە ئادەمیزاد و یەکترناسین کە قورئانی پیرۆز وەکو بنەمایەکی نەگۆڕ (ثوابت) بەرزی کردەوە، ئەم چەترە تێك بشکێنن.

بەداخەوە، کەلتوری ئیسلامی بە تایبەت فقه و تفسیر جیاوازی نەکردوە لە نێوان ئەو ئەحکام و پرەنسیپانەی پەیوەندییان بە (زمان و مکان) نیە لەگەڵ ئەوانەی تایبەتمەندن و پەیوەندییان بە ژینگەیەکی سنوردار هەیە.

هەروەها لە فەرمودەکانی پێغەمبەریش ﷺ نەکراوە دیارە، بڕیاری رێژەیی، بە رەها، شرۆڤە ناکرێت.

بۆ نموونە ئاشتی پرەنسیپێکی رەهایە (والله يدعو إلى دار السلام) (وإن جنحوا للسلم فاجنح لها) دوژمنەکانت هەر کاتێك ئاشتییان ویست، دوو دڵ مەبە، پێشوازی لە ئاشتی بکە، بەڵام جەنگ ماڵ وێرانیە و سنوردارە بە پارێزگاری لە زەروراتی ژیان.

دیسان بە داخەوە، بـە خاوەنـانی ئـەو رێبـازە تونـد رۆییـە گـومڕای دوو هەڵـەی گەورەن، بیکەم، ئەقڵ و هوشمەندیان پەك و بێ کـارکردووە، دایـان رنیـوە وە لـە ئـەرك بنەرەتیەکەی، کە زانینی چاکە و خراپەیە ئەویش نیشانەی رێزلێنانی خوای گەورەیە لـە ئادەمیزاد کـە فەرمویـەتی (ألهمهـا فجورهـا وتقواهـا) ئـەم ئەرکەشـیان لـە ئـەقڵ و ساندووتەوە، دایتیانە دەقی شەرعی کە ئەرکە بنەرەتیەکەی هیدایەتی ئیمان و ئیسلامە بە تایبەت (غیبیات) غیب، هیچیان بۆ (حکمة) کە شان بە شانی (کتـاب) ناوی هاتووە نەهنشتۆتەوە، شارستانییەتیش بە ئەقڵە و بە دەق نییە.

دووەم: جگە لە قورئانی پیرۆز فەرمودە و رەوشتە راست و دروستەکانی پێغەمبـەر ﷺ کە رونکەرەوەی قورئانن هیچ موقەددەسی ترمـان نیـە، سەرچـاوەی دینمـان بێـت، بۆچونی زانایانی کون و تازە (مذاهب) موقەددەس نیە، مێژووی موسڵمانان وەکو (بشـر موقەددەس) نیە خۆیان بەرپرسیارن لە کردەوەی خۆیان، زانایانی گەورەی پێشووش هـەر وایان گوتوە کەسیان رای خۆیان وەکوو دین نەچەسپاندووە.

ئەم کتێبەیە خۆی دوورگرتیە لەو دوو هەڵەیە، بۆ کاروباری دونیا بایەخی زۆری بە ئەقڵ و حیکمەت و هۆشمەندی داوە (ويعلمهم الكتاب والحكمة) دروشمی نوێسازێتی.

هیوام وایە ببێتە بنەمایـەکی بـۆ دامەزرانـدنی قوتابخانەیـەکی هـزری ئیسـلامی کوردەواری هاوچەرخ و گونجاو لەگەڵ پێوەرەکانی مەدەنییەت و مرۆڤایەتی.

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

## پێشەکی وەرگێڕ

خوای پەروەردگار هاوتا لەگەڵ بەدیهێنانی مرۆڤ، ژیری و هۆش و عەقڵی پێداوە، کە بەهۆیەوە دەتوانێ چاك لە خراپ و جوان لە ناشرین جیا بکاتەوە، لە ژیری مرۆڤدا بەهرەی تێگەیشتن و ڕامانی گەڵاڵەکردووە، تا بەهۆیەوە مرۆڤ بتوانێ ژیان و گوزەرانی لەسەر گۆی زەوی بەگوێرەی مەبەستە باڵاکان و بەرژەوەندییە پەسەندەکانی ڕایی بکات.

ئەم ژیرییە تاکە پارسەنگە کە مرۆڤ بەهۆیەوە ئەرکدار (مكلف) دەبێ، بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆی لە بەرامبەر هەر پێشهاتێك دونیایی یان ئاینی بێ.

ئینجا پەیامە ئاسمانیەکان کە ڕەوانەکراون تەنها بۆ جەختکردنەوە بووە لەسەر ڕاستییە چەسپاوەکان و دووپاتکردنەوەی ئەو ڕاستییانەی لە ژیریدا هاتوون و فێرکردن و هەواڵدان لەبارەی ئەوەی کە لە دەرەوەی بازنەی توانای ژیرییە وەك: جیهانی نادیار و بواری پەرستشەکان.

ئەم کتێبەی بەردەستمان کە لە زمانی عەرەبیەوە وەرم گێڕاوە بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی، پێم وایە یەکێکە لەو کتێبە ناوازانەی خوێنەر و کتێبخانەی کوردی پێویستیان پێی هەیە، بۆ زیاتر مەلەکردن و ئاشنابوون بە

مەبەستە پیرۆزە خواییەکان و خواستە باڵاکانی شەریعەت. هیوای تەمەن درێژی و سەرکەوتن بۆ نووسەری بەڕێز دەخوازم، هیوادارم بەندە (وەرگێڕ) لە ئاستی وەرگێڕانی ئەم کتێبەدابم، چونکە بەڕاستی کتێبێکی زۆر دەگمەنە.

لە کۆتاییدا دەمەوێ سوپاسی ڕێزدار مامۆستا: "سەرهەند عبدالواحید" بکەم کە ئەرکی پێداچوونەوە و هەڵەچنینی گرتەئەستۆ(١).

سەرکەوتن تەنها لە خواوەیە، هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك.

زیڤار عەزیزخان مهاجیر

---

(١) بۆ ڕاڤەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز سوودم بینیوە لە: تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، نووسینی بورهان محمد أمین. (وەرگێڕ).

## ناوەڕۆک

پێشەکی و ڕێخۆشکردن

- دەروازەی یەکەم: خوێندنەوەیەکی بابەتیانە بۆ ئەرکەکانی سوننەتی پێغەمبەر

_ یەکەم: ئەرکەکانی سوننەتی پێغەمبەر

_ دووەم: ڕەهەندی ڕێنیشاندەری (البعد الإرشادي) سوننەتی پێغەمبەر

_ سێیەم: ئەو شوێنەوارانەی لە دەرەنجامی خەسڵەتی ڕێنیشاندەری سوننەتی پێغەمبەر کەڵەکە دەبن

- دەروازەی دووەم: فیقهی واتا و فیقهی چاوگی وشە (فقه المعاني و فقه المباني)

أ_ ئاماژەی فەرمان و ڕێگریکردن (دلالة الأمر والنهي)

ب_ ئاماژەی دەقی گشتی (دلالة العام)

_ یەکەم: فیقهی واتا و قوتابخانەی ڕاوبۆچوون (مدرسة الرأي)

_ دووەم: فیقهی واتا و فیقهی مەبەست (فقه المقاصد)

_ سێیەم: فیقهی واتا و قوتابخانەی پابەندبوون بە دەق

_ چوارەم: فیقهی واتا و قوتابخانەی کۆمەڵایەتی (مێژوویی)

_ پێنجەم: فیقهی چاوگی وشە و ڕاڤەی بێژە (اللفظ)یی و شرۆڤەی بەرتەسك

_ شەشەم: فیقهی واتا و ڕاڤەی بەرفراوان

_ حەوتەم: فیقهی واتا و گونجانی فیقە لەگەڵ بارودۆخ لە سایەی ڕۆشنایی داناییدا

_ هەشتەم: فیقهی واتا و فیقهی بەرژەوەندی و ژیری

- **دەروازەی سێیەم**: ڕەهەندی سیاسی لە هزری ئیسلامیدا

_ یەکەم: مانای هزری ئیسلامی و تایبەتمەندییەکانی

_ دووەم: سیستەمی سیاسی لە ئیسلامدا

_ سێیەم: پێگەی سیاسەت لە ئیسلامدا

_ چوارەم: دەوڵەتی ئیسلامی

_ پێنجەم: سەرچاوەکانی سیستەمی سیاسی ئیسلامی

_ شەشەم: دەوڵەتی ئیسلامی لە ڕووی پێکهاتنەوە

- **دەروازەی چوارەم**: ڕەهەندی شارستانی لە هزری ئیسلامیدا

_ یەکەم: فرەیی شارستانی ڕاستییەکی گەردوونییە

_ دووەم: بەرنامەی ئیسلام بۆ ژیان

- پرسی یەکەم: پەیڕەوی لێبوردەیی لە ئیسلامدا
- پرسی دووەم: فرەیی و پەسەندکردنی بۆچوونی بەرامبەر
- پرسی سێیەم: مافەکانی مرۆڤ
- پرسی چوارەم: کەلتوری (ڕۆشنبیری) داد و ئاشتی نەوەك کەلتوری (ڕۆشنبیری) ستەم و توووند و تیژی
- ناساندنی تیرۆر (الإرهاب)

- **دەروازەی پێنجەم**: بیرۆکەی حوکمڕانی (فکرة الحاکمیة)

_ یەکەم پێشەوا عەلی (سڵاوی لێبێت) چۆن ڕووبەڕووی ئاشووبی حوکمڕانی بووەوە؟

_ دووەم: هەندێك ئایەت سەبارەت بە حوکمڕانی

_ سێیەم: بیرۆکەی بەچاکدانان و بەخراپدانان (فکرة التحسین والتقبیح)

دەروازەی شەشەم: دانایی لە چارەسەرکردنی پرس و کێشەکاندا

_ یەکەم: دانایی (حیکمەت) لە زمانەوانیدا، ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی ڕاڤەکاران لەبارەیەوە، بۆچوونی ئێمە لەم بارەوە

_ دووەم: دانایی و فەلسەفە

_ سێیەم: دانایی لەلایەن پسپۆرانی زانستی بنەماکانی فیقھ (الأصوليين)

**پاشکۆ: هەڵوێستی ئیسلامی لەبەرامبەر خاوەن ئاینە جیاوازەکان**

## پێشەکی و ڕێخۆشکردن

هەر لە دەسپێکی سەرهەڵدانی گەشەسەندنی بیرکردنەوەی مشتومڕئامێز لە مرۆڤدا؛ ئەم بوونەوەرە ژیرە سەرنج و تێبینی ئەوەیداوە کە گەشەسەندن و پەرەسەندن بەرنامەی ژیانە، ئەم گەشەسەندنە هەر لەو کاتەی لە سکی دایکیدایە تا کاتی لە دایك بوون و قۆناغی گەنجێتی و بەساڵاچوونیشدا هاودەمیەتی، لە هیچ بارودۆخێکدا ناوەستێت و نامێنێتەوە. هەموو شتێك لە ڕۆیشتن و جوڵەدایە، هەر یەکەیان لە خولگەیەکدا دەسوڕێتەوە و مەلە دەکات، چیا و کێوەکان وەك هەورەکان لە جوڵەدان، ئەمە دەستکردی خوایە کە هەموو شتێکی بەوپەڕی ڕێك و پێکی بەدیهێناوە. هیچ یەکێکمان ناتوانێ دوو جار لە هەمان ڕووباردا خۆی بشوات، لەبەر ئەوەی هەروەك فەیلەسوفی یۆنانی هێرتۆقلیس (٥٤٠ _ ٤٨٠ پ. ز) دەڵێت کاتێك بۆ جاری دووەم خۆی تێیدا دەشوات ئەوا ڕووبارەکە گۆڕاوە. ناوبراو پێی وایە ((لە پاڵ ئەم قۆناغانەی لە سروشتدا هەن ژیری _ عەقڵ _یکی گەردوونی و بوونێکی تاك و تەنها هەیە، کە بنەڕەت و بنچینەی هەموو شتێکە، چەسپاوو نەگۆڕە، ئەویش خوای گەورەیە)). لەوانەیە ئەمە بەشێکی لێکدانەوەی ئەم ئایەتە پیرۆزە بێ کە ئاماژە دەکات بۆ گەشەی شتەکان و نەمری و هەرمانی بەدیهێنەر ﴿كُلَّ يَوْمٍ هُوَ فِي شَأْنٍ﴾

الرحمن: ٥٥/ ٢٩. واتە: (لە هەموو کات و ساتێکدا لە بەجێهێنانی نیازێك و دروستکردنی شتێکدایە). خواش زاناترە.

گەشەسەندن هزر و بیرۆکەیەکی فەلسەفی ڕووت نییە، بەڵکو واقیع و بارۆدۆخێکی بەرهەستە، دیاردەیەکی ڕۆشنە. ئایا هەموومان هەست ناکەین بەوەی کۆمەڵگەی مرۆیی بەردەوام گەشە و نەشونما دەکات، هیچ شتێکی تێدا نییە لە دۆخێکدا بوەستێت. ئەگەر گوێزرانەوەی لە سادەیی سروشتەوە بۆ ئاڵۆزی ئامێری پیشەسازی هەزاران ساڵی خەرج کردبێ، ئەوا وەرچەرخانی لە سەردەمی ئامێرەوە بۆ ڕۆژگاری ئینتەرنێت و جیهانی ئەلیکترۆنی بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی پێش خۆیدا تەنها چاوترووکانێك بووە. ئەم گەشەسەندنە بینراوە تەنها بەوە نەوەستا ڕووکاری ماددی قۆناغی کۆن بسڕێتەوە یان بیگۆڕێت، بەڵکو زۆرێك لە بەهاکانی ڕامالی، کە ئەو کات بڕوا وابوو هەرگیز لە ناوناچن و ون نابن، وەك بەندایەتی و بێگار (السخرة)[1] جیاوازی ڕەگەزی و چەوساندنەوەی گەلانی لاواز، کۆبوونەوەی دەسەڵات لە دەستی تاکی حوکمڕاندا.

جا ئەگەر ئەمە دۆخی ژێرخان بێ، ئەوا بۆ هیچ یەکێك نییە مشتومڕ بکات لەبارەی ڕووکەشە دیارەکان کە بەچاکی دەزانێ و چارەسەری دەکات. ئەمەش بارودۆخی یاسایە کە بە بەردەوامی گەشە دەکات بەپێی پەرەسەندنی دۆخی کۆمەڵگاکان، هەروەك دەشبێتە پاڵنەری گەشەکردن لە هەندێك بارو دۆخدا. ناکرێ فیقهی شارستانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کە چارەی

---

(١) السخرة: بێگار (سۆغرە) بەبێ کرێ پێدان کار بە خەڵك بکەی. دەوترێ: (هم سخرة): ئەوانە بێگار پێکراون. بڕوانە: قامووسی ڕستە، (س خ ر) ٢/ ١١٤٦، چ ١، ٢٠١٠ بەیروت. (وەرگێڕ).

پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و بازرگانی و سیاسییەکانی تاکی کۆمەڵگە دەکات دوور و سەلامەت بێ لە شنەبای گۆڕانکاری؛ لەبەر ئەوەی ئەگەر هاوکات لەگەڵ کۆمەڵگە نەڕوات و گونجاو نەبێ لەگەڵ بارودۆخەکان، ئەو کاتە فیقهەکە لە ئەنجامدانی ئەرکی خۆی دوادەکەوێ، هەروەك یاسا لە ناوەڕۆك و حیکمەتەکەی بەتاڵ دەبێتەوە.

ئەمە لە سروشتی فیقهی ئیسلامی و ئەزموونە مێژووییەکەیدا بەدی دەکەین؛ لە کەلەپوری فیقهی مەزنی پڕاوپڕ لە ئەزموونی سەدان ساڵ، ژیری هەزاران پێشەوا و کۆششکار و نوێخوازدا، گەواهیەکی مێژوویی بەڵگەدار هەیە لەسەر توانای فیقهی ئیسلامی مەزن لەسەر نوێسازی و نوێکاری لەگەڵ هەر برگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کە پەیدا دەبێ؛ چونکە لە نەرم و نیانی سەرچاوەکانی، سروشتی پێوەرە گشتییەکانی، ڕێسا هەمەکییەکانی، هێڵە درێژ و سەرەکییەکانی ماوە هەیە بۆ هەڵسوکەوت کردنێکی گونجاو لەگەڵ تازە پێشهاتەکانی ژیان، خواست و پێویستییەکانی دۆخە تازەکان. لێرەدا ئێمە ئەو دەقە دابەزێنراوە ڕەهایە جیادەکەینەوە کە هیچ شوێن و کاتێکی بۆ نییە، وەك دەقەکانی بیروباوەڕ و خواپەرستی، هەروەها ئەو دەقانەش کە ئاماژە و چەسپاندیان براوە و سەلمێنراوە، بەڵکو مەبەستمان ئەو فیقهەیە کە پشتی بەستووە بە دەقی ڕێژەیی لە کات و شوێندا یان وەستاوەتە سەر تێگەیشتنی شەرعزان و کۆششەکەی، مەبەستیشمان لە نوێسازی شێواندن و گۆڕینی نییە، یاخود زیاد کردنی شتێکی تازە کە بەشێك نییە لێی، تەنانەت لێرەدا باسی بیرۆکەی مەهدیبوون یان ئەو بیرۆکەیەش نییە کە دەڵێت لەسەری هەر

سەدەیەك پێشەوایەكی نوێكار دەردەكەوێ و كاروباری ئایین نوێ و زیندووی دەكاتەوە، بەپێی ئەو فەرمووده ڕێزدارەی ئەبو هوڕەیرە لە پێغەمبەرەوە (د.خ) دەیگێڕێتەوە: ((خوای مەزن؛ سەری هەر سەد ساڵێك كەسێك بۆ ئوممەت ڕەوانە دەكات، كە كاروباری ئایینەكەی بۆ نوێ دەكاتەوە)). هەروەك ئەبو داود لە سونەنەكەیدا هێناویەتی.

لەگەڵ ئەوەی ئەم بیرۆكەیە بەربڵاوە لە ناو نەریتی هزری ئیسلامیدا، شەرعزانان و بیرمەندان لێكۆڵینەوەیان كردووە لەوەی كێ كەڵكی ئەوە دەدات ببێتە نوێكار لە هەر سەرە سەدەیەك، جا لە ئەنجامدا عومەری كوڕی عەبدولعەزیزیان پاڵاوت بۆ سەدەی یەكەمی كۆچی، هەندێكیان شافیعیان بۆ سەدەی دووەمی كۆچی پاڵاوت، هەندێكی دیكەیان غەزالیان بۆ سەدەی پێنجەم هەڵبژارد... ئا بەم شێوەیە.... پاڵاوتن و هەڵبژاردنەكە بەپێی سەرنجڕاكێشان و شوێنەوار و كاریگەری پێشەواكە بوو لەسەریان، سەبارەت بەو نوێ سازیەی كە ئێمە مەبەستمانە، ناوەڕۆكەكەی دوور نییە لەم بیرۆكە مێژووییە، دیاردە كۆمەڵایەتییە، تەنانەت پێویستییە كۆمەڵایەتییەش؛ بە مەبەستی هەماهەنگی و گونجان لە نێوان هزری ڕێكخەری بارودۆخ و واقیع لەگەڵ خودی بارودۆخەكە. نموونەی ئەم نوێسازییە لە فیقهی ژیانی گشتیدا ئەنجام دەدرێ نەوەك لە بیروباوەڕە چەسپاوەكان و ئەو پرسە شەرعییانەی زانینیان لە ئایندا پێویستە. جیاوازی نێوانیان ئەوەیە كە فیقھ تێگەیشتنی مرۆڤە، ڕاڤەیەكی بارودخییە (كاتی و شوێنییە)، دیدێكی سنووردارە بە كات و شوێنەوە، سروش و نیگای پیرۆز نییە، بەڵكو بارودۆخێكی مرۆییە، شیاوی گۆڕانە. بەڵام شەریعەت

بریتییە لە دەقی پیرۆز لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی ڕاست و دروست کە لە ڕێگەی پەیام و ڕێنوێنیەوە هاتوون. شتێکی زانراوە شەریعەت ڕێنوێنی مرۆڤی لە ئەستۆ گرتووە بۆ ئاشناکردنی بەو بیروباوەڕەی کە دڵی مرۆڤی باوەڕدار بە بەدیهێنەری بوون و بوونەوەر دەبەستێتەوە، وا دەکات مرۆڤ ملکەچی ویست و بڕیارەکانی بێت، ڕازی بێت بە قەدەری پەروەردگاری، مەشخەڵەکانی ڕەوشتی چاکەکاری ڕوون کردۆتەوە، یاساکانی خێزانی ڕێنوێنی کراوی شرۆڤە کردووە، کۆششکردن لە شتێکدا نییە کە بە ڕەهایی فەرمانی پێکردووە یان ڕێگری لێکردووە. سەبارەت بەوەی پەیوەستە بەلایەنی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یاخود بە پێگەی تاك لە ناو کۆمەڵگە و دەوڵەتدا، شەریعەت تەنها پێوەرە گشتییەکانی باسکردووە کە بە یاساکانی دادگەری دەچن، هاوشێوەی بنچینەکانی وێژدان و چاکەکارین و ڕێککارین، یان یاسای سروشتی لە زاراوەی یاساناساندا. بێگومان دابەزاندنی ئەم پێوەر و بنەما گشتی و مەشخەڵە سەرەکییانە بەسەر ڕووداو و پێشهاتەکان بەگوێرەی خواست و پێویستی بارودۆخەکان دەبێ، کە بە کات و شوێن دەگۆڕێن. دادوەرە داناکان بۆیان هەیە بەرژەوەندییە گشتییەکان و دانایی و مەبەستەکانی شەریعەت بکەنە بڕیاردەر و دادوەر بەپێی ئەو کۆششەیان کە دادگەری بەرپا دەکات. وا باشە چاکترین بۆچوون و کۆشش لەم بوارەدا بە یاسا بکرێ بەپێی ڕاو بۆچوونی شارەزا و پسپۆران لە چوارچێوەی ئەم پێوەرانەی کە شەریعەتی ئوممەتەکان پەسەندی دەکەن.

ئا لێرەوە؛ نوێسازی دەبێتە ئەو پێویستیە کۆمەڵایەتیەی کە ناکرێ مرۆڤ لەبەری ڕابکات. لە شوێنێ نەریت بڕیاردەر بوو یان ئاماژەکانی دەقە

شەرعییەکان گوماندار و نا ڕاشکاو بوون، کاتێکیش ڕووداو و پێشهاتی وا پێش دێن کە دەقێکی مانا بڕاوەیان لەسەر نییە، کە بوونی چەسپاو بێ؛ ئەوا لێرەدا نابێتە دانایی و پەیڕەوکردنی شەرع بەوەی هەڵبستین پەنا بۆ زاراوەی فیقهی کۆن ببەین یان توێژینەوەیەکی ئاماژەیی بکرێ بۆ گوزارشت و فەتوای شەرعزانان، کە بۆ سەردەمی خۆیان وتویانە تا ئەم شتانەی پێ چارە بکەن؛ بەڵکو دەبێ فیقهێکی نوێسازی هەبێت کە بگونجێ لەگەڵ بارودۆخ، شتەکان ئاسان بکات نەوەك سەخت، لەگەڵ گیانی ڕۆژگار بچێتەڕێ نەوەك پاش بکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا پشت بەو شتانە دەبەستێ کە ڕەسەن و گونجاون لە کەلەپوری فیقهی تەکنیکی، خۆی پێ دەوڵەمەند دەکات نەوەك فەرامۆشی بکات.

ئەمە کارێکی داهێنراو نییە لە فیقهدا، یان داهێنانی ڕێبازێك، کە پێشتر شتی وا نەکرابێ، یاخود بانگەوازێك نییە بۆ پشتگوێخستنی کەلەپوری فیقهی ئیسلامی، کە دەوڵەمەند و پڕە لە گەنجینەی زانیاری فیقهی، بەڵکو ئەمە تەنها بانگەوازێکە بۆ پاڵنانی ژیری و عەقڵە فیقهییە هاوچەرخەکان بە ئاڕاستەی بەردەوامیدان بە پێشکەوتنی فیقهی و یاسادانان، وەك لاساییکردنەوەی ڕابەرە سەرەتاکان، ئەوانەی تەنها بەوە وازیان نەهێنا پرسە فیقهییە هەنووکەییەکان چارە بکەن، بەڵکو شتی فیقهیان داناوە بۆ ئەو پرسانەی پێشبینیان کردووە لە ڕۆژانی داهاتوودا ڕوو بدەن. ئوممەتی ئیسلامی بە زنجیرەیەك لە نوێسازی فیقهیدا ڕۆیشتووە وەك ڕۆیشتن لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگە، و پێشبینیەکانی ئایندە؛ تەنانەت هەندێك سنوور پەڕاندنی دەقی ڕاشکاو ئەنجامدراوە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە حیکمەت و ئامانجی دەقەکە. عومەری کوڕی خەتاب

زەویە سورەکان (سواد)ی عێراقی وەك خۆی هێشتەوە و دابەشی نەکرد، کە بە زەبری هێز ڕزگار کرابوو، بووە موڵکی دەوڵەت، بەپێی بەرژەوەندی موسڵمانان هەڵسوکەوتی کرد، وەك دەستکەوت پشکی نەکرد بەسەر جەنگاوەراندا، بەپێی دابەشکردنی ژمارەیی دەق لەسەر هاتوو لە قورئان و سوننەتدا، جا هەر چەندە زۆربەی ئەو هاوەڵانەی بەشداریان لە پرۆسەی ڕزگارکردنەکەدا کردبوو بەرەنگاری ئەم بڕیارەی عومەر بوونەوە و پێیان وابوو نا شەرعی و زیانبەخش و بێ ویژدانانەیە، داوای مافی خۆیان کرد لە سەروەت و سامانی عێراق، جێنشینی سەرکردە هەستی کرد کە پڕۆژەی دەوڵەتی فراوان و دەورە دراو بە مەترسییەکان جێگیر نابێ بەبێ سیستەمێکی دارایی تۆکمە، پشتیوانێکی بەهێزی ئابووری کە دەوڵەت بپارێزێ، پێداویستییەکانی دابین بکات، هەر زوو پەیی برد بە چەمکی قورئانی سەبارەت بە مەترسیداری کەڵەکەبوونی سامان و دارایی لە دەستی کۆمەڵە خەڵکێك یان نەوەیەك لە خەڵك و بێ بەشبوونی ئەوانی دیکە، ﴿كَيۡ لَا يَكُونَ دُولَةَۢ بَيۡنَ ٱلۡأَغۡنِيَآءِ مِنكُمۡ﴾ الحشر: ٥٩/ ٧. بۆیە سووربوو لەسەر هەڵوێستەکەی، بەمەش لەگەڵ ئەو هاوەڵانەی باشترین شەرعناس بوون بنەمای بەرایی بوونی دانایی و بەرژەوەندی باڵای دامەزراند لە پرسە سیاسی و کارگێڕی و کۆمەڵگەدا. هەروەك زانراوە کە عومەر سزای دزیکردنی ڕاگرتووە، لە ساڵی نەبوونی و برسێتیدا، تازە موسڵمان بووەکانی بێ بەش کردووە لە پشکی خۆیان کە بە دەقی ڕاشکاوی قورئانی پیرۆز پێیاندراوە، لەمەشدا پشتی بەستووە بە گۆڕانی بارودۆخەکان، کە پێوستی بەوە نەماوە دڵیان ڕابکێشرێ یاخود بە بێ

لایەنی بهێڵرێنەوە لە جەنگدا. شتێکی زانراویشە کە ئەو بڕیارە کارگێڕیانەی عومەر دەریکرد دواتر لەلایەن جێنشیەکانی پاش ئەو ڕەتنەکرانەوە.

ئەوەی باسمانکرد بە شێوەی داننانی ڕاشکاوە سەبارەت بەوەی کۆشش (إجتهاد)ی فیقهی لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە، لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر دەگۆڕێت، هەروەك ئەم دۆخە لە فیقهی شافیعی تازە لە میسڕ و فیقهە کۆنەکەی لە عێڕاق بەدی دەکرا، هەروەها فیقهی دانیشتووانی شاری مەدینە و فیقهی ئیبن مالیك. ئەم وتەیە ڕاستە کە دراوەتەوە پاڵ عومەری کوڕی عەبدولعەزیز: ((بە ئەندازەی داهێنانی ڕەفتاری خراپ، پرسی تازەش بۆ خەڵك پەیدا دەبن))، ژیانی مرۆڤ پڕیەتی لە ڕووداوی نوێ، ئەم ڕووداوانەش پێویستیان بە ڕووبەڕوو بوونەوە هەیە لە ڕێی چارەسەری گونجاو ئەگەر پێویست بکات، ئەمە دەستەبەر نابێ بە لەبەرگرتنەوە (کۆپی) کردنی چارەسەری کۆششی (إجتهاد)یە کۆنەکان یاخود بە دەستگرتن و پەنابردن بۆ زاراوە فیقهییە کۆنەکان، بەڵکو بە تێگەیشتن لە بارودۆخی تازە دەبێ، هەروەها بە توێژینەوەی یاسایی و فیقهی دەبێ لە بنەما گشتییەکان، کە بڕیار لەسەر هاووێنەکانی دەدەن، هەروەها بە حیکمەت و دانایی  خوای یاسادانەر دەبێ لەبارەی هاوشێوەکانی، ئاڕاستەی کرداری باوی ئەم بوارە دەبێ، یاخود بە پەنابردنە بە کۆششکردنی بە کۆمەڵی شارەزا و شەرعناسان دەبێ، لەگەڵ پشت بەستن بە فیقهی بەراوردکاری.

هەروەك باسمان كرد لێرەدا قسە لەسەر بیروباوەڕ و پەرستش و ڕەوشتە چەسپاوەكان نییە، ئەمانە چەند بەهایەكن، خەسڵەتی ڕەهاییان هەیە، شەریعەت بە دیاریكراوی و تێروتەسەلی باسی كردووە، نەوەك بە گوزارشتە پێوەرییە گونجاو و نەرمەكان، لێرەوە دروستە بوترێ: شەریعەتی ئیسلامی نەمرە و شیاوە بۆ هەموو كات و شوێنێك.

لە ڕاستیدا دەرگای كۆششكردن بۆ لێكۆڵینەوە لە حوكمی گونجاو واڵایە بۆ كەسانی خۆی بە شێوەیەكی بەردەوام، نزیك دەبێتەوە لەو بۆچوونەی داوای نوێسای فیقهی ئیسلامی و گەشەپێدانی دەكات لەگەڵ گەشەكردنی ڕوودا و پێشهاتەكان. فیقهی ئیسلامی بەردەوام ئەمەی كردووە، ئەزهەری پیرۆز پێی هەڵسا لەوەتەی بزوتنەوەی نوێخوازەوە لە سەردەمی شێخ محەممەد عەبدە و دوای ئەویش، خەریكە كۆڕە فیقهییە هاوچەرخەكان كۆك بن لەسەر ئەمە، سەرباری ڕاڕایی هەندێكیان، دەستگرتنی هەندێكی تر بە مانەوە لە ناو سنوور گوزارشتەكانی پێشینان، هەروەك ئەمە بەدیكرا لەلایەن شەڕعناسەكانی تاڵیبان بێ هیچ ڕەچاوكردنێكی كات و شوێن و بەهای مرۆڤ. لەگەڵ ئەوەی واباوە لە ناو كەلەپوری فیقهیماندا كە زۆربەی بۆچوونە جیاوازەكانی كۆششكار و پێشەواكان بە گوێرەی سەردەم و كات گۆڕاون، نەوەك بەپێی نیشانە و بەڵگەكان. بە ڕامان لە ڕاجیایی كۆشش (إجتهاد)ە فیقهییەكان، چەند یاسا و بنەمایەكی فیقهی داناوە كە ناوەڕۆكەكەیان ئەمەیە ((نكۆڵی ناكرێ لە گۆڕانی حوكمەكان بە گۆڕانی بارودۆخ و كات))، زانای بلیمەت محەممەد تاهری كوڕی عاشور باسی ئەوەی كردووە: ((شێخ ئەبو محەممەدی كوڕی ئەبو زەید سەگێكی لە ماڵی خۆی

ڕاگرتبوو، پێی وترا: مالیك پێی ناپەسەندە سەگ لە ناو شار و ئاواییدا ڕابگیرێت، شێخی ناوبراو لە وەڵامدا وتی: ئەگەر مالیك بە سەردەمی لەم شێوەیە گەیشتبا ئەوا شێری لەبەر دەرگاکەی ڕادەگرت))[1]، ئەمە ئەوەی لێوەردەگیرێ کە هەر حوکمێکی شەرعی شوێن داب و نەریت دەکەوێ، دەگۆڕێ بە گۆڕانی داب و نەریت. پێشەوا قەرافی دەڵێت: ((هەموو ئەوەی شەریعەت لەخۆی گرتووە شوێن داب و نەریت دەکەوێت، حوکمەکانی بە گۆڕانی داب و نەریتەکان، ئەوەی داب و نەریتە نوێیەکان دەیخوازن))[2].

دەڵێم: لەوانەیە قەرافی لەم بۆچوونەیدا پشتی بەستبێت بەم ئایەتە: ﴿ يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ وَيَتُوبَ عَلَيْكُمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴾ النساء: ٤/ ٢٦. واتە: (بێگومان خوا دەیەوێت "بەم شێوەیە" هەموو شتێکتان بۆ ڕوون بکاتەوە و ڕێنموویتان بکات بۆ ئەو یاسا و بەرنامانەی پێش خۆتان "کە پێغەمبەران هێناویانە لە جیهانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیەکان و..هتد" و تۆبە و پەشیمانیشتان لێ وەربگرێت، خوا زاناو دانایە).

شەریعەتی لێبوردەی ئیسلامی ئەوەندە فراوانە کە نوێسازی لە هزردا لەخۆ دەگرێ، هەروەها زاڵکردنی مەبەستەکانی شەریعەت بەسەر پابەندبوونی

---

(١) العلامة الطاهر بن عاشور. مقاصد الشريعة الإسلامية. تونس: الشركة التونسية للتوزيع، ١٩٧٨، چ ١، لا ٨٧.

(٢) صبحي محمصاني. فلسفة التشريع في السلام. بيروت: دار العلم للملايين، ١٩٦١، لا ٢١٤.

ڕووکەشی وشك بە پیتا و پیتی دەقەکان، ئەمەش هانی توێژینەوە و کۆششکردن دەدات بۆ پێوانەکاری باشتر و چاکتر لەسەر بنەڕەتی مەبەستە گشتییەکان و ڕەچاوکردنی ڕێنوێنی ئیسلام.

لەگەڵ ئەوەی دامەزراوە کردارییە فیقهییە هاوچەرخەکان دان بە کۆشش (إجتهاد) دەنێن؛ بەڵام تێبینی ئەوە دەکرێ ئەو کۆششکردنەی دەکرێ لەبارەی پێشهات و ڕووداوە تازەکان دەرناچێ لە دەستگرتن و خۆهەڵواسین بە فیقهی لاساییکەرەوە و تەقلیدی. کە دامەزراوە لەسەر فیقهی چاوگی وشەکان و ئامرازە کۆنەکانی زانستی بنەماکانی فیقە، بێ ڕەچاوکردنی فیقهی واتاکان کە وەستاوەتە سەر توێژینەوەی واقیع و مەبەستەکانی شەریعەت، لەگەڵ ئەوەی دەزانن کە مەبەستەکانی شەریعەت بڕاوە و سەلمێنراون، ئامرازە زمانەوانی و ڕوونبێژی و بەڵگە هێنانەوەکانیان لە زانستی بنەماکانی فیقهدا پڕیەتی لە ڕاجیایی و گومان، وەك بیرۆکەی مەبەستی پێچەوانە (مفهوم المخالفة)، وەرگرتنی فەرموودەی تاقانە (ئاحاد)، بڕاوە بوونی دەقی گشتی، فەرمان و داخوازی بۆ پێویست (واجب) بوونە، وەك نموونە.

ئەو توێژەرەی مەبەستیەتی گونجان بێنێتە کایە لە نێوان فیقهی ئیسلامی و ئەو بارودۆخەی بەردەوام لە نویبوونەوەدایە، دەبێ پشت ببەستێت بە مەبەستەکان و بنەما گشتی و سەرەکییەکانی شەریعەت، کە ئاڕاستەی ڕاستەقینە دیاری دەکات بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی مرۆڤ، بەمەش ئەو تێکگیرانە چارە دەبێ کە دەکرێ دروست ببێ لە ڕاڤەکردنی دەقەکان، کە

ئاماژەكانی بنەماییەكان (ئسولییەكان) لەوبارەوە دژیەكن. گوزارشتەكانی شەرعناسان و پێشەوا مەزنەكان ناگونجێن بۆ ئەوەی ببنە بناغەی هەڵهێنجانی حوكمەكان لێیانەوە، وەك چۆن كۆششكارە بەراییەكان حوكمەكانیان لە قورئان و سوننەت هەڵدەهێنجا. كۆشش پشت دەبەستێ بە دەقێكی بڕاوە لەلایەن خوای یاسادانەرەوە یان دانایی و حیكمەت، كە سەرچاوەی فیقهە بەپێی داخوازی ئایەتە ڕۆشنەكان، كۆشش دانامەزرێنرێ لەسەر هەندێك گوزارشت كە لە كتێبەكانی شەرعناساندا هاتووە، بەڵكو تەنها بۆ ئاسوودەبوون بۆچوونەكانیان دەهێنرێتەوە، لە ڕاستیدا هیچ یەكێك لە گەورە كۆششكاران بانگەشەی ئەوەی نەكردووە كە كۆشش و بۆچوونەكەی ئەو ڕاستییە تا هەتایە، هیچ یەكێكیان بانگەوازی ئەوەی نەكردووە شوێن پێی هەڵبگیرێ و لاسایی بكرێتەوە، بەڵكو هەر یەكێكیان باسی ئەوەی دەكرد كە بۆچوونەكەی چاكترینی ئەوەیە كە توانایان بەسەردا شكاوە. هەر یەكێك بۆچوونی بەهێزتر لەوەی ئەوان بهێنێ ئەوا پەسەندی دەكەن. هەروەك ئەبو حەنیفە وای وتوە. زۆربەی پێشەوایان ئەم ڕستەیەیان دووبارە كردۆتەوە: ((ئەگەر فەرموودە ڕاست و دروست بوو ئەوا ڕێبازی منە)). لە شافیعیش گێڕدراوەتەوە كە وتویەتی: ((بۆچوونمان ڕاستە، دەكرێ هەڵەبێ، بۆچوونی جگەلەخۆشمان هەڵەیە، دەكرێ ڕاست و دروست بێ))، ئەمە دروشمێكە، واتاكەی ئازادی كۆششكردن و توێژینەوەیە بۆ گەیشتن بەوەی توێژەر پێی وایە ڕاستە. بۆ هیچ زانایەكی كۆششكار نییە بانگەشەی ئەوە بكات ڕاستی تەنها لەلای ئەوە و خۆی قۆرغی كردووە و لە سنووری كۆشش و بۆچوونی ئەو دەرناچێ.

فره کۆششکاری کۆمەڵگە موسڵمانەکان ناشڵەژێنێ و دژیەکی و تێکگیران ناوروژێنێ وەك چۆن لە هەنگاوی یەکەمدا وا بەدی دەکرێ، چونکە کۆشش و بۆچوونی شەرعناس هیچ یەکێك پابەند ناکات، ئەرکی دەوڵەت و دادگا فەرمییەکان بریتییە لە سەپاندنی ئەو بۆچوونانەی شیاوی جێبەجێکرنن لە کات و شوێنی دیاریکراو، بە دانپێدانان و دەرکردنی وەك یاسا لەلایەن کۆمەڵەکانی یاسادانانەوە. شتێکی زانراوە بڕیاری دادوەر ڕاجیایی لادەبات.

لەبەر ئەمە پێویست بوو توێژینەوە لە دەروازەیەکی نوێ بۆ کۆششکردن بکرێ، ئەم دەروازەیەش بۆ زانستی بنەماکانی فیقھ زیاد بکرێ، لەگەڵ گەشەکردن بڕوات، پێشهاتەکان چارە بکات، نوێسازی بە بنەما بکات بەپێی پێوەرە گشتییەکانی شەریعەت.

بەمەش داوای ڕەتکردنەوەی زانستی بنەماکانی فیقھ ناکەم، ئەم زانستە داهێنانێکی پەیڕەوی و هزری و زمانەوانی و ژیربێژی ئیسلامییە، یارمەتیمان دەدات لەسەر ڕێك و پێك کردنی تێگەیشتن لە کەلەپوری مەزهەبە فیقهییە مێژوویەکان، توانای کۆششکردن و هەڵهێنجان بەهێز دەکات، عەقڵی بەڵگەهێنەرەوە ڕادەهێنێ و مەشقی پێدەکات لەسەر بژارکردن و لێکۆڵینەوەو پشکنینی حوکم، یارمەتی فیقهخواز دەدات تێبگات لە ڕێبازەکانی شیکردنەوە و شرۆڤە، بەڵام پێم وایە ئەمە بەس نییە بۆ چارەکردنی پێشهاتەکان یان بە بنەماکردنی نوێسازی و پشت پێبەستنی، مادەم دەقە شەرعییە پەیوەستەکان بە کاروبار و سیاسەتی دونیایی ئامانجی بەرپاکردنی بەرژەوەندییەکانی خەڵك و

لابردنی سەغڵەتییە لەسەریان و ئاسانکاریە بۆ کاروباریان، هەروەها دەقی گشتی و کەمن؛ ئەوا ئەرکی ئەو کۆشکارەی لێکۆڵینەوە لەبارەی حوکمێکی گونجاو دەکات بۆ پێشهاتێکی تازە ئەوەیە سەرەتا توێژینەوە بکات لە فیقهی دۆخی تازە (واقیع) و ئەوەی بەرژەوەندی خەڵکی تێدایە، ئینجا بڕیاری لەسەر بدرێ بەپێی مەبەستەکانی شەریعەت و حیکمەتی دانراو لە کات و شوێندا. بەلای ئەوەدا دەچم کە زانای بلیمەت "ئیبن عاشور" بۆی چووە و ناوی ناوە: (زانستی مەبەستەکانی شەریعەت)[1].

گرنگترین پاڵپشتی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە لەلای زۆربەی شەرعناسان و زانایانی بنەماکانی فیقهـ دانی پێدانراوە، لەلای زانا کەلامییەکانی ماتوریدی و موعتەزیلەکانیش چەسپاوە، کە حوکمەکانی خوای مەزن هۆدارکراون بە بەرژەوەندی و حیکمەت و دانایی. "ئیبن قەییم" لەم بارەوە دەڵێت ((ئەستەمە بۆ خوای دادگەرترین دادوەر و زاناترین زانا کە کردەوەکانی بێ حیکمەت و دانایی و بەرژەوەندی و ئامانجی چاك بن. قورئان و سوننەت و عەقڵ و سروشت و ئایەتەکان بەڵگەن لەسەر پوچەڵی ئەمە))[2]، دواتر چەسپاوە کە خوای مەزن پەیامبەری ڕەوانەکردووە و بەرنامە ئاسمانیەکانی دابەزاندووە تەنها بۆ بەرپاکردن و دروستکردنی سیستەمێك بۆ مرۆڤ، تا یارمەتیدەری بێ بۆ پەیی بردن بە بەرژەوەندییەکانی، جێبەجێکردنی دادگەری لە نێوخۆیاندا، قورئانی

---

(1) الطاهر بن عاشور. مقاصد الشريعة الإسلامية. سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٧.

(2) ابن القيم الجوزية، الطرق الحكمية في السياسة الشرعية. القاهرة: مطبعة السنة المحمدية، ١٩٥٣، لا ١٤.

پیرۆز ئەم ڕاستییە بنچینەییەی بەشێوەیەکی بێ گومان بۆ ئوممەتی ڕوون کردۆتەوە لەم فەرمایشتەدا: ﴿ لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلۡنَا مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلۡقِسۡطِ ﴾ الحديد: ٥٧/ ٢٥. واتە: (سوێند بەخوا بێگومان ئێمە پێغەمبەرەکانمان ڕەوانە کردووە هاوڕێ لەگەڵ بەڵگە و نیشانە و موعجیزەی ڕوون و ئاشکرادا و کتێبە ئاسمانیەکانیشمان هێنایە خوارەوە کە لەگەڵ ئەو پێغەمبەرانەدا بێت، تەرازوو پێوەری شەرعی و دادپەروەرانەمان بۆ ڕوون کردونەتەوە تا خەڵکی بەعەدالەت و دادپەروەریی ڕەفتار بکەن). دادگەری بەرژەوەندییەکانی خەڵك دابین دەکات، سەغڵەتیان لەسەر لادەدات. دادگەری لە هەر کوێیەك بێت شەرعی خواش لەوێیە، دادگەری لە پابەندبوونی پیتا و پیتی و ڕووکەشیدا نییە بێ پەیوەستبوون و پابەند بوون بە ناوەڕۆکەوە، بەڵکو دادگەری لە بەرپاکردنی ڕاستیدایە، لە دوو توێی ئارامی ویژدانی مرۆڤ و ئاسوودەیی عەقڵ و دڵەکاندایە بەرامبەر بە دادوەر. دادگەری ئەو چاکەیەیە کە بەرنامەی هەموو ئایین و گەلانی خاوەن شارستانیەتی لەسەر دامەزراوە.

ئا لێرەوە بۆ موسڵمان دروستە سوێندی خۆی بشکێنێت، ئەوەی چاکە و بەرژەوەندی تێدایە ئەوە بکات، هەروەك لە دوو سەحیحەکە و جگەلەوانیشدا چەسپاوە کە پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: ((هەر کەسێك سوێند لەسەر شتێك بخوات، شتێکی چاکتری بینی لەوەی سوێندی لەسەر خواردووە، ئەوا با چاکترەکە بکات، کەفارەتی سوێندەکەشی بدات)).

پێویستییەکانی بانگەوازی کردن بۆ بە بنەماکردنی فیقهی تازە لەسەر بنەمای مەبەستەکانی شەریعەت نەوەك لەسەر پیشەی ڕێزمانی و ژیربێژی و پشت بەستن بە داتاشراو و گریمانەکان لە ڕستەی کەلامیدا، بێ ڕەچاوکردنی بارودۆخ و گیانی شەریعەت، بنەماکانی فیقە دەبێ بڕاوە بێت، دوور بێ لە مشتومڕ و ڕاجیایی. هەروەك بەڵگە هێنانەوە عەقڵی و ژیربێژییەکان دەبێ بگەنە پێشەکییە بەڵگە نەویستەکان؛ تا مشتومڕ و دەمەتەقێ لە نێوان وتوێژکاران ببڕێ؛ شتێکی ژیربێژییە بەڵگە فیقهیەکان سەربکێشن بۆ پرسی سەلمێنراو و بڕاوە، کە ناکۆکی و ڕاجیایی نەهێڵێت. لێرەدا بەرجەستە دەبێ لە مەبەستەکانی شەریعەت و پێوەرە گشتتیەکان و بنەما هەمەکییەکان، کە وەرگیراون و خوێندراونەتەوە لە گوزارشتەکانی کرداری پێغەمبەر و دەقە گشتییەکانی شەریعەت و بنەما سەرەکییەکان، کە لە نێو خاوەن ئاینەکان ناسراوە. شتێکی دیارە ڕاجیان لە زۆربەی پرسە فیقهییەکان، ئەمەش لە لق و پۆپە فیقهییەکاندا ڕەنگ دەداتەوە، جا لە جیاتی ئەوەی پرسەکەی زانستی بنەماکانی فیقە ڕاجیایی نەهێڵت، ئەوا ئەم ڕاجیاییە بە بنەما دەکات. زانستی بنەماکانی فیقە دەست نادات بۆ یەکخستنی بۆچوونەکان یان لەیەکتر نزیك کردنەوەی تێڕوانینە فیقهییەکان. ئا لێرەوە بە تەواوی بۆ ئەو بۆچوونە ڕاست و دروستە دەڕۆم، کە زانای بلیمەت شێخی تونسی محەممەد تاهری کوڕی عاشور بۆی چووە، پڕۆژەی نوێسازی چاکسازی هزری بنەماگەرای ئیسلامی خواستوویەتی، دواتر هیچ یەکێکی بەدی نەکرد کە داڕشتەی پێکهاتەکەی تەواو بکات؛ کاتێك ناوبراو وتی: ((ئێمە ئەگەر ویستمان کۆمەڵێ بنەمای بڕاوە

بنووسن بۆ تێگەیشتن لە ئایین، ئەوا لەسەرمانە پشت ببەستین بە مەسەلە باوەکانی بنەماکانی فیقهـ، دووبارە بیانتاوێنینەوە لە دەفری نووسیندا دایبڕێژینەوە، پێوانەی بکەین بە پێوەری ڕوانین و ڕەخنە، بەشە نامۆکانی لێ لابدەین، کە پێیەوە هەڵواسراوە، چاکترین ڕێگە و ڕێبازی تێگەیشتن و ڕوانینی تێدا دابنێین، ئینجا ئەم زانستە سەرلەنوێ دابڕێژینەوە و ناوی بنێین "زانستی مەبەستەکانی شەریعەت"، زانستی بنەماکانی فیقهیش لەسەر هەمان ئەو دۆخەی خۆی جێبهێڵین، ڕێگەکانی پێکهێنانی بەڵگە فیقهییەکانی لێوەربگرین، سوود وەربگرین لەو پرس و مەسەلانەی بنەماکانی فیقهـ، کە ناچنە ژێر چەتری مەبەستەکەمان لە نووسینەوەی مەبەستەکانی شەریعەت، لەمە بنچینەی ئەم زانستە شکۆدارە پێکبهێنین، ئەویش زانستی مەبەستەکانی شەریعەتە))[١].

هەندێك پێیان وایە زانستی بنەماکانی فیقهـ پێویستی بە سەلمێنراو و بڕاوە نییە، چونکە لە حوکمەکان نزیکە و لە بنەماکانی ئایین و بیروباوەڕ دوورترە. بۆیە ئەوەی لەمەدا ڕاجیایە بە لاسار و تاوانبار و بیدعەچی تۆمەتبار ناکرێ[٢].

بۆچوونی وا بە خەیاڵی هەندێکیاندا دێت کە هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ وەرگرتنی دڵنیایی لە بەڵگە و ئاماژە گوزارشتییەکان، مەگەر هاوبەڵگەی وا

---

(١) طاهر بن عاشور، مقاصد الشريعة، سەرچاوەی پێشوو، لا ٨.

(٢) ابن تيمية. المسودة في أصول الفقه. تحقيق محمد محيي الدين عبدالحميد. القاهرة: مطبعة المدني، لا ٣٦٦.

**لەگەڵ بێ کە دڵنیایی بەدەستەوە بدات، جا ئەم هاوبەڵگانە سەیرکردن بێ یان بە شێوەیەکی ڕێژنەیی گوێزرابێتەوە بۆمان[1].**

**لە ڕاستیدا ئەوەی من ئامانجمە لەم پەلە کردنەدا، فراوانترە لە نوێسازی فیقهی، کە پاشکۆی نوێسازییە لە زانستی بنەماکانی فیقهدا؛ من هەوڵ دەدەم بۆ لێکۆڵینەوە لە دەرەوازەی تازە، کە بوارەکانی کۆشش کردن و تاقیکردنەوە و ئەزموون فراوان بکەن، تەنگ بە توێژەر هەڵنەچنێ لە چوارچێوەی پابەندبوونی پیتا و پیت بە دەقەکانەوە. ئەوەی هانم دەدات لەسەر ئەمە ئەوەیە کە شەرع داب و نەریتی دروست و سەلامەتی ڕەت نەکردۆتەوە، کە بەشداربووە لە ئارامی و ئۆقرەیی کۆمەڵگەی نەفامی، بەڵکو دانی پێداناوە و بەشێکیشی پوختەکردووە، ئەوەشانەی ڕەتکردۆتەوە، کە شیاو نییە و ناگونجێ لەگەڵ بەها ڕۆحی و دادگەرییەکانی ئیسلام، بنەما و بناغە لە شتدا ڕەوایی و ڕێپێدرانە، قەدەغەبوونیش هەڵاواردن و دەق لەسەر هاتووە لە شەرعدا.**

**لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ڕاستی و ڕەچاوکردنانەدا بینیم لە گۆڕەپانەکانی پەیوەست بە کاروبارە دونیاییەکان ماوەی فراوان هەیە بۆ بەکارهێنانی ژیری و دانایی (عەقڵ و حیکمەت) لە لێکۆڵینەوە کردن سەبارەت بە حوکمی شیاو و گونجاو لەگەڵ داب و نەریتە دروست و سەلامەتەکان لە فیقهی مامەڵەکردن و هەڵسوکەوت و سیاسەتدا، هەروەها بینیم هیچ ڕێگریەك نییە کە دەقی**

---

**[1]** الامام الرازي. المحصول في علم الأصول. تحقيق طه جابر العلواني ١/ العلواني ١/ ٤٠٨.

فەرمووده ڕاست و دروستەكان زیاتر بە لایەنی ئامۆژگاری و ڕێنیشاندان لێكبدەمەوە لە جیاتی پابەندكردن و پێویست بوون لە زۆربەی دۆخەكاندا.

هەر كەسێك ورد ببێتەوە لە ڕاجیاییە فیقهییەكان لە مەزهەبە جیاوازەكان، ئەوا بەدڵنیاییەوە دەزانێت گۆڕانی بارودۆخ و ژینگەكان هۆكاربوونە لە پشت زۆربەی ئەم ڕاجیاییانە. شتێكی زانراوە شافیعی كاتێك ڕۆیشتە میسرِ هەندێك لەو حوكمانەی گۆڕی كە پێشتر لە بەغداد دەریكرد بوو، شەرعناسانی مەزهەبی حەنەفی لە زۆر جێگەدا پێچەوانەی دەقی بۆچوونی پێشەواكەیان هەڵسوكەوتیان كرد، چونكە دەیزانی ئەگەر پێشەواكەیان لە سەردەمی ئەواندا بووبا ئەوا هەمان بۆچوونی ئەوانی دەردەبڕی و پەسەندی دەكرد.لەوانە مەزهەبی حەنەفی بایەخ بۆ ناچاركردن و زۆرلێكردن دانانێ مەگەر لەلایەن دەسەڵاتدارەوە بێ یان بە فەرمانی ئەو بێ، بەڵام شەرعناسە پاشترەكانی مەزهەبی حەنەفی كاتێك بینیان سەردەم خراپ بووە، هەندێك خەڵك بەسەر هەندێكی تردا زاڵبووە بێ ئەوەی لە یاساكان بترسن، بینیان ڕێگری ئاینی بوونی نەماوە، ئەوا فەتوایان دا كە زۆرلێكران و ناچاركران لە كردەوە و گرێبەستەكاندا بایەخ پێدراوە و ڕەچاوكراوە، ئەگەر لەلایەن یەكێكی دیكە جگەلە كاربەدەسیشەوە بێ(1).

ئەمە ئەو شتەیە كە زانای بلیمەت ئیبن قەیمی جەوزی لەم وتەیەیدا مەبەستیەتی: ((لێرەدا دوو جۆر فیقه و تێگەیشتن هەن، دەبێ كاربەدەست

(1) ابن عابدين، رسائل ابن عابدين ٣/ ١٢٥.

شارەزابێ تیایاندا: تێگەیشتن لە حوکمەکان لە ڕووداوە گشتییەکاندا، هەروەها فیقه و تێگەیشتن لە خودی بارودۆخ و دۆخی خەڵك، بەهۆیەوە جیاکاری بکات لە نێوان ڕاستگۆ و درۆزن، ڕاست و پوچەڵ. ئینجا بەراوردیان لە نێوانیاندا بکات، ئەو حوکمەی پێویستە بیداتە بارودۆخەکە، حوکمێکی پێچەوانە و نەگونجاو لەگەڵ بارودۆخەکە نەدات))[1].

ئەم دید و تێڕوانینەی من مەبەستمە، پشت دەبەستێت بە چەندد دەروازە و ڕێگەیەك کە باوە لە ڕاڤەی بنەماگەرا، شتێکی نامۆ نییە، ڕەچاوی یاسای ڕێپێدراوی دەکات لەو ناوچەیەی بۆشایی زۆری تێدایە، تا بوارێکی عەقڵی فراوان هەبێ، تیایدا دادوەران و یاسادانەران ئەزموونە زانستی و کردارییەکانیان پیادە بکەن لە ژێر ڕۆشنایی گۆڕاوەکانی واقیع و بارودۆخ، هەروەها بنەما گشتییەکانی کە میهرەبانی بۆ هەمووان فەراهەم دەکات، سەختی و سەغڵەتی لە ئاییندا لە ناو دەبات، زیان و زیان بە خەڵك گەیاندن ڕەت دەکاتەوە، فەرمان بە داد و چاکەکاری دەکات، بانگەوازی بۆ یەکێتی و ئاشتی دەکات، ئیسلام بە ئاینی هەموو باوەڕدارێك دادەنێ، داندەنێ بە ڕووگەی هەموو ئاینێك لە دونیادا: ﴿وَمَا بَعۡضُهُم بِتَابِعٖ قِبۡلَةَ بَعۡضٖۚ﴾ البقرة: ٢/ ١٤٥. واتە: (ئەوانیش هەندێکیان شوێنکەوتەی ڕووگەی هەندێکی تریان نین). زەوی دەکاتە گۆڕپان و مەیدانێك بۆ هەمووان: ﴿كُلّٗا نُّمِدُّ هَٰٓؤُلَآءِ وَهَٰٓؤُلَآءِ مِنۡ عَطَآءِ رَبِّكَۚ ٢٠﴾ الإسراء: ١٧/ ٢٠. واتە: (ئێمە هەر دوولا "دنیا پەرستان و خواپەرستان" لە بەخششی پەروەردگارت

---

[1]) ابن قيم الجوزية. الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٢.

بەهرەوەر دەکەین). بانگەوازی دەکات بۆ کێبڕکێ و پێشبڕکێ لە چاکەکاریدا: ﴿فَٱسۡتَبِقُواْ ٱلۡخَيۡرَٰتِ ١٤٨﴾ البقرة: ٢/ ١٤٨. واتە: (پێشبڕکێ بکەن لە چاکەکاندا). بانگەشە ناکات بۆ ململانێ لە نێوان شارستانیەکان، بەڵکو داوای دەستگرتن بە دانایی و گفتوگۆی ئامانجدار دەکات، بۆ داواکردنی مافەکان بێ دەمارگیری یان پەڕگیری. ڕێز لەم تێڕوانینە دەگیرێ کە مەبەستەمە و خستمەڕوو، بانگەشەی ئەوەش ناکەم من لەوەدا شتی تازەم داهێناوە یاخود من داهێنەری ئەم دیدەم، بێگومان شەریعەتی ئیسلامی بنچینەکانی سیاسەت و سیستەمە تێروتەسەلەکەی دانەناوە، بەڵکو بەجێیهێشتووە بۆ هۆشیاری ئوممەت و گەشەسەندنەکانی، سیاسەت دەکەوێتە ناو ئەو بۆشاییە فراوانەی کە مەبەستمانە و بنەماکانی دادگەری و لێبوردەیی و ماف و ڕاستییەکان و برایەتی لە ئایین یاخود لە مرۆڤایەتیدا بڕیاردەریەتی، ویستی چاکسازی و پێکهاتەی ڕەوشتی فراوان لە شەریعەتی ئیسلامیدا ڕێکی دەخات. دانایی و حیکمەتیش بزربووی باوەڕدارە لە هەر کوێیەك بیدۆزێتەوە و هەڵیدەگرێتەوە.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بەها و واتایانە ئاماژەی گشتی وەردەگرم بۆ ڕێکخستنی ئەم دیدە لە میانەی چەند پەیڕەو و ڕێبازێکدا کە هەر یەکێکیان یارمەتیدەر دەبێ لە نوێسازی فیقهدا، یان بۆ دیدێکی تازە بۆ فیقهی ئیسلامی، کە باری کەلەپوری کەڵەکەبووی مەزنی لەسەر شان سووك دەکات، ئەو کەلەپورەی کە زۆربەی لەسەر پیشەی ڕێزمانی و بنەماگەرای ئاماژەیی (واتە فیقهی چاوگی وشە) و بارودۆخی جیاواز وەستاوە، دەیگێڕێتەوە بۆ مەبەستی

گشتی و سەرەکی شەریعەت لە پاراستنی مرۆڤ و چارەسەرکردنی خەفەت و خولیاکانی لە ژیاندا لەگەڵ ڕەچاوکردنی داد و ویژدان.

لەم پەیڕەو و ڕێبازانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

یەکەم: خوێندنەوەیەکی بابەتیانە بۆ ئەرکەکانی سوننەتی پێغەمبەر.

دووەم: دەستگرتن بە فیقهی واتا نەوەك فیقهی چاوگی وشە.

سێیەم: توێژینەوەی ڕەهەندی سیاسی لە هزری ئیسلامیدا.

چوارەم: توێژینەوە ڕەهەندی شارستانی لە هزری ئیسلامیدا.

پێنجەم: ڕامان لە بیرۆکەی حوکمڕانی.

شەشەم: پشت بەستن بە دانایی لە چارەسەرکردنی پرس و ڕاییکردنی کاروبارەکاندا.

شتێکی ڕۆشنە کە ئەم دەروازانە بوارەکانی ژیری و شارەزایی مرۆیی فراوان دەکەن لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە دەربارەی چارەسەرە گونجاوەکان بۆ پرسە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی هاوچەرخ، بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات پێوانە بکرێ لەسەر ئەو بارودۆخانەی کە لە پرسە دونیاییەکاندا بە سەردەمی هاوچەرخ نابەسترێنەوە.

پێم وانییە ئەمە دەگاتە پلەی کامڵ بوون و ڕاستی و حەقیقەت یاخود لێیان نزیك دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێ بڵاوی بکەمەوە لە دوو

تویی کتێبێکدا تا ببێته بابەتی تاوتوێکردن و گفتوگۆی بنیاتنەر. ئەگەر هەمووی یان بەشێکی پەسەندکرا لەلایەن توێژەرانەوە، ئەوا ئومێد دەخوازم، ئەگەر پەسەندیش نەکرا ئەوا پێکانی مەبەستەکەم بەسە.

بێگومان خوا یارمەتیدەر و سەرخەرە....

## دەروازەی یەکەم

# خوێندنەوەیەکی بابەتیانە بۆ ئەرکەکانی سوننەتی پێغەمبەر

ئەم خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیە ئامانجی جیاکردنەوەی بڕاوە و تەواوە لە نێوان خەسڵەتی پەیامداری و خاسیەتی مرۆیی سەبارەت بەوەی لە پێغەمبەرەوە (د.خ) هاتووە چ گوفتار یان کردار یاخود دانپێدانان بێت، هەروەها جیاوازی نێوان ڕەهەندی ڕێنیشاندەری دەق و خەسڵەتە پابەندکارەکەی. جا بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجە، لێرەدا جەخت لەسەر سێ بابەت دەکەینەوە:

یەکەمیان: ئەرکەکانی سوننەتی پێغەمبەر.

دووەمیان: ڕەهەندی ڕێنیشاندەری سوننەتی پێغەمبەر.

سێیەمیان: ئەو شوێنەوارانەی لە دەرەنجامی خەسڵەتی ڕێنیشاندەری سوننەتی پێغەمبەر کەڵەکە دەبن.

### یەکەم: ئەرکەکانی سوننەتی پێغەمبەر

قورئانی پیرۆز ئەرکی پێغەمبەری ڕێزدار محەممەدی (د.خ) دیاریکردووە، بەوەی پەیامدارییە: ﴿مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ﴾ الفتح: ٤٨/ ٢٩. واتە: (محەممەد "د.خ" پەیامبەر و ڕەوانەکراوی خوایە). پەیامەکەش: قورئانی پیرۆزە، ئەرکی

پێغەمبەری (د.خ) دیاریکردووە بە ڕاگەیاندنی ئەم پەیامە و ڕوونکردنەوەی بۆ خەڵك: ﴿وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ ۝٤٤﴾ النحل: ١٦/ ٤٤. واتە: (قورئانمان بۆ تۆ دابەزاند، تا بۆ خەڵکی ئەوە ڕوون بکەیتەوە کە بۆیان هێنراوەتە خوارەوە). ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَ ۝٦٧﴾ المائدة: ٥/ ٦٧. واتە: (ئەی پێغەمبەر و پەیامبەر، هەرچی فەرمان و پەیامێکت بۆ دابەزیووە لەلایەن پەروەردگارتەوە ڕای بگەیەنە). پێغەمبەر (د.خ) پەیامی ڕاگەیاند، سپاردەکەی بەرپاکرد، ئوممەتەکەی کردە گەواهیدەر لەسەر ئەمە، لە حەجیماڵئاواییدا: ((بێگومان پەیامەکەم ڕاگەیاند، خوایەگیان گەوهیدەربە))، ئەگەر ڕوونکردنەوەی پێغەمبەر (د.خ) نەبووبا بۆ فەرمان و ڕێگرییە کورتبڕەکانی قورئانی پیرۆز، ژیاننامەی ئەو نەبووبا، ئەوا پەرستش و خواپەرستی و یاسایە بنەڕەتییەکان لە ئیسلامدا هەر ب خاڵی ڕاجیایی دەمانەوە. لەبەر ئەمە ناکرێ سوننەت و ژیاننامەی دروست لە قورئانی پیرۆز جیابکرێنەوە لە ڕووی ڕوونکردنەوەدا. بەڵام پەیامداری پێغەمبەر (د.خ) سروشتە مرۆییەکەی لێنەسەندەوە، قورئانی پیرۆز فەرمانی پێکرد کە ئەمە ڕابگەیەنێ و بڵێت: ﴿إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٞ مِّثۡلُكُمۡ ۝١١٠﴾ الكهف: ١٨/ ١١٠. واتە: (من مرۆڤێکم وەك ئێوە). پێغەمبەرایەتی و سروشتی مرۆیی بەیەکەوە کۆکردەوە، هەموو وتەیەکی ڕوونکردنەوەی ئایین نەبوو، وەك جێبەجێکردنی بنەمای پابەندبوونی ئوممەت پێیەوە، تەنانەت پێی ناخۆش بوو زۆر پرسیار بکرێ لە ترسی ئەوەی وەڵامەکەی سەغڵەت بێ بۆ ئوممەت. لە ژیاننامەی پێغەمبەردا

(د.خ) دەرکەوتووە کە میهرەبان و بە بەزەییە بەرامبەر بە ئوممەتەکەی. لە فەرموودەیەکدا کە بوخاری و موسلیم هاوبەشن لە گێڕانەوەیدا پێغەمبەر فەرموویەتی: ((هەر ئەوەندە بکەن کە پێتانم ڕاگەیاندووە و زیاتر لەوە مەکەن، گەلانی پێش ئێوە بەهۆی زۆری پرسیارکردن و ڕاجیاییان لەگەڵ پێغەمبەرانیان تیاچوون، ئەگەر ڕێگریم لێکردن لە شتێك ئەوا خۆتانی لێدوور بگرن، ئەگەر فەرمانیشم پێکردن بەشتێك ئەوا بە ئەندازەی توانای خۆتان بیکەن)). لە فەرموودەیەکی دیکە کە بەهەمان شێوە بوخاری و موسلیم هاوبەشن لە گێڕانەوەیدا عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرموویەتی: ((جاری وا هەبوو پێغەمبەر حەزی لە کارێك بوو، بەڵام نەیدەکرد، نەوەك خەڵکیش بیکات و لەسەریان پێویست ببێت)).

زانایانی بنەماکانی فیقھ پەییان بەمە بردووە، بۆیە وتویانە: ئەو سوننەتە پابەندکەرە، دەبێ موسڵمان پێیەوە پابەند بێ ئەوەیە کە لە پێغەمبەرەوە هاتووە، لە میانەی ڕاگەیاندنی پەیامی پەروەردگاری و وەك ئایین و بنەمای هەڵسوکەوت بۆ ئوممەتەکەی.سەبارەت بەو سوننەتەی کە وەك حوکمی بارودۆخێك دەرچووە، یان بەپێی دیدێکی دیاریکراو بۆ جەنگ یاخود ئاشتی هاتووە، یان بەپێی شارەزایی لە کشتوکاڵ و ئابووری یاخود پزیشکی هاتووە، یان بۆ گوزارشت کردن بووە لە هەڵوێستێکی سروشتی مرۆڤ، ئەمانە نابنە ئایین یاخود بەشێك لە بنچینەی هەڵسوکەوتی پێویست، بەڵکو دەبێتە ئامۆژگارییەکی تایبەت یان هەڵوێستێکی دونیایی ڕێپێدراو، زانایانی بنەماکانی فیقھ جیاکاریان کردووە لە نێوان ئەو سوننەتەی خاوەن هێزی یاسادانانی ئاینی پابەندکەرە

(مرۆڤ ئەرکدار دەکات)، لەگەڵ ئەو سوننەتەی خاوەنی هێزی یاسادانان نییە (تەنها ئامۆژگاری و بەرچاوڕۆشنییە)، بەپێی ئەو ئەرکەی سوننەت پیادەی دەکرد. پێغەمبەری ڕێزدار نێردراوی خوا بوو و پەیامی ئەوی ڕادەگەیاند، دادوەرێك بوو داوەری و حوکمی دەکرد، سەرکردەیەك بوو سیاسەتی جەنگێك یان بارودۆخێك یاخود پێکهێنانی ئوممەتێکی دادەڕشت، هەروەها مرڤێك بوو خاوەن سیفەتی بەرزی خۆی بوو. شتێکی ڕۆشنە کاتێك لەگەڵ خێزانەکەیدا بوو، یان سەردانی یەکێکی دەکرد، یاخود ڕاوێژی لەگەڵ هاوەڵانی دەکرد لە بارەی پرسێك، ئەوا گومان زیاتر بەو لایەدا چڕتر دەبووەوە کە پێغەمبەر سەرقاڵی دانانی بنچینەیەکی پابەندکەر نییە. سەبارەت ڕوونکاری پێغەمبەر لە ڕاگەیاندنی پەیامی خوا یان ڕۆشنکردنەوەی پوختەی قورئان، ئەوا ئەمە ئایین و بنچینەی هەڵسوکەوتە.

ئەوەش کە پەیوەستە بە کردەوەی پێغەمبەرەوە (سوننەتی کرداری)، ئەگەر شتێکی لەگەڵدا نەبێ ئاماژە بکات بۆ پێوە پابەندبوون یان سەرپشك بوون یان ئاماژەیەك هەبوو کە ئەمە تایبەتە بە پێغەمبەرەوە (د.خ)، ئەوا ئەمە کەسانی دیکە ناگرێتەوە: ﴿ خَالِصَةً لَّكَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾ الأحزاب: ٣٣/ ٥٠. واتە: (ئەمەیان تایبەتی تۆیە "ئەی پێغەمبەر (د.خ)" نەك ئیمانداران). لەم بارەوە چوار بۆچوونیان هێناوە، پوختەی دوو بۆچوونی یەکەم ئەوەیە –

هەروەك تەفتازانی وتویەتی[1] — کۆکن لەسەر ئەوەی حوکمێکی یەکلاکەرەوە نەدرێ لەسەر کردەوەکە لە کاتی درانەپاڵ پێغەمبەر (د.خ) (بڕیاری لەسەر نەدرێ)، ڕاجیاییش هەیە لەبارەی حوکمی کردەوەکە سەبارەت ئوممەت، ئایا لەسەرمان پێویستە شوێنی بکەوین (واجبە)؟ یان دەبێ شوێنی نەکەوین؟ پوختەی دوو بۆچوونەکەی دیکەش ئەوەیە کە کردەوەکە بۆ پێغەمبەر ڕێپێدراوە و ڕاجیاییش هەیە لەوەی: دروستە بۆمان شوێنی بکەوین یان نا؟ ئەمەش لە میانەی ڕوونکردنەوەی گوزارشتی (سەدری شەریعە[2])دا هاتووە: ((باسێك سەبارەت بە کردەوەکانی پێغەمبەر (د.خ)، هەیانە دەبێ لاسایی بکرێتەوە، ئەمەشیان چەند جۆرێکە: ڕێپێدراو، سوننەت، واجب و فەرز، هەشیانە لاسایی ناکرێتەوە، ئەمەشیان یان لەبەر ئەوەیە کە تایبەت بە پێغەمبەرەوە، یاخود خلیسکانێکە، کە بریتییە لە گوناهێکی بچوك و بەبێ مەبەست دەیکات، دەبێ ئاگاداری بدات لەم بارەوە تا موسڵمانان لاسایی نەکەنەوە لەمەدا، کردەوەی ڕەهای پێغەمبەر (د.خ) لەلای هەندێك کەس نابێ لاسایی بکرێتەوە بەهۆی نەزانینی سیفەتەکەی، لەلای هەندێکی تریش پێویستە لاسایی بکرێتەوە)).

(1) العلامة التفتازاني: شرح التلويح على التوضيح. القاهرة: مطبعة محمد علي صبيح و أولاده، ١٣٦٧ك، ٢/ ١٥.

(2) سەرچاوەی پێشوو، لا ١٤.

زانای بلیمەتی توونسی (ئیبن عاشور) جێکەوت و شوێنەوارەکانی ئەرکە جیاوازەکانی پێغەمبەری کورت و پوخت کردۆتەوە[1] و وتویەتی: "هەر گوفتار و کردارێکی ئەنجامدابێ بەشێوەی ڕاگەیاندنی پەیامی خوا، ئەوا ئەمە حوکمێکی گشتییە لەسەر گرۆی مرۆڤ و جنۆکە تا ڕۆژی دوایی، ئەگەر شتەکە فەرمان پێکراو بوو، ئەوا هەر تاکێك بەخۆی هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی، بەهەمان شێوە ئەگەر ڕێپێدراویش بوو، ئەگەر قەدەغەکراویش بوو، ئەوا هەر تاکێك بەخۆی خۆی لێ دووردەگرێت. لە هەر شتێکدا بە سیفەتی پێشەوایەتی هەڵسوکەوتی تێدا کردبێ، ئەوا نابێ هیچ یەکێك ئەنجامی بدات بەبێ مۆڵەتی پێشەوا (دەوڵەت)، چونکە هۆکاری هەڵسوکەوت کردنی لەم شتەدا بە سیفەتی پێشەوایەتی بێ ڕاگەیاندنی پەیام ئەمە دەخوازێ (وەك: دانانی کاربەدەستان، ئاشتەوایی کردن، ڕەوانەکردنی لەشکر)، لە هەر شتێکدا بە وەسفی دادوەر هەڵسوکەوتی کردبێ، ئەوا بۆ هیچ کەسێك نابێ دەستپێشخەری تێدا بکات، مەگەر بە بڕیاری دادوەر نەبێ، چونکە ئەو هۆکارەی بووەتە هۆی هەڵسوکەوت تێداکردنی وەك دادوەر ئەمە دەخوازێ".

کەواتە دەبێ ئەو سیفەتە دیاری بکرێ، کە بەهۆیەوە گوفتار یان کردارەکە لە پێغەمبەرەوە (د .خ) هاتووە، پێش ئەوەی بڕیار بدرێ لەسەر ئەوەی ئەمە ئەرك و ڕاسپاردنە یان ئامۆژگارییە. شتێکی ڕوونە هەر کاتێك پێغەمبەری خوا (د. خ) کارێکی سەرکردایەتی کردبێ وەك دانانی کاربەدەستان و دابەشکردنی کاروبارەکان و ناردنی لەشکرەکان، ئەوا دەزانین بە سیفەتی سەرکردایەتی و

---

[1]) بن عاشور، سەرچاوەی پێشوو، ٢٩.

پێشەوایەتیەوە ئەمەی کردووە، هەر کاتێك داوەری کردبێ لە نێوان دوو کەسدا لە بڕیارەکانی تایبەت بە سەروەت و ماڵ و جەستە بە بەڵگە یان سوێند، ئەوا دەزانین بە سیفەتی دادوەر ئەمەی کردووە. لە پەرستشێکدا هەڵسوکەوتی کردبێ چ بە گوفتار یان کردار بێ، ئەوا ئەمە هەڵسوکەوت کردنە بە فەتوا و ڕاگەیاندنی پەیامی خوا. لێرەدا چەند گوفتار و کردەوەیەکی پێغەمبەر (د. خ) هەن ئەو سیفەتەیان دیار نییە کە سەرچاوەی وتنی گوفتار و ئەنجامدانی کردارەکە بووە، بۆیە شەرعناسان ڕاجیان سەبارەت بەو حوکمە شەرعییە لێی هەڵدەهێنجرێ. نموونەی ئەمانەش دەخرێتەڕوو.

لەگەڵ ئەوەی هاوەڵان زوو پەییان برد بە جیاوازی نێوان سروش و نیگا و ڕاو بۆچوونی کەسی، ئەوا زانای بلیمەتی توونسی (ئیبن عاشور) دەڵێت[1]: یەکەم کەس کە درکی کرد بەم جیاکاری و دیاریکردنە زانای بلیمەت "شیهابەددین ئەحمدی کوڕی ئیدریسی قەڕافی" بوو لە کتێبەکەیدا "أنواء البروق في الفروق"، ناوبراو جیاوازی سی و شەشەمی کردۆتە بناغەی هەڵسوکەوتکردنی پێغەمبەر بە داد و وەك دادوەر، بنچینەی هەڵسوکەوتکردنی بە فەتوا کە ڕاگەیاندنی پەیامە، بنچینەی هەڵسوکەوت کردنی وەك سەرکردە. هەروەها وتویەتی: ((پێغەمبەری خوا سەرکردە و پێشەوای هەرە مەزن، دادوەری هەرە چاك، موفتی هەرە زانایە، پێشەوای پێشەواکانە، دادوەری داوەرانە، زانای زاناکانە. هیچ پلە و پۆستێکی ئایینی نییە کە ئەو لە خاوەنی بەرزترینی نەبێ، بەڵام ئەوەندە هەیە زۆربەی هەڵسوکەوت کردنی لە بواری ڕاگەیاندنی پەیامی

---

[1]) سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٨.

خوادایە، چونکە وەسفی پەیامداری بەسەریدا زاڵە و ئینجا هەڵسوکەوتەکانی ڕوودەدەن و بەرجەستە دەبن، هەشیانە بە یەکدەنگی بە فەتوا و ڕاگەیاندن دەبێ، هەندێك هەڵسوکەوتیش هەیە خەڵکی کۆدەکاتەوە لەسەر ئەوەی ئەمە دەچێتە بواری دادوەری، هەشیانە خەڵك کۆکە لەسەر ئەوەی دەچێتە بواری سەرکردایەتیەوە)).

لە ڕاستیدا کەلەپوری زانیاری و زانستی – فیقهی و بنەماکانی فیقهی بەڕوونی جیاکاری کردووە لە نێوان ئەوەی مرۆیی و ڕێژەییە و دەکەوێتە ناو بازنەی ڕێپێدراویەوە، لەگەڵ ئەوەی ئاینی ڕەهایە و دەکەوێتە ناو بازنەی ئەرکدارییەوە. پێناسەی ئایینیان کردووە بەوەی بریتییە لە: پەیامێکی دانراوی خوایە، پێشڕەو و ڕێنوێنیکاری خاوەن ژیرییەکانە، دەستیان دەگرێت بەویستی سوپاسکراویان بۆ خودی چاکە. بەم پێیە بارودۆخە مرۆییەکان، نەخشە و وێنە سیاسییەکان، مشورگێڕیی و ڕێوشوێنەکانی گوزەرانیان بە ئایین دانەناوە، چونکە ئەم بارودۆخانە شیاوی گۆڕان و وەرچەرخانی بەردەوامن.

شتێکی زانراوە کە قورئانی پیرۆز جەختی کردۆتەوە لەسەر سیفەتی مرۆڤ بوونی پێغەمبەر (د. خ): ﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ﴾ الكهف: ١٨/ ١١٠. واتە: ("ئەی پێغەمبەر (د. خ) پێیان" بڵێ: بەڕاستی من تەنها ئادەمیزادێکم وەك ئێوە، بەڵام ئەوەندە هەیە وەحی و نیگام بۆ دێت "ئەم ڕاستییەتان تێبگەیەنم" کە: بێگومان خوای ئێوە خوایەکی تاك و تەنهایە).

پێغەمبەری خوا (د. خ) خودی خۆی جەختی لەسەر ئەمە کردۆتەوە، لە فەرموودەیەکدا کە موسلیم و ئیبن ماجە و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل گێڕاویانەتەوە، فەرموویەتی: ((منیش مرۆڤم، ئەگەر فەرمانم پێکردن لە شتێکی تایبەت بە ئاینتان ئەوا وەری بگرن، ئەگەر فەرمانم لە جگەلەمەدا پێکردن ئەوا بە بۆچوونی خۆمە، بێگومان منیش مرۆڤم))، ئەم جیاکارییە ڕوون و ڕۆشنە لە نێوان سیفەتی پەیامداری پێغەمبەر و سیفەتە مرۆییەکەی نەبووە مایەی ترس و دڵەڕاوکێ هاوەڵان، هاوەڵان زۆر بە ڕۆشنی جیاکاریان کرد لە نێوان ئەوەی ئاینە و شیاوی بەرەنگاربوونەوە نییە، لەگەڵ ئەوەی ڕا و بۆچوونی پێغەمبەرن و دەکرێ پرس و ڕاوێژ و گۆڕانکاری تێدا بکرێ، هەروەك ئەمە لە پەیماننامەی حودەیبیەدا ڕوویدا. ئەگەر شتەکەیان لێ تێکەڵ بووبا، ئەوا پرسیاریان لە پێغەمبەر (د. خ) دەکرد کە ئایا ئەمە بۆچوونی کەسی خۆیەتی و ئازادین لە پێچەوانە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیدا یان سروش و نیگایە؟ ئەمە ڕەنگی دایەوە لەسەر کۆششی شەرعناسان لە دواتردا، هەیان بوو پێی وابوو ئەمە ڕاو بۆچوون و هەڵوێستێکی مرۆییە، هەشیانبوو پێی وابوو ئەمە ڕوونکردنەوەی سروش و نیگایە، ئەمە کەمێك دواتر ڕوون دەبێتەوە لە سەروبەندی خستنەڕووی نموونە و ڕووداوەکاندا.

ئیبن عاشور دوازدە ئەرکی بۆ سوننەتی پێغەمبەر داناوە، کە ئەمانەن:

١- یاسادانان.

٢- فەتوادانان.

٣- دادوەری.

٤- سەرۆکایەتی و پێشەوایەتی.

٥- ڕێنوێنی.

٦- ئاشتەوایی کردن.

٧- ئاماژەکردن بۆ ئەوەی داوای ئاماژەی کردووە.

٨- ئامۆژگاری.

٩- کامڵ کردنی دەروونەکان.

١٠- فێرکردنی ڕاستییە باڵاکان.

١١- پەروەردەکردن.

١٢- خۆداماڵین لە ڕێنیشاندان، واتە کردەوە سروشتیەکان، وەك: ڕۆیشتن و خواردن و خواردنەوە و جگەلەمانە.

ئەوەی مەبەستمانە لەم ئەرکانەی سوننەتی پێغەمبەر، جیاوازی کردنە لە نێوان ئەوەی ئاینە و دەبێ پێوە پابەند بین، لەگەڵ ئەوەی بەرچاوڕۆشنی و ئامۆژگاری و دونیاییە؛ تاکەکانی ئوممەت مافی هەڵبژاردنی ئەوەیان هەیە کە ویستیان لەسەرە. شتێکی زانراوە کە هەر شتێك لە پێغەمبەرەوە هاتبێ لە میانەی ڕاگەیاندنی پەیامی خوا و ڕوونکردنەوەی دروشمەکانی ئایین بێ ئەوا ئەمە پێویست و واجبە، ئەوەش کە وەك ئامۆژگاری و ڕێنیشاندانە، ڕوونکردنەوەی شتە بەراییەکانە، ئەمەیان سوننەتە (بە مانا فیقهییەکەی "وەرگێڕ") و واجب نییە.

بۆت هەیە لێرەدا پەیی ببەیت بە ئەندازە و ماوەی ئاسۆ فراوانەکان، کە ئیسلام جێی هێشتووە بۆ ئازادی گەشەکردووەکانی ئوممەت لە پرسەکانی ژیان و گوزەران، زۆر چاك دەزانی کە دەقەکانی قورئان، ئەوانەی پەیوەستن بە مامەڵە و هەڵسوکەوت و بەتایبەت سیاسییەکان سنووردارن، ئایەتەکانی (أحکام: حوکمەکان) لە (٢٤٥ ئایەت) تێپەڕ ناکەن، کۆی ئایەتەکانی قورئانیش شەش هەزار ئایەتە. سیستەمە دارایی و حوکمە مەدەنیەکان ٧٠ ئایەتی لەبارەوە هاتووە، ئەو حوکمانەی دەکرێ ببنە سەرچاوەی دەستوور تەنها دە ئایەت هاتوون، حوکم و یاسا نێودەوڵەتیەکان ٢٥ ئایەتی لەبارەوە، هەندێك لەم ئایەتانە پێشینەی دیاریکراویان هەیە، زیاتر بایەخیان داوە بە بارودۆخی تایبەت هاوبەشدانەران، لەسەر جگەلەوان جێبەجێ نابێ مەگەر بە ئەرکداری نەبێ. بەهەمان شێوە ئەوەی لە پێغەمبەرەوە هاتووە لەم بارەوە زۆربەی ڕێنیشاندان و ئامۆژگارین؛ جیاکاریان لە نێوان ناکرێ بۆ ئەرکداری بە ئارەزووی حزبی، بەڵکو بە ڕۆچوونی زانستی دەبێ، هەروەها بە شارەزایی دەبێ لە تێگەیشتن لە سروشتی شەریعەتی ئیسلامی و مەبەستە مرۆییە لێبوردەکانی.

لەگەڵ ئەوەی زانای نوێخواز "ئیبن عاشور"، ئەم ئەرکانەی بە تێروتەسەلی باسکردووە لە کتێبەکەیدا بە نموونەوە[1]، ئەوا من تەنها لایەنی ڕێنیشاندەری سوونەتی پێغەمبەر دەخەمەڕوو.

---

(1) سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٠، بگەڕێوە بۆ دانراوەکەمان: البصیرة الإسلامیة، عمان دار البشیر، ١٩٩٧، لا ٨٤.

## دووەم: ڕەهەندی ڕێنیشاندەری سوننەتی پێغەمبەر (البعد الإرشادی)

لەوەی پێشتر ئەوە خرایەڕوو کە کۆششکاران جیاکاریان کردووە لە نێوان سوننەتی یاسادانان و ئەو سوننەتەی کاری یاسادانان ناکات، پێغەمبەری خوا (د. خ) فەرمان دەکات و ڕێگری دەکات وەك ڕوونکردنەوەی دەقە پوخت و کورت بڕەکانی قورئان، ئەو یاسایانەی بۆی دادەبەزین دەبوونە سوننەتی یاسادانەر، پێغەمبەر (د. خ) هەڵسوکەوتی دەکرد بە سیفەتی سەرکردە یان ئامۆژگاریکار و ڕێنیشاندەر بۆ ئەو شتەی کە باشترینە، بەشێکی سوننەتی پێغەمبەر دەبێتە ڕێنیشاندان و ئامۆژگاری و بانگەواز بۆ کاری چاکە نەوەك ئەرکێك کە دەبێ هەر جێبەجێ بکرێ.

لەوەی خوارەوە چەند نموونەیەك باس دەکەین، کە شەرعناسان و زانایانی بنەماکانی فیقھ و پەرتووکەکانی فەرموودە لەخۆیان گرتووە، ئەم ئاڕاستەیە ڕوون دەکاتەوە[1]:

١- لە کتێبی (المؤطأ) و دوو سەحیحەکەدا لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە هاتووە، کە بەشیری کوڕی سەعدی باوکی هەڵسا بە خەڵاتکردنی نوعمانی کوڕە لاوەکەی، بەدەر لە کوڕەکانی تری، خێزانی بەشیر کە ناوی عومەرەی کچی ڕەواحەی دایکی نوعمان بوو وتی: ڕازی نابم تا

[1] سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٩، بگەڕێوە: التفتازانی، سەرچاوەی پێشوو، ٢/ ١٤.

پێغەمبەر (د. خ) نەزانێ. بەشیر چووە لای پێغەمبەری خوا (د. خ) و ئاگاداری کردەوە لەوەی کردوویەتی، پێغەمبەر (د. خ) پێی فەرموو: ((ئایا ئەمەت لەگەڵ هەموو منداڵەکانت کردووە؟ ئەوانیشت خەڵاتکردووە؟))، بەشیر وتی: نا وام نەکردووە، پێغەمبەر (د. خ) فەرمووی: (مەمکە بە گەواهیدەر لەسەر ستەم)، لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا هاتووە: (ئەی تۆ پێت خۆش نییە لە چاکەکردن لەگەڵتدا هەموو وەك یەك بن)، وتی: بەڵێ، فەرمووی: (کەوابوو نابمە گەواهیدەر).

ڕووکەشی فەرموودەی پێغەمبەر کە فەرموویەتی: (مەمکە بە گەواهیدەر لەسەر ستەم) بەڵگەیە لەسەر حەڕام و قەدەغەبوونی خەڵات و دیاری بەخشین بە کوڕێك و بێجگە لەوانی تر، بەڵام مەبەستی سەرەکی بریتییە لە پاراستنی یەکێتی خێزان نەوەك قەدەغەکردنی خودی بەخشینەکە. بەم پێیە لەسەر بنچینەی مەبەستی دەقەکە نەوەك ڕووکەشەکەی مالیك و ئەبو حەنیفە و شافیعی وتویانە: پێغەمبەری خوا مەبەستی قەدەغەکردن و پوچەڵکردنەوەی بەخشینەکە نەبووە، بەڵکو ڕێگری لە بەشیر کردووە وەك ئامۆژگاری و ڕێنیشاندان بۆ ئەو شتەی کە دڵسۆزی و چاکە و پەیوەندی تۆکمە لە نێوان کوڕەکانی دەستەبەر دەکات. بەخشینەکە ڕۆیشتووە و لە ڕووی فیقهیەوە پوچەڵ نییە. بەڵام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئیسحاقی کوڕی ڕاهویە و سوفیان و داودی کوڕی عەلی هەڵوەستەیان لەسەر ڕووکەشی دەقەکە کردووە (کە ڕێگرییە) و بە فیقهی چاوگی وشەکە پابەند بوون نەوەك بە فیقهی واتا و مەبەستەکەی.

٢- هاوەڵێك ڕاوەستا و ڕازی نەبوو بەو شوێنەی پێغەمبەری خوا (د. خ) دیاری کردبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هاوبەشدانەران لە جەنگی بەدردا، هاوەڵەکە بە پێغەمبەری وت: ئایا ئەم شوێنە لەلایەن خواوە بۆت دەستنیشان کراوە یان پلانی جەنگ و تەڵەکە و فێڵە؟ (واتە ئەمە سروشە یان بۆچوونی خۆتە؟) پێغەمبەر (د. خ) فەرمووی: بەڵکو پلانی جەنگ و تەڵەکە و فێڵە. لێرەدا هاوەڵەکە شوێنێکی دیکەی پێشنیازکرد، بۆ ئەوەی بنکە و بارەگای لێدابنرێ، باشتر بوو بۆ هەر دوو دۆخی بەرگری و هێرشکردن، لەلای ئاوێك کە نزیکترین سەرچاوە بوو بۆ هۆزەکە. پێغەمبەر (د. خ) کاری بە بۆچوونی ئەم هاوەڵە کرد، شوێنی یەکەمی جێهێشت کە بەپێی بۆچوون و کۆششی خۆی پێی وابوو گونجاوە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە.

٣- پێغەمبەر (د. خ) ویستی نیوەی بەرهەمی شاری مەدینە بداتە هۆزی غەتفان، تا لە جەنگی خەندەق (ئەحزاب) پاشگەزببنەوە، سەعدی کوڕی عوبادە و سەعدی کوڕی موعاز هەڵسان و وتیان: ئەگەر ئەمە سروش و نیگابێ، ئەوا گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداریین، ئەگەر بۆچوونی کەسی خۆت بێ، ئەوا ئێمە ئەو بەرهەمەیان پێ نادەین مەگەر شمشێر نەبێ. ئێمە و ئەوان لە نەفامیدا بێ ئایین بووین، بەربوومی مەدینەیان نەدەدا مەگەر بە کڕین یان میوانداری نەبێ. کاتێك خوای مەزن ئێمەی سەربەرز کرد بەم ئاینە، لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمی مەدینەیان پێ بدەین؟ نا تەنها شمشێریان پێ دەدەین. پێغەمبەر (د.

خ) فەرمووی: من بینیم عەرەب لە یەك کەوانەوە تیریان تێدەگرن، من ویستم لە ئێوەی دووربخەمەوە، ئەگەر ئەوەشتان ڕەتکردەوە ئەوا بۆچوونی ئێوە پەسەندە. ئینجا بەوانەی هاتبوون بۆ ئاشتەواییەکەی فەرموو: ((بڕۆن جگەلە شمشێر چیتریان پێ نادەین)).

شتێکی ڕوونە کە فەرمانکردنی پێغەمبەر (د. خ) بە پێدانی نیوەی بەروبومی مەدینە بە هۆزی غەتفان لە بەرامبەر کشانەوەیان لە کۆمەڵەی ئەحزاب، ئامۆژگارییەك بوو ئامانجی پەرتەوازەکردنی ڕیزی دوژمنان بوو، سروشێکی پابەندکەر نەبوو، هەر بۆیە پێغەمبەر (د. خ) فەرمووی: ((ئەگەر ئەم پێشنیارەی منتان ڕەت کردەوە، ئەوا منیش هاوڕام لەگەڵتان)).

٤- لە گێڕانەوەیەکی ڕاست و دروستدا هاتووە کە ئافرەتێك کە ناوی بەریدە بوو ئازاد کرا، پێغەمبەر هانیدا لەگەڵ مێردەکەی بمێنێتەوە، کە هێشتا بەندە و کۆیلە بوو، ئافرەتەکە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمانم پێ دەکەی وابکەم، پێغەمبەر فەرمووی: نا فەرمانت پێناکەم، بەڵکومن تەنها تکاکار (ڕێنیشاندەر)م. ئافرەتەکە وتی: کەواتە من هیچ پێویستیم پێ نییە.

٥- گێڕدراوەتەوە کە پێغەمبەری خوا بینی کۆمەڵە کەسێك دار خورما موتوربە دەکەن، ئەویش بەوانی فەرموو: ((دار خورما موتوربە مەکەن))، پێغەمبەر (د. خ) پێی وابوو ئەم کردارە پێویست نییە، خەڵکەکەش گوێڕایەڵیان کرد و پرسیاریان نەکرد لەوەی بۆچی وازی

لێبێنن؟ بەڵام دارخورماکان بەروبومیان کەمتر بوو لەوەی ئەگەر موتوربە کرابان، ئەمەیان بە پێغەمبەر ڕاگەیاند: ئەویش فەرمووی: ((ئێوە شارەزاترن لە کاروباری دونیاتاندا))، زانای بلیمەت ئیبن عاشور ئەم چیرۆکە ناسراوەی لە (جامعی عوتەیبە) و لە گوێگرتنی ئیبن قاسمدا هێناوە، باسی ئەوەشی تێدا کردووە کە مالیك وتویەتی: پێغەمبەری خوا (د. خ) بەلای هەندێك دیواردا ڕۆیشت، خەڵکانێك دارخورمایان موتورمە دەکرد، جا فەرمووی: ((دەکرێ واز لەم کارە بێنن)) خەڵکیش لەم ساڵدا وازیان لە موتورمەکردن هێنا، دارخورماکان بەرێکی زۆر خراپیان پەیدابوو، بەمەش سکاڵایان لەلای پێغەمبەری خوا (د. خ) کرد، ئەویش فەرمووی: ((منیش مرۆڤم، کار بەوە بکەن کە لە بەرژەوەندیتانە)). ئیبن ڕوشد لە (البيان والتحصيل)دا وتویەتی: ئەم فەرموودەیە بە گوزارشت و دەربڕینی جیاواز گێڕدراوەتەوە، لە هەندێکیاندا هاتووە کە پێغەمبەر (د. خ) فەرموویەتی: (پێم وانییە ئەمە هیچ سوودێکی هەبێ، ئەگەر وازیان لێ هێنابا ئەوا خۆی چاك دەبوو))؟؟؟ ((پێم وانییە موتورمەکردن شتێکی وابێ)) ئەوانیش وازیان لێهێنا، بەمەش خورماکان هەڵوەرین، ئەمە بە پێغەمبەر ڕاگەیەنرا، ئەویش فەرمووی: ((من نە جوتیارم و نە خاوەنی دارخورمام، موتورمەی بکەن))[1].

---

[1]) سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٨.

دەبێ شەرعناس ورد ببێتەوە لە بارودۆخەكان، ئەو هاوبەڵگە و نیشنانە بناسێ كە دەورەیان داوە لە هەڵسوكەوتەكانی پێغەمبەر، تا بەهۆیەوە بگاتە ڕاستی سروشت و ڕەهەندەكانی بێ ئەوەی لێكدانەوەی بێ تێڕوانینی بۆ بكرێ، بە ڕەهەندی ئاینی بە ڕەهایی. شتێكی زانراوە ئەگەر هاوەڵان داوای ڕوونكردنەوەیان نەكردبا لە چیرۆكی موتوربەكردنی دارخورمادا، ئەوا زۆرێك پێیان وادەبوو كە موتورمەكردن قەدەغە یان نا پەسەندە.

٦- زانایان لە زۆر دۆخدا ڕاجیان كە فەرموودەی پێغەمبەری لەبارەوە هاتووە و دەكرێ تەنها بە ڕێنیشاندەری یان ڕاگەیاندنی پەیامی خوا لێكبدرێتەوە، هەروەك ئەمە لەم نموونانەی خوارەوەدا بەدی دەكرێت:

أ- پێغەمبەری خوا (د. خ) فەرموویەتی: ((هەر كەسێك زەویەكی مردوو، زیندوو بكاتەوە، ئەوا بۆ ئەوە)).

زانایانی شەرعناس ڕاجیان لەم بارەوە، كە ئایا ئەمە هەڵسوكەوتكردنە بە فەتوادان؟ بەمەش بۆ هەر یەكێك دروست دەبێ زەویەك زیندوو بكاتەوە، ئەگەر پێشەوا (دەوڵەت)یش مۆڵەت نەدات، ئەمە بۆچوونی مالیك و شافیعییە. یاخود هەڵسوكەوتێكی حكومی فەرمییە؟ كە نابێ هیچ یەكێك زەویەكی مردوو زیندوو بكاتەوە، بەبێ مۆڵەتی حكومەت. ئەمەش بۆچوونی ئەبو حەنیفەیە.

ب- پێغەمبەر (د. خ) بە هیندی كچی عوتبەی خێزانی ئەبو سوفیانی فەرموو: ((ئەوەندەی خۆت و منداڵەكانت پێویستتان پێی هەیە، بە

چاکە لە ماڵی ئەو ببە))، ئەمە کاتێك بوو کە هیند بە پێغەمبەری وت: (ئەبو سوفیان کەسێکی چرنوکە، ئەوەندە ناداتە من و منداڵەکانم کە بێ نیازمان بکات و پێداویستییەکانمان دابین بکات).

شەرعناسان لەم بارەوە ڕاجیان، لەوەی ئایا ئەمە هەڵسوکەوت کردنە بە شێوەی فەتوادان؟ بەمەش بۆ هەر یەکێك دروستە ماف یان سامانی خۆی دەستخست بیبات، بەبێ ئاگاداری دژەکەی، یان هەڵسوکەوت کردنە بە شێوەی دادوەری، بەوەی بۆ هیچ کەسێك دروست نییە مافی خۆی ببات ئەگەر نەیتوانی لەو کەسە بستێنێتەوە کە مافەکەی لایەتی، بەبێ داوەری و بڕیاری دادوەر.

ج- لە پێغەمبەرەوە (د. خ) گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی: ((هەر کەسێك یەکێك بکوژێ، ئەوا کەل و پەلەکانی کوژراوەکە بۆ خۆیەتی)).

شەرعناسان ڕاجیان لە گونجاندنی ئەم دەقەدا، هەندێکیان پێیان وایە هەڵسوکەوتێکی سەرکردانەیە، نابێ بکوژ کەل و پەلەکانی کوژراو بۆ خۆی ببات مەگەر پێشەوا (سەرۆك) ڕێگەی پێبدات، شافیعی پێی وایە ئەمە هەڵسوکەوت کردنە بە شێوازی فەتوادان و دەرکردنی حوکمێکی شەرعییە، پێویستی بە مۆڵەت پێدانی پێشەوا و سەرۆك نییە.

د- بوخاری و ئەبو داود گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەری خوا (د. خ) فەرموویەتی: ((هەر کەسێك ئاینی خۆی گۆڕی بیکوژن)).

ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر مشتومڕی دروست کرد لە نێوان هاوچەرخان، بەهۆی ئەوەی بۆ یەکەم جار دەرکەوت و دیار بوو کە تێکدەگیرێ و دژە لەگەڵ ئازادی ئاینی چەسپاو لە چەندین ئایەتی ڕوون و ڕۆشندا، لەوانە ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ ﴾ البقرة: ٢/ ٢٥٦. واتە: (بەهیچ جۆرێك زۆر كردن نییە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئاینی ئیسلامدا "دینداریی بەزۆر نابێت بكرێت و دین بەزۆر نادرێت بەسەر كەسدا"). هەروەها ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز: ﴿ لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ ﴾ الكافرون: ١٠٩/ ٦. واتە: (دینی خۆتان بۆ خۆتان و دینی خۆم بۆ خۆم). قورئان زۆر ڕاشكاوانە دانی ناوە بە فرەیی ئاینی، هەروەك لەم فەرمایشتانەدا هاتووە: ﴿ فَمَن شَآءَ فَلۡيُؤۡمِن وَمَن شَآءَ فَلۡيَكۡفُرۡ ﴾ الكهف: ١٨/ ٢٩. واتە: (جا ئەوەی دەیەوێت با باوەڕ بهێنێت و ئەوەی دەیەوێت با كافر و بێ باوەڕ بێت). ﴿ وَلَوۡ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخۡتَلِفِينَ ١١٨ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَۚ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمۡ ١١٩ ﴾ هود: ١١/ ١١٨ – ١١٩. واتە: (خۆ ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە ئەوە هەموو خەڵكی دەكرد بەیەك تاقم و كۆمەڵ، "بەڵام" بەردەوامیش ئەو خەڵكە جیاوازن لە نێوانی یەكتردا لە ئایین و بەرنامە و بۆچووندا. مەگەر ئەوەی بەزەیی پەروەردگارت گرتبێتیەوە، هەر بۆ ئەو مەبەستەش خوای گەورە دروستی كردوون). هەر بۆیە گومان هەیە لەوەی ڕەهەندی پابەندكەری ئاینی لەم حوكمەی پێغەمبەر وەربگیرێ. ئەوەی گومانەكە قوڵتر دەكاتەوە ئەوەیە كە

قورئانی پیرۆز حوکمی هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام دیاری کردووە بە دەقێکی ڕاشکاو، بەبێ ئەوەی سزای دونیایی بۆ دیاری بکات، بەڵکو تەنها سزای دوارۆژی بۆ دیاری کردووە، بەپێی ئەم فەرمایشتەی پەروەردگار: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ ءَامَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ ٱزْدَادُواْ كُفْرًا لَّمْ يَكُنِ ٱللَّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ وَلَا لِيَهْدِيَهُمْ سَبِيلًا ﴿١٣٧﴾ ﴾ النساء: ٤/ ١٣٧. واتە: (بەڕاستی ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و دوایی پاشگەز بوونەتەوە، دووبارە ئیمانیان هێنایەوە و دوایی پاشگەز بوونەوە، لەوەودوا زیاتر لە بێ دینی و کافریدا ڕۆچوون، هیچ کات خوا لەوانە خۆشنابێت و ڕێنموییان ناکات بۆ ڕێبازێکی سوود بەخش). شتێکی زانراوە کە پرس و باسەکانی ئیمان و باوەڕ، بریتین لە پرسی ناخ و ویژدانی و لێپرسینەوەیان تەنها لای خوایە.

لێرەدا هەڵوەستەیەك دەکەم لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر محەممەد نور فەرحات،مامۆستای فەلسەفەی یاسا لە زانکۆی "زقازیق"، لە بارەی سەرنجە بەهێزەکانی لەسەر سیستەمی یاسایی هەڵگەڕانەوە[1].

یەکەم: کۆی ئەم سیستەمە، دەرەنجامی چالاکی کۆششکاری (إجتهاد)ی شەرعناسانە، لە سەدە بەراییەکانی کۆچیدا.

---

(1) محمد نور فرحات، ((الإسلام وحرية العقيدة: ملاحظات أولية)) ئەمە توێژینەوەیەکە لە گۆڤاری عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاوکراوەتەوە، لە چەند ژمارەیەکی تایبەتدا، لا ٨٥.

دووەم: پشت نابەستێت بە دەقێكی بڕاوەی قورئان؛ بەڵكو پشتی بەستووە بە چەند فەرموودەیەكی تاقانە (ئاحاد) كە زیاتر گوماندارن، لە ناو شەرعناسانی كۆن و هاوچەرخدا هی وا هەیە كە پێی وایە فەرموودەی تاقانە (ئاحاد) بە بەڵگە ناچێت، ئەگەر پێچەوانەی دەقێكی قورئان بوو. لەم بارەوە زانای بلیمەت "سەدری شەریعەت[1]" سەرنج و ڕوونكردنەوە دەدات لەسەر ئەم فەرمایشتەی كە لە پێغەمبەرەوە (د. خ) گێڕدراوەتەوە: ((لە دوای من فەرموودە زۆر دەبن، ئەگەر فەرموودەیەك لە منەوە گێڕدرایەوە بۆ ئێوە، ئەوا لەگەڵ كتێبی خوای پایەبەرزدا بەراوردی بكەن، هەر گێڕانەوەیەك لەگەڵ كتێبی خوادا گونجا و یەكی گرت، ئەوا وەری بگرن، هەر گێڕانەوەیەك لەگەڵی تێكگیرا ئەوا ڕەتی بكەنەوە)). دەڵێت: ئەم فەرموودە واتای ئەوە بەدەستەوە دەدات كە هەر فەرموودەیەك پێچەوانەی كتێبی خوای مەزن بێت، ئەوا فەرموودەی پێغەمبەر نییە، بەهەمان شێوە هەر فەرموودەیەك پێچەوانەی بەڵگەیەكی لەخۆی بەهێزتر بێ ئەوا زنجیرەكەی لە پێغەمبەرەوە پچڕاوە، چونكە بەڵگە شەرعییەكان پێچەوانەی یەكتر نین و دژیەك نین، تێكگیرانیشیان بەهۆی نەزانی پوختەوەیە)). یەكێك لەو زانا شەرعناسانەی دوایی كە بایەخیان بەم پرسە داوە شێخ محەممەد غەزالییە لە كتێبەكەیدا : ((سوننەتی پێغەمبەر لە نێوان شەرعناسان و فەرموودەناسان)).

سێیەم: ڕەچاوكارییەكانی مێژوو و سیاسەت باڵیان كێشاوە بەسەر هەندێك بەڵگەدا، كە شەرعناسان پشتیان پێبەستووە بۆ دانانی حوكمی هەڵگەڕانەوە.

---

[1] () التفتازانی، سەرچاوەی پێشوو، ٢/ ١٠.

شەڕکردنی ئەبو بەکر لەگەڵ هەڵگەڕاوان، بنچینە بوو، بەهۆی ئەوەی زەکاتیان نەدا بە دەوڵەتی ئیسلامی، کە هەڕەشەی ڕووخانی لە دەوڵەتەکە دەکرد، ئەمە جەنگێکی بیروباوەڕی نەبوو، هەروەك چۆن ئەبو بەکر هەوڵ دەدات وێنای بکات بە بەڵگەی ئەم فەرمایشتەی: ((سوێند بەخوا ئەگەر یەك بەچکە وشترم پێ نەدەن، کە پێشتر دەیاندا بە پێغەمبەری خوا، ئەوا لەگەڵیان دەجەنگم)).

هەندێك شەرعناسی هاوچەرخ، کە خاوەن پێگەن لە ئایین و تێگەیشتن لە واقیعدا، کە ئەمانەن: دکتۆر ئەحمەد شەلبی، ئەحمەد عومەر هاشم، دکتۆر عەبدلسەبور مەرزوق، دکتۆر محەممەد حمدی زقزرق، ئەوانە پێیان وایە ئەم فەرموودە: ((هەر کەسێك ئاینەکەی گۆڕی بیکوژن)) گشتی نییە، بەڵکو وادیارە کە سەبارەت بەو کەسانە هاتووە کە سەربازگەی موسڵمانان بەجێدەهێڵن و دەچنە ناو سەربازگەی دوژمن، ئەمەش لە کاتی ئامادەکاری بۆ جەنگ(1).

بەڵام لەلایەنی دووەمەوە وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەینەوە/ ئایا ئەم فەرموودەیە دەچێتە چوارچێوەی ڕاگەیاندنی پەیام و سروشەوە، یاخود دەچێتە ناو بازنەی هەڵسوکەوتی سەرکردایەتی، کە بارودۆخێکی دیاریکراو بڕیاری لەسەر داوە؟ شتێکی ڕۆشنە ئەمە بە یاسایەکی کات دیاریکراو دادەنرێ، بەپێی بارودۆخە تایبەتەکەی، ئەگەر وادانرا کە لە چوارچێوەی کۆششی تایبەتی دایە. ئێمە بەلای بۆچوونی "دکتۆر محەممەد نور فەرحات" و جگەلەویشدا دەڕۆین، کە پێمان وایە یاسا و حوکمەکانی هەڵگەڕانەوە لە ئایین، وەك زۆرێك لە حوکمە

(1) أحمد شلبي و آخرون، الإسلام بين الحقيقة والإدعاء، لا ٨٥.

تایبەتیە کارگێڕییەکانی دەوڵەت و بەڕێکردنی لەشکرەکەیەتی، دەچێتە ناو بازنەی حوکمە سیاسییە کاتیەکان، کە کارتێکراو بووە بەو فەلسەفە سیاسیەی ئەو کات باڵی کێشابوو بەسەر کۆمەڵگەکاندا، ئەویش ئەوە بوو کە ئەو کات ئایین تاکە بنچینەی هاوڵاتیبوون بوو، ئەمەش تاکە پێوەر بوو بۆ ڕایەڵی لایەنگیری و خۆشەویستی بۆ دەوڵەتی ئاینی، دەرچوون لە ئاین واتای دەرچوونی دەگەیاند لە دژی دەوڵەت و پچڕاندنی پەتی خۆشەویستیەکەی. بەم پێیە هەڵگەڕانەوە بە واتای یاخی بوون لە ڕژێمەکە دەهات.

ئەوەی ئەم تێگەیشتنە بەهێزتر دەکات، ئەوەیە کە لە فەرموودەیەکی دیکەی ڕاست و دروستدا هاتووە: ((لَا يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ إِلَّا بِإِحْدَى ثَلَاثٍ الثَّيِّبُ الزَّانِي، وَالنَّفْسُ بِالنَّفْسِ، وَالتَّارِكُ لِدِينِهِ الْمُفَارِقُ لِلْجَمَاعَةِ)) واتە: ڕشتنی خوێنی موسڵمان حەڵاڵ نییە، تەنها بەم سێ شتە نەبێ: پیاوی خاوەن ژن و ژنی مێرد کردو کە زینا بکەن. گیان بە گیان، کەسێك پاشگەز ببێتەوە لە ئاینی خۆی و لە کۆمەڵی موسڵمانان جیا ببێتەوە.

پوختەکە ئەوەیە کە فەرموودەی: ((هەر یەکێك ئاینی خۆی گۆڕی بیکوژن)) ناچێتە ناو چوارچێوەی ڕاگەیاندنی پەیامی خوا یان سروش و نیگاوە، بەڵکو دەچێتە ناو بازنەی سیاسەت، کە بەپێی داخوازی بارودۆخ و پێشهاتەکان دەگۆڕێت. ڕەهەندەکەی سیاسییە نەوەك ئاینی، بەو واتایەی ئەمەی لێ بەدەستدەخرێ لە میانەی کردارەکە (هەڵگەڕانەوە) و شوێنەوار و

کاریگەرییەکانی لە هێز و یەکێتی ئوممەت، نەوەك لە میانەی ئازادی ئایین یاخود ئازاد نەبوونی.

٧- ناکۆکی فیقهی مەزهەبی لەسەر گونجاندنی شەرعیانە بۆ چەندین کردار و ڕەفتار کە لە سوننەتدا هاتوون، هەیانە وتویانە حەرامە، هەشیانە وتویەتی ناپەسەندە یاخود جگەلەمە، بەپێی جیاوازیان لە ڕاڤەکردنیدا. لەبارەی فەرموودەی: ((مارەیی بەبێ سەرپەرشتیار و گەواهیدەرێکی دادگەر دانامەزرێ)) ڕاجیایی لە نێوان شەرعناسان دروست بووە لەبارەی پێویستی ئامادەبوونی سەرپەشتیار لە گرێبەستی مارەیی ئافرەتی پێگەیشتوو و ژیر. شافیعی پێی وایە سەرپەرشتیار گرێبەستی مارەییەکەی دەبەستێت، بەڵام حەنەفییەکان مۆڵەتیان داوە بە کچی پێگەیشتوو کە بەخۆی گرێبەستی مارەییەکەی ببەستێت. سەرچاوەکان پڕن لەم نموونانە لە هەموو مەزهەبەکاندا.

لە ڕاستیدا ئەگەر ئەوە بۆ توێژەرە بلیمەتەکانی زانستی فەرموودە و پیاوەکانی فەراهەم بووبا کە بۆ زانایانی ڕاڤەکار فەراهەم بوو لە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخ و بۆنەکان، لە مەککەیی و مەدینەیی و هۆکارەکانی هاتنی فەرموودەکانی پێغەمبەر، بۆ جیاکردنەوەی ئەوەی کە دەچێتە خانەی پەیامی خوایی و ئەوەش دەچێتە ناو بازنەی مرۆیی، یان ئەوەی ڕەهایە و ئەوەش کە سنووردارە، ئەوا تێکگیرانە فیقهییەکان لە بارەی لێکدانەوە بۆ کردنی نەدەمان، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو بارودۆخانەی

فەرموودەی تێداهاتووە زۆربەی جاران نەزانراون. هۆکاری ئەمەش ئەوە بوو کە پێغەمبەر ڕێگری کرد لە نووسینەوەی فەرموودە لە ترسی تێکەڵبوونی لەگەڵ قورئانی پیرۆز یان لەترسی سەغڵەتکردنی ئوممەت بە ئەرکی زیاتر. هەر لەبەر ئەمە هاوەڵان بیریان نەکردەوە لە کۆکردنەوەی فەرموودە یان بۆنەکانی، تەنها پەیماننامە و ڕاسپاردە تایبەت و بەڵگەنامە دیبلۆماسییەکان نەبن. سوننەت نووسرایەوە لەسەر بنەمای دانایی و بەرژەوەندی لەسەردەمی ئەمەوییدا، کاتێك جێنشین "عومەری کوڕی عەبدولعەزیز" نامەی نووسی بۆ "ئەبو بەکری کوڕی محەممەدی کوڕی عەمری کوڕی حەزم" و بۆ "محەممەد شەهابی زوهری" بۆ دەستکردن بە کۆکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (د. خ) لە ساڵی سەدی کۆچی، لە سەدەی دووەم و سێیەم دەستکرا بە نووسینی فەرموودە. سەحیحی بوخاری ٨٧٠ ز، سەحیحی موسلیم ٨٧٥ ز، سونەنی ئەبو داود ٨٨٨ ز، سونەنی تورمزی ٨٩٥ ز، نەسائی ٩١٥ ز، ئیبن ماجە ٨٨٦ ز. لەگەڵ ئەو هەوڵ و تەقەڵا و کۆششە زانستییە مەزنەی ئەوانە و جگەلەوانیش لە زانایانی ئوممەت خەرجیان کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە هێزی زنجیرە (سند) و ڕاستی گێڕانەوەکە. فەرموودە نەگەیشتووەتە پلەی سەلمێنراو و بڕانەوە (قەتعی) بوون، زۆر بە دەگمەن نەبێ.

بێگومان زانینی بارودۆخ و بۆنەکان، کە فەرموودەی تێداهاتووە، یارمەتیدەر دەبێ بۆ گونجانی شەرعی لەگەڵ سروشتی فەرموودەی پێغەمبەر. بۆ نموونە ئەگەر زانیمان ڕێنمایی پێغەمبەر بۆ هاوەڵانی بە

کورتکردنی سمێڵ و هێشتنەوەی ڕدێن، بۆ جیاکردنەوەی موسڵمانان بووە لە هاوبەشدانەران لە کاتی بەیەکدادان لە جەنگی بەردەوامی نێوانیان، بۆ نەهێشتنی تێکەڵ بوون و سەرلێشوان بوبێ، دەکرێ بوترێ: ئەم ڕێنماییە، واتای پابەندکردن ناگەیێنێ؛ بەڵکو سیاسەتێکی کاتییە. مامۆستا عەبدولوەهاب خەلاف لە توێژینەوەیەکیدا بە ناونیشانی ((سەرچاوەکانی یاسادانانی گونجاوی ئیسلام)) لە گۆڤاری یاسا و ئابووری لە مانگی ئایاری ١٩٤٥ لە میانەی سەرنجدان لەسەر فەرمایشتی پێغەمبەر (د. خ): ((پێچەوانەی هاوبەشدانەران بن، ڕیش بهێڵنەوە و سمێڵ کورت بکەن)) وتویەتی: لە خودی داڕشتنی دەقەکەدا بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی ئەمە یاسایەکی کاتی و ناخییە، ئاماژە کراوە بەشێوەی هاوبەشدانەران و مەبەستی دەقەکە پێچەوانە هەڵسوکەوت کردنە لەگەڵیان.

شێوە و دیمەنی خەڵك جێگیریان بۆ نییە و لە گۆڕاندان، پێشەوای پایەدار عزی کوڕی عەبدولسەلام وتەیەکی جوانی هەیە، کە دەڵێ: ((هەر هەڵسوکەوتێك پەکی کەوت لە بەدەستهێنانی مەبەستەکەی، ئەوا ئەم هەڵسوکەوتە پوچەڵە)).

بەهەمان شێوە خێرا ڕۆیشتن لە کاتی تەواف کردندا، عومەری کوڕی خەتاب لەبارەیەوە وتویوتی: ((چیمان پێبڕا لە خێرا ڕۆیشتن: ئێمە لە کاتی تەواف کردندا بە خێرایی بە ناو هاوبەشدانەراندا دەڕۆیشتین – واتە: هێزی خۆمان پیشانی ئەوان دەدا – خوای گەورە ئەوانی لەناوبرد))، ئەوەی

سەرنجڕاكێشە ئەوەیە كە عومەر گەڕایەوە و وتی: ئەمە كارێكە پێغەمبەری خوا كردوویەتی، بۆیە تەوافەكە بە هەمان شێوە بە خێرایی كرد. ئەم كارە كە عومەر كردوویەتی پەیوەستە بە بنچینەی گشتیەوە، كە شوێن پێ هەڵگرتنی پێغەمبەرە لە تێكڕای پەرستشەكاندا، لەبەر ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر (د. خ) كە فەرموویەتی: ((ئەركەكانی ئاینەكەتان لە منەوە وەربگرن))[1]، ڕاست ئەوەیە كە گۆڕانكاری لەو حوكمە شەرعییەدا ڕوودەدات كە لەسەر داب و نەریتێك دامەزراوە، كە سروشتی گۆڕانی هەیە؛ هەروەك لە كۆششدا ڕوودەدات. هەندێكیان پێیان وایە جیاوازی نێوانیان دەرناكەوێت تا دەقێكی قورئان یان سوننەت لەسەر نەبێ كە تەئویل و لێكدانەوە هەڵنەگرێ؛ بەڵام هاوبەڵگە بەرپابووە لەسەر پەیوەستبوونی بە بارودۆخێكی دیاریكراو، كە هۆكاری دابەزین و هاتنیەتی، بەمەش دەرگای گفتوگۆ و مشتومڕ دەكرێتەوە لەسەر ئەندازەی پەیوەندی نێوان حوكم و هۆكاری دابەزینی. هەر لەم چوارچێوەوەیە كە هەندێك جار وتەی هەندێك كۆششكار دەبینین لەبارەی حوكمێكی دیاریكراو، كە ئەم حوكمە كاتێك بووە ((كە خەڵك تازە لە هاوبەشدانان و نەفامێتی هاتبوونە دەرەوە))، بەو واتایەی ئەگەر كات زۆر تێپەڕی كرد و باوەڕ چەسپا و جێگیر بوو، مەترسییەكانی هاوبەشدانانی ئاشكرا نەمان، هیچ پێویست بەو خۆپارێزییە نییە كە دەقەكە هێناویەتی))[2].

---

(١) أحمد كمال أبو المجد، حوار لا مواجهة، الكتاب، ١٩٨٥، لا ٦٥.

(٢) سەرچاوەی پێشوو لا ٦٥.

٨- سوننەتی پێغەمبەر پڕپەتی لە نیشانەی مەزن، کە ڕەهەندی ڕێنیشاندەری سوننەت بەهێز دەکات، بەتایبەت لە هەڵوێستە سیاسی و دونیاییەکاندا. موسلیم و جگەلەویش گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەر (د. خ) بە بورەیدەی وتوە: ((خۆ ئەگەر جێگیربووانی قەڵایەکەت گەمارۆدا، و ئەوان داوایان کرد کە حوکمی خوایان بەسەردا جێبەجێ بکەیت، ئەوا حوکمی خوایان لەسەر جێبەجێ مەکە، چونکە تۆ نازانی حوکمی خوا چییە لەسەر ئەوان، بەڵکو حوکمی خۆت و هاوەڵەکانت لەسەر جێبەجێ بکە)).

لەم ڕێنماییەی پێغەمبەر دەسەڵاتی فراوانی سەرکردایەتی سەرکردە و حوکمڕان و ئازادیەکەی بەدی دەکرێ لەوەی بڕیاری لەسەر دەدات بەپێی پێوەرەکانی سەردەم و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگاکەی، هەروەها ئەوەشی لێوەردەگیرێ کە ئەوە لە پڕۆسەکانی ڕزگاری لە سەردەمی جێنشینەکاندا ڕوویداوە مشورگێڕییەکی سیاسی بووە، کە پێشەوا (دەوڵەت) بڕیاری لەسەر داوە بۆ بەرژەوەندی ئوممەت بەپێی تێڕوانینی خۆی، نەوەك جێبەجێکردنی حوکمێکی پێویست و واجبی خوا. ئەمە پرسێکە پێویستی بە وردبوونەوە و توێژینەوە و کۆشش و پێداچوونەی زیاتر هەیە لەگەڵ ڕەچاوکردنی بارودۆخە تایبەتەکانی هەر جەنگ و پڕۆسەیەکی ڕزگاری.

لە ڕاستیدا کەلەپوری فیقهی هەر چەندە لە ڕووی هزری یاسایی دەوڵەمەندە، ئەوا هیچ بەشێکی یەکلاکەرەوەی بۆ ئێمە

بەجێنەهێشتووە لە نێوان ئەو بنەڕەتەی چارەی ئایین دەکات، لەگەڵ ئەو بنچینەیەی چارەی دونیا دەکات، واتە لە نێوان ڕەها و ڕێژەییدا.

بەڵام شتێکی ڕوونە کە ئەو پرس و باسانەی ژیان، لەگەڵ گەشەکردن و ئەنجامدرانیان ملکەچی تاقیکردنەوە و شارەزایی و ئەزموونی مرۆیی دەبن، ئەوا کاروبارو پرسی دونیایین. کە ئەم بوارانە دەگرێتەوە: سیاسەت، ئابووری، هەر مەیدان و گۆڕەپانێك کە سروش چارەی نەکردبێ، یان دەقێکی پیرۆزی بڕاوەی لەسەر نەهاتبێ کە یەکێك نەبێ لەو شتانەی پەیوەستن بە کاروبارەکانی دواڕۆژەوە. هەر چەندە شتەکە خۆی لە لێکدانەوەی فەرموودەی پێغەمبەردا ببینێتەوە، ئەوا کارەساتی گەورە ئەوەیە، بە پشت بەستن بە فەرموودەی پێغەمبەر فەتوا بدرێ، سەرباری نەشارەزابوون لە ناوکۆ (سیاق) و بارودۆخ و هۆکارەکانی دەقی فەرموودەکە، کەسێك فیقهی ئیسلامی بە بنچینە و مەبەستەکانی، بنەما بڕاوە و گوماندارەکانی لەلا نەبووبێتە توانا و بەهرە، کە بتوانێ بەهۆیەوە جیاکاری بکات لە نێوان پێویست (واجب)، ڕێپێدراو (مباح) یان لە نێوان ئەوەی مرۆییە لەگەڵ ئەوەی پەیامی خوایە، ناکرێ کۆشش (إجتهاد) بکات، یان کەسێك کۆشش بکات کە بەدوای حەز و ئارەزووی سیاسی یاخود لایەنگیری مەزهەبی تەسك کەوتبێ لە ڕاڤە و لێکدانەوەدا.

ئەرکی زانایانی ئوممەتە ڕێگری بکەن لە نەزان و گێلەکان، لەوەی نزیك ببنەوە لە دوانگە و مینبەری فەتوادان، کە شت حەڕام و حەڵاڵ

دەكات، خەڵك بە كافر و نەزان هەژمار دەكات، بە گوناهكار و بیدعەچی دادەنێ، بێ زانست و بەڵگەیەكی بڕاوە و سەلمێنراو، هەروەها بێ تێگەیشتن لە بنچینە و بنەماكان ((هەر كەسێكیش بنچینە و بنەماكان فەرامۆش بكات، ئەوا بە مەبەست ناگات)).

## سێیەم: ئەو شوێنەوارانەی لە دەرەنجامی خەسڵەتی ڕێنیشاندەری سوننەتی پێغەمبەر پەیدا دەبن

فراوانخوازی لە بازنەی ڕێپێدراوەكان، كە بە بازنەی (لێبوردراو) ناونراوە لە فیقهدا، واتە: ئەوەی قسەی لەسەر نەكراوە، یاخود لە بنەڕەتدا ڕێپێدراوە، یەكێكە لە گرنگترین ئەو ئامرازانەی كە گونجان فەراهەم دەكات و نوێسازی ئاسان دەكات؛ بەوەی لایەنەكانی یاسادانان سەرپشكە لە لێكۆڵینەوە لە باشترین چارەسەرە گونجاوەكان بەپێی بنچینە و یاسای حیكمەت و بەرژەوەندی، لەگەڵ پێداویستی سەردەم و ڕۆژگار، بارودۆخی خەڵك، لۆژیكی ڕووداو و پێشهاتەكان. شتێكی چەسپاوە كە مافی دەوڵەت (پێشەوا و سەركردە)یە ڕێپێدراو سنووردار بكات یان پێویستی بكات بەپێی داخوازی سیاسەتی یاسادانان یان سیاسەتی شەرعی بێ بەسترانەوە بەوەی پێشەوا كۆششكار (موجتەهیدە)كانی پێشوو كاریان پێكردووە و چەسپاندوویانە.

ئەم فراوانخوازییە دەستەبەر دەبێ بە گرتنەبەری ڕاڤەیەكی ڕێنیشاندەر یان وەسفێكی ڕێنیشاندەری بۆ سوننەتی پێغەمبەر وەك ڕێبازێك بۆ تێگەیشتن

لە سوننەتی ڕاست و دروستی پەیوەست بە پرس و کاروبارە دونیاییەکان. بەهیچ شێوەیەك ئەمە جێبەجێ نابێ لەسەر ئەوەی هاتووە وەك ڕوونکردنەوەی ئەوەی بەشێوەیەکی بڕاوە حەڕام و قەدەغەیە، وەك چۆن ئەمە سەبارەت بە سوو (ڕیبا) هەیە.

بۆ ئەو پەیوەندییە ڕۆشنەی هەیە، لە نێوان ڕەهەندی ڕێنیشاندەری دەقی سوننەتی پێغەمبەر و بازنەی ڕێپێدراوەکان، لێرەدا یەکێك لە پرسەکانی بنەماکانی فیقھ دەخەینە بەرباس، ئەویش ئەمەیە: بنەڕەت لە شتەکاندا ڕێپێدراوییە. پێشەوا ڕازی ئەم باسەی بە تێروتەسەلی باسکردووە و داویەتیە پاڵ زۆربەی زانایانی بنەماکانی فیقھ و وتویەتی[1]: ((بنەڕەت لە سوودەکان ڕێپێدراوی، لە زیانەکان قەدەغەبوونە))، بە چەندین شێوە بەڵگەی لەسەر هێناوەتەوە، هەندێکیان ئایەتی ڕوون و ڕۆشنن، وەك ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز: ﴿ قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِىٓ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزْقِ ﴾ الأعراف: ٧/ ٣٢. واتە: ("ئەی پێغەمبەر (د. خ) پێیان" بڵێ: ئەوە کێیە پۆشاك و زینەت و جوانیە خواییەکانی لە بەندەکانی حەرام کردوە کە لە بنەڕەتدا خۆی بۆی بەدیهێناون؟ هەروەها ئەوە کێیە ڕزق و ڕۆزیە چاك و پاکەکانی حەرام کردووە؟!). هەروەها بەڵگەی پێوانە (قیاس): کە لە ڕێپێدران و مۆڵەتەکەدا سوود هەیە بێ زیان گەیاندن بە خاوەنەکە، وەك خۆدانەبەر سێبەری درەختی کەسێکی دیکە. سەبارەت بە ڕێبازی عەقڵی لەمبارەوە ئەوا ڕازی وتویەتی[2]:

---

[1] الرازی، سەرچاوەی پێشوو، ٦/ ٩٧.

[2] سەرچاوەی پێشوو لا ٦/ ١٠٥.

((خوای مەزن خودی شتەکانی دروستکردووە، جا یان بە دانایی و حیکمەت، یاخود بەبێ دانایی و حیکمەت. جا یەکەمیان کە دروستکردنیانە بەبێ دانایی پوچەڵە، بەبەڵگەی ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز: ﴿ وَمَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴾ الدخان: ٤٤/ ٣٨. واتە: (ئێمە ئاسمان و زەوی، هەرچیش لە نێوانیاندایە بەگاڵتە "بێ مەبەست" دروستمان نەکردووە). هەروەها ئەم فەرمایشتە: ﴿ أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَٰكُمْ عَبَثًا ﴾ المؤمنون: ٤٤/ ٣٨. واتە: (ئایا گومانتان وادەبرد کە بەڕاستی ئێمە ئێوەمان بەبێ مەبەست دروست کردووە). لەبەر ئەوەی کردەوەی بێ دانایی و حیکمەت گاڵتە و گەپە، گاڵتە و گەپیش شایستەی خوای دانا نییە. ئەگەر خودی شتەکانی بە مەبەست و حیکمەت دروست کردووە، ئەوا ئەم حیکمەتە یان سوودێکە بۆ خودی بەدیهێنەر دەگەڕێتەوە یان بۆ ئێمەی مرۆڤ دێتەوە، یەکەمیان ئەستەمە، چونکە ئەستەمە خوا سوود وەربگرێ. بۆیە ئەوە دەرکەوت کە خوای مەزن دروستی کردووە تا ئەوانەی پێویستییان پێی هەیە سوودی لێ ببینن، ئەمەش ئەوە دەخوازێ کە مەبەستی ئەم دروستکردنە سوود گەیاندن بێ بەوانەی پێویستیان پێیە و دەستکورتن. کە واشبوو ئەوا سوودگەیاندن بەوەی دەستکورت و هەژارە لە هەر کوێیەك بێ دەبێ دەستەبەر بکرێ. ئەگەر لێشی قەدەغەکرا ئەوا لەبەر ئەوەیە کە زیانێك لەگەڵ خۆی بۆ ئەو کەسە دەهێنێ کە پێویستی پێیەتی. ئەگەر خوای مەزن ڕێگری لێکردین لە هەندێك سوودبینین، دەزانین کە بۆ ئەوە ڕێگریمان لێکراوە چونکە خوای مەزن زانیویەتی زیانێك لەگەڵ

خۆی هاوپێچ دەكات یان لە ئێستادا یاخود لە ئایندەدا، بەڵام ئەمە پێچەوانەی بنەڕەتەكەیە. بۆیە چەسپا كە بنەڕەت لە شتەكاندا ڕێپێدراویە.

ڕازی سەرنج لەسەر ئەم بەڵگەهێنانەوە عەقڵییە دەدات بەم وتەیەی: ((ئەم جۆرە وتەیە شایستە و گونجاوە لەگەڵ شەرعناسان و دادوەران؛ ئەگەرچی بەرپاكردنی بۆچوونەكە لەمەدا تەنها بە پەسەندكردنی بۆچوونی موعتەزیلایەتی دەبێ)).

لەم ڕووەوە چەندین هەواڵ و فەرموودەی گەلێك زۆر هاتوون، جەخت دەكەنەوە لەسەر حەز و سوربوونی پێغەمبەر (د. خ)، بەهۆی میهرەبانی و بەزەییەكەی بەرامبەر جیهانیان، لەسەر مانەوەی ویستی موسڵمان بە ئازادی لە هەڵبژاردنی ئەو ڕێگەیەی دیگرێتەبەر بەبێ كۆت و بەند، قەدەغەكراوەكانیش كورت هەڵبێن لە شتە خراپ و پیسەكان، لە سنووری ئەوەی قورئانی پیرۆز بە دەق ئاماژەی پێكردووە و ڕوونی كردۆتەوە، هەروەها هەوڵیداوە كە فەرمان و ڕێگریەكان لە ناو چوارچێوەی پێویستییەكانی ئایندا بێ، بازنەی ڕێپێدراوییش هەر بە فراوانی بمێنێتەوە، هەروەك لەم فەرموودانەی خوارەوەدا دەردەكەوێت:

١- لە هەر دوو سەحیحی بوخاری و موسلیم و جگەلەوانیشدا چەسپاوە، سەعدی كوڕی ئەبی وەققاس لە پێغەمبەرەوە (د. خ) گێڕاویەتیەوە كە فەرموویەتی: ((ئەو موسڵمانەی خاوەنی گەورەترین تاوانە لە ناو موسڵمانان ئەوەیە كە پرسیار لەبارەی شتێكەوە بكات، ئەو شتەش لەبەر داواكردنەكەی حەڕام بكرێت)).

٢- ترمزی و ئیبن ماجە لە "سەلمانی فارسی"یەوە هێناویانە کە وتویەتی: ((پرسیار لە پێغەمبەر (د. خ) کرا لەبارەی ڕوون و پەنیر و کەوڵ، ئەویش فەرمووی: حەڵاڵ ئەوەیە کە خوای مەزن لە کتێبەکەیدا حەڵاڵی کردووە، حەڕامیش ئەوەیە کە خوای گەورە کتێبەکەیدا حەڕامی کردووە، لەبارەی هەر شتێکشەوە بێ دەنگ بووبێ ئەوا ڕێپێدراوە)). حاکم لە موستەدەرکەکەیدا و بەیهەقی لە سونەنی کەبیردا ١٠/ ١٢ هێناویەتی.

٣- لە گێڕانەوەیەکی تردا لە ئەبو دەردائەوە هاتووە: ((هەر شتێك خوای مەزن لە کتێبەکەیدا حەڵاڵی کردبێ، ئەوا ئەم شتە حەڵاڵە، هەر شتێکیشی حەڕام کردبێ ئەوا حەڕامە، ئەوەش کە لێی بێ دەنگ بووە، ڕێپێدراوە. جا مۆڵەتی خوا پەسەند بکەن، خوای مەزن هیچ شتێکی لەبیر نەکردووە، ئینجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا ﴾ مریم: ١٩/ ٦٤. واتە: (پەروەردگاری تۆ هیچ شتێك فەرامۆش ناکات).

٤- دارقتنی لە ئەبو سەعلەبی خەشەنی ئەویش لە پێغەمبەری خواوە (د. خ) گێڕاویەتیەوە کە فەرموویەتی: ((خوای گەورە چەند واجبێکی لەسەر ئێوە پێویست کردووە فەرامۆشی مەکەن، چەند سنووریکی داناوە مەیبەزێنن، چەند شتێکی حەڕام کردووە توخنی مەکەون، لەبارەی هەندێك شتەوە بێ دەنگ بووە وەك میهرەبانیەك بەرامبەر ئێوە نەوەك لەبیری کردبێ، بۆیە لێی مەکۆڵنەوە و پرسیاری لەبارەوە مەکەن)) ئیبن سەڵاح بە دروستی داناوە، حافز ئەبو بەکری کوڕی

سەمعانی بە باش دایناوە. لە ڕاستیدا ئەم فەرموودانە جەخت دەکەنەوە لەسەر فراوانی بازنەی ڕێپێدراوی و ڕەوایی بریتیین لە چەند تروسکاییەك کە لە فەرمایشتەکانی خوای مەزن درەوشاونەتەوە، کە لە قورئانی پیرۆز هاتوون، لەوانە ئەم فەرمایشتە: ﴿ ٱلۡيَوۡمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُ ﴿٥﴾ ﴾ المائدة: ٥/ ٥. واتە: (لەمڕۆوە هەرچی خۆراکی چاك و پاکە بۆتان حەڵاڵ کراوە). هەروەها ئەم فەرمایشتە: ﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا ﴾ البقرة: ٢/ ٢٩. واتە: (خوای مەزن ئەو زاتەیە کە هەرچی لە زەویدایە بۆ ئێوەی بەدیهێناوە). هەروەها ئەم فەرمایشتە ڕوون و ڕۆشنە: ﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٖ يَطۡعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيۡتَةً أَوۡ دَمٗا مَّسۡفُوحًا أَوۡ لَحۡمَ خِنزِيرٖ فَإِنَّهُۥ رِجۡسٌ أَوۡ فِسۡقًا أُهِلَّ لِغَيۡرِ ٱللَّهِ بِهِۦۚ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ غَيۡرَ بَاغٖ وَلَا عَادٖ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿١٤٥﴾ ﴾ الأنعام: ١٤٥. واتە: ("ئەی محەممەد (د. خ) پێیان بڵێ: من نابینم و دەستم ناکەوێت لەوەی کە وەحی و نیگام بۆ کراوە هیچ خواردنێکی حەڕامکراو لەسەر ئەو کەسەی کە بیخوات، مەگەر خواردنی مردارەوە بوو، یان خوێنێکی ڕژێنراو، یان گۆشتی بەراز، بەڕاستی ئەو قەدەغە کراوە هەر پیسە، یاخود "ماڵاتێك" کەلە سنووری شەرع دەرچووبێت لە سەر بڕینەکەیدا بەوەی کە ناوی غەیری خوای لەسەر برابێت، جا کەسێك ئەگەر ناچارکرا "بەهۆی

گرانی یان زۆر لێکردن" لەکاتێکدا داواکار و دەرچوو نەبێت و بەردەوام نەبێت و دووبارەی نەکاتەوە، ئەوە بەڕاستی پەروەردگاری تۆ لێخۆشبوو میهرەبانە "بۆ بڕوادارانی ناچار").

شتێکی ڕوونە کە ڕاشکاوی ئەم ئایەتە بڕاوەیە، بەوەی بنەڕەتی گشتی و سەرەکی ڕێپێدرانە، حەڕام و قەدەغەبوون هەڵاواردنە، کە دەبێ بە دەقێکی بڕاوەی ڕاشکاو بێ. شافیعی لەم وتەیەیدا ڕاستی وتوە کە بەپشتبەستن بەم ئایەتەی خرایەڕوو وتویەتی: ((حەڵاڵ ئەو شتەیە کە هیچ بەڵگەیەك ئاماژە بە حەڕام بوونی نەکات))[1]. ئەو هاوچەرخەش[2] ڕاستی وتوە کاتێك وتویەتی: ((لە ئیسلامدا سروش و نیگا هەیە، بازنەی ڕێپێدراو تیایدا فراوانە، بازنەی پابەندی بەرتەسك دەکاتەوە، بنمیچی ئەرکەکان بەرز دەکاتەوە بۆ سەرووی بۆشاییەکی فراوان لە ئازادی و ڕێزگرتن لە عەقڵ و ژیری مرۆڤ بێ ئەوەی ئەمە گەرمی ئیمان و باوەڕ کەم بکاتەوە، لە ئیسلامدا فیقه هەیە؛ بازنەی ڕێپێدراو بەرتەسك دەکات و ترس و دوودڵی لە عەقڵ و مەدەنیەت و شارستانیەت بەرفراوان دەکات)).

---

(1) محمد یاسین، شرح الفوائد البهیة في النظم القواعد الفقهیة في الأشباه والنظائر على مذهب الشافعیة، عمان: دار البشیر، ساڵی چاپی دیار نییە، ١/ ٢٠٨.

(2) عبد الجواد یاسین، السلطة في الإسلام، الدار البیضاء: المركز الثقافي العربي، ١٩٩٨، لا ٩.

زانایانی بنەماکانی فیقھ زۆر بە تێروتەسەلی لەم بوارەیان کۆڵیوەتەوە، بە درێژی کار و کرداری پێغەمبەریان توێژیوەتەوە و وتویانە[1]: هەندێك کارو کردەوە لە ڕاز و نیاز و خەیاڵی دەروون و جوڵەی مرۆییەوەیە، ئەمەیان ڕێپێدراوە، هەشیانە پەیوەستە بە کردەوە سروشتییە مرۆییەکان وەك: خواردن و ڕۆیشتن، ئەمەشیان لەلای زۆربەی زانایانی بنەماکانی فیقھ ڕێپێدراوە، هەشیانە زانراوە کە تایبەتە بە پێغەمبەرەوە، ئەمەشیان بە تێروتەسەلی توێژراوەتەوە، دەچێتە ناو بازنەی وەستان و لاسایی نەکردنەوە بەپێی سروشتی تایبەتمەند بوون. سەبارەت بە کردەوەی ڕووت کە سیفەتەکەی نەزاراوە لەهەمبەری پێغەمبەر، ئەوا شەرعناسان ڕاجیان لەبارەیەوە، ڕازی لە کتێبی (المحصول)دا[2] وتویەتی: ((وتەی مالیك کە دەڵێت: ئەمەشیان دەچێتە ناو بازنەی ڕێپێدراوەوە، ڕەوایە. ئەوەش کە پێی وایە ئەم جۆرەیان ڕێپێدراوە بەڵگەی هێناوەتەوە بەوەی چەسپاوە کە کردەوەی پێغەمبەر (د. خ) ناکرێ بەشێوەیەك بەرجەستەببێ کە گوناھ و تاوان بێ، لەبەر ئەوەی پارێزراوە. کەواتە چەسپاوە کە ئەم کردەوەیە یان دەبێ ڕپێدراو یان سوننەت "بە مانا فیقھییەکەی[3]" یاخود واجب بێ. ئەم سێ بەشە بەشدارن لە لادانی سەغڵەتی لەسەر کردەوە، سەبارەت بە پەسەندکردنی کردەوە بەلایەنێکدا، ئەوا هیچ بەڵگەیەکی چەسپاوی لەسەر

---

(1) الشوكاني، إرشاد الفحول إلى تحقيق الحق من علم الأصول، تحقيق: محمد صبحي بن حسن حلاق، بيروت: دار ابن كثير، ٢٠٠٠، لا ١٥٧.

(2) الرازی، سەرچاوەی پێشوو ٤/ ٢٣٠.

(3) ئەوە خۆم زیادم کردووە. (وەرگێڕ).

نییە. کەواتە سەلمێنرا کە سەغڵەتی نییە لە جێبەجێکردنیدا، هەروەك چۆن بەڵگە نییە لەسەر پەسەندکردنی کردەوەکە بەلایەنێکدا، بۆیە بە دڵنیاییەوە ڕێپێدراوە. دەبێ لەم ئاستەدا هەڵوەستە بکرێ و سنوور نەبەزێنرێ بەرەو ئەوەی کە دڵنیایی لەبارەوە نییە. لەمەدا زانایانی بنەماکانی فیقھ چەندین ڕێبازیان هەیە. هەر گەل و ئوممەتێك ڕووگەیەکی هەیە، خوای مەزن وەریان دەچەرخێنێ بۆ لای)).

سیستەمی گشتی لە ڕێبازی ئیسلامدا بریتییە لە فراوانکاری لە بازنەی ڕێپێدراوان، تا موسڵمان لە هەموو نەوە و سەردەمەکان بتوانێ بە هۆیەوە عەقڵ و بیر و دانایی بگەڕ بخات لەوەدا، کە پێی وایە باشترە بۆ ژیانی ئەو لە هەموو کات و سەردەمێکدا. ئەمە ئامانجی ئێمەیە لەم دەروازەیەدا، کە دامانناوە بۆ ڕوونکردنەوەی سیفەتی ڕێنیشاندەری بەشێوەیەکی فراوان لە ڕاڤەی فەرموودەکانی پێغەمبەر تایبەت بە بوارەکانی سیاسەت و مامەڵە و هەڵسوکەوت. دەبینین کە ئەم ڕاڤەیە لە هەمووان گونجاوترە لەگەڵ مرۆڤبوونی پێغەمبەر: ﴿ قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ﴾ الكهف: ١٨/ ١١٠. واتە: ("ئەی پێغەمبەر (د. خ) پێیان" بڵێ: بەڕاستی من تەنها ئادەمیزادێکم وەك ئێوە، بەڵام ئەوەندە هەیە وەحی و نیگام بۆ دێت "ئەم ڕاستییەتان تێبگەیەنم" کە: بێگومان خوای ئێوە خوایەکی تاك و تەنهایە).

به گێڕانەوەیەکی ڕاست و دروست لە پێغەمبەرەوە (د. خ) هاتووە کە فەرموویەتی: ((منیش مرۆڤم وەك ئێوە، شت لەبیر دەکەم وەك چۆن ئێوە لەبیری دەکەن، ئەگەر شتێکم بیرچووەوە، بە یادم بێننەوە)) بوخاری و موسلیم هێناویانە.

لێرەوە هاوەڵانی پێغەمبەر ماوەییەکی بەرفراوانیان لەبەردەم بوو بۆ پێشکەش کردنی ڕاوێژ و پێشنیار بۆ پێغەمبەر (د. خ)، تەنانەت دەربڕینی بۆچوونی پێچەوانەش، هەروەك لە پەیماننامەی حودەیبیەدا ڕوویدا. ئەگەر هەموو لە پێغەمبەرەوە دەهات بە سروش و نیگایان هەژمار کردبا، ئەوا نەیاندەتوانی بۆچوونی تری بۆ پێشنیار بکەن، بەڵکو بە ڕەهایی ملکەچی دەبوون، هەڵدەستان بە نووسین و تۆمارکردنی.

ئەگەر لەلامان ڕاست دەرکەوت کە بنەڕەت لە شتەکاندا ڕێپێدراوییە، حوکمی ئەو شتانەی قسەیان لەبارەوە نەکراوە ڕەوایی و ڕێپێدرانە، هەروەها بنەڕەت لەو گوفتار و کردەوانەی پێغەمبەر کە پەیوەستن بە لایەنی دونیاوە، بریتییە لە ئامۆژگاری و ڕێنیشاندان نەوەك پابەندکردن و ئەرکداربوون؛ بەمەش لە هەموو سەردەمێکدا بۆ شەرعناسان ئاسان دەبێ تێگەیشتنەکانیان نوێ بکەنەوە بەشێوەیەك کە بگونجێ لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خەڵك، بەپێی پێوەرەکانی سەردەمی خۆیان، بەتایبەت لە بواری سیاسی، کە زۆربەی یان هەمووی دەکەوێتە ناو ئەو بازنەیەی کە سروش قسەی تێدانەکردووە. واتە ناوچەی ڕەوایی و ڕێپێدراو. ئەمەش لە

شوێنی خۆی بە تێروتەسەلی لەبارەیەوە دەدوێین. ئەوەی خستمانەڕوو لە وەسفی ڕێنیشاندەر سونەتی پێغەمبەر لە چوارچێوەی مرۆیی بوون: ((منیش مرۆڤێکم وەك ئێوە)) بریتییە لە لایەنێك لەلایەنەکانی گەورەیی پێغەمبەر (د. خ)؛ ئەو مرۆڤێکە کاملّی مرۆیی تێدا بەرجەستەبووە، مرۆڤێکە بەهۆی مرۆڤدۆستییەکەی بەرز بووەتەوە بۆ گەورەترین وێنە و جوانترین ژیاننامە بەرپاکردن، لە ڕاستیدا ئەرکەکانی پەیامبەران و پێغەمبەران لە لای سنووری ڕاگەیاندنی ڕێنمایی ئاسمانی نەوەستاوە، بەڵکو ئەوان نموونەی باڵابوون کە بەرجەستەکەری بەها کاملّ و تەواوەکانی مرۆیی بوون، تێگەیشتن و ژیرییەکانیان نزیك کردۆتەوە لە پەیی بردن بە پلە باڵابوونی داواکراو لە ڕەوشت و هەڵسوکەوتدا.

ئەم ڕاستییە لە کەسایەتی محەممەدیدا بەرجەستە بوو، کە خوای مەزن کردییە ڕێبەر و پێشەنگێکی چاك بۆ ئەو کەسەی خاوەن ژیرییە، بیر دەکاتەوە، دڵێکی هەیە دەترسێت و پارێزکارە. خوای مەزن پەروەردەی کردووە بە چاکترین شێوە، تا شایستەی گەواهیی خوایی بووە: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴾ القلم: ٦٨/ ٤. واتە: (بەڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشت و خوویەکی زۆر جوان و پەسەند و بێ وێنە و مەزنیت).

یەکێکی نا موسڵمان وتی: ((محەممەد هات لەژێر خۆری مێژوودا، بوونی مێژوویی ئەو دەبەسترێتەوە بە چەندین گەواهی و بەڵگەنامە، کە بۆ هیچ پێغەمبەرێکی پێش ئەو فەراهەم نەبوو. تۆماری قورئان کە بە

سروش هاتووه، بەشێوەی ڕێژنەیی "تواتر" نەوە دوای نەوە، بە نووسین و لەبەرکردن، ئەمە بەسە ببێتە بەڵگە و نیشانە لەسەر ئەم ڕاستییە، پێم وایە لێکدانەوە و تەئویل کردنی ڕێنمایی پێغەمبەر تایبەت بە ژیانی سنووردار بە کات و شوێن، نزیکترە لە تێگەیشتن، چونکە پێغەمبەر ڕەحمەت و میهرەبانی ڕێنیشاندەرە، قورئانی پیرۆز وەسفی کردووە بەوەی:

﴿حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِالْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢٨﴾﴾ التوبة: ٩/ ١٢٨.

واتە: (زۆر بەتەنگیشتانەوەیە و پەرۆشە لەسەرتان، زۆر دڵسۆزی ئیماندارانە و میهرەبان و دلۆڤانە بۆیان).

## دەروازەی دووەم

# فیقهی واتا و فیقهی چاوگی وشە (فقه المعاني و فقه المباني)

لێرەدا مەبەستمان لە فیقهی مانا و واتا ئەوە نییە، کە یاسای فیقهیەکە ئاماژەی پێدەکات، کە لە ماددەی سێیەمی گۆڤاری "ئەحکامی عەدلی"یدا هاتووە، کە ئەمەش دەقەکەیەتی: ((لە گرێبەستەکان مەبەست و ماناکان بایەخدار و گرنگ و ڕەچاوکراون، نەوەك بێژە و چاوگەکانی وشە))، هەروەها مەبەستمان ئەم یاسا فیقهیەی تریش نییە کە لە ماددەی دووەمدا هاتووە، لەوانە: ((شتەکان بە مەبەستەکانیان بەستراونەتەوە)). ئەم دوو یاسایە کێشەی تێکگیرانی نێوان هەر دوو ویستی ڕووکەشی و ناوەکی (ناخی) چارە دەکەن، جەختیش دەکەنەوە لەسەر ئەوەی کە مەبەستی ڕاستەقینە پشتی پێبەدەبەسترێ بەبێ ڕەچاوکردنی گوزارشتەکان، ئەمەش مانای ئەوە بەدەستەوە نادات کە ئاماژە بێژەییەکان فەرامۆش بکرێن، بەڵکو مەبەست لەم دوو یاسا فیقهییە ئەو مەبەست و واتایانەن کە وەردەگیرێن لەو گوزارشت و دەربڕینانەی بەکاردەهێنرێن یان لەو ئاماژە بابەتی و نیشانە ماددیانەی وەردەگیرێن؛ بەڵکو تێڕوانینمان وایە:

فیقهی چاوگی وشه (المبانی) بریتییه له تێگەیشتنێکی کورت بووەوە له بازنەی بێژە و گوزارشتەکانی دەق و ئاماژە زمانەوانی و بنەماییەکان بێ بەستنەوەی بە بارودۆخ و دانایی، بەڵام فیقهی واتایی ئەو فیقهـ و تێگەیشتنەیە کە هەنگاو دەنێ لە تێگەیشتن لە بارودۆخ و مەبەستەکانی دەق و ڕۆحی یاسادانان و دانایی گشتی، کە ئامانجی دەق یان یاسادانانە گشتییەکە ئەوەیە دەستەبەری بکات لەم جۆرە بارودۆخەدا، کەواتە ئەمە فیقهـ و تێگەیشتنێکە یەکەمجار پەیوەستە بە دیاریکردنی بارودۆخ و چارەسەکانی، پشت دەبەستێ بە مەبەستەکانی یاسادانان و مەبەستەکان دەق بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی فیقهی، جا ئەگەر فیقهی واتایی کردارێکی پیشەیی هونەری بێ، ئەوا فیقهی واتایی کارێکی زانستییە، گیانی یاسادانان و ڕێسا لە بارودۆخ و واقیع نزیك دەکاتەوە.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ فیقهی چاوگی وشە فەرامۆش بکرێ؛ بەڵکو دەبێتە بناغەی دەقی تازە کە بە سروش دانراوە یان دەستکردە بۆ بارودۆخێکی دیاری کراو. گونجاوە بۆ ئەو دۆخەی بەرپابووە و دەقەکە هاتووە بۆ ئەوەی چارەی بکات. بەڵام کاتێك دۆخی دەقەکە دەگۆڕێت، ئەو دۆخەی دەقەکە مەبەستیەتی دەگۆڕێ، شتەکان نوێ دەبنەوە، پێشهاتی تازە دێنەپێش، ئەوا بۆ فیقهی چاوگی وشە سەختە چارەسەری ئەم پێشهاتانە بکات، مەگەر بە پەنابردنە بەر فیقهی واتا و مانا چارەی بکرێ. ئەمە ڕاڤەی ئەو لێکدانەوە جیاوازانە دەکات، کە لە فیقهی ئیسلامی لە سەروبەندی کۆششی پێشکەوتوودا دەرکەوت.

شتێکی زانراوە کە مەزهەبە فیقهییە ڕەچاوکراو و پشت پێبەستراوەکان لە کۆشش (إجتهاد)ە فیقهییەکانیاندا ڕەگەزی چاوگی وشەیان زاڵکردووە بەسەر ڕەگەزی واتا و مانادا، بە گوزارشتێکی تر فیقهی چاوگی وشە بەسەر فیقهی مانادا زاڵ بوو بە جیاوازی لە پلەدا. بۆ زانینی ئەندازەی پیشەکاری هونەری لە پەرەپێدانی فیقهی واتادا لەلای مەزهەبەکان، گەواهی بەم نموونەیەی خوارەوە دێنمەوە:

ڕاجیایی لە نێوان حەنەفییەکان و شافیعییەکان لەبارەی حوکمی مارەیی کەنیزەك دروست بوو، بۆ ئەو کەسانەی توانای مارەکردنی ئافرەتی ئازادیان هەیە. ئایا پیاوی دەوڵەمەند کە توانای مارەکردنی ئافرەتی سەربەستی هەیە دروستە کەنیزەك مارە بکات؟

هۆکاری ڕاجیاییەکەش بریتی بوو لە ڕاجیاییان لە تێگەیشتن لە واتای مەرجەکە، کە لەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرزدا هاتووە: ﴿ وَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ مِنكُمْ طَوْلًا أَن يَنكِحَ ٱلْمُحْصَنَٰتِ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ فَمِن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُم مِّن فَتَيَٰتِكُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ ﴾ النساء: ٤/ ٢٥. واتە: (ئەوەش کە نەیتوانی لە ئێوە لەبەر دەست کورتی، ئافرەتانی سەربەستی باوەڕدار مارە بکات، ئەوە با لە کچە کەنیزەکە ئیماندارەکانتان بخوازێت). شافیعی پێی وایە ئەم مارەییە دروست نییە، بە پشت بەستن بە مانای مەرجەکە، ئەگەر مەرجەکە نەما، بە مەرجگیراوەکەش نامێنێ. بەڵام ئەبو حەنیفە پێی وایە مارەییەکە دروستە؛ چونکە ئەبو حەنیفە بایەخ بۆ واتای مەرجەکە دانانێ، پێی وایە کاتێك

مەرجەکە بەرپانابێ ئەوا لەبەردەم دۆخێکدا دەبین، کە حوکمی شەرعی بوونی نییە، نەوەك لەبەردەم حوکمێکی شەرعیدا بین کە (نفی: ڕەتکردنەوە) بێ. مادەم ئێمە لەم دۆخەداین، هەروەك ئەبو حەنیفە دەڵێت، لەسەرمانە بە دوای بەڵگەیەکی دیکەدا بگەڕێین بۆ ئەم دۆخە، واتە بۆ ئەو دۆخەی کە مەرجی (دەوڵەمەندی و توانا) بوونیان نییە. لەم پرسەدا ئەبو حەنیفە وتویەتی: حوکمەکە ئەوەیە کە مارەیی کابرای دەوڵەمەند لەگەڵ کەنیزەك دروستە، بەپێی بەڵگەی گشتی ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز: ﴿وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَآءَ ذَٰلِكُمۡ ﴾ النساء: ٤/ ٢٤. واتە: (جگە لەوانەی کە باسکران، حەڵاڵە بۆتان). ئەم دەقە گشتییە، دۆخی دەوڵەمەندی خاوەن تواناش دەگرێتەوە کە کەنیزەك مارە دەکات نەوەك ئافرەتی ئازاد، بەڵام شافیعی پشت بە واتای مەرجەکە دەبەستێ، زانا و شارەزاترە لە زمانی هۆزەکەی، ئایەتی پێشتر بە تایبەتکەری ئایەتە گشتییەکەی دواتر دادەنێ، بەوەی لەسەر گشتێتیەکەی نەماوەتەوە، بەڵکو بەندوبار و تایبەتکردنی هاتۆتەسەر، ئەوەی ئێمە باسی دەکەین هەڵاواردنی بۆ کردووە. مشتومڕی فیقهی بە پشت بەستن بە فیقهی چاوگی وشەی ئەوەندە قوڵبووەتەوە تا پلەیەك خەریکە بڕیار بدەم لەسەر ئەوەی عەرەبە ڕەوانبێژە ڕەسەنەکان، کە ئەم پیشەیان نەتوێژیوەتەوە و ڕاهێنانیان لەسەر نەکردووە، لێی تێناگەن. هەر یەك لەم دوو مەزهەبانە بنچینە و یاسایەکی ڕاڤەکاریان داناوە کە لەسەر چاوگی وشە دامەزراوە، جێبەجێکردنە فیقهییەکانی سەبارەت بەمە فراوان بووە، شافیعییەکان وتویانە: بە مەرجگیراو بەبێ مەرجیش هەر بایەخدار و ڕەچاوکراوە. حەنەفییەکان وتویانە: بە مەرجگیراو لەگەڵ مەرجدا

بایەخدارو ڕەچاوکراوە. زانستی فیقھ چەندین ڕاجیایی فراوانی تۆمارکردووە، بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕاجیاییان لەم باس و پرسەدا:

ئەمەش ڕوون کردنەوەکەیەتی[1]: ((ئەوەی لەبارەی ڕستەی مەرجدارەوە لەلای زمانزانە عەرەبەکانەوە چەسپاوە، ئەوەیە کە حوکم تەنها دەرەنجامە، مەرج بەند و بارە بۆی، وەك بارودۆخ و حاڵەت، تەنانەت ئەگەر دەرەنجامەکە هەواڵ بوو، ئەوا مەرجەکەش دەبێتە هەواڵ و گوزارە، ئەگەر دەرەنجامەکە داڕشتنی بوو، ئەوا مەرجەکەش داڕشتنییە، پسپۆرە ڕامێنەرەکان پێیان وایە: کۆی دەرەنجام و مەرج یەك وتەن، گوزارشت لە بەستنەوەی شتێك بە شتێکەوە دەکەن، بوونی پەیوەستە بە بوونی ئەوەی ترەوە، بێ ئەوەی بە نەمانی ئەوەی دیکە ئاماژە بە نەبوونی بکرێ، واتە بێ ئەوەی ئاماژە بە نەبوونی بە مەرجگیراوەك بکرێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکە. هەر یەك لە مەرج و دەرەنجام، بەشێکن لە وتە، وەك نیهاد و گوزارە. شافیعی ڕەحمەتی خوای لێبێ بە لای هی یەکەمدا ڕۆیشت کە بۆچوونی زمانزانە عەرەبەکانە، کە پێیان وایە حوکم دەرەنجامی مەرجەکەیە و مەرجیش کۆت و بەندە، شافیعی هەبوونی حوکمەکەی بەستۆتەوە بە بوونی مەرجەکە، حوکمەکەش نییە ئەگەر مەرجەکە نەبێ. بەمەش چەسپاوی حوکمەکە بەدەق چەسپاوە و نەبوونیشی بە واتا چەسپاوە لە بێژەکەدا، بەمەش مەرجەکە لای شافیعی بووەتە تایبەتکەری ئەندازە گشتییەکان بەسەر یەکدا. بەڵام ئەبو حەنیفە بەلای بۆچوونی (أهل الرأی: ڕاوبۆچوونگەراکان)دا ڕۆیشتووە، وتەکەی کردۆتە

---

[1]) التفتازانی، سەرچاوەی پێشوو ١/ ١٤٦.

سەرچاوەی بوونی حوکمەکە، ئەگەر وادابنرێ مەرجەکە هەیە، لە کاتێکدا ئەگەر مەجەکە نەبوو ئەوا ئەبو حەنیفە قسە ناکات لەسەر نەبوون یان هەبوونی حوکمەکە. کەواتە نەبوونی حوکم لە دۆخی نەبوونی مەرجەکەدا، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ڕەسەن، بنیاتنراوە لەسەر نەبوونی بەڵگە لەسەر چەسپانی حوکمەکە، نەوەك حوکمێکی شەرعی بێ لە واتای مەرجەکە وەرگیرابێ، بە تێڕوانی ئەبو حەنیفە مەرجەکە تایبەت کردن نەبوو؛ پێشی وایە مەرجەکە هیچ ئاماژەیەکی نییە بۆ کورت کردنەوە بەسەر یەکدا)).

فیقهی چاوگی وشە سەری بۆ ئەمە کێشا، کەلەپورە فیقهییە مەزنەکەمان پڕ و لێوان لێوە لە هاوشێوەی ئەو نموونەیەی خستمانەڕوو، ئەگەر ئەوان تێڕوانینی کۆمکار و گشتگیری ئیسلامیان هێنابایە بەرچاو لەبارەی ئازادکردنی مرۆڤ و نەهێشتنی کۆیلایەتی و یەکسانی لە نێوان کوڕ و کچانی نەوەی ئادەم، ئەوا تێگەیشتنێکی دیکەیان دەبوو لەم پرسە و پرسەکانی تریشدا، خوا زاناترە. لەگەڵ هەر کەسێکی خاوەن توانایەکی فیقهی یان یاسایی ڕێزو پێزانینی هەیە بۆ ئەو ئەندازە مەزنەی کەلەپوری فیقهی ئیسلامی کە پاشماوە و بەرهەمی کۆشش و هەوڵ و تەقەلای مەزنی مەزهەبە فیقهییەکانە؛ ئەوەی جیهانی تازە بەخۆیەوە دەبینێ لە گەشەی سیاسی و ئابووری و زانستی بەشێوەیەکی ڕیشەیی، ئەوا جیهانی کۆنی سەراو ژێر کردووە، گۆڕانێکی هەمەلایەنی کردووە لە سروشتی پەیوەندییە ناوخۆیی و نێدەوڵەتییەکان، کە بێگومان پێویستی بە تێگەیشتنێکی تازە هەیە، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی پێشهات و ڕووداوەکان بە تێڕوانین و دیدێکی فیقهی کە دانایی و حیکمەتی شەریعەت و فەلسەفە و ڕۆح

و مەبەستەکانی ڕەچاو بکات؛ نەوەك بە پشت بەستن بە پیشەی مشتومڕی بێژەیی یان لۆژیکی نا واقیعی؛ بەڵکو بە خۆڕۆشن کردنەوە بە بنەما گشتییەکان و پێوەرە مرۆییەکان و بەها ڕۆحییەکانی شەریعەت.

کێشەکانمان قوڵتر دەبنەوە بە نەگونجانی فیقه لەگەڵ واقیعی گەشەکردو، ئەگەر دەستپێشخەری نەکەین لە زاڵکردنی فیقهی مەبەستەکانی شەریعەت بەسەر فیقهی چاوگەکانی وشە. پێش ڕۆیشتنە ناو بەراوردکاری لە نێوان فیقهی واتا و هزرە شەرعی و یاساییە هاووێنەکان، دەبێ ئاماژە بکرێ بە کێشەکانی ڕووکردنە فیقهی چاوگی وشە و پێبەستنەوە و قوڵکردنەوەی گومانەکان پێیەوە، ئەمانە چەند کێشەیەکن متمانەی هەندێك لە زانایانی بنەماکانی فیقهی نەهێشتووە بە بەڵگەی بێژەیی و ڕووکەشی، ئەویش فیقهی چاوگی وشەیە کە ئێمە مەبەستمانە، شتێکی زانراوە شەریعەت کۆمەڵە دەقێکە لە ڕستەیەکی واتادار پێکهاتووە. بێژە و دەربڕین کەرستە و ئەو قاڵبەیە کە واتای هۆشمەندی دەقەکەیە، بارگەی گوزارشتەکەش لەخۆ دەگرێ، بەتاڵ نییە لە ڕەهەندی ئاماژەیی نەك تەنها لە ڕووە خوازراو (مجاز)ەکەیدا، بەڵکو لە ڕووە ڕاستەقینە (حەقیقەت)ەکەشیدا. ئا لێرەوە هەندێکیان کێشەی ڕوونی واتا و ئاماژەی دەقەکەیان وروژاندووە، بە ئازادییەکی تەواوەوە تاوتوێی ئەوەیان کردووە: ئایا بەڵگەهێنانەوەکە بە گوتارەکە یەکلاکەرەوەیە یان نا؟ لەم مشتومڕەدا پێشەوا ڕازی[1] وتویەتی: ((بزانە ڕاست و ڕەوا ئەوەیە کە ناکرێ شتێکی یەکلاکراوە وەربگیرێت لەم بەڵگە وێژەییانەدا، مەگەر هاوپێچ بکرێن

---

[1]) الرازی، سەرچاوەی پێشوو ١/ ١٤٦.

لەگەڵ چەند هاوبەڵگەیەکدا کە دڵنیایی و یەقین بەدەستەوە دەدەن، جا ئەو هاوبەڵگانە چ بەبینین بێ یاخود بە ڕێژنەیی "تواتر" بۆمان گواسترابێتەوە. هۆکاری ئەمەش ئەمەیە کە بەڵگە هێنانەوە بە دەربڕین و گوزارشتی بێژەیی لەسەر چەند پێشەکییەکی نەبڕاوە و نەسەلمێنراو دامەزراوە، چونکە دامەزراوە لەسەر گواستنەوەی زمانەکان و ڕێزمان "نەحو و صەرف"، خوازراو "مجاز" و گواستنەوە "نقل" و شاردنەوە و دەرنەخستن "إضمار" و تایبەتکردن و پێشخستن و دواخستن و هەڵوەشێنەرەوە و تێکگیراوی عەقڵی)). لە ڕاستیدا متمانە نەمان بە بەڵگەی بێژەیی لەلای هەندێك لە زانایانی بنەماکانی فیقه و کەلامییەکان تا ئەم ئاستە گوزارشت ناکات لە هەڵوێستێکی زانستی پەسەند، چونکە کەی بەڵگەی بێژەیی بە دەقە ڕوون و بڕاوەکەی چەسپا ئەوا گەیشتن بە واتاکەشی بەهەمان شێوە بڕاوەیە. بۆ نموونە هیچ کەسێك گومانی هەیە لە واتای ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ ﴾ النساء: ٤/ ١٢. واتە: (نیوەی میراتی ژنەکانتان دەدریت بە ئێوە).

لە ڕاستیدا سەرباری ئەوەی وتە و قسە گەورەترین بەهرە و ناز و نیعمەتی خواییە، باشترین ئامرازی شارستانییە کە مرۆڤ دایهێناوە، ئەگەر وا دابنێین کۆششکارییە و وەستاو نییە، ئەوا لەوانەیە هەندێك ناڕوونی دەوری بدات لە واتای کۆکبوون لەگەڵ ئەوەی لە ویست و خواستی قسەکەرەکەدایە، بۆیە پێویستی بە تێگەیشتنە لە بارودۆخ و هاوبەڵگەکانی دەورەی دەقەکەیان داوە.

ئەو زانایانەی زانستی بنەماکانی فیقھ کە بازنەی گریمانەکانیان لە ئاماژە دەقییەکاندا فراوان کردووە، بەھۆی قوڵبوونەوە و لێکۆڵینەوە لە دەروازەکانی بێژە و دەربڕینەکان لە کتێبەکانی زانستی بنەماکانی فیقھدا، ئەوا ئەندازەیەك ناڕوونی دەستکردیان زیاد کردووە بۆ پاڵ ناڕوونی سروشتی دەق، ئەمەش بە ئەنجامدانی گریمانە ئەندێشەکراوە لۆژیکییەکان. لەوانەیە ئەوانەی شارەزان لە باسەکانی فەرمان و ڕێگری و ئاماژەکان و گشتی و تایبەتی و جگەلەمانەش لە کتێبە تێڕوتەسەلەکانی زانی بنەماکانی فیقھدا، پەیی بەوە دەبەن کە چەندە قوڵە لەلایەنی ئەندێشەیی و ھۆشمەندی و زانستییەوە، لێرەدا کۆمەڵێك لەم کێشانە دەخەمە بەرباس کە ڕێگرن لەبەردەم بڕاوەبوونی دەقی شەڕعی لە ڕووی واتا و ئاماژەوە، سەردەکێشێ بۆ پەنابردنەبەر کۆششی مرۆیی بۆ دیاریکردنی مەبەستی دەقەکە. بەمەش حوکمەکە دەبێتە تێکەڵەیەك لە نێوان دەق و عەقڵ و تێگەیشتنی دادوەر.

أ) ئاماژەی فەرمان و ڕێگریکردن (دلالة الأمر والنهي)

شتێکی زانراوە کە فەرمان و ڕێگری کردن کۆڵەگە و ستوونی دەقی شەڕعین، بۆ چەسپاندنی حوکم، چ بە ئەرێنی یان نەرێنی، ((خولگە و تەوەری ئیسلام لەسەر ئەم دووانەیە))، بەپێی گوزارشتی زانای بلیمەت تەفتازاتی[1]، بەم دووانەش زۆربەی حوکمەکان دەچەسپێن. سەرخسی وتویەتی: ((ڕاستترین و لەپێشترین شت کە بەھۆیەوە سەرەتای ڕوونکردنەوە دەستپێدەکات، فەرمان و

(1) التفتازاني، سەرچاوەی پێشوو ١/ ١٤٦.

ڕێگریکردنە، چونکە زۆربەی تاقیکردنەوەکان بەم دووانەن، بە ناسینی ئەم دووانە حوکمەکان دەناسرێن و حەلال و حەڕام جیادەبنەوە)).

ڕاجیاییان هەبووە لە واتا و ئاماژەی فەرمان و داخوازی، واتە: ڕاجیابوونە لە واتای ڕاستەقینەی بێژەی فەرمان (أمر)، چونکە بە مانای فرمان (فعل)یش هاتووە: ﴿ وَمَآ أَمۡرُ فِرۡعَوۡنَ بِرَشِيدٖ ﴾ هود: ٩٧/١١. واتە: (کار و کردەوەکانی فیرعەون هەرگیز ڕاست و دروست و ژیرانە نەبوو).﴿ وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ ﴾ الشورى: ٤٢/ ٣٨. واتە: (کار و باریان هەردەم بە و ڕاپرسی و ڕاوێژکارییە). ﴿ وَلَتَنَٰزَعۡتُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِ ﴾ الأنفال: ٨/ ٤٣. واتە: (لە کارەکەتدا ناکۆکیتان دەبوو). هەندێکیان وتویانە: فەرمان (الامر) دانانی ڕاستینە و حەقیقەتێکە بۆ گوزارشتی (بیکە: إفعل) بە بەرزکراوەیی، هەندێکیش وتویانە: فەرمان بۆ پێویست و واجب بوونە، بە مانای گوفتار دێ نەوەك کردار، بە بەلگەی ئەوەی ئەبو سەعیدی خودری گێڕاویەتیەوە: ((کاتێك پێغەمبەری خوا "د. خ" نوێژی بە هاوەڵانی دەکرد، نەعلەکانی لە پێ داکەناند و لەلای چەپی دانا، کاتێك ئامادەبووان ئەمەیان بینی، ئەوانیش نەعلەکانیان لە پێ داکەناند، کاتێك پێغەمبەر "د. خ" لە نوێژەکەی تەواو بوو، فەرمووی: چی وای لێکردن نەعلەکانتان فڕێبدەن، فەرمووی: چی وای لە ئێوە کرد نەعلەکانتان دابکەنن، وتیان: بینیمان تۆ نەعلەکەت داکەند، فەرمووی: جبریل سڵاوی خوای لێبێت هات و پێی ڕاگەیاندنم کە پیسییەك بە نەعلەکانمەوەیە. ئەگەر یەکێکتان هاتە مزگەوت با بڕوانێت ئەگەر پیسیەکی بە نەعلەکەیەوە بینی ئەوا با خاوێنی بکاتەوە، ئینجا نوێژیان

پێ بكات))، له پێغەمبەرەوە گێڕدراوەتەوە كه بەشەویش ڕۆژووەكەی نەدەشكاند و تا ڕۆژی دواتر هیچی نەدەخوارد، هاوەڵانیش ئەمەیان كرد، پێغەمبەر نكوڵی لەم كارەی ئەوان كرد و فەرمووی: ((كامەتان وەك منە، پەروەردگارم خواردن و خواردنەوەم پێ دەدات)). ئەگەر كردارەكە پێویست بووبا ئەوا ڕێگری لەوان نەدەكرد. لێرەوە زانای بلیمەت تەفتازانی سەرنج و ڕوونكردەوەی داوە و وتویەتی: باشترین شت لەمەدا ئەو وتەیەی پێشەوا غەزالییە كە وتویەتی: چۆن شوێن پێ هەڵگرتنی هاوەڵان بۆ پێغەمبەر له هەندێك كرداردا بووەتە بەڵگە، پێچەوانە هەڵسوكەوت كردنیشیان له هەندێك كردەوەدا لەگەڵ كردەوەی پێغەمبەردا نەبووەتە بەڵگە[1].

فەرمان (أمر) بۆ زۆر مانا بەكارهاتووە، كه شازدە مانان:

١- پێویست و واجب بوون، وەك ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ أَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ ﴾ الأنعام: ٦/ ٧٢. واته: (نوێژ بەرپا بكەن).

٢- سوننەت بوون، وەك ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز: ﴿ فَكَاتِبُوهُمۡ ﴾ النور: ٢٤/ ٣٣. واته: (نووسراویان پێبدەن).

٣- پەروەردەكردن، وەك ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر (سڵاوی خوای لێبێت): لەپێش خۆتەوە بخۆ.

---

[1] هەمان سەرچاوە ١/ ١٤٦.

٤- ڕێنیشاندانیان، وەك ئەم فەرمایشتەی خوای تاك و پاك لە هاوەڵ: ﴿وَأَشۡهِدُوٓاْ إِذَا تَبَايَعۡتُمۡ﴾ البقرة: ٢/ ٢٨٢. واتە: (کاتێك کرین و فرۆشتن و ئاڵوگۆڕیتان کرد ئەوا گەواهی بدەن).

تەفتازانی جیاوازی دەکات لە نێوان سوننەت (ندب) و پەروەردەکردن (تأديب) و ڕێنیشاندان (إرشاد)، بەوەی سوننەت بۆ پاداشتی دوارۆژە؛ بەڵام پەروەردەکردن و ڕێنیشاندان پەیوەستن بە چاککردنی داب و نەریت و بەرژەوەندییە دونیاییەکان. ئەمەش بیرۆکەکەمان بەهێزتر دەکات لەبارەی ڕەهەندی ڕێنیشاندەری سوننەتی پێغەمبەر لەوەی پەیوەستە بە بەرژەوەندییە دونیاییەکانەوە[1].

٥- ڕەوایی و ڕێپێدران (الإباحة)، بۆ نموونە ئەم فەرمایشتە: ﴿كُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ﴾ البقرة: ٢/ ٦٠. واتە: (بخۆن و بخۆنەوە).

٦- هەڕەشە و گوڕەشە، وەك ئەم فەرمایشتە: ﴿ٱعۡمَلُواْ مَا شِئۡتُمۡ﴾ فصلت: ٤١/ ٤٠. واتە: (هەر چیتان لە دەستدێت بیکەن).

٧- ناز و منەتکردن: ﴿كُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ مِن رِّزۡقِ ٱللَّهِ﴾ الأنعام: ٦/ ١٤٢. واتە: (دە بخۆن لەو ڕزق و ڕۆزییەی کە خواپێی بەخشیوون).

---

(1) هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

٨- پێبەخشین: ﴿ ٱدۡخُلُوهَا بِسَلَٰمٍ ءَامِنِينَ ٤٦ ﴾ الحجر: ١٥/ ٤٦. واتە: (بچنە ناوی بەسەلامەتی و سەلامتان لەسەر بێت، ژیانی پڕ لە ئاسوودەیی تیادا بەرنە سەر).

٩- دەستەوسانکردن، وەك ئەم فەرمایشتە: ﴿ فَأۡتُواْ بِسُورَةٖ ﴾ البقرة: ٢٣/٢. واتە: (ئەگەر بۆتان دەکرێت ئێوەش هەوڵ بدەن سورەتێك بهێنن).

١٠- سوكایەتی پێکردن، وەك ئەم فەرمایشتە: ﴿ كُونُواْ قِرَدَةً ﴾ البقرة: ٢/ ٦٥. واتە: (ببنە مەیموون).

١١- ڕیسواکردن، وەك ئەم فەرمایشتە: ﴿ ذُقۡ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡكَرِيمُ ٤٩ ﴾ الدخان: ٤٤/ ٤٩. واتە: (ئەوسا پێی دەوترێت: دە بچێژە تۆ زۆر خۆتت بە شت دەزانی و خۆتت زۆر بە ما قووڵ دەخستە بەرچاو).

١٢- یەکسانکردن، وەك ئەم فەرمایشتە: ﴿ فَٱصۡبِرُوٓاْ أَوۡ لَا تَصۡبِرُواْ ﴾ الطور: ٥٢/ ١٦. واتە: (ئیتر خۆڕابگرن یان خۆڕانەگرن).

١٣- نزا و پاڕانەوە، وەك: خوایەگیان لێم خۆشبە.

١٤- ئاواتخواستن، بۆ نموونە: ألا يا أيها الليل ألا انجلي، واتە: ئەی شەوی درێژ دە بارگەت مەپێچەوە و مەڕۆ.

١٥- بەکەم و سوك دانان، وەك ئەم فەرمایشتە: ﴿ أَلۡقُواْ مَآ أَنتُم مُّلۡقُونَ ﴾ یونس: ١٠/ ٨٠. واتە: (دەی چیتان هەیە فڕێی بدەن و بیخەنە ڕوو!!).

١٦- دروستكردن و بەدیهێنان و پێكهێنان، وەك ئەم فەرمایشتە: ﴿ كُن فَيَكُونُ ﴾ البقرة: ٢/ ١١٧. واتە: (ببە، یەكسەر دەبێت).

بەهەمان شێوە ڕێگری (نهی) بۆ زۆر واتا بەكارهاتووە، لەوانە:

١- حەڕام و قەدەغەكردن، وەك ئەم فەرمایشتە: ﴿لَا تَأْكُلُواْ ٱلرِّبَوٰٓاْ ﴾ آل عمران: ٣/ ١٣٠. واتە: (سوو مەخۆن).

٢- ناپەسەندبوون، وەك نوێژكردن لەسەر زەوی داگیراو.

٣- بەپاكگرتن، وەك ئەم فەرمایشتە: ﴿ وَلَا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ ﴿٦﴾ ﴾ المدثر: ٧٤/ ٦. واتە: (منەتیش مەكە "بەسەر كەسدا" چاكە و بەخشینەكانت بە زۆر مەزانە لەكاتێكدا بەتەمای زیاتر بیت).

٤- سوك و بێ نرخ كردن، وەك ئەم فەرمایشتە: ﴿ لَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ ﴾ الحجر: ١٥/ ٨٨. واتە: (نەكەیت چاوەكانت ببڕیتە).

٥- ڕوونكردنەوەی چارەنووس و سەرەنجام، وەك ئەم فەرمایشتە: ﴿ لَا تَعْتَذِرُواْ ﴾ التوبة: ٩/ ٦٦. واتە: (پاكانە مەكەن و پاساو مەهێننەوە).

٦- ڕێنیشاندان، وەك ئەم فەرمایشتە: ﴿ لَا تَسْـَٔلُواْ عَنْ أَشْيَآءَ ﴾ المائدة: ٥/ ١٠١. واتە: (لەبارەی هەندێك شتەوە پرسیار مەكەن).

٧- سۆز و بەزەیی پێداهاتنەوە، وەك: ڕێگری كردن لەوەی ئاژەڵان بكرێنە كورسی دانیشتن.

بەهۆی قەرەباڵغی و زۆری ئەم شێوانەی بەکارهێنان، هەندێکیان پێیان وایە حوکمەکە بریتییە لە وەستان و کۆشش نەکردن تا مەبەست و نیازەکە ڕوون دەبێتەوە، بەڵام ئەم بۆچوونە ڕاستینەی وشە و دەربڕینەکانی خستۆتەڕوو بۆ شێواندن و نکۆڵی کردن لە زۆر شتی ژیرانە. ئا لێرەوە وتویانە: پاڵنەر تەنها یەکە؛ چونکە مەبەست لە دانانی قسە تێگەیاندنە. هەندێك لە هاوەڵانی مالیك وتویانە: ئەوەی پاڵنەری فەرمان (أمر) بریتیە لە ڕێپێدراوی، چونکە فەرمان داخوازییە بۆ بوونی کردارێك، لایەنی هەر نزمی کردارەکەش ئەوەیە کە ڕێپێدراوە. کۆمەڵێك لە شەرعناسان و تێکڕای موعتەزیلەکان وتویانە: پاڵنەرەکەی سوننەت بوونە. ئەمە یەکێکە لە دوو وتەکەی شافعی. زۆربەی زانایان وتویانە: واجب و پێویست بوونە، چونکە داخوازی تەواوە.

لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە بچینە ناو درێژە و قوڵایی باسە قوڵەکانی بنەماکانی فیقه لە بارەی ئاماژەکانی فەرمان و ڕێگری، ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بدەین بە مەترسیداری ئەو فەتوا و بۆچوونانەی لە کەسانێکەوە سەرچاوە دەگرن کە شارەزایی و زانیاریان نییە بە ڕێچکەکانی شەرعناسان، کە سەردەکێشێ بۆ دواکەوتن و داکەوتن و داڕووخانی ئوممەت.

ب_ ئاماژەی دەقی گشتی (دلاله العام)

لە دەقی گشتیدا چەندین کێشەی هونەری هەن، کە لایەنی گومانداری لە ئاماژەکەیدا قوڵتر دەکاتەوە، دڵنیایی و ڕوونی لێ دوور دەخاتەوە. شەرعناسان

ڕاجیاییان هەبووە لە ئاماژەکردنی دەقی گشتی لەسەر گشتی بوونەکەی، ئایا ئەم ئاماژەکردنە بڕاوەیە یان گوماندارە؟ لەلای پێشەوا شافعی و زۆربەی شەرعناسان ئاماژەی دەقی گشتی گوماناویە، بە بەڵگەی ئەوەی هەر گشتییەك دەکرێ تایبەت بکرێت، تا ئاستێك کە لەلای ئەوان وەك پەندی لێهاتووە، هەروەك دەڵێن: ((هیچ گشتییەك نییە مەگەر بەشێکی لێ تایبەت نەکرابێ)). ئەمەش وەك گەواهی بەسە لەسەر تارمایی گریمانەکان. لەلای شێخەکانی عێراق ئاماژەی دەقی گشتی بڕاوەیە. بەڵگەش بەوە دێننەوە کە گشتی واتایەکی دیارە، دەبێ بێژەیەکی بۆ دابنرێت بەپێی داب و نەریت. شتێکی زانراوە ئەو دەقە گشتییەی بەشێکی لێ تایبەتکراوە دەبێتە دەقێکی گوماندار نەوەك بڕاوە، لەلای ئەو شەرعناسانەی پێیان وایە ئاماژەی دەقی گشتی بڕوایە.

یەکێکی تر ئەوەیە کە ئاماژە بە کەسەکان کرا، بەشێوەیەکی گشتی، مانای وانییە گشت بارودۆخ و کات و شوێن و هەڵواسراوەکانیش دەگرێتەوە. جا ئەگەر ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿فَٱقۡتُلُواْ ٱلۡمُشۡرِكِينَ﴾ التوبة: ٩/ ٥. کوشتنی گشت هاوبەشدانەران بخوازێ؛ مانای وانییە لە گشت بارودۆخێکدا، بەشێوەیەك کە ئاگربەست و ئاشتەوایی و پەیمان بەستن نەمێنێ[1].

هەروەها یەکێکی دیکە، لەوانەیە گشتی ستایش و سەرزەنشت لەخۆی بگرێت. ستایش و سەرزەنیشتیش لە پەیڕەوی عەرەبیدا جێگومانی ڕەوانبێژییە. بۆیە ڕاڤە و شرۆڤە بە کورت هەڵاتوویی و بەرتەسك دەمێنێتەوە؛

[1]) نهاية الول، ٢/ ٨١. والمحلى على جمع الجوامع، ١/ ٤٠٨.

بۆیە شافیعی پێی وایە نموونەی ئەم جۆرە گشتییە هەموو تاکەکان ناگرێتەوە. هەندێك لە شافیعییەکان ڕێگریان کردووە لە بەڵگە هێنانەوە بەم فەرمایشتە: ﴿وَٱلَّذِينَ يَكۡنِزُونَ ٱلذَّهَبَ وَٱلۡفِضَّةَ﴾ التوبة: ٣٤. واتە: (ئەوانەی کە ئاڵتون و زیو کۆ دەکەنەوە و قایمی دەکەن). لەسەر پێویست و واجب بوونی زەکات لە خشڵدا، لە زێڕ و زیو نەوەك لە گەوهەر و مەرجان و جگەلەوانیش، بەوەی ئەم گشتییە لە میانەی سەرزەنشتەوە هاتووە، گشتی بۆ نییە[1].

ئەگەر قوڵ ببیەوە لە هۆکارەکانی ڕاجیایی شەرعناسان و شوێنەوارەکانی، سەرسامکەری زۆر مەزن دەبینی لە ئەندازەی فراوانکاری لە ئاماژە بێژەییەکان، هەروەها لە گریمانە لۆژیکی و هۆشمەندییەکان بێ ڕەچاوکردنی بارودۆخ و گۆڕاوەکانی.

دوای ئەم گوێزرانەوە پێویستە، ئەوا دەگەڕێینەوە بۆ زیاتر ناساندنی ئەو دەروازەیەی مەبەستمانە کە بەراوردی بکەین لەگەڵ قوتابخانە و هزرە ناسراوەکان لە مێژوویی ڕێسادانانی ئیسلامی و یاساییدا:

یەکەم: فیقهی واتا و قوتابخانەی ڕاوبۆچوون (مدرسة الرأي)

ئەوە ڕوون بووەوە کە فیقهی مانا و واتا فراوانترە لەوەی ناسراوە و زانراوە لە مێژوویی یاسادانانی ئیسلامیدا، لەوەی مەزهەبە فیقهییەکان بۆ دوو

---

(1) محب الله بن عبد الشكور، فواتح الرحموت: شرح مسلم الثبوت، هامش المستصفى للغزالي، ١/ ٢٨٣.

قوتابخانەیە دابەش بوونە، کە ئەمانەن: قوتابخانەی فەرمووده، قوتابخانەی ڕاوبۆچوون[1].

أ- قوتابخانەی فەرموودە

ئەمە ئەو قوتابخانەیە کە لە ئاست دەقدا دەوەستێت، بێ قوڵبوونەوەی پیشەیی هونەری لە ئامازە لۆژیکی و ژیربێژیی و هونەرییەکانی، ئەم قوتابخانە مۆڵەتی نەداوە بە پشتبەستن بە ڕاو بۆچوونی مرۆیی.
ئەم قوتابخانەیە لە سەردەمی هاوەڵان دەستی پێکرد، لە دوای کۆچی دوایی کردنی پێغەمبەری خوا (د. خ). لە زۆر هاوەڵی پێغەمبەرەوە هاتووە کە فەتوایان بە ڕاو بۆچوون نەداوە، بێ دەنگیان لەپێشتر و باشتر داناوە لەوەی دەقی لەسەر نەهاتووە. سەعیدی کوڕی موسەییەب لە سەردەمی شوێنکەوتوواندا سەرکردایەتی ئەم ئاڕاستەیەی کرد. زۆرێك لە شەرعناسان ئەم ڕێچکەیەیان لەوەوە وەرگرت، ئەوانەی کە لە شار و شارۆچکەکاندا بڵاوببوونەوە، وەك: عامری شەعبی و سوفیانی سەوری و لەیسی کوڕی سەعد و داودی زاهری و ئەوزاعی. ئەم وتەیەش دراوەتە پاڵ شەعبی: ((ئەوەی ئەوانە لە پێغەمبەری خواوە "د. خ" بۆ تۆی دەگێڕنەوە، وەریبگرە و دەستی پێوە بگرە، ئەوەش کە بە ڕاو بۆچوونی خۆیان وتویانە ئەوا فڕێیدە ناو ئاودەستخانە))[2].

---

(1) بگەڕێوە بۆ دانراوەکەمان: ((تفسير النصوص الدينية: دراسة مقارنة بين الفقهين المدني والإسلامي)) نامەی دکتۆرا، بەغداد، ١٩٨١ز، لا ١٨٣.

(2) شاه ولي الله الدهلوي، حجة الله البالغة. القاهرة: المطبعة الأميرية، ١٣٨٤ك، ١/ ٣٧٠.

داب و نەریتی شەرعناسانی ئەم قوتابخانەیە ئەوە بوو کاتێك داوای فەتوا و ڕوونکردنەوەیان لێدەکرا لە پرس و بابەتێکدا کە دەقی لەسەر نەهاتووە، ئەوا هەر یەکێکیان دەیوت: نازانم، ئەوان وشەی (نازانم)یان بە نیوەی زانستیان دادەنا؛ تا پێشەوا ئەبو حەنیفە گاڵتەی بەوان کرد، وتی: ((دەی با دووجار بڵێن: "نازانم"، تا زانستیان تەواو و کامڵ بێت)).

ئەم قوتابخانەیە گەڵاڵەبوو لە فیقهی مەزهەبی زاهیریدا، کە پێشەوا داودی زاهیری (٢٠١ – ٢٧٠ك) دایمەزراند، ناوبراو لە هەموو خەڵك زیاتر دەستگربوو بە دەقەکان و فەرامۆشی پێوانە (قیاس)ی دەکرد، دەستی نەگرت بە هۆدارکردن (تعليل) و کاریشی پێ نەکرد، تەنانەت کاری بەوەش نەکرد کە پەیوەندی هەیە بە ڕاو بۆچوونەوە چ لە دوور یان لە نزیکەوە، چونکە باوەڕی وابوو دەقە شەرعییەکان حوکمی تەواوی ڕووداوەکانی تێدایە، پێویست بە پێوانە ناکات[1].

شتێکی ڕوونە کە پەیڕەوی قوتابخانەی پابەندبوون بە دەقەوە، بریتییە لە ئاڕاستەی نەریتی باو لە سەرەتاکانی دانانی دەقی شەرعی، بەڵام کاتێك کۆمەڵگە پێشدەکەوێت و ئەو پەیوەندییە باوانە دەگۆڕێن کە لە کاتی یاسادانانددا هەبوونە، دادوەر و یاسادانەر و ڕاڤەکار و شرۆڤەکارەکان ناچار دەبن لێکۆڵینەوە بکەن لەودیوی دەق یان لە دانایییەکەی یاخود هەموار کردنەوەی لە یاسای دەستکردا، هەروەك ئەم

---

[1] ابن حزم الظاهري، الإحكام في أصول الأحكام. القاهرة: مطبعة العاصمة، ٦/ ٩٢٩.

دۆخە هەیە لە ئاڕاستەی نەریتی فیقهی فەڕەنسیدا، دوای ئەوەی ناپلیۆن یاسای دانا و قوتابخانەی دەق سەروەر بوو لە قوناغی سەرەتادا.

ب- قوتابخانەی ڕاو بۆچوون

شتێکی زانراوە لە مێژووی فیقهی ئیسلامیدا، هەندێك لە گەورە هاوەڵانی وەك عەلی و عومەر و موعازی کوڕی جەبەل و عەبدوڵای کوڕی مەسعود ڕەزای خوایان لێبێ بەیداخی قوتابخانەی ڕاو بۆچوونیان هەلگرتبوو، پەیوەست نەبوون بە پیتاو پیتی دەقەوە؛ بەڵکو لە گیان و مەبەستەکانی شەریعەت گەیشتبوون.

گەورە شوێنکەوتووان لەم پەیڕەوەدا شوێنی ئەوان کەوتن؛ بەڵام ئەوەندە هەیە لە نەریتی کتێبەکاندا بە مەزهەبی حەنیفیەوە لکێنراوە، کە پێشەوا ئەبو حەنیفە (٧٠ – ١٥٠ك) بە گرنگترین دامەزرێنەرەکانی دانراوە. ئەم قوتابخانەیە بەوە جیاکرایەوە کە پشتی دەبەست بە پێوانە و ڕاو بۆچوون، دوای ماوەیەك شەرعناسانی ئەم ڕێبازە بەدوای ژیربێژی ڕووت و پوختدا ڕۆیشتن، دوورکەوتنەوە لە بارودۆخی ژیاندا لەو فیقهەیاندا کە بە گریمانەی نا واقیعی بۆیاخ کرابوو؛ بە فیقهی ئەندازەگیری یان فیقهی ئایا دەزانی، ناونرا!.

دواتر پێشەوا شافیعی دەرکەوت تا بۆیەی بکات بە بۆیەی کرداری کە لەگەڵ بارودۆخی ژیان بڕوات، فیقە دابمەزرێنێ لەسەر بنچینەی زانستی چەسپاو کە هەر دوو قوتابخانەکە بەیەکەوە کۆ بکاتەوە.

شتێکی ڕوونه که ئێمه هیچ وێکچوونێك نابینین له نێوان فیقهی مانا و قوتابخانەی فەرموودە، ئەوانە تەواو لەیەکتر جیاوازن تا ئاستێکی دوور، بەڵام فیقهی واتایی له هەندێك کۆشش (إجتهاد)یدا له قوتابخانەی ڕا و بۆچوون نزیك دەبێتەوە هەروەك له (بەچاکدانان: إستحسان) و (بەرژەوەندیه ڕەهاكان: المصالح المرسلة)دا بەدیدەکرێت؛ جا به بۆچوونی من[1] (بەچاکدانان: إستحسان) گوزارشته له قەناعەت و باوەڕی کۆششکار (مجتهد) بەوەی عەقڵی زاڵ و پەسەند حوکمێکی دیاریکراوی پێ باشه و گونجاوە لەگەڵ هەستکردنی گشتی به دادگەرییەکەی. ئەمەش نزیکه له پێناسەکردنی ئیبن ڕوشد بۆی: ((واتای (بەچاکدانان: إستحسان) له زۆربەی دۆخەکاندا بریتییه له ئاوڕدانەوە بۆ بەرژەوەندی و دادگەری. بەڵام (بەرژەوەندی ڕەها: المصلحة المرسلة) بریتییه له وەسفی گونجاو بۆ دانانی حوکم، که بەهۆی بەستنەوەی حوکمەکە پێیەوە سوود بەدەستدەخرێ یان زیان لادەدرێ له ناو چوارچێوەی مەبەسته گشتییەکانی یاسادانان)). لەگەڵ ئەوەی ئەم قوتابخانەیە دەوڵەمەندە به فیقهی چاوگی وشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی هەیە به فیقهی واتا و لێی نزیك دەبێتەوە، له ڕووی بایەخدان به کرۆك و گەوهەرەوە نەوەك به ڕووکەشەوە، له دۆخی پشتبەستن به (بەچاکدانان: إستحسان) و بەرژەوەندییەوە. پێوانه (قیاس)یش بەهەمان شێوە، بەڵام فیقهی واتایی چوارچێوەی

---

[1]) بگەڕێوە بۆ: فكرة القانون الطبيعي عند المسلمين: دراسة مقارنة. بغداد: دار الرشيد، ١٩٧٤، لا ١٧٤.

فراوانتر و گۆڕەپانی گشتگیرترە؛ چونکە پشت دەبەستێت بە ئەودیوی دەق و دانایی و ڕۆحەکەی، وەك بناغەیەك بۆ فیقهی کۆششکاری، کاتێك ئەو دەقەی هەیە هەماهەنگ و گونجاو نییە لەگەڵ واقیعدا. با کەسیش گومان نەبات بەوەی ئەمە مانای وایە فیقهی واتا بە تەواوی فیقهی چاوگی وشە پێشێل دەکات یان فەرامۆشی دەکات، چونکە فیقهی واتا – هەروەك خرایەڕوو – بریتییە لە بنەڕەت و چاوگ بۆ دەرهێنانی گەوهەر و ڕۆحی دەق، بۆیە ناچێتە عەقڵەوە گریمانەی جیاوازی لە نێوان ئەم دوو فیقهەدا بکرێت؛ بەڵام ئەوەندە هەیە کاتێك دەق لە کات و شوێن و بارودۆخە تایبەتەکانی دووردەکەوێتەوە، ئەوا زۆرێك لە بەها واتاییەکانی لە چاوگە وشەکانیدا لەدەست دەدات، بەها مێژووییەکەی دەگوازرێتەوە بۆ مەبەست و ڕۆحەکەی. ئەو کاتە لەسەر شەڕعناس پێویستە پەنا بۆ دانایی و حیکمەتی پاڵ ئەم دەقانە ببات. هەمان ئەو شتە لە دەقی یاسای دەستکردا هەیە؛ هەر کاتێك یاسادانانەکە نوێ بێ ئەوا قوتابخانەی ڕاڤەی دەقەکان زاڵ دەبێ بۆ شرۆڤە و جێبەجێکردنی، کاتێك ڕۆژگار دەقەکە دوور دەخاتەوە لە بارودۆخی سەرهەڵدانی دەقەکە، ئەوا شەڕعناسان پەنا دەبەنە بەر ویستی گریمانەکراو یان لێکدانەوە (تأویل) یاخود بەهای قوتابخانەی مێژوویی لە ڕاڤەی دەقدا، بەمەبەستی دابەزاندنی بۆ سەر ڕووداوە تازە و نوێیەکانی سەردەمەکانیان.

هەر چۆنێك بێت؛ نابێ دەق لە ناوكۆ (سیاق)ی قسەكەدا بقرتێنرێ، ناكرێ لە ناوكۆیە تایبەتیەكەی لە كات و شوێن بقرتێندرێ؛ زانینی بارودۆخی دەق و دەوروبەرەكەی و ئاگاداربوون لە ژینگەكەی، ئەمە یارمەتیدەرە بۆ ناسین و زانینی حیكمەت و ڕۆحی دەق، سەرباری ڕوونكردنەوەی ئەو وێنەیەی چاوگ و بنەمای دەق پێكدێنێ.

ئەمەش بە هەڵوەشاندنەوەی ئەم بنەمایەی زانستی بنەماكانی فیقهـ دانانرێ، كە دەڵێت: ((مەبەست و پەند بە گشتگیری دەقە نەوەك تایبەتی هۆكارەكە: العبرة بعوم اللفظ لا بخصوص السبب)). ئەمە بنەما و یاسایەكە ڕاستینە و بەڵگەی خۆی هەیە لە شەرعدا، سەرباری ئەوەی لە گشت بارودۆخێكدا ورد نییە، لەوەی خودی گشتێتی بێژە و دەربڕین كێشەیەكە لە كێشەكانی دیاریكردنی ویستی ڕاستەقینە، لە نێوان شەرعناسانی زانستی بنەماكانی فیقهدا وا بڵاو و باوە كە: ((هیچ گشتییەك نییە، كە تایبەت نەكرابێ))، زانایانی بنەماكانی فیقهـ و زانایانی كەلام لەم بارەوە ڕاجیاییان هەیە، تەفتازانی[1] باسی كردووە كە حوكمی دەقی گشتی لەلای تێكڕای ئەشعەرییەكان هەڵوەستەكردنە تا بەڵگە بەرپا دەبێ لەسەر ئەوەی ئەم دەقە هەر مەبەستەكەی گشتییە یان تایبەتییە، لەلای زۆربەی زانایانەوە حوكمی دەقی گشتی چەسپاوە لەسەر هەموو ئەو تاكانەی دەیگرێتەوە بە شێوەیەكی بڕاوە، شێخەكانی عێراق و تێكڕای پاشینان پێیان وایە بە دڵنیاییەوە گشتی

---

(1) التفتازاني، سەرچاوەی پێشوو، ١/ ٣٨.

هەموو تاکەکان دەگرێتەوە، لەلای زۆربەی شەرعناسان و زانایانی کەلام حوکمی دەقی گشتی گوماندارە، ئەمە مەزهەبی شافیعیشە.

دووەم: فیقهی واتا و فیقهی مەبەست (فقه المقاصد)

فیقهی واتا و مانا شتێکی تازە و داهێنراو نییە، بەڵکو لە فیقهی مەبەستەکانی شەریعەت سەرچاوەی گرتووە. دیاردەی فیقهی مەبەستەکان درەوشاوەتەوە لە فیقهی جێنشینە سەرڕاستەکان (خەلیفەکانی ڕاشدین) سەرباری ئەوەی سەردەمیان نزیکە لە دەقە پیرۆزەکان، کتێبەکانی مێژووی یاسادانانی ئیسلامی پڕن لە سیاسەتەکانی عومەری کە پشتی بەستووە بە فیقهی مەبەستەکان. لە گرنگترین ئەو نموونانە ئەوەیە کە عومەر (ڕەزای خوای لێبێ) تازە موسڵمانبووەکانی فەرامۆشکرد و ئەوانی بێ بەشکرد لەو بەشەی لە زەکات هەیانبوو؛ بەپێچەوانەی ئەوەی لە ئایەتی بەخشینەکاندا هاتووە: ﴿إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡعَٰمِلِينَ عَلَيۡهَا وَٱلۡمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمۡ وَفِي ٱلرِّقَابِ وَٱلۡغَٰرِمِينَ وَفِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ﴾ التوبة: ٩/ ٦٠. واتە: (بێگومان زەکات تەنها بۆ هەژار و نەداران و ئەو کەسانەی کە کارمەندن بەسەریەوە و بەو موسڵمانە نوێیانەی کە هێشتا ئیمان جێگیر نەبووە لە دڵیاندا و بۆ ئازادکردنی کۆیلەکان و بۆ "یارمەتیدانی" قەرزدارەکان و بۆ گەیاندنی ئاینی خوا، هەروەها بۆ ئەو ڕێبوارانەش کە پارەیان لێ دەبڕێت و نەدار دەکەون). لێرەدا عومەر

هەڵوەستەی لەسەر ڕووکەشی دەقەکە نەکرد، بەڵکو لێکۆڵینەوەی لە ژینگە و بارودۆخی دەقەکە و دانایی و حیکمەتی پاڵ بەخشینەکە لەو بارودۆخدا کرد، پێی وابوو کە کۆمەڵگەی تازە چیتر پێویستی بە ڕاکێشانی دڵ و عەقڵی ئەوان نەماوە بە ماڵ و سامان بۆ لای ئیسلام؛ ئیسلام بەهێزبووە، دەوڵەتەکەی بەرپابووە. ئەگەر هۆکاری پێدانیان بریتی بێ لە ڕازی کردنی دڵیان و ڕاکێشانی، ئەوا هۆکارەکە چیتر ڕاستەقینە و کاریگەر نییە. هۆکاریش بنچینەی حوکمە. ئەمە ئەو فیقهەیە کە لەسەر واتا و مەبەست دامەزراوە نەوەك لەسەر چاوگی وشە.

هەروەها یەکێکی تر لە وێنە ڕۆشنەکان بۆ زاڵکردنی فیقهی مەبەستەکانی شەریعەت بەسەر فیقهی ئاماژە بێژەییەکان لە سیاسەتە سەرڕاستەکانی عومەردا، ئەوەبوو کە ئەو حوکمی دەستبڕینی نەسەپاند بەسەر ئەو دزیکەرەی لە ساڵی برسێتی و وشکەساڵیدا دزی کردبوو، وەك هەڵوەستەکردن لەسەر ڕۆح و مەبەستی دەق، کە سەلامەتی کۆمەڵگەیە؛ چونکە لە بارودۆخی نالەباردا دزی زۆر دەبێت، بۆ دابینکردنی پێداویستی. ئەگەر دەستی هەر دزیکەرێکی خاوەن پێویستی بڕدرا، ئەمە دەبێتە هۆی کەم ئەندام بوونی ژمارەیەکی زۆر لە کەسەکان، کە کاریگەری دەکاتە سەر سەلامەتی کۆمەڵگە. بەڵام فیقهی مەبەستەکان کەم کەم دەستی بەلاوازی کرد لەگەڵ گەشەکردنی ئەو بزوتنەوەیەی کە دروستبوو لە سایەی ئەوپەڕی بایەخدان بە فەرموودەی پێغەمبەر، کۆکردنەوە و نووسینەوە و تێگەیشتن لێی، ڕەخنەگرتن لە کەسەکانی، بارگە تێکنان و سەفەر و گەشت کردن بۆ ئەو شوێنانەی کە گومان

دەبرا فەرموودەی لێیە، بژارکردن و پشتڕاستکردنەوە؛ سەرباری ئەوەی پێغەمبەر (د. خ) ڕێگری لە نووسینەوەی فەرموودەی کردبوو، چینی یەکەم بەجۆش و خرۆشیش نەبوون بۆ کۆکردنەوەی. لەوانەیە ئەم کارەش پێچەوانەی دەق بوو بووبێ و بە فیقهی واتا پاساودرابێ، بەوەی ئەندێشەیان کردووە نووسینەوەی فەرمووده چیتر گومانی ئەوەی لێناکرێ قورئانی پیرۆز و سوننەت تێکەڵ بەیەکتر بکرێ. سەرباری ئەوەی دەستە و کۆمەڵەی فراوان هێز و وزەیان کرکردەوە بۆ داواکردنی زانستی ئاینی و گوێ هەڵخستن بۆ زانستی تازە، ئەمەش تەوەرەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی کە لەسەر فیقهی واتایی دامەزراوە فراوان کرد. بەمەش زانستەکانی (نحو و صرف: ڕێزمانی عەرەبی) و ڕەوابێژی عەرەبی سەریهەڵدا، زانستێکیان داهێنا لە بواری ڕاڤەکردنی دەقەکان و هەڵهێنجانی حوکمەکان، زانستێکی پەیڕەوی کە بەهۆی یاساکانیەوە بۆ فراوانکاری لە ئاماژەی دەقەکاندا ئەنجامدرا. مەبەستمان لەم زانستە زانستی بنەماکانی فیقهە؛ هەروەك پەنایان بردەبەر ڕێساکانی ڕەوانبێژی عەرەبی و پەیڕەوەکانی لە زانستەکانی واتاکان (معانی) و ڕوونبێژی (البیان) و جوانبێژی (البدیع) بۆ پەیی بردن بە نهێنیەکانی ئیعجازی هۆنرانەوەی قورئان. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ئامرازە هونەریانەی زانین قوڵایی دەقیان تاقیکردەوە و شرۆڤەیان کرد بۆ چەمك و زاراوەکانی، هەموو ئەو شتانەیان هەڵهێنجا کە دەکرێ بەپێی لۆژیکی زمانی عەرەبی ئەندێشە بکرێ، هەروەها بەپێی ڕێکخەرە بنەماییەکان و لۆژیکییەکان گریمانە و شتە ڕێ تێچووەکانیان دەرهێناوە، وەك ئەوەی بێژەی لە دەقەکەدا هاتووە تایبەت بێ. لەبارەی پرسی تایبەت بوون (الخاص) ڕاجیاییەکی

زۆر هەیە لە گەشەپێدانی فیقهی چاوگی وشە و شوێنەواری لە ڕاجیایی شەڕعناساندا چ بە ڕەهایی یان بە کۆت و بەندکراوی. لە بارەی ئەوەی دەقی ڕەها کۆت و بەند بکرێ چەندین بۆچوون و ڕێباز هەن، هەر یەکێك لەم بۆچوونانەش بەڵگەی پاڵپشتیکەری لە زانستی بنەماکانی فیقهدا هەیە، یان ئەو بێژەیەی لە دەقەکەدا هاتووە و بێژەکە گشتی بێ تایبەت نەکرابێ، ئەوا لە بارەی بێژەی گشتیەوە چەند ئاڕاستە هەن، یەکێکیان پێی وایە دەبێ هەڵوەستەی لەسەر بکرێ و یەکلایی نەکرێتەوە، ئاڕاستەیەکی دیکە پێی وایە حوکمی بێژەی گشتی بڕاوەیە، ئاڕاستەیەکی تریش بۆچوونی وایە حوکمەکەی گوماندارە، ئەم باسانە بەشێکی زۆریان داگیر کردووە لەو کتێبانەی زانستی بنەماکانی فیقھ کە دایکی کتێبەکانی دیکەن وەك کتێبی (التلویح)ی تەفتازانی، (المحصول)ی پێشەوا ڕازی، (إرشاد الفحول)ی شەوکانی، (جمع الجوامع)ی سوبکی، یان بێژە و دەربڕینەکە گشتی تایبەتکراو بێ، کە ئاماژەکەی بۆ بەشەکانی تری گوماناوی بێ.

یەکێکی تر لە گریمانەکانی تر ئەوەیە کە وشەکە مانا ڕاستەقینەکەی مەبەست بێ ((بنەڕەت لە قسەدا مانا ڕاستەقینەکەیەتی)) یان خوازراوبێ لە کاتی بوونی هاوبەڵگەیەك، یان دەقەکە کورتبڕ بێ و مەبەستی نەزانرێ بەبێ ڕوونکردنەوەیەك لەلایەن خوای یاسادانەرەوە، یان پوخت بێ یاخود دیار بێ، بەڵام شیاوی لێکدانەوە بێ، سەرباری فرە واتای دەق، کە کۆکن یان پێچەوانەن، هەروەها فرە جۆری ڕوونی ئاماژەکان لە گوزارشتی دەق، نیشانەی دەق، ئاماژەی دەق، خواستی دەق.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم فراوانکارییە مەزنە کە ڕەهەندی ئاسۆیی و ستوونی دەقی گرتەوە، کەلەپوری فیقهی گەورە بوو کە بە گشتی وەستاوەتە سەر وردبوونەوە لە چاوگی وشەکانی دەق نەوەك وردبوونەوە لە مەبەست و ماناکانی. لە ڕاستیدا ئەم پیشەیە زۆر کاری لە فیقهی ئیسلامی کرد، بەشێوەیەك کە خەریکە شەڕعناسی لێکۆڵەر هیچ حوکمێکی فیقهی کە لەسەر چاوگی وشە دامەزراوە نەبێ کە دەیەوێ و لەبەردەستی نەبێ، چونکە پرسە گریمانکراوەکە دەکرێ ڕووبدات. ئەمەش دیاردەیەکە گومان نابەم هاوشێوەی هەبێ لە کۆمەڵانی فیقهیە مێژووییەکان، وەك شەریعەتی ئەنکلوسکسونیە و شەریعەتی ڕۆمانی و لاتینی و چینی.

لەوانەیە ئەم سەروەتە فیقهییە زۆر و فراوانە ئەوانی بێ نیاز کردبێ لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەودیوی دەقەکان، واتە: فیقهی واتا و مەبەستەکان، دوو شت یارمەتی ئەوانی داوە لە دەستگرتنێکی توند بە پەیڕەوی زمانەوانەی دەقی فیقهی نەوەك بە سیاسەتی گشتی کە دەقەکەی پێکهێناوە، ئەو دەقەی کە بناغەبووە بۆ گوزارشتی فیقهی، ئەم دوو شتانەش ئەمانەن:

یەکەمیان: ئەو چێژە ژیریی و ڕابواردنە هزریەی بەدیان کردووە لە لێهاتوویی قوڵبوونەوە و وردبینی  کردن لە بەڵگەهێنانەوەی ژیربێژیانە لە بواری فیقهدا، ئەم لێهاتووییە یەکێك بوو لە پێوەرەکانی دانان بە شەڕعناسی کۆششکاری درەوشاوە لە ناو کۆمەڵگەدا، بەتایبەت لە وڵاتانی نا عەرەبدا. ئەمەش فێرخوازانی زانستە ئیسلامییەکانی لە تێکڕای ناوچە دوورەکان پاڵدەنا

بۆ بارگە تێکنان و بڕینی هەزاران میل لەوپەڕی سەمەرقەندەوە بۆ بەغداد یان لە فاس و ئەندەلوسەوە بۆ بەغداد و بوخارا و دیمەشق و هەولێر و موسڵ تا ئەم زانستانە هەڵبهێنجن و فێری ئەم هونەرانە ببن.

یەکێك لە بەڵگە سەرسامکەرەکان لەسەر ئەم چەشنە و جۆرە شێوازە ئاڵۆزە لە فیقهدا، بریتیە لە چەندین سەرچاوەی گرنگ، وەك کتێبی (تحفة المحتاج) لە فیقهی شافیعیدا، دانراوی ئیبن حەجەڕە، (الهداية) لە فیقهی حەنەفیدا، دانراوی مرغنیانی و دەیان کتێبی دیکە لە فیقھ و بنەماکانی فیقهدا. شێوە دارشتنەکانی ئەم سەرچاوانە تایبەتمەندە بەوەی شێوازێکی سەخت و ئاڵۆزیان هەیە، پڕە لە زاراوە لۆژیکی و ژیربێژییەکان، گوزارشتی وایان تێدایە هەندێك جار لە مەتەڵ دەچێ.

دووەمیان: زانستی واتایی پەیوەست نییە بە پرسەکانی بیروباوەڕ و پەرستش و نموونەی ڕەوشتی و پەروەردەیی، لە گشت ئەم پرسانەدا لەسەر ڕووکەشەکەی هەڵوەستە دەکەین، واتاکانیان لە فیقهی چاوگی وشە وەردەگرین. فیقهی واتایی زیاتر پەیوەستە بە پرسە سیاسییەکان و هی ناو کۆمەڵگە، کە گونجاون بۆ وەرچەرخان و گۆڕان بە بەردەوامی، ئەمە زیاتر بۆ ئەو شەرعناسانە لەپێشترە کە خاوەنی بڕیاری سیاسییە یان ڕابەرایەتی کۆمەڵگە دەکات یاخود لەم دوو بوارەدا کار دەکات.

شتێکی زانراوە کە زانایان لە کاتێکی زووەوە لە سەرکردایەتی کردنی دەوڵەت دوورخرانەوە. جا فیقهی چاوگی وشە بەو وێنەیەی تەواو خرایەڕوو بۆ

ئەوان لەپێشتر بوو. بۆیە زیاتر بایەخیان بە دەقە فیقهییەکاندا، ئەوانەی بریتین لە گوزارشتی مرۆیی لە تێڕوانینی مرۆیی بۆ ئەو ئاماژانەی دوور یان نزیك لە دەقێکی بڕاوە یان گومانداری شەڕعیەوە هاتوون، زیاتر گرنگیان بەمە داوە لەوەی گرنگی بە بارودۆخی کۆمەڵگە بدەن. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئەوان بە تەواوی فیقهی مەبەستەکانیان ڕەتکردۆتەوە، بەڵکو لەوانەیە لە هەندێك ڕێگە کۆششکارییەکانیاندا حەزێك ببینین بۆ گەڕانەوە بۆ فیقهی واتا، هەروەك پێشتر ئاماژەماندا بە (بەچاکدانان: الإستحسان) و (بەرژەوەندییە ڕەهاکان: المصالح المرسله) و (پێوانە: القیاس) لەم بوارەدا.

## سێیەم: فیقهی واتا و قوتابخانەی پابەندبوون بە دەق

ئەمانە دوو قوتابخانەی بەرامبەر یەکن، بەڵام قوتابخانەی پابەندبوون بە دەق (قوتابخانەی ڕاڤەکردنی دەقەکان) یەکدەگرێ لەگەڵ فیقهی چاوگی وشە بەو وێنەیەی لەلای ڕاو بۆچوونگەراکان (أهل الرأی)یدا بەرجەستەبوو، نەوەك بەو شێوەیەی لە قوتابخانەی زاهیرییەکاندا بەرجەستەبوو. شتێکی زانراوە کە قوتابخانەی ڕاڤەکردنی دەقەکان دوای ئەوە بەرپابوو کە ناپلیۆن (١٨٠٤ك) یاسای داڕشت، سەرسامی یاساناسان و شەڕعناسانی ئەم قوتابخانەیە بەم یاسایانەی ناوبراو گەیشتووەتە ئاستێك کە وەك دەقێکی پیرۆز دایاناوە، کە نابێ دەستکاری بکرێ، وا ئەندێشەیان کرد کە ئەگەر داواکارییەکانی ژیان هەر چەندە نوێ ببنەوە، ئەوا بە تیۆری ئەوان ئەم یاسادانانە توانای وەڵامدانەوە

هەیە و هێزی ئەوەی هەیە گشت پرسێکی یاسایی نوێ[1] چارەسەر بکات، یاساناسی فەڕەنسی دیمولومب شانازی دەکرد بەوەی شوێنی دەقەکە دەکەوێت هەنگاو بە هەنگاو، بەمەش بە ئاسانی دەگاتە بیرکردنەوەی یاسادانەر، هەروەها ناوبراو دەڵێت: هەستو بیروباوەڕم بریتییە لە دەقەکان پێش هەموو شتێك. بەڵام پابەندبووونی پیتاو پیت بە دەقەوە دواتر گەرم و گوڕییەکەی کەمتر بووەوە، وایلێهات ڕاڤەکاران بۆ خۆیان بە ڕەوا دەزانی ویستی ڕاستەقینە کە لە ڕووی دیاری دەق سەرچاوەی گرتووە پێشێل بکەن بۆ ویستی گریمانەکراو کاتێك ناچاربن. پاشتر هەندێکی تر ناچاربوون بۆ دەستگرتن بە نیاز و مەبەستی گریمانەکانراو لە ژێر ڕۆشنایی پێویستییەکانی کۆمەڵگە[2]. لەم دۆخەدا ئەم قوتابخانەیە بەیەکدەگاتەوە لەگەڵ فیقهی واتایی و لە فیقهی جاوگی وشە و ڕاڤەی دەقەکان جیادەبێتەوە.

لە ڕاستیدا بە پیرۆزگرتنی دەقی یاسایی گوزارشت دەکات لە پەیڕەوی نەریتی ڕاڤەی دەقی پیرۆز، یان دەقی یاسای دەستکرد. لەگەڵ ئەوەی ئەم دیاردەیە دەرکەوت لە سایەی یاسادانانی ناپلیۆن وەك ئاڕاستەیەکی فیقهی لە ڕاڤەکردنی دەقدا، ئەمە شتێکی تازە نییە، بەڵکو پەیڕەوێکی هزرییە پاڵپشتی کراوە بە ڕێنوێنی وەرگرتن لە لۆژیك لە پێناو گەیشتن بە حوکمێکی یاسایی هاودەمی ڕێزگرتن لە دەق بێت، هەروەها هاودەمی نەریتی دەرکەوتنی کۆمەڵە یاساییەکانە. لە سەردەمی زانستی یاسای ڕۆمانیدا شەرعناسان ئاڕاستەیەکیان لە

[1] عبدالحي حجازي، المدخل لدراسة العلوم القانونية. الكويت: مطبعة الكويت، ١٩٧٤، ١/ ٥٦٣.

[2] بگەڕێوە بۆ دانراوەکەمان: تفسر النصوص المدنية، لا ١٧٠.

ڕاڤەدا گرتەبەر کە بوەستێتە سەر توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی چاوگی وشەکان و تاقیکردنەوەی قوڵاییەکانی بەمەبەستی دۆزینەوەی نهێنیەکانی و ناسینی مەبەستی ڕاستەقینەی یاسادانەر، هەروەها پشتیان بەست بە ڕاڤەی لۆژیکی پشت پێبەستراو، واتە: بەکارهێنانی شێوازەکانی پێوانەی ژیربێژی. ئەم ئاڕاستەیە نامۆ نەبوو لەلای فیقهی ئینگلیزی سەرباری کەمی دەقە یاساییەکان. لەم بارەوە یاساناسی ئینگلیزی ئالن[1] وتویەتی: ((یەکێك لە بنەما بە سوودەکان لە ڕاڤەی یاسادا، بەرجەستەکردنی ئەو واتایە باوەیەی وشە بەکارهاتووەکان و ڕاڤەی ڕێزمانییە، مادەم پێچەوانەی نیاز و مەبەستی یاسادانەر نەبێت)).

### چوارەم: فیقهی واتا و قوتابخانەی کۆمەڵایەتی (مێژوویی)

بیرۆکەی بنچینە لە فیقهی قوتابخانەی کۆمەڵایەتیدا کە لە ئەڵمانیا لەسەر دەستی سافینی و فیختە دامەزرا ئەوەبوو کە تاکە سەرچاوەی یاسا بریتیە لە ویژدانی گەل یان گیانی نەتەوە[2]، دەقی یاسایی ملکەچی یاسای پەرەسەندن و ژینگەی کۆمەڵایەتییە، جیا دەبێتەوە لە عەقڵی دانەری یاسای دەستکرد، بۆیە دەبێ ڕاڤە بکرێ بەپێی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیەی دەیخوازێ، واتە بەپێی ئەو ویستەی کە یاسادانەر گوزارشتی لێ دەکات، ئەگەر لە بارودۆخێکدا بینرا کە دەوری یاساناس یان دادوەری داوە لە کاتی پەنابردنی بۆ ڕاڤە. یەکێك لە

---

[1] التفتازاني، سەرچاوەی پێشوو، ١/ ٣٨.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ١٨٨.

ناودارترین ئەو کەسانەی ئەم بۆچوونە پەسەند دەکەن یاساناسی فەڕەنسی ((سالی))یە، کە ڕێبازەکەی پوخت کردۆتەوە لە گوزارشتێکی بە ناوبانگدا کە لە کاتی نووسینی پێشەکی بۆ کتێبی زانا بلیمەت ((جنی)) نووسیویەتی لە ڕاڤەدا ((بەرەو ئەودیوی یاسای مەدەنی، بەڵام لە ڕێی ڕێسا و یاسادانانی مەدەنیەوە)) واتە: ڕاڤە لە دەقەکانەوە دەستپێدەکات، بەڵام بە دەقەکانەوە نابەسترێتەوە، بەڵکو تێی دەپەڕێنێ بەوەی دەنگونجێ لەگەڵ پێداویستە گەشەکردووەکانی کۆمەڵگە[1].

لە ڕاستیدا فیقهی واتایی چارەی چەند دەقێك دەکات کە کۆمەڵێك پێوەر و بنەما و یاسای گشتی تێدایە، زۆربەی جاران جیاوازە لەگەڵ سروشتی دەقەکانی یاسایی دیاریکراو، یان لەگەڵ ئەو دۆخانەی دەقەکان ڕاستەوخۆ چارەی ناکەن، لێکۆڵینەوە دەکات لەبارەی ئاڕاستەی گشتی دەق و مەبەستی گشتی، لەوێشەوە هەنگاو دەنێ بەرەو چارەسەرکردنی ڕووداو و پێشهاتە نوێیەکە. ملکەچی هەندێك ڕاڤەی قوتابخانەی مێژوویی نابێ بۆ دەق، بەڵام زۆریش نزیك دەکەوێتەوە لە وتە ناودارەکەی سالی، کە دەڵێت: ((بەرەو ئەودیوی یاسای مەدەنی، بەڵام لە ڕێی ڕێسا و یاسادانانی مەدەنیەوە))، فیقهی واتایی بەدوای دەقی شەرعیدا دەگەڕێت، بەڵام لە میانەی مەبەست و ڕۆحی دەقەکە.

### پێنجەم: فیقهی چاوگی وشە و ڕاڤەی بێژە (اللفظ)یی و شرۆڤەی بەرتەسك

---

(1) سمیر تناغو. النظریة العامة للقانون. الإسكندرية: ١٩٧٤، لا ٧٥٣.

له یەکەم ساتدا بە دەردەکەوێ کە مەبەست لە فیقهی واتایی بریتییە لە ڕاڤەی پیتاو پیت، هەروەك مەبەست لە ڕاڤەی پیتاو پیت بریتییە لە ڕاڤەی بەرتەسك، ئەم سێیانەش بەرامبەر بە فیقهی واتایی، لە پێناو دیاریکردنی واتای ئەم سێیانە، ئەمەی خوارەوە ڕوون دەکەینەوە:

أ- هەروەك پێشتر ڕوونبووەوە فیقهی چاوگی وشە بریتییە لەو فیقهە و تێگەیشتنەی کورت هەڵهاتووە لە بازنەی بێژە و دەربڕینەکانی دەق و ئاماژە و چەمك و واتا زمانەوانی و بنەمایی و ژێربێژییەکان، فراوانترە لە ڕاڤەی پیتاو پیت و بێژەیی.

ب- ڕاڤەی بێژەیی بریتییە لە تێگەیشتن لە ڕستە و وشە و بڕگەکانی دەق و دەربڕینەکانی بەپێی یاساکانی زمان. بنەمای گشتی ئەوەیە کە ڕاڤە دەبێ پیتاو پیت بێت مادەم هۆکارێکی تەواو لەگۆڕێدا نەبێ بۆ ڕاڤەکردنێکی پێچەوانە، واتە بنەڕەت ئەوەیە کە دەق ئەو چوارچێوەیە کە مەبەستی یاسادانەر و ویستەکەی بۆمان دەگوازێتەوە. ئەوەی لە چیرۆکی شکسپیردا هاتووە کە بە بازرگانی بندوقیە ناسراوە، دەچێتە ناو ئەم چوارچێوەیە، پۆرشیا دەستی گرتووە بە ڕاڤەی پیتاو پیت بۆ دەستەوەسان کردنی شایلۆك، جا ڕاڤەی بێژەیی بەرامبەر بە ڕاڤەی لۆژیکی و ژێربێژییە. شتێکی زانراوە کە فیقهی چاوگی وشە ڕاڤەی بێژەیی و لۆژیکی بەیەکەوە لەخۆدەگرێ هەروەها پێشتر دەرکەوت.

ت- ڕاڤەی بەرتەسك: بریتییە لە بەرتەنگ کردنی فراوانی بێژەکان و کورت هەڵهێنانی لە بازنەی ویستی یاسادانەر، کاتێك دەق زیاتری وتبێت و گوزارشتی زیاتر کردبێت لەوەی یاسادانەر ویستوویەتی[1].

لەبەر ئەمە وتراوە: ڕاڤەی بێژەیی جیاوازە لەگەڵ ڕاڤەی بەرتەسك.

هەیانە وتویانە[2]: ڕاڤە سێ جۆری هەیە، بریتین لە: ڕاڤەی پیتاو پیت: کە هەڵوەستە لەسەر واتای پیتاو پیتی دەق دەکات، ڕاڤەی بەرتەسك: واتای پیتاو پیت تێدەپەڕێنێ و ئاماژەی دەربڕاویش دەگرێتەوە. ڕاڤەی بەرفراوان: ئەو ڕاڤەیەیە کە واتای پیتاو پیت تێدەپەڕێنێ و پێوانە (قیاس)یش دەگرێتەوە. جا بەم مانایە فیقهی چاوگی وشە لە ڕاڤەی پیتاو پیت و ڕاڤەی بەرتەسك نزیك دەبێتەوە. بەڵام فیقهی واتایی لە ڕاڤەی بەرفراوان نزیك دەبێتەوە، ئەوەندە هەیە کە لێی فراوانترە.

شەشەم: فیقهی واتا و ڕاڤەی بەرفراوان

دکتۆر مرقس[3] پێی وایە ڕاڤەی بەرتەسك، بریتییە لە خودی ئەو ڕاڤەیەی ویستی یاسادانەر یان دارێژەر و پەسەندکەرەکە دەردەخات. مەبەست لە ڕاڤەی

---

(1) بگەڕێوە بۆ دانراوەکەمان: تفسير النصوص المدنية، ٢٤٢.

(2) أحمد سلامة، المدخل لدراسة القانون. القاهرة: ١٩٤٧، ص ٢١٦. وسليمان مرقص، المدخل للعلوم القانونية، ١٩٥٧، ص ٢٤٤.

(3) سليمان مرقص، سەرچاوەی پێشوو لا ٣٤٢.

بەرفراوان، ئەوەیە تەنها بەوە ناوەستێت مانای دەربڕینەکە وەربگرێ، بەڵکو تیایدا پەنا دەباتەبەر پێوانەی شاراوە (القياس الخفي) یان هەڵهێنجان لە بنەما گشتییەکان. ئەم جۆرە ڕاڤەیە ئەوەی بەسەردا جێبەجێ دەبێ کە نابێ کاری پێبکرێ لە ڕاڤەی دەقە تاوانکاریەکان، جا نە ڕاڤەی لۆژیکی بریتییە لە ڕاڤەی بەرفراوان بە بۆچوونی ناوبراو، نە ڕاڤەی پیتاو پیت بریتییە لە ڕاڤەی بەرتەسك. لە ڕاستیدا مشتومڕ لە زاراوەدا نییە. فیقهی واتایی لەگەڵ ڕاڤەی بەرفراوان یەکدەگرێ. فیقهی واتایی ئەو تێگەیشتن و فیقهەیە کە سەرچاوە دەگرێ لە مەبەست و ڕۆحی دەق و دانایی و حیکمەتی گشتی کە دانانی یاساکە ئامانجیەتی دەستەبەری بکات. ئەم بیرۆکەیە نزیکە لە جۆرێکی پێوانە (قیاس) کە لە فیقهی یاسایی دەستکردا بە (پێوانەی یاسایی) ناودەبرێ، ئەمەش پێوانەکردنی دۆخێکە کە دەقی لەسەر نەهاتەوە، بە کۆمەڵە بنەمایەکی یاسایی و ڕۆحی سیستەمی یاسایی وەك جێبەجێکردنی حوکمەکانی گرێبەستە ناوهاتووەکان لەسەر گرێبەستە ناو نەهاتووەکان، کە یاسا بەدەق ئاماژەی بە حوکمەکانی نەکردووە، هەر کاتێك وێکچوو بوو بە گرێبەستی ناو هاتووەکە لە ناوەڕۆکدا. ئەمەش دەگرێتەوە کە دەکرێ شەڕعناس بیرۆکەی گشتییەکە هەڵبهێنجێ لەو دەقانەی هەن، تا ببێتە بناغە بۆ تیۆری گشتی کە هەموو ڕایەڵە یاساییە هاوشێوەکانی کە یاسادانەر دایڕشتووە داچێتە ژێریەوە، وەك هەوڵدانی فیقهی کە مەبەست لێی پێوانەکردنە لەسەر دەقەکان بۆ قەدەغەکردنی سووی دزێو و فێڵبازی لە دۆخی دیاریکراو و پوچەڵکردنەوە هەڵسوکەوتی ئەوانەی شایستەییان تێدا نییە یان تێکەڵکردنی کەم و کورتی و ناچارکردن پوچەڵە، ئەم

هەوڵانە بۆ ئەوە بوون تا تیۆرێکی گشتی هەڵبهێنجرێ کە وا بخوازێ هەر گرێبەستێك یەکێك لە گرێبەستکەرەکان ئەوەی دەست نەکەوێ لەبەرامبەر ئەوەی داویەتی شیاوی پوچەڵکردنەوە بێ.

دەکرێ مەبەست لە پێوانە (قیاس) بریتی بێ لە ڕۆیشتن بۆ ئەودیوی دەقە یاساییەکان، ئەمە یەکێکە لە بیرۆکە بنچینەییەکان، کە پێوانەی لەسەر دامەزراوە بە مەبەستی دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەو بنەما گشتیانەی زاڵن بەسەر سیستەمی یاسایی بۆ پوختەکردنی ئەو دەرەنجامانەی لێیەوە پەیدا دەبن، نموونەش بۆ ئەمە بە بەندکردن دەهێنرێتەوە، هەروەها تیۆری بە مەرجدانان لە پێناو بەرژەوەندی ئەوەی تر لە یاسادا، بەڵام ئەم جۆرە کارە هزرییە بریتییە لە هەڵهێنجان نەوەك پێوانەکردن[١].

### حەوتەم: فیقهی واتا و گونجانی فیقە لەگەڵ بارودۆخ لە سایەی ڕۆشنایی داناییدا

یاساناسی ئینگلیزی بنسام لە کتێبەکەیدا (بنچینەی یاسا و شەریعەتەکان)[٢] نموونەیەکی هێناوەتەوە بۆ گونجانی دەق لەگەڵ بارودۆخ و واقیع، ئەویش یاسایەکە دانەرەکەی لە ناو گەلێکدا دایناوە کە تاوانی کوشتنی تێدا بڵاوبووەتەوە. ماددەیەکی تێدا هاتووە کە دەڵێت هەر کەسێك خوێن بڕێژێ ئەوا حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا دەسەپێنرێت. وا ڕێکەوت پزیشکێکی

---

(١) بگەڕێوە بۆ دانراوەکەمان. تفسير النصوص المدنية، ٣٠٧.

(٢) بنثام. أصول الشرائع. ترجمة أحمد فتحي زغلول. القاهرة. المطبعة الأميرية، ١٣٠٩ك، ص ١٦١.

نەشتەگەر لەسەر ڕێگادا کەسێکی بینی لە هۆش خۆی چووبوو، ئەویش خوێنی لێ بەردا، ئەمە خرایە بەردەم دادگا. ئەگەر دادوەرەکە دەقی ماددە یاساکە جێبەجێ بکات ئەوا دەبێ حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا بدات، چونکە خوێنێکی لەسەر شەقام ڕشتووە (ئەمە بەپێی فیقهی چاوگی وشە و ڕاڤەی پیتا و پیت و بێژەیی)، ئەگەر ڕەچاوی گونجانی دەقەکە بکات لەگەڵ واقیعدا، ئەوا پێویستە لەسەری دەقەکە جێبەجێ نەکات، چونکە حیکمەتی یاسادانانەکە (فیقهی واتایی) ویستویەتی تاوانکاری لەناوببات نەوەك ڕزگارکردنی بریندارەکان لە ڕێی نەشتەرگەرییەوە.

لێرەوە تێڕوانینمان وایە کە فیقهی واتایی بریتییە لە دەروازەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکانمان، فیقهی چاوگی وشە لە ناو ئوممەتدا وا دەکات هەر کۆیلەی عەقڵەکانی پێشوو بین، کە بیریان کردۆتەوە و بەرهەمیان داوە و بەروبوومیان بۆ کات و سەردەمی بەسەرچووی خۆیان هەبووە، یارمەتیدەر نابێ لە بزاوت و جوڵە و هەنگاونان بۆ گەیشتن بە کاروانی پێشڕەوی لە بوارە شارستانیەکاندا. فیقهی واتایی یارمەتی ئوممەت دەدات بۆ ژیان گوزەراندنی دۆستانە و بوونی پەیوەندی تەندروست لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بۆ ئەوەی بۆ جیهانی بسەلمێنێ کە ئیسلام توانای ئاوەدان کردنەوەی زەوی هەیە، دەتوانێ چاکسازی لە دەروون و کۆمەڵگەکاندا ئەنجام بدات. لەوانەیە ئەوەی من بانگەشەی بۆ دەکەم بەشێك بێت لەوەی شەرعناسی تونسی تاهری کوڕی عاشور مەبەستی بوو لە بانگەشەکەیدا، کە داوای دەکرد زانستی مەبەستەکانی شەریعەت جێگای زانست بنەماکانی فیقە بگرێتەوە.

بەڵام فیقهی واتایی نابێ پەیڕەوی تاکێك یان ڕێبازی کەسێك بێت، بەڵکو پێویستی بە بوونی کۆڕبەندێکی فیقهی ئیسلامی جیهانی هەیە کە پشتی پێببەستێ لە ڕێکخستنی کۆشش (إجتهاد) بەپێی مەبەستە ڕاستەقینەکانی شەریعەت، نەوەك بەپێی حەز و ئارەزووە مەزهەبیەکان و هەوا و هەوەس.

هەر کەسێك کە خەمخۆری ئایندەی فیقهی ئیسلامییە ئازار دەچێژێ بەوەی هەندێك شەرعناسی زۆر مەزن، کە متمانە بە فیقه و تێگەیشتن و پارێزکاریان دەکرێ ڕەچاوی فیقهی واتایی ناکات لەو فەتوایانەی پەیوەستن بە پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا، وا باشە ڕەچاوی مەبەستەکانی شەریعەت بکەن لە چارەسەرکردنیدا، هەروەك ئەم دۆخە دەبینرێ لە هاوسەرگیری مسیاردا، ئەم هاوسەرگیرییە بەپێی فیقهی چاوگی وشە دروستە، بەپێی فیقهی واتاییش دروست نییە. جا لەسەر پێوانە بکە. بێگومان خوا زاناترە.

هەشتەم: فیقهی واتا و فیقهی بەرژەوەندی و عەقڵ و ژیری

زانای بلیمەتی ڕێزدار گەیشتووەتە لوتکەی وردبینی کاتێك وتویەتی[1]: ((ئایین بانگی مرۆڤی کردووە بۆ ڕوانینە بەرژەوەندی، بەرژەوەندیشی بۆ ڕێك و پێك نەخستووە، بەڵکو ڕایسپاردووە بە درك پێکردنە عەقڵییەکەی و پەیی پێبردنە سەرپشکییەکەی. ئینجا مرۆڤی پابەند کردووە بەو بەرژەوەندییەی

[1]) ابن عاشور. دراسات إسلامية. تونس: دار التونسية، ص ٢٠.

عەقڵ و ژیری مرۆڤ پەیی پێدەبات، بەوەی کاتێك پەیی بە بەرژەوەندی برد، پێویستە لەسەری جێبەجێی بکات و کاری پێ بکات. ئەم پێویست و واجب بوونە، واجب بوونێکی ئاینیە بۆ شوێنکەوتنی ئەو بەرژەوەندییەی کە دەرەنجامی تێڕوانینی عەقڵی مرۆییە یان ئەزموونی مرۆییە. لە ڕاستیدا ئەمە واتایەکی مەزنە لە واتاکانی پلەبەرزیدانی ئاینی ئیسلامی بە مرۆڤ، چونکە ئەم دینداریە پەیی پێبردنی عەقڵی ئاوێتە کردووە بە ڕۆح و نهێنیەکانی سروش و نیگا)).

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ: ((کە هەر عەقڵێکی مرۆیی ملکەچی شوێنکەوتنی پێغەمبەرایەتی بوو، ئەوا شیاوە بۆ ئەوەی بەشداری بکات لە پێناسەکردنی واتا سەرەکی و گشتییەکانی پێغەمبەرایەتی، تا لەسەر بەرژەوەندییە لاوەکییەکانی دابنێ)).

لەوانەیە بەم درك کردنەی بە پێگەی عەقڵی مرۆیی لە پێگەی جێنشینی خواییدا واتا جوانەکە بچنێتەوە، کە پێشەوا شاتبی لە پێشەکی کتێبەکەیدا (الموافقات) ئیسلامی پێ وەسف کردووە، هەروەك وتویەتی: ((ئاینی ئیسلام هەڵگرەکانی لە دونیا و دواڕۆژدا پێگەیەکی بەرزیان پێدەبەخشێ، پێغەمبەرایەتی دەخاتە نێو دوو لا تەنیشتەکانی ئەگەر پێغەمبەریش نەبێ)).

کۆشش (الإجتهاد) کە بە کۆڵەگە دادەنرێ بۆ زیندوو مانەوەی شەریعەتی ئیسلام، بریتییە لەو کۆششەی دەستی گرتووە بە عەقڵ و ژیری و بۆچوونەوە لە زۆربەی دۆخەکاندا بۆ پەردە لادان و ڕۆشن کردنەوەی مەبەستەکانی

شەریعەت، دەرخستنی بەرژەوەندی و واتای دەقەکان و یاسا گشتییەکان، هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی دادگەری و ڕاستی لە پێشهات و ڕووداوە تازەکان. شەریعەت دەروازەی ڕامان و وردبوونەوەی خستۆتەسەر پشت، ژیری و بیرکردنەوەی هانداوە بۆ ڕۆیشتنە ناو گۆڕەپان و مەیدانەکانی ژیان، بۆ پەند وەرگرتن: ﴿ فَٱعۡتَبِرُواْ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَبۡصَٰرِ ﴾ الحشر: ٥٩/ ٢. واتە: (کەواتە: ئەی خاوەن بیرو هۆش و دوور بینەکان دەرس و پەند و ئاموژگاری وەربگرن). کۆششکار (مجتهد)ەکان ماوە و بواری فراوانیان بەدی کرد تا چەند حوکمێکی فیقهی وا دابنێن کە دەقی لەسەر نەهاتووە لە قورئان و سوننەتدا. لە کاتی لێکۆڵینەوەدا دەردەکەوێت کە ئەوان پشتیان بەستووە بە بەرژەوەندی و مەبەستەکانی شەریعەت. جا لەبەر گرنگی فیقهی بەرژەوەندی ئەوا کەمێك بە تێروتەسەلی باسی دەکەم لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لە کتێبەکانی زانستی بنەماکانی فیقهدا هاتووە.

بە وردبوونەوە و ڕامان لە حوکمە شەرعییەکاندا دەبینین کە بەرژەوەندی خاوەن و کۆمکاری هۆکار و حیکمەت و دانایی حوکمەکانە، بەرجەستەکەری سوودە بۆ خەڵك و لادەری خراپەیە لەسەری.

زانایانی زانستی بنەماکانی فیقه وتویانە[1]: ((حوکمی شەرعی دەبێ مانایەکی گونجاوی هەبێ کە حوکمەکەی پێوە ببەسترێتەوە. ئەم واتا گونجاوە لە سێ بەش دەرناچێت.

یەکەم: ئەوەی شەرع بە گەواهی لەسەردان پەسەندی کردووە، بە گونجاوی ڕەچاوکراو و دانپێدانراو ناودەنرێ. ئەمە گۆڕەپان و مەیدانی پێوانەکاری (قیاس)ی زانستی بنەماکانی فیقهە.

دووەم: ئەوەی شەرع گەواهی لەسەر ڕەتکردنەوەی داوە، وەك خۆبەدەستەوەدان بۆ دوژمن، ئەمە لە ڕووکەشدا بەرژەوەندییە، بەڵام ئەمە بەرژەوەندییەکی ڕەتکراوەیە بەهۆی بەرژەوەندییەکی گرنگتر کە پاراستنی قەوارەی ئوممەتە.

سێیەم: شەرع گەواهی لەسەر نەداوە چ بە پەسەندکردن یان بە پەسەند نەکردن. ئەمەش بە بەرژەوەندی ڕەها ناونراوە.

ئەم جۆرە دابەشکردنە – وەك من دەیبینم – ڕێکخستنێکی پەیڕەوییە ئامانجی بەتێروتەسەل خستنەڕووی جۆری بەرژەوەندییەکانە لە ڕووی ڕەچاوکردن و دانپێدانانی ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆ یاخود لە ڕووی ڕەتکردنەوەوە. لە ڕاستیدا هەر بەرژەوەندییەك تێکبگیرێ لەگەڵ مەبەستەکانی شەرع و واتا گشتییەکان، ئەوا ڕەتکراوەیە، جگەلەویش دانپێدانراو و

---

[1]) الشاطبي، الإعتصام، سەرچاوەی پێشوو، ٢/ ١١٣.

ڕەچاوکراوە چ دەقی ڕاشکاوی لەسەر هاتبێ، یان هەڵهێنجرابێ بە ڕێگەی ناسراوەکانی، یاخود لە واتای دەقەکان و مەبەستە سەرەکییەکانی شەریعەتەوە وەرگیرابێ.

بۆ ئەوەی بەرژەوەندی دابنێینە ناو چوارچێوە شەرعی و بنەمایی (ئصول)یەکەی ئەوا دەبێ ڕەچاوی ئەم پێشەکیانەی خوارەوە بکەین:

**پێشەکی یەکەم**

ئیسلام بەرنامەیەکی تەواو کامڵە، موسڵمان لەم بەرنامەیەوە پەیڕەوی ژیانی خۆی هەڵدەهێنجێ لە بواری بیروباوەڕەکەی و بڕوابوونی بە خوای تاك و تەنها و لە خواپەرستییەکەیدا، هەروەها لە بارەی دەروون و کۆمەڵگاکەی، ئامرازی ئەم لێهەڵهێنجانە بریتییە لە ژیری و عەقڵ، کە مرۆڤ ناگاتە پلەی بەرپرسیارێتی بەبێ ئەو.

لە پێناوی زانینی حوکمی ئیسلام لە هەر بوارێك لە بوارەکاندا، دەبێ ڕێگەیەك هەبێ کە عەقڵ بیگرێتەبەر. ئەم ڕێگەیەش بەڵگەیە. زانینی ئەمەش پێویستی بە زانینی شتی دیکەیە.

**پێشەکی دووەم:**

لە کاتی تێگەیشتن و وردبوونەوە لە قورئانی پیرۆز و هەڵوەستەکردن لەسەر ژیاننامەی پێغەمبەر ڕاستییەك دەردەکەوێ کە ئیسلام ژیانی موسڵمانی کورت نەکردۆتەوە لە بازنەیەکی داخراودا، کە گۆڕاوەکانی ژیان لەخۆنەگرێ،

تێڕوانینەکەی بەند نەکردووە لە چوارچێوەیەکی هزری بەرتەسکدا، بەڵکو بەرفراوانە و بوارەکانی هزر و کاری لەخۆگرتووە، تا گشت گەردوون بگرێتەوە بە ڕامکردن و ڕەچاوکردن و گەڕان بە ئاسۆکاندا، هەروەها سوود و کەڵك وەرگرتن لە هەر شتێك کە چاك و باشە لە ژیاندا، کورتی هەڵنەهێناوە لە بازنەی فەرمان پێکراوەکان، کە دەبێ پێیەوە پابەند بین، هەروەها لە بازنەی قەدەغەکراوەکانیشدا بەرتەسکی نەکردۆتەوە، کە پێویستە مرۆڤ خۆی لێ دووربگرێ، بەڵکو بازنەی ڕێپێدراو و ڕەوایی (مباح)ی فراوان کردووە تا ببێتە میهرەبانی و سۆز و بەزەیی بۆ خەڵك: ﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ﴾ البقرة: ٢/ ٢٩. واتە: (خوای مەزن ئەو زاتەیە کە هەرچی لە زەویدایە بۆ ئێوەی بەدیهێناوە).

**پێشەکی سێیەم:**

دەقە شەرعییەکان چارەسەری پرسە تێروتەسەلەکانی حوکمە کردارییەکانیان نەکردووە تەنها لەو شتانەدا نەبێ کە جێگیری و نەگۆڕان دەخوازن وەك هەندێك پرسی خێزان، بەڵکو تەنها چەند بنچینەیەکی گشتی و یاسای سەرەکی و هێڵی بنەڕەتی داناوە. دەقە ئاینییەکان ڕێنیشاندەری کارو تێکۆشانن.

لێرەوە زانایانی شەرعناس هەنگاویاننا بەرەو هەر بوار و لایەنێك لە کتێبی خوا و فەرموودەکانی پێغەمبەر، ڕێگەی حوکمیان تێدا دەردەهێنا یان یاسایەکی

شەرعیان لێوەردەگرت، یاخود بنەمایەکی سەرەکیان لێ بەدەست دەخست لە میانەی ڕامان لە مەبەستەکانی شەریعەت. کۆششەکانیان زانستێکی پڕ شکۆیان بەرهەم هێنا کە زانستی بنەماکانی فیقهە. ئەمەش ئەو زانستەیە کە پەیڕەوەکانی توێژینەوەی فیقهی و ڕاڤەی دەقەکانی داڕشتووە.

**پێشەکی چوارەم:**

حوکمی شەرعی ڕوون دەبێتەوە، بە ڕوونبوونەوەی بەڵگەکەی، هەروەك دیاریش دەکرێ بە بەهێزی ڕووی ئاماژەکەی. ئەو حوکمە شەرعییەی گەڵاڵەبووە لە دەقێکی قورئان و سوننەتی دروستەوە، کە لە ڕووی چەسپان و واتاوە بڕاوەیە. ئەمە ئەو حوکمەیە کە دەبێ هەڵوەستەی لە ئاست بکرێ بە واجب یان سوننەت بێ، کۆششی تێدا ناکرێ.

کاتێك دەق بوونی نابێ، ئەوا لە هاوشێوە و هاووێنەکاندا لێکۆڵینەوە دەکرێ بە ئاماژەی هۆکار، کە بە جێگومانی بەرژەوەندی دادەنرێ، ئەوەی کە یاسادانەر مەبەستی بووە لە دانانی حوکمەکان، کە بریتییە لە هێنانی سوود و وەلانانی زیان، جا پێوانە (قیاس) دەردەکەوێت وەك بەڵگەیەك کە سەرچاوەی گرتووە لە ڕۆح و واتای دەق.

هەروەك هۆکار لە پێوانە (قیاس)دا بریتییە لە بنچینەی گرنگ لە بەراوردکردنی ئەوەی دەقی لەسەر نەهاتووە لەگەڵ ئەوەی دەقی لەسەر هاتووە، ئەمە خاڵی هەنگاونانە بۆ ئەوەی شەرعناس فراوانکاری بکات بە ئاڕاستەی بەڵگە هێنانەوەی ڕاستەوخۆ بە بیرۆکەی بەرژەوەندی، بێ پشت بەستن بە

بەراوردکردنی تایبەتێك بە تایبەتێکی دیکە، کە شتی پێ بەراوردکراوە، ئەویش بەرژەوەندییە، کە لە نەریتی زانستی بنەماکانی فیقهدا بە بەرژەوەندی ڕەها ناودەبرێ.

ئەمەی خوارەوە پوختەی پەیڕەوی زانستی بنەماکانی فیقهە لەم فراوانکارییە بێ ڕۆیشتنە وردەکاری ئەوەی زانایانی بنەماکانی فیقه ڕاجیاییان هەیە لە بارەی چاوگی وشە و زاراوەکان.

دوای ئەوەی دانیانناوە بەوەی حوکمە شەرعییەکان هۆدارن بە دانایی و حکمەتی خوازراو، باسیشیان لەوە کردووە – ئەم هۆکارە دەبێ گونجاو بێ – ئەمەش ئەوەیە کە وەسفەکە پێکدەهێنێ، دەبێ سوود بهێنێ و خراپە و زیان لابدات.

زانای بلیمەت تەفتازانی وتەی زانایانی پێش خۆی پوخت کردووە، وتویەتی[1]: ((زۆربەی زانایان لەسەر ئەوەنە کە وەسف نابێتە هۆکار، تەنها بە دەرکردنی وەسفەکە، بەڵکو دەبێ واتایەکی هەبێ ژیری بە شیاوی دابنێ بۆ حوکم، دواتر هاوسەنگ بێ وەك پلەی ئەو گەواهیدەرەی کە دەبێ شایستەبوونی ڕەچاو بکرێ بۆ گەواهیدان، کە ئەم مەرجانەن: عەقڵ و ژیری، پێگەیشتن و باڵغ بوون، ئازادی و ئیسلام. دواتر دان بە دادگەرییەکەی دابنرێ بە خۆدوورگرتنی لە قەدەغەکراوەکانی ئایین، بەهەمان شێوە بۆ ئەوەی وەسفەکە بە هۆکارێکی گونجاو دابنرێ بۆ حوکم، ئەوا دەبێ گونجاو بێ و دادگەریەکەشی

(1) التفتازاني، سەرچاوەی پێشوو، ٢/ ٦٩.

دەبێ کارتێکەر بێ. هۆدارکردن پەسەند ناکرێ تا بەڵگە بەرپانەبێ لەسەر گونجاوبوونی. دوای گونجانیش پێویست نییە کاری پێبکرێ تەنها دوای ئەوەنەبێ کە کارگەری هەبێ، ئەمە لەلای ئێمە – حەنەفییەکان -، لەلای هاوەڵانی شافیعی دەبێ ئەندێشەکراوبێ)) واتە هۆکارەکە لە ژێریدا ئەندێشە بکرێ.

لە هەمان شوێندا، تەفتازانی وتویەتی: ((ئەوانەی وتویانە پێویستە کار بکرێ بەو وەسفەی گونجاوە، دوو تاقمن: تاقمێك بەپێویستی دەزانێ کار بە وەسفی گونجاو بکرێ بەو مەرجەی بنەماکانی گەواهی بۆ بدەن، واتە بەراورد بکرێ لەگەڵ یاساکانی شەرع و دەربکەوێ کە سەلامەتە لە تێکگیران لەگەڵیان، مەبەستم لە پوچەڵکردنەوەی خۆیەتی بە شوێنەوار یان دەق یاخود یەکدەنگیەك، هەروەك دەوترێت زەکات لە ئەسپە نێرینەکان پێویست نییە، ئەوا ل مێینەکانیشیدا پێویست نییە بە گەواهیدانی بنەماکان لەسەر یەکسانی نێرینە و مێینەکان)).

وەسفی گونجاو دەبێتە سێ بەش، کە ئەمانەی خوارەوەن:

١- **وەسفی کاریگەر:** ئەو وەسفەیە شەرع گەواهی دان لەسەری دانی پێداناوە کە بە خودی خۆی هۆکاری حوکمە.

نمونەش لەسەر ئەمە ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن، کە دەفەرموویێت:

﴿ وَٱبۡتَلُواْ ٱلۡيَتَٰمَىٰ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغُواْ ٱلنِّكَاحَ فَإِنۡ ءَانَسۡتُم مِّنۡهُمۡ رُشۡدٗا فَٱدۡفَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ

أَمۡوَٰلَهُمۡ ﴾ النساء: ٤/ ٦. واتە: (هەتیوان تاقی بکەنەوە "بەوەی کە هەندێك پارەیان بدەنێ و خۆتان سەرپەرشتییان بکەن" هەتا ئەو کاتەی کە وەختی ئەوەیان دێت هاوسەر بگرن، ئەوسا ئەگەر هەستتان کرد ژیر و سەلارن، پارە و سامانەکەیان پێ بدەنەوە). سەرپەرشتیکردنی دارایی بۆ سەرپەرشتیاری ئەو کەسە دەچەسپێ کە بالغ نەبووە. هۆکارەکە بریتییە لە نەبوونی توانا، ڕاجیایی نیە لەبارەی پێوانە لەسەر کردنی.

٢- **وەسفی گونجاوی کاریگەر:** ئەمە وەسفێکە بەڵگە لە شەرعدا نەهاتووە دانی پێدانابێ بەوەی خودی خۆی هۆکاری حوکمەکەیە، بەڵکو بەڵگەی شەرعی لە دەق یان یەکدەنگی بەرپابووە لەسەر دانپێدانانی بەوەی ئەم وەسفە خودی هۆکاری ڕەگەزی حوکمەکەیە، یان دانان بەوەی ڕەگەزەکەی هۆکاری خودی حوکمەکەیە، یاخود دانان بەوەی ڕەگەزی وەسفەکە هۆکاری ڕەگەزی حوکمەکەیە. لێرەدا هۆدارکردن گونجاوە لەگەڵ پەیڕەوی شەرع لە هۆدارکردندا. لە کتێبەکانی زانستی بنەمەکانی فیقهدا چەندین نموونە لەسەر ڕوونکردنەوەی ئەمە هاتوون.

٣- وەسفی گونجاوی ڕەها: ئەمە ئەو وەسفەیە کە بەڵگەیەکی تایبەت گەواهی لەسەر نەداوە بە دانپێدانانی یان ڕەتکردنەوەی، بەڵام بنیاتنانی حوکم لەسەری بەرژەوەندییەك دەستەبەر دەکات، کە هێڵە سەرەکییەکانی شەرع بەگشتی گەواهی بۆ دەدەن. ئەمە بەرژەوەندی ڕەهایە، نموونەی مێژوویی لەسەر ئەمە: کۆکردنەوەی قورئان و

نووسینەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر، هەروەها لێدانی دراو، دروستکردنی شارو وڵات و دانانی باجەکان.

لە منهاجی ئسولی بەیزاوی لە شەرحی ئەسنەویدا ٤/ ٣٨٥ وتویەتی: ((وەسفی گونجاوی ڕەها ئەگەر بەرژەوەندییەکی پێویستی بڕاوەی گشتی بوو، وەك خۆ خۆپەنادانی بێ باوەڕە دەستدرێژیکەرەکان بە دیلە موسڵمانەکان، ئەوا دانی پێدادەنرێ و ڕەچاو دەکرێ، ئەگەر نا دانی پێدا نانرێ. بەڵام مالیك بە ڕەهایی دانی پێداناوە، چونکە دانان بە ڕەگەزی بەرژەوەندییەکان، گومانی دان پێدانان و ڕەچاوکردن پێویست دەکات، هەروەها لەبەر ئەوەی هاوەڵان قەناعەتیان بە ناسینی بەرژەوەندییەکان هەبووە)).

من پێم وایە مادەم حوکمە شەڕعییەکان ئامانجیان بەرپاکردنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکە، لادانی زیانە لەسەریان، ئەوا شتێکی ژیرانەیە کە بڵێین: حوکمە شەڕعییەکان ئەمانەن کە مەبەست و ڕۆحی شەریعەت بەرپا دەکەن. لە بەرژەوەندیدا پوخت دەبێتەوە کە دژەکەی زیانە. بەڵام خستنەسەر پشتی دەرگا بۆ بەرژەوەندی نا ڕێکخراو، سەردەکێشێ بۆ زیان، کاتێك کەسێك پەنای بۆ دەبات کە تێگەیشتن و دینداری نییە. بۆیە پێم وایە مەبەست لە بەرژەوەندی ئەو بەرژەوەندییە بێ کە بە بنەماکانی شەڕع و مەبەستە گشتییەکان کێشانە و پێوانە کرابێ، واتە: بە ڕۆحی شەریعەتی ئیسلامی هەڵسەنگێنرابێ. جا بەرژەوەندی دانپێدانراو ئەو بەرژەوەندییەیە کە

تێکناگیرێ لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی شەریعەت و یاسا گشتییەکان و تیایدا ڕەچاوی ئاسانکاری کردن لە ڕێگەکانی ژیانی تەندروستی تاك یان کۆمەڵگە کرابێ.

بە تێڕوانینی من بەرژەوەندی دانپێدانراو، ئەو بەرژەوەندییەیە کە لەگەڵ ڕۆحی شەریعەت و بنەماکانی شەرع تێکناگیرێ. لەم گۆڕەپان و مەیدانە فراوانەدا فیقهی ئیسلامی درێژ دەبێتەوە بە کۆششی گەشەکردوو، حوکمڕانان لە گشت سەردەمێکدا مافی ئەوەیان هەیە سیاسەتە شەرعییەکانیان بە تێرو تەسەلی بخەنەڕوو، بەپێی بەرژەوەندی گەلانیان و لە سنووری پێوەرەکانی شەرع و بنەما گشتییەکانی ئیسلام.

## دەروازەی سێیەم

# ڕەهەندی سیاسی لە هزری ئیسلامیدا

### بەرایی

ویستم ئەم کتێبە کۆمکاری جۆرەها زانیاری و زانستی بە سوود بێت، کە قوڵایی هزری ئیسلامی و دانایی و لێبوردەییەکەی دەربخات، ئەمەش لە یەکخواناسییە لێبوردەیەکەی سەرچاوەی گرتووە، کە یەکێکە لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی شەریعەتی محەممەدی. لێرەوە ئەم کتێبە بەپێی ئەو پەیڕەوە نایەت کە ئیمامی حەڕەمەین لە کتێبە قەشەنگەکەیدا (غياث الأمم، لا ٦٤) دیاری کردووە: ((بەوەی باسەکان بەیەکەوە ببەسترێنەوە، بەشەکان دابەش بکرێنە سەر دەروازەکان، بیرۆکەیەك ڕادەستی بیرۆکەیەکی دیکە بکرێ لە بەدوای یەکداهێنانێکی زۆر ڕێك و پێکدا)). بەڵکو ئەم کتێبە دێت و لە هەر باخچەیەکی پڕ درەخت و ئاوەدان ئەوە هەڵدەبژێرێ کە ئامانجی خۆی دەپێکێ. مەبەستەکەی دەوڵەمەند دەکات لە پێناسەکردنی گشتگیرانە بۆ تێکڕای ڕووەکانی چالاکی ئیسلامی، کە بەختەوەری مرۆڤ و پێشکەوتنی شارستانیەتەکەی دەستەبەر دەکات بێ جیاوازی، بەهەمان شێوە ئەم کتێبە ڕێچکەی ژیربێژان و زانایانی زانستی بنەماکانی فیقە ناگرێتەبەر، لە پابەندبوونی ورد بە یەکێتی بابەت، ئەوان دەڵێن: ((ئەو لێکۆڵەرەی بەدوای

ڕاستیدا دەگەڕێ و بیەوێ زانست پەیدا بکات و لە بوارێکدا زانست زیاد بکات کە پەیوەندی پێوە هەیە، ئەوا دەبێ مافی بدات و یەکێتی بابەتەکەش بپارێزێ)).
لەوانەیە ئەم کتێبەمان ئەم یەکێتییە تێپەڕێنێ و چەند شتێکی تێکەڵ ببێ کە مەبەستی گشتی بەیەکەوەیان ببەستێتەوە، مەبەستە گشتیەکەش ئەوەیە کە مەبەستمانە لە خستنەڕووی شەقڵ و نیشانەکانی لێبورەیی ئیسلامی و بوارە فراوانەکانی بۆ تاقیکردنەوەی ژیان لە ناو چوارچێوەی بنەما و بنچینە چەسپاوە گشتییەکان.

هەر بۆیە ئەم دەروازەیە بۆ ئەم بڕگانەی خوارەوە دابەش دەکەم:

## یەکەم: مانای هزری ئیسلامی و تایبەتمەندییەکانی

### ١- واتای هزر

هزر یەکێکە لە شتە تایبەتەکانی مرۆڤ، هەنگاوی یەکەمە بۆ زانین و زانست، زانست و زانینیش پێشەکی کارکردنە. لەلای هەندێ لە زانایانی زانستی کەلام هزر یەکەم ئەرکە لەسەر شانی مرۆڤ، وەك ڕێگە خۆشکردنێك بۆ بیرکردنەوە لە ناسینی خوای پاك و بێگەرد، لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا هانی مرۆڤ دەدرێ لەسەر بەکارهێنانی ژیری و عەقڵی، هانیدراوە لەسەر بیرکردنەوە: ﴿ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَعْقِلُونَ ﴾ الرعد: ١٣/ ٤. واتە: (لەو شتانەشدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانێك عەقڵ و ژیری خۆیان بخەنەکار). ﴿ أَفَلَا تَتَفَكَّرُونَ ﴾ الأنعام: ٥٠. واتە: (ئایا بۆ بیرناکەنەوە و تێنافکرن).

جا ئەگەر هزر یەکەم هەنگاو بێ بۆ زانین، ئەوا زانینی هەندێك شت هەیە پێویستە و پێویست بە بیرکردنەوە و ڕامان ناکات، وەك: پرسە ویژدانیەکان و هەستییەکان، هەشیانە تیۆریە و بەبێ بەگەڕخستن و بەکارهێنانی هزر بە دەست ناخرێت. ئەمەش تێبینی کردنی ئەو شتەیە کە ژێری شیدەکاتەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی نا دیارە، درێژەی ئەم باسە لە چوارچێوەی ڕوونکردنەوەی تیۆری زانین (مەعریفە)دا دێ، لێرەدا باسی سەرەکیمان نییە.

### ٢- واتای هزری ئیسلامی[١]

هزر لە ڕاستینە و حەقیقەتەکەیدا یەك شتە، ئەویش بریتییە لە هەوڵ و کۆششێکی عەقڵی بۆ بەدەستخستنی زانراو و زانیاریەکی تازە، بە ئامرازەکانی ژیربێژی و زانستی و پەیی پێبردن، سروش و نیگا ناگرێتەوە، حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی ناگرێتەوە. حوکمە کۆششی (إجتهادی)یەکان بریتین لە تێگەیشتنی مرۆیی. تێگەیشتنیش بیرو هزر و بەڵگە هێنانەوەیە. بۆیە بۆمان هەیە بڵێین: هزری ئیسلامی بریتییە لەو هزرە مرۆییەی مەبەست لێی گەیشتنە بە زانست و زانین، بە هەنگاونان لە بنەما و بنچینەکان و سەلمێنراوەکانی ئیسلام کە زانینیان لە ئایندا بە سروش و نیگایە یان بە پێویست دانراوە، لەبارەی پرسەکانی گەردوون و مرۆڤ و کۆمەڵگە.

### ٣- تایبەتمەندییەکانی هزری ئیسلامی

---

(١) بۆ درێژەی بابەتی تیۆری زانین (مەعریفە) بگەڕێوە بۆ دانراوەکەمان: البصیر الإسلامیة، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٤.

أ- دامەزنرانی لەسەر باوەڕ و یەکخواناسی و ئەو سەلمێنراوانەی کە زانینیان لە ئایندا بەپێویست دانراوە.

ب- پشتبەستنی بە خاڵە سەرەکی و بنچینەکانی ئیسلام.

ت- خۆبەستنەوە بە چوارچێوەی گشتی ئیسلام، بەو واتایەی کە لانادات لە سروشتی تەندروست و ڕێك و پێك و یاسا و بنچینەکانی دادگەری و میهرەبانی و دانایی.

پ- لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و دانایی لە هەر کوێیەك و لە هەر سەرچاوەك دەربچن.

هزری ئیسلامی گۆڕەپان و مەیدانی فراوانی هەیە، دابەش بووە لە نێوان زانستە ئیسلامییەکان، لەوانە: زانستی دانایی و کەلام و ڕەوشت و فیقھ و جگەلەمانەش.

جا بۆ نموونە لە زانستی کەلامدا هزری ئیسلامی وەڵامی پرس و بابەتە ئیمانی و بیروباوەڕی و ویستی خوایی دەداتەوە لە لایەنی جیهانی پەنان (غەیبی)، هەروەك وەڵامدەرەوەیە سەبارەت بە ئازادی مرۆڤ و بەرپرسیارێتیەکەی و جگەلەمانەش.

لە فیقهدا، هزری کۆششکار (مجتهد) دەبێتە بناغە بۆ چارەسەرکردنی کێشە گەشەکردووەکان و بەم شێوەیە.

لەم بارەوە پێشەوا غەزالی وتویەتی[1]: ((لەوانەیە هزر لەبارەی شتێکەوە بەرپا ببێ کە پەیوەست بێ بە ئاینەوە، لەوانەشە لەبارەی شتێکەوە بێ کە پەیوەستە بە شتەکانی دیکەوە جگەلە ئایین)).

پێم وایە ئەوەی ئێستا بە خەیاڵدادێ لە زاراوەی هزری ئیسلامی بریتییە لە ڕوانینی ئیسلام بۆ پێشهات و ڕووداوە تازەکانی ژیانی هاوچەرخ، لە پرسە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و بابەتەکانی گفتوگۆی هزری و شارستانی.

بەڵام گرنگترین پرسیارە هزرییەکان کە هێشتا چاوەڕێی وەڵامی ڕوون دەکەن، کە بگونجێن و ڕێك بن لەگەڵ لێبوردەیی بەرنامەی خوا و بنەما مرۆییە گشتییەکانی، بۆ نموونە:

١- چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ڕێکخستنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، کە لەسەر بنچینە هزرییە خۆرئاواییەکانن.
٢- چۆنیەتی وەڵامدانەوەی ڕێکخراوە نێودەولەتییەکان و بەڵگەنامەکانیان، کە چەسپان و جێگیربوونی ئاشتی زیاتر بەهێز دەکەن لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.
٣- هەڵوێست لەبەرامبەر هاوڵاتیبوون، کە یەکسانی لە نێوان هاوڵاتیان بەرپا دەکات لە تێکڕای گۆڕەپان و مەیدانەکان.
٤- هەڵوێست لە بەرامبەر مافەکانی مرۆڤ لە سایەی بەیاننامە و جاڕنامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ.

---

[1]) الغزالي، إحياء علوم الدين. بيروت: دار الجيل، ٦/ ٤٦.

٥- هەڵوێست لە بەرامبەر دیموکراسییەت و مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکەی. شت و پیاوەکانیش لەسەر ئەمە پێوانە بکە.
٦- هەڵوێست لە بەرامبەر فرەیی و پەسەند کردنی کەس و لایەنی بەرامبەر.

## دووەم: سیستەمی سیاسی لە ئیسلامدا

یەکێك لەو شتانەی لە فیقھ و ئایندا زانراوە، ئەوەیە کە سیاسەت یەکێك نییە لەو چەمکانەی ئیسلام پێکدەھێنێ و دروستی دەکات، یان باوەڕی تاك دابمەزرێنێ و پاکی بکاتەوە، لەوانەیە باوەڕی تاك دابمەزرێ و موسڵمانێتیەکەی بەرپا ببێ، بێ نزیك بوونەوە لە سیاسەت و کون و کەلەبەرەکانی. سیاسەت وەك شایەتمان و نوێژ و زەکات و دروشمەکانی ئیسلام و ڕێنوێنی نییە، کە موسڵمانان پێی لە نا موسڵمانان جیا دەبنەوە، کە بەمانە ناسنامەی موسڵمان دیار دەبێ؛ بەڵکو لەو نەریتە دونیاییانەیە کە قەواری کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەیخوازێ، هەروەها نەریتی کاری کۆمەڵگە و تاکەکانە بۆ پێداویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فرە پەیوەندییە مرۆیی و نێودەوڵەتییەکان. جا ئەگەر تاك ژیانی دانەمەزرێ بەبێ بوونی کۆمەڵگەیەك کە لە باوەشی بگرێ، ئەوا کۆمەڵگەش سەلامەت و تەندروست نابێ و پێشناکەوێ بەبێ دەسەڵاتێکی سیاسی کە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بپارێزێ و بەبێ حوکمەتێك کە سازان بێنێتە کایە لە نێوان حەزەکانی کۆمەڵگە؛ جا سیاسەت دەبێتە وەڵامدانەوەیەکی پێویست بۆ داخوازیەکانی ئەم ژیانە. جا ئەگەر ئامۆژگاریی و ڕێنماییە تایبەتەکانی ئیسلام

پەیوەست بە ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵگە شیاوی جێبەجێ کردن نەبن بەبێ دەوڵەت و دەسەڵات؛ ئەوا سیستەمی سیاسی کە وەڵامدەرەوەی ئەم ڕێنماییانەیە دەبێتە شتێك کە شیاوی قسە لەسەرکردن نییە، هەروەك ئەمە وا هاتووە بەدرێژایی مێژوویی ئیسلامی تا ئێستا.

جا سەرەتا سیستەمی سیاسی چییە؟ دواتر سیستەمی سیاسی ئیسلامی چییە؟

**أ- سروشتی سیستەمی سیاسی**

پێناسەی سیستەم (نظام) کراوە بە چەندین شێوە، زۆربەیان دەخولێنەوە بەدەوری ئەوەی کە بریتییە لە سازان و هەمانگی ناوخۆیی لە نێوان کۆمەڵێك بنچینە کە لە ژێر ئاڵای یەك بیرۆکەی دیاریکراو ڕێکخراوە، وەك: سیستەمی پاشایەتی دەستووری یان سیستەمی گرێبەست.

بەڵام وشەی سیاسەت ئەوا لە زمانی عەرەبیدا بە مانای چاودێری و چاککردنی شت دێ. (سائس)یش ناسراوە، بەڵام وەرگێڕانە ئینگلیزیەکەی (Politics) دەگەڕێتەوە بۆ زمانی یۆنانی. کە واتاکەی بریتییە لە شار. دەوڵەت لەلای ئەوان بریتی بوو لە دەوڵەتی شار.

سیاسەت پێناسەکراوە بەوەی بریتییە لە هەر شتێك کە پەیوەندی هەیە بە هونەری حوکمڕانی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی. هەروەها بە مانای کاروبارە گشتیەکانیش دێ.

دەکرێ پێناسەی زانستی سیاسەت بکرێ بەوەی بریتییە لە زانستی حوکمڕانی دەوڵەت یان ئەو بنەمایانەی حکومەتەکانی لەسەر دادەمەزرێن لە پەیوەندیەکانیاندا لەگەڵ هاوڵاتیان و وڵاتانی تردا[1]. وتراوە: سیاسەت: کۆمەڵێك بنچینە و دەزگای هەماهەنگ و بەیەکەوە بەستراون کە حوکم و دەسەڵات و ڕێگەی پیادەکردنی دەسەڵات بۆ حوکمڕانی کردن ڕێکدەخات[2].

### ت- سروشتی سیستەمی سیاسی ئیسلامی

مەبەستمان لەم بابەتە ئەو تایبەتمەندیانەی سیستەمی سیاسی ئیسلامییە کە جیای دەکاتەوە لە سیستەمەکانی تر، بە پشت بەستن بە بنچینە بڕاوە و سەلمێنراوەکانی ئیسلام.

شتێکی زانراوە لەلای شارەزایان لە فیقهی ئیسلامیدا، کە ئیسلام ئاینێکی گشتگیرە و ڕێکخەری سەرجەم چاڵاکییە مرۆیی و ڕۆحی و مادییەکانە، چ تاکەکەسی بن یان کۆمەڵایەتی، سیاسی یان ئاینی بن. هەروەك دەوترێ چۆن ئاینی ڕۆحی و خواپەرستییە، لە هەمان کاتدا ئاینی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، بەڵام چوارچێوەی سیاسییە لە ئیسلامدا ناکرێ جیا بکرێتەوە لە چوارچێوەی ڕۆحی، لەگەڵ ئەوەی چوارچێوەی سیاسی بە هیچ شێوە و ڕەنگێك لە ئیسلامدا دیاری نەکراوە؛ بەڵکو بە پێوەری گشتی و سەرەکی چوارچێوەکی دیاری کردووە،

---

(1) شيرزاد النجار. محاضرات في النظم السياسية المقارنة. أربيل: جامعة صلاح الدين، ٦.

(2) محمد فاروق النبهان. نظام الحكم في الإسلام، ١٨.

بۆ نموونە وەك: دادگەری و ڕاوێژ و ڕاستڕەوی؛ چونکە هەر کارێکی موسڵمان بە سیاسەتیشەوە ئامانج لێی ڕەزامەندی خوای مەزنە لە دواڕۆژدا.

جا لەبەر ئەوەی سیاسەت لە چوارچێوە گشتییەکەیدا شتێکی دونیاییە، سروشتی شتی دونیاییش وایە کە گۆڕان و فرە جۆری بەسەردا دێ بەپێی جیاوازی بارودۆخەکان؛ ئەوا شەریعەتی ئیسلامی نەیبڕاندۆتەوە، چوارچێوەیەکی دیاریکراوی نەگۆڕی بۆ دانەناوە؛ بەڵکو تەنها چەند بنەمایەکی گشتی داناوە کە نزیکە لە بنەمای یاسادانانی گشت ئایینەکان، کاربەدەستان و زانایان و پسپۆڕانی هەڵوەشاندنەوە و گرێدان (أهل الحل والعقد) وردەکاری گونجاو لە کات و شوێنی دیاریکراو لە سایەی بنەماکان ڕوون دەکەنەوە، دیاریکەرەکانی سیستەمی سیاسی بەجێهێشتووە بۆ دانایی و ژیری مرۆڤ و بەرژەوەندی کۆمەڵگە و پێشکەوتنەکەی، هەروەها بۆ ڕای گشتی کە نەریتی تەندروست گوزارشتی لێدەکات لە گشت کات و شوێنێکدا؛ بەپێی ژمێرەکانی بە هێزی و لاوازی و بەپێی هاوکێشە بارودۆخییەکان کە بڕیار لە پەیوەندییە بەردەوامەکان دەدەن.

لەوانەیە توێژەری سیاسی لە بڕگەکانی پەیماننامەی حودەیبیەدا وانەیەکی سیاسی زۆر گرنگ بەدی بکات، لە بارەی دووربینی و نەرم و نیانی و واقیعی بوون. یەکێك لە بڕگەکانی سەر شۆڕکەر بوو، بەپێی ڕووکەشەکەی، پێچەوانەی بیروباوەڕیش بوو؛ چونکە وا دەیخواست کە ئەو هاوبەشدانەرانەی باوەڕیان دەهێنا دەبێ بگەڕێنرێنەوە بۆ لای هاوبەشدانەران. بڕگەکە تێکگیراو بوو لەگەڵ

ڕاستییەکانی ئایین، بەڵام یەکگرتووی تەواوی بڕگەکانی پەیماننامەکە سەرکەوتن و بردنەوەی بۆ موسڵمانان بەرجەستەکرد لە دواتردا.

بەگوزارشتێکی تر، ئیسلام ئاینێکی سیاسییە بەڵام ئوممەتی پابەند نەکردووە بە ئەرکێکی ئاینی دیاریکراو لە سیاسەتدا جگە لە دەستگرتن بە ئیسلام و دادگەری و چاکەکاری و مەشخەڵ و نیشانە ڕەوشتییەکان، ئیسلام سیاسەتی کورت نەکردۆتەوە لە کۆمەڵە فەرمانێکی تێرو تەسەل و نەگۆڕ و شێوە ڕێکخستنی جیاواز و گرژی و ئاڵۆزی چەقبەستوودا؛ بەڵکو چوارچێوەی پان و پۆڕی دیاریکردووە بۆ پەیوەندی کاربەدەست و ژێردەست، پەیوەندی کۆمەڵگەی موسڵمان بە کۆمەڵگەکانی دیکەوە. لەسەر دادوەر پێویستە پابەندی دادگەری بێ لە سیاسەتدا. دادگەری چەندین شێوە و وێنەی گونجاوی هەیە کە خۆی بۆیە دەکات بە ڕەنگە گۆڕاوەکانی ژیان؛ شێوەکانی دیموکراسییەتی تازە و کۆن، هەروەها هەر سیستەمێکی سیاسی دیکەش دەگرێتەوە کە دادگەری بۆ کۆمەڵگە و تاکەکان دەستەبەر بکات، بەختەوەری و ئاشتی لە زەویدا مسۆگەر بکات.

ئەو پێوەرە گشتیانەی لە قورئاندا هاتوون، دەکرێ وا دایبنێین کە ئاماژەن بۆ ڕێکخەرەکانی سیاسەت لە ئیسلامدا، بریتین لە: دادگەری و ڕاوێژ و دەستپاکی و ئەمینداری و گوێڕایەڵی (پابەندبوون) و بەرگری کردن لە ڕۆح و ئایین و بەردەوام خۆ ئامادەکردن بۆی، وابەستەبوونێکی تۆکمە بە ڕێکەوتن و پەیماننامەکان، گرێدانی پەیوەندی دۆستایەتی و خۆشەویستی لەگەڵ ئەوانەی

جیاوازن لەگەڵمان و دژمان ناوەستن و هێرش ناکەنە سەرمان، دەستدرێژیکەر نین، جگە لەمانەش کە بنەڕەت و بنچینەی مرۆیی بۆ سیستەمی سیاسی ئیسلامی دابین دەکات بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئارامی نێودەوڵەتی.

لە ڕاستیدا ئەرکی ئیسلام ڕێنماییکردنی مرۆڤ بۆ لای پەروەردگاری، گەشەپێدانی لێهاتوویی ڕەوشتییە لە ویژدان و هەڵسوکەوتیدا، ئەرکی بریتی نییە لە سەپاندنی سیستەمێکی سیاسی دیاریکراوی وەك: جێنشینایەتی یان پاشایەتی یان جگەلەمانە، یان ژیانی سیاسی موسڵمانان چەقبەستوویی پێبدرێ لە قالبێکی دیاریکراوی نەگۆڕدا.

لێرەوە لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی ڕاست و دروستدا شتێك نابینین کە شێوەی گونجانی شەرعی بۆ سیستەمی سیاسی ئیسلامی دیاری بکات، کە ئایا جێنشینایەتییە؟ یاخود کۆمارییە؟ یان پاشایەتییە؟ یاخد دیموکراسییە؟ هەروەها ئەوەش بەدی ناکەین کە ئێستا توێژینەوەی لەبارەوە دەکرێ لە فیقهی سیاسی دەستووری سەبارەت بە وردەکاری سیستەمە سیاسییەکان، شێوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەڵکو ئەوەی تێدا بەدی دەکەن هەروەك پێشتریش خستمانەڕوو کە ئاماژەی کردووە بۆ دادگەری و ئەمینداری و دەستپاکی و ڕاسترەوی: ﴿ فَمَا ٱسۡتَقَٰمُواْ لَكُمۡ فَٱسۡتَقِيمُواْ لَهُمۡ ﴾ التوبة: ٩/ ٧. واتە: (هەتا ئەوان پابەند و ڕاست و دروست بن لەسەر پەیمانەکەیان بەرامبەر ئێوەوە، ئەوە ئێوەش پابەند و ڕاست و ڕەوان بن بۆیان). هەروەها ئاماژە کراوە بۆ ئاشتی: ﴿ وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلۡمِ فَٱجۡنَحۡ لَهَا ﴾ الأنفال: ٨/ ٦١. واتە: (جا ئەگەر

"دوژمنان" بەلای ئاشتیدا دایانشکاند و حەزیان پێکرد تۆش "ئەی محەممەد (د. خ)، ئەی پێشەوا" ئامادەیی خۆت دەربڕە).

هەر چۆنێك بێت، وتنی ئەوەی شەریعەتی ئیسلام کاروبارە سیاسییەکانی بە وردەکاری باس نەکردووە وەك چۆن بابەتەکانی پاك و خاوێنی باسکردووە بە وردی، واتای ئەوە نییە ئیسلام وەسف بکرێ بەوەی سیستەمێکی نا ورد و کرچ و کاڵە؛ بەڵکو واتای وایە کە شەریعەت سیستەمی سیاسی بۆ موسڵمانانی بە چەقبەستوویی لە قالبێکی دیاریکراوی نەگۆڕدا دانەناوە؛ بەڵکو داڕشتنی ئەم چوارچێوە و قالبەی بەجێهێشتووە بۆ ژیری و عەقڵی موسڵمانان و بەپێی بارودۆخ و پێشهاتە تازەکان لە گشت کات و سەردەمێکدا. سیستەمێکی دەستکردە و جیاواز نییە لەگەڵ هیچ سیستەمێکی سیاسی دیکە، جگەلەوەی دەبێ لە باوەڕەوە هەنگاوبنێ، بۆ پاراستنی ئیسلام و ئوممەت بێ، دەستیش بگرێ بە دادگەری و بنەما گشتییە زانراو و ناسراوەکان.

لە ڕاستیدا هەندێك خەڵك پێیان وایە کە ئیسلام بەهیچ شێوەیەك چارەی بواری سیاسەتی نەکردووە، بە تێڕوانینی خۆیان پێیان وایە ئاینێکە بە واتا ناسراوەکەی و نە سیاسەت لە ئیسلامدا و نە ئیسلام لە سیاسەتدا هەیە. هەندێکی دیکەش پێیان وایە سیاسەت کارێکی شەرعییە. مەبەستیان لەوەیە کە سیاسەت بوونی نییە لە دەرەوەی چوارچێوەی دەقی شەرعی یان کۆششی فیقهی کە لێیەوە سەرچاوەی گرتووە، سیاسەت لە دەرەوەی بنەمای حوکمڕانیەتی

شەرع بوونی نییە. پرسی سیاسەت لای ئەمانە وەك نوێژ و ڕۆژووە کە ڕێکخەر و ڕێنماییەکانی لە شەرعەوە نەبێ وەرناگرێ.

ئەم بۆچوونە واتای ئەوەیە سیستەمی سیاسی لە ئیسلامدا خاوەنی چوارچێوەی مێژووی چەسپاوە، حوکمی سیاسی کۆت و بەندکراو و ڕامکراوە، هیچ جێگایەك بۆ ویستی گەلی حوکم کراو بوونی نییە، تەنانەت شوێن بۆ عەقڵی دامەزراوەی حوکمڕانیش تێدا نییە. بەمەش تایبەتمەند و جیاوازە و خەریکە نزیك نەبێتەوە لە هیچ سیستەمێکی سیاسی دەستکردی گەشەکرد یان گەشە نەکردوو.

بەڵێ لە چەندین ناوەندی ئیسلامیدا ڕەوتێکی سیاسی ئیسلامی زاڵ و باوە کە خەریکە مەبەستەکانی ئیسلام لە سیاسەتدا کورت بکاتەوە، بەرەو ئاڕاستەی بەتاڵ کردنەوەی دروشمە ئاینیەکان دەچێ لە واتا ڕۆحییە دەروونییە پوختەکار و پاککەرەوەکان لە پێناو بەرژەوەندی سیاسەت و بەسیاسەتکردن، حەزی لە ڕاگەیاندنی جەنگی بەردەوامە دژی ئەوانی تر بێ نەرم و نیانی نواندن و ئاسانکاری کردن. ئەمەش شتێکە ئاکامی نەرێنی هەیە لە دوورکەوتنەوە لە مەبەست و ڕۆحی شەریعەتی لێبوردە، هەروەها لە هەڵگیرساندنی گیانی ململانێ و دوژمنکاری و تۆڵەسەندنەوە لەلای ئەوانی تر کە مافی ئەوەیان هەیە بەرگری لە خۆیان و گەل و نەتەوەکانیان بکەن. ڕەوتێکی تر هەیە زۆربەی جاران زاڵە لە ناو چینەکانی ڕۆشنبیر و عەلمانی و عەقلگەراکان کە بایەخ بۆ ئیسلام دانانێ و حیسابی بۆ ناکات تەنها لە گۆشەی مزگەوتدا نەبێ. ئەمەش

ڕەوتێکی هزری سیاسییە کە بێ ئاگایە لە ئیسلامی سیاسی کە حوکمەکەی باوبووە بە کۆششێکی دروست یان بە پەیڕەوێکی هەڵە زیاتر لە هەزار و سێ سەد ساڵە. ئەم ڕەوتەش بە ئەندازەی ڕەوتی یەکەم لە ڕاستیەوە دوورە. واتە: میانڕەوی و مامناوەندچێتی هاوسەنگ بریتییە لە سیاسەتی ئیسلامی. لە ڕاستیدا هەڵوێستی گرژی باو و زاڵ لە جیهانی هزری ئیسلامیدا دژی ئەوانی تر، بریتییە لە ڕەنگدانەوە و درەوشانەوەی ترسێك کە پاساوی بۆ نییە، لەسەر ئەوەی کە لەوانەیە زیان بە ئیسلام بگات لە دەرەنجامی پێشکەوتنی شارستانیەتی ماددەگەرا بەسەر کۆمەڵگەکانیدا، کەچی وا پێویستە بیروباوەڕی ئیسلامی ببێتە پارێزەرێکی هزری و ڕەوشتی و دەروون کە ڕێگر بێ لە ڕۆچوونی موسڵمان لە بریسکە و بریقەی شتە ماددییەکان بەو وێنەیەی کە دەیباتە دەرەوەی بازنەی ئاینەکەی. ئەمە هەڵوێستێکی جۆش و خرۆشانەی نا ژیرانەیە، بە هیچ شێوەیەك ڕەگ و ڕیشەکانی ناگەڕێنەوە بۆ ڕەسەنایەتی ئیسلامی؛ چونکە یەکێك لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی فیقهی ئیسلامی ئەوەیە کە فیقهێکی فراوانە و لەسەر ڕێزگرتن لە بۆچوونی بەرامبەر دامەزراوە، ئەگەر لە بواری پرسە ژیری و عەقڵییەکانیش بێ. شتێکی زانراوە کە دەقی بڕاوە و سەلمێنراو لەسەر هەر بوارێك نەهاتبێ، ئەوا ماوە فراوان دەبێ تا دانایی و بەرژەوەندی ڕەوای تێدا بەکاربهێنرێ. ئەمەش بوارێکە خەریکە کاروبار و لایەنەکانی سیاسەت و کارگێڕی و کۆمەڵگە بگرێتەوە.

لێرەدا باسی ئێمە لەسەر فرە جۆری فیقهی نییە، چونکە ئەمە بابەتێکە گۆڕەپانەکەی بریتییە لە فەرهەنگە فیقهییەکان، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە بریتییە لەو ڕاجیاییەی هەیە لەبارەی سیاسەت و پێگە و شوێنی لە ئیسلامدا.

## سێیەم: پێگەی سیاسەت لە ئیسلامدا

ئایا سیاسەت لە ئیسلامدا کۆت و بەند دەکرێ بە دەقی شەرعی؟ ئایا هەڵوێست چییە لە بەرامبەر سیاسەتی ژیرانە و عەقڵگەرا؟ کە ئەو دەسەڵاتە دەستکردە وێنای دەکات کە ڕاسپێرراوە بە پشت بەستن بە بەرژەوەندی کات و شوێنی وڵات یان بە پشت بەستن بە دەستوور و یاسا زاڵ و باوەکان لە کۆمەڵگەدا نەوەك بە پشت بەستن بە دەقە فیقهییەکان.

بە دەربڕینێکی تر، هەڵوێست چییە لە بەرامبەر سیاسەتی ژیرانەی دانایانە کە پشت نابەستێت بە سەرچاوەبوونی دەق، بەڵام بنەما و ڕێنماییە گشتییەکانی ئیسلام پێچەوانەی نین؟.

پێش ڕۆیشتنە ناو وێناکردنی ئەو ئاڕاستەیەی کە نزیکترە لە مەبەستەکانی ئیسلام، ئاماژە دەکەین بۆ ئەوەی کە زۆربەی ڕاجیاییە فیقهی و بیروباوەڕییەکان بریتین لە ڕاجیایی بێژەیی و ڕووکەشی، بەو واتایەی کە دروستبووە لە دیاریکردنی مەبەستی بێژە و دەربڕینەکانی خوای یاسادانەر، بە هۆی ئەوەی دەکرێ واتاکەی زاراوەیی یان زمانەوانی ڕاستەقینە (حەقیقەت) یان

خوازراو (مجاز) بێ، یان واتایەکی تری بۆ لێکدرابێتەوە بە گشتی یان تایبەتی. شتێکی ڕوونە ئەو زاراوە سەرەکیانەش لەم ڕاجیاییە دەربازیان نەبووە، کە پەیوەستن بە ڕاستینە و حەقیقەتی لایەنگیری وەك: باوەڕ (ئیمان) و بێ باوەڕی (کوفر). بۆ نموونە: ئیمان بریتییە لە بەڕاستدانان. هەندێك بە مەرجیان داناوە کە بە ڕاستدانانەکە دەبێ لە بەڵگەوە سەرچاوە بگرێ. ڕاجیاییان هەبووە لەسەر ئەوەی ئیمان و باوەڕی پێ بەدەستدێ، مەزهەبێك دەڵێت ئیمان و باوەڕ تەنها بریتییە لە گوتن و دەربڕین (دانپێدانان) بە زمان، مەزهەبێکی تر لەگەڵ دەربڕین بە زمان بە مەرجی داناوە بە دڵیش دانی پێدابنرێ، مەزهەبێکی دیکە پێی وایە ئیمان و باوەڕ بریتییە لە دانپێدانان بە دڵ و دەربڕین بە زمان و کار پێکردن بە ئەندامەکان، ڕاجیاییان هەیە لەسەر ئەم ڕەگەزانە. ئێمە لێرەدا لە سەروبەندی ئەوەدانین کە بە فراوانی بڕۆینە سەر ناوەڕۆك و واتای ئاماژەیی ئەم زاراوە گرنگانە، بەڵام ئێمە ئاماژە دەکەین بۆ ئەوەی: کە هەروەك لەسەر بنەڕەتی ئەم ڕاجیاییە بێژەییە کۆمەڵە خەڵکێك هاتوونەتە ناو ئیمان و باوەڕ و کۆمەڵکی تر لێی دەرچوون، ئەوا ئەرك و کارە بنچینەییەکانی حوکمڕانی و زاراوەکانیشی دەرباز نەبوونە لە ڕاجیایی وەك: سیاسەت و جێنشینایەتی (خەلافەت) و میرایەتی و بەڵێن (بەیعەت) و دەسەڵاتی شەڕعناس و جگەلەمانەش.

لەوانە زانای بلیمەت ئیبن عەقیلی حەنبەلی لەوانەیە لە هەمووان چاکتر جەرگەی ڕاستی پێکابێ لە پێناسەکردنی سیاسەت: لە مێزگەردێکدا کە لە نێوان

ئیبن عەقیل و شەڕعناسێکی تردا ڕوویدا، شەڕعناسەکە پێی وت: هیچ سیاسەتێك نییە مەگەر کۆك و گونجاوبێ لەگەڵ شەڕع.

ئیبن عەقیل وتی: سیاسەت ئەو کردەوانە دەگرێتەوە، کە بەهۆیەوە خەڵك لە چاکە و خۆشگوزەرانی نزیکتر بێ و لە گەندەڵی و خراپە دوورتربێ؛ ئەگەر پێغەمبەر داینەنابێ و سروش و نیگای لەسەر دانەبەزیبێ.

دواتر وەك دواندنی ئەو وتی: ئەگەر مەبەستت لەم وتەیەت: هیچ سیاسەتێك نییە مەگەر کۆك و گونجاوبێ لەگەڵ شەڕع، واتە: پێچەوانەی ئەوە نەبێ کە شەڕع وتویەتی، ئەوا وتەکەت ڕاستە، ئەگەر مەبەستیشت ئەوەبێ کە تەنها شەڕع دەریبڕیوە، ئەوا وتەکەت هەڵە و بە هەڵەدانانی هاوەڵانیشە. چەندین شت لەسەر دەستی جێنیشنە سەرڕاستەکان ئەنجامدراوە کە شەڕع دەری نەبڕیوە.

بەڵام ئایا ئەو سنوورە چییە کە شەڕع بۆ سیاسەتی دیاری کردووە؟

شتێکی چەسپاوە کە سیاسەت یەکێك نییە لە بابەتە بیروباوەڕە ئیمانیەکان، یەکێك نییە لە بنەما و کۆڵەگەکانی ئایین. پەیوەندی هەیە بە ڕێکخستنی بەرژەوەندییەکانی خەڵك و پەیوەندییەکانیان لە ناوە و دەرەوە. سیاسەت کاروبارێکی دونیاییە، پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە. پێغەمبەر مافی سەربەخۆبوون لە گەشەپێدانی کاروبارە دونیاییەکانی داوەتەوە ئوممەتەکەی

(هاوەڵەکانی)، هەروەك فەرموویەتی: ((ئێوە شارەزاترن لە کاروباری دونیاکەتان))[1].

بە پشت بەستن بەم تێگەیشتنە دروستە لە شەریعەت، ئیبن قەییم لە سەرەتای بەشی سێیەمی کتێبەکەی (إعلام الموقعین)دا لەبارەی ئەوەی دەکرێ وەك بناغە دابنرێ بۆ فیقهی ئیسلامی و دەستوورەکانی موسڵمانان، وتویەتی: ((بنچینە و بناغەی شەریعەت لەسەر دانایی و بەرژەوەندی بەندەکانە. هەمووی دادگەری و میهرەبانی و بەرژەوەندی و داناییە. هەر پرسێك لە دادگەریەوە دەرچوو بۆ ستەمکاری و لە ڕەحمەت و میهرەبانیەوە بۆ دژەکەی و لە بەرژەوەندیەوە بۆ زیان و خراپە، لە داناییەوە بۆ بێ دانایی ئەوا بەشێك نییە لە شەریعەت، ئەگەر بە لێکدانەوە (تأویل)یش بخرێتە ناو شەریعەتەوە. شەریعەت دادگەری خوایە لە ناو بەندەکانی و میهرەبانیەکەیەتی لە ناو دروستکراوانی، سێبەرەکەیەتی لەسەر زەمینەکەی، داناییەکەیەتی کە بە جوانترین و ڕاسترین ئاماژە دەکات بۆ خوا و پەیامەکەی)). ئیبن قەییم وتەیەکی دیکەی گرنگی هەیە، دەڵێت: ((ناڵێین سیاسەتی دادگەر پێچەوانەی شەریعەتی گشتییە، بەڵکو بەشێکە لە بەشەکانی و کەرتێکە لە کەرتەکانی، ناونیشانی بە سیاسەت شتێکی زاراوەییە، ئەگەرنا دادگەری بووبا ئەوا بەشێك دەبوو لە شەرع))[2].

---

[1] إعلام الموقعين لإبن القيم ٤/ ٣٠٩.

[2] هەمان سەرچاوە، ٣/ ٢٧.

ئەوەی بە ڕوونی ئاماژە دەکات بەوەی ئێمە وتمان، ئەوەیە کە: زانایان وردبوونەتەوە لەو ئایەتە پیرۆزانەی دەکرێ دابەش بکرێن بە ڕۆشنی لە چوارچێوەی بوارەکانی ڕێسادانانی یاسایی بە لق و پۆپە تاوانیەکان و مەدەنییە دەستووریەکان و سیاسی و ئابووری و داراییەکان و جگەلەمانەش، بینیویانە لە دوو سەد ئایەت تێپەڕ ناکەن، پشکی سیاسەت و سیستەمی سیاسی ئەوەندە کەمە خەریکە شایەنی باس نەبێ. بریتین لە چەند ئایەتێك کە ئاماژەی گشتی دەنوێننن بۆ پێوەرە ڕەوشتییەکان، کە گونجاون بۆ سیاسەتی ئوممەت و ئایین. هیچ شتێکی وایان تێدا نییە کە کۆمەڵگە بە سیستەمێکی سیاسی بپارێزی، یان شێوە جۆرێکی کارگێڕی دیارکراو دابنێ لە حوکم و سیاسەتدا. ئەمە و ئەوەی تر بەستراونەتەوە بە عەقڵی شارستانی ئوممەت و بەرژەوەندییەکانی کە وەستاوەتە سەر میهرەبانی و دادگەری نەوەك تۆڵەسەندنەوە و خۆسەپاندن لە سایەی بەهای بەشداربوونی گشتی (ڕاوێژ) بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە. وا پێویستە کە خەڵك لە ناو کۆمەڵگەی موسڵماندا یەکسان بن وەك ددانەکانی شانە، کار بە بەڵێنی کەسی هەرە نزمی موسڵمانان دەکرێ، یەك دەستن لە دژی ئەوانەی دەیانەوێ هێرشیان بکەنە سەر.

من باوەڕم وایە کە ئیسلام بەرنامەیەکی داڕێژراوی خواییە بۆ پەیڕەوی مرۆڤ لە باوەڕ و ئیمان و ئاوەدان کردنەوەی زەوی بە تاکەکەسان و کۆمەڵگە. کۆمەڵگە و ستوونی  ئەم پەیڕەوە قورئانی پیرۆز و ژیاننامەی پێغەمبەر (د. خ) و دانابیە. سیاسەتیش دەکەوێتە ناو بازنەی دانایی و حیکمەتەوە، کە عەقڵ و ژیری مرۆڤ ڕۆڵێکی مەزنی تیایدا دەبێ، هەروەك دەکەوێتە ناو چوارچێوەی

بنەما گشتییەکان، کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون، وەك: دادگەری و ئەمینداری و دەستپاکی. بەمەش لە ئیسلامدا دەقی دیاریکراو نییە واتای سیاسی دیاری بکات بەو شێوەی ئێستا ناسراوە. ئەوەی لە فیقهی ئیسلامیدا ناسراوە لەکتێبەکانی پێشەوایەتی و حوکم و یاساکانی دەسەڵات، ئەوا بریتییە لە کۆشش و بۆچوونی مرۆیی، کە دەبوایە هەر ببووبا بۆ جێبەجێکردنی سیاسەت لە سەردەمەکانیاندا لە ژێر ڕۆشنایی بنەما و بنچینەکانی ئیسلام. بەڵام سیاسەت کورت بکرێتەوە لە دەقی شەرعیدا، ئەوا بریتی نییە لە بە هەڵەدانانی هاوەڵان لەم کاتەی ئێستادا و بەس، وەك ئیبن قەییم وتی؛ بەڵکو وەك خۆکوشتنی ئوممەتی لێدێت، دەبێتە مایەی پەکخستنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکان، دواکەوتنێك کە پێشینەی بۆ نییە. سەبارەت بەوەش کە سیاسەت وەربگرن و هەڵبهێنجین لە کۆششی فیقهی پێشەواکانی چوار مەزهە فیقهییەکە یان هەشت مەزهەبەکە یاخود جگەلەوان، ئەوا ئەمەش کارەسات و ئاشوبی مەزنە، ئەمە وەك گەڕانەوەیە بۆ سیستەمی گواستنەوە و گەیاندن بە ئاژەڵان، وەك چۆن لە سەردەمەکانی ئەبو حەنیفە و ئەوزاعیدا هەبووە. من پێم وایە و گەواهیش دەدەم کە ئیسلام سیستەمێکی ژیانە، ژیانێکی نەمری بەدوادا دێ لە دواڕۆژدا، ئەمە سیستەمێکی خوایی ڕۆحییە و بە توندی مرۆڤ وابەستە دەکات بە بەدیهێنەر و بنەڕەتی بوونی، ئەو ڕێگایەی بۆ وێنا دەکات کە دەیگەیەنێ بە ناسینی پەروەردگاری، بەهۆیەوەش ڕەزامەندی خوا بەدەستدەخات لە دواڕۆژدا. بەهەمان شێوە سیستەمێکی هەڵسوکەوت و شێوازی ژیانە، ڕێگەی کاری چاك و باش بۆ دەروون و خێزان و کۆمەڵگە وێنە دەکات. ئیسلام بیرو باوەڕ و کۆمەڵە

دروشم و پەرستش و بنەما و نموونەیەکە بایەخ دەدات بە بەختەوەری مرۆڤ لە دونیا و دوارۆژدا. هیچ شتێکی تێدا نییە خەیاڵ بێ و دوور بێ لە جێبەجێ کردن؛ بەڵکو هەندێکی تری سروشتییە، هەندێکیشی هاوئاوازە لەگەڵ ڕۆحی مرۆڤ، هەندێکی دیکەش پێویستە بۆ سەلامەتی تاك و کۆمەڵگە. شتێکی تێدا نییە ژیری بە دووری بزانێ یان سروشت ڕەتی بکاتەوە، ئەوەی بۆ جەستە تێدایە کە تێری بکات بە شتە پاك و خاوێنەکان، ئەوەشی بۆ ڕۆح تێدایە کە وزەی پێبدات بە ئاسوودەیی و دڵنیایی و هیوا و ئارامی و سەلامەتی، بۆ کۆمەڵگەش ئەوەی تێدایە کە بەختەوەری بکات لە خۆشگوزەرانی و پاراستنی لە خراپە. نموونەی ئەم سیستەمە کامڵ و یەکتر تەواوکەرە لە بووندا دەستەبەر نابێ، لە ناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بەرپا نابێ، ئەو کۆمەڵگەی کە ئامرازەکانی یەکتر بوغزاندن و دەستدرێژی لە نێوان کەڵبەکانیدا هەڵگرتووە، بەبێ دەستەیەکی کۆمەڵایەتی کە چاودێری بکات و بیپارێزێ، بەرگری لە سنوورەکانی بکات. بە گوزارشتێکی تر بێ ئەوەی دەوڵەتێك پێی هەڵبستێ. لێرەوە دروستە بوترێ: پێشەوایەتی واتە دەوڵەت بەپێی عەقڵ و شەرع پێویستە. لە کتێبی (الأحکام السلطانیة) و کتێبەکانی زانستی کەلام بەڵگە هێنانەوەی ژیربێژی و ئاینی وتراون بۆ گەیشتن بەم داواکراوە، بەڵام من تەنها بەڵگەی پێویستی دێنمەوە کە ئەمەیە ((هەر ئەرك و واجبێك پەکی لەسەر شتێك کەوتبێ، ئەوا ئەو شتەش پێویست و واجبە)) دەوڵەتی ئیسلامی خەیاڵ نییە، بەبێ بنچینە لە شەرع بەرپانەبووە. لە ڕاستییەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (د. خ) ئەوەیە کە پێغەمبەر ((حوکم و داوەری کردووە، سزا و سنوورەکانی

بەرپا کردووە، ڕێکەوتن و پەیماننامەی گرێدەدا، شاندی ڕەوانە دەکرد، کاربەدەست و میرەکانی دیاری دەکرد، لەشکری ڕێکدەخست، پارە و سامانی دەکردەوە و دابەشی دەکرد))، لە ئیسلامدا جیاکردنەوەیەکی تەواو نییە لە نێوان ئایین و ژیان، لەوانەش سیاسەت، ئەمە گومانێکە هاتووە لە سیستەمی خۆرئاواییەوە، ئەو کات کڵێسا دەستی گرتبوو بە قوڕگی سیاسەتەوە، هەروەها دەستی گرتبوو بە جۆرەها ئامرازی داپڵۆسین و چەوساندنەوە بۆ ماوەیەکی درێژ، ئەمەش بووە ڕێگر لەبەردەم پێشکەوتنی خۆرئاوا، سیستەمی خۆرئاوا زاڵبوو بەسەر سیستەمی کڵێسادا، بنەمای جیاکردنەوەی ئاینی لە سیاسەت داهێنا. دەترسێین ئەم ئەزموونە تاڵانە دووبارە ببنەوە لەو ڕژێم و سیستەمانەدا کە بانگەشەی موسڵمانێتی دەکەن، کەچی کاری زیاتر لەوە ئەنجام بدەن کە کڵێسا ئەنجامی داوە لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا، دژی ئاینە لێبوردەکەی و گەل و نەتەوەکانی، هەروەك ئەم دۆخە بینرا لە میرنشینی ئیسلامی مەلا عومەر لە ئەفغانستان، کە دوورکەوتەوە و بێزی دەبووەوە لە هەر شتێکی تازە، کە حەوێنەرەوە بووە بۆ مرۆڤایەتی، هەڵوێستێکی توووند و نەگۆڕی هەبوو دژی ئازادی و مرۆڤ.

### چوارەم: دەوڵەتی ئیسلامی

باسی ئەوەمان کرد کە سیاسەت دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پێویستە لە ئیسلامدا، هەروەك دەوترێ: ئیسلام دین و دەوڵەتە، بەڵام لەو ڕووەی کە ئاین و

دینە، ئەوا بریتییە لە سروش و نیگا خوایی پیرۆز و ڕەها، کە پێویستە موسڵمانان ملکەچی بن و هەڵوێستەی لەسەر بکەن و سنوورەکانی تێنەپەڕێنن. سەبارەت بەوەی ئیسلام دەوڵەتە، ئەوا ئەمەیان شتێکی دیکەیە، لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی بەپێزدا ڕوونکردنەوەیەکی ڕۆشن نەهاتووە بۆ شێوەی دەوڵەت و وردەکارییەکانی سیاسەت، منیش وەك ئەوانی تر پێم وانییە دەبێ دەوڵەت لەسەر هەر چەشنێکی پێشوو بێ لە حوکمی ئیسلامیدا، جا چ دەوڵەتی مەدینەی پیرۆز یان جێنیشینایەتی سەرڕاست یاخود دەسەڵاتی ئەمەوی یان دەوڵەتی فاتیمی یاخود هاوێنەی دەوڵەتی نەمیری یان میرنشینی مەلا عومەر لە ئەفغانستان بێ. هەروەك پێشم وانییە پێویست بێ گشت نموونە و بنەماکانی ئیسلامی تێدا بەرجەستە ببێ لە میانەی جێبەجێکردندا، تا شایستەی وەسفی دەوڵەتی ئیسلامی نەبێ. هەروەك گومان لەوە نییە ئەو دەوڵەتی ئیسلامی ئێستا هەیە و لە ژێر سایەی (ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی)، کە ڕێز لە دروشمەکانی ئیسلامی دەگرێ، دان بەوە دەنێ کە لایەنگریەتی، لەگەڵ بەرژەوەندی موسڵمانان دەوەستێ، دروشمەکانی بانگدان و دوو جەژنەکە بەرپا دەکات، زۆربەی کۆمەڵگەکانی بنەماکانی ئیسلام جێبەجێ دەکەن، گومانم نییە لەوەی ئەمە دەوڵەتێکی ئیسلامییە، ئەگەرچی دروشمی سیاسی هەندێك لە بزوتنەوە ئیسلامییەکان هەڵ نەگرێ وەك دروشمی حوکمڕانیەت (حاکمیەت) و جێبەجێکردنی پیتاو پیتی شەریعەت، تەنانەت ئەگەر کەم و کورتیشی هەبێ لە هەندێك بنەما هەڵسوکەوت و حوکم تێداکردنی. پێم وانییە بوونی دیاردەیەکی خراپەکاری یان تاوانکاری یاخود حەڕام لە ناو کۆمەڵگەی موسڵماندا ڕێگردەبێ

له دانان بەوەی ئەم دەوڵەتە ئیسلامییە. هەروەها بۆچونم وانییە بوونی بانکێکی سووکار یان یاسایەکی دەستکردی دادگەر لە ناو دەوڵەتێکی ئیسلامیدا دەبێتە کەم و کورتیەکی توانجدەر لە وەسفکردنی بە دەوڵەتێکی ئیسلامی. مادەم نکۆڵی ناکات لە یەکێك لە بنەمایانەی بە پێویست زانراون لە ئایندا. لەم بوارەدا هەردەم گەواهی دێنمەوە بەوەی ئیبن جەریری تەبەڕی باسیکردووە لەوەی: ((خەڵکانێك گەیشتنە عەبدوڵای کوڕی عومەر لە میسڕ، وتیان: کۆمەڵە شتێك لە کتێبی خوادا دەبینین، خوا فەرمانی کردووە کاریان پێبکرێ، کەچی کاری پێناکرێ، بۆیە ویستمان لەم بارەوە چاومان بە پێشەوای باوەڕداران بکەوێت، ئیبن عومەر و دەستە خەڵکەکە هاتنە شاری مەدینەی پیرۆز تا سکاڵای خۆیان پێشکەشی جێنشین (خەلیفە) بکەن، عومەر بە ئیبن عومەر گەیشت و پێی وت: کەی گەڕایتەوە مەدینە؟ عەبدوڵاش وتی: لەم کاتە و بەم جۆرە... جا عەبدوڵا وتی: ئەی پێشەوای باوەڕداران کەسانێك لە میسڕ پێم گەیشتن و وتیان: ئێمە شتانێك دەبینین لە کتێبی خوادا، خوای مەزن فەرمانی کردووە جێبەجێ بکرێ، کەچی کاری پێناکرێ، بۆیە پێیان خۆشبوو لەم بارەوە چاویان بە تۆ بکەوێ.

عومەر (دەمودەست پەیی برد بە مەبەستی سیاسی ئەم کۆبوونەوە ڕەخنەگرە) و وتی: ئەوان بۆ من کۆبکەنەوە. عەبدوڵای کوڕی عومەر وتی: کەسەکانم بۆ کۆکردەوە، یەکێکیان لەلای خوارەوەی مەجلیسەکە دانیشت، عومەر پێی وت: سوێندت دەدەم بە خوای مەزن و بە مافی ئیسلام لەسەر تۆ، تەواوی قورئانت خوێندۆتەوە؟ وتی: بەڵێ. عومەر وتی: ئایا کارت بە هەمووی

کردووە؟ کابرا وتی: بەخوا نا وام نەکردووە. ئەگەر بیوتبا بەڵێ ئەوا لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرد. وتی: ئایا لە چاوتدا کارت پێ کردووە؟ ئایا لە دەربڕینتدا کارت پێکردووە؟ ئایا لە شوێنەوارتدا کارت پێکردووە؟ عەبدوڵای کوڕی عومەر دەڵێ: عومەر ئەوها لەگەڵ یەکە بە یەکەیان پێڕاچوو. عومەر وتی: دایکی عومەر ڕۆ ڕۆ بکات! عومەر ئەرکدار دەکەن بەوەی خەڵك بخاتەسەر کتێبی خوا، لە کاتێکدا پەروەردگار زانیویەتی گوناهمان دەبن. ئینجا ئەم فەرمایشتەی خوای مەزنی خوێندەوە: ﴿ إِن تَجْتَنِبُوا۟ كَبَآئِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُم مُّدْخَلًا كَرِيمًا ﴾ النساء: ٤/ ٣١. واتە: (ئەگەر خۆتان بپارێزن لەو تاوانە گەورانەی قەدەغە کراوە لێتان، ئەوە لە گوناهەکانی ترتان چاوپۆشی دەکەین و دەتانخەینە جێیەکی خۆش و سازگار و ڕێزدارەوە "کە بەهەشتی بەرینە").

دواتر عومەر وتی: ئایا خەڵکی مەدینە زانیویانە چی ئێوەی هێناوەتە ئێرە؟ وتیان: نەخێر. عومەر وتی: ئەگەر بزانن ئەوا بە ئێوە پەند بەوانی تر دەدەم))[1]، واتە ئەوانی تەمبێ دەکرد تا ئەوانەی تر پەند و ئامۆژگاری لێوەرگرن. لێرەدا دەتوانین بڵێین میری باوەڕداران بەدانایی خۆی پەیی بردووە بە مەترسی ڕاگەیاندنی توندڕەوان لە جێبەجێکردنی هەڵەی ئایین، بۆیە توندڕەوی هەر لە بێشکەیدا سەرکوت کرد، بەڵام هەمان ئاشوب سەریکێشا بۆ کوژرانی عوسمان و دواتر بۆ ئاشوبی مەزن، کە هێشتا موسڵمانان تاڵایەتیەکەی

---

() تفسير الطبري، لإبن جرير الطبري ٥/ ٢٩.

دەچێژن، سەرباری زیادبوونی چەندین ئاشوبی دیکەی وەك پارچەی شەوی تاریك، خوای مەزن ئێمە و ئێوە لە خراپە و ئاشوبەکەی بپارێزێ.

ڕاستە لەسەر دەوڵەتی ئیسلامی پێویستە هەوڵ بدات بۆ نزیك بوونەوە لە جێبەجێ کردنێکی تەواوی بنەما و ڕێنماییەکانی ئیسلام، هەروەك لەسەر تاکی موسڵمان پێویستە بە ڕەهایی پابەند بێ بە فەرمان و ڕێگرییەکانی شەرع، هەروەك ئەوە ڕەت دەکەینەوە هیچ کەسێك پارێزراوبێ جگەلە پێغەمبەران و پەیامبەران، بەهەمان شێوە پارێزراوی بۆ دەوڵەتیش نییە، کە گوزارشت دەکات لە کۆمەڵە دامەزراوە و دەزگایەك کە تاکەکان حوکمی دەکەن. هەروەك تاك گوناه دەکات بێ ئەوەی ئەم کارەی ببێتە دەرچوونی کەسەکە لە ئیسلام، بە هەمان شێوە ئەگەر دەوڵەت کەم و کورتی هەبوو لە بەرپاکردنی هەندێك لە بنەماکانی ئایین یاخود کرچ و کاڵی هەبوو لە جێبەجێ کردنی پیتاو پیتی شەریعەت، ئەمە نابێتە هۆی دەرچوونی دەوڵەت لە بازنەی ئیسلام. هیچ یەکێك لە شەرعناسانی موسڵمانان فەتوای نەداوە بە کافرکردنی ئەوەی کەم و کورتی لە بنچینەیەکدا بەرجەستە بکات یان گوناهێکی گەورە بکات جگەلە خەواریجەکان نەبێ. لێرەدا تەنها یەك ئایەتی پیرۆز دەهێنینەوە لە ناو چەندین ئایەتدا، کە میهرەبانی فراوانی خوای مەزن بۆ بەندەکانی لە نەوەکانی ئادەم ڕوون دەکاتەوە، بەبێ جیاوازی، مادەم هیچ شتێکیان نەکردبێتە هاوبەشی خوای مەزن. خوای پاك و بێگەرد فەرموویەتی: ﴿ ثُمَّ أَوْرَثْنَا ٱلْكِتَـٰبَ ٱلَّذِينَ ٱصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا ۖ فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌۢ بِٱلْخَيْرَٰتِ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ

﴿ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَضْلُ ٱلْكَبِيرُ ﴾ فاطر: ٣٥/ ٣٢. واتە: (پاشان کەسانێکمان کردە خاوەن و ڕاگەیەنەری ئەم قورئانە کە هەڵمانبژاردوون لە بەندەکانمان، جا هەیانە ستەمی لەخۆی کردووە "چاکەی کەمە و گوناهی زۆرە"، هەشیانە مام ناوەندیە، هەشیانە زۆرەگەرم و گوڕە لە چاکەکاریدا بە ویست و یارمەتی خوا، ئا ئەو هەڵبژاردنە و ئەو گەرم و گوڕیە لە چاکەکاریدا، ڕێز و خەڵاتێکی زۆر گەورەیە). شتێکی زانراوە سزا و پاداشت لە دوارۆژدا ڕووبەڕووی تاك نەوەك دەوڵەت دەبێتەوە، کردەوەی هەر کەسێك لە ملی خۆیەتی، هەر کەسێکیش لەخۆی بەرپرسە. دەوڵەت لە گۆڕی خۆیدا سزا نادرێ ﴿ وَكُلُّهُمْ ءَاتِيهِ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ فَرْدًا ﴾ مریم: ١٩/ ٩٥. واتە: (یەکە یەکەی ئەو خەڵکە بە تاك و تەنهای دێت ئامادە دەکرێت لەبەردەم دادگای پڕ لە دادوەری خوادا).

## پێنجەم: سەرچاوەکانی سیستەمی سیاسی ئیسلامی

سیستەمی سیاسی ئیسلامی گوزارشتە لە کۆمەڵێك یاسا و بنەما کە پێشەوایەتی (دەوڵەت) ڕێکدەخات بۆ حوکمی ئیسلامی و ئەو دەزگایانەش دیاری دەکات کە یارمەتی یەکتر دەدەن لە پیادەکردنی دەسەڵاتدا، بۆ بەرپاکردنی

چاودێری ئوممەت لە ناوە و دەرەوە لە ژێر ڕۆشنایی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی و بەرژەوەندی باڵای گەل.

لە دۆخی ڕمان لەو سیستەمە لە سایەی ڕۆشنایی کەلەپوری ئیسلامی، دەبینین زاراوە هاوچەرخە باوەکان لە ناو سیستەمە سیاسییە هاوچەرخەکاندا ڕەگ و ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی یۆنان، توێژەرانی بواری پێشەوایەتی و سیاسەت لە شەرعناسانی موسڵمان نەگەڕاونەتەوە و پێداچوونەوەیان نەکردووە بۆ دانراوەکانی یۆنانی و ڕۆمانی لەم بوارانەدا، هەروەك شەرعناسە موسڵمانە توێژەرەکان لە پرسەکانی دانایی و زانستی کەلامدا کردوویانە. ئەمە بەڵگەیە لەسەر جیاوازی و تایبەتمەندی سیستەمی سیاسی ئیسلامی بەوەی خاوەنی سەرچاوەی تایبەتە، لە ڕەگ و ڕیشەوە جیاوازە لەگەڵ سیستەم و ڕژێمە دەستکردەکان، بەڵام ئەو کێشەی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە لە دیاریکردنی ئەم سەرچاوانە و خاڵی هەنگاونانی سیستەمی سیاسی ئەوەیە کە ئێمە هیچ بەڵگەنامەیەکی ڕاشکاو بەدی ناکەین وەك سەرچاوەیەکی سەلمێنراو و بڕاوە بۆ شێوە و وێنەیەکی ڕوونی سیستەمی سیاسی. ئەوەی کێشەکەی زیاتر ئاڵۆز کردووە، ئەوەیە کە مێژووی ئیسلامی چەند وێنەیەکی هەڵگرتووە و لەبەرکردووە و پاراستووە کە لەسەر سیستەمی سیاسی ئیسلامی هەژمار دەکرێن، کە وێنەی سەردەمانێکی زوون وەك: سەردەمی ئەمەوییەکان، کە گوزارشت دەکات لە وێنەی شێوێنراو کە ڕەنگدانەوەی لادانی مەترسیدارە، بۆ ماوەیەکی زۆر هاودەمی گەشەی سیستەمی ئیسلامی بوو.

ئەم گەشەیە کەلەپورێکی نەرێنی دروستکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕۆشنبیری و کەلتورێکی دیکەی نەرێنی و خراپ دروست ببێ لەلای زۆربەی موسڵمانان، لەوانەی شارەزاییان نییە لە ئیسلامی شارستانی لێبوردە، هەستێکی بۆ ئەوان دروستکرد کە گومان بکەن لە شایستەیی و گونجانی ئەم سیستەمە کەلەپوریەی ئیسلام بۆ جێبەجێکردن، بۆیە لەلای هەندێك خەڵك وا بڵاوبووەوە کە خۆ سەرقاڵکردن بەمە کات بە فیڕۆدانە لە شتێکی خەیاڵی و دوور لە واقیع و ڕاستی.

سەرباری ئەوەی شێواندن نەپچڕا، بەڵکو زیاتر ناشرین بوو بەهۆی کردەوەی توندڕەوە نەزانەکان، توندڕەوی و توند و تیژی حیزبگەراکان، ئەوا هۆشیاربوونەوە و ڕابوونی ئیسلامی کە جیهانی ئیسلامی گرتەوە پاڵی بە خاوەن ویژدانەکان و بیرمەندانەوەنا، لە زانایانی شەریعەت و یاسا کە پڕۆژەی سیستەمی سیاسی ئیسلامی نوێ بکەنەوە لە مەیدانی ڕۆشنبیری ئەکادیمیەوە نەوەك بە پشت بەستن بەو پێشینانەی کە لادانیان لە ناخدا هەڵگرتووە، بەڵکو بە عەقڵ و ژیری هەڵقوڵاو لە ڕەسەنایەتی و نوێسازی هەوڵدەر بۆ ئەوەی دادگەری کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکات، کە خولیای فەراهەمکردنی ئازادی و ئاشتییە لە جیهاندا.

لە کاتی وەڵامدانەوە لەبارەی سەرچاوەکانەوە، ئەوا دەتوانین بە ئاسانی بڵێین: سیستەمی سیاسی ئیسلامی وەك هەر کارێکی دیکەی موسڵمانانە، ڕەواییەکەی وەردەگرێ لە سەرچاوە ناسراوەکانی شەریعەت (قورئانی پیرۆز و

سوننەتی بەپێز)، هەروەها لە سەرچاوە فیقهییەکانی تر، بەڵام ئێمە شتێك نابینین لەم بوارەدا بڕاوە و ڕاستەوخۆ بێ جگەلە کۆشش و دانایی و بەرژەوەندی و ڕێوشوێنی پێشینان و پاشینان نەبێ. لەمەشدا ئەوپەڕی دانایی هەیە کە ڕێگە دەدات بە زیندوێتی و بەردەوامی و نەمری لە ژێر ڕۆشنایی ئاماژە و نیشانە و بریسکەکانی قورئان و سوننەتی پیرۆز، لە بواری حوکمڕانی و کارگێڕیدا. ئیسلام چوارچێوەی گشتی و فراوانی دیاریکردووە بۆ پەیوەندی کاربەدەست و هاوڵاتی، لەسەر کاربەدەستی پێویست کردووە پابەندبێ بە دادگەرییەوە، ئامۆژگاری کردووە لە بڕیارەکانیدا پرس و ڕاوێژ بکات، فەرمانی پێکردووە ئەمیندار بێ لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەی، دەرگای بە کراوەیی هێشتۆتەوە بۆ عەقڵ و ژیری نەوەکان، لەوەی چ شێوەیەك حوکم و سیستەمە سیاسیەکەی پەسەند دەکەن لە ناو چوارچێوەی بنەما سەرەکی و سیستەمی گشتی ئیسلامدا. لەگەڵ ئەوەی نووسەران و توێژەرانی نوێخواز سیستەمی ئیسلامیان بە تێڕوانین و لۆژیکێکی فراوانتر وەرگرتووە بەشێوەیەك کە هەموو ئەوەش دەگرێتەوە کە لە چوارچێوەی سیستەمی خۆرئاواییدا هاتووە، بە پشت بەستن بە فراوانکاری لە ڕاڤە و لێکدانەوەدا، ئەوا من وادەبینم کە ئێمە لە کاتی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەکانی سیاسەت لە ئیسلامدا، ئەوا دەبێ بیر بکەینەوە لە جەستەی سیستەمی شارستانیەتی ئیسلامی. لە قورئانی پیرۆزدا ناوکی ڕەق و پتەو و نەگۆڕی جەستەی ئەم سیستەمەی تێدایە، کە مەبەستمان لێی چەمك و واتاکانی یەکخواناسی و دادگەری و ئەمینداری و دەستپاکی و چاکەکاری و گوێڕایەڵی (پابەندبوون) و ڕاستگۆیی و لەخۆبووردن و

**بەخشندەییە. ئەم بنچینانە وەك ستوون و كۆڵەگەی باڵەخانەی ئیسلامی وان، كە ڕاگری سیستەمی شارستانیەتی ئیسلامین. بەمەش ئەو بۆچوونە ڕاستە كە دەڵێت: ((حكومەتی ئیسلامی بە هەر سێ لایەنەكەیەوە، لە لایەنی یاسادانان و لایەنی جێبەجێكار و لایەنی دادوەری، لە ناو چوارچێوەی یاسا و پێوەرەكانی ئیسلامدا دەبێت. بۆی نییە بە ئەندازەی تاڵە موێك لێی دوا بكەوێت. حكومەت مەرجدار و كۆت و بەندی بۆ دانراوە، لە ڕاستیدا فەرمانڕەوا هەر خوای باڵادەست و خاوەن شكۆیە، بەڵام بێ ئاگاش نابین لە ڕاستییەك كە بریتییە لەوەی پێویستییەكی ژیرانە و لۆژیكییە كە حوكم و یاساكان بگۆڕێن بە گوێرەی بەرژەوەندییە گۆڕاوەكان، كاتێك حوكم و یاسا نوێیەكان بەرژەوەندی خەڵك دابین دەكەن بە شێوەیەكی باشتر))[1].**

**بە پشتیوانی خوا لە كاتی خۆیدا چارەی پرسی حوكمڕانیەت (حاكمیەت) دەكەم و چۆنیەتی گونجاندن و سازان لە نێوان فەرمانڕەوای ڕەها كە خوایە و گۆڕانی حوكمەكان بەپێی بەرژەوەندییەكان دەخەمەڕوو. ئەوەی دەمەوێ لێرەدا پێی بگەم ئەوەیە كە ئەو بەهایانەی دانمان پێدانا وەك كۆڵەگەكانی سیستەمی سیاسی ئیسلامی و سیستەمی نا سیاسی بریتین لە پێكهێنەری بنچینە و ستوون و بناغە چەسپاوەكان كە گەوهەری ژیانی باش بۆ كۆمەڵگە دەستەبەر دەكات، مۆڵەت نادات بە گەشەكردنێكی هەژمار نەكراو بە كەم و كورتی و كرچ و كاڵی گەیاندن بەم بەهایانە، بەڵام دەروازەی گەشە و نوێسازی لەسەر پشت و كراوەیە**

---

[1]) تفسير الطبري، لإبن جرير الطبري ٥/ ٢٩.

بۆ هەر ڕێباز و ڕێگەیەکی ئاینی و دەستکرد کە بەرژەوەندی خەڵك فەراهەم بکات لە چوارچێوەی ئەم بنەمایانەدا.

سەرچاوەی سەرەکی بۆ سیستەمی ئیسلامی بریتییە لە ئاماژە و تیشکەکانی درەوشانەوەی بنەما بەرز و باڵاکان، کە قورئانی پیرۆز و سوننەتی ڕاست و دروست بە نەمری و هەمیشە زیندووی هێشتوونیەتەوە، لە پێشتردا ئاماژەمان پێدا. بۆچوونم وایە ئەوەی دانایی و حیکمەتیش دەیانخوازێ لە هەر کات و شوێنێکدا ئەوا بۆی زیاد بکەین، بەوەی پشت ببەستین بە ڕوونی و بڕاوەیی و سەلمێنراوی دەق و ئاماژەکان و بەتایبەت لە بواری سوننەتدا. سەید محەممەد ئەسەد وتویەتی[1]: ((ئەگەر حوکمەکانی تایبەت بە کاروباری سیاسەت لە قورئان و سوننەتدا پوخت بکەینەوە ئەوا هیچی وا نابینین کە بە دەق ئاماژە بکات بە شێوەیەکی دیاریکراو بۆ دەوڵەت)) واتە: شەریعەت هیچ نموونەیەکی دیاریکراوی دانەناوە کە پێویست بێ لەسەر دەوڵەتی ئیسلامی بەوێنەی ئەو نموونەیە دروست بکرێ، هەروەها تیۆرێکی دەستووریشی دانەناوە. سەرباری ئەوەی سیستەمی سیاسی هەڵقوڵاو لە قورئان و سوننەتەوە خەیاڵ یان ئەندێشە نییە، بەڵکو خاوەن کۆڵەگەی فراوانە، نیشانە و مەشخەڵەکانی ڕوون و ڕۆشنن. شەریعەت سنووری ڕۆشن وێنا دەکات بۆ پەیڕەوی سیاسی گونجاو بۆ جێبەجێکردن لە گشت کاتەکانە، سەبارەت بە بارودۆخەکانی ژیانی مرۆیی. هەر بۆیە ئەو حوکمانەی پێیەوە پەیوەستن لە شێوەی بنەمای گشتی هاتوون، نەڕۆیشتوونەتەسەر وردەکارییە لاوەکییەکان.

---

(1) محمد أسد. منهاج الحكم في الإسلام، ٥٤.

سەبارەت بە هەڵوێست لە بەرامبەر پێشینەی سیاسەتی ئیسلامی، ئەوا لەگەڵ ڕێزگرتنی موسڵمانان لە کەلەپوری سیاسی ئیسلامی لە سەردەمی جێنشینە سەرڕاستەکان، بوونی چەند درەوشانەوەیەکی ڕۆشن لە مێژووی سیاسەتی ئیسلامی دوورو درێژدا، ئەوا ئەم کەلەپورە نابێتە خاڵی هەنگاونان تەنها بەو ئەندازەیە نەبێ، کە بەرجەستەکەری ئەو بنەمایانە بێ کە خرانەڕوو.

ئەگەر ئەمە هەڵوێست بێ سەبارەت بە وێنەی درەوشاوەی دادگەری ئیسلامی، ئەوا پێشینەی سیاسی سیستەمە سیاسییە ئیسلامییەکان کە لە دوای ماوەی جێنشینە سەرڕاستەکانەوە هات هەرگیز ناگاتە ئەو پلەیەی کە دانی پێدابنرێ لە فیقهی ئیسلامیدا.

دەبێ ئاگاداری ئەوەبین کە هەندێك دیاردەی پێشووی سیاسی لە کەلەپوری سوننەتی پێغەمبەردا، یاسایەکی بەردەوام نەبووە، بەڵکو داننان بووە بە داب و نەریتێکی عەرەب بەپێی داخوازی بارودۆخ، کێشە لە لاساییکردنەوەی ناوەڕۆکەکەی نییە بەبێ شێوە و ڕووکەش. ئەو کات پەیمان و بەڵێن بە تۆقە ئەنجام دەدرا لەکاتی مۆرکردنی ڕێکەوتنەکان، لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (د. خ) بەڵێن و بەیعەتدان بە تۆقە کردن بوو و بۆ ئافرەتانیش بە قسەکردن بوو، دواتر ئەم شێوەیە گۆڕا کاتێك دۆخەکە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا لە جێنشینایەتی (خەلافەت)ەوە گۆڕا بۆ پاشای گازگر (ئەوەیە کە بەتووندی

دەستی گرتووە بە دەسەڵاتەوە و دەستبەرداری نابێ)[1]، شێوەی تری وەرگرت کە ئەمانەبوون: خاك ماچکردن یان دەست ماچ کردن یاخود پێ یان دامێن ماچکردن، پێم وایە کێشە لەوەدا نییە بەڵێن بە هەر شێوەیەك بدرێ بەو مەرجەی گونجاو بێ لەگەڵ ڕێزی مرۆڤ و گوزارشت بکات لە ڕەزامەند بوون.

بۆمان هەیە لێرەدا هەندێك بنەما و ئاڕاستە بەدی بکەین کە بەشێکن لە سەرچاوەکانی سیستەمی ئیسلامی، وەك ئەمانە:

یەکەم: درەوشانەوە و ئاماژەکانی قورئان، کە ڕێگە ڕۆشن دەکەنەوە بۆ دەستگرتن بە دادگەری و دەستپاکی و ئەمینداری و ئەو واتایانەی پێشتر ئاماژەیان پێکرا.

دووەم: ئەوەی لە سوننەتی پێغەمبەرەوە وەك یاسا و پابەندکەرە، یان کۆدەنگی لەسەرە.

سێیەم: دانایی و حیکمەت کە هاوشانی قورئانی پیرۆز لە چەندین ئایەتدا دێت.

چوارەم: لەبەر ڕۆشنایی دانایی و حیکمەت هیچ ڕێگریەك نییە لە کەڵك و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی سیاسییە هونەرییە هاوچەرخەکان، کە پێچەوانە و دژی نین لەگەڵ شەرع، بەڵکو ئەم ئاماژانە بەرجەستە دەکەن، بەمەش بۆچوونم

---

[1]) ئەوەی ناو کەوانەکە خۆم زیادم کردووە. وەرگێڕ.

پێچەوانەیە لەگەڵ بۆچوونی سەید محەممەد ئەسەد، کە دەڵێت[1]: ((ئەوەی دەچێتە چوارچێوەی بەرچاو لێڵکردن و بەلاڕێدا بردن و سەرکێشان بۆ دوورترین سنوورەکان، ئەوەیە کە خەڵك هەوڵ بدات ئەو چەمکانە جێبەجێ بکات کە پەیوەندیان بە ئیسلامەوە هەیە لەسەر هزر و سیستەمە ئیسلامیەکان. هزری ئیسلامی خاوەنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی جیاوازی تایبەت بە خۆیەتی، لە چەندین ڕووەوە جیاوازە لەگەڵ ئەو سیستەمانەی لە خۆرئاواوە باون، دەبێ سیستەمی ئیسلامی توێژینەوە و خوێندنەوەی بۆ بکرێ و تێگەیشتنی لێ وەربگیرێ تەنها لە سنووری زاراوە و چەمکە تایبەتەکانی، هەر لادانێك لەم بنەمایە بێگومان سەردەکێشێ بۆ ناڕوونی و تێکەڵی و ئاوێتەبوون لە جیاتی ڕوونی و بەرچاوڕۆشنی لەبارەی زۆر پرسی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە گوێچکەکانیان بەخۆیانەوە سەرقاڵ کردووە لە ئێستادا)).

لەبەر ئەوەی نموونە و هاووێنەی ئەم بۆچوونە سەردەکێشێ بۆ داخران و گۆشەگیری کۆمەڵگەی ئیسلامی و دابڕانی لە ئەزموونەکانی جیهان و بێ بەشبوونی لە سەرچاوەکانی دانایی فرە چەشن ((دانایی بزربووی موسڵمانە، لە هەر شوێنێك بیدۆزێتەوە، هەڵیدەگرێت)). دواتر گومڕاکردنی زیانبەخش کوا لە دیموکراسییەتدا هەیە، ئەو دیموکراسییەتەی دادگەری و ڕاوێژ فەراهەم دەکات لە دامەزراوە جێگیرەکان؟ سەرلێشواندن کوا لە ڕێزگرتن لە فرەیی و بۆچوونی جیاواز و ڕێزدانان بۆ شکۆی مرۆڤ و مافەکانیدا هەیە؟ ئایا سەرلێشواندن لەوەدا نییە بانگەشە بکرێ بۆ سیستەمی خۆسەپێن و تاکڕەو کە

---

[1]) محمود شلتوت. من توجيهات الإسلام. ٥٥٢ – ٥٥٣.

دادگەری فەراهەم ناکات لە یەکسانی هەل و دەستاو دەست پێکردنی دەسەڵات بە ڕەوانی و ئازادی؟ ئایا ئیسلام بانگەشە ناکات بۆ دەستگرتن بەوەی باشترینە بێ دەستنیشان کردنی، ئەمەش بەهۆی متمانەکردنیەتی بە دانایی و ژیری و زیرەکی مرۆڤ؟ ئایا قورئانی پیرۆز ڕێنوێنیکار نییە بۆ ئەو ڕێگە و ڕێبازەی باشترینە؟ ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ کە ئیسلام تەنها ئاینی پەرستشە، لە ڕاستیدا دەوڵەت لە ئیسلامدا جیا نابێتەوە لە ئایین، ئایین بریتییە لە ئاراستەکاری ڕۆحی دەوڵەت. ناچێتەوە ژیریەوە خەیاڵی دەوڵەتێکی ئیسلامی بکرێ بەبێ ئایین، هەروەك ناچێتە عەقڵەوە ئەندێشە و خەیاڵی ئیسلام بکرێ بەبێ ڕێنوێنی کردنی کۆمەڵگە و سیاسەتی دەوڵەت، چونکە ئەو کاتە نابێتە ئیسلام[1]. بەڵام ئاینی ئیسلام پاکسازی لە دەوڵەتدا دەکات و لە جەماوەری نزیك دەکاتەوە، ئارەزووی ناچارکردن و خۆسەپاندنی لێدەستێنێتەوە تەنها لە چوارچێوەی یاسادا نەبێت، وا ئیسلام دەستەبەری ئەوە دەکات کە دەوڵەت لانەدات. بەڵام بەداخەوە هیچ شتێك لەمانە ڕووینەدا تەنها چەند ڕۆژێکی دیاریکراو نەبێ بەدرێژایی سەردەمە جیاوەکان، بەتایبەت لە دوای جێنشینایەتی سەرڕاست (خەلافەتی ڕاشدین). زۆرێك لە بیرمەندە ناموسڵمانەکان دانیانناوە بەوەی ئیسلام و دەوڵەت لە یەکتر جیا نین، مامۆستا نللینۆی ئیتاڵی دەڵێت ((محەممەد لە یەك کاتدا ئایین و دەوڵەتی دامەزراند، سنوورەکانیشیان ڕێك ئەوەندەی یەکتر بوون بە درێژایی ژیانی))، بەهەمان شێوە مامۆستا شاختی ئەڵمانی بە ڕاشکاوانە دەریبڕیوە کە ((ئیسلام زیاترە

[1] محمود شلتوت. من توجيهات الإسلام. ٥٥٢ – ٥٥٣.

لەوەی تەنها ئاین بێ، بەڵکو سیستەمێکی کامڵی شارستانیەتە، دونیا و دەوڵەت بەیەکەوە دەگرێتەوە))[1].

### شەشەم: دەوڵەتی ئیسلامی لە ڕووی پێکهاتنەوە

دەوڵەتی هاوچەرخ لە ڕووی پێکهاتنەوە بۆ دوو جۆر دابەش دەبێت:

یەکەمیان: دەوڵەتی سادە: کە ئەو دەوڵەتەیە تەنها دەسەڵاتی ناوەندی جڵەوی حوکمڕانیەتی بەدەستە. زۆربەی دەوڵەتانی جیهان بەم جۆرەن.

دووەمیان: دەوڵەتی فیدڕاڵی. دیارترین وێنە و شێوەی یەکێتی فیدڕاڵییە. کە بریتییە لەو دەوڵەتانەی جڵەوی حوکم بە تەنها لە دەستی دەسەڵاتی ناوەندیدا نییە، بەڵکو ئەو هەرێم و دەوڵەتانەش لە حوکمڕانیەتەکەدا بەشدارن کە یەکیان گرتووە، بەپێی سیستەمی سیاسی کە تایبەتمەندی و پسپۆریەکان دابەش دەکات لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و هەرێمەکان. زۆربەی دەوڵەتە گەورەکان کە خاوەنی چەند ڕەچەڵەکێك یان یان چەند ئاینێك یاخود کلتوری فرە جۆرن، ئەوا ئەم جۆرە دەوڵەتەیان هەیە، وەك: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕوسیای فیدڕاڵی و هیند.

سیستەمی حوکمڕانی لە ئیسلامدا دەگەڕێتەوە سەر کامە لەم دوو جۆرانە؟

---

() محمد ضياء الدين الريس. الإسلام والخلافة في العصر الحديث، ٢٤١.

هیچ یەکێك گومانی لەوەدا نییە کە ئەم دیاردەیە، واتە دابەشبوونی دەوڵەتان بۆ شێوەی جیاواز بریتییە لە دیاردەیەکی نوێ و هاوچەرخ، لە گوتاری ئیسلامیدا شتێك نییە پێکهاتنی دەوڵەت لەم ڕووەوە ڕوون بکاتەوە، یان سیستەمی دەوڵەت و ئەو پرسانەی لە فیقهی دەستووری هاوچەرخدا بایەخی پێدەدرێ ڕۆشن بکاتەوە. ئەمە درەوشانەوەی دانایی گوتاری ئیسلامییە، چونکە ئەم پرسانە گۆڕاون. شارەزایی کۆمەڵگەی ژیر بەسە بۆ دیاریکردنی شێوەی گونجاو بۆ ڕێکخستنی ئەم بارودۆخانە لەبەر ڕۆشنایی بنەما گشتییەکان.

بۆیە دەتوانین بڵێین: دەوڵەتی مێژوویی ئیسلامی نە سادە و نە لێکدراو بوو بە زاراوەی هاوچەرخ. ئەم شێوە و وێنانە خەیاڵی خەڵکیان سەرقاڵ نەکرد لە سەروبەندی دەرکەوتنی ئیسلامدا. لە شوێنەواری پێشینەکاندا چەند گێڕانەوەیەك هەیە ئاماژە بە یەکێتی ئیسلامی دەکەن، لە قورئانی پیرۆزیشد نیشانە و هێما کراوە بۆ ئەوەی ئوممەتی ئیسلام یەکە، بەڵام ئایا هیچ بەیەکەوە بەسترانەوەیەك لە نێوان یەکێتی ئیسلام و یەکێتی دەوڵەتدا هەیە؟ ئەم بابەتە شایستەی ئەوەی گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە و کۆششی هاوچەرخی لەسەر بکرێ.

پێشتر ئاماژە درا بەوەی پێشنەی ئیسلامی لە حوکم و سیاسەتدا ناگونجێ ببێتە سەرچاوەیەکی پابەندکەر. ئەگەر شتەکە واش بوو، ئەوا شێوەی گونجاو چییە بۆ دەوڵەتی ئیسلامی هاوچەرخ؟ بە گوزارشتێکی دیکە ئەگەر هاتوو گوتاری ئیسلامی ڕاستەوخۆ چارەی پرسی پێکهێنانی دەوڵەت نەکات، ئەی چۆن ئێمە چارەی بکەین بە پشت بەستن بە مەبەستەکانی شەریعەت یان فیقهی

واتایی؟ هەندێك بۆچوونیان وایە لە ژێر ڕۆشنایی ڕامان و وردبوونەوە و خوێندنەوەکردن بۆ مێژووی سیاسی ئیسلامی ئەوا لە بەرپاکردنی سیستەمێکی ئیسلامی یەکگرتووی سادە لەسەر بنەڕەتی جێنشینایەتی (خەلافەت)ی کۆکەرەوە، مەترسیەکی نویٚ هەیە لەسەر ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاشتی جیهانی بە بەلگەی ئەوەی خەلافەت بە سروشتە تایبەتەکەی و کەلەپورە مێژووییە کەڵەکە بووەکەی دەستی گرتووە بەسەر هەموو دەسەڵاتەکاندا و ئامادەکاری بۆ تاکڕەوی دەکات کە هیچ شتێك ناهێڵێت و دەستیشی لێ هەڵناگرێت. لە ڕاستیدا سیستەمی خەلافەت بەرجەستەکەری یەکێتی ئوممەتی ئیسلامی بوو، هۆکارێکی بەهێز بوو بۆ سوربوون و بەهێزی ئوممەت، شوێنی خۆشی پاراست لە سەرکردایەتی کردنی شارستانیەتی ئیسلامی، هەر چەندە بەتایبەت لە سەدەکانی دواییدا گەندەڵی تێکەوت، بەڵام تۆماری مێژوویی واقیعی کە ئاماژەمان پێی کرد پڕیەتی لە مەرگەسات و ماف خواردن و پێشێلکاری لە بەرامبەر بە ڕێزی مرۆڤ، کە هانی کارکردن نادات لەسەر زیندوو کردنەوەی پڕۆژەیەك کە ناگونجێ لەگەڵ ئەو پێوەرانەی ژیرانەن و پەسەندکراون لە کاتی ئێستادا، دەبێ لێکۆڵینەوە بکرێ لەسەر ئامرازێکی نوێی شارستانی گونجاو کە پێویستی ئوممەت دابین بکات لەوەی دەبێ سەرچاوەیەکی سەرکردایەتی هەبێ لە پرسە چارەنووسسازەکانی پەیوەست بە ئوممەتەوە لە ڕووی بوون و بیروباوەڕ و شارستانیەت تا دەگاتە دەستەبەرکردنی حەزەکانی فرە گەل و نەتەوەکانی ئەم ئوممەتە لە پیادەکردنی تایبەتمەندییە کەڵتوری و نیشتمانیەکان، هەروەها لە گەشەپێدانی توانا ئابوورییەکان و سەربەخۆبوونی

**لە پێناس و ناسنامەی نەتەوەیی تایبەتی خۆی، بۆ ئەوەی خەلافەت نەبێتە هۆی سەندنەوەی مافی گەلانی موسڵمان لە گوزارشت کردن لە خودی خۆیان، هەروەها نەشبێتە کۆت و بەندێکی داگیرکاری کە عەقڵ و ژیری ئەوانی تر ببەستێتەوە کە دوورن لە ناوەندی خەلافەت، کە خاوەنی زمان و کەلتوری خۆیانن، لەو گەلانەی بە عەرەبی نادوێن، هەر چەندە دەبێ قورئان زمانی باو بێ لە ناوەندا، چونکە زمانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی بەپێزە.**

**سووربوون لەسەر هەڵاتن بەرەو ڕابردوو، پەنابردن بۆ چەند شێوازێك کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بەشێك نەبوونە لە ئایین و کێشەی یەکێتی ئیسلامی چارە ناکەن، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەکانی قوڵتر دەکەنەوە، ئێستا یان لە ئایندەدا دیاردەی گۆشەگیری و هەستیاری بەرامبەر بەوانی تر بەهێزتر دەکات.**

**بۆیە بەبێ گومان و دوودڵی دەڵێم دەبێ دەوڵەتی ئیسلامی هاوچەرخ، دەوڵەتێکی فیدڕاڵی بێ، لە چەند هەرێمێکی سەربەخۆ لە کاروباریاندا پێك بهێنرێت.**

**سیستەمی ویلایەت و هەرێم لە سیستەمی مێژوویی ئیسلامیدا پێویستییەکان بەر لەوەی یاسایەك یان فیقهێکی دەستووری بێت، لە ڕووی کردارییەوە شتێکی ئاسان نەبوو ڕاستەوخۆ لە شاری مەدینەوە سەرکردایەتی شام یان میسر یاخود عێراق بکرێت، بەڵکو هەرێمەکان بەخۆیان کاروباری خۆیان ڕاییدەکرد. دواتر ئیسلام دان بە فرەییدا دەنێ، تەنانەت دان بە جیاوازی ئەوانی تریشدادەنێ، خوای پاك و بێگەرد لەم بارەوە فەرموویەتی:** ﴿إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ

﴿ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْ ﴾ الحجرات: ٤٩/ ١٣. واتە: (ئەوەمان کردووە بە چەندەها گەل و تیرە و هۆزی جۆربەجۆر، تا یەکتر بناسن). ئەگەر وردببینەوە لە ڕستەی (لتعارفوا) دەبینین دانایی لە جیاوازبوونی گەلان و فرەییان بریتییە لە ناسینی ئەوەی تر.

شتێکی زانراوە ناسینی کەسانی تر دەستەبەر نابێ مەگەر بەوە نەبێ کە گوزارشت لە ناخ و ناسنامەکەیان بکەن. لێرەوە لەوە تێدەگەین تا چەند ئیسلام ڕێزی گرتووە لە مافی گەلان لە چارەی خۆنووسیندا. ناوەندی (مەرکەزی) بوونی خەلافەت لەگەڵ ئەم ڕاستییە تێکدەگیرێ. بێگومان سیستەمی هەرێم و ویلایەت یان دەوڵەتانی سەربەخۆ لە ژێر یەك کۆمکاردا، بریتییە لەوشێوەیەی کە گونجان دەستەبەر دەکات لە نێوان داخوازییەکانی یەکێتی ئوممەت و داواکارییەکانی فرەیی ناسنامەکانی تایبەت بە گەلانی جیاواز.

شتێکی زانراوە کە کاتێك میسر ئازادکرا، ئەوا هیچ یەکێك لە پەیکەرەکانی فیرعەونەکان و پەرستگەکانیان نەشکێنران، هەر چەندە هێماش بوون بۆ خواوەندی دیکە جگەلە خوای پاك و بەرز. لەوانەیە هۆکارەکەی ئەوە بووبێ کە مەسیحییە میسرییەکان وا تەماشایان کردووە کە ئەمانە کۆمەڵە بەردێکن، نە سوود دەگەیەنن و نە زیان، بە پێچەوانەی ئەوی هەبوو لەلای عەرەبەکانی دوورگەی عەرەبی. لە نموونەیەکی تردا کە ئیبن خەلدون لە (مقدمە)کەیدا لا ٢٠٢ هێناویەتی، دەڵێت: کاتێك عومەری کوڕی خەتاب ڕۆیشتە شام و چاوی بە معاویە کەوت، جل و بەرگی پاشایەتی لەبەردابوو، عومەر نکۆڵی لەمە کرد و

وتی: ئایا پەیڕەوی کیسرایی جێبەجێ دەکەی ئەی معاویە؟ لەم دیمەنەدا ئەوە ڕوونە کە شام هەرێمێکی سەربەخۆ بووە. لە زۆربەی بارودۆخەکاندا تەنها بەشێوەیەکی ڕووکەشی پەیوەست بووە بە ناوەندەوە.

دواتر یەکێك لە گرنگترین ڕەگەزەکانی دەوڵەتی فیدڕاڵی فرە هەرێمی یاسایە. ئەمە جێبەجێ دەکرا لە هەرێمە ئیسلامییەکاندا، لە سەردەمانی خەلافەتدا، ئەمەش لە دەرەنجامی جیاوازی کۆشش و بۆچوونە فیقهییە باوەکان لە هەر ویلایەت و هەرێمێکدا، لە میسڕدا فیقهی شافیعی بڵاوببووەوە، فیقهی حەنەفیش لە عێراق و بوخارا، فیقهی مالیکی لە مەغریب، فیقهی شافیعی لە کورستان بڵاوببوونەوە. یەکێك لە دیاردە فیقهییەکان کە دەکرێ وەك دڵ ئاسوودەکردن بێنینەوە بۆ جەختکردنەوە لە بیرۆکەی سەربەخۆیی ئابووری ئەو هەرێمانەی خاوەن سروشتێکی تایبەتن ئەوەیە کە زۆربەی شەرعناسان پێیان وایە دەبێ زەکات لەسەر هەژارانی هەمان شاردا دابەش بکرێ، مۆڵەتیان نەداوە بە گواستنەوە زەکات بۆ شارێکی تر مەگەر بۆ پێویستی نەبێ.

جا کورتە و پوختە ئەوەیە کە شەرعناسان ئەم پرسە دەستوورییەیان چارە نەکردووە، لە شەرعیشدا هیچ شتێکی وا نییە ئاماژەی پێ بکات چ لە دوور یان لە نزیك، توێژینەوە دەگمەنەکانی شەرعناسان لەبارەی دەستوورەوە بە دەوری چەند پرسێکەوە دەخولانەوە، وەك: دانانی پێشەوا، دەسەڵاتی جێبەجێکردن، دەسەڵاتی دادوەری بەکورتی، نەوەك بەشێوەی حکومەت و وردەکاری پەیوەندیەکەی بە کۆمەڵگە و هەرێمەکانەوە. مافی هەر چەرخ و سەردەمێکە کە

ئەزموونی گونجاو هەڵبژێرێت. لە دۆخی گێڕانەوەی سیستەمێکی سیاسی یەکگرتوو بۆ موسڵمانان، ئەوا سیستەمی ویلایەت و هەرێم یان دەوڵەتانی سەربەخۆی ژێر یەك چەتر و کۆمکار گونجاوە، چونکە ئەوە بۆ گەلان فەراهەم دەکات کە گوزارشت لە حەزە سروشتییەکانیان بکەن، مافی سروشتیان بۆ دەستەبەر دەکات بۆ گوزارشت کردن لە ناسنامەکەیان، هەروەها یارمەتیدەر دەبێ بۆ گەشەپێدانی تایبەتمەندییەکانی هەر هەرێمێك بەپێی تواناکانی لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی، لەگەڵ پاراستنی پەیوەندی ئیمانی لەگەڵ سەرکردایەتی ناوەندی یان دەستەی کۆمکار. خواش زاناترە.

## دەروازەی چوارەم

# ڕەهەندی شارستانی لە هزری ئیسلامیدا

کەلتوری جیاوازی خۆرئاوا پڕیەتی لە لێکۆڵینەوەکانی خۆرهەڵاتناسان و هەڵمەتی ئاڵوگۆڕکراو لە مێژووی پەیوەندی نێوان ئیسلام – خۆرئاوا، کە هەڵگری کۆمەڵە هەڵوێستێکی دوورن لە ویژدان و بابەتی بوون، جا ئیسلام تۆمەتبار دەکات بە توند و تیژی و توندڕەوی، هەوڵدان بۆ ڕەتکردنەوەی بەرامبەر، و فەرامۆشکردنی لایەنی مەدەنی و شارستانی لە ئاوەدانی مرۆیی. دواتر کردەوە تیرۆریستییەکان سەریانهەڵدا، ئەوانەی کە لە نیویۆرك و واشنتن ڕوویاندا، ئەمریکییەکان و جیهانیان تۆقاند، لە بەرواری یازدەی ئەیلولی ٢٠٠١، ئەمەش هەرچی پەیوەندی بە دژایەتی کردنی ئیسلامەوە هەبێ قوڵتری کردەوە، سەرلەنوێ ئەو وێژە و بۆچوونەکانی دژی ئیسلام و موسڵمانانی لە خۆرئاوا وروژاندەوە.

لە ڕاستیدا بارودۆخی موسڵمانان بە سیستەم و دەوڵەت و گەل و نەتەوە و بزوتنەوە ئیسلامییە چالاکەکان هانی خۆپاکگرتن یان بەری کردن نادەن لە چەند هەڵوێستێك لێرە و لەوێ کە ڕەهەندی شارستانی و مرۆیی لە دەستداوە، لە وێنەی ڕژێمی حوکمڕانی تالیبان، هەروەها لە وێنەی ئەوەی ڕوودەدات لە سەربڕین و کوشتنی بێ تاوانان لە جەزائیر، هەروەها ئەو بۆچوونانەی ئافرەت

به كەل و پەل دادەنێن، مافەكانی مرۆڤ بە بیدعە و داهێنراو هەژمار دەكەن، دیموكراسییەت بە كوفر دەزانن، بەڵام ئێمە تێكەڵ كردنی ئیسلام و كاری موسڵمانان ڕەت دەكەینەوە، پێمان وایە موسڵمانان مرۆڤن وەك سەرجەم ئەوانی تر، لە هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژاندا پارێزراو نەبوونە. هەڵە و خلیسكان هێشتا لێرەو و لەوێ بەردەوام ئەنجام دەدرێ. ئەركی ئایین و فەلسەفە ڕەوشتییەكان بریتییە لە هەڵسان بە ڕاستكردنەوەی هەڵسوكەوتی مرۆڤ و ڕێگاكەی؛ بە واتای ڕێنوێنی كردن نەوەك ناچاركردن. ئەم بەشە تایبەت دەكەین بۆ ڕوونكردنەوەی ئەوەی كە ئیسلام هەموو ڕەگەزەكانی ڕەهەندی شارستانیەتی تێدایە، ئەم بەشەش دەبێتە بەرپەرچدانەوەی ئەو تۆمەتباركردنە پوچەڵانەی ڕاگەیاندنی خۆرئاوا دەیهێنێتەوە، هەروەها دەبێتە پوچەڵكەرەوەی ئەو بنچینە هزرییە گومڕایانەی توندڕەوان و زیادەڕۆچووان پشتی پێدەبەستن لە هیواو ئاوات و خولیایە تیرۆریستیەكانیان، كە دەرچووە لە لێبوردەیی و دادگەری و بەها مرۆییەكانی ئیسلام. من لە جیاتی ئەو كەسانە بەدوای پاساو و بیانو ناگەرێم، چونكە تاوان هەر تاوانە. هەروەها بۆ ئەو كەسانە بەدوای ڕەوایی پێدان ناگەڕێم، چونكە باش دەزانن ئەوەی ڕوودەدات و ئەنجام دەدرێ جیایە لەوەی پێویست و واجبە.

ئەم بەشە دابەش دەكەم بۆ چەندین برگە، كە كۆی گشتییەكەی بڕ بڕەی پشتی كەلتور و ڕۆشنبیری ئیسلامی پێكدەهێنێت، كە كرانەوە و لێبوردەیی و دادگەری و ئازادی بۆ نەوەكانی ئادەمی هەڵگرتووە، بەبێ جیاوازی، دژایەتی و دوژمنایەتی هیچ بیرۆكە و هزرێكی شارستانی یان پێشكەوتنی زانستی ناكات، هەروەك لە ئایندەدا ڕوون دەبێتەوە:

## یەکەم: فرەیی شارستانی ڕاستییەکی گەردوونییە

بێگومان فرەیی مرۆیی لە هزر و بیرۆکەی شارستانی و پەیڕەو و ڕێگە و ڕێبازی شێوە و بابەتدا، لە دەر و دەروون (ظاهر و باطن)دا ڕاستییەکی گەردوونیە، ئەندازەگیریەکی خواییە کە دەبێ هەر ببێ: واتە: ("یەکێکی تر" لە نیشانە و بەڵگەکانی، دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویە و جیاوازی زمان و ڕەنگتانە). ئەمەش واقیعێکی سروشتی یەکلاکراوەیە، شیاوی ئەوە نییە بکرێتە خاڵی مشتومڕ یان بابەتی تاوتوێکردن؛ یان ببێتە شوێنی تەحەددا یان نکۆڵی کردن.

لەوانەیە هۆکاری ئەم فرە چەشنییە تێبینی کراوە لە زەویدا میراتی کۆن یان ژینگەیی یاخود پاڵنەرێکی نادیار بێ کە هێشتا نەزانراوە؛ بەڵام لە زۆربەی دۆخەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی حەز و ئارەزوو و بەرژەوەندی و پێداویستییەکان، جیاوازی کۆمەڵگەکان لە جۆرەکانی ژیان و ژینگەدا یان پێگەیشتنی بارودۆخی ماددی و مەرجی بابەتی بۆ پێشکەوتنی شارستانیەت لێرە و دواکەوتنی هەندێك مەرج و بارودۆخ بۆ دواکەوتنی شارستانیەت لە جێگایەکی تردا، یان پەنا بردنەبەر پاڵدانەوە و مشەخۆری و تەمبەڵی کە بووەتە هۆی ونبوونی شارستانیەتێکی تر. شارستانیەت قەدەرێك نییە بۆ ڕەنگ دانرابێ و لەسەر ڕەنگێکی تر حەڕام و قەدەغە کرابێ، بەڵکو بریتییە لە ئاوێتەیەکی ویستی بەهێز و سوربوونێکی بێ وچان و ژیریەکی بەرچاوڕۆشن و

دڵێکی پڕ لە ژیان، ویژدانێکی پڕاو پڕ لە خۆشویستنی بەرامبەر، نەك خوانێك بێ لە ئاسمانەوە دابەزێ. هەر گەل و نەتەوەیەك مافی تەواوی هەیە لە ئاوەدان کردنەوەی زەوی و بەختەوەرکردنی مرۆڤ. هەوڵدان بۆ ئەوەی کەسانی تر لە شانۆی ژیان دوور بخرێنەوە و بێ بەش بکرێن شتێکی ژیرانە و واقیعی و ئاینی ڕاست و دروست نییە، هەروەها لە بەرهەمەکانی ژیان بێ بەش بکرێن یان کارکردن بۆ گەمارۆدانی کەسانی تر بە کۆت و بەند؛ هەوڵدان بۆ قۆرغکردنی ڕاستییە ڕێژەییەکان لە دادگەری و ویژدانیشەوە نییە. بەڵام فرە جۆر و چەشنی بریتییە: لە ماوەی فەراهەم بوو بۆ کێبڕکێ کردن لە چاکسازی کردن لە زەویدا و ڕام و دەستەمۆکردنی هێزەکانی سروشت و بەگەڕخستنی زیرەکی مرۆڤ بۆ پێشکەوتنی مرۆڤ و چارەسەکردنی کێشەکانی لە ژیاندا.

لەگەڵ ئەوەی ئەمەیە پێگە و شوێنی ئەم پرس و باسە لە عەقڵ و واقیعدا، ئەوا مەدەنیەتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هێشتا نەگەیشتووەتە ئاستێك دڵی ئارام بێ بەم واقیعە؛ بەڵکو هێشتا کۆمەڵێك لە هەر لایەنێك تەحەددای ڕاستی و حەقیقەتەکەی دەکات، لە ناخدا پێی وایە کۆمەڵگاکەی ئەو مافی سەروەری و سەرکردایەتی ئەوانی دیکەی هەیە، بۆیە تێدەکۆشێ بۆ ڕامالینی ئەوەی تر، یان بۆ داگیرکردنی مافەکانی و ڕیشەکیش کردنی ڕەگەکان و ڕەتکردنەوەی شارستانیەتەکەی.

ئەوەی لێرەدا نامۆ و سەرسامکەرە، ئەوەیە کە هزری ئیسلامی بانگهێشت دەکرێ بۆ دادگایی کردن بەهۆی ئەم تۆمەتە، واتە: تۆمەتی چەقبەستوویی و پەسەند نەکردنی بەرامبەر.

ئەوەی نامۆیە لێرەدا ئەوەیە کە قورئانی پیرۆز کانگای هزر و سەرچاوەکەیەتی، بەڵگەی ڕەوایی و ڕێنوێنیکاریەتی، کۆنترین بەڵگەنامەی مێژوویی چەسپاو لەخۆی هەڵدەگرێ کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕاستی فرەیی شارستانی و کرانەوەی ئیسلام بە ڕووی ئەوانی تردا، دان دەنێ بەوەی فرەیی هزری و شارستانی و کەلتوری ڕاستییەکی گەردوونیە. فەرموو و وردببەوە لەم ئایەتە پیرۆزە: ﴿ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ۚ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ ﴾ المائدة: ٥/ ٤٨. واتە: (بۆ هەر لایەکتان "موسڵمانان و خاوەنانی کتێب" بەرنامە و پرۆگرامی تایبەتمان بڕیارداوە خۆ ئەگەر خوا بیویستایە هەر هەمووتانی دەکردە یەك ئوممەت و گەلێکی یەك پارچە، بەڵام "ویستی وایە بەو جیاوازیە" تاقیتان بکاتەوە لەوەی پێی بەخشیوون). هەروەها ئەم ئایەتە: ﴿ وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً ۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ ﴿١١٨﴾ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ ۚ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ ﴿١١٩﴾ ﴾ هود: ١١/ ١١٨ – ١١٩. واتە: (خۆ ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە ئەوە هەموو خەڵکی دەکرد بەیەك تاقم و کۆمەڵ، "بەڵام" بەردەوامیش ئەو خەڵکە جیاوازن لە نێوانی یەکتردا لە ئایین و بەرنامە و بۆچووندا. مەگەر ئەوەی بەزەیی پەروەردگارت گرتبێتیەوە، هەر بۆ ئەو مەبەستەش خوای گەورە دروستی کردوون). هەر هزرێك وەڵامی

ئەم ڕاستییە نەداتەوە ئەوا لەسەر ئیسلام هەژمار ناکرێ؛ بەڵکو لەسەر ئەو موسڵمانانە هەژمار دەکرێ کە زیادەڕۆچوون. هزری ئیسلامی بریتییە لە هزری میانڕەوی هاوسەنگ، بانگەشە بۆ دانایی و لێکتێگەیشتن دەکات، پشت دەبەستێ بە گفتوگۆی شارستانیەتەکان، هانی کارلێك کردنی کەلتور و ئاوێتەکردنی شارەزاییەکان دەدات. هەمووومان دەزانین کەلەپوری ئیسلامی لە لایەنە فەلسەفی و زانستیەکەیدا بەرهەمی تێکەڵبوونی شارستانیەتەکان و لێکتێگەیشتنیانە، دەرەنجامی ئاوێتەبوونی فەلسەفە و ژیریەکانە، دەستەبژێرکردنی حوکمی گەل و نەتەوەکانە. لە سەرەتای ڕابوونی ئوممەت لە سەروبەندی سەردەمی یەکەمی عەباسیدا کرداری وەرگێڕان چالاك بوو، پرۆسەی هاوردەکردنی کەلتورە مرۆییەکان کارایی بەخۆیەوە بینی. جا ئەگەر ئیسلام داخراو بووبا و ڕێگر بووبا لە بەردەم گفتوگۆی نێوان کەڵتورەکان و کارلێك کردنیان، ئەوا ئەمە ڕووینەدەدا لە پاڵ بوژانەوەی فیقهی ئیسلامی و پێگەیشتنی عەقڵیەتی کۆششکاری (إجتهاد)ی ئیسلامی. لە ڕاستیدا ئیسلام ڕەگەزەکانی شارستانیەتی تێدایە بە واتا فراوانەکەی، کە تیایدا دان بە بەرامبەردا دەنرێ، لەسەر باوەڕی زانست دامەزراوە.

شتێکی زانراوە یەکەم وانە کە پێغەمبەر محەممەدی پەیامبەری ئیسلام (د. خ) وەریگرت بۆ دروستکردنی ئوممەتی تازە، چەمکەکانی ڕەهەندی شارستانی بۆ هەڵوێستی مرۆڤ پێکدەهێنێ، کە ئەمانەن:

١- خوێندنەوە: ئەویش بەدواداگەڕانە بۆ دۆزینەوەی ڕاستیەکی تازە. زانینی کرۆك و ناوکەکانی شارستانیەت.

٢- زانست و زانین: مرۆڤ شارەزا دەکات لە زانستی تازەدا.

٣- خامە (پێنووس): بریتییە لەو ئامێرەی مرۆڤ دەبات بەرەو سەرمایەگوزاری کردن لە ڕەهەندی شارستانیدا و گواستنەوەی بۆ ئەوانی تر.

لە ڕاستیدا ئیسلام چارەی کێشەی پەیوەندی نێوان ئەوانەی کردووە کە جیاوازن لە ئایندا یان خاوەنی شارستانیەتی جیاوازن، بە مشتومڕێکی ئامانجدار و گفوگۆیەکی ئارام و هێمن و بێ دەمارگیری و پەڕگیری و: ﴿ بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ ﴾ العنکبوت: ٢٩/ ٤٦. واتە: (بەجوانترین شێوە و شێواز). بێ بانگەشەکردنی پێشوەختە بۆ قۆرغ کردنی ڕاستی، ﴿ وَإِنَّآ أَوۡ إِيَّاكُمۡ لَعَلَىٰ هُدًى أَوۡ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴾ سبأ: ٣٤/ ٢٤. واتە: (بێگومان ئێمە، یان ئێوە لەسەر ڕێگەی ڕاست و دروستی هیدایەتین، یاخود لە گومڕاییەکی ئاشکرادا ڕۆچووین!!). هەروەها بەبێ ئەنجامدانی کاری بە ئەنقەست بۆ ئازاردانی بەرامبەر؛ تەنانەت قورئانی پیرۆز ئەم خاڵە شڵەژاوەی لە پەیوەندی مرۆڤایەتیدا کردۆتە خاڵی هەنگاونان بۆ دەستپێشخەری کردن لە کاری خێرو چاکەدا، هەروەها بۆ کێبڕکێ کردن لە ئاوەدان کردنەوەی زەوی و خزمەتکردنی مرۆڤ، هەروەها بۆ پێشبڕکێ کردنی تاك و گەل و نەتەوەکان لەکاری خێردا.

له سەرەتای نەوەدەکاندا، سیستەمی نوێی جیهانی دروستکرایەوە بەهۆی داڕوخانی یەکێتی سۆفیەتی، تەنها بوونی یەك جەمسەر لە زاڵبوون بەسەر ناوەندەکانی هێز لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، بیرمەندی ئەمریکی (هنتنگتون) پێشبینی ئەوەی کرد کە ململانێ نێوان شارستانیەتەکان ببێتە خەسڵەتی ئەم قۆناغە نوێیە، گەڕی ململانێی هەرە بەهێز گەرم ببێ لە نێوان هەر دوو کەلتوری خۆرئاوایی و ئیسلامی. لەوانەیە ئەم بیرمەندە لە دوو گۆشە نیگاوە هەنگاوی نابێ: یەکەمیان: لە ڕاستیدا کەلتور و ڕۆشنبیری ئیسلامی خاوەنی کۆڵەگە و ستوونی چەسپاوە، کە ڕێگرە لە بەردەم یەکگرتن و ئاوێتەبوونی تەواو لەگەڵ بەها خۆرئاواییەکان و ڕێگری دەکا لە بژارکردن لە هەر دۆخێك لە دۆخەکاندا. دووەمیان: دەرکەوتنی دیاردەی جەختکردنەوە لەسەر ڕەتکردنەوەی تەواوی بەها خۆرئاواییەکان، بانگەشەکردن بۆ دژایەتی کردنی ئەم بەهایانە لە چەقی ماڵی خۆرئاواییدا، بەشێوەیەکی گشتی و بێ وردەکاری، ئەمەش دیاردەی توندڕەوەکانە. جا ئەگەر "هنتنگتۆن" ئامانجی بێ بەشکردن و دوورخستنەوەی هەر شارستانیەتێك بێ کە خۆی ڕادەستی شارستانیەتی خۆرئاوایی ناکات بەشێوەی ملکەچ بوون و خۆبەدەستەوەدان، ئەوا ناوبراو بەهۆی هێز لەخۆبایی بووە، هێزیش بێگومان ڕۆژێك لە ڕۆژان لەناودەچێت، ئەمە یاسای ڕۆژگارە، هەروەها پاڵپشتی کراوە بەوەی فرەیی شارستانی ڕاستییەکی سروشتییە، بۆ هیچ هێزێك لەسەر زەوی نییە بەسەریدا زاڵبێت. بەڵام ئەگەر ناوبراو ئامانجی بریتی بێ لە فەراهەم

کردنی هاوسەنگی لە نێوان شارستانیەتەکان و دابینکردنی ئاشتی، ئەوا هیچ شتێك لە ئیسلامدا نییە سوربێ لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەمە. لەبەر ئەمە لەوەتەی بیردۆزەکەی ناوبراو بڵاوبووەتەوە سەبارەت بە ململانێی شارستانیەتەکان، ئەوا توونددڕەوەکان زیاتر گلێپەیان بەم ململانێیە داوە، میانڕەوانیش هەوڵ دەدەن و تێدەکۆشن بۆ بە بنەماکردنی سروشتی لێبوردەیی – ڕێنوێنی ئیسلامی، هەروەها بۆ جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی تایبەتمەندییە چەسپاوەکانی شارستانیەتی ئیسلامی بەبێ چەند و چوون مانای ململانێ لەگەڵ شارستانیەتەکانی دیکە ناگەیەنێ. هەروەك پێشتر وتمان شارستانیەتی ئیسلامی ئاوێتەیەکە لە موتوربەی شارستانی و کەلتوری لەگەڵ شارستانیەتەکانی تر لە گۆڕەپان و مەیدانەکانی فەلسەفە و زانست و ئاوەدانکردنەوە.

بەڵکو من پێم وایە هزری ئیسلامی لە ئاست هزری گفتوگۆی شارستانی نەوەستاوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی جیاوازبوون و فرەیی کەلتوری، بەڵکو ئەم دیاردەی کردووەتە پاڵنەری پێشبڕکێی چاکە، خاڵی هەنگاونان بۆ بەهێزکردنەوەی وزە و ورەکان لە پێناو چاکە و خێری گشتی. ئەم هەڵوەستە وەك وەڵامدەرەوەی گوزارشتی قورئانی دێت کە بە دوای ئەو ئایەتەدا دێ کە ئاماژەی پێکرا لە سورەتی مائیدەدا: ﴿ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ۚ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُمْ ۖ فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ ﴾ المائدة: ٥/ ٤٨. واتە: (بۆ هەر لایەکتان "موسڵمانان و

خاوەنانی کتێب" بەرنامە و پڕۆگرامی تایبەتمان بڕیارداوە خۆ ئەگەر خوا بیویستایە هەر هەمووتانی دەکردە یەك ئوممەت و گەلێکی یەك پارچە، بەڵام "ویستی وایە بەو جیاوازیە" تاقیتان بکاتەوە لەوەی پێی بەخشیوون، دەی کەواتە زۆر بەپەلەبن و پێشبڕکێ بکەن بۆ هەموو خێر و چاکەیەك).

﴿ وَلِكُلٍّ وِجْهَةٌ هُوَ مُوَلِّيهَا فَاسْتَبِقُوا الْخَيْرَاتِ ﴾ البقرة: ٢/ ١٤٨. واتە: (بۆ هەرگەل و میللەتێك ڕوگە و قیبلەیەك هەیە، خوا ڕوویان وەردەچەرخێنێت بۆ لای، کواتە پێشبڕکێ بکەن لە چاکەکاندا).

پەیڕەوی ڕەسەنی ئیسلامی لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەوانی تر، لە خاوەن کتێب و تێکڕای شارستانیەتەکانی دیکە، بریتییە لە پەسەندکردنی بەرامبەر و ڕێز و حورمەت گرتنی، خۆشویستنی ئەوەی خۆشەویستی پێشکێش دەکات، ئەنجامدانی کاری بنیاتنەر بۆ کێبڕکێ کردن لەگەڵ ئەوانی تردا لە گۆڕەپان و مەیدانی شارستانی، کە سوود بە مرۆڤ دەگەیەنێ نەوەك زیان، پێشی دەخات نەوەك دوای بخات، بەهێزی دەکات لە جیاتی لاوازکردنی، بەختەوەری دەکات لە بڕی بەدبەخت کردنی.

جا بۆ ئەوەی خوێنەری ڕامێنەر و توێژەری بەویژدان وێنەیەکی ڕوونتری لەبەردەم بێ سەبارەت بە کرانەوەی ئیسلام بە ڕووی شارستانیەت و ئایین و کەلتوورەکاندا، بۆی ڕوون ببێتەوە کە موسڵمانان چەندە قەناعەتیان هەیە بەوەی جیاوازی نەتەوە و گەل و شارستانیەتەکان ڕاستییەکی گەردونین، ئەوا داوای لێدەکەم وردببێتەوە لەم ئایەتە پەیڕەوی

**(منهج)ییه:** ﴿ وَلَئِنۡ أَتَيۡتَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ بِكُلِّ ءَايَةٖ مَّا تَبِعُواْ قِبۡلَتَكَۚ وَمَآ أَنتَ بِتَابِعٖ قِبۡلَتَهُمۡۚ وَمَا بَعۡضُهُم بِتَابِعٖ قِبۡلَةَ بَعۡضٖ ﴾ البقرة: ٢/ ١٤٥. **واتە: (سوێند بەخوا ئەگەر بچیت بۆ لای ئەوانەی کتێبیان بۆ هاتووە، بە هەر بەڵگەیەك بتەوێت شوێنی ڕاستی بکەون و ڕوو بکەنە ڕووگەی تۆ، ڕووی تێناکەن و بەقسەت ناکەن، تۆش هەرگیز شوێنکەوتەی ڕووگەی ئەوان نابیت، ئەوانیش هەندێکیان شوێنکەوتەی ڕووگەی هەندێکی تریان نین).**

**ئایا لە دوای ئەمە گومان لەم بارەوە هەیە کە ئیسلام تەنگ بەوانی تر هەڵچنێ، پیلان دانانێ بۆ کۆتایی هێنان بە بەرامبەر؟ لەسەر موسڵمان پێویستە هەوڵ نەدات بۆ ڕەتکردنەوەی کەلتوری بەرامبەر (ڕووگەکی) یان بێ بەشکردن و دوورخستنەوەی.**

**لەگەڵ ڕۆشنی ئەم ڕاستییە پەیڕەوییە، کە لە دەیان ئایەتدا جەختی لەسەر کراوەتەوە، لە چەندین هەڵوێستدا لە ژیاننامەی پێغەمبەری ڕێزداردا بەرجەستەبووە؛ لەم سەردەمەی ئێمەدا ئوممەتی ئیسلامی دووچاری کۆمەڵێك دەستە و تاقمی سیاسی شەڕکەر بووەتەوە، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن بزوتنەوەی جیهادین، لە کاتێکدا جیهاد و تێکۆشان لەوان بەرییە، هەڵگری بیرۆکەی ڕووبەڕوو بوونەوەی بەرامبەر و هەڵوێستی ڕەتکردنەوە و تەکفیر کردنی ئەوانەی هەڵگرتووە کە پشتگیریان ناکەن، دەجەنگن دژی ئەوەی هاو ئاواز نەبێ لەگەڵ شێوە بیرکردنەوە شڵەژاوەکەیان، شمشێر هەڵدەکێشن دژی ئەوانەی جیاوازن لەگەڵیان، جەنگ**

ڕادەگەیەنن دژی ئاشتی ناوخۆیی و دەرەکی، ترس و تۆقاندن بڵاو دەکەنەوە لە ناو کۆمەڵگە موسڵمانە ئاشتیخوازەکاندا، لە هەر کوێیەك هەبن، پێیان وایە خوێن وێنەی پەیوەندییە نێو دەوڵەتی و نێوانی کۆمەڵگاکاندا دەکێشێ. بنەڕەت لە پەیوەندییەکاندا جەنگە. سەبارەت بە ئاشتی ئەوا بریتییە لە هەڵاوێردراو و تەنها وێستگەیەکی حەسانەوەیە بۆ جەنگاوەران. نموونەی ئەم کۆمەڵانە لە مێژووی ئیسلامیدا بریتیین لە: خەواریجەکان، قەڕامیتەکان، حەشاشونەکان، هەروەها لاساییکەرەوە دەمارگیرەکان کە دووچاری ئوممەت بوون لە سەردەمە جیاوازەکاندا، خەریك بوو وێنەی درەوشاوە و پڕشنگداری شەریعەت ناشرین بکەن، ئەگەر بایەخدانی خوای مەزن نەبووبا بەم ئوممەتە، هەروەها ئەگەر بڕیاری پەروەردگار نەبووبا سەبارەت بە پاراستنی قورئانی پیرۆز و دانا.

ئەم تاقم و پێڕە شەڕخوازانە بە وێنەی جیاواز و لە شێوێنی جیایادا دەرکەوتن، سەرچاوەیان گرت لە بیرۆکەیەك کە لە ڕووی بیروباوەڕیەوە سور بوو لەسەر ڕیشەکێش کردنی هەر یەکێك لە خاوەن شارستانیەتەکانی تر کە ناچنە ژێر بەڵێنی ئەوان یان هەمان بۆچوونی توندی ئەوانیان نییە لە ئایین و ژیاندا، ئەمانە بە فێڵ و تەڵەکەبازیەوە خەوتوویی ئوممەتی ئیسلام و پەرتەوازە بوونە هزرییەکەی و پاشکەوتنە ئابووریەکەیان قۆستەوە، هەروەها ئەو شتانەشیان قۆستەوە کە لە ناو ئوممەتی ئیسلامیدا ڕوویدەدا لە داڕووخانی دەروونی و ئاینی کە کاری کردبووە سەر بەها پیرۆزەکانی موسڵمانان؛ بەبێ کۆکردنەوەی هێز بە

مەبەستی جلەوگیرکردنی ستەمکاران. بەمانە ئەم دەستە و پێڕانە توانیان دەستبگرن بەسەر عەقڵ و ژیری گەنجانی بە جۆش و خڕۆشی بێ ئەزموون، دەستکورت لە تێگەیشتن لە ئایندا، کە ڕەشەبای سۆز و جۆش و خڕۆش دەیانوروژێنێ، ژیری و زیرەکیان تێدا پەککەوتووە، زۆربەیان شتێکیان نییە لە دونیادا تا لەدەستی بدەن.

کاتێك هەستیان کرد کە ناوەندی سیاسی ئیسلامی وەڵامی پلانەکەیان دەداتەوە، ئەو پلانەی کە دامەزراوە لەسەر وروژاندن و ڕووبەڕوو بوونەوە، بەهۆی ئەو بارودۆخە بێ ئومێدکەرە گشتییەی دەوری ئوممەت و بەها پیرۆزەکانی دابوو، بە نموونە هێنانەوە بە قودسی پیرۆز، بەوەی شەڕعناسان و سەرکردەکانی موسڵمانان بێ دەنگ بوونە و جوڵەیان نەکرد، بەوشێوەیەی نەریتیانە لە گشت پرسەکانی موسڵماناندا (گەلانی بۆسنە و هێرسك و کۆسۆفۆ و کورد)؛ هەڵەیان کرد لە ئەنجامدانی خوێندنەوەیەکی ڕاست و دروست بۆ جوگرافیا، بەیەکیان دادا لەگەڵ لوتکەی پێگەی هێز و دەسەڵاتی تۆکمە لە شارستانیەتی خۆرئاوادا؛ بەبێ ئەندازەگیری کردن بۆ ئاکامەکان، ڕەچاوکردنی بەها ڕۆحی و شارستانیەکانی ئیسلام، هەروەك پێشتر هەڵەیان کرد لە خوێندنەوەیان بۆ ئایین و بیروباوەڕ. لە ڕاستیدا وا پێویست بوو لەسەر سەرکردە و زانا و بیرمەندانی ئوممەت بە کۆمەڵ هەڵبستن بە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەوانە لەو ڕۆژەی شێخ زەهەبی کوژرا، هەروەها لەو کاتەی پیاوان و ئافرەتانی گەشتیار لە میسر کوژران؛ بەڵکو لە ڕۆژی ڕووداوەکەی کەعبەی پیرۆز لە سەرەتای هەشتاکان، بەر لەوەی

کەشتیەکە کون بکەن ئەوانەی لە ناوەوە و لەسەر پشتی کەشتیەکەن نقوم بکات.

لەوانەیە زانایانی ئایین هەندێك پاساویان هەبێ لەم لایەنەدا؛ بیدعەچیەکان و زیادەڕۆچووان فێڵ و تەڵەکەکانیان فراوان و قوڵ و دووربینتر بوو لەوانە. کەش و هەوایان فەراهەم کرد بۆ دوورخستنەوەی زانایان و مەرجەعە ڕەسەنەکان لە جەماوەر؛ کاریان کرد لەگەڵ بزوتنەوە میانڕەو و نا میانڕەوە ئیسلامییەکان، تا یادی کۆمەڵەی موسڵمان بجوڵێنن کە بارگاویە بە پەیوەندی نەرێنی نێوان زانا و میرەکان لە جیهانی ئیسلامیدا، هەروەها بۆ بڵاوکردنەوەی درۆی هەڵبەستراو (زانایانی دەسەڵات) بە مەبەستی لەکەدارکردنی کەسایەتییە زانستییەکەیان لە ناو جەماوەردا و گۆڕینیان بە ئەمیرە نەزانەکانیان، هەروەها ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی ئاینی و شکۆی سەرچاوەیی (مەرجەعیەت)ی سەرچاوە فیقهییەکان کە جگەلە وڵاتانی شیعەدا ئەوا نەریت وایە بۆ دەوڵەت دەگەڕێنەوە، وەك: مەشیەخەتی ئەزهەر لە میسڕ یان دەستەی زانایان لە سعودییە، ڕابتەی جیهانی ئیسلامی، هەروەها کۆڕبەندی فیقهی نێودەوڵەتی و موفتییەکان لە وڵاتانی موسڵماندا یان ڕۆڵی فەتوادان.

لەسەر زانایان پێویستە دەستپێشخەری بکەن بۆ یەکێتی و یەکگرتنێك کە فیقهی سیاسی ئیسلامی بگەڕێنێتەوە بۆ لای کەسە شایستەکانی، ئەو نووسراو و ڕاگەیەندراوە قرتێدراوانە ڕەتبکەنەوە کە بانگەشە بۆ تێکدان و

گەندەڵی دەکەن، هەروەها ئەو ڕاگەیەندراوە حیزبیانە پوچەڵ بکاتەوە کە بنەما لێبوردە و بەها ڕۆحییەکانی ئیسلام دەشێوێنن، یاسا گونجاوەکانی ناشرین دەکەن و ئوممەت ڕادەکێشن بەرەو جەنگێکی بەردەوامی ناوخۆیی و دەرەکی، بەمەش کەسانی نەزان فیقهە مەزنەکەمان ناشرین دەکات.

بۆ زیاتر ناساندنی پەیڕەوی فراوانی ئیسلام بۆ ژیان لەبەر ڕۆشنایی ڕاستی فرەیی گەردوونی، ئەوا دەچینە سەر ئەم بڕگەیەی خوارەوە:

**دووەم: بەرنامەی ئیسلام بۆ ژیان**

شتێکی زانراوە کە پەیڕەوی خوایی بۆ ژیانی مرۆڤی موسڵمان لە یادی دانا و حەکیم (قورئانی پیرۆز)دا نووسراوەتەوە، لە سوننەتی پێغەمبەردا بە شێوەیەکی تەواو ڕۆشنکراوەتەوە. شتێك نادرێتە پاڵ ئیسلام کە هەڵوێست لەبارەیەوە نەهاتبێ لە قورئانی پیرۆزدا یان لە سوننەتی یاسادانانی پێغەمبەردا.

لە هێڵە گشتییەکانی ئەم پەیڕەوە و کەلەپوری شەرعناسە کۆششکارەکان، ئەوە هەڵهێنجراوە کە ڕێباز و پەیڕەوی ئیسلامی بریتییە لە پەیڕەوی میانڕەوی ڕاست و ڕێك لەگەڵ سروشتی ژیان و عەقڵ و ژیری سەلامەت و ویژدانی مرۆیی، ناخی زیندوو، کە گشتگیرە و ناخ و جەستەی ماددی و ڕۆح لە خۆی دەگرێت، فراوانە هیچ شتێك بەرتەسکی ناکات، سەغڵەتی و سەختی تێدانییە: ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ﴾ البقرة: ٢/ ١٨٥. واتە: (چونکە خوا ئاسانکاری بۆ ئێوە دەوێت و قورس و گران کردنی بۆ ئێوە ناوێت).

مرۆڤ چەقبەستوو ناکات لە ناو ئەشکەوتێکی داخراودا، بەڵکو دەرگاکانی ژیانی بۆ دەکاتەوە لە سنووری ئازادییە ڕێکخراوەکان بە بنچینە چەسپاوەکان لە ئیسلامدا.

لە تێڕوانینیدا بۆ هەڵە و تاوانەکانی ئادەمیزاد ئەوا میهرەبانی خوا هەموو شتێکی گرتۆتەوە: ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى يَقْبَلُ ٱلتَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِۦ وَيَعْفُواْ عَنِ ٱلسَّيِّـَٔاتِ ﴾ الشورى: ٤٢/ ٢٥. واتە: (هەر خوا خۆی پەشیمانی و تۆبەی بەندەکانی وەردەگرێت، هەروەها چاوپۆشی دەکات لە هەڵە و گوناهەکانیان). بەڵکو مەرجێکی ئاسانی داناوە بۆ لێخۆشبوون، بەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ إِن تَجْتَنِبُواْ كَبَآئِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُم مُّدْخَلًا كَرِيمًا ﴿٣١﴾ ﴾ النساء: ٤/ ٣١. واتە: (ئەگەر خۆتان بپارێزن لەو تاوانە گەورانەی قەدەغە کراوە لێتان، ئەوە لە گوناهەکانی ترتان چاوپۆشی دەکەین و دەتانخەینە جێیەکی خۆش و سازگار و ڕێزدارەوە "کە بەهەشتی بەرینە"). شتێکی زانراوە کە نێوەندگیری لە نێوان بەدیهێنەر و بەدیهێنراودا نییە لە ئیسلامدا، تەنانەت کاهینایەتی تێدا نییە، مرۆڤی موسڵمان بۆی هەیە پەیوەندی بە پەروەردگاریەوە بکات بەبێ نێوەندگیری زانایان یان میرەکان یاخود شێخەکان، لەبەرامبەرشیدا پابەندی بەڵێنی نووسراو بێ.

سەبارەت بە هەڵە کۆمەڵایەتییەکان، کە زیانەکەی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، ئەوا سزای بۆ دادەنرێ و زیانەکە لادەبرێ؛ چونکە زەرەر و زیانگەیاندن لە ئیسلامدا نییە.

لە ڕاستیدا ڕێباز و پەیڕەوی ئیسلام بۆ ژیان پەیڕەوێکی گشتگیرە، بەڵام ئێمە لێرەدا لایەنە شارستانیەکەی وەردەگرین، کە دووچاری توانج و تیری قین لە دڵان بۆتەوە و وێنەکەی ناشرین کراوە لەلایەن نەزانانەوە، بۆیە بە تایبەت ڕۆشنایی دەخەینەسەر ئەم پرسانەی خوارەوە:

یەکەم- لێبوردەیی لە ئیسلامدا.

دووەم- پەسەندکردنی ڕای بەرامبەر و فرەیی.

سێیەم- مافەکانی مرۆڤ.

چوارەم- کەڵتووری داد و ئاشتی.

## پرسی یەکەم: پەیڕەوی لێبوردەیی لە ئیسلامدا

لەبەر ئەوەی درەوشاوەترین ڕووخسار بۆ لێبوردەیی بریتییە لە تێڕوانینی ئیسلام بۆ ئاینە ئاسمانیەکان و خاوەن کتێبەکان لە جولەکە و نەسڕانیە مەسیحییەکان؛ کە خۆی دەبینێتەوە لەوەی ئەم ئایەتانە هەموویان لە یەك سەرچاوە و ڕۆحەوە هاتوون. نەجاشی ڕاستی وت کاتێك چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی بیست، کە لەلایەن جەعفەری کوڕی ئەبو تاڵیبەوە بەسەریدا خوێندرایەوە، جەعفەر سەرکردەی ئەو کۆچبەرانە بوو کە ڕۆیشتبوونە حەبەشە، جا نەجاشی وتی: ((سوێند بەخوا ئەمە و ئەوەی عیسا هێناویەتی لە یەك سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێن)).

له ڕاستیدا ئیسلام بریتییه لەو ئاینەی کە خوای مەزن بۆ بەندەکانی داناوە لەسەر زمانی پێغەمبەران و پەیامبەرانی، لە ئادەمەوە تا محەممەد (د. خ)، ئەمە زنجیرەیەکە بازنەکانی بەیەکەوە لکاون، بانگەوازەکانی پێغەمبەران و پەیامبەران بەدوای یەکدا هاتوون، یەك وشەی چەسپاو ئەم بانگەوازانە کۆدەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە مادەم مرۆڤ لەسەر زەوی دەڕوات، ئەوا خوابەیەکگرتن و تەنها پەرستنی پەروەردگار و ئازادکردنی کەسایەتی مرۆڤ لە سەرشۆڕکردن بۆ جگەلە خوای پاك و بەرپاکردنی دادگەری لە زەویدا بەردەوام دەبێ. ئیسلامیش ئاینی خوایە: ﴿ أَفَغَيْرَ دِينِ ٱللَّهِ يَبْغُونَ وَلَهُۥٓ أَسْلَمَ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا وَإِلَيْهِ يُرْجَعُونَ ﴿٨٣﴾ ﴾ آل عمران: ٣/ ٨٣. واتە: (ئایا ئەوانە بێجگە لە ئاینی خوا ئاینێکی تریان دەوێت؟! لەکاتێکدا کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە بە ڕەزامەندیی بێت یان بەناچاریی تەسلیم و ملکەچی پەروەردگارن، هەمووانیش هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنرێنەوە).

قورئانی پیرۆز سەرنجی داوە لەسەر گومانی ئەوانەی وتیان: ﴿ وَقَالُوا۟ لَن يَدْخُلَ ٱلْجَنَّةَ إِلَّا مَن كَانَ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ ﴾ البقرة: ٢/ ١١١. واتە: ("جوولەکە و گاورەکان" دەڵێن: هەرگیز کەس ناچێتە بەهەشتەوە بێجگە لە جوولەکە یان گاور و مەسیحی نەبێ). بەم فەرمایشتە: ﴿ بَلَىٰ مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَلَهُۥٓ أَجْرُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿١١٢﴾ ﴾ البقرة: ٢/ ١١٢. واتە: (نەخێر وانییە، هەر کەس بەڕاستی خۆی بداتە دەست خوا و لەهەمان

کاتدا چاکەکار و موسڵمان بێت، ئەوە پاداشتی خۆی لای پەروەردگاری دەست دەکەوێت و نەترسیان دەبێت و نەغەم و پەژارە دایان دەگرێت). ئیسلام ملکەچ بوونە بۆ خوا، لە قورئاندا وەك ئاینی خوا هاتووە: ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُ ﴾ آل عمران: ٣/ ١٩. واتە: (بەڕاستی دین و ئاینی پەسەند لای خوا تەنها ئاینی ئیسلامە). ﴿ مَا كَانَ إِبۡرَٰهِيمُ يَهُودِيّٗا وَلَا نَصۡرَانِيّٗا وَلَٰكِن كَانَ حَنِيفٗا مُّسۡلِمٗا ﴾ آل عمران: ٣/ ٦٧. واتە: ("ئاشکرایە" کە ئیبراهیم نە جوولەکە بووە و نەگاور، بەڵکو ملکەچ و فەرمانبەردار و موسڵمان بووە و لە دەستەی هاوبەشدانەر و هاوەڵگەران نەبووە). لە نزاکەی یوسفدا هاتووە: ﴿ أَنتَ وَلِيِّۦ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ تَوَفَّنِي مُسۡلِمٗا وَأَلۡحِقۡنِي بِٱلصَّٰلِحِينَ ﴾ یوسف: ١٢/ ١٠١. واتە: (تۆ پشت و پەنا و یار و یاوەری منیت لە دنیا و قیامەتدا، داواکارم کە بە موسڵمانی بم مرێنیت و بمخەیتە ڕیزی پاکانەوە و بمگەیەنیت بەکاروانی چاکان). ناوەڕۆك و گەوهەری ئایین یەکە، کە بریتییە لە پەیڕەوی خوا بۆ ڕێکخستنی پەیوەندە بەندە بە پەروەردگاریەوە، بەدیهێنراو بە بەدیهێنەرەوە: ﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحٗا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ ﴾ الشوری: ٤٢/ ١٣. واتە: (ڕێبازی ئاین و بەرنامەی ژیانی بۆ داناون، هەروەك بۆ نوحی دانابوو و هەر بەو شێوەیە قورئانیشی بۆ تۆ ئەی محەممەد (د. خ) وەحی و نیگا کردووە، وە بە ئیبڕاهیم و موسا و عیساشی ڕاگەیاندووە کە ڕێبازی ئایین و یەکخواناسی بەرنەدەن و لەسەری پایەدار بن). ئەگەر دەتەوێت

ئەم فەرمایشتەش بخوێنەرەوە: ﴿ قُلْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ عَلَيْنَا وَمَآ أُنزِلَ عَلَىٰٓ إِبْرَٰهِيمَ وَإِسْمَٰعِيلَ وَإِسْحَٰقَ وَيَعْقُوبَ وَٱلْأَسْبَاطِ وَمَآ أُوتِىَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُۥ مُسْلِمُونَ ﴿٨٤﴾ ﴾ آل عمران: ٣/ ٨٤. واتە: ("ئەی محەممەد (د. خ)، ئەی ئیماندار" بڵێ: باوەڕمان هێناوە بەخوا و بەوەی بۆمان نێرراوەتە خوارەوە و بەوەش کە نێرراوەتە خوارەوە بۆ سەر ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و نەوەکانی و بەوەش کە دراوە بە موسا و عیسا و پێغەمبەران لەلایەن پەروەردگاریانەوە و ئێمە جیاوازیی ناکەین لە نێوان هیچ کامیاندا و هەمووومان تەسلیم و ملکەچی ئەو پەروەردگارەین). ئەو ئیسلامەی محەممەد (د. خ) لەلایەن پەروەردگارەوە هێناویەتی، کۆتا ئایینە، کە گشت پەیامی پێغەمبەران لە خۆی دەگرێ، وردەکاری ئەو ڕێنوێنیانەی تۆمارکردووە کە پێغەمبەران بانگی گەل و نەتەوەکانیان کردووە بۆی، بە ڕاستیشی داناوە و گەواهی بۆ داوە، چاودێریشە بەسەریانەوە. هەر قورئانی پیرۆز چیرۆکی پێغەمبەر موسای گێڕاوەتەوە لە چەندین بۆنە و بە شێوازی جیاواز، لە هەر جارێکدا دانایی و حیکمەتێکی تایبەت و ئاماژەیەکی زۆر بەهێز درەوشاوەتەوە. پێغەمبەر محەممەد (د. خ) باسی پێغەمبەر عیسای دەکرد بەوپەڕی ڕێزەوە، ئەمەش یەکێکە لەو فەرمایشتانەی لەبارەیەوە وتراوە: ((من لەپێشترم لە هەموو کەس بۆ عیسای کوڕی مەریەم لە دونیا و دواڕۆژدا، لە نێوان من و ئەودا هیچ پێغەمبەرێك نییە. پێغەمبەران کوڕی یەك باوکن، دایکیان جیایە. لە نێوان من و ئەودا

پێغەمبەرێکی تر نییە)) بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە. پەیوەندی ئیسلام بە پێغەمبەرەکانی تر، بریتییە لە پەیوەندی درێژە پێدان و دانان بە بنچینەکان نەوەك پەیوەندی ڕەتکردنەوە و هەڵوەشاندنەوە، ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز بخوێنەوە:﴿ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَمُهَيۡمِنًا عَلَيۡهِ ﴾ المائدة: ٥/ ٤٨. واتە: (ئێمە قورئانمان هاوڕێ لەگەڵ هەموو حەقیقەت و ڕاستییەکدا بۆ تۆ دابەزاندووە، ڕاستی و دروستی کتێبەکانی پێش خۆیشی دیاری دەکات و چاودێرە بەسەر هەموویاندا). پێغەمبەری ڕێزدار محەممەد (د. خ) بە شێوازە ڕەوانبێژە کۆمکارەکەی پەیوەندی ئیسلامی لەگەڵ ئاینە ئاسمانیەکانی تری ڕوونکردۆتەوە، بە جوانترین و قەشەنگترین شێواز؛ ئەمەش کاتێك لە فەرموودەیەکی ڕاست و دروست فەرموویەتی، کە موسلیم لە سەحیحەکەیدا گێڕاویەتیەوە: (مَثَلي و مَثَلُ الأنبياء من قبلي، كمَثَل رجل بنى بنياناً فأحسنه وأجمله، الا موضع لبنة من زاوية من زواياه، فجعل الناس يطوفون به، ويعجبون له، ويقولون: هلا وضعت هذه اللبِنة؟ قال: فأنا اللبِنة، وأنا خاتم النبيين) واتە: نمونەی من و پێغەمبەرانی پێش من وەك نمونەی پیاوێك وەهایە کە بینایەکی دروست کردووەو زۆر چاك و جوانی کردووە، تەنها جێگای یەك خشت نەبێت، لە سوچێك لە سوچەکانیدا، خەڵك بەدەوریدا دەگەڕێن و سەرسام دەبن و دەڵێن: ئەی ئەم خشتە بۆچی دانەنراوە؟ ئینجا پێغەمبەر (د. خ) فەرمووی ئەو خشتەم و سەرمۆری پێغەمبەرانم.

ئا لێرەوە لێبوردەیی ئیسلام دەردەکەوێ وەك درەوشانەوەی بنەماکانی ئیسلام و جێبەجێکردنی سوننەتی پێغەمبەر محەممەد. لە ژیاننامەی پێغەمبەری ڕێزداردا هاتووە کە کاتێك شاندی مەسیحییەکان لە وڵاتی نەجرانەوە هاتنە لای پێغەمبەر بۆ ئەوەی مشتومڕی لەگەڵ بکەن، ئەوا پێغەمبەر ئەوانی دابەزاندە مزگەوتەکەی خۆی و لەوێ داینیشاندن. ساتێك کاتی نوێژی ئەوان هات، پێغەمبەر مۆڵەتی بەواندا لە مزگەوتەکەیدا نوێژی خۆیان بکەن[1].

دەگێڕدرێتەوە کە پێغەمبەر پارەی بە قەرز وەرگرتووەە لە خاوەن کتێبەکان و شتەکانی خۆی بە بارمتە لەلای ئەوان دادەنا، تەنانەت پێغەمبەر کۆچی دوایی کرد زرێ و قەڵغانەکەی بارمتە و ڕهن بوو لەلای هەندێك جولەکەی شاری مەدینە، لە بەرامبەر قەرزێك کە لە ئەستۆی بوو، زرێ و قەڵغانەکەی لەلایەن جێنشینەکانی ئەو لە دوای ئەو ڕزگار کرد.

لەگەڵ ڕۆشنی ئەم پەیڕەو و ڕێبازە لێبوردەیە لە قورئانی پیرۆز و سوننەت و ژیاننامەی بۆندار و بۆنخۆشی پێغەمبەر، ئەوا من لەوەوە بازدەدەم و دەچمە سەر ئەوەی لە گوێچکە و یادی خۆرئاواییەکاندا جێگیر بووە، کە پێچەوانەی ئەم وێنەیەیە، دووبارە کەشەکە لەباردەکات بۆ ململانێی ئیسلامی و خۆرئاوایی بەپێی داخوزای ململانێی کەلتوری. ئەوەی لەم لایەنەدا هەستی پێ دەکەین بە ڕۆشنی لە کەلتورە ئیسلامیەکەماندا، کە سەرچاوەی گرتووە لە ڕەهەندە

---

(1) محمد سعید رمضان البوطي. فقه السيرة. ٤٩٩.

ئاسمانیە مرۆییەکەی لە شەریعەتدا، ئەوەیە هەرگیز شتێك نابینین کە بوغز و ڕق و شەڕشکردن و ناچارکردنی بەرامبەر بۆ هاتنە سەر ئاینی ئەوانی دیکەی تێدابێ. لەوانەیە ئەم بازدانە لەم بابەتەوە بۆ بابەتەکەی تر و خستنەڕووی ببێتە مایەی سوود بۆ دەستە و تاقمە چەقبەستووەکان، کە ئیسلام دەخوێننەوە لە ژێر ڕۆشنایی چەند ئایەتێك کە بۆ جەنگ دابەزیون، بە مەبەستی خۆ ئامادەکردنی ئوممەت بۆ بەرگری کردن نەوەك بۆ ئەوەی ببێتە یاسایەکی هێرش بردن تا هەتا، ئەم دەستە و پێڕانە پێیان وایە خاوەن کتێبەکان چیتر خاوەن کتێب نین، چونکە دەستکاری کتێبەکانیان کردووە و شێواندوویانە، کەواتە ئەوان هاوبەشدانەرن، تەنانەت گومڕاترن:

جا بۆ ئەوەی وێنەی ئەم دوو لایەنانە ڕوون بکەینەوە ئەوا گەواهی بەم ڕاستییە چەسپاوانە و نموونە سەلمێنراوانە دێنینەوە:

١) داننانی قورئانی پیرۆز بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە بەوەی جولەکە و نەسرانیەکان بریتین لە خاوەن کتێبەکان، ئەوانیشی ڕاشکاوانە دواندووە بە: ﴿ يَـٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَـٰبِ ﴾ آل عمران: ٣/ ٦٥. واتە: (ئەی خاوەن کتێبەکان). ئەگەر حەز دەکەیت ئەم فەرمایشتانە بخوێنەوە:

﴿ قُلۡ يَـٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَـٰبِ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ كَلِمَةٖ سَوَآءِۭ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمۡ أَلَّا نَعۡبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشۡرِكَ بِهِۦ شَيۡـٔٗا وَلَا يَتَّخِذَ بَعۡضُنَا بَعۡضًا أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِۚ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُولُواْ ٱشۡهَدُواْ بِأَنَّا مُسۡلِمُونَ ٦٤ ﴾ آل عمران: ٣/ ٦٤. واتە: ("ئەی

محەممەد (د. خ)" بلێ: ئەی ئەوانەی کتێبتان بۆ ڕەوانەکراوە وەرن بەدەم بانگەواز و بەرنامەیەکەوە کە هاوبەش و هاوسەنگە لە نێوان ئێمەش و ئێوەشدا "ئەویش ئەمەیە": جگە لە (الله) کەسی تر نەپەرستین، هیچ جۆرە هاوەڵێکی بۆ بڕیار نەدەین، هیچ لایەکمان لاکەی ترمان "بەپیرۆز و فەرمانڕەوا دانەنێین" لەجیاتی ئەو زاتە و نەیپەرستین "خۆ ئەگەر لەم بانگەوازەدا" سەرپێچیان کرد و گوێیان پێنەدا، ئەوە پێیان بلێ: کە ئێوە بەشایەت بن کە ئێمە موسڵمانین و ملکەچی فەرمانی پەروەردگارین).

﴿ وَلَا تُجَٰدِلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ إِلَّا بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ ﴾ العنكبوت: ٢٩/ ٤٦.

واتە: (گفتوگۆ و "مشتومڕ" مەکەن لەگەڵ خاوەنی کتێبە ئاسمانیەکاندا مەگەر بەجوانترین شێوە نەبێت).

﴿ ۞ لَيۡسُواْ سَوَآءٗۗ مِّنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ أُمَّةٞ قَآئِمَةٞ يَتۡلُونَ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ ءَانَآءَ ٱلَّيۡلِ وَهُمۡ يَسۡجُدُونَ ﴿١١٣﴾ ﴾ آل عمران: ٣/ ١١٣. واتە: ("گاور و جوو" هەموویان یەکسان و چوونیەك نین، بەڵکو لە خاوەنانی کتێب دەستەیەك لە ئیمانداارانیان هەن، ئایەتەکانی خوا لەکاتەکانی شەودا دەخوێننەوەو نوێژدەکەن و سوژدە دەبەن).

﴿ ۞ وَمِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ مَنۡ إِن تَأۡمَنۡهُ بِقِنطَارٖ يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ وَمِنۡهُم مَّنۡ إِن تَأۡمَنۡهُ بِدِينَارٖ لَّا يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ إِلَّا مَا دُمۡتَ عَلَيۡهِ قَآئِمٗاۗ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَالُواْ لَيۡسَ عَلَيۡنَا فِي

ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ سَبِيلٞ وَيَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ﴿٧٥﴾﴾ آل عمران: ٣/ ٧٥. واتە: (لە شوێنکەوتووانی کتێبە ئاسمانیەکان کەسانێك هەن ئەگەر ماڵ و داراییەکی زۆری بەئەمانەت لەلا دابنێیت "هەر کاتێك داوای بکەیت" بۆت دەگێڕێتەوە بەتەواویی، هەشیانە ئەگەر دینارێکی بە ئەمانەت لادابنێیت بۆت نایگێڕێتەوە مەگەر بە سەریەوە ڕاوەستابیت و کۆڵی لێنەدەیت، ئەوانە بۆیە وادەکەن چونکە دەڵێن: لە بەرامبەر دەستەی نەخوێندەوارانداا "مەبەستیان موسڵمانانە" لێپرسراو نابین "ئەگەر فێڵیان لێبکەین و ماڵیان بخۆین"، ئەوانە بەدەم خواوە درۆ هەڵدەبەستن و دەشزانن کە درۆ دەکەن).

٢) لە ڕاڤەی زانای بلیمەت محەممەد جەمالەددینیدا، کە بە (القاسمی) ناسراوە هاتووە:

((حافیز زەهەبی لە "تذكرة الحفاظ"دا لە ژیاننامەی عەبدوڵای کوڕی سەلامدا کە لە باوکیەوە هێناویەتی، ئەوەی گێڕاوەتەوە: کە باوکی یەحیا وتویەتی: موعازی کوڕی عەبدڕەحمانی بۆمانی گێڕاوەتەوە، ئەویش لە یوسفی کوڕی عەبدوڵای کوڕی سەلام و ئەویش لە باوکیەوە هێناویەتی: کە هاتۆتە لای پێغەمبەر (د. خ) و وتویەتی: من قورئان و تەوڕاتم خوێندۆتەوە، پێغەمبەر فەرمووی: شەوێك ئەوەیان، شەوێك ئەوەی تریان بخوێنەوە. زەهەبی وتویەتی: ئەگەر ئەم گێڕانەوەیە دروست بێ ئەوا تیایدا مۆڵەتی ئەوە دراوە کە ڕامان لە تەوڕاتدا ئەنجام بدرێ.

یەکێك لەو پێشینانەی شافیعییەکان کە پێی وابووە دروستە شت لە کتێبەکانیان وەربگیرێ، پێشەوا ماوردی بووە. پێشەوا بورهانی بقاعی پشتڕاستی کردۆتەوە. بقاعی لە ڕاڤەی ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ ﴾ البقرة: ٢/ ٣٤. واتە: (کاتێکیش بە فریشتەکانمان وت: سوژدە بەرن بۆ ئادەم). وتویەتی: ئەگەر یەکێك نکۆڵی کرد لە گەواهی هێنانەوە بە تەوڕات و ئینجیل، ئەوا ئەم فەرمایشتەی بەسەردا دەخوێنمەوە: ﴿ قُلْ فَأْتُوا۟ بِٱلتَّوْرَىٰةِ فَٱتْلُوهَآ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾ آل عمران: ٣/ ٩٣. واتە: (دە ئێوە تەورات بهێنن و بیخوێننەوە ئەگەر ڕاستگۆن).

٣) هەڵوەستە لەسەر ئەم دوو ئایەتە پیرۆزە دەکەین: ﴿ وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ ءَامَنُوا۟ وَٱتَّقَوْا۟ لَكَفَّرْنَا عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ وَلَأَدْخَلْنَٰهُمْ جَنَّٰتِ ٱلنَّعِيمِ ﴿٦٥﴾ وَلَوْ أَنَّهُمْ أَقَامُوا۟ ٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِم مِّن رَّبِّهِمْ لَأَكَلُوا۟ مِن فَوْقِهِمْ وَمِن تَحْتِ أَرْجُلِهِم ۚ مِّنْهُمْ أُمَّةٌ مُّقْتَصِدَةٌ ۖ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ سَآءَ مَا يَعْمَلُونَ ﴿٦٦﴾ ﴾ المائدة: ٦٥ – ٦٦. واتە: (خۆ ئەگەر بەڕاستی خاوەنانی کتێب باوەڕیان بهێنایە و پارێزکار بوونایە، ئەوە چاوپۆشیمان لە خراپەکانیان دەکرد و لێیان خۆش دەبووین و دەمانخستنە ناو بەهەشتی پڕ لە ناز و نیعمەتەوە. خۆ ئەگەر بەڕاستی هەستانایە بەپەیڕەو و پیادە کردنی تەورات و ئینجیل و ئەو قورئانەش کە

لەلایەن پەروەردگاریانەوە بۆیان هاتووەتە خوارەوە، ئەو کاتە خۆراکیان دەخوارد لە ڕا سەر و لەبەر پێیانەوە، دەستەیەك لەوانە کەسانێکی ژیر و دادپەروەر و میانەڕە و بە ویژدانن، کەچی زۆربەشیان ئەو کار و کردەوەی کە دەیکەن زۆر نادروست و نابەجێیە). ئایەتەکانی دیکەی جگەلەمانەش کە وا بەدەستەوە دەدەن کتێبە دابەزێنراوەکانیان ڕەوان، کە قورئان هاتووە گەواهیان لەسەر بدات. مەبەست لێرەدا واتای کورت بڕە نەوەك واتای درێژبڕ. شتێکی ڕوونە کە قورئانی پیرۆز چاودێرە بەسەریانەوە و هەر قوڕانە بەڵگەنامەی دڵنیایی تەواوی لەبارەوە جێگیربووە و لەلایەنی زانستیەوە گومانی لەسەر نییە.

٤) هیچ شتێکی وا لە ئیسلامدا نییە بانگەوازی بکات بۆ گۆشەگیری موسڵمانان و خۆدوورگرتنیان لە خاوەن کتێبەکان. پێشەوا ئەحمەد و بوخاری لە ئەنەسەوە گێڕاویانەتەوە، کە وتویەتی: گەنجێکی جولەکە خزمەتی پێغەمبەری دەکرد، گەنجەکە نەخۆشکەوت، پێغەمبەر سەردانی کرد و لەلای سەری دانیشت، پێی فەرموو: موسڵمان بە. گەنجەکەش سەیری باوکی کرد، کە لەلای بوو، باوکی پێی وت: گوێڕایەڵی باوکی قاسم بە و بە قسەی بکە، گەنجەکەش موسڵمان بوو.

٥) شتێکی چەسپاوە کە عوسمان هاوسەرگیری کرد لەگەڵ نائیلەی کەلبی، کە ئافرەتێکی نەسرانی بوو، ئەو ئافرەتەی بەسەر هەوێ بەسەر ژنەکانیدا هێنا. تەڵحەی کوڕی عەبدوڵڵا ئافرەتێکی جولەکەی لە شام هێنا و هاوسەرگیری لەگەڵ ئەنجامدا. هاوسەرە ناموسڵمانەکە ئازادی

ئاینی خۆی لە دەست نەدا بەم هاوسەرگیرییە، لە پێشەوا ئەحمەدەوە گێڕدراوەتەوە کە پرسیاری لێکراوە لە بارەی پیاوێك کە ژنێکی نەسرانی هێناوە، کە ئایا پیاوەکە بۆی هەیە ڕێگری بکات لە ژنەکەی لە خواردنەوەی مەیی؟ ئەحمەد وتی: فەرمانی پێدەکات، وتیان: بە قسەی ناکات، ئایا بۆی هەیە ڕێگری لێ بکات، ئەحمەد وتی: بۆی نییە ڕێگری لێ بکات.

٦) هەندێك شەرعناسان و لەناویشیاندا ئەبو حەنیفە پێی وایە دروستە سەدەقە و بەخشین بدرێت بە ناموسڵمان، بە بەڵگەی ئەمەی خوارەوە[1]:

یەکەم: ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز: ﴿ إِن تُبۡدُواْ ٱلصَّدَقَٰتِ فَنِعِمَّا هِيَۖ وَإِن تُخۡفُوهَا وَتُؤۡتُوهَا ٱلۡفُقَرَآءَ فَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ ﴾ البقرة: ٢/ ٢٧١.

واتە: (ئەگەر خێر و چاکە و بەخشینەکانتان بە ئاشکرا ئەنجام بدەن ئەوە شتێکی چاکە، خۆ ئەگەر بیشارنەوە و بیدەن بە هەژاران بە نهێنی ئەوە چاکترە بۆتان). هەژارانیش گشتییە؛ هەژارانی موسڵمان و نا موسڵمان دەگرێتەوە.

دووەم: ئەوەی ئیبن ئەبی شەیبە بە پچڕاوی (مرسل) ل سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە گێڕاویەتیەوە، وتویەتی: پێغەمبەری خوا فەرمووی: ((تەنها بەوانە ببەخشن کە هاوئاینی ئێوەن))، جا خوای پاك و بێگە

[1]) بدران أبو العينين، العلاقات الإجتماعية بين المسلمين و غير المسلمين، لا ١٩٢.

ئەم ئایەتەی دابەزاند: ﴿لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَىٰهُمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِى مَن يَشَآءُ ﴾ البقرة: ٢/ ٢٧٢. واتە: (ئەی پێغەمبەر (د. خ) هیدایەت و ڕێنموویی و موسوڵمان کردنی ئەو خەڵکە لەسەر تۆ نییە "چونکە تۆ تەنها گەیاندنی پەیامەکەت لەسەرە" بەڵام خوا هیدایەت و ڕێنموویی هەر کەسێکی بوێت دەکات). تا دەگاتە ئێرە: ﴿وَمَا تُنفِقُوا۟ مِنْ خَيْرٍ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لَا تُظْلَمُونَ ﴾ البقرة: ٢/ ٢٧٢.واتە: (هەر خێر و چاکەیەکیش ئەنجام بدەن پاداشتەکەیتان دەستتان دەکەوێتەوە، ئەوسا ئێوە بەهیچ شێوەیەك ستەمتان لێناکرێت). جا دوای ئەمە پێغەمبەر (د. خ) فەرمووی: ((بە گشت خاوەن ئاینەکان ببەخشن)).

سێیەم: لە سەعیدی کوڕی موسەیەب گێڕدراوەتەوە کە پێغەمبەری خوا سەدەقەی بەخشیوە بە ماڵێکی جولەکە، کەواتە ئەمە بۆ ئەوانیش دروستە.

لە مەزهەبی حەنەفییەکاندا هاتووە کە تۆڵەسەندنەوە لە موسڵمانێك پێویستە کە لە ئەستۆگیراوێکی کوشتووە، بەهۆی ئەوەی لە موسەندی ئەحمەددا هاتووە کە عەلی ڕەزای خوای لێبێ کەسێکی موسڵمانی هێنرایە لای کە کەسێکی لە ئەستۆگیراوی کوشتبوو، ئەو موسڵمانە بەڵگەی لەسەر بەرپابووە، پێشەوا عەلی فەرمانی کرد بکوژرێ، برای کوژراوەکە هات و وتی: من لێی خۆشبووم. پێشەوا عەلی وتی: لەوانەیە تۆیان ترساندبێ و هەڕەشەیان لێکردبێ، برای بکوژەکە وتی: نا،

کوشتنی بکوژەکە براکەم بۆ ناگەڕێنتەوە، بەڵکو خزمانی بکوژەکە قەرەبووی منیان کردەوە و منیش پەسەندم کرد، پێشەوا عەلی وتی: تۆ چاکتر دەزانی. هەر کەسێك لە ئەستۆی ئێمە بێ ئەوا خوێنی وەك خوێنمان و خوێنباییەکەی وەك خوێنباییەکەمانە[1].

شتێکی زانراوە کە زاراوەی لە ئەستۆگیراو گوزارشتێکی شارستانییە لە بارەی گونجانی شەرعی سەبارەت بە بوونی یەکێك لە خاوەن کتێبەکان لە سایەی دەوڵەتی موسڵماناندا، لە کاتێکدا موسڵمان لە ناو چنگی دەوڵەتی کافر و بێ باوەڕە جەنگاوەرەکاندا دەژیا بەبێ ئەوەی لە ڕۆحی خۆی دڵنیابێ. ئەگەر کەمینە نا موسڵمانەکان سەفڵەت ببن بە گوزارشتی لە ئەستۆگیراو، گوزارشتی شارستانی هاوچەرخیش بریتییە لەوەی هاوڵاتیان یەکسانن لە بەرامبەر یاسادا، ئەوا هیچ شتێك لە ئیسلامدا نییە ڕێگری بکات لە بەرکارهێنانی ئەم گوزارشتەی دواتر مادەم بەشدارن لەگەڵ ئەوانی تر لە بەرپرسیارێتی هاوڵاتیبووندا. بێگومان خوا زاناترە.

لە کەلەپوری ئیسلامی نەمردا چەندین دیمەن و وێنەی دەرەوشاوەی لێبوردەیی ئیسلامی هەیە، گێڕدراوەتەوە کە جولەکەیەك سکاڵای لە دەست عەلی کردووە لەلای خەلیفە عومەری کوڕی حەتاب ڕەزای خوای لێبێت، کاتێك هەر دووکیان هاتوونەتە بەردەم عومەر، ئەوا عومەر سەیری عەلی کردووە و پێی وتوە ئەی باوکی حەسەن هەڵسە لەبەردەم

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٥٨.

دژەکەت دانیشە. یەکسانی کرد لەگەڵ دژەکەی و لە بەردەمی دانیشت، کاریگەری ئەمە لەسەر ڕووخساری عەلی دەرکەوت. کاتێك دۆسیەکە تەواو بوو، عومەر وتی: ئەی عەلی سەغڵەت بووی بەوەی لە بەرامبەر دژەکەت دابنیشی؟ عەلی وتی: نا سەغڵەت نەبووم! بە پێچەوانەوە سەغڵت بووم بەوەی یەکسانیت لە نێوانماندا بەرپا نەکرد کاتێك پێت وتم: ئەی باوکی حەسەن.

نموونەیەکی تر ئەوەیە کە خەلیفە عومەر لە کلێسای قیامە بوو لە بەیتولمەقدیس، لەو کاتەدا کاتی نوێژ هات، عومەر لە کڵێساکەدا نوێژی نەکرد تا موسڵمانان لە دوای نەیکەن بە مزگەوت و ستەم لە خەڵکەکەی بکەن.

لە بوخاریدا هاتووە کە پێغەمبەر بەلای مەجلیسێکدا ڕۆیشت کە تێکەڵە خەڵکێکی تێدابوو لە موسڵمانان و جولەکە و هاوبەشدانەران، پێغەمبەر (د. خ) سڵاوی لەوان کرد.

لە شەعبیەوە هاتووە کە نەسرانیەك سڵاوی لە پێغەمبەر کردووە، ئەویش لەوەڵامیدا فەرموویەتی: (سڵاو و ڕەحمەتی خوات لەسەر بێ)، لەم بارەوە پرسیاری لێکرا، ئەویش فەرمووی: ئایا لە سایەی میهرەبانی خوا ناژیەت.

فەرمووده و شوێنەوارەکان لەم لایەنەدا گەڵێك زۆرن، کە جەخت دەکەنەوە لەسەر مەزنی لێبوردەیی ئیسلامی لە کرانەوە بە ڕووی ئاینەکاندا و ڕێزگرتن لە تەرمی کابرای جولەکە، هەروەك پێغەمبەر

فەرموویەتی: بۆ ئەویش گیان نییە. گیانی مرۆڤ لە ئیسلامدا ڕێزلێگیراوە و لە کەلتوری قورئاندا حورمەتی بۆ دانراوە ﴿ وَلَقَدۡ كَرَّمۡنَا بَنِيٓ ءَادَمَ ﴾ الإسراء: ١٧/ ٧٠. واتە: (سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووە). ئیسلام لە ڕێزگرتن لە ئاینە ئاسمانیەکان گەیشتووە لوتکە، ئەو ئاینە ئاسمانیانەی پابەندن بە ڕێنماییەکانی ئاینی ئاسمانی و بڵاوکردنەوەی چاکەکاری و چاکەخوازی لە زەویدا. ئەمانەش هەندێك لەو ئایەتە ڕۆشنانەن:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلنَّصَٰرَىٰ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَلَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٦٢ ﴾ البقرة: ٢/ ٦٢. واتە: (بێگومان ئەوانەی باوەڕیان هێناوە "لە ئوممەتی محەممەد (د. خ)"، ئەوانەش بوونەتە جوولەکە، گاورەکان و سابئەکان، ئەوانە هەر دەستەیەکیان باوەڕی دامەزراوی هێنا بێت بەخوا و ڕۆژی دوایی و کار و کردەوەی چاکەی ئەنجام دابێت، جا ئەوانە پاداشتیان لای پەروەردگاریانە، نە ترس و بیمیان دەبێت، نە غەم و پەژارەش ڕوویان تێدەکات).

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلصَّٰبِـُٔونَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٦٩ ﴾ المائدة: ٥/ ٦٩. واتە: (بەڕاستی ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە "لە

ئوممەتی محەممەد (د. خ)" و ئەوانەی کە بوون بە جوو و ئەوانەی صابئەن و گاورەکان، هەر یەك لەو دەستەو تاقمانە ئەگەر باوەڕی دامەزراو بەخواو بە ڕۆژی دوایی بهێنێت، و کار و کردەوەی چاك و دروست و بەسوود ئەنجام بدات، ئەوانە نەترس و بیم یەخەیان دەگرێت، نەخەم و پەژارە ڕوویان تێدەکات).

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ وَٱلنَّصَٰرَىٰ وَٱلۡمَجُوسَ وَٱلَّذِينَ أَشۡرَكُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡصِلُ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ ﴿١٧﴾ ﴾ الحج: ٢٢/ ١٧. واتە: (بەڕاستی ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە و ئەوانەش کە بوونەتە جوو، لەگەڵ صابئەکاندا کە فریشتە پەرست؛ یان ئەستێرە پەرستن و گاورەکان و ئاگرپەرستەکان و ئەوانەی کە هاوەڵیان "بۆ خوا" بڕیارداوە، بێگومان خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا جیایان دەکاتەوە لەیەکتر و بڕیاری خۆی دەدات لەسەریان، بەڕاستی خوا شایەتە بەسەر هەموو شتێکەوە). خوای گەورە زاناترە بە مەبەستەکە؛ بەڵام ئەم سێ ئایەتە ڕۆشنە پێویستیان بە لێکدانەوە (تأویل) نییە. ئامانجەکەی ئەوەیە کە لەو خاڵە بەیەك دەگەن کە باوەڕبوونە بە خوای تاك و تەنها و کاری چاکە و ئەو ڕاستیەی کە هەر خوا خاوەنی ڕۆژی دواییە و دادوەری لە نێوان جیاوازەکان دەکات لە ڕۆژی دوایدا، خوای گەورە لەسەر هەموو شتێك گەواهیدەرە.

ئەگەر لاپەڕەکانی کتێبە فیقهییەکانی ئیسلامی هەڵبدەینەوە، ئەوا دەبینین چەندین بەش تایبەت دەکەن بۆ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ نا موسڵماناندا. ئەمە هەڵسوکەوتێکە تایبەتمەندە بە دادگەری و ویژدان، بۆ نموونە قەڕافی مالیکی بە دەق ئاماژەی داوە بەوەی مافی خاوەن کتێبەکانە لەسەرمان، کاتێك شەڕخوازان هێرشیان کردە سەر وڵاتمان و مەبەستیان لە ناوبردنی ئەو خاوەن کتێبانە بوو لە پاڵماندا، ئەوا دەبێ بەرگریان لێ بکەین و لە پێناویاندا خۆمان بەکوشت بدەین، هەر کەمتەرخەمیەك لەمەدا دەبێتە هۆی فەرامۆشکردنی مافەکانیان لەسەرمان. هەروەها ناوبراو زیاتر دەڵێت[1]: ((ئەرکمانە لە بەرامبەر خاوەن کتێبەکان، بەزەییمان بێتەوە بە لاوازەکانیاندا، بەرگەگرتنی ئێش و ئازاریان، هەر چەندە توانای دوورخستنەوەش هەبێ، ئەمەش وەك میهرەبانی و بەزەیی هاتنەوە پێیاندا، بە دڵسۆزی ئامۆژگاری کردنیان لە هەموو شتێکدا و دوورخستنەوەی ئەوەی دەیەوێ ئازاریان بدات، پاراستنی ماڵ سامان و دارایی و شەڕەف و سەرجەم ماف و بەرژەوەندییەکانیان، بەشێوەیەك هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێ هەروەك چۆن بۆ خاوەن ڕەوشتی بەرز جوانە ئەنجامی بدات)) چەتری لێبوردەیی ئیسلامی گشت دەستە و پێڕەکانی لە ئەندەلوس و جێگە جیاوازەکاندا لە ژێر خۆیدا کۆکردبووەوە. ئەم لێبوردەییە ڕەنگی

---

(1) محمد بن شريفة. بحث حول التسامح الديني، أغادير: منضور ضمن أعمال ندوة أكاديمية المملكة المغربية، ١٩٨٥، ص ١٦.

دایەوە و درەوشایەوە لە بەشداربوونی تێکڕای موسڵمانان لە جەژنی نەسرانیەکاندا. لێبوردەیی گەیشتە ترۆپك و لۆتکەکەی لە سەردەمی خەلیفە عبدرەحمان ناسر، کە لە ناو دەست و پێوەند و کۆشکەکەیدا گەورە پزیشك و زانایان لە خاوەن سێ ئاینە ئیبراهیمیەکان بەیەکەوە ژیان، بەهەمان شێوە ئەمە دووبارە بووەوە لە سەردەمی مەئمونی عەبباسی لە شاری بەغداد.

شتێکی ڕوونە کە لێبوردەیی بریتییە لە پەیڕەوی گونجاو و هەماهەنگ لەگەڵ هێڵ و ڕێنماییە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی ئیسلام. هەندێك هەڵسوکەوتیش کە ئەنجامدراوە کە خەسڵەتی لێبوردەییان تێدا نەبووە بەرامبەر بە نا موسڵمانان لە هەندێك سەردەمدا، وەك جیاکردنەوەیان بە جل و بەرگێکی تایبەت، ئەوا ئەم هەڵسوکەوتە دوورە لە گیانی لێبوردەیی ئیسلام. ئیسلام بانگەوازێکی لێبوردەیە، لەسەر قەناعەت و ڕەزامەندی دامەزراوە نەوەك زۆرلێکردن و ناچارکردن. ئاینی ئاشتی و میهرەبانی و ڕەحمەتە، لە بەڵگە دەقییەکان لەسەر ئەمە ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرزە، کە دەفەرمووێت: ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ ﴾ البقرة: ٢/ ٢٥٦. واتە: (بەهیچ جۆرێك زۆر کردن نییە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئاینی ئیسلامدا "دینداریی بەزۆر نابێت بکرێت و دین بەزۆر نادرێت بەسەر کەسدا"). ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴾ الأنبياء/ ١٠٧. واتە: ("ئەی محەممەد (د. خ)" ئێمە تۆمان

ڕەوانە نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە ببیتە ڕەحمەت و بەرەکەت بۆ هەموو جیهانەکان "جیهانی ئادەمیزاد و گیاندار و ڕووەك و پەری و... هتد"). هەر کاتێك هاوبەشدانەران زیاتر ئێش و ئازاری پێغەمبەریان دەدا، ئەوا پێغەمبەر (د. خ) لە پەروەردگاری دەپاڕایەوە و نزای دەکرد و دەیفەرموو: ((خوایەگیان گەلەکەم ڕێنوێنی بکە، بەڕاستی ئەوان نازانن))، پێغەمبەر ئامۆژگاری عەلی کوڕی ئەبو تالیبی دەکرد بەم فەرمایشتەی: ((خوای مەزن بەهۆی تۆوە یەك کەس ڕێنوێنی بکات ئەوا بۆت چاکترە لە کۆمەڵێك وشتری سور)).

کەواتە ئەوەی ناوەندە قین لە دڵەکان دژی ئیسلام ڕەواجی پێدەدەن و بازاری گەرم دەکەن هیچ بنەڕەت و ڕەگ و ڕیشەیەکی نییە، هەروەها ئەوەش بناغەی نییە کە نەزانە توندڕەوە زیادەڕۆچووەکان، ئەوانەی لەسەر ئیسلام هەژمار دەکرێن ڕەواجی پێدەدەن بەوەی ئیسلام ئاینی توند و تیژی و ترساندن و تۆقاندنە. بەڵام هەندێك لەوانەی فیقهخوازن، ئەوانەی خۆیان خزاندۆتە سەر ڕێچکەی بانگخوازن ئەم وێنە شێواوەی ئیسلام بە بێ بەرامبەر پێشکەش بەوانە دەکەن کە لە بۆسەدان. گوێبیستی یەکێکیان بووم کە وتاری هەینی دەدا لەسەر کەناڵێکی ئاسمانی عەرەبی، جەنگی ڕادەگەیاند دژی هەر کەسێکی زیندوو کە لەسەر ڕێباز و مەزهەبی ئەو نەبێت، لەو کاتەی نزای تێداگیرایە لە خوای گەورە دەپاڕێتەوە کە سامانی جولەکە و نەسرانیەکان بکاتە دەستکەوتی موسڵمانان و ئافرەتانیان بکاتە....

بەبێ ئەوەی کەمێك ورد ببێتەوە کە شتەکە پێچەوانەیە، بانگەوازی ئیسلام بانگەوازی ڕێنوێنی و بانگەوازە بۆ یەکخواناسی، کە بناغەی هەر سێ ئاینەکەیە.

دەردە کوشندەکە کە تووشی ئوممەت بووە ئەوەیە کە زۆرێك لەوانەی زانستیان پێ نییە و شارەزا نین بە تەواوی لە سەرچاوەکانی فیقه و چاوگە ڕەوشتییەکانی دێن فەتوا دەدەن، خەڵك ڕێنوێنی دەکەن، تڕوانینێکی ئاینی گۆشەگیر دروست دەکەن لەهەمبەر کەسانی تر بە پشت بەستن بە ئایەتێکی پیرۆز کە لێی تێناگەن لە چوارچێوەی ناوکۆ (سیاق) و مەبەستەکەی، نازانن ڕەها و کۆت و بەندکراوەکەی کامەیە، چی لە دوای یان لە پێشی هاتووە، ورد نابنەوە لە دانایی و حیکمەت و مەبەست و هۆکارەکانی، تەنانەت فێری زانستی ڕوونکردنەوەشی نەبوونە، یان بە پشت بەستن بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر کە تاقانە (ئاحاد)ە لە بواری بیروباوەڕدا کاری پێ ناکرێ و شت ناچەسپێنێ، تەنانەت فەرموودەی تاقانە زانستێکی دڵنیاکەرەوە لە بنەڕەتدا بڕیار نادات، ئەگەر وا دابنێین فەرموودەکە ڕاستە، ئەوا ئەوان شارەزا نین لە سروشت و سیفەت و شوێن و پێگەکەی بەپێی ئەو ناوکۆ (سیاق)ەی تێیدا هاتووە، کەواتە هەم خۆیان گومڕابوونە و هەم ئەوانی تریشان گومڕا کردووە.

هەر بۆیە جارێکیان وتومە و ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە، لە دانایی و حیکمەتەوە نییە تاکڕەوی و دیکتاتۆریەتی شەرعناس بە تاکڕەوی

سەرکردە بگۆڕینەوە؛ فەتوادان بە حەڵاڵ و حەڕام و باوەڕ و کوفر تیژترین چەك و مەترسیدارترینیەتی لەسەر سەلامەتی کۆمەڵگە و ئوممەت، بەهەمان شێوە هەڵسان بە دروستکردنی دیدێکی ئاینی بۆ جیهان و بوون، مەبەستم داڕشتنی شێوە بیرکردنەوەی ئاینی کۆمەڵگەیە مەترسی کەمتر نییە لە هەر هەڵسوکەوتێکی تر لە ئاین و دونیادا. هەر بۆیە لەسەرمان پێویستە هۆشیاربین لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیدا تەنها لە چوارچێوەی سەرچاوە (مەرجەعیەت) و زانایە مەزنە پسپۆڕەکان نەبێ، کە بەرپرسن، هەروەها ئەنجومەنی ژیرمەندانی ئوممەت لە شەرعناسان و دانایان!!.

**پرسی دووەم: فرەیی و پەسەندکردنی بۆچوونی بەرامبەر**

لەم کاتانەی دواییدا قسەکردن زۆر بووە بە نەرێنی لەبارەی قبوڵکردن و پەسندکردنی ڕا و بۆچوونی کەس و لایەنەکانی تر لەلایەن ئیسلامەوە، زۆر بە توندی و گرژیەوە تاوتوێ کراوە. لەوانەیە هەندێکیان پێیان وابێ ئیسلام یەکێك لە گرنگترین بنچینەکانی نوێگەرایی ڕەتدەکاتەوە کە بریتییە لە ئازادی ڕاو بۆچوون و پەسەندکردنی دەرەنجامەکانی فرەیی بۆچوون و بیر و هزر، ئەمەش تۆمەتێك هەردەم ڕۆژهەڵاتناسان دووبارەیان کردۆتەوە لە دژی ئیسلام، بینیمان ئەمە بەدەنگەوەهاتنی عەلمانیەکانی بەخۆیەوە بینی، ئەوانەی داوا دەکەن ئایین لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە، هەروەها کورت کردنەوەی

ئایین لە گۆڕەپان و مەیدانی خواپەرستی و ویژداندا، ئەمە توووندی و گرژی زیاتر بەخۆیەوە بینی بەهۆی ئەوەی لێرەو و لەوێ تەنگهەڵچنراوە بە چەند خامە و پێنووسێك كە لە دەربڕین و بەرجەستەكردندا پابەند نەبوونە بە ئیسلام، یان هەڕەشە و چاوسوركردنەوە و تۆقاندن پیادەكردن لە بەرامبەر ئەو نووسەر و بیرمەندانەی جڵەوی هزر و خامەیان شل كردووە بۆ گوزارشت كردن لە هەستەكانی دەروون و ناخیان، خلیسكانەكانی ویژدانیان دەربڕن، ڕاز و نیازی ژیری و عەقڵیان بەرجەستە دەكەن بەبێ پابەندبوون بە سنوورەكانی ڕەوشت و ئەدەب بەرامبەر ئەو پیرۆزەی (مەبەستی قورئانی پیرۆزە) كە تەنها پاكەكان دەستی لێدەدەن؛ جا ئەمە بە مەبەستێكی باش یان خراپ بكەن.

گرنگی ئەم پرسە كە لە ئەدەبیاتی مشتومڕی نێوان هزری سیاسی دەستكرد و هزری سیاسی ئیسلامی یان ئاینی كە وەك بەربەستێكی تۆكمە یان لەمپەڕێكی سەخت دەردەكەوێ، ئەویش ئەوەیە كە ئازادی ڕا و بۆچوون و فرەیی و پەسەندكردنی كەسی بەرامبەر ناوەڕۆك و گەوهەری دیموكراسییەتە، كە بووەتە ناونیشانی ئەو سیستەمە جیهانیەی زۆرتر شایەنی پەسەندكردنە لەلای ژیرمەندان لە ناو كۆمەڵگەی ئادەمیزاددا، جا لە هەر كوێیەك بن لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست یان خۆرئاوا، هەر چۆنێك بن هەژار بن یان دەوڵەمەند، لەسەر هەر ئاینێك كۆببنەوە، موسڵمان یان مەسیحی یاخود جولەكە

یان جگەلەمانە بن. ئەو ژیری و عەقڵەی خوای مەزن کردوویەتیە بناغەی ئەرکداری و بەرپرسارێتی و ڕووناکیەکەی لە ناو بەدیهێنراوانی هەرگیز لەسەر گومڕایی کۆنابێتەوە، مادەم ویژدانی خێرخواز ڕێبەری دەکات. مەبەستم لێرەدا عەقڵی تێکڕای خەڵکە.

دواتر هیچ یەکێك نکۆڵی ناکات کە ئازادی چ نرخێکی بەرزی هەیە لە مرۆڤایەتی ئادەمیزاددا. ئایا دەکرێ ئیسلام پاش بکەوێت لە دەستەبەرکردنی ئەم بەها مەزنە لە کاتێکدا ئاینی خوارسك و وەڵامدەرەوەی سروشتی چاکەخوازی مرۆڤە؟.

لە ڕاستیدا ئەگەر ئێمە بتوانین جیاکاری بکەین لە نێوان ئیسلام و کرۆك و ڕۆحەکەی لەگەڵ دەرەنجامەکانی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری موسڵمانان لە هەندێك ناوەندی ئیسلامی چەقبەستوودا، ئەوا ئەم کێشەییە نەدەما؛ بەڵام هەندێکیان هەر چەندە پەیی بەم ڕاستییە دەبەن، ئەوا دەست هەڵناگرن لە هەژمارکردنی هەر دیاردەیەك کە لە ناوەندی ئیسلامیدا ئەنجامدەدرێ لەسەر خودی ئیسلام. لە ڕاستیدا ئەم کرداره بەشێکە لە هەڵسوکەوت کردنی نابابەتیانە لەگەڵ ئیسلام، ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەش ئامانجی ئەوەیە تەنگ بە ئیسلام هەڵبچنن و گۆشەگیری بکەن لە گۆشە و قونچکەکانی تەکیە و خانەقا و پەرستگەکان و ڕێگری لێکردنی لە ئامادەبوونی مەعنەوی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کاروبار و هەڵسوکەوتی موسڵماناندا.

لەو شتانەی یارمەتی ئەو کەسانە دەدات کە گومانیان هەیە لەسەر توانای ئیسلام لەهەمبەر پەسەندکردنی بۆچوونی بەرامبەر، بریتییە لە لایەنێکی کەلەپوری ئیسلامی کە وێنەی دڵتەزێنی تێدا کەڵەکە بووە لە بوارەکانی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەوانی تر. لە ڕاستیدا ئەم وێنانە ڕەنگدانەوەی ئاستی توانای خاوەنەکانیانە، لە ژینگە و سەردەمەکانیاندا، کە تا چەند توانای تێگەیشتنیان هەیە لە واتایی مرۆڤدۆستی ئیسلام، ئەم تێگەیشتنەش نابێتە بڕیاردەر و دادوەر لەسەر ئیسلام.

لە ڕاستیدا پرسەکانی ململانێی هزری و بیروباوەڕی، کە لە نێوان موسڵماناندا هەیە درێژ دەبێتەوە بۆ ئەو ڕۆژەی پێغەمبەر کۆچی دوایی کرد و گەڕایەوە بۆ لای خوای مەزن؛ بەڵکو هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفە و ئاینەکانی پێشوو، کە یەکلایی نەکراونەتەوە؛ وەك بیرۆکەی ناچاری (جەبر) و سەرپشك بوون (إختیار) و ئازادی یاخود قەزا و قەدەر؛ بەڵام ئێمە بەبێ دوودڵی دەڵێین: قورئانی پیرۆز کە هیچ موسڵمانێك گومانی نییە لەوەی سەرچاوەی بنەڕەتی و سەرەکییە، لە زیاتر لە ئایەتێك و بە زۆرتر لە شێوە دەربڕینێك ئەوەی یەکلا کردۆتەوە کە مرۆڤ: ئازادە لەوەی بڕوای پێیەتی و لەوەی چ بیروباوەڕێکی هەیە. بەپێی ئەم ئازادیەی سزا و پاداشتەکەی لەلایەن پەروەردگاریەوە وەردەگرێتەوە: ((ئەگەر چاکە بێ پاداشتی دەدرێتەوە، ئەگەر خراپە بێ، سزا وەردەگرێ)) ئەگەر

دەتەوێت ئەوا سورەتی کافیرون بخوێنەوە، لەم سورەتە کورتەدا ڕاستییەك دەبینی سەبارەت بە ئازادی: ﴿ لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ ۝٦ ﴾ الكافرون: ١٠٩/ ٦. واتە: (دینی خۆتان بۆ خۆتان و دینی خۆم بۆ خۆم).

ئایین بریتییە لە قەناعەت و ڕەزامەندی دڵ و ویژدانیەت و ئارامی و ئاسوودەی ڕۆحی. ئەمەش هەرگیز بە زەبرو هێز دەستەبەر نابێ؛ بەڵکو بە قەناعەت پێکردن و بەڵگە دەبێ، بێ گومان خوای مەزن لە بەدیهێنراوانیدا چەند مەبەستێکی هەیە.

لەسەر ئێمەی موسڵمان پێویستە دان بەوەدا بنێین کە هیچ یەکێك لە مرۆڤەکان ناتوانێت هزر و بیرۆکە و هەستی خەڵك دابڕێژێ بەوشێوەیەی کە دەیەوێ و حەزی لێیەتی. جا کە خاوەنی گەورەترین کودەتا و وەرچەرخانی مێژوویی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و خاوەنی مەزنترین پەیامی خوایی، کە بە ڕاستدانەری پەیامە ئاسمانیەکانی دیکەیە، نەیتوانیوە خۆشەویسترین کەسی خۆی ڕێنوێنی بکات بۆ سەر ئاینەکەی: ﴿ إِنَّكَ لَا تَهۡدِي مَنۡ أَحۡبَبۡتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُ ﴾ القصص: ٢٨/ ٥٦. واتە: (بەڕاستی ئەی پێغەمبەر (د. خ) تۆ ناتوانیت ئیمان و باوەڕ ببەخشیت بەو کەسەی خۆشت دەوێت، بەڵکو خوا هەر کەسێکی بوێت دەیخاتە سەر ڕێگەی ڕاست و ئیمانی پێدەبەخشێت). جا کێ هەیە دەستدرێژی بکاتە سەر قەدەری خوایی لە ئازادیدا و خۆی بە بەرزتر لێی بزانێ؟.

ئەو ڕاستییە سروشتی و خوارسکیەی مشتومڕی لەسەر نییە ئەوەیە: ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ ﴾ البقرة: ٢/ ٢٥٦. واتە: (بەهیچ جۆرێك زۆر کردن نییە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئاینی ئیسلامدا "دینداریی بەزۆر نابێت بکرێت و دین بەزۆر نادرێت بەسەر کەسدا"). ئەمە هەڵوێستەیە کە جەختی لەسەر دەکرێتەوە بەشێوەیەکی بڕاوە و نەگۆڕ: ﴿ وَلَوۡ شَآءَ رَبُّكَ لَأٓمَنَ مَن فِي ٱلۡأَرۡضِ كُلُّهُمۡ جَمِيعًاۚ أَفَأَنتَ تُكۡرِهُ ٱلنَّاسَ حَتَّىٰ يَكُونُواْ مُؤۡمِنِينَ ﴾ یونس: ١٠/ ٩٩. واتە: (خۆ ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە "دەیتوانی بەزۆر و بەناچاری" هەر هەموو دانیشتووانی سەر زەوی باوەڕ بهێنن "بەڵام پەروەردگاری مەزن ڕێزی بۆ ئادەمیزاد داناوە و سەرپشکی کردووە"، جا ئایا تۆ "ئەی پێغەمبەر (د. خ)، ئەی ئیماندار" ئەتەوێ زۆر لەخەڵکی بکەی بۆ ئەوەی بڕواداربن؟!). لەبەر ئەوەی ئەرکی پێغەمبەری ڕەوانەکراو بریتییە لە بە یاد هێنانەوەی ئایین و بانگەواز بۆ کردنی، نەوەك ناچارکردن و خۆسەپاندن: ﴿ فَذَكِّرۡ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٞ ٢١ لَّسۡتَ عَلَيۡهِم بِمُصَيۡطِرٍ ٢٢ إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ ٢٣ فَيُعَذِّبُهُ ٱللَّهُ ٱلۡعَذَابَ ٱلۡأَكۡبَرَ ٢٤ ﴾ الغاشیة: ٨٨/ ٢١ – ٢٤. واتە: (کەواتە "تۆ ئەی پێغەمبەر (د. خ) ئەم شتانە بخەرەوە یادیان و ئامۆژگاریان بکە، بەڕاستی تۆ هەر یادخەرەوەیت. هیچ دەسەڵاتێکت نییە بەسەر دڵ و دەروونیاندا "تا بە زۆر باوەڕداریان بکەیت". بەڵام ئەو کەسەی کە پشتی هەڵکردووە و کوفری هەڵبژاردووە. ئەوە خوا سزا و تۆڵەیەکی زۆرسەخت و بەئازار و بێ سنووریان لێ

دەسێنێت). دروستیش نییە گومانی ئەوە ببرێ کە ئەم ئایەتانەی کە ئازادی و ئارامی و ئاسایش و دڵنیایی بەرپادەکەن لە ئایەتی شمشێر هەڵوەشێنرابنەوە. هەندێك لەو ئایەتانە هەواڵن لەلایەن خواوە هاتوون، لەلای زانای زانستی بنەماکانی هەواڵ هەڵوەشانەوە ناگرێتەوە. دواتر ئەگەر وادابنێین کە ڕوویداوە و بڵاوە لە قورئانی پیرۆزدا، ئەوا دێت تا شتێکی باشتر یان وەك ئەوەی پێشوو بگەیەنێت. ئایا ژیرێك ئەوەی دەچێتە مێشکیەوە کە کوشتن باشتر بێ لە ئاشتی و ئاشتەوایی؟.

یان ناچارکردن و زۆرلێکردن باشتر بێ لە ئازادی و سەربەستی؟ ئەم بیرۆکە و هزرە گومڕا و سەرگەردانە، کە ئایەتی شمشێر – کە حوکم کراوە بە بارودۆخی تایبەتی خۆی – بڕیاردەر و هەڵوەشێنەرەوەی ئایەتەکانی دانایی و ئاشتی و میهرەبانی و ئازادییە، ئەم هزرە توندڕەوان و لادەرانی سەرلێشێواو کردووە، دەرگای ڕێگای بۆ ئەوان واڵا کردووە بۆ تیرۆر و تۆقاندن و دانانی قەسابخانەی ترسناك دژی هاوڵاتیانی سڤیلی موسڵمان و نا موسڵمان، ئاینی ئیسلامی لێبوردەی دووچاری شێواندنێکی جیهانی کردۆتەوە؛ تەنانەت تووشی جەنگێکی جیهانی کردووە کە ماوەکەی کەس نایزانێت جگەلە خوای مەزن!! خوا زاناترە.

دەگەڕێینەوە بۆ سەرەتا و دەڵێین: ئەگەر مرۆڤ ئازاد بێ لە هەڵبژاردنی باوەڕ و ئیمان یان دژ و پێچەوانەکەی، ئیمان و باوەڕ پوختەی بانگەوازی ئیسلامە؛ بەڵکو پوختەی بانگەوازی ئاینە ئاسمانیەکانە؛ جا کێ وا گومان

دەبات کە مرۆڤ دەبێ ڕێباز و پەیڕەوێکی دیاریکراو یان چەشنێکی کۆمەڵایەتی یاخود شێوەیەکی سیاسی دەستنیشان کراو هەڵبژێرێت ئەگەر بە زەبری هێزیش بێت؟.

ئیبن جەوزی باسی ئەوەی کردووە، کە بەساڵاچووێکی نا موسڵمان هاتە لای عومەر و داوای دابینکردنی پێداویستیەکی لێکرد، عومەریش بانگی کرد بۆ ئەوەی موسڵمان بێت، ئەویش ڕەتی کردەوە. عومەر ئەوی جێهێشت. دواتر عومەر بیری لەو کارەی کردەوە کە کردی و ترسا لەوەی زۆرلێکردن لەو وتەیەی ئەودا هەبێ کاتێك بە ساڵاچووەکەی وتوە موسڵمان بە، لە کاتێکدا خۆی میری باوەڕدارانە، بۆیە دەستی بۆ لای پەروەردگاری بەرز کردەوە و وتی: خوایەگیان تەنها ڕێگەم پێ نیشاندا و ناچارم نەکرد. ئینجا ئەم فەرمایشتەی خوای مەزنی خوێندەوە: ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ ﴾ (٢٥٦) البقرة: ٢/ ٢٥٦. واتە: (بەهیچ جۆرێك زۆر کردن نییە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئاینی ئیسلامدا "دینداریی بەزۆر نابێت بکرێت و دین بەزۆر نادرێت بەسەر کەسدا")[1].

جا ئەگەر لایەنێك لە کەلەپوری کرداری لە مێژووی موسڵمانان‌دا هانی ئازادی و فەراهەم کردنی هەلی یەکسان نەدات، ئەوا لە کەلەپوری ئیسلامیدا هەزار گەواهی هەن لەسەر ئازادی بیرو بۆچوون، هەندێکیان کێشەی تێکگیرانی ئەوەیان وروژاندووە کە ئایا ئاین شتێکی ویژدانییە و

[1] سيرة ابن الجوزي ٢٨٢.

قەناعەتێکی دەروونیە، لەگەڵ ئەوەی ئیسلام فەرمان بکات بە باوەڕ و ئیمان؛ چونکە فەرمان تەنها ئاڕاستە دەکرێ بۆ ئەنجامدانی کارێك کە لە توانادا بێ، ئیمانیش پرسێکی ویژدانی خۆنەویستە، ناکەوێتە ژێر دەسەڵاتی فەرمان و ڕێگری کردن. بۆ ئەوەی ژێرمەندێتی بگەڕێتەوە بۆ ئەم بابەتە، ئەوا هەندێکیان وتویانە: فەرمانەکە ئاڕاستەی ئیمان و باوەڕ نەکراوە بەوپێیەی قەناعەتێکی ویژدانیە؛ بەڵکو ئاڕاستەی ئەو ئامرازانە کراوە کە لە توانای مرۆڤدایە و لە سنووری هێزیدایە، وەك گوێگرتن بۆ بەڵگە و گەواهییەکان. لە دەق و شوێنەوارە ئیسلامییەکاندا شتێك نییە هەواڵ بدات لەبارەی گونجاوی کۆبوونەوەی مرۆڤ لە دەوری یەك ئایین یان یەك ڕێباز؛ بەڵکو جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی فرەیی دەبێتە نیشانە و شەقڵی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی: ﴿وَلَا يَزَالُونَ مُخۡتَلِفِينَ﴾ هود: ١١/ ١١٨. واتە: (بەردەوامیش ئەو خەڵکە جیاوازن لە نێوانی یەکتردا لە ئایین و بەرنامە و بۆچووندا). لە فەرموودەی بەپێز و پیرۆزدا هاتووە: ((ئوممەتەکەم بۆ حەفتا و سێ تاقم دابەشبوونە)) یان هەروەك لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: ((دوارۆژ بەرپا دەبێ، لەکاتێکدا کە ڕۆمەکان زۆرترینی خەڵکن)).

ئەو شارەزایانەی بەدواداچوون بۆ گرنگترین ئەو شتانە دەکەن لە کەلەپوری ئیسلامیدا لە بواری هزر و فیقهدا، لە میانەی قوڵبوونەوە لە هەر دوو زانستی کەلام و زانستی بنەماکانی فیقه، دەبینن کە ئازادی توێژینەوە سنووری بۆ نییە، لەوانەیە هەندێك پرسی هەستیاریش

بگرێتەوە بۆ ئەوەی گرژی و ئاڵۆزی لەلایەن بەرهەڵستکاران بوروژێنێ؛ زانایانی کەلام بەشێوەیەکی فراوان لێکۆڵینەوەیان کردووە لە پرسی سیفەتەکانی خوای مەزندا، و ڕاجیاییان تێدایە، دابەشبوونە لە نێوان ئەوانەی سیفەتەکانیان چەسپاندووە لەگەڵ ئەوانەی لەلایەکی ترەوە ڕەتیان کردۆتەوە، لەگەڵ هەندێکی تر کە وتویانە: سیفەتەکانی خودی خوای مەزنن، هەشیانە وتویانە: سیفەتەکان جیاوازن لە خودی خوای مەزن، هەشیانە وتویانە: سیفەتەکان نە خودی خوای مەزنن، نە جیاوازن لەو. هەیانە سیفەتە هاتووەکانیان لێکداوەتەوە (تأويل)یان کردووە، هەشیانە لە ئاستیدا وەستاون، هەندێکی تر نکۆڵیان لە بینینی خوای مەزن کردووە، هەندێکیش بینینی خوایان چەسپاندووە... . ڕاجیاییان هەبووە سەبارەت بە باشتر و شیاوتر (أصلح) کە ئایا لەسەر خوا پێویستە، وەك چۆن موعتەزیلەکان وا دەڵێن، یان بەخشینە؟ یاخود نە ئەمەیە و نە ئەوە! چاك ئەوەیە کە شەرع بە چاکی داناوە و خراپ ئەوەیە کە شەرع بە خراپی داناوە، پرسیار ناکرێ لەوەی خوا دەیکات، بەڵکو بەندەکان پرسیاریان لێ دەکرێ دەربارەی کردەوەکانیان؛ تەنانەت هەندێکیان بابەتی کۆششکردنیان وروژاند لە پرسە عەقڵی و ژیریەکاندا، سەرباری مەترسیداریەکەی. هەندێك هەڵسان بە تاوتوێ کردنی توانای ژیری و عەقڵ لەسەر دیاریکردنی ئەوەی گونجاوە لەگەڵ شەرع بەبێ بوونی بەڵگە لەشەرعدا لەسەری لە ژێر ناونیشانی: ((بە چاك دانان و بە خراپ دانان کاری ژیرییە)) هەموو ئەم شتانە ئەنجام دران بەبێ ئەوەی تۆمەتی کوفر و

بێ باوەڕی و خوانەناسی ببەشرێتەوە. شەڕعناسان و زانایانی زانستی بنەماکانی فیقھ و زانایانی زانستی کەلام بە ناو مێرگەکانی ھزری ئیسلامیدا ھاموشۆیان کردووە بە ژیری و عەقڵی کراوە و دڵی باوەڕدارەوە، بۆ مێژوو سەلماندوویانە کە ئیسلام قوتابخانەیەکی فراوانە و سەغڵەت نابێ و تەنگ ھەڵناچنێ بەوەی چاکە و داناییە، بەڵکو دانایی وەردەگرێ بەبێ دوودڵی و شڵەژان، جا لە ھەر کوێیەك بێت.

لەبەر ئەمە بەبێ دوودڵی دەڵێم دیاردەی لێبوردە نەبوون لەگەڵ بەرامبەر یان پەسەند نەکردنی یاخود دیاردەی ڕەتکردنەوەی فرەیی لە خودی ئیسلامەوە سەریھەڵنەداوە، لەسەر توێژەر یان زانای دەروونناسی کۆمەڵناس پێویستە توێژینەوە بکات لە بوارێکی تردا بۆ دەرخستن و دۆزینەوەی بنچینە زانستییەکانی ئەم دیاردەیە.

ئەمەش پوختەی بۆچوونەکەمانە: پرسەکانی فرەیی و دیموکراسی و ئازادی بیرۆ و بۆچوون یەکێکە لە پرسە نوێیەکان بە شێوەی ھەنوکەییەکەی، بەتایبەت لە بواری سیاسی و ڕاگەیاندندا، ھەروەھا بەپێی زاراوەی فیقھی یەکێکە لەو پرسانەی قسەی لەسەر نەکراوە و بنەڕەت تێیدا مۆڵەت پێدان و پەسەندکردنیەتی، مادەم چاکە و خێر و دانایی و حیکمەت بۆ کۆمەڵگە مرۆییەکان دەستەبەر بکات.

جا ئەگەر زانیمان بنەما و بنچینەی ئازادی و ڕێزگرتن لە بنچینەیەکی ئیسلامییە و دانایی و حیکمەت لەلایەن موسڵمانانەوە خوازراوە،

حوكمەكانی ئیسلام ئامانجیان دەستەبەركردنی بەرژەوەندییەكانی خەڵك و لادانی گەندەڵی و خراپەیە لەسەریان. ئەوا دەرەنجامی دڵنیاكەرەوە بریتی دەبێ لەوەی ئیسلام پێچەوانەی شێوازە هاوچەرخەكان نییە لە بارەی فرەیی و ڕێزگرتن لەوانی تر و دیموكراسییەت لە سایەی ڕێزگرتن لە چەسپاوە ئیمانی و ڕەوشتییەكان. بێگومان خوا زاناترە.

**پرسی سێیەم[1]: مافەكانی مرۆڤ**

هەندێك خەڵك گومانی وایە مافەكانی مرۆڤ بریتییە لە دەرهاویشتەی ژیری و عەقڵی كۆمەڵایەتی خۆرئاوا و داهێنانی كتێبەكانیان، شوێنەواری تێكۆشانی پاڵەوانەكانیان لە هەر دوو شۆڕشی ئەمریكی و فەڕەنسیدا ١٧٨٩ز، دواتر بە نێودەوڵەتی كراوە لە بەڵێننامەی نەتەوەیەكگرتووەكاندا ١٩٤٥ز، هەروەها لە ڕاگەیانراوی جیهانی مافەكانی مرۆڤ ١٩٤٨ز و لە بەڵێن و پەیماننامە نێودەوڵەتییەكانی دواتردا ١٩٦٦ز.

لە ڕاستیدا مافە بنەڕەتییەكانی مرۆڤ لەلایەنی بوون (ئەبستمولوژی) و زانینەكەیدا، بابەتی ویژدانی مرۆڤ و هەستی چاكەخوازە كە تێیدا دانراوە. ڕەگ و ڕیشەدار كراوە لە سروشتی ڕەوشتی مرۆڤدا و پێش هێز و یاسا و ویستی دەسەڵات دەكەوێت، و بریتییە لە وەڵامدانەوەی سروشتی شتانەكان و سروشتی مرۆڤ و هاواری ویژدانی ڕەوشتی لە مرۆڤدا، پێش

---

[1]) سيرة ابن الجوزي ٢٨٢.

ئەوەی وەڵامدەرەوەی بەڵێننامە و ڕاگەیەندراوێکی نێودەوڵەتی یان هاوپەیمانیەکی جیهانی یاخود یاسایەکی ناوخۆیی بێت؛ هەر مرۆڤێك لەسەر زەوی بڕوات لە ویژدانیدا و بە سروشتی خۆی هەست بەوە دەکات کە مافی پیرۆزی لە ژیانی ئازاددا هەیە، مافی هەیە لە ئازادی و ڕێز و دادگەریدا، ئادەمیزادەکانی تریش هەمان ئەم مافانەیان هەیە.

لەوانەیە ئەم واتایانە زۆر بە ڕۆشنی بخوێنیەوە لە چیرۆکی ئادەمدا؛ کاتێك هابیل بە سروشتی خۆی درکی بەوە کرد کە مافی ئەو لە ژیاندا پیرۆزە، دەست لێوەشاندنی گوناه و ستەمە: ﴿ إِنِّيٓ أُرِيدُ أَن تَبُوٓأَ بِإِثۡمِي وَإِثۡمِكَ فَتَكُونَ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلنَّارِۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُاْ ٱلظَّٰلِمِينَ ٢٩ ﴾ المائدة: ٥/ ٢٩. واتە: (بەڕاستی دەمەوێت بەگوناهی من و گوناهی خۆیشتەوە بگەڕێیتەوە، ئەوجا دەبیتە نیشتەجێی ناو ئاگر، هەر ئەوەشە پاداشتی ستەمکاران).

لەوانەیە ئەم درەوشانەوانە لە مافەکانی مرۆڤ، تروسکاییەك بێ لەو تاقیکردنەوە خواییەی تایبەت بە ئادەم، کە بەهاکانی لە ویژدانی ڕەچەڵەکەکەی داکوتراوە، هەروەك خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ وَلَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُسۡتَقَرّٞ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٖ ﴾ البقرة: ٢/ ٣٦. واتە: (تاماوەیەکی دیاریکراو نیشتەجێ دەبن لە زەویدا و لە ناز و نیعمەتەکان سوود وەردەگرن و بەهرەوەر دەبن).

﴿ إِنَّ لَكَ أَلَّا تَجُوعَ فِيهَا وَلَا تَعْرَىٰ ﴿١١٨﴾ وَأَنَّكَ لَا تَظْمَؤُا۟ فِيهَا وَلَا تَضْحَىٰ ﴿١١٩﴾ ﴾

طه: ٢٠/ ١١٨ – ١١٩. واتە: (دڵنیاشبە تۆ لە بەهەشتدا نەبرسیت دەبێت نەڕووت و ڕەجاڵ دەبیت، نەتینووشت دەبێت و نەگەرماش زۆرت بۆ دەهێنێت). بەڵام شتێکی ڕوونە کە ئەم بیرۆکەیە لە دوای جەنگی جیهانی گەڵاڵە بوو، کە خەریك بوو دونیا بسوتێنێت و مرۆڤایەتی لە ناو ببات، هەروەها لە دوای کەوتنی قەڵای ڕژێمە خۆسەپێنە تاکڕەوکان چەکەرەی کرد، کە مرۆڤی مراند و داپڵۆساند، خەریك بوو ئەوە لە بیر مرۆڤ بباتەوە کە چ ماف و ئەرکی چییە؛ تەنانەت مرۆڤی تاواندەوە لە گۆزەی دەوڵەتدا، کە بەرجەستە بوو لە بت و پەیکەرێکی پەرستراو یان حیزبێکی پێشڕەوی بێ هاوتای تاقانە، ئەم بیرۆکەیە سەرلەنوێ هیوای مژدەدانی بە ئایندەیەکی باشتر بۆ بەختەوەری مرۆڤ و خۆشگوزەرانیەکەی لە هەموو شوێنێکدا بە گوێچکەکاندا چرپاند، ئومێدی ڕزگاربوون لە کۆت و بەندەکانی ستەم و پاشکۆبوونی گەلانی تر هێشتا دەناڵێنێ لەژێر باری چەوساندنەوە و بێ بەشکردن و سەرکوت کردن.

هەر بۆیە بەبێ دوودڵی وا دایدەنێم کە بەهادارترین دیاری و گرانترین و بایەخدارترین نرخی مەعنەوی کە سەدەی ڕابردوو پێشکەشی بە سەدەی نوێ کرد بریتییە لە بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ بە چوارچێوە نێودەوڵەتیەکەی، هەروەها بەو شێوازانەی کە ئەندازەیەك لە ئارامی و ئاسایش فەراهەم دەکەن بۆ مرۆڤە چەسپاوەکان.

ئەم بیرۆکەیە بەشێوەیەکی پوخت دەخەمە بەرباس لە سێ چوارچێوەدا، یەکەمیان چوارچێوەی فەلسەفی بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ، دووەمیان: چوارچێوە یاساییەکەی، سێیەمیان چوارچێوە ئیسلامییەکەی.

### ١- چوارچێوەی فەلسەفی مافەکانی مرۆڤ

لە پێشەکیدا بۆمان ڕوونبووەوە کە ڕەگ و ڕیشەی بیرۆکەی مافەکان دەگەڕێتەوە بۆ خودی ویژدانی مرۆڤ، درێژ دەبێتەوە بۆ ڕیشەی قوڵ لە ناو هزری مرۆییدا، ئەمانە ئەو مافانەن کە ڕەواییەکەیان لە دەستورێك یان یاسایەك وەرناگرن؛ بەڵکو هێزەکەیان لە خودی خۆیان یاخود لە دادی خوایی وەردەگرن. ئەم مافانە یاسای نەنووسراوی خوای مەزنن، ئەمە گوزارشت لە بیرۆکەی یاسای سروشتی دەکەن. باسی ئەوە کراوە کە هونەرمەندی یۆنانی سوفوکلیس ٤٤١ پ.ز یەکەم کەس بووە کە هانای بۆ یاسای سروشتی بردووە لەو شانۆیەیدا کە بە (ئەنتیگونا) ناسراوە، ئەو کەسەیە کە هەڵساوە بە بەخاك سپاردنی لاشەی برا جەنگاوەرە یاخی بووەکەی، کە پاشا کوشتوویەتی و ڕێگری کردووە لەوەی بەخاك بسپێردرێ لە گۆڕستانی – (ئەتجرئین، بەهۆی ئەوەی یاسای شکاندووە؟ ئەنتگونا دەڵێت: بەڵێ، چونکە زیوس ئەم یاسایەی دەرنەکردووە، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەمە دادگەری نییە... نا نا نابوایە بڕوام وابوایە

فەرمانە ستەمکارەکانت هێزیان هەیە لە بەرامبەر یاسا خواییە نەنووسراوەکان))[1].

یەکێك لەو شتانەی لە نێو مامۆستایانی فەلسەفەی یاسادا بڵاوبووەوە ئەوە بوو کە تیۆری نەریتی ماف و ئازادییە گشتییەکان دەرکەوت لە پاش دەرکرانی جاڕنامەی (بەیاننامەی) مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی فەڕەنسی لە ساڵی ١٧٨٩ز، واتە دوای ڕۆژانی سەرکەوتنی شۆڕشی فەڕەنسی، لەسەر دوو بیرۆکە وەستاوە کە بریتین لە: بیرۆکەی مافە سروشتییەکان، بیرۆکەی دیموکراسییەتی سیاسی. بیرۆکەی دیموکراسییەتی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی. سەبارەت بە بیرۆکەی مافە سروشتیەکان ئەوا بنچینەکەی یاسای سروشتییە. لەوانەیە درێژ ببێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ سەر ڕەگ و ڕیشەی زۆر قوڵ لە مێژووی هزری مرۆییدا، لەم تاڵوکەییدا لایەنێك لە واتا و تیشکێك لە گەشەکردنەکەی دەخەینەڕوو.

### أ- مانای یاسای سروشتی

بێگومان یاسای سروشتی یەکێکە لەو هزرە فەلسەفیانەی ئەو توێژەرانەی سەرقاڵ کردووە کە بایەخ دەدەن بە کرۆك و گەوهەری یاسا و بنچینەکەی، هەروەها پیاوانی ئاینیشی لە کڵێسادا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، جیاوازە لە هزرە

---

() بگەڕێوە بۆ دانراوەکەمان: فکرة القانون الطبيعي عند المسلمين، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٧.

فەلسەفیەکانی دیکەی تایبەت بە یاسا، بەوەی هاودەمی هەوڵ و تەقەڵای بەردەوامی مرۆڤ بووە لە پێناو گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی دامەزراو لەسەر چاکەخوازی و دادگەری، بە کرداری توێژینەوە و گەڕانی مرۆڤ بەدوای دادگەری ڕەها و شکستی لەم هەوڵانەدا بۆ نەوەکان تۆمار کراوە. لە ڕاستیدا ئەم بیرۆکەیە کە بایەخ بە بوونی بەها و ڕەوشت دەدات لە دەرەوەی ویستی ستەمکارەکان، هاودەمی خولیا و ئارەزووی مرۆڤ بووە بەرەو دەستەبەرکردنی ویژدان. هەر کاتێك ستەمکارێك خۆی سەپاند یان یاسایەکی نووسراوی زۆردار هاواری لە گەل هەڵساند، وای لێکرد پەنا بباتەبەر یاسای ویژدان، کە بریتییە لە یاسای نەنووسراوی خوایی. ئەم بیرۆکەیە ڕەنگدانەوەی مێژوویەکی دوور و درێژی ململانێیەکی توندی نێوان هێزە خۆسەپێنەکان و ژێردەستە ستەملێکراوەکان.

لە ڕاستیدا ئەگەر مرۆڤ ململانێیەکی توندی ئەنجامدابێ لەگەڵ سروشتدا، لە سەرەتای دروستبوون و دەرکەوتنی بەرەبەیانی مرۆڤایەتی، ئەوا ململانێیەکی توندتری ئەنجامداوە لەگەڵ ستەمکار و زۆردارەکان لە سایەی دروستبوونی دەوڵەتان بە درێژایی سەدەکان. یەکێك لە مژدە بەخشەکانی ئەم سەدەیە ئەوەیە کە ئەم توند و تیژیە خەریکە کەم دەبێتەوە، چنگی زۆرداران لە چەوساندنەوەی گەل و تاکەکان خەریکە خاودەبێتەوە بە کرداری پابەندکەری جیهانی بۆ بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ و یاسای سروشتی.

بێگومان یاسای سروشتی یەکێکە لەو چەمکانەی کە سەختە لە ڕووی ژیربێژی و لۆژیکییەوە دیاریی بکرێ یان سیماکانی بە ڕۆشنی و وردی دەستنیشان بکرێ؛ چونکە لەسەر دۆخێکی دیاریکراو جێگیر نەبووە، لەوەتەی بیرۆکەکەی دروستبووە پێش بیست و پێنج سەدە بەر لە ئێستا بەلایەنی کەمەوە. واتاکەی بەپێی گۆڕانی بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان گۆڕاوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەوا ئەم واتایە چەسپاوانەی خوارەوەی لێوەردەگرین:

یەکەم: یاسای سروشتی بە نموونەی هەرە بەرزی یاسا دادەنرێ، بەرزترە لە یاسای دەستکرد کە بەکردار جێبەجێ دەکرێ، ئەو یاسا دەستکردەی کە مرۆڤایەتی زۆر ناخۆشی و تاڵی چەشتووە بەدەستیەوە.

دووەم: یاسای سروشتی بە بەڵگە و هۆکارێك دادەنرێ کە لایەنی لاواز لە لایەنەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی یان سیاسیدا پەنای بۆ دەبات، بۆ پاساودان بە ڕاپەڕین و شۆڕش کردن بەسەر بارودۆخی پاشکەوتوو لە ڕووی کەڵتوری و ڕۆشنبیری یان شارستانی و ژیاری یاخود ئابووری یان سیاسیەوە، هەروەك بە هۆکار و بەڵگەیەکی یاسایی دادەنرێ مادەم یاساناسە خۆرئاواییەکان لە کۆن و نوێدا پەنایان بۆ بردووە، هەر کاتێك هەستیان کردبێ بە کەم و کورتی و

دەستکورتی یاسا دەستکردەکانیان لە دابینکردنی پێداویستییەکانی دەرکردنی یاسا دادگەرەکان لەو پرسانەی خراونەتە بەردەمیان.

سێیەم: ئامانجی بیرۆکەی ئەم یاسایە کێشانی وێنەی سیستەمی جیهانیە کە یەکەم جار حوکمی مرۆڤ دەکات، تا دەگاتە شکۆدارکردنی مافە چەسپاوەکانی تاکەکان، کە بە مافە سروشتییەکان ناودەبرێن و بەش بەش کردن پەسەند ناکەن.

بەهۆی ئەوەی خرایەڕوو، لەسەر شانۆی هزردا چەندین وێنەی جیاوازی تیۆرە یاساییە سروشتییەکان دەستیان بە نمایش کرد، جیاوازیش بوون بەپێی ئەو پێوەرانەی لەلایەن پیاوانی بیرمەندەوە هەڵبژێردران، کە ئاینی یان عەقڵی و ژیری یاخود پێشکەوتنخواز یان پارێزکار بێ.

بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەوەیە کە ڕەگەزی گرنگ لە بیرۆکەی یاسای سروشتی بریتییە لە پەنابردنە بەر نموونەی هەرە بەرز و دەستگرتن بە یاسای باڵاتر لە یاسای نووسراو. ئەمەش بێ چەند و چوون پشت دەبەستێ بە باوەڕبوون بە یاسا بابەتیەکان کە پێوە پابەندبوونەکەی سەرچاوە دەگرێ لە خود و ناخ و ویژدانی مرۆڤ یان لە سروشتی شتەکانەوە.

**ب- گەشەکردنی یاسای سروشتی**

توێژەران ڕوودەکەنە هەڵهێنجانی فرە هزر و بۆچوونە فەلسەفییەکان لە هزری یۆنانی. بێ گومان ئەوە بەدی دەکەن کە تۆوی زۆربەی فەلسەفە هاوچەرخەکانی تیادا چێنراوە، جا هەندێکیان بەرهەمیان داوە و هەندێکیش نا. لە ڕاستیدا بیرمەندانی یۆنانی بنچینەکانی یاسای سروشتیان دانەوە و دواتر بەم شێوەیەی خوارەوە گەشەیان بەخۆوە بینیوە:

یەکەم: سۆفستائییەکان ڕۆڵێکی مەزنیان هەبوو لە تاوتوێ کردنی بنچینە سروشتییەکانی دادگەری، ئەوان بوون ئەم پرسیارە قوڵەیان خستەڕوو: ئایا ئەو شتەی یاسای دەستکرد بە دادگەری دادەنێ، بە سروشتیش دادگەریی؟

دووەم: ئەرستۆ (٣٨٤ – ٣٢٢ پ. ز) جیاواز کردووە لە نێوان دادگەری یاسایی و دادگەری سروشتی، سیفەتی دوو لایەنی مرۆڤی دیاریکردووە، پێی وایە بەشێکە لە سروشت، عەقڵ و ژیریشی پێدراوە. جا لەبەر ئەوەی بەشێکە لە سروشت ئەوا ملکەچی دەبێ، لەبەر ئەوەی کە عەقڵ و ژیریشی پێدراوە ئەوا بە بەدیهێنراوێکی تایبەتمەند دەردەکەوێ، کە خاوەن ڕۆح و ویستە، ئەم دوو شتانەش وای لێدەکەن توانای جیاکاری هەبێ لە نێوان چاك و خراپ بەشێوەیەکی ئازادانە. بۆچوونەکانی ئەرستۆ لەم بوارەدا ڕێگەی

خۆشکرد بۆ گۆڕانکاری یەکلاکەرەوە لە چەمکی یاسای سروشتی کە ڕواقییەکان پەسەندیان کردبووە وەك ڕێبیر (مبدأ)ی خۆیان.

سێیەم: ڕواقییەکان بیرۆکەی یاسای سروشتییان پێشنیاز کرد، بەشێوەك کە بووە بنەمایەکی ڕەوشتی، ڕێنماییەکانیان لەسەر دوو بنچینە دامەزران، یەکەمیان: ئەوەیە کە جیهان حوکم کراوە بە یاسایەکی گشتگیر و چەسپاو. دووەمیان: سروشتی مرۆڤ ژیر و هۆشمەندە، بۆیە دوو شت لەسەر خەڵك پێویستن: یەکەمیان: بەپێی یاساکانی سروشت کار بکەن، ئەو یاسایانەی حوکمی گەردوون دەکەن، واتە: مرۆڤ بژیەت لە هەماهەنگی و گونجان لەگەڵ سروشتدا. دووەمیان: کار بکەن بەپێی گرنگترین شت لە سروشتیاندا، کە ئەویش ژیرییە.

چوارەم: ئەم بیرۆکە جوانانە جادوویان لە یاساناسی ڕۆمانی "شیشرۆن" کرد و سەرنجیان ڕاکێشا، ئەویش لە بورجەکانی فەلسەفی و نموونەی باڵاوە دایبەزاند بۆ گۆڕەپانی یاسای کرداری. یاساناسانی ڕۆمان لە ژێر ڕۆشنایی بیرۆکەکانی بوونی کۆمەڵە بنچینەیەکیان چەسپاند کە پشت بە ویستی مرۆیی نابەستێ، بەڵام دروستکراوی خودی سروشتن. هەندێکیان وا ئەندێشەیان کردووە کە یاسای سروشتی بریتییە لە یاسای گەلان. هەندێکی دیکەش جیاوازیان لە نێوانیاندا کردووە.

شتێکی ڕوونە کە یاساناسانی ڕۆمانی باوەڕیان هەبوو بە بوونی یاسایەکی سروشتی خاوەن خەسڵەتێکی گشتگیر، حوکمەکانی لە خودی سروشتەوە هەڵدەهێنجرێن. لەم بارەوە یاساناسی ڕۆمانی ((پول)) دەڵێت: ((هەر ستێك کە دادگری و چاکەیە، ئەوا یاسای سروشتی فەرمانی پێدەکات))، هێزی ئەم یاسایە دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی بنەماکان نەوەك بۆ سزایەکی ماددی کە لەسەر کەسێك جێبەجێ دەکردێ کە پێچەوانەی حوکمەکانی بجوڵێتەوە.

پێنجەم: دوای ئەوەی پایەدارو دەسەڵاتدارانی ڕۆمانی ئاینی مەسیحیان وەرگرت، لە سەدەی چوارەمی زایینی، ئەوا کلێسا ویستی دەسەڵاتی ڕۆحی زاڵ بکات بەسەر دەسەڵاتی کاتی و دەسەڵاتی دەوڵەت ملکەچی دەسەڵاتی کلێسا بکات، بۆیە هەوڵیدا بیرۆکەی یاسای سروشتی بگۆڕ بۆ بیرۆکەیەکی ئاینی، بەمەش ڕام و دەستەمۆی کرد و بەکاری هێنا بۆ مەبەستەکانی کلێسا، سەرەتا قەشەکانی کلێسا ئەمەیان ئاوێتەکرد، بەتایبەت قەشە ئۆغستین (٣٥٤ – ٤٣٠ز) لە کتێبەکەیدا (شاری خوا)، یاسای سروشتی ئاوێتەی یاسایی خوایی کرد، وەسفی یاسای سروشتیان کردووە بەوەی یاسایەکی ئاسمانییە. بە دەربڕینێکی تر ئەوانە بیرۆکەی یاسای سروشتیان وەرگرت لەگەڵ پێدانی ناوەڕۆکێکی کەمێك جیاواز لەو ناوەڕۆکەی لەلای ئەڕستۆ هەیە. لەلای ئەمانە زانست لە ئەنجامی وردبوونەوە و تێبینی کردنی سروشت دەرناکەوێ، بەڵکو دەبێ پاڵپشتی و یارمەتی خوایی هەبێ.

ئێمە لێرەدا ماوەی ئەوەمان لەبەردەست نییە بە تێروتەسەل بچینە ناو ئەم باسە.

شەشەم: لە سەرەتاکانی هەزارەی یەکەم کە وەك چاوتروکان تێپەڕی، لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی یازدە و بەتایبەت لە سەدەی دوازدەدا ئەوروپا پێشکەوتنێکی وێژەیی (ئەدەبی) و زانستی بە خۆیەوە بینی، و پەیوەندییەکەی بە هزری عەرەبی ئیسلامی لە ڕێگەی خۆرهەڵاتەوە بەهۆی جەنگەکانی خاچهەلگرەکان، یان لە ڕێگەی ئەندەلوسەوە یارمەتیدەری بوو لەمەدا، بەهۆی ڕووکردنی مەسیحییەکان لە لێکۆڵینەوە و خوێندنی فەلسەفە و زمانی عەرەبی لە زانکۆیە کۆنەکانی ئەندەلوس. لەم کەشە پڕ و دەوڵەمەندە هزرییەدا، بە بڵاوبوونەوەی ڕاڤەکانی ئیبن ڕوشد بۆ فەلسەفەی ئەرستۆ توما ئەکوینی (١٢٢٦ – ١٢٧٤ز) دەرکەوت و تەلارێکی تازەی بۆ یاسای سروشتی دامەزراند، تیایدا جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی پێویستە یاسا لەو بنەمایانە دەربکرێن کە خوای مەزن چاندوویەتی و نەقشاندوویەتی و هەڵی کەندووە لەسەر ڕۆحی مرۆڤ، بیرۆکەی پلەبەندی یاساکانی داهێنا بەشێوەی هەرەمی: یاسای بێ سەرەتا و هەربوو (أزلی)، یاسای سروشتی، یاسای دەستکرد، بەپێی فرەیی بنچینەکانی ژیری و عەقڵی: عەقڵ و ژیری خوایی، عەقڵ و ژیری وردبوونەوە و ڕامانی، عەقڵ و ژیری کرداری.

حەوتەم: بێگومان شۆڕشی هزری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کە سەریکێشا بۆ ڕابوون و بزوتنەوەی چاکسازی ئاینی و دەرکەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی، کێشەی نوێی هێنایە بوون لە ئەوروپا، گرنگترینیان ڕێکخستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی نێوان وڵاتان، ئەمەش پێویستی بە چارەسەری تازە هەبوو.

هەشتەم: گەشەی یاسای سروشتی بەرەو ئەوەی ناسراوە لە شۆڕشی فەرەنسی و بەڵێننامەی مافی مرۆڤی ئەمریکیدا بە ناوی مافەکانی مرۆڤ، جەختکردنەوە لەسەر ئەرکەکان دەگوازێتەوە بۆ مافەکان.

نۆیەم: واتای نەریتی (تقلید)ی یاسای سروشتی و تێکڕای یاساکانی پێشوو و مافە تیرەییەکان ئاوابوو بەهۆی زاڵبوونی فەلسەفەی دەستکرد، کە ئۆگست کونت (١٧٩٨ – ١٨٥٧ز) بە بنەمای کرد و پوختەکەی ئەوەیە کە بیرۆکەی مرۆیی تەنها پەیی بەو دیاردە بەرهەستانە دەبات کە دەکەونە ناو خانەی تێبینی کردن و ئەزموون و تاقیکردنەوەوە. شتێکی زانراوە کە یاسای سروشتی یان بیرۆکەی بوونی ڕاستی چەسپاو بێ یاسای نووسراو یەکێکە لەو شتانەی ملکەچی بنەمای فەلسەفەی زانستی نابێ. تێبینی ئەوە دەکرێ کە پشتیوانانی ئەم بیرۆکەیە (واتە: یاسای سروشتی) چیتر گەرم و گوڕ نین لەسەری لەترسی تۆمەتبارکرانیان بە لایەنگری بۆ هزرە نا زانستییەکان، واتە: بەلایەنگیری بۆ دواکەوتوویی و کۆنگەرایی. هەر

بەم بۆنەیەوە تێبینی ئەوە دەکرێ کە یاساناسی فەڕەنسی "جنی" (١٨٦١ – ١٩٥٩ز) کاتێك تیۆرەکەی داهێنا سەبارەت بە قوتابخانەی توێژینەوەی زانستی ئازاد، لەم تیۆرەیدا بۆچوونی وایە کە لەسەر دادوەر پێویستە لە کاتی دەستکورتی دەقی یاساییدا بگەڕێتەوە بۆ گۆڕەپان و مەیدانی یاسای سروشتی بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی یاسا، ناوبراو دانی ناوە بەوەی خۆی دووچاری ڕەخنە دەکاتەوە بەهۆی گەڕانەوەی بۆ تیۆرێك کە کاتی بەسەردا تێپەڕیوە، بەڵام لەلایەنێکی ترەوە ملکەچی ئەمە نەبووە و وتویەتی: ((باوەڕی وایە دادگەری – کە ڕۆحی یاسای سروشتییە – بە بنەماگراوە و ڕیشەدارە لە سروشتە ڕەوشتییەکەماندا، دادگا بە هیچ شێوەیەك بیرۆکەی دادگەری ڕەت ناکاتەوە، مەگەر ئەرکی خۆی فەرامۆش بکات))[1].

دەیەم: بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ دەستی کرد بە ئۆقرە گرتن و جێگربوون لە ویژدان و ناخی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، چیتر لێرەدا هیچ ماوە نەماوە دەربارەی بابەتی بوونی ئەم مافانە یان زانستی نەبوونیان. شتێکی سروشتی و ئاسایی کە دووبارە بیرۆکەی یاسای سروشتی زیندوو بکرێتەوە لە مەیدانی توێژینەوەی فەلسەفی دەرباری گەوهەر و ناوەڕك و بنچینەی یاسا.

---

(1) بگەڕێوە بۆ دانراوەکەمان: تفسیر النصوص الدینیة، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٠٦.

له کۆتایی ئەم بابەتەدا، دەبێ ئاماژە بکەین بەوەی یاسای سروشتی کە یاساناسی فەڕەنسی "جنی" لەبارەیەوە وتویەتی: دەدۆزرێتەوە بە هۆی ئەنجامدانی پشکنین و بەدواداگەڕان بۆ عەقڵ و ژیری و ویژدان و سروشتی ڕەوشتی مرۆڤ، ئەمەش نزیك دەبێتەوە لەو یاسایە زێڕینە ناسراوەی کە محەممەدی پەیامبەری مرۆڤایەتی (د. خ) دایڕشتووە: ((چاکە ئەوەیە ناخ پێی ئاسوودە و دڵنیابێ، خراپەش ئەوەیە کە دەروون و ناخ پێ سەغڵەت و ڕاڕا بێ))، هەروەك نزیك دەبێتەوە لە لایەنێك لە هزری ئیسلامی کە پشتیوانی بیرۆکەی بە چاك و خراپ دانانی عەقڵی گرتووە. دەکرێ بۆ وردەکاری ئەم بابەتە بگەڕێینەوە لە کاتی قسەکردن لەسەر حوکمڕانییەت، ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێ.

**٢- چوارچێوەی یاسایی بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ**

ئەم بیرۆکەیە لە ناخی خەڵکدا دەستی بە وروژان کرد، لە نێو کۆمەڵگە و گەلانی تێکۆشەردا بڵاوبووەوە، بەتایبەت لە خۆرئاوادا، لە میانەی ئەو بزوتنەوە هزریەی کە مرۆڤی کۆڵنەدەری ئاگادار و هۆشیار کردووە لە هەمبەر ئەوەی چ مافێکی هەیە لە ئازادی و بەشداری لە چارەی خۆنووسیندا، بیرۆکەی جان جاك ڕۆسۆ (١٧٤٣ – ١٨٢٦) لەبارەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی شوێنەوارێکی ڕۆشن و دیاری هەبوو لە بڵاوکردنەوەیدا، دواتر دەستی کرد بە هاتنەجێ و بەرجەستەبوون لە جاڕنامەی مافەکانی سەربەخۆیی ئەمریکی لە ٤

تەمموزی ١٧٧٦، کە تۆماس جیفرسۆن (١٧٤٣ – ١٨٢٦) نووسیبووی و تیایدا وتبووی:

((باوەڕمان وایە کە خەڵك بە یەکسانی دروستکراوە، بەدیهێنەر هەندێك مافی چەسپاوی پێداون، گرنگترینیان بریتین لە مافی ژیان و ئازادی و شادومانی و بەختەوەری. ئێمە بڕوامان وایە کە ئەم ڕاستیانە سەلمێنراون و پێویست بە بەڵگە هێنانەوە ناکات لەسەری. ئەو میر و کاربەدەستەی خاوەنی خەسڵەتی ستەم و دڵ ڕەقی و توند و تیژی بێ ناگونجێ بۆ ئەوەی ببێتە حوکمڕانی گەلێکی ئازاد))[1].

ئەم هزر و بیرانە و جگەلەوانیش لە ئاماژە و دەرەوشانەوە هزرییە ئازادەکان کاریگەری زۆر مەزنیان هەبوو لە تەقاندنەوەی شۆڕشی فەڕەنسی کە دەستپێشخەری کرد بۆ ڕاگەیاندنی بەڵێننامەی مافەکانی مرۆڤ لە ٢٦/ ئاب/ ١٧٨٩ز دوای نزیکەی چل ڕۆژ لە سەرکەوتنی شۆڕشی فەڕەنسی.

لەم بەڵێننامەیەدا کە ناونراوە بە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی فەڕەنسی ١٧٨٩ز هاتووە:

١- خەڵك بە ئازادی لە دایك دەبن، بەهەمان شێوە لە مافەکاندا بە یەکسانی دەمێننەوە.

---

(1) بگەڕێوە بۆ دانراوەکەمان: البصیرة الإسلامیة، سەرچاوەی پێشوو، لا ١١١.

٢- بێگومان ئامانجی هەر کۆبوونەوەیەکی سیاسی بریتییە لە پاراستنی مافە سروشتییەکانی مرۆڤ. ئەم مافانەش بریتین لە: ئازادی، خاوەنداریێتی، ئاسایش و ئارامی، و بەرەنگاربوونەوەی ستەم و زۆرداری.

٣- ئازادی گۆڕینەوەی زانیاری هزر و بیرە.

٤- ئازادی واتە کارێك کە کەسانی تر بریندار نەکات و ستەمیان لێ نەکات.

٥- یاسا گوزارشتە لە ویستی گشتی.

٦- هیچ یەکێك ئازار نادرێ بەهۆی بیرو بۆچوونەکە.

دواتر گەشەی مافەکانی مرۆڤ لە سەدەی نۆزدەدا هێدی هێدی زیاد بوو، هەندێك جار بەپێی بوژانەوەی بیرۆکەی یاسای سروشتی ئەم مافانەش دەبوژانەوە. گرنگترین گەشە لەم بیرۆکەیەدا ئەوەبوو کە لە سەدەی بیستەمدا ڕوویدا؛ بەوەی چیتر وەك هیوای بیرمەندان و خولیای چاوەڕوانان و ڕاگەیاندنی ڕەوشتی نەمایەوە؛ بەڵکو وایلێهات بووە یاسایەکی نێودەوڵەتی پابەندکەر، کە یاسا نیشتمانیەکان بەدەنگیەوە دەهاتن و وەڵامیان دەدایەوە، بووە بڕوانامەی ڕێزلێنان و دانپێدانان بۆ ئەو سیستەمانەی ڕەچاوی ئەم مافانەیان دەکرد لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا، هەروەها بووە گەواهیدەر لەسەر خراپی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری حکومەتە تاکڕەوە دیکتاتۆرەکان، کە هیچ نرخێکیان بۆ مافەکانی مرۆڤ دانەدەنا، ئەم دەوڵەتە تاکڕەوانە

چیتر توانای ئەوەیان نەما خۆیان بشارنەوە بە دروشمی سەروەری و ئەنجامدانی تاوان دژی گەلانیان؛ بەڵکو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بووە کەم و کورتییەکی نەنگ کە ئەو لایەنانەی دووچاری ببوون هەوڵیاندەدا بیشارنەوەی بە جۆرەها پاسا و ئامراز و هۆکار، پەنای بۆ داهێنانی فێڵ و تەڵەکەبازی دەبرد تا ڕاپێچ نەکرێت بۆ دادگاکان بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوان دژی مرۆڤایەتی. ئەمە چیتر وەك دروشمی بێ شوێنەوار و کاریگەری نەماوەتەوە، بەڵکو بووەتە بەشێکی گرنگ لە یاسای نێودەوڵەتی و ڕەگەزێك لە یاسای ناوخۆیی.

لەبەر ئەمە کەمێك دەوەستین لەسەر واتای ماف و بەش و جۆرەکانی ماف، دواتر بە کورتی تاوتوێی گرنگترین یاسا نێودەوڵەتیەکان سەبارەت بە بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ تاوتوێ دەکەین.

**أ- واتای ماف و جۆرەکانی**

**یەکەم: واتای ماف (الحق):** ماف (الحق) لە زمانەوانیدا گوزارشت دەکات لە ڕاست و دروستی و ڕێك و پێکی شت. کە پێچەوانە و دژی پوچەڵە. هەروەها بە مانای بوونی جێگیر و چەسپاو و داد و ڕاستگۆیش هاتووە. دەوترێت: (حققت الامر و أحققته) ئەگەر لێی دڵنیابی. هەروەها بە واتای داد و ئاشتی و سامان و موڵکیش هاتووە. بە واتای پێویست و واجب بوونیش هاتووە. بەم شێوە لە فەرهەنگی

(المحيط)دا هاتووە. ماف (الحق) له زاراوەی یاساناساندا: بەرژەوەندیەکی ماددی یان وێژەیی (أدبی)یە یاسا دەیپارێزێ.

به بۆچوونی من وردترین و کۆکەرەوەترین پێناسەی ئەوەیە: ((بار و دانراوێکی شەرعییە تایبەتمەندی سوودێکی ماددی یان مەعنەوی بەکەسێك دەبەخشێت)).

بەڵام شەرعناسانی موسڵمان مافیان بەکارهێناوە بۆ هەر شتێك که له ڕووی شەرعیەوە چەسپا بێ، واته: به حوکم و دانپێدانانی خوای یاسادانەر، پابەندی واتای زاراوەیی یان تیۆرێکی گشتی سەبارەت به ماف نەبوونه.

**دووەم: جۆرەکانی ماف:** ماف بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش دەکرێ، که ئەمانەن: مافه سیاسییەکان، مافه ناسیاسییەکان.

- مافه سیاسییەکان: ئەو مافانەن که وا له مرۆڤ دەکەن بتوانێ بەشداربێ له بەڕێوەربردنی کاروباری کۆمەڵگەی سیاسیدا. به گوزارشتێکی تر، ئەو مافانەن که مرۆڤ دەیانبێ بەوپێیەی ئەندامه له دەستەیەکی سیاسیدا، لەوانه مافی: خۆ پاڵاوتن و هەڵبژاردن. نەریت وایه بەسەر هاوڵاتیاندا کورت دەبێتەوە، ئەم مافانه یاسای گشتی دانیان پێدادەنێ.
- مافه ناسیاسییەکان؛ ئەمانه ئەو مافانەن که هاودەمی مرۆڤه بەوپێیەی تاکێکه له تاکەکانی کۆمەڵگە، ئەمەش بەهەمان شێووە

بۆ دوو جۆر دابەش دەبێ، کە بریتین لە: مافە گشتییەکان، مافە تایبەتییەکان.

مەبەستمان لە مافە گشتییەکان ئەو مافە سروشتیانەن کە تەنها بە بوونی مرۆڤ دەچەسپێن. ئەمە ئەو مافانەن کە ڕێك مافەکانی مرۆڤ مەبەستیەتی. لەوانە: مافی ژیان، مافی ئازادی، کۆبوونەوە، گەڕان و شوێنگۆڕین، ڕادەربڕین، یەکسانی.

سەرباری ئەوەی ئەم مافانە بە مرۆڤەوە نووسراون بەوپێیەی مرۆڤە، ئەوا دەستوورە دەستکردەکان و بەڵێننامە و بەڵگەنامە مرۆڤایەتییە نێودەوڵەتییەکان ئەم مافانە لەخۆ دەگرن، بۆ جەختکردنەوە لەسەر بایەخدان بە پاراستنی مرۆڤ لە گیان و سەروەرت و سامان و ئازادییەکەیدا.

سەبارەت بە مافە تایبەتەکان، ئەوا بریتین لە مافە مەدەنییەکان، کە بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش دەبن:

١- مافەکانی خێزان: ئەمانە ئەو مافانەن بۆ کەسەکە دەچەسپێ بەپێی ڕەچاوکردنی پێگەکەی لە ناو ئەو خێزانەی بۆی دەگەڕێتەوە. لەوانە: مافی ژن و مێرد بەر لەوانی تر، مافەکانی باوك بەسەر منداڵەکانیدا. کە ئەمانە باری کەسێتین.

٢- مافە داراییەکان: ئەو دەسەڵاتانەن کە بە خاوەنەکان دەدرێت بۆ ئەوەی هەڵبستن بە کاری دیاریکراو بۆ دەستبەرکردنی چەند بەرژەوەندییەك، کە دەکرێ بە پارە هەڵبسەنگێنرێت. یاسای

مەدەنیش دانی پێدادەنێ. دابەش دەبێ بۆ مافەکانی کەسی – پابەندیەکان – و مافە خودی (عەینی)ەکان) و مافە هزرییەکان.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە مافەکانی مرۆڤە. لەگەڵ ئەوەی لە واتا زمانەوانیەکەیدا بە واتای سەرجەم ئەم مافانە دێت کە یاسا جیاوازەکان دەیپارێزن، لە زاراوەی گشتیدا بە مانای مافە گشتییە دانپێدانراوەکان دێ بۆ پاراستنی خودی کەسەکە و ئازادی و سەروەتەکەی: ئەمە ئەوەیە کە لە سەدەی هەژدەمدا بە مافە سروشتییەکان ناوبران، هەروەها بە مافەکانی مرۆڤ ناسران. واتاکەی دەستی بە فراوان بوون کرد تا مافە دارایی و کۆمەڵایەتی و مافەکانی گەشەپێدان و جگەلەوانەشی گرتەوە.

ب- یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ

یەکەم یاسای مافەکانی مرۆڤ دەرکەوت لە کۆنگرەی جێنێف، کە ئەنجامدرا بۆ تووشبووانی جەنگی ساڵی ١٨٦٤، ئەو ڕێکەوتنەی لەم کۆنگرەیە گەڵاڵە بوو بە دەق ئاماژەی بەوەدا کە دەبێ سەیری پزیشك و برینپێچان بکرێ لەم ململانێیەدا بەوەی بێ لایەنن تا ئەرك و خزمەتە مرۆییەکانیان پێشکەش بکەن. هەر لەم کۆنگرەشەوە ڕێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی دروستبوو، دواتر هەر لەوەوە ڕێکەوتن و پەیماننامەی وا دروست بوون کە

تایبەت بوون بە دیلەکانی جەنگ و هەڵسوکەوت لەگەڵ بریندارەکاندا، ئەمەش بناغە بوو بۆ ئەوەی بە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی ناودەبرێ کە جیاوازە لە مافەکانی مرۆڤ بەوەی بواری جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤ فراوانترە، تەنها لەسەر ناکۆکی و ململانێیە چەکدارییەکان کورت نابێتەوە.

لە ماوەی نێوان ١٩١٩ – ١٩٣٩دا کۆمەڵەی گەلان هەوڵیدا مافەکانی مرۆڤ بپارێزێ، کە مافی کەمینەکان و مافی کار و مافەکانی تاکی گرتەوە لەو خاك و زەویانەی ملکەچی دەوڵەتێکی تر بوون، هەروەها پاراستنی پەنابەران، بەڵام مافەکانی مرۆڤ نەگەیشتنە ئاستی بایەخ پێدانی نێودەوڵەتی کە بۆ بە یاساکردنی پێویستی بەوە بوو لە بەڵێننامە و ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکاندا جێگیر ببێ، ئەمە نەهاتەدی تەنها لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی نەبێ، کە کارەسات و چەرمەسەری و نەهامەتی بەخۆیەوە بینی لەسەر دەستی نازی و فاشییەکان، مرۆڤایەتی تاڵایەتی چەشت، ئەمەش هانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بۆ پابەندبوون بە ڕێکەوتنی نێودەوڵەتی کە ڕێگە دەگرێ لە جەنگی کاولکەر، ئەندازەیەك لە ئازادی و ڕێز و مافەکانی مرۆڤ بۆ تاکەکان دەستەبەر دەکات. ئەم ویستە نێودەوڵەتییە دەرکەوت لە بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ١٩٤٥، ماددەی ٥٥ بە دەق ئاماژەی بەوە داوە کە:

- حەز و ئارەزووی ئەوە هەیە بارودۆخی ئارام و خۆشگوزەران فەراهەم بکرێن، کە پێویستن بۆ دروستبوونی پەیوەندی ئاشتی و دۆستایەتی لە نێوان ئەو گەلانەی دامەزراون لەسەر بنەمای یەکسانی گەلان لە مافدا، هەر گەلێکیش مافی چارەی خۆ نووسینی هەیە؛ نەتەوە یەکگرتووەکان کار دەکات لەسەر:

أ- بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەران، دەستەبەرکردنی کاری تەواو، دەستگرتن بە هۆکارەکانی پێشکەوتن و گەشەپێدان لەسەر هەر دوو ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

ب- چارەسەر کردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان لە گۆڕەپان و مەیدانەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، تەندروستی، هاوشێوەی ئەمانە، هاریکاری نێودەوڵەتی لە کاروباری کەلتوری و ڕۆشنبیری و پەروەردەییدا.

ت- بڵاوکردنەوەی ڕێزگرتن و ڕەچاوکردن و دانپێدانان بە مافەکانی مرۆڤ و ئازاییە گشتییەکان بۆ هەمووان، بەبێ جیاکاری بەهۆی ڕەگەز یان ڕەچەڵەك یاخود زمان یان ئاینەوە.

ئینجا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕووی کردە دیاریکردنی مافەکانی مرۆڤ، بە ڕایگەندراوێکی جیهانی گونجاو لەگەڵ

بایەخ و گرنگیەکی زۆر لە فەراهەم کردن و جێگیرکردنی ئاشتی جیهانی، بڵاوکردنەوەی دادگەری، بەمەش جاڕنامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ١٠/ ١٢/ ١٩٤٨ز گەڵاڵە بوو، کە سی مادده لەخۆ دەگرێ. لە پێشەکی جاڕنامەکەدا هاتووە:

((لەبەر ئەوەی شتێکی بنچینەیی و بنەڕەتیە کە دەبێ مافەکانی مرۆڤ خاوەنی پارێزەرێکی سیستەمی یاسایی بێ، ئەگەر ئەوە بۆ مرۆڤ بویسترێ کە لە کۆتاییدا پەنا نەباتەبەر یاخیبوون دژی زۆرداری یان چەوساندنەوە، ئەوا ڕێکخراوە گشتییەکە ئەمە بڵاو دەکاتەوە:....)). لە خوارەوەدا گرنگترین ئەو بەندانە دەخەینەڕوو کە وەك مەشخەڵی ڕووناك بۆ مرۆڤایەتی دەمێننەوە:

ماددەی (١): خەڵکی بە ئازادی و یەکسانی لە ڕێز و مافدا لە دایك بوونە، ژیری و ویژدانیان پێدراوە. پێویستە لەسەریان بە گیانی برایەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتردا بکەن.

ماددەی (٢): هەموو مرۆڤێك مافی ئەوەی هەیە هەموو ئەو ماف و ئازادیانەی هەبی کە لەم جاڕنامەیەدا هاتوون، بەبێ جیاوازی، واتە جیاوازی جۆر و ڕەگەز، بەتایبەت جیاوازی بەهۆی ڕەگەزەوە، یان ڕەنگ یاخود ڕەچەڵەك یان زمان

یاخود ئاینەوە، یان ڕا و بۆچوونی سیاسی یاخود ناسیاسیەوە، یان بەهۆی بنەڕەتی نیشتمانی یاخود کۆمەڵایەتی یان سەروەت یاخود شوێنی لە دایك بوونەوە یان هەر بارێکی تر.

ماددەی (٣): هەموو کەسێك مافی ژیان و ئازادی و لەخۆ دڵنیایی هەیە.

ماددەی (٤): بۆ هیچ کەسێك دروست نییە یەکێك بکاتە کۆیلە یان بەندە، کۆیلایەتی و بازرگارنیکردن پێیەوە بە هەموو شێوەکانی قەدەغەیە.

ماددەی (٧): هەموو کەسێك لە بەردەم یاسادا یەکسانن، مافی ئەوەشیان هەیە چۆنیەك و بێ جیاوازی لەلایەن یاساوە بپارێزرێن، هەروەها هەمووشیان مافی پاراستنی یەکسانیان دژ بە هەر جیاوازیەك کە پێشێلی ئەم جاڕنامەیە بکات،

ماددەی (٩): هیچ کەسێك نابێ بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بگیرێت یان دەستبەسەر بکرێت یاخود دووربخرێتەوە.

ماددەی (١٢): نابێ ژیانی تایبەتی خێزان و منداڵ و نامە گۆڕینەوەی هیچ کەسێك بە هەڕەمەکی دووچاری دەستێوەردان ببێتەوە، ئابڕو ناوبانگی ڕووبەڕووی هێرش و

پەلامار ببێتەوە، هەموو کەسێکیش مافی خۆپاراستنی یاسایی لەم جۆرە دەستێوەردان و پەلاماردانە هەیە.

ماددەی (١٣): أ- هەموو کەسێك مافی گەڕان و شوێن گۆڕین و هەڵبژاردنی شوێنی مانەوەی خۆی هەیە لە ناو سنووری دەوڵەتدا.

ب- هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە پەناگەیەك بۆ خۆی دەستبخات لە وڵاتێکی تر، بەمەبەستی ڕزگاربوون لە چەوساندنەوە و ستەملێکران.

ماددەی (١٨): هەموو کەسێك مافی ئازادیی بیرکردنەوە و ویژدان و ئایینی هەیە... .

ماددەی (٣٠): ((هیچ دەقێکی ئەم جاڕنامەیە، نابێت وا لێکبدرێتەوە کە ڕێگە دەداتە دەوڵەتێك یان کۆمەڵێك یاخود تاکەکەسێك کە چ مافێکی ئەوەیان هەبێت کە چاڵاکی یان کارێك بکەن بە مەبەستی تێکدانی ماف و ئازادییە دەق لەسەر هاتووەکانی نێو ئەم جاڕنامە)).

بۆ زیاتر فراوانکردن و پێدانی هێزێکی یاسایی نێودەوڵەتی بە بنەماکانی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، ئەوا پەیماننامە وبڕیاری نێودەوڵەتی یەك لە دوای یەك هاتن، کە پابەندکەر بوون، لە گرنگترینیان پەیماننامەی

نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان لە ساڵی ١٩٦٦ و بەڵێننامەیەکی دیکەی نێودەوڵەتی لە هەمان ساڵدا سەبارەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و ڕۆشنبیرییەکان. ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ گەشتوونەتە نزیکەی ١٠٠ ڕێکەوتن. لە ساڵی ١٩٦٥ جیاوازی ڕەگەزی ڕەتکرایەوە، لە ساڵی ١٩٧٣ جیاوازی ڕەگەزی دژی ئافرەت بە تاوان دانرا، لە ساڵی ١٩٧٨ز ئەشکەنجەدان شەرمەزار کرا، لە ساڵی ١٩٨٨ز مافەکانی منداڵ ڕاگەیەنرا، لە ساڵی ١٩٩٣ مافی گەشەپێدان وەك مافێکی جیا نەبووەوە لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دانی پێدانرا. هێشتا ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ چالاکی بەردەوام ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی مافەکانی مرۆڤ زیاتر گشتگیر بێ، کاراتر بێ لە پاڵ بەڵێننامەی ئەنجومەنی ئەوڕوپا سەبارەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، و جاڕدانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئەمریکی بۆ ماف و ئەرکەکانی مرۆڤ، هەروەها بەڵێننامەی مافەکانی مرۆڤ بۆ گەلانی ئەفریقی و جگەلەوانیش.

ئەوانەی بەدواداچوون بۆ گەشەکردنەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی دەکەن پێشبینی ئەوە دەکەن کە پرسی مافەکانی مرۆڤ ببێتە فەلسەفەیەکی گشتی کە شوێنی هزرە هاچەرخەکان بگرێتەوە، بەمەش ببێتە هزری سەدەی بیست و یەك.

### ت- چوارچێوەی ئیسلامی بۆ هزری مافەکانی مرۆڤ

بانگەشەی ئەوە ناکەین کە بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ بەو وێنەیەی ڕێکخراوە لە جیهانی هاوچەرخدا، لە قورئانی پیرۆزدا یان لە ژیاننامەی پێغەمبەردا نووسراوە و تۆمار کراوە، یان بوونی هەیە لە کەلەپوری فیقهیدا، لە ژێر ناونیشانێکی سەربەخۆدا. ئەم بیرۆکەیە بە شێوە هەمەکیەکەی دەستاودەستی پێ نەدەکرا لە نێو گفتوگۆی بیرمەندان و شەرعناسان، تەنانەت ئەو ڕژێمانەی بە ناوی ئیسلام بۆ ماوەی چەندین سەدە حوکمیان کرد هەردەم بایەخی نەدەدا بە پاراستنی ئەم مافانە، جگەلە سەردەمی جێنشینە سەرراستەکانی سەرەتا نەبێ کە ڕێزگرتن لە مرۆڤ و پاراستنی حورمەتەکەی لە کارە بەرایەکانی بوو. – هەروەك عەلی کوڕی ئەبو تالیب سلاوی خوای لێبێت وتویەتی – مرۆڤ یان برای تۆیە لە ئایین یاخود هاوشێوەی تۆیە لە بەدیهێنراواندا. مێژوو وتەی عومەری تۆمار کردووە کە بە یەکێك لە گەورانی قورەیش وتوە، ئەم وتەیە بووەتە ناونیشانی بایەخدانی ئیسلام بە ئازادی و یەکسانی، ئەمانە دوو کۆڵەگەی مافی مرۆڤن، وتەکەشی بریتی بوو لەمە: ((لەکەیەوە خەڵکتان کردووەتە کۆیلە، لە کاتێکدا بە ئازادی لە دایك بوونە)).

لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وانییە ئێمە پێش جیهانی تازە کەوتوینەوە بە چەند سەدەیەك، ئەم مافانەمان بۆ مرۆڤایەتی خستۆتەڕوو بە بەڵێننامەیەکی گشتی و پەیماننامەیەك کە پابەندبوونی نێودەوڵەتی هاودەمی بێ. ئەم بیرۆکەیە بە شێوە گەشەکردووەکەی و هەرەوەزی نێودەوڵەتی گەشەکردووە، بریتییە لە دەرهاویشتەی یاسای گۆڕان و پێشکەوتن، لەسەر هیچ دەوڵەت و ئایین و شارستانیەتێك هەژمار ناکرێت. بەڵگەش ئەوەیە کە شارستانیەتی

خۆرئاوایی کە بە دایەنگەی ئەم بیرۆکەیە دادەنرێ و بە داهێنەر تیایدا هەژمار دەکرێ، لە چاخە ناوەڕاستەکانیدا لە گشت شارستانیەتەکان دوورتر بووە لەم نزیکبوونەوە لە چەمك و واتایی مرۆڤایەتییەکان. بەڵام بابەتی بوون وامان لێدەکات دان بەوەدا بنێین کە شارستانیەتی خۆرئاوایی پێش شارستانیەتەکانی تر کەوتووە و بەتواناتر بووە لە پێگەیاندنی بارودۆخی بابەتی و متددی بۆ سەروەری مافەکانی مرۆڤ، هەروەها کەش و هەوای لەبار هێنا بۆ کەم کردنەوەی ئازادی ستەمکاران لە ئەشکەنجەدانی مرۆڤەکان و سوکایەتی کردن بە ڕێز و حورمەتەکەی.

ناوەڕۆکی ئەوەی خرایەڕوو ئەوە دەگەیەنێ کە پاشکەوتنی هەر شارستانیەتێك یان کۆمەڵەیەکی یاسایی لە ڕێکخستنی ئەم مافانە بەم شێوەیەی کە بووەتە شەقڵی قۆناغی مرۆڤایەتی و مرۆڤدۆستی، سەرباری بوونی کۆسپ و لەمپەڕ مانای بوونی کەم و کورتی ناگەیەنێ لەو شارستانیەت یان شەریعەتەدا.

لەگەڵ ئەمەشدا هەر شەرعناسێك لە ئیسلامی ڕاست و ڕەواندا و شارەزا لە ڕێنماییەکانی قورئان و سوننەت و هۆشیار و ڕۆچوو لە حەقیقەتی ئاینی ئیسلامدا گومان لە ناخیدا ناوروژێ لەسەر ئەوەی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، کە ژیان و ئازادی و ڕێز و یەکسانی بۆ دابین دەکات، بەشێکن لە کرۆکی ئیسلام و پێویستییە ئاینیەکەی، شتێکی نامۆ و لە ناکاو نییە بەسەریدا هاتبێ.

بۆ زیاتر زانیار و وردەکاری و بە بنەماکردن تیشك و ڕۆشنایی کۆگیر دەکەن بە پوختی لەسەر دوو خاڵ: یەکەمیان: بە بنەماکردنی شەرعی بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ. دووەمیان: ماف و ئازادییەکان لە ئیسلامدا.

**یەکەم: بە بنەماکردنی شەرعی مافەکانی مرۆڤ**

پێش دەست پێکردن بە بابەتەکە و دامەزراندنی لەسەر سەلمێنراوە ئیسلامییەکان، ئاماژە بۆ خوێنەر دەکەم کە چیرۆکی ئادەم لە قورئانی پیرۆزدا هەڵوێستەی پێکردم، بەتایبەت گوتاری خوایی بۆ ئادەم و خانەوادە مرۆییە سەرەتاکەی، کە دوای فەرمانکردن بە دابەزاندیان ئەوا بەوانی فەرموو: ﴿ وَلَكُمْ فِي ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴾ البقرة: ٢/ ٣٦. واتە: (تاماوەیەکی دیاریکراو نیشتەجێ دەبن لە زەویدا و لە ناز و نیعمەتەکان سوود وەردەگرن و بەهرەوەر دەبن).

﴿ إِنَّ لَكَ أَلَّا تَجُوعَ فِيهَا وَلَا تَعْرَىٰ ﴿١١٨﴾ وَأَنَّكَ لَا تَظْمَؤُا۟ فِيهَا وَلَا تَضْحَىٰ ﴿١١٩﴾ ﴾ طه: ٢٠/ ١١٨ – ١١٩. واتە: (دڵنیاشبە تۆ لە بەهەشتدا نەبرسیت دەبێت نەڕووت و ڕەجاڵ دەبیت، نەتینووشت دەبێت و نەگەرماش زۆرت بۆ دەهێنێت). جاڕنامەی خواییم تێدا خوێندەوە سەبارەت بە مافی چەسپاوی مرۆڤ لەبارەی جێگیربوون لەسەر زەوی. لەوانەیە جێگیربوون ڕەهەندی دەروونی و بەهاکانی دادگەری و ئازادیش بگرێتەوە. بەهرەوەر بوون ئەوا کۆمەڵی تەواوی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و جگەلەوانیش دەگرێتەوە. لە ڕوونکردنەوەی زانای

بلیمەت زەمەخشەریدا کە لەسەر ئایەتی دووەم داویەتی، وتویەتی: ((تێربوون لە خۆراك و ئاو و پۆشتەبوون و بوونی شوێنی نیشتەجێ بوون، بریتین لەو جەمسەرانەی کە پێویستیەکانی مرۆڤی بەدەوردا دەخولێنەوە))[1].

* لە قورئانی پیرۆزەوە

١- خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ ۞ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلْنَٰهُمْ فِي ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٖ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلٗا ٧٠ ﴾ الإسراء: ١٧/ ٧٠. واتە: (سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووە و بەسەر وشکانی و دەریادا "بەجۆرەها هۆکاری گواستنەوە" هەڵمان گرتوون و لە ڕزق و ڕۆزی پوخت و چاکی و جۆرا و جۆر بەهرەوەرمان کردوون، بەڕاستی ئێمە ڕێزی زیادەی ئەوانمان داوە بەسەر زۆربەی ئەو بەدی هێنراوانەدا کە دروستمان کردوون).

ئەگەر موسڵمانان ورد ببنەوە لە ڕەهەندەکانی ڕێزلێنانی خوایی و ئەوەی ئەم ڕێز لێنانە دەیخوازێ لە حورمەت و ڕێز و ئاسانکاری لە کارەکاندا، هەروەها لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ بەدیهێنراوی بەڕێزی خوا، بەو شێوەیەی دەگونجێ لەگەڵ پێگەی مرۆڤ لەلای خوا، ئەوا پێش خەڵکانی تر دەکەوتنەوە لە ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤدا، دەستپێشخەریان دەکرد لە ڕێز نواندن بۆی و

---

[1]) الزمخشري، تفسیر الکشاف، ٢/ ٤٤٩.

ڕۆیشتنە پاڵ بکەرەکەی، بەدوای پاساویشدا نەدەگەڕان بۆ ڕزگاربوون لە پاشکۆیەکانی.

٢- خوای پاك و بێگەرد فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١ ﴾ النساء: ٤/ ١. واتە: (ئەی خەڵکینە لە خەشم و ناڕەزایی ئەو پەروەردگارەتان خۆ بپارێزن کە ئێوەی لە تاکە نەفسێك دروست کردووە، هەر لەو نەفسەش هاوسەرەکەی بەدی هێناو لەو دووانە پیاوان و ژنانی زۆری خستۆتەوە و بڵاوکردەوە، هەروەها لەو خوایە بترسن کە لە یەکتر داوا دەکەن بەناوهێنانی ئەوەوە، هەوڵ بدەن پەیوەندی خزمایەتیش بپارێزن و "پتەوی بکەن" چونکە بەڕاستی خوا "هەمیشە و بەردەوام" چاودێرە بەسەرتانەوە). لەم ئایەتە پیرۆزەدا جەختکراوەتەوە لەسەر یەکێتی جۆری مرۆڤ، هەروەها واتای زۆر بەرزیشی تێدان، کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین لە خوارەوە:

گوتاری خوای گەورە ئاڕاستەی خەڵك کراوە، کە کۆمەڵەی مرۆڤەکانە بەبێ وەسفێکی دیاریکراو یان جیاوازی ڕەگەزی یاخود ڕەنگ یان ئایین، تا ئەو هەستەیان پێبدات کە ئەوان لە یەك شوێنی لە دایك بوونەوە پەیدابوونە، بە یەك ویستیشەوە هاتوونەتە بوون، لە بەدیهێنان و سروشتدا یەکسانن و جیاوازیان لە نێواندا نییە. هەر تاکێك مافی ئەوەی هەیە ئەو مافە مرۆییانەی

هەبێ کە کەسانی تر هەیانە، کە سروشتی یەك جۆری جەختی لەسەر دەکاتەوە.

٣- خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡ ﴾ الحجرات: ٤٩/ ١٣. واتە: (ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەمووتانمان لە نێر و مێیەك دروستکردووە "کە باوکە ئادەم و دایکە حەوایە" و کردوومانن بە چەندەها گەل و تیرە و هۆزی جۆر بەجۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بە یەکەوە.. بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتانە کە زۆرتر لە خواترسە و فەرمانبەرداری خوایە).

ئەوەی سەیری ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دەکات بە قوڵی و لێی ورد بێتەوە، دەبینێت لە زۆرێك لە ئایەتەکاندا گوتاری خوای گەورە دەهێنێت و دەست پێدەکات بە: ((هۆ نەوەکانی ئادەم))، ((ئەی خەڵکینە))، ((ئەی مرۆڤ)) وەك دەرخستنی یەکسانی خەڵك لە مرۆڤایەتیدا، کە سروشتی گشتی جەختی لەسەر دەکاتەوە، دادگەری هەڵسوکەوت و ئاشتی مرۆڤایەتی دەیخوازێت. ئەم یەکسانییە لە مرۆڤایەتییدا یەکسانی لەو مافەدا دەخوازێ کە مرۆڤایەتی دەستەبەر دەکات. هەموو مرۆڤەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن. ئەمە بنەمایە کە جاڕنامە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ جەختی لەسەر دەکەنەوە.

ئەم ئایەتە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە فرە وێنەیی مرۆڤایەتی لە گەلان و هۆز و نەتەوە و تیرەکان مانای وانییە وێنەیەك لە یەکێکی تر باشترە، یان دۆخێك لە یەکێکی دیکە باشترە؛ بەڵکو بە مانای قوڵکردنەوەی یەکێتی مرۆڤایەتی دێ، بۆ ئەوەی جیاوازی ببێتە بەڵگە و ڕێبەری یەکترناسین، هەروەها بۆ ئەوەی یەکترناسین ببێتە ڕێبەری و بەڵگەی هاریکاری لەگەڵ ئەوەی تر.

ئەم تێڕوانینە ئیسلامییە یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی باوەڕی موسڵمان، کە لەسەری پێویستی ڕێزی فرەیی بگرێت و بەکاری بهێنێت بۆ ناسینی ئەزموونی ئەوانی تر، هەروەها بۆ کێبڕکێ کردن لە گۆڕەپان و مەیدانەکانی چاکە و پارێزکاریدا.

*** لە سوننەتی پێغەمبەرەوە**

ژیاننامەی پێغەمبەر (د. خ) تۆمارێکی نەمری مافەکانی مرۆڤە. لە سوننەتی پێغەمبەردا چەندین هەڵوێستی لە ژمار نەهاتوو هەن، کە جەخت دەکەنەوە لەسەر لایەنی مرۆیی لە پەیامەکەدا، نیگاری ئەو مافانە بۆ ئوممەت دەکێشێت کە مرۆڤ هەیەتی لەم ژیانەدا. لێرەدا ئەوەندە بە بەس دەزانین کە چەند وشەیەك هەڵبهێنجین کە کۆکەرەوەی مافە مرۆڤایەتییەکانن لە وتاری ماڵئاواییدا، کە هێشتا لە گوێچکەکانی ڕۆژگاردا وەك ڕێنوێنی بۆ مرۆڤ دەزرنگێنێتەوە؛ سەرباری تێپەڕینی چەندین سەدە، جیاوازی ژینگە و ڕەگەز و نەتەوەکان.

پێغەمبەری ڕێزدار (د. خ) لە کۆتا وتاریدا لەسەر چیای عەرەفە وتویەتی: ((ئەی خەڵکینە؛ خوێن و ماڵ و سامان و شەرەفتان لەسەر یەکتر حەرامە، تا دەگەن بە خزمەت پەروەردگارتان، وەك حەرام بوونی ئەم ڕۆژە لەم مانگە و لەم شارەتاندا، ئایا پەیامەکەم ڕاگەیاند؟ خوایەگیان گەواهی بدە. هۆ خەڵکینە ئافرەتەکانتان مافیان بەسەر ئێوەدا هەیە، ئێوەش مافتان بەسەر ئەواندا هەیە. لە ئاست ئافرەتاندا لە خوای مەزن بترسێن و چاك بن لەگەڵیاندا. ئەی خەڵکینە پەروەردگارتان تاك و تەنهایە، ئاینیشتان تەنها بۆ خوای تاقانەیە، هەمووتان لە ئادەمەوە پەیدابوون، ئادەمیش لە خاك و گڵەوە دروست بووە. بێگومان چاکترین و ڕێزدارترینتان لای خوا پارێزکارترینتانە. عەرەب پلەی بەرزتر نییە لە ناعەرەب مەگەر بە لەخواترسان نەبێ، ئایا پەیامی خوام ڕاگەیاند؟ خوایەگیان گەواهی بدە. دواتر وتی: با ئەوەی ئامادەیە پەیامەکە ڕابگەیەنێ بەوەی ئامادە نییە، لەوانە ئەوەی پێی ڕادەگەیەنرێ باشتر لێی تێبگات لەوەی گوێی لێبووە و ڕایدەگەیەنێ)).

بەڕاستی مافی ژیان و خاوەنداریێتی و ڕێز و یەکسانی و مافی ئافرەت، هەموو ئەمانە و جگەلەمانەش مافی مرۆڤن و لە گوتاری پێغەمبەردا (د. خ) ڕاگەیەندراون، تەنانەت ڕاسپاردەی پێغەمبەرن. لە دوای ئەمە هیچ نا ڕۆشنییەك نییە لە بارەی پێگەی مافەکانی مرۆڤ لە ئیسلامدا.

* لە کەلەپوری هزری ئیسلامیەوە

زانایانی زانستی بنەماکانی فیقه بە ڕامان و هەڵهێنجان گەیشتوونەتە ئەوەی مەبەستەکانی شەریعەتی ئیسلامی بریتییە لە دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خەڵك لە سەرەتادا، دواتریش پاراستنی، بەرژەوەندییەکانیان پلەیان هەیە: لەوانە بەرژەوەندییە پێویستەکان، کە دەبێ ببن بۆ بەرپاکردنی کۆڵەگەکانی بەرژەوەندییە دونیایی و ڕۆحییەکانی تاك و کۆمەڵگە، بەشیوەیەك کە ئەگەر لە دەست چوون ئەوا بەرنامەی ژیان کرچ و کاڵی تێدەکەوێت، گەندەڵی بڵاودەبێتەوە، ئەم بەرژەوەندیانە ژیان و ئاسایش و کەسایەتی بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەکەن، بەبێ ئەمانە مرۆڤ جێگیر نابێ لە ماڵ و گیان و سەلامەتی ژیری و بیرکردنەوە و هزری. ئەم بەرژەوەندییە پێویستانەش بریتین لە: پاراستنی ئایین و گیان و سامان و ژیری و ڕەچەڵەك. شتێکی ڕوونە کە ئەم مەبەستانە بەشێکن لە مافەکانی مرۆڤ بە گشتی.

لێرەدا دەتوانین بڵێین: مافەکانی مرۆڤ لە بەرژەوەندییە پێویستییە شەرعییەکانن، بەشێوەیەکی گشتی، ئیسلام ئازادی تاکی بە ڕەهایی هێشتۆتەوە لە چوارچێوەی شەرعیدا کە بەم یاسایە دیاری دەکرێ (زەرەر و زیان گەیاندن ڕەتکراوەیە)، جا ئەگەر سنووری ئەوانی دیکەی پێشێل کرد، ئەو کاتە ئازادیەکە دەبێتە دەستدرێژی و پێویستە بوەستێنرێ. یەکێك لە وانەی دەچێتە ناو خانەی پاراستنی ئایین ڕێزگرتنە لە بیروباوەڕ، پاراستنی گیانیش هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە ئاسایش و مافی ژیان.

هەندێك بەرژەوەندی هەن مام ناوەندین بەرز نابنەوە بۆ ئاستی بەرژەوەندییە پێویستەکان بۆ هێشتنەوەی کۆمەڵگە، وەك بەهرەوەرگرتن و چێژ وەرگرتن لە خۆشییەکان و شتە پاك و خاوێنەکان، ئەوەش دەگرێتەوە کە سەغڵەتی و سەختی و ماندووبوون وەلا دەنێ. هەشیانە کۆمەڵە بەرژەوەندیەکی لاوەکین کە ناگەنە ئاستی بەرژەوەندییە پێویستەکان و پڕ کردنەوەی لایەنێکی پێویست، بەڵکو دەچنە ژێر چەتری پێویستییە خۆشگوزەرانیەکان وەك جوانکاری.

ئەمە تێڕوانینێکی شرۆڤەیی قوڵە، پەردە لادەدات لەسەر ئەوەی کە چەندە هزر و فیقهی ئیسلامی بایەخی داوە بە بەرژەوەندی و مافەکانی مرۆڤ. کە جیاکاری کردووە لە نێوان ئەو مافە پێویستانەی کە تاك مرۆڤێتیەکەی بەبێ بوونی ئەم مافانە تەواو نابێ، لەگەڵ ئەو مافانەی دەچنە چوارچێوەی بەرژەوەندی مامناوەندی کە ڕەگەزی پێویست لە ژیانی مرۆڤدا پێکناهێنن، بەڵام ژیانی ئاسان دەکەن، کۆسپەکانی بەردەمی لادەبەن.

**دووەم: ئازادی و مافەکان لە ئیسلامدا**

لە بەشی یەکەمی پێشوودا، گوتارەکە چەقی گرتبوو لەسەر بە بنەماکردن و ڕیشەدارکردنی شەرعی و مێژوویی ئیسلامی بۆ بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ لە ئیسلامدا، لێرەدا زیاتر جەخت دەکەینەوە لەسەر چەمك و زاراوەکانی ماف و ئازادییەکان لە ئیسلامدا، جا دەڵێین:

ناساندنی ئەو هزر و چەمکانەی پەیوەندیان هەیە بە ویژدانەوە، کێشەیەکی ئالۆزە، هەروەك ئەم دۆخە بەدی دەکرێ لە پێناسەکردنی چەمکەکانی مف و ئازادیدا. ڕاستی بە ویژدان ناسراوە، بەڵام تێڕوانین بۆی دەگۆڕێت بە جیاوازی دید و فەلسەفەکان، پێشتر ئاماژەی پێکراوە لە کاتی لێکۆڵینەوە و گەڕان بەدوای چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ. سەبارەت بە ئازادی ئەوا لە فەرهەنگی ڕاغبی ئەسفەهانی بۆ چەمك و زاراوەکانی قورئانی پیرۆزدا هاتووە: ئازاد پێچەوانەیە کۆیلەیە. ئازادی دوو جۆرە: یەکەم: ئەو کەسەیە کە حوکمی شتومەکی بەسەردا جێبەجێ نەبێ، وەك ((کەسی ئازاد بەرامبەر بە کەسی ئازاد))، (ئەمە بنیاتنراوە لەسەر بۆچوونی فیقهی مێژوویی کۆن لای موسڵمانان و جگەلەوانیش، بەوەی مرۆڤی نا ئازاد – کۆیلە وەك شتومەك هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ)، دووەمیان: هەر کەسێك نەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی خەسڵەتە خراپەکانی لە سوربوون و پێداگیری لەسەر بەدەستخستنی دەستکەوتی دونیایی. نەبووبێتە کۆیلە و بەندە کە دژیەتی. پێغەمبەر (د. خ) بەم فەرمایشتەی ئاماژەی پێکردووە: ((ڕیسوابێ بەندەی دینار)).

شاعیر دەڵێت:

((ورِقُّ ذوي الأطماعِ رِقٌّ مُخَلَّدٍ))

واتە: کۆیلایەتی ئارەزوو، کۆیلایەتیەکی تا هەتایە.

هەندێك لە نووسەرە هاوچەرخەكان كە گوزارشتیان لێكردووە: پەیوەندی نێوان ویستی شتێكە لەگەڵ توانای مرۆڤ لە ئەنجامدانی ئەم شتە. من كاتێك توانای ئەنجامدانی كردەوەیەكم هەیە كە ویستم لەسەرە، ئەوا ئەمە ئازادی منە. ئەم واتایە دەستاودەستی پێدەكرێ لە فەلسەفەی ئیسلامیدا لە ژێر ناونیشانی ویست و سەرپشك بوون، لە زانستی كەلامدا لێكۆڵینەوە و تاوتوێ دەكرێ. جوانترین پێناسە بۆ ئازادی بریتییە لەوەی لە جاڕنامەی مافەكانی مرۆڤدا هاتووە كە لە سەرەتای شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩ز دەركرا بەوەی بریتییە لە: مافی تاك لە ئەنجامدانی هەر شتێك كە زیان بەوانی تر نەگەیەنێ. ئەو سنوورانەی لەسەر ئازادییەكان دانراون ناكرێ بسەپێنرێن مەگەر بە یاسا نەبێ.

شتێكی شاراوە نییە كە هاووێنەی ئەم شتە ڕەهایانە كۆت و بەند دەكرێن بە سیستەمی گشتی شەرعی كە قەدەغەكراوەكان دەستنیشان دەكات و بازنەی ڕێپێدراوان فراوان دەكات.

شتێكی زانراوە كە ئازادیخوازان هەر چەندە زیادەڕەوی بكەن لە پێناسەی ئازادیدا و بیگەیەننە ماوە هەرە دوورەكەی، ئەوا هیچ یەكێكیان ڕێگە بە ئازادی ڕەها نادات. مەبەستمان لەو ئازادییەیە كە ملكەچی كۆت و بەندە یاسایی یان كۆمەڵایەتی یاخود ئاینییەكان نابێ. نموونەی ئەم جۆرە ئازادییە ڕەهایە لە سێدارەدانی خودی ئازادییە، چونكە ئارەزوو و حەزەكان بە یەكدادەنن و كۆمەڵگەی ئازاد بەم وەسفە دەبێتە گۆڕەپانێك بۆ لەناوبردنی ڕەگەزی مرۆیی و

ئاژاوە و بەڕەڵایی، ئازادی تێکناگیرێ لەگەڵ بەرپرسیارێتیدا، بەڵکو جەختی لەسەر دەکاتەوە. ئەمە ئەوەیە کە ئایەتە پیرۆزەکە ئاماژەی پێدەکات لە سوڕەتی (قیامەت)دا: ﴿ أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَٰنُ أَن يُتْرَكَ سُدًى ﴾ القيامة: ٧٥/ ٣٦. واتە: (ئایا ئادەمیزاد وادەزانێت هەروا وازی لێدەهێنرێت بەخۆڕایی "لێپرسینەوەی نابێت؟!"). لێکۆڵینەوە لە ئازادییەکان لە ناو بابەتی مافەکاندا شتێك نییە بە زۆرملێ خرابێتە ناو مافەکانەوە، چونکە پیادەکردنی مافەکان بەبێ ئازادی ناکرێ، ئازادی بەبێ مافەکان هیچ واتایەکی نییە. لێرەدا گوزارشت لە مافەکان دەکرێ بە ئازادییەکان، هەروەها گوزارشت لە ئازادییەکان دەکرێ بە مافەکان، وەك ئەوەی هاومانا بن و گوزارشت لە یەك واتای هاوبەش بکەن، بەڵام لە کاتی وردبوونەوەدا جیاوازی لە نێوان ئازادی و مافدا دەکرێ، بەم شێوەیەی خوارەوە[1]:

١) ماف دەگەڕێتەوە بۆ شوێنێکی دیاریکراو، یاخود گونجاوە بۆ دیاری کردن و ئامانجەکەشی دیاریکراوە. ناوەندێکی یاساییە خاوەنی سنووری دیاریکراوە، هەروەك خاوەن ئامانجە. سەبارەت بە ئازادی، ئەوا گوزارشت دەکات لە چەند بارودۆخێکی گشتی، کە وێنە و مەشخەڵەکانی ڕۆشن نییە، نابەستڕێتەوە بە ڕێچکەیەکی دیاریکراو کە پێویستە بگیرێتەبەر، هەر وەك ئەم دۆخە هەیە لەگەڵ ئازادی بیروباوەڕ و بۆچوون و هاتن و چوون و گواستنەوە، ئەمانە وەك نموونە. ناکرێ لێپرسینەوە لەگەڵ

---

[1]) بگەڕێوە بۆ دانراوەکەمان: البصيرة الإسلامية، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٤.

کەسێك بكرێ بەهۆی ئەوەی خراپ ئازادیەکەی بەکارهێناوە، بەڵکو دروستە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بكرێ بەهۆی ئەوەی لە ئامانجی دیاریکراو لایداوە.

٢) ماف خەسڵەتێکی تایبەتمەندی هەیە، بەڵام ئازادی خەسڵەتی گشتێتی هەیە، بیرۆکەی بەگەڕخستن و سوود بەدەستهێنان ناناسێ. جیاوازی نێوان ماف و ئازادییەکان، وەك جیاوازی نێوان ڕێگەی تایبەت و ڕێگەی گشتییە.

٣) ماف سەرهەڵدەدات بەپێی داخوازی ڕووداوێکی یاسایی. بەڵام ئازادی ئەوا پشت دەبەستێت بە تەواوی بنەما گشتییەکان.

لە فیقهی هاوچەرخدا هەیانە بەو ئاڕاستەیەدا دەچێ کە ئازادییەکان بۆ سێ بەش دابەش دەکات، کە ئەمانە دەگرێتەوە:

١) ئازادییە کەسییەکان: ئازادی گواستنەوە و هاتن و چوون و مافی زەوی و خانوو و نامە گۆڕینەوە و ڕێزگرتن لە تەندروستی و سەلامەتی عەقڵی و ژیری و هوشمەندی مرۆڤ دەگرێتەوە.

٢) ئازادی هزری: ئازادی ڕاو بۆچوون و بیروباوەڕ و کۆبوونەوە دەگرێتەوە.

٣) ئازادی ئابووری: ئازادی خاوەندارێتی و بازرگانی دەگرێتەوە.

لە دوای ئەمە دەبینین کە تا چەند هەندێك لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان لە ئیسلامدا هەن، لەگەڵ ئەوەی قەناعەتمان وایە کە بارودۆخی موسڵمانان نابێتە بەڵگەیەك دژی هزری ئیسلامی، لە واقیعی

هاوچەرخماندا چەند دەستەو تاقمێك هەن نكۆڵی لە گشت واتا جوان و چاكەكان دەكەن، جا بەڵكو خوای گەورە ئێمە و ئەوان ڕێنوێنی دەكات بۆ هەر خێرو ڕاستییەك.

(١) مافی ژیان

ژیان مافێكی بنەڕەتی و سەرەكییە لە مافەكانی مرۆڤ، ئەو مرۆڤەی خوای گەورە ڕێزی لێگرت بە كردنی بە جێنشین لەسەر زەویدا. ئیسلام هۆشداری داوە و ڕێگری كردووە لە ئەنجامدانی تاوانی لەناوبردنی ژیان بە نا حەق، قەدەغەكراوی ئەم ژیانەی بە چەند دیوارێك دەورە داوە لە بایەخ پێدان و هەڕەشە و گوڕەشە و ڕێگری لێكردن. هەر كەسێك یەكێك بكوژێت بە نا حەق یان خراپەكاری لە زەویدا بڵاو بكاتەوە، ئەوا وەك ئەوەیە كە تێكڕای خەڵكی كوشتووە، تەنانەت یەك مرۆڤ هێما و نیشانەی ویستی خوای پاك و بەرزە لە بەدیهێنانی ئەم گەردوونە سەرسوڕهێنەرەدا، بۆ هیچ كەسێك نییە ژیانی خۆی تێكبدات بە كوشتن یان ئەشكەنجەدان. لە مافی ژیاندا جیاوازی نییە لە نێوان مرۆڤێك و مرۆڤێكی دیكە، بێ تەماشاكردنی ڕەچاوكردنە دەرەكییە لە ناكاوەكان: ﴿ مِنْ أَجْلِ ذَٰلِكَ كَتَبْنَا عَلَىٰ بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَن قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا ﴾ المائدة: ٥/ ٣٢. واتە: (لەبەر ئەوەی كارەساتی كوشتنی

ناڕەوای ئاوا ڕوو نەدات ئێمە پێویستمان کرد لەسەر نەوەی ئیسرائیل ئەوەی کەسێك بەناحەق بکوژێت و لە جیاتی کوژراوێك نەبێت، یان گوناهو تاوانی گەورەی ئەنجام نەدابێت لە زەویدا، ئەوە وەك ئەوە وایە هەر هەموو خەڵکی کوشتبێت، ئەوەش کەسێك لە مەرگ ڕزگار بکات، هەروەك ئەوە وایە هەموو خەڵکی لە مەرگ ڕزگار کردبێت و ژیانی پێ بەخشی بن).

لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا کە ئیبن ماجە دەیگێڕێتەوە، هاتووە کە: ((پێغەمبەر لە بەرامبەر کەعبەی پیرۆز ڕاوەستاوە و فەرموویەتی: ئای چەندە باشی!! بۆنەکەت چەندە خۆشە!! ئای خۆت و ڕێزەکەت چەندە مەزنن!! سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، ڕێز و شکۆی باوەڕدار لەلای خوای گەورە لە ڕێز و حورمەتی تۆ گەورەترە))، ئەم مافە بەوە جیا دەکرێتەوە کە شیاو نییە بۆ هەڵسوکەوت تێداکردنی مەگەر بە مافێکی بەرز نەبێ، بۆ خاوەنەکەی نییە دەستبەرداری ببێ، نە بە بێ ئومێد و هەڵاتن لە بەرپرسیارێتیەکانی ژیان و نە بە خۆکوشتن. لە فەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە کە کەسێك خۆی کوشت، پێغەمبەر (د. خ) نوێژی لەسەر نەکرد.

لە ڕاستیدا بەرنامە ئاسمانیەکان و بەرنامە دەستکردەکان کۆکن لەسەر حەڕام و قەدەغەبوون و ڕێزداری ئەم مافە و پێویستی

ڕەچاوكردنی و پاراستنی و دانانی سزای قورس بۆ ئەو كەسەی كەسێكی كوشتووە بە نا حەق.

وەك خستنەڕووی وێنەی مرۆڤایەتی لە كەلەپوری ئیسلامیدا سەبارەت بە ژیان، ئەوا ئاماژە بە گێڕانەوەیەك دەكەین لە ژياننامەی عومەردا[1]: لە ئەنەسەوە ڕەزای خوای لێبێت دەگێڕێتەوە كە عومەر بەوانی وتوە: كاتێك شارەكە گەمارۆ دەدەن چی دەكەن؟ وتی: كەسێك ڕەوانەی شارەكە دەكەین و شێوەیەكی لە پێستی بۆ دروست دەكەین. وتی: ئەی چی دەڵێن ئەگەر بەردێكی تێگیرا و كوژرا؟ وتی: كەواتە دەكوژرێ. عومەر وتی: كەواتە وا مەكەن. سوێن بەوەی گیانی منی بەدەستە دڵم خۆش نابێ بەوەی شارێك ڕزگار بكەن كە چوار هەزار جەنگاوەری تێدایە بە بەفیڕۆدانی گیانی یەك موسڵمان. بەیهەقی گێڕاویەتیەوە.

زەیدی كوڕی وەهەب گێڕاویەتیەوە و وتویەتی: عومەر هاتە دەرەوە و پەنجەی لە گوێچكەكانیدا بوو، دەیوت: خوایەگیان ڕووم لەتۆیە هاوار!! خوایەگیان ڕووم لە تۆیە هاوار!! خەڵكی وتیان: ئەوە چییەتی؟ وترا: نامەی بۆ هاتووە لەلایەن هەندێك لە سەركردەكانیەوە كە ڕووبارێك ڕێی لەوان گرتووە لە پەڕینەوە، كەشتیان دەستنەكەوتووە، سەركردەكەیان وتویەتی: بەدوای كەسێكدا بگەڕێن مەلە بزانێ، بەساڵاچوێكیان هێنا، ناوبراو وتی:

---

[1]) سيرة عمر بن عبدالعزيز، لابن الجوزي ٧١.

من له سەرما دەترسم، ڕۆیشتە ناو ئاوەکە و دەیوت: هۆ عومەر هاواری، بەدەم ئەمەوە نقوم بوو و مرد.

عومەر نامەی بۆ سەرکردەکە نووسی و ئەویش هات بۆ لای. چەند ڕۆژێك هەر ڕووی تێنەکرد، دواتر وتی: ئەوەی کوشتت چی کردبوو؟ سەرکردەکە وتی: ئەی میری باوەڕداران به ئەنقەست نەم کوشت. هیچ شتێکمان بەدی نەکرد بەهۆیەوە بپەڕینەوە. ویستمان فێری مەلەوانی ببین، ئاوا و ئاوامان ڕزگار کرد و فڵان و فیسارە شتمان دەستخست، عومەر وتی: ((کەسێکی موسڵمان لەلای من له هەموو شتێك خۆشەویسترە کە تۆ دەیهێنی)).

**(٢) مافی ئاسایش و تایبەتمەندییەکەی**

یەکێك لەو مافانەی دەبێ بۆ مرۆڤ دەستەبەر ببن له گشت بارودۆخێکدا، ئەوەیە کە بە ئارامی و دڵنیاییەوە بژیەت، لەبەر ئەوەی بەبێ ئاسایش و دڵنیایی مرۆڤایەتی مرۆڤ و ڕێز و حورمەتەکەی دەستەبەر نابێ: ﴿ فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَٰذَا الْبَيْتِ ﴿٣﴾ الَّذِي أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَآمَنَهُم مِّنْ خَوْفٍ ﴿٤﴾ ﴾ قريش: ١٠٦/ ٣ـ ٤.

واتە: (با پەروەردگار و خاوەنی ئەم ماڵە پیرۆزە "کەعبە" بپەرستن. ئەو زاتەی لەبرسێتی ڕزگاری کردن و خۆراکی پێبەخشین و لە ترس و بیم پاراستوونی و ئاسایشی بۆ دابین کردوون).

شتێکی زانراوه که له سایەی ئارامی تاکه کەسی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی مافەکان گەشه دەکەن، پەیوەندییەکان دەبوژێنەوە، ئاشتی و ئارامی بڵاو دەبێتەوە. له فەرموودەی پیرۆزدا هاتووە: ((باوەڕدار ئەو کەسەیه که خەڵك بیکاته ئەمیندار بەسەر سامان و گیانیان، موسڵمانیش ئەو کەسەیه که موسڵمانان له زمان و دەستی پارێزراو بێ)).

لەو فەرموودەیەی تەبەڕانی گێڕاویەتیەوە له کتێبی (الأوسط)دا هاتووە: ((هەر کەسێك به شوارکه له پشتی موسڵمانێك بدات، ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە بەشێوەیەك که خوای مەزن لێی توڕەیه)) له شوێنەوارێکدا که له عومەرەوە دەگێڕدرێتەوە هاتووە: ((مرۆڤ له خۆی دڵنیا نییه، ئەگەر برسیت کرد یان ترساندت یاخود بەندت کرد تا دان به تاوانەکەدا بنێ لەسەر خۆی))، مەبەستی ئەمه پێویستی فەراهەم کردنی بارودۆخی ئاسایشی دەروونی و جەستەییه بۆ تۆمەتبار. ئەی دەبێ لەگەڵ مرۆڤی ئاسایی دۆخەکه چۆن بێ؟.

ئیمامی حەڕەمەین پاراستنی ئاسایشی له پلانی ئیسلامدا به مەترسیدارترین ئەرکی داناوه له ئەرکەکانی دەوڵەت، بەم وته ڕەوانبێژەشی پاساوداوه، جا وتویەتی[1]: ((هیچ ناز و نیعمەتێك له ورده خۆڵ پاك نابێتەوە تا خەڵکی نیشتەجێ و ڕێبوار دڵنیا

---

[1] الجويني. غياث الأمم في التياث الظلم، سەرچاوەی پێشوو، بڕگەی ١١٣.

نەبنەوە لە سەلامەت بوونیان لە مەترسی و هەڕەشەکان، جا ئەگەر بارودۆخی ڕێگە شلەژا، هاوەڵان پەرتبوون، خەڵکی لە شار و وڵاتاندا تەنگیان پێهەڵچنرا، هۆکارەکانی خراپە و گەندەڵی دەرکەوتن، بەمە نرخ گرانی دروست دەبێ، وڵات وێران دەبێ، ئاشوبی مەزن باڵدەکێشێ. ئاسایش و ئارامی و دڵنیایی دوو بنچینەی ناز و بەهرە و نیعمەتەکانن، چێژ لە هیچ ناز و نیعمەتێك ناکرێ بەبێ ئەم دوو بنچینانە)).

یەکێك لە مافەکانی ئارامی و ئاسایش ڕێزداری پەناگە و خانوو و ماڵە، ئیسلام قەدەغە و حەڕامی کردووە کە پێشێل بکرێ، سیخوڕی بەسەر ئەوانەدا بکرێ کە تیایدان، ڕۆیشتنە ناو ماڵانی بە زۆرەملێی یان بەبێ مۆڵەت قەدەغە کردووە، خوای پاك و بەرز فەرموویەتی:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَدۡخُلُواْ بُيُوتًا غَيۡرَ بُيُوتِكُمۡ حَتَّىٰ تَسۡتَأۡنِسُواْ
وَتُسَلِّمُواْ عَلَىٰٓ أَهۡلِهَاۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ٢٧ فَإِن لَّمۡ تَجِدُواْ
فِيهَآ أَحَدٗا فَلَا تَدۡخُلُوهَا حَتَّىٰ يُؤۡذَنَ لَكُمۡۖ وَإِن قِيلَ لَكُمُ ٱرۡجِعُواْ فَٱرۡجِعُواْۖ هُوَ
أَزۡكَىٰ لَكُمۡۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ عَلِيمٞ ٢٨ ﴾ النور: ٢٤/ ٢٧ – ٢٨. واتە:

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە مەچنە هیچ ماڵێکی تر جگە لە ماڵەکانی خۆتان هەتا کارێك نەکەن کە ئەوان ئاگادار بن "وەکو زەنگ لێدان یان لە دەرگادان" پاشان کە مۆڵەتدران سڵاو بکەن لە خەڵکی ماڵەکە، ئەوە چاکترە بۆتان و بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن،

هەوڵ بدەن لە یادتان بێت و ئەو شێوازە فەرامۆش نەکەن. جا ئەگەر کەستان نەبینی تیایدا، یاخود هەستتان کرد کەس لە ماڵ نییە، مەچنە ژوورەوە هەتا مۆڵەت نەدرێن، ئەگەر پێتان وترا بگەڕێنەوە "کاتمان نییە، یان کارمان هەیە..." بگەڕێنەوە "بەبێ دلگرانی" ئەوە چاکترە بۆتان، چاکیش بزانن خوا زانایە بە هەموو ئەو کار و کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن).

لە ڕاستیدا مافی تایبەتمەندی بەشێکە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی ئیسلامی بە دەق و ڕۆحەوە. لە فەرموودەی پیرۆزدا هاتووە کە هەر کەسێك موسڵمانێك بپۆشێت ئەوا خوای گەورە ئەو کەسە پەردە پۆش دەکات لە دونیا و دوارۆژدا. لە ئەبو بەکر گێڕدراوەتەوە کە وتویەتی: ئەگەر مەیی خۆرێك ببینم ئەوا حەز دەکەم خوا دایپۆشێت. لە شوێنەواردا هاتووە: ئەگەر تاقیکرانەوە ئەوا خۆتان بپۆشن، چونکە خوای گەورە حەز ناکات خراپە بڵاو ببێتەوە.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ڕۆحیە ئیسلامییە کە پێداگیری دەکات لەسەر مافی تایبەتمەندێتی، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ عومەر شەوێك لە ناو شاری مەدینەدا دەرچوون، جا کاتێك ئێمە دەڕۆیشتین ئەوا چرایەکمان بینی دەرکەوت، ئێمەش ڕامان کرد بۆ لای، کاتێك نزیك بووینەوە بیستمان دەنگ و هات و هاوار لە دەرگایەك دێتە دەرەوە، عومەر دەستی گرتم و وتی: دەزانی ئەمە ماڵی کێیە؟ وتم: نا. عومەر وتی: دەزانی ئەمە ماڵی کێیە؟ وتم:

نازانم. عومەر وتی: ئەمە ماڵی ڕەبیعەی کوڕی ئومەیەی کوڕی خەلەفە، ئێستا سەرقاڵی خواردنەوەی مەیین. تۆ پێت چۆنە؟ وتم: پێم وایە هاتووین کارێك دەکەین کە خوای گەورە ڕێگری لێکردووە و خوای مەزن فەرموویەتی: ((سیخوڕی مەکەن))، بەمەش عومەر لە بۆچوونەکەی پاشگەز بووەوە و گەڕایەوە.

لە گێڕانەوەیەکی ناسراودا هاتووە کە عومەر بە شەو بە ناو شاری مەدینەدا دەگەڕا، گوێبیستی دەنگی پیاوێك بوو کە گۆرانی دەوت، عومەریش بەسەر دیوارەکەدا خۆی هەڵدایە ژوورەوە و بینی ئافرەتێکی لەلای و مەییشی لەبەردەمە، عومەر وتی: ئەی بەندەی خوا؛ ئایا وا گومانت بردووە کە خوای گەورە داتدەپۆشێت لە کاتێکدا سەرقاڵی گوناه کردنی؟ کابرا وتی: تۆش ئەی میری باوەڕداران بەهەمان شێوەی پەلە مەکە. ئەگەر من یەك سەرپێچی خوام کردبێ، ئەوا تۆ سێ جار سەرپێچی خوات کردووە: خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَلَا تَجَسَّسُواْ﴾ الحجرات: ٤٩/ ١٢. واتە: (سیخوڕی مەکەن). هەروەها خوای پاك و بەرز فەرموویەتی: ﴿وَلَيْسَ ٱلْبِرُّ بِأَن تَأْتُواْ ٱلْبُيُوتَ مِن ظُهُورِهَا﴾ البقرة: ٢/ ١٨٩. واتە: (چاکە و چاکەکاریش ئەوە نییە کە لە پشتەوە خۆتان بکەن بە ماڵاندا). کەچی تۆ بەسەر دواردا هاتیە ژوورەوە. خوای زانا و دانا فەرموویەتی: ﴿لَا تَدْخُلُواْ بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّىٰ تَسْتَأْنِسُواْ

﴿وَتُسَلِّمُوا۟ عَلَىٰٓ أَهۡلِهَا﴾ النور: ٢٤/ ٢٧. واته: (مەچنه هیچ ماڵێکی تر جگه له ماڵەکانی خۆتان هەتا کارێك نەکەن که ئەوان ئاگادار بن "وەکو زەنگ لێدان یان له دەرگادان" پاشان که مۆڵەتدران سڵاو بکەن له خەڵکی ماڵەکه). تۆ هاتیه ناو ماڵەکەم بەبێ مۆڵەت و سڵاوکردن. عومەر قسەی لەگەڵ دەکرد وەك دانوستان، جا پێی وت: ئایا هیچ خێرت پێماوه تا لێت خۆش ببم؟ وتی: بەڵێ، بەخوا ئەی میری باوەڕداران ئەگەر لێم خۆش ببی ئەوا هەرگیز ناگەڕێمەوه بۆ کارێکی لەو جۆره، جا عومەر لێی خۆشبوو و ڕۆیشته دەرەوه[1].

له کەلەپوری ئیسلامیدا تێشویەکی زۆر مەزنی هەیه له هەڵسوکەوت و ئەدەبی کۆمەڵایەتی که وێنەیەکی جوان بۆ ماڵی ئارام و خێزانی دڵنیا و ئاسووده و تاکی پارێزراو دەکێشێ، مافەکانی مرۆڤ به ئایین و هەڵسوکەوتی موسڵمانان دادەنێ. بەڵام به داخەوه واقیعی موسڵمانان زۆر دوور کەوتۆتەوه له نموونه و بەهاکانیان و وایلێهاتووه نامۆیه به ڕۆح و کرۆکی ئیسلام، هەروەها فەرامۆشکردنی ناوەڕۆك و دەستگرتن به توێکڵەوه.

## (٣) مافی یەکسانی

له قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەردا ئاماژه و هێمای بڕاوه هەن لەسەر ڕەوایی یەکسانی نێوان تاکەکانی مرۆڤ و جیاوازی

---

[1] الغزالي. إحياء علوم الدين، سەرچاوەی پێشوو، ٢٩٥.

نەکردن لە نێوانیان بە ڕەنگ یان ڕەگەز یاخود ڕەچەڵەك، بنەڕەتی مرۆڤ یەکە: ﴿ إِنَّا خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ ﴾ الإنسان: ٧٦/ ٢.

واتە: (بێگومان ئێمە مرۆڤمان دروستکرد لە تێکەڵەیەك).

پێغەمبەر (د. خ) لە وتاریماڵئاواییدا فەرمووی: ((هۆی خەڵکینە پەروەردگارتان یەکە و باوکتان یەکە، هەمووتان لە ئادەمەوەن ئادەمیش لە گڵ و خۆڵەوە دروست بووە))، عەلی وتویەتی: ((مرۆڤ یان براتە لە ئایندا یان هاوشێوەتە لە بەدیهێناندا)).

لە عیساوە "سڵاوی خوای لێبێ" گێڕدراوەتەوە کە پێی وتراوە کامە کەس باشترینە؟ دوو مشتە خۆڵی هەڵگرت و وتی: کامەیان لەم دووانە باشترینە؟ خەڵك لە گڵەوە بەدیهاتوو، ڕێزدارترینیان لەخواترسترینیانە. مەبەست ئەو یەکسانەیەیە کە ئازادی کەسی و سیاسی دەستەبەر کردووە، چۆنیەکی و یەکسانی هەمووان لەبەردەم یاسادا مسۆگەر دەکات، بە یەك پێوەر نەوەك بە پێوەری جیاواز.

پێغەمبەر لەگەڵ هاوەڵانیدا لە گەشتێکدابوو، ویستیان خواردن ئامادە بکەن، جا بۆ ئەم مەبەستە هەر یەکێکیان سەرقاڵی ئەرکی خۆی بوو، پێغەمبەر (د. خ) فەرمووی: ((دار کۆکردنەوە لەسەر من))، هەندێکیان وتیان: ئێمە لە جیاتی تۆ ئەو کارە دەکەین ئەی پێغەمبەری خوا، بەم فەرموودە پیرۆزەی وەڵامی ئەوانی دایەوە: ((من حەزم لەوە نییە لە ئێوە جیاوازبم)).

له ڕاستیدا ئەگەر ئەم مافانە بۆ هەر کۆمەڵگەیەك فەراهەم بوون بەشێوە بابەتیەکەی، ئەوا کۆمەڵگە دووردەکەوتەوە لە شڵەژان، ئەم مافە خەریکە گشت مافەکان لەخۆ بگرێ یان ئاسانکاری بۆ بکات.

ئەم یەکسانیە دژ نییە لەگەڵ فرە پلەیی بەهۆی زانست یان کار و قوربانیدان، چونکە ئەمە شتێکی ترە: ﴿قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَ﴾ الزمر: ٣٩/ ٩. واتە: (ئەی پێغەمبەر (د. خ) بڵێ: ئایا ئەو کەسانەی کە دەزانن و شارەزان، وەك ئەوانەن کە هیچ نازانن و شارەزاییان نییە؟).

## (٤) ئازادی بیرکردنەوە و ڕاو بۆچوون

شتێکی زانراوە کە ئازادی ڕاو بۆچوون یەکێکە لە ڕەگەزەکانی دیموکراسییەت و کۆڵەگەکانی کەسایەتی مرۆڤ، نە مرۆڤ کەسایەتییە مرۆییەکەی کامڵ دەبێ و نە دیموکراسییەت بەبێ ئازادی بیرکردنەوە و ڕاو بۆچوون بەرپا دەبێ، جا ئەگەر مرۆڤ ئازاد و سەربەست نەبێ لە بیرکردنەوەیدا ئەوا شوێنەوار و کاریگەری خۆی لە سەر خودی خۆی و کۆمەڵگاکەی لە دەست دەدات، بۆچوونەکەی هیچ بەهایەکی نابێ، بەڵکو نزیك دەبێتەوە لەو دووڕوویەی کە کۆمەڵگە سەرگەردان دەکات و فێڵی لێ دەکات. لێرەوە دەبینین ئیسلام هانی بیرکردنەوە و تێڕامان دەدات بۆ پەند وەرگرتن لەوەی لە سروشتدا ڕوودەدات، لەوەش کە بۆ خەڵك

دانراوە بەپێی یاساکانی خوای گەورە لە گەردوون و کۆمەڵگەدا. داخستنی ئازادی هزر سەردەکێشێ بۆ پەکخستنی بەهادارترین شت کە ژیری و عەقڵە، هەروەها شۆڕبوونەوە بۆ ناو پێڕ و کۆمەڵەی ئاژەڵان.

دواتر ڕامان و وردبوونەوە یەکەم ئەرکی سەرشانی مرۆڤە، چونکە پێشەکی بیرکردنەوەیە بۆ ناسینی پەروەردگاری. بیرکردنەوە ئەرکێکی ئاینیە لە ئیسلامدا، ئەگەر ئەمە نەبووبا ئەوا مرۆڤ بە سەرگەردانی دەمایەوە و چارەنووسی خۆی نەدەزانی. ئیمان و ویژدانی بەتاڵ لە بەڵگە ویژدان تێر ناکات، دڵنیایی دەستەبەر ناکات. هزرێك بایەخ و بەهای نییە کە ئازادی تێدا نەبێ. ئازادی لە ئیسلامدا ڕووبەر و بۆشاییەکی زۆر فراوانی هەیە، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە سوودبەخشن بۆ مرۆڤ و تەنها بەو بنچینە و کۆڵەگانە دەبەسترێنەوە کە بنچینەی ئایین و ڕاگری ئیمان و یەکخواناسی و نموونەی ڕەوشتی مرۆیی بەرزن، کە خەریکە مرۆڤایەتی کۆك بێ لەسەر گرنگییە هەرە بەرز و زۆرەکەی لە دروستکردنی تەلاری جیاوازی مرۆڤ لە جیهانی گیانلەبەران.

سەبارەت بە پەیوەندی ئازادی هزر و بیرو بۆچوون بە ئاینەوە، واتە: ئازادی وەرگرتنی ئایین تەنها ئەوەندە لێرەدا دەخەمەڕوو و دەچمە سەر ئازادی بیروباوەڕی ئاینی.

## (٥) ئازادی بیروباوەڕی ئاینی

یەکێك لە تایبەتمەندترین خەسڵەتەکانی مرۆڤی ژیر لە خودی خۆیدا ئازادی خواست و ویست و توانای هەڵبژاردنە و سەرپشك بوونە، هەروەها بەرپرسیارێتیەکەیتی لە هەڵبژاردن هەڵوێستی چاك یان خراپ. مرۆڤ ئەم مافەی لێ وەرنەگیراوەتەوە لە پیرۆزترین شتدا، کە ئیمان و باوەڕە: ﴿فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ ﴿٢٩﴾﴾ الكهف: ١٨/ ٢٩. واتە: (جا ئەوەی دەیەوێت با باوەڕ بهێنێت و ئەوەی دەیەوێت با کافر و بێ باوەڕ بێت). بەڵام ئەوانەی پێیان وایە کردەوەی مرۆڤ دیاریکراوە و هەر دەبێ ئەوەش ڕووبدات، ئەوا ئەوانە بە بۆچوونی من لە کۆتایی شتەکانەوە بۆ شتەکان دەڕوانن، کە ئەو کاتە بێگومان کردارەکە هەر ڕوودەدات. ئەگەر سەیرکردنەکەیان هەڵگێڕابایەوە و لە سەرەتایەوە سەیری شتەکانیان کردبا بەر لەوەی ئەم شتانە پەیدا ببن، ئەو کاتە دەیانبینی مرۆڤ چەندە ئازادە لە کردن و نەکردندا. هەر گیز مرۆڤ پەرێك نەبووە لە باوەشی ژیاندا کاتێك دان بەشتێك دادەنێ یان هەڵدەبژێرێت، مەگەر لەو شتانەدا نەبێ کە حوکم کراوە بە یاساکانی سروشت و ڕێسا نەمرەکانی خوا و بە قەدەری پێکهێنانی خوایی، لێرەشدا مرۆڤ بەرپرس نییە. بەرپرسیارێتی مرۆڤ کورت بۆتەوە لە بازنەی سەرپشك بووندا، کە بازنەی یاسا و ڕێسادانانە. مرۆڤ لە بازنەی پێکاهاتن و دروستکردندا بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ نییە.

خوای بەدیهێنەری باڵادەست و خاوەن شکۆ ڕێزی لە ئازادی مرۆڤ گرتووە، تەنانەت لە بوارەکانی بیروباوەڕی ئاینیدا، ناچاری نەکردووە لەسەر باوەڕ هێنان چ بە شێوەیەکی ناچاری کە بە بڕیاری بوونی (تکوین)ی بێ یان بە یاسادانان: ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ ﴾ البقرة: ٢/ ٢٥٦. واتە: (بەهیچ جۆرێك زۆر کردن نییە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئاینی ئیسلامدا "دینداریی بەزۆر نابێت بکرێت و دین بەزۆر نادرێت بەسەر کەسدا"). لەم بارەوە شاعیری مەزنی ناسراو "تاغور" وتویەتی ((من خوای گەورە دەپەرستم، چونکە ئەو ئازادیەم بۆ دەهێڵێتەوە کە نکوڵی لە بوونی ئەو بکەم))، واتە خوایەتی ئەو لەو ڕێزگرتنە سەرسوڕهێنەری ئەو لە ئازادیەکەم دەدرەوشێتەوە.

لە ڕاستیدا بیروباوەڕی ئاینی لە ناخدا جێگیر نابێ بەبێ قەناعەتێکی تەواو. باوەڕ و ئیمان بریتییە لە قەناعەت و ڕەزامەندی کە شوێنەکەی ویژدانە.

بە تێڕوانیینی گەورە زانایانی فەلسەفەی ئیسلامی یەکەم ئەرك ڕوانین بووە لە خواناسیدا تا باوەڕ بوون و ئیمان هێنان لە بەڵگەوە سەرچاوە بگرێ، لە قەناعەتی ویژدانەوە هەڵبقوڵێ.

ئەمە گوزارشتی دەقی ئەم ئایەتە ڕۆشنانەیە: ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّ ﴾ البقرة: ٢/ ٢٥٦. واتە: (بەهیچ جۆریك زۆر کردن

نییه له وەرگرتنی بیروباوەڕی ئاینی ئیسلامدا، چونکه بەڕاستی ڕێبازی چاك و دروست؛ ڕوون و ئاشکرا بووه و جیابۆتەوه له گومڕایی و سەرکەشی). ﴿ وَقُلِ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكُمۡۖ فَمَن شَآءَ فَلۡيُؤۡمِن وَمَن شَآءَ فَلۡيَكۡفُرۡ ﴾ الكهف: ١٨/ ٢٩. واته: (پێیان بڵێ: حەق هەر ئەوەیه که لەلایەن پەروەردگارتانەوه بۆتان ڕەوانەکراوه، جا ئەوەی دەیەوێت با باوەڕ بهێنێت و ئەوەی دەیەوێت با کافر و بێ باوەڕ بێت). قسەیەکی ڕاسته که دەوترێ ئەگەر بیروباوەڕی مرۆڤ ئەوەیه که دڵ و ناخی لەسەر دادەمەزرێ، ئەوا بنچینەی ئەمه ژیری و هزر و بیریەتی. بیروباوەڕی ڕاست و دروست له ئیسلامدا ئەوەیه که لەسەر دڵنیایی و ڕەزامەندی ناخ و قەناعەتی دەروون دامەزراوه، نەوەك لاساییکردنەوه و شوێن پێکەوتن، جا ئەمانەش بریتین له بیرکردنەوه و ڕوانینی ئازاد[1]. لێبوردەیی ئیسلام لەگەڵ ناموسڵمانان زانراوه، باسی هەندێك له وێنەکانی ئەوەمان کردووه له سەروبەندی قسەکردن لەسەر لێبوردەیی ئاینی. هەروەها شتێکی زانراوه که پێغەمبەر (د. خ) مۆڵەتیدا به جولەکەکان و ئەوانەی دەوری مەدینەیان دابوو و جگەلەوانیش له نەسڕانیەکان که دروشمه ئاینیەکانیان پیاده بکەن. لەبارەی خاوەن کتێبەکانەوه وتی: ((لەوان و ئایین و دینداریەکەیان بگەڕێن. چی بۆ

---

(1) له بەدیعوززەمان "نورسی"یەوه ئەم وتەیه بەجێ ماوه، که دەڵێت: ((ئەو دادگەرییەی که یەکسانی تێدا نییه هەرگیز یەکسانی نییه)). بگەڕێوه بۆ کتێبی: بديع الزمان: فكره و دعوته، الأردن: المعهد العالي للفكر الإسلامي، تحرير إبراهيم علي الصوفي، ص ١٤٩.

ئێمە هەیە، هەمان ئەو شتەش بۆ ئەوان هەیە. چ لەسەر ئێمەیە هەمان ئەو شتەش لەسەر ئەوانە)). لە سەرگوزەشتەی پرۆسەی ڕزگاریخوازی ئیسلامیدا هاتووە کە دڵنیایی دراوەتەوە تاکەکانی شوێنە ڕزگارکراوەکان، لە مەسیحی و جولەکەکان، بیمەی پاراستنی کڵێسا و پەرستگەکان و ڕێزگرتن لە قشە و ڕەبەنەکانیان و ئازادیان لە لێدانی زەنگ لە نوێژ و ڕێ و ڕەسمە ئاینیەکانیاندا کراوە. مێژوونووسان باسی ئەوە دەکەن کە لەسەردەمی خەلیفە مەئموندا سەرکردەی مانویەکان لە ئاگرپەرستان (مەجوس)ەکانی فارس (یەزدان بەخت) دەهاتە شاری بەغداد و مشتومڕی لەگەڵ زانا کەلامییەکانی موسڵمانان دەکرد، ئەوانیش ناوبراویان دەم کوت دەکرد و تێکیان دەشکاند، خەلیفە حەزی دەکرد یەزدان بەخت موسڵمان بێت، بۆیە لەم بارەوە داوای لێ دەکرد، بەڵام یەزدان بەخت ڕەتی دەکردەوە بە ڕەوەشتەوە و بە خەلیفەی دەوت: ئەی میری باوەڕداران ئامۆژگاریەکەت گوێ لێگیراوە، بەڵام تۆ یەکێکی لەوانەی خەڵك ناچار ناکەی تا واز لە ڕێبازەکەیان بهێنن، بەمەش خەلیفە وازی لێدەهێنا.

ئەوانەی پێیان وایە ئیسلام لەسەر زۆرلێکردن و ناچارکردن وەستاوە ئەوا ئەم کەسانە لەسەر گومڕایین. ئەم فەرمایشتەی پەروەردگار بەسە بۆ بەرپەرچ دانەوەیان: ﴿ لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٨﴾ إِنَّمَا

يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ قَٰتَلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ وَظَٰهَرُوا۟ عَلَىٰٓ إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٩﴾ المتحنة: ٦٠/ ٨ - ٩. واته: (دلْنياش بن كه خوا قەدەغەی ئەوەتان لیّ ناكات كه چاك ڕەفتاری و دادپەروەری بكەن لەگەڵ ئەو كەسانەدا جەنگیان دژ نەكردوون و دژایەتی ئاینیان نەكردوون و له شوێنەوارتان دەریان نەكردوون، چونكه بەڕاستی خوا دادپەروەرانی خۆش دەوێت. به ڕاستی خوا تەنها قەدەغەی ئەوەتان لیّ دەكات كه پشتیوانی بكەن لەوانەی كه جەنگیان بەرپا كرد دژی ئایین و دەریان كردن له شوێنەواری خۆتان و پشتیوانی ئەوانیان كرد ڕۆڵیان هەبوو له دەركردنتاندا، ئەوەش پشتیوانیان لیّ بكات و خۆشی بوێن، جا ئا ئەوانه هەر ستەمكارن).

سەبارەت به یەكدەنگی زانایانی موسڵمانان لەسەر كوشتنی كەسی هەلگەڕاوه بەپێی مەرجەكانی، ئەوا بەهۆی ئەوەیه كه به تێكدەری سیستەمی كۆمەڵایەتی و هەڕەشه بۆ ئارامی و ئاسایش و تەناهیەكەی دادەنریّ. ئەمه سزایەكه بۆ ستەمەكه نەوەك بۆ فەرامۆشكردنی ئاینەكەی. پێشتر قسەی لەبارەوه كراوه.

له پەیماننامەی مەدینەدا هەروەك له بەندی (٢٥)[1] هاتووه پێغەمبەر (د. خ) ڕوونی كردۆتەوه كه: ((بۆ جولەكه ئاینی خۆیان، بۆ موسڵمانانیش ئاینی خۆیان)). ئەمه بەسه وەك بەڵگه بۆ ئەوەی

---

[1]) علي عبدالواحد وافي. حقوق الإنسان في الإسلام. سەرچاوەی پێشوو، ٢٢٢.

ئێمە تاوتوێی دەکەن کە ئازادی بیروڕایە. سەبارەت بە دەستگرتنی هەندێکیان بەوە تێکۆشان (جیهاد) هەر ماوەتەوە تا ڕۆژی دوایی، جا تێکۆشان مانای ناچارکردنی خەڵك نییە لەسەر وازهێنان لە ئایین و بیروباوەڕیان. بەڵکو لە واتا دروست و تەواوەکەیدا بریتییە لە تێکۆشان و هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی توانای ئوممەت لە ڕووی ڕۆحی و مادییەوە بۆ چەسپاندنی خودی ئوممەت و بۆ بەرگری کردن لێی دژی ئەوانەی لە بۆسەدان بۆ لەناوبردنی. بێگومان خوا زاناترە.

**پرسی چوارەم: کەلتوری (ڕۆشنبیری) داد و ئاشتی نەوەك کەلتوری (ڕۆشنبیری) ستەم و توند و تیژی**

لە کۆن و نوێدا زۆر وتراوە لەبارەی پێوەرەکانی پێشکەوتنی شارستانی و ژیاری مرۆیی و پلەبەرزی کۆمەڵایەتی گەل و نەتەوەکان. ئیبن خەلدون چاکەی دەستپێشخەری زانستی هەیە لە دۆزینەوەی هۆکارەکانی پاڵنەر و دامەزرێنەری شارستانیەت، هەروەها ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی لەناوبردنی. جا شتەکە هەر چۆنێك بێت ئەوەی ڕوویداوە لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە دروستبوونی هەندێك شارستانیەت و لەناوچوونی هەندێکی تریان، پێشکەوتنی چەند شارستانیەتێك و داڕوووخانی ژمارەیەکی دیکەیان، ئەوا دادگەری بریتی بووە لەو تەرازووی دانراو، کە ڕاگری گشت شارستانیەتێك، کەم و و کورتی تێکەوتنی مایەی داڕووخانی

گشت ئاوەدانی و شارستانیەتێکە. بۆ نزیك کردنەوەی بیرۆکەی گرنگی داد – واتە: دیموکراسییەت و کەلتوری گفتوگۆ بە زمانی سەردەم – لە گوێچکەی خوێنەران، ئیبن خەلدون پەنای بردووەتەبەر هێنانەوەی نموونە لەم بارەوە لەسەر زمانی پەپوی باڵندە، هەروەك مەسعودی گێڕاویەتیەوە لە هەواڵەکانی فارسدا، لە "موبزان"ەوە لە ڕۆژانی بهرامدا، کە بەچی نکۆڵی کردنی خۆی نمایشکردووە بۆ پاشا لەبەرامبەر ستەم و بێ ئاگاییەکەی لە دەوڵەتەکە. چیرۆکەکەی ئەم پەپوە ئەوە بووە کە پاشا گوێبیستی دەنگی پەپوەکە بووە و پرسیاری لە موبزان کردووە لە بارەی تێگەیشتن لە قسەی پەپوەکە و واتاکەی چییە، ئەویش پێی وت: پەپوێکی نێر حەزی کرد هاوسەرگیری لەگەڵ پەپوێکی مێ بکات، پەپوە مێیەکەش مەرجێکی بۆ دانا، ئەو مەرجەش بریتی بوو لە تێکدانی بیست گوند لە ڕۆژانی بەهرامدا، پەپوە نێرەکە مەرجەکەی پەسەند کرد و وتی: ئەگەر ڕۆژانی پاشا بەردەوام بێ ئەوا هەزار گوند و لادێت بۆ دەبڕمەوە، ئەمە ئاسانترین مەبەستە بۆ دەستخستن. پاشا لە بێ ئاگاییەکەی هۆشیار بووەوە و بە تەنیا لەگەڵ موبزان دانیشت و پرسیاری لە بارەی مەبەستی قسەکەی لێکرد، ئەویش پێی وت: ئەی پاشا؛ بەڕاستی پاشا شکۆی پایەدار نابێ بە شەریعەت (یاسا) و گوێڕایەڵی خوا نەبێ، هەڵسوکەوت کردن لە ژێر فەرمان و ڕێگری و داخوازیەکانی پەروەردگار نەبێ، شەریعەت (یاسا)ش پایەدار نابێ بەبێ پاشا (دەوڵەت)، سەربەزری بۆ پاشا بەبێ پیاوان (گەل) بوونی نابێ، پایەداری بۆ پیاوان

بەبێ سامان و دارایی (ئابووری) لە گۆڕێدا نابێ، هیچ ڕێگەیەك نییە بۆ دارایی و سامان جگەلە ئاوەدانی نەبێ، هیچ ڕێگەیەکیش نییە بۆ ئاوەدانی جگەلە دادگەری نەبێ)).

شتێکی زانراوە کە داد و میانڕەوی کرۆك و گەوهەری سیستەمی بەها ئیسلامییەکانە، قورئانی پیرۆز ئوممەتی موسڵمانی بەوە وەسف کردووە کە ئوممەتێکی میانڕەوە: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا ﴾ البقرة: ٢/ ١٤٣. واتە: (بەهەمان شێوە ئێوەمان بەگەلێکی میانەڕەو گێڕاوە "لە هەموو ڕوویەکەوە). میانڕەوەی و مام ناوەندێتی هەروەك زەمخشەری وتویەتی بریتییە لە دادگەری. دانا و فەیلەسوفەکان وتویانە: گشت چاکەکان کۆبوونەتەوە و کورت هەڵهاتوون لە میانڕەوی و مام ناوەندێتی لە نێوان زیادەڕەوی و کەمڕەوی. لەمەدا زانای بلیمەت تەفتازانی (٧٩٢ك مردووە)، لە لە لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکەیدا بۆ میانڕەوی و دادگەری ئیسلام فەرموویەتی: ((بەدیهێنەری بەرز و پیرۆز، سێ هێزی بە مرۆڤ داوە، بنەمای پەیی بردن بە ڕاستیەکان و ڕێبەر و ڕاکێشان بەرەو ڕامان لە ئاکامەکان، جیاوازی کردن لە نێوان باش و خراپ. کە گوزارشتی لێدەکرێ بە هێزی ژیری و دەروونی ئارام و لێهاتوویی بنەڕەتی. دووەم: بنەمای ڕاکێشانی سوودەکان و داواکردنی خواردن و خواردنەوە و جگەلەمانەش، بە هێزی ئارەزوو و دەروونی فەرماندە (أمارە) ناودەبرێ. سێیەمیان: بنەمای ڕووبەڕوو بوونەوەی ناخۆشیەکان و خولیای

بەرزەفڕی و زاڵبوون. ئەمەش هێزی تووڕەیی و دەروونی سەرزەنشتکەر و حەوتگەرا (سبعیه)یه)).

لە میانڕەوی و مام ناوەندێتی هێزی یەکەم پەیدادەبێ کە دانایییە، دووەمین پاکییە، سێیەمیان: بوێرییە. سەرچاوەی چاکەکان ئەم سێ چاکەیەن. جگەلەمانە بریتین لە لق و پۆپ و پێکهێنەرەکانیان. هەر یەکەشیان دەکەوێتە نێوان زیادەڕەوی و کەمڕەوی کە هەر دووکیان بێزلێکراون.

سەبارەت بە دانایی ئەوا بریتیە لە زانینی ڕاستیەکان وەك خۆیان بە گوێرەی توانا، ئەمە زانستی سوودبەخشە گوزارشتی لێکراوە بەوەی خەڵك بزانێ چ ئەرکێکی لەسەرە و چ مافێکی هەیە، بەم فەرمایشتەی خوای مەزنیش گوزارشتی لێکراوە: ﴿وَمَن يُؤْتَ ٱلْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِىَ خَيْرًا كَثِيرًا﴾ البقرة: ٢/ ٢٦٩. واتە: (هەر کەس حیکمەتی پێ ببەخشرێت، ئەوە بێگومان خێرێکی زۆری پێدراوە). پێشێلکردن و پشتگوێخستنی دانایی بوێری و سەرکێشییە، کە بریتییە لە بەکارهێنانی بیر و هزر لەو شتانەی کە ناشێ، وەك: وێکچووەکان (متشابهات) و بەکارهێنانی بەشێوەیەك کە دروست نییە، وەك هەڵسوکەوت کردن بە پێچەوانەی شەریعەت. پەنا دەگرین بە خوا لە زانستێك کە سوود و کەڵکی نییە. بەزایەدانی گێلایەتیە، کە بریتییە لە پەکخستنی هێزی بیرکردنەوە بەویست و خواست و وەستان لە وەرگرتنی زانستە بەسوودەکان.

سەبارەت بە بوێری ئەوا ملکەچ بوونی هێزی ژیرییە لە کاروبارەکاندا، تا ئەنجامدانی بەپێی تێڕوانین بێ، بەبێ شڵەژان لە کارە مەزنەکاندا بچێتەپێش، تا کردەوەکەی جوان و ئارامیەکی سوپاسکراو بێ. زیادەڕەوی تێداکردنی بە مانای ئەنجامدانی ئەوەیە کە دروست نییە. بەزایەدانیشی ترسنۆکییە، واتە: خۆپاراستن لەوەی کە نابێ مرۆڤ خۆی لێبپارێزێ.

سەبارەت بە پاکی، ئەوا بریتییە لە ملکەچبوونی لایەنی ئاژەڵی بۆ لایەنی ژیری، تا هەڵسوکەوتەکانی بەپێی خواستی ژیری تەندروست و سەلامەت بێ، دووریش بێ لە بوونە بەندەی ئارەزوو و بەکارهێنانەی ڕابواردن و چێژەکان. زیادەڕەوی تێداکردنی ڕووت و قوتی و خراپەکارییە، واتە کەوتنە ناو چێژ و ڕابواردنەوە زیادد لەوەی پێویستە. بەزایەدانیشی کپ بوونە، واتە: بێ دەنگ بوون لە ئاست داواکردنی چێژ و خۆشیەکان بەو ئەندازەیەی ژیری و شەرع مۆڵەتی تێدا داوە، بەویستی خۆی نایەوێ نەوەك بە سروشتی خۆی.

شتە میانڕەو و هاوسەنگ و مام ناوەندەکان چاکەن، کەنارەکان و لایەنەکان[1] پەستی و خراپەن. ئەگەر ئەو سێ چاکە و خەسڵەتە باشانەی باسکران تێکەڵی یەکتر بوون، ئەوا دۆخێك دروست دەبێ کە دادگەرییە. بەم پێیە بە میانڕەوی گوزارشت لە دادگەری کراوە. نموونە بۆ ئەمە هێنراوەتەوە بە ڕاوچییەك کە دڕندەیەك و ئاژەڵێکی بەکارهێناوە بۆ

---

[1] مەبەستی دانەر لە لایەن و کەنارەکان زیادەڕەوی و کەمڕەوی و بەزایەدانە. (وەرگێڕ).

ڕاوکردن، ئەگەر دڕندەکە و ئاژەڵەکە ملکەچی ڕاوکەرەکە بوون، ڕاوکەرەکەش ئەوانی لەوەی پێویستە بەکارهێنا، ئەوا مەبەستی هەمووان دێتەجێ، بەوەی ڕاوکەرەکە دەگاتە نێچیرەکە و دڕندەکە دەگاتە ئێسکەکە و ئاژەڵەکەش دەگاتە عەلەفەکە، ئەگەرنا هەمووان تیادەچن))[1].

ئەم لێکۆڵینەوە هزرییە بەرجەستەکردنێکی زۆر جوانی هزری میانڕەوی ئیسلامییە، کە ئامانج و مەبەستی بڵاوکردنەوە کەڵتوری ئاشتی و هاوسەنگی و میانڕەوی و کەلتوری دانایيە لە هێز و کاردا. ئەمەش هەرگیز کۆك نییە و یەك ناگرێ لەگەڵ کەلتوری تیرۆر و تۆقاندن و سەرکێشی.

لە ڕاستیدا ئیسلام ئاینی ئاشتی و گفتوگۆ و هاوسەنگی و میانڕەوی و دانایيە، بانگەوازەکەی بریتییە لە ئاشتی و گفتوگۆ، یاساکەی ئەوەیە کە ((زەرەر و زیان گەیاندن ڕەتکراوەیە))، ڕەوشتەکەی میهرەبانی و لەخۆبوردنە، پەروەردگار؛ پەروەردگاری هەموو جیهانیانە، بەزەییەکەی هەموو تەرازووێك لەخۆ دەگرێ، پێی وانییە ئەوەی باوەڕی پێی نییە بێ بەشە لە بەهرە و بەخششەکانی خوا. لە کتێبە داناکەیدا هاتووە: ﴿ كُلًّا نُّمِدُّ هَٰٓؤُلَآءِ وَهَٰٓؤُلَآءِ مِنۡ عَطَآءِ رَبِّكَۚ وَمَا كَانَ عَطَآءُ رَبِّكَ مَحۡظُورًا ٢٠ ﴾ الإسراء: ١٧/ ٢٠. واتە: (ئێمە هەر دوولا "دنیا پەرستان و خواپەرستان" لە بەخششی پەروەردگارت بەهرەوەر دەکەین، بێگومان بەخششی پەروەردگارت سنووردار و قەدەغە کراو نییە لە دنیادا). هاووێنەی ئەمە لەسەر زمانی عیسا سڵاوی

---

[1]) التلويح للتفتازاني ٢/ ٤٨.

خوای لێبێت هاتووه: ﴿ إِن تُعَذِّبۡهُمۡ فَإِنَّهُمۡ عِبَادُكَۖ وَإِن تَغۡفِرۡ لَهُمۡ فَإِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ١١٨ ﴾ المائدة: ٥/ ١١٨. واته: (جا ئەگەر ئەشکەنجەیان بدەیت "لەسەر لادان و تاوانیان"، ئەوە بە ڕاستی بەندەی خۆتن و ئەگەر لێشیان خۆش ببیت، ئەوە بەڕاستی تۆ خۆت خوایەکی باڵادەست و دانایت "دەزانیت کێ شایستەی لێخۆشبوونە").

ئیسلام بابەتی بوونی ڕەهای دامەزراند لە دادگای دادپەروەردا، بەپێی ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ أَن صَدُّوكُمۡ عَنِ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِ أَن تَعۡتَدُواْ ﴾ المائدة: ٥/ ٢. واته: (هەروەها دوژمنایەتی و ڕقەبەرایەتی کەسانێك کە نەیانهێشت کاتی خۆی "تەواف"ی کەعبە بکەن، مەکەنە هۆی دەستدرێژی و بەرپاکردنی ناخۆشی).

ڕووداوێك ڕوویدا؛ ئەویش ئەوەبوو بە دزی کردن جولەکەیەك تۆمەتبار کرا، لە کاتێکدا دزیەکەی نەکردبوو، بەڵکو بە فێڵ و تەڵەکەی دووڕووان درابووە پاڵی، خەریك بوو پێغەمبەر بۆ بەرژەوەندی موسڵمانان بڕیارەکە بدات دژی ئەو جولەکەیەی کە موسڵمانان گەواهیان لەسەردا، بەو هۆیەوە حەوت ئایەت دابەزین لە سوڕەتی نیسائدا و فێڵ و تەڵەکەی پیلانگێڕانی ئاشکرا کرد، یەکێك لەم ئایەتانە ئەم فەرمایشتە بوو: ﴿ وَلَا تُجَٰدِلۡ عَنِ ٱلَّذِينَ يَخۡتَانُونَ أَنفُسَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ خَوَّانًا أَثِيمًا ١٠٧ ﴾ النساء: ٤/ ١٠٧. واته: (بەرگری لەو کەسانەش مەکە کە ناپاکن و خیانەت لە خۆیان

دەکەن، چونکە بەڕاستی خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێت هەمیشە خیانەتکار و تاوانبارن).

تەنها خوای گەورە خۆی حوکم دەکات لە نێوان ئەوانەی لە ئاییندا جیاوازن لە ڕۆژی دوایدا، خاوەنی ڕۆژی دواییە، هەروەك لە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆزدا هاتووە، خوای مەزن هیچ یەکێك یان کۆمەڵێکی لە دونیادا بە ناوی خۆی و بە فەرمانی خۆی دیاری نەکردووە تا لە جیاتی ئەو حوکم بکات و شتەکان یەکلا بکاتەوە، ئەمە پۆستێکە خوای مەزن نەیداوەتەوە پاڵێوراوی نێو پێغەمبەرانی کە دوایین پەیامبەرە: ﴿ فَذَكِّرۡ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٞ ٢١ لَّسۡتَ عَلَيۡهِم بِمُصَيۡطِرٍ ٢٢ إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ ٢٣ فَيُعَذِّبُهُ ٱللَّهُ ٱلۡعَذَابَ ٱلۡأَكۡبَرَ ٢٤ إِنَّ إِلَيۡنَآ إِيَابَهُمۡ ٢٥ ثُمَّ إِنَّ عَلَيۡنَا حِسَابَهُم ٢٦ ﴾ الغاشية/ ٢١ – ٢٦. واتە: (کەواتە "تۆ ئەی پێغەمبەر (د. خ) ئەم شتانە بخەرەوە یادیان و ئامۆژگاریان بکە، بەڕاستی تۆ هەر یادخەرەوەیت. هیچ دەسەڵاتێکت نییە بەسەر دڵ و دەروونیاندا "تا بە زۆر باوەڕداریان بکەیت". بەڵام ئەو کەسەی کە پشت هەڵکردووە و کوفر هەڵبژاردووە. ئەوە خوا سزا و تۆڵەیەکی زۆرسەخت و بەئازار و بێ سنووریان لێ دەسێنێت. بێگومان ئەوانە گەڕانەوەیان هەر بۆ لای ئێمەیە. لەوەودوایش بەڕاستی حساب و لێپرسینەوە و دادگاییان لەسەر ئێمەیە).

لە مێژووی موسنەددا هاتووە: هاوەڵێکی پێغەمبەر بینی چەند کەسێکی قیبتی لە شام سزا دەدرێن لەبەر تیشکی سووتێنەری ڕۆژ. هاوەڵەکە کە

"هیشامی کوڕی حەکیم" بوو بەوانی وت: بۆچی ئەمەیان پێ دەکەن؟؟ وتیان سزا دەدرێن لەسەر خەراج یان سەرانە. هاوەڵەکە بەوانی وت: من گەواهی دەدەم کە گوێبیستی پێغەمبەری خوا بووم دەیفەرموو: ((خوای گەورە سزای ئەو کەسانە دەدات، کە لە دونیادا سزای خەڵك دەدەن)).

لێرەدا بۆ خەڵك هەیە پرسیار بکەن لەبارەی ئەوەی ئەگەر ئەمە بنەڕەت و بنچینەی شەرعی بێت بۆ هەڵوێستی ئیسلام سەبارەت بە مرۆڤ، ئەوا بۆچی دیاردەی تیرۆر و تۆقاندن و ڕەتکردنەوەی بەرامبەر بە ئیسلامەوە لکێنراوە؟ ئەی چۆن شرۆڤە و ڕاڤەی ئەو کردەوانە دەکرێ کە ئەو کۆمەڵانە پێی هەڵساون کە لەسەر تێکۆشانی ئیسلامی هەژمارکراون لە سەربڕینی ئافرەتان و منداڵان لە جەزائیر، کوشتنی خەڵکی سڤیل بە میسر و یەمەن و جگەلەمانەش؟ دواتر ئایا ئوسامە بن لادن دانی بەو لێدان و گورزە پیرۆزانەدا دانەنا کە بووە هۆی کوژرانی هەزاران خەڵکی سڤیل لە واشنتن و نیوێۆرك ١١/ ئەیلول/ ٢٠٠١، سەریکێشا بۆ هەڵگیرسانی جەنگێکی دیکەی جیهانی کە سووتەمەنیەکەی ئیسلامی بێ تاوان و موسڵمانە سڤیلەکانن؟.

ئەوەی ئەم پرسیارکردنە زیاتر بەهێز دەکات بوونی هەندێك دەست و پێرە لێرە و لەوێ کە بەڕاشکاوانە ڕادەگەیەنن کە بنەڕەت و بنچینە لە ئاینی ئیسلام بریتییە لە جەنگ و شەڕ نەوەك ئاشتی، بەبێ ئەندازەگیری کردن بۆ ئاکامەکانی ئەم وتەیە، هەروەها دەشڵێن جەنگ بەرپا کردن بۆ

سەپاندنی ئیسلام بەسەر جیهاندا ئەرکێکە کە ئێستا بوونی نییە، دەبێ بەرپا بکرێ، تەنانەت پێشیان وایە تیرۆر و تۆقاندن شەریعەتی خوایە! ئەمەش هاتووە تا کەلەپوری ئەو خۆرهەڵاتناسانە خۆرئاواییانە بەهێز بکات، کە پوختەی تێڕوانینی بیرمەندە خۆرئاواییەکانە بۆ چەند هەڵوێستێکی گۆشەگیری نا بەرپرسانەی کەلەپوری ئیسلامی لەوەی پەیوەستە بە مێژووی پەیوەندیەکان لە نێوان موسڵمانان و خۆرئاواییەکان لە سەدەکانی ڕابردوودا، هەروەها بۆ ئەوەی هەڵوێستی ئەو خۆرهەڵاتناسانە بەهێز بکەن لە تۆمەتبارکردنی هزری ئیسلامی بە چەقبەستوویی و ڕەتکردنەوەی ئەوەی تر و دژایەتی کردنی.

ئەم پرسیارکردنە ژیرانەیە؛ بەڵام لە ڕاستیدا ئەم دیاردەییە دیاردەی کەمینەیە، نەوەك دیاردەی زۆرینە، بەرهەمی تێگەیشتنێکی هەڵە و تێڕوانینێکی بێ سەروبەرە بۆ ئاینی ئیسلام، لە فشاری دەروونی نەخۆش هەڵقوڵاوە، ئەوانەی پاڵناوە کە لە ڕووی مرۆییەوە گۆشەگیرن بەرەو توندڕەوی و ڕەتکردنەوەی بەرامبەر، هەروەها بەرەو کارکردن بۆ سڕینەوەی ئەوانی تر و بێ بەشکردنی. ئەوەی کە حەز و ئارەزووە سەرکەشەکانیان تێر دەکەن فراوانکاریانە لە پاساو هێنانەوە: ((پێویست و واجب پەکی لەسەر هەر شتێك کەوتبێ ئەوا ئەو شتەش پێویست و واجبە))، بەمەش شتانێکیان بە پێویست و واجب دانا کە واجب و پێویست نینە، دواتر لەمەوە هەنگاویاننا بۆ مۆڵەتدان بە تیرۆر و تۆقاندن و توند و تیژی و کوشتنی خەڵکی سڤیل، مادەم ڕێڕەو دەگرێ بەرەو دەستەبەرکردنی

ئامانجەکانیان لە بەرپاکردنی دەوڵەتێك کە تێدەکوشێ بۆ سەپاندنی ئیسلام یان سەرانە بەسەر جیهاندا بە زەبری هێز.

ئێمە لێرەدا بابەتی ڕاجیایی فیقهی سەبارەت بە سروشتی جیهاد (تێکۆشان) ناهێنینە بەرباس و خواس، شتێکی زانراوە کە کەمینەك لە زانایان پێیان وایە تێکۆشان هۆکارەکەی بێ باوەڕی و کوفرە، زۆربەی زانایان پێیان وایە تێکۆشان کورت هەڵهاتووە لە بەرگری و بەرپەرچدانەوەی ئەوانەیە کە لە بۆسەدان بۆ دەستدرێژی و هێرشکردن. لە ڕاستیدا تێکۆشان تەنها بە واتای شەڕ و جەنگ نەدەهات، بەڵکو تێکۆشان (جیهاد) وەك گوزارشت کردن لە ئامادەسازی ئوممەتی موسڵمان بۆ بەرگری کردن لە ئایین و نیشتمانەکەی هاتووە، بەڵکو تێکۆشانی مەزن بریتییە لە: تێکۆشان لە دژی دەروون و ناخ. تێکۆشان لەگەڵ دەروون بە زاراوەی هاوچەرخ بریتییە لە کەڵتوری لێبوردەیی و خۆبەکەمزانی و خاکی بوون. سەبارەت بەوەی لە هەندێك ئایەتدا هاتووە سەبارەت بە شەڕ و جەنگ و لە بەشێکی بەسەرهاتی جەنگەکانی پێغەمبەردا هاتووە کە لایەنی توندی و تۆقاندنی لێ دەخوێنرێتەوە، ئەوا نابێت لە ناوکۆ (سیاق)ەکەیدا بقرتێنرێ و جیا بکرێتەوە کە دەورە دراوە بە بارودۆخی جەنگ و شەڕی نا هەوسەنگ و ناکرێ دابڕێنرێ لە هۆکار و بارودۆخەکان.

ئەگەر شافعی لەم سەردەمەی ئێمەدا ژیابا و پەیی بردبا بە واتای چەکی ناوەکی کۆمەڵکوژ، ئەوا فیقهی خۆی لە فیقهی جەنگەوە دەگۆڕی بۆ فیقهی

ئاشتی و بانگەوازی ئامۆژگاریکاری، وەك چۆن فیقهی عێراقی خۆی گۆڕی کاتێك ڕۆیشتە میسڕ و فیقهێکی نوێی داڕشت.

ئەوەی هەڵوێستی ئێمە بەهێز دەکات ئەوەیە کە ئەم دیاردەیە هەڵوێستی کەمینەیەکی ناوداره کە لەسەر زۆربەی زانایان هەژمار ناکرێ، له کەلتوری ڕەسەن و ڕەگداکوتاویش بە دەقی قورئانی پیرۆز و سوننەتی ڕاست دروست هەژمار ناکرێ، ئەوەی کۆڕبەندی فیقهی ئیسلامی جەختی لەسەر کردەوە لە ڕاگەیەندراوە مێژوویەکەیدا له شاری مەککەی پیرۆزدا له ڕۆژی ١٠/ ١/ ٢٠٠٢ و تیایدا هاتووە که ئیسلام هانی بوونی پەیوەندی و یەکترناسین و هاریکاری دەدات له نێوان موسڵمانان و نا موسڵمانان له بەرژەوەندییە ئاڵوگۆڕ کراوەکانیان، بە پشت بەستن بەم ئایەتە پیرۆز: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡ ﴾ الحجرات: ٤٩/ ١٣. واتە: (ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەمووتانمان لە نێر و مێیەك دروستکردووە "کە باوکە ئادەم و دایکە حەوایە" و کردوومانن به چەندەها گەل و تیرە و هۆزی جۆر بەجۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بە یەکەوە.. بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتانە کە زۆرتر لە خواترسە و فەرمانبەرداری خوایە). ڕاشکاوانە دەریبڕیوە کە: ((بەرزی و پێشکەوتوویی و پلە باڵایی مرۆڤایەتی و بەیەکەوە ژیانی گەلانی له ئاسایش و ئاشتی و هاریکاریدا به سەروەری سیستەمی بنەما و بەهاکان دەبێت، له پێشەکیشیدا بەهای دادگەری، ڕێزگرتنی گەلان لە یەکتری بەپێی ئەو ڕێنماییانەی لە کتێبە

دابەزێنراوەکاندا هاتوون، پێغەمبەران سڵاوی خوایان لێبێ پێی ڕەوانە کراون و دواینیشیان کە محەممەد (د. خ) کە خوای مەزن وەك ڕەحمەت و میهرەبانی بۆ گشت گەل و نەتەوەکانی ناردوویەتی: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ﴾ الأنبياء/ ١٠٧. واتە: ("ئەی محەممەد (د. خ)" ئێمە تۆمان رەوانە نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە ببیتە ڕەحمەت و بەرەکەت بۆ هەموو جیهانیان).

کۆڕبەندی ناوبراو جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی توندڕەوی و توند و تیژی و تۆقاندن بە هیچ شێوەیەك لە ئیسلام نییە. تیرۆر و تۆقاندنی پێناسە کردووە بەم شێوە: تیرۆر و تۆقاندن بریتییە لەو دەستدرێژیەی کە تاك یان کۆمەڵ یاخود وڵاتان پیادەی دەکەن، بە ستەمکارانە لە دژی مرۆڤ (ئایین، خوێن، عەقڵ و ژیری، سامان، ناموس و شەڕەفی)، هەروەها جۆرەکانی ترساندن و ئازاردان و هەڕەشەکردن و کوشتنی بە نا ڕەوا، ئەوەی پەیوەندی هەیە بە وێنە و شێوازەکانی ڕێگری و چەتەیی، ترس بڵاوکردنەوە لەسەر ڕێگەکان، بڕینی ڕێگا، هەر کردەوەیەك لە کردەوەکانی توند و تیژی یان هەڕەشەکردن دەگرێتەوە کە پیادە دەکرێ بە مەبەستی پڕۆژەیەکی تاوانکاری تاکەکەسی یان بە کۆمەڵ، هەروەها ئامانج بڵاوکردنەوەی ترس و بیمە لە ناو خەڵکدا، یان ترساندنیان بە سزادانیان، یاخود ژیان یان ئازادی یاخود ئارامی و ئاسایش یان بارودۆخیان دوچاری مەترسی بکرێتەوە، هەموو ئەمانە وێنەی گەندەڵین لە زەویدا: ﴿ وَلَا تَبۡغِ ٱلۡفَسَادَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ﴾ القصص:

٢٨/ ٧٧. واته: (نەکەیت هەوڵی گەندەڵی و خراپە و تاوان بدەی لە زەویدا، چونکە بەڕاستی خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێت تۆوی خراپە دەچێنن).

تیرۆر و تۆقاندن دەستدرێژییە بە ناحەق، خوای مەزنیش لە کتێبە پیرۆزەکەیدا فەرموویەتی: ﴿ قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلْفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَٱلْإِثْمَ وَٱلْبَغْيَ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَأَن تُشْرِكُواْ بِٱللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَٰنًا وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾ الأعراف: ٧/ ٣٣. واته: (پێیان بڵێ: بەڕاستی پەروەردگارم هەرچی گوناهو خراپەیە حەرامی کردووە چ ئەوانەی ئاشکران، چ ئەوانەی پەنهانن، هەروەها هەموو گوناهو داخوازی و دەستدرێژیەکی بەناحەقی حەرام کردووە، شتێك بکەن بە هاوبەش و هاوەڵ بۆ خوا کە هیچ دەسەڵاتی پێنەداوە، هەروەها حەرامی کردووە لە خۆتانەوە بەناوی خواوە، دوور لە هەموو زانیاری و زانستێك شت بڵێن).

من وتارێکم بڵاوکردەوە لە ڕۆژنامەی شەرقلئەوسەت، ژمارە: ٨٤٩٢ لە بەرواری ٢٧/ ٢/ ٢٠٠٢ لە ژێر ناونیشانی ((پێناسەی تیرۆر و تۆقاندن))، جا بەهۆی پەیوەندی بە بابەتەکەوە ئەوا لەمەی خوارەوەدا ئەمە دەگوازمەوە:

**ناساندنی تیرۆر (الإرهاب)**

لۆژیك و ژیربێژی زانستەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە حوکمدان لەسەر شتێك لقێکی ئەندێشەکردنیەتی، ئەمە هەڵهێنجانێکی

لۆژیکی و ژیرانەیە بۆ ڕاستی و حەقیقەتێك کە ئەندێشەکردن پێش بەڕاستدانان دەکەوێ، ئەندێشەکردنی شتەکە پێشەکییەکی پێویستە بۆ حوکمدان لەسەر شتەکان، لەبەر حوکم کە ناسراوە بەوەی پاڵنانی شتێك بۆ لای شتێکی تر، پێشنەیی هەیە، ئەویش بریتین لە سێ ئەندێشە: ئەندێشەکردنی ئەوەی شتی دراوەتە پاڵی – بابەتەکە، ئەندێشەکردنی ئەو شتەی دەدرێتە پاڵ، ئەندێشەکردنی ڕێژەی پەیوەندی نێوانیان چ بە بوون یان نەبوون.

لەبەر ئەمە کەلەپوری فیقهی و هزری – عەرەبی ئیسلامی گرنگی دا بە پێناسەکردنی ڕەگەز و ڕاستییەکان و دیاریکردنی چەمك و زاراوەکان، جیاکاری کردن لە نێوان سنوور و وێنەکان، بە ئەندازەی بایەخدان بە حوکمدان لەسەر شتەکان و بەڵگە هێنانەوە لەسەری. لەگەڵ ئەوەی پێناسەکردن یەکەم دەروازەیە بۆ زانست و زانین، ئەوا پێش پێناسەکردن توێژینەوە لەبارەی بوونی شتەکە دەکەن، ئامرازیشیان لەمەدا بریتییە لە پیتی ((ئایا))، بە ئایای سادە ناودەبرێ. بەهۆیەوە پرسیار لەبارەی شتەوە دەکرێ. دواتر پیتی ((چییە))ی بەدوادا دێ کە بۆ داواکردنی ڕاستییە. ئەمە چییە؟ بۆ نموونە تیرۆر و تۆقاندن چییە؟.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هەر بیرۆکە و ئەندێشە و وشەیەك پێویستی بە پێناسەکردنە، لەوانەیە ناسینی هەندێك شت بەڵگەنەویست و سروشتی بێ، وەك ئەو شتانەی بە ئاشکرا هەستی پێ دەکەین یان بە ویژدان پەیی پێدەبەین، لەوانەش تیۆری بێ و ناسینی پێویستی بە

پێناسەکردن هەبێ. شتێکی زانراوە کە یەکێك لە مەرجەکانی پێناسە ئەوەیە کە دەبێ ڕوونتربێ لە پێناسەکراو.

ئێمە لێرەدا نامانەوێ بچینە ناو وردەکاری تیۆری زانین (معریفە)ی ئیسلامی، ئەمە شوێنی ئەم باسە نییە، ئەوەی بەلامانەوە گرنگ بێ لێرەدا ئەوەیە کە ئەو بارودۆخانە ڕوون بکەینەوە کە هاودەمی ئەو هەوڵە بەردەوامانەیان کردووە لێرە و لەوێ بۆ پێناسەکردنی تیرۆر و تۆقاندن. زۆر کەس پێیان وایە تەپ و تۆزاوی بوونی چەمکی تیرۆر و تۆقاندن هەروەك ئێستا وایە، تێکۆشانی گەلان و نەتەوە چەوساوەکان و هەر بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی عەرەبی یان ئیسلامی کە تێدەکۆشێ بۆ مافە زەوتکراوەکانی، ئەوا تووشی کێشەی جەنگی ڕاگەیەندراوی نێودەوڵەتی دەبێتەوە بە سەرکردایەتی ئەمریکا دژی تیرۆر، بەپێی بڕیاری نێودەوڵەتی کە یەکدەنگی لەسەر و ژێر باری بەشی حەوتەمی یەکلاکەرەوەدا لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان (١٣٧٣) لە ٢٨/ئەیلول/ ٢٠٠١، جا پێشنیازی ئەوە دەکەن دەستپێشخەریەکی بە پەلە بکرێ بۆ کارکردن لەسەر جێگیرکردن و دانان بە پێناسەیەکی نێودەوڵەتی بۆ تیرۆر و تۆقاندن، کە چڕنوکەکانی دوور بخاتەوە لە بزوتنەوە شەرعییە نیشتمان پەروەرەکان، هەروەك ئەمە ئەنجامدرا بۆ پێناسەی دەستدرێژی بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی (٣٣١٤) لە ساڵی ١٩٧٤ز، وەك ئەوەی هیوایان وابێ پێناسەی نێودەوڵەتی بۆ تیرۆر و تۆقاندن بێتە پێشەوە وەك پەتی ڕزگاری لە کارەسات، ئەوەی ئامانجیانە

دەستەبەر ببێ لە دادگەربوون لە هەمبەر بەرگری فەڵەستینی، هەروەها هەر بەرەنگاریەکی نیشتمانی ڕەوا.

لە کاتی ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵوێستە، کە تیایدا جیهانی دەروونی تێکەڵ بە هۆکار و پاڵنەری سیاسی دەبێ، بە شێوەیەکی ڕۆشن پێویستە جیاوازی بکرێ لە خەیاڵ و شیاوە بوون لەلایەك، واقیعیش لەلایەکی ترەوە. لەوانەیە مرۆڤ چێژ وەربگرێ لەو خەیاڵانەی دەهۆنێتەوە، لە کۆنەوە وتراوە: ئای ژیان چەندە بەرتەسکە ئەگەر بەرفراوانی خەیاڵ نەبووبا. ئەمە شتێکە دەشێ ببێ، بەڵاوی شیاوی بوون مانای وانییە ڕوودەدات، لەوانەیە هەندێك بارودۆخ دەوری شتێکی شیاوی بوون بدەن کە زیاتر لە ئەستەوە نزیك بێ، وەك پێناسە پێشنیازکراوەکە، لەبەر ئەوەی ئەو توانا سیاسییە مەزنەی لە نێوان ئێوارە و سەرلە بەیانی توانی بڕیارێکی نێودەوڵەتی گشتگیر دابڕێژێ بە قەبارەی ئەو بڕیارە نێودەوڵەتیەی کەمێك پیش ئێستا باسی لێوەکرا، هەر شتێك کە پەیوەستە بە تیرۆر و تۆقاندنەوە لە سەرچاوەکەی وەریگرتووە و شتەکانی بۆ چاوگەکەی گێڕاندۆتەوە، ورد و درشتی فەرامۆش نەکردووە (ئەگەر دەربڕینەکە دروست بێ)، دەوڵەتە گەورە و بچوکەکانی پابەند کرد بە ڕیشەکێش کردنی، بەو واتایەی کە ئەوان دایانڕشتووە، ئەنجومەنی ئاسایش بە یەکدەنگی دانی پێدانا، ئەوا بێ گومان ئەم توانایە دەستەوەسان نابێ لە داڕشتنی پێناسەیەکی نێودەوڵەتی بۆ تیرۆر کە مەبەستی ئەوان تیایدا دەستەبەر بکات. دەزانین کە چەمکی تیرۆر و

تۆقاندن چەمکێکی ڕەچاوکاری (إعتباری)یە، هەروەها لێرەدا سیاسیشە، مەبەست و مانا لە تیرۆر بەپێی ڕەچاوکردنەکان دەگۆڕێ، شتێکی گەوهەری یان ڕاستینە نییە لە خودی کارەکەدا بە گوزارشتێکی تر چەمکێکی ڕێژەییە. دەبێ بزانین کە جیاوازیەکی زۆر مەزن هەیە لە نێوان تیرۆر و تۆقاندن لە زمانی عەرەبیدا کە سەرچاوەکەی فەرهەنگی زمانەوانیە، لەگەڵ ئەو تیرۆرەی کە وەرگێڕدراوی ئەم وشە ئینگلیزیەیە terrorism و سەرچاوەکەشی فەرهەنگی سیاسییە، ئەم چەمکە ڕەگ و ڕیشەکانی درێژ دەبێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسی و ئەو تیرۆر و تۆقاندن و لە سێدارەدانەی ڕوویدا.

شتەکە هەر چۆنێك بێت، ئەوا کۆڕبەندی فیقهی ئیسلامی لە ڕاگەیەندراوە مێژووییەکەیدا ١/ ١٠/ ٢٠٠١ کارێکی زۆر باشی کرد و تیرۆر و تۆقاندنی پێناسەکرد بەجۆرێك کە ویستی واتا سیاسی و زمانیەکەی وشەی تیرۆر و تۆقاندن لە یەکتر نزیك بکاتەوە، جا وتویەتی: تیرۆر و تۆقاندن بریتییە لەو دەستدرێژیەی کە تاك یان کۆمەڵ یاخود وڵاتان پیادەی دەکەن، بە ستەمکارانە لە دژی مرۆڤ (ئایین، خوێن، عەقڵ و ژیری، سامان، ناموس و شەڕەفی)، هەروەها جۆرەکانی ترساندن و ئازاردان و هەڕەشەکردن و کوشتنی بە نا ڕەوا، ئەوەی پەیوەندی هەیە بە وێنە و شێوازەکانی ڕێگری و چەتەیی، ترس بڵاوکردنەوە لەسەر ڕێگەکان، بڕینی ڕێگا، هەر کردەوەیەك لە کردەوەکانی توند و تیژی یان هەڕەشەکردن دەگرێتەوە کە پیادە دەکرێ بە مەبەستی پرۆژەیەکی تاوانکاری تاکەکەسی یان بە کۆمەڵ، هەروەها ئامانج بڵاوکردنەوەی

ترس و بیمە لە ناو خەڵکدا، یان ترساندنیان بە سزادانیان، یاخود ژیان یان ئازادی یاخود ئارامی و ئاسایش یان بارودۆخیان دوچاری مەترسی بکرێتەوە، هەموو ئەمانە وێنەی گەندەڵین لە زەویدا: ﴿وَلَا تَبۡغِ ٱلۡفَسَادَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُفۡسِدِينَ﴾ القصص: ٢٨/ ٧٧. واتە: (نەکەیت هەوڵی گەندەڵی و خراپە و تاوان بدەی لە زەویدا، چونکە بەڕاستی خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێت تۆوی خراپە دەچێنن). تیرۆر و تۆقاندن دەستدرێژییە بە ناحەق، خوای مەزنیش لە کتێبە پیرۆزەکەیدا فەرموویەتی: ﴿قُلۡ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ ٱلۡفَوَٰحِشَ مَا ظَهَرَ مِنۡهَا وَمَا بَطَنَ وَٱلۡإِثۡمَ وَٱلۡبَغۡيَ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ وَأَن تُشۡرِكُواْ بِٱللَّهِ مَا لَمۡ يُنَزِّلۡ بِهِۦ سُلۡطَٰنٗا وَأَن تَقُولُواْ عَلَى ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٣٣﴾ الأعراف: ٧/ ٣٣. واتە: (پێیان بڵێ: بەڕاستی پەروەردگارم هەرچی گوناهو خراپەیە حەرامی کردووە چ ئەوانەی ئاشکران، چ ئەوانەی پەنهانن، هەروەها هەموو گوناهو داخوازی و دەستدرێژیەکی بەناحەقی حەرام کردووە، شتێك بکەن بە هاوبەش و هاوەڵ بۆ خوا کە هیچ دەسەڵاتی پێنەداوە، هەروەها حەرامی کردووە لە خۆتانەوە بەناوی خواوە، دوور لە هەموو زانیاری و زانستێك شت بڵێن).

لەگەڵ ئەمەشدا ئەم پێناسەیە لە ڕووی داڕشتنەوە پێوەرەکانی پێناسەکردنی ژێربێژی و لۆژیکییەکانی جێبەجێ نەکرد، لەبەر ئەوەی پێناسە ئەندێشە و وێنا کردنە نەوەك حوکمدان، بۆیە پێویستی بە بەڵگە نییە بۆ سەلماندن و چەسپاندنی. یەکێك لەو گوزارشتانەی لە دەقە کۆنەکاندا لەبەرمان

کردووە، هەروەك پێش پەنجا ساڵ نەریت بووە لە خوێندنی ئیسلامیماندا، ئەمەبووە: ((بزانە پێناسە بە بەڵگە ڕوون نابێتەوە، بەرپەرچی نادرێتەوە (لە کاتی مشتومڕدا) ڕێگری نییە زاراوە هەندێك وشە دابنێ سەبارەت بەوەی دەیەوێت، بەڵام ئەوەندە هەیە دەبێ کۆکەرەوە بێ سەبارەت بەو شوێنانەی بۆ مەبەستەکە بەکارهاتوون بەبێ تێگیران و دژیەك بوون)). ئەم پێناسەیە سەرباری ئەوەی دووبارەبوونەوەی تێدایە ئەوا هەڵنەساوە بە تێکەڵ کردنی ئەو تیرۆرەی لە فەرهەنگی زمانەوانی دەخرێتە بەرباس، لەگەڵ ئەو تیرۆرەی لە فەرهەنگی سیاسیدا بەدی دەکەین، یان لە فەرهەنگی زاراوەکانی تاواندا دەیبینین. ئەمە تێکەڵکارییەکە ئەو ژیریانە تێیکەوتوون کە وتارگەران، خولیا و ئاواتیان وروژاندنی جەماوەرە، هەروەك هەمان دۆخ لە دیماغۆجیەتدا دەبینرێ، کە پێی وایە تیرۆر دوو جۆرە، ستایشکراو و سەرزەنشتکراو، بە بۆچوونی ئەوان تیرۆری ستایشکراو و باش ئەوەیە کە ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن ئاماژەی پێدەکات: ﴿ تُرۡهِبُونَ بِهِۦ عَدُوَّ ٱللَّهِ وَعَدُوَّكُمۡ ﴾ الأنفال: ٨/ ٦٠. واتە: (تا دوژمنانی خوا و دوژمنانی خۆتانی پێ چاوترسێن بکەن). لە کاتێکدا نازانن یان خۆیان نەزان دەکەن بەوەی ئەو تیرۆرەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە جیاوازە لەو تیرۆرەی لە زاراوەی سیاسی مەبەستە، کە وەرگێڕدراوی وشەی terrorism، هێشتان ئەو هێزەی ڕێگری لە هەڵگیرسانی جەنگ (هاوسەنگی هێزە) شتێکی زۆر ویستراوە لە ویژدانی جیهاندا، وشەی تۆقاندن کە لە ئایەتەکەدا هاتووە مەبەست لێی ئەوەیە کە باسمان کرد.

بەلگە لەسەر ئەوەی ئێمە دەیلێین سەبارەت بە ڕاستکردنەوەی پێناسەی فیقهی هاوچەرخ، ئەوەیە کە دەستدێژی بە ڕەگەزی نزیکی تیرۆر و تۆقاندنی داناوە، تیرۆر و تۆقاندن جۆرێکی تایبەتە لە دەستدرێژی، لە قورئاندا جار وایە گوزارشتی لێدەکرێ بە بەرپاکردنی گەندەڵی لە زەویدا، هەندێك جاری تریش بە دەستدرێژی بە ناحەق. شتێکی ڕوونە کە هەماهەنگی هزری لە نێوان ئەندامانی کۆڕبەندی فیقهی و لایەنگیری هەموویان بۆ یەك سەرچاوە، ڕێگەی گەیشتن بۆ شێوە داڕشتنێکی کۆکەرەوە ئاسانە. هەموو ئەوەی لێرەدا سەبارەت بە درێژەپێدانی گوزارشتە فیقهییەکان هەیە لە پێناسەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ حەزی هەر یەکێکیان لە زیاتر ڕیشەدار و بە بنەماکردنی فیقهی بەبێ ئەوەی پێویستی پێ هەبێ لە پێناسەکاندا، هەروەك ئەم شتە لەلای هاووێنەی ئەمانە شاراوە نییە.

تێبینی ئەوە دەکرێ کە ئەو کۆنگرانەی لە ئیستەنبوڵ لە ١٢/ ٢/ ٢٠٠٢ گرێدران خۆیان لادا لە پێناسەکردنی تیرۆر و تۆقاندن، سەرباری ئەوەی هەندێکیان داواشیان کرد، چونکە ئەوان ئەم هەماهەنگییە هزریە و ڕەچاوکردنە سیاسییەیان نییە، شتێکی زانراوە کە پێناسەکە لێرەدا پێناسەکردنێکی ڕەچاوکاری (إعتباری)یە، بەپێی ڕەچاوکردنی دانپێدانەرەکان دەگۆڕێ.

بۆ ئەوەی چوارچێوەی کەلتوری پێناسە (کەلتوری پێناسە) تەواو بکەین دەلێین:

پێناسە یان ڕاستەقینەیە، ئەمەش کاتێك دەبێ کە پێناسەکراو لە ڕووی ڕاستەقینەوە چەسپاو بێ، لە هەمان شتدا، وەك ئەوەی پێناسەی مرۆڤ بکەین بڵێین: گیانلەبەرێکی سیاسی ژیرە. یان ڕەچاوکاری (إعتباری)یە، ئەویش ئەوەیە بوونی پێناسەکراو بە دانپێدان و ڕەچاوکردنی ئێمە بێ، وەك: فیقھ دابنێین بۆ پرسە فیقهییەکان، کە لە بەڵگە شەرعیەکانەوە هەڵهێنجراون.

لەوانەیە پێناسەکە بە ناو بێ، مەبەستی ڕوونکردنەوەی ئەوە بێ کە ناوەکەی لە پاڵیدا دانراوە: هەروەك دەڵێن: (ضغنفر) شێرە، گرنگترین مەرج لە پێناسەکردندا ئەوەیە گشتگیر و ڕێگر بێ لە ئاماژە کردن بۆ هەر شتێکی تر.

وەك گەڕانەوەیەك بۆ سەرەتا هەندێك لە توێژەران پێیان وایە بۆ تێگەیشتن لە تیرۆر و تۆقاندندا تەنها لە دەروازەی سیاسەوە نەیخوێنینەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکەین، بەڵکو لە چوارچێوەی ئەمەدا زانستی کۆمەڵناسی لەوپەڕی گرنگیدایە، بانگەوازیان کردووە کە چەندین جۆری پێناسە بکرێ بۆ ئەم چەمکە. لە ڕاستیدا زانستی کۆمەڵناسی چارەسەری زۆر هۆکار و بارودۆخ دەکات کە سەردەکێشن و دەبنە هۆکار بۆ دیاردەی تیرۆر و تۆقاندن. حوکم و بڕیاردان لەسەر شتێك لقێکە لە ئەندێشەکردنی.

وا بۆم دەردەکەوێ کە تیرۆر و تۆقاندن بەپێی ڕەچاوکردنی خۆرئاوا بریتییە لەو توند و تیژییەی ئاراستەی هاوڵاتیانی سڤیل دەکرێ، وەك: ڕفاندنی فڕۆکە، بۆ هەڕەشەکردن لە ئارامی و ئاسایش و سیستەمی گشتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

لەوانەیە ((بەرپاکردنی گەندەڵی لە زەویدا)) قوڵتر گوزارشت بکات لە تیرۆر و تۆقاندنی نێودوڵەتی. بەڵام ئەمە پرسێکی زاراوەییە، زاراوە بۆی هەیە گوزارشت لە هەر شتێك بکات، مشتومڕ لە زاراوە و نموونەکاندا نییە.

### دەروازەی پێنجەم

## بیرۆکەی حوکمڕانی (فكرة الحاكمية)

باوەڕبوون بە خوای تاك و تەنها واتە بڕوابوون بەوەی حوکمڕان و فەرمانڕەوای ڕەها خوای پاك و بێگەردە، هەرچی بەدیهێنان و بڕیاردانە بۆ ئەوە، ئەوەی لە ئاسمانەکان و زەویدایە سوپاس و ستایشی ئەو دەکەن، هاووێنەی نییە، چ بیەوێ دروستی دەکات و هەڵیدەبژێرێ، هاوەڵ و هاوبەشی نییە، پاك و بێگەردی بۆ پەروەردگار لەو وەسفە ناشیاوانەی دەیدەنە پاڵی.

جا باوەڕبوون چ سەرچاوەی گرتبێ لە شارەزایی و زانین لە ڕێگەی بەڵگەوە یان بە ڕاستدانان بێ لە ڕێگەی ویژدانەوە، یاخود ملکەچوون بوون

بێ بە دڵ، ئەوا بەدیهێنراوی سنووردار ناتوانێ خودی خاوەن بوونی ڕەها و بێ سەرەتا بزانێ، هیچ کەسێك زانا نییە بە خودی ئەو. لە هەموو شتێكدا بەڵگە و نیشانەیەك هەیە ئاماژە دەكات بەوەی خوا تاك و تەنهایە. هەر كەسێك گومانی لەمەدا بۆ دروست بوو یان لایدا ئەوا بە سەرگەردانی و گومڕایی خۆی تاقیكراوەتەوە، ئەوەش كە خوا ڕووناكی و نووری پێ نەبەخشێ، ئەوا هەرگیز ڕووناكی و نووری دەستناكەوێ.

خوایەگیان؛ ئێمە گەواهی دەدەین كە تۆ پەروەردگاری جیهانیانی، خاوەنی ڕۆژی پاداشت و سزای. تۆ لە هەمووان میهرەبانتری. بێگومان بیروباوەڕی حوكمڕانی بەم واتا گەردوونیە بریتییە لە بەرهەمی باوەڕ، یان هەر خودی ئیمان و باوەڕە.

سەبارەت بە حوكمڕانی سیاسی كە خەواریجەكان بەرزیان كردبووەوە دژی پێشەوا عەلی (سڵاوی خوای لێبێ) و تا ئێستاش وەك دروشمی سیاسی ماوەتەوە بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵكی سادە و ڕەش و ڕووت، بڵاوكردنەوەی دوژمنكاری و پەرتەوازەیی لە ناو برایەتی موسڵماناندا؛ ئەمە هەڵبەستنێكە لە نێوان وتەیەكی ڕاست كە حوكمی خوایە لەگەڵ واتایەكی پوچەڵ كە پەكخستنی ژیری سیاسی هۆشیارە (سەركردایەتی بەرچاوڕۆشن) لە هەڵسوكەوت كردنی گونجاوی ڕەوا بۆ دەستەبەركردنی بەرژەوەندییە بەرزەكان لە دونیای سیاسەت و كۆمەڵگەدا، هەروەها چەقبەستنی ویستی بەرپرسیاری مرۆڤە، پەكخستنی لە ئاست پێشكەوتن و هەنگاو هاویشتن

بەرەو پێشەوە. شتێکی زانراوە کە لەم دووانەدا ئەم واتایە بەتاڵ دەکرێتەوە کە مرۆڤ جێنشینی خوایە لەسەر زەوی، هەروەها دژە لەگەڵ ڕاستییەك ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی بەرپرسیارە لە کردەوەکان، ئەگەر چاك بێ ئەوە باشە و پاداشت چاوەڕێی دەکات، ئەگەر خراپ بێ، ئەوەش خراپە، سزا بەرۆکی دەگرێ.

لە ڕاستیدا من گومانم لەوە نییە کە ئەم بیرۆکەیە بە ڕەهەندە سیاسییەکەی بووەتە دروشمی بزوتنەوە سیاسییەکان کە لە زانیاریەکانیاندا پشت بە هزری ئیسلامی دەبەستن، ئەمەش شتێکی داهێنراوە و بناغەی بۆ نییە لە تێگەیشتنی ڕاست و دروست لە ئایین.

من لێرەدا ناچمە پاڵ ئەو نووسەرانەی تاوتوێی ئەم بیرۆکەیەیان کردووە لە دیدێکی عەلمانیەوە، بەڵکو لێکۆڵینەوە لە ڕووی ڕاستەقینەی حوکمڕانیەت دەکەم وەك چۆن لە ئیسلامدا هاتووە، کە ئێمەش وەك بیروباوەڕ و هەڵسوکەوت و ڕەفتار و کەلتور و ڕۆشنبیری باوەڕمان پێی هەیە، هەروەها وەك بۆچۆنی خۆشم، خوای گەورە زاناترە. ئەم پرسانە لەم بڕگانەی خوارەوەدا تاوتوێ دەکەم:

**یەکەم: پێشەوا عەلی (سڵاوی لێبێت) چۆن ڕووبەڕووی ئاشووبی حوکمڕانی بووەوە؟**

لێرەدا تەنها گفتوگۆیەکی ژیرمەندانە (عەقلگەرایی) هێمن دەخەمەڕوو، کە عەبدوڵای کوڕی عەبباس نوێنەری پێشەوا عەلی سڵاوی

خوای لێبێت ئەنجامیدا لەگەڵ خەواریجەکان، بەپێی ئەو گێڕانەوە ناودارانەی لە ئیبن عەبباسەوە هاتوون، هەروەها وەك چۆن عەبدلڕەزاق و حاکم و بەیهەقی لە ئیبن عەبباسیان گێڕاوەتەوە: ئیبن عەبباس وتویەتی: کاتێك حەڕوڕییەکان جیابوونەوە، سەرباری توونەد و تیژیان لە ماڵێك بوون، بە عەلیم وت: ئەی میری باوەڕداران بە پەلە نوێژ دەکەم بەڵکو بچمە لای ئەم دەستە و تاقمە و قسەیان لەگەڵ بکەم. ڕۆیشتمە لایان و چاکترین جلم پۆشی. وتیان: بەخێر بێی ئیبن عەبباس. ئەم جلە گرانبەهایە چییە؟

ئیبن عەبباس وتی: منیش وتم: ئەمە بە کەم و کورتی لەمن دەگرن، پێغەمبەری خوا چاکترین جل و بەرگی پۆشیەوە، ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿ قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزْقِ ﴾ الأعراف: ٧/ ٣٢. واتە: ("ئەی پێغەمبەر (د. خ) پێیان" بڵێ: ئەوە کێیە پۆشاك و زینەت و جوانیە خواییەکانی لە بەندەکانی حەرام کردوە کە لە بنەڕەتدا خۆی بۆی بەدیهێناون؟ هەروەها ئەوە کێیە ڕزق و ڕۆزیە چاك و پاکەکانی حەرام کردووە؟!).

وتیان: چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟

وتم: پێم بڵێن بۆچی و بەهۆی چییەوە ڕقتان هەڵساوە لە کوڕە مامی پێغەمبەر و زاواکەی و یەکەم کەس کە باوەڕی پێ هێناوە، تەنانەت هاوەڵانی پێغەمبەریش لەگەڵ ئەودان؟؟.

وتیان: لە سێ شتی ئەو تورەین.

وتم: ئەو شتانە چیین؟

وتیان: یەکەمیان حوکمی پیاوانە لە ئایندا، خوای مەزنیش دەفەرمووێت: ﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾ یوسف: ١٢/ ٤٠. واتە: (هیچ فەرمان و بڕیارێك بۆ کەس نییە، تەنها بۆ خوا نەبێت).

وتم: چیتر؟

وتیان: شەڕی کرد و دەستکەوتی کۆنەکردەوە. ئەگەر ئەوان بێ باوەڕ بووبان ئەوا سامان و ماڵی ئەوان بۆمان حەڵاڵ دەبوو، ئەگەر باوەڕداریش بووبان ئەوا خوێنی ئەوان لەسەر عەلی حەڕام دەبوو.

وتم: چیتر؟

وتیان: ڕستەی ((لە میری باوەڕدارانەوە))ی سڕیەوە، ئەگەر میری باوەڕداران نەبێ، ئەوا میری بێ باوەڕانە.

وتم: چی دەڵێن ئەگەر لە کتێبی تۆکمەی خوا و سوننەتی پێغەمبەرەوە شتانێکم بەسەردا خوێندنەوە کە گومانتان لێ نییە، ئایا دەگەڕێنەوە و پاشگەز دەبنەوە؟

وتیان: بەڵێ.

وتم: سەبارەت بەو وتەیەتان کە ئەمە حوکمی پیاوانە لە ئاینی خوادا، ئەوا خوای مەزن دەفەرموویت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡتُلُواْ ٱلصَّيۡدَ وَأَنتُمۡ حُرُمٞۚ وَمَن قَتَلَهُۥ مِنكُم مُّتَعَمِّدٗا فَجَزَآءٞ مِّثۡلُ مَا قَتَلَ مِنَ ٱلنَّعَمِ يَحۡكُمُ بِهِۦ ذَوَا عَدۡلٖ مِّنكُمۡ ﴾ المائدة: ٩٥. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لە کاتێکدا ئێوە لە ئیحرامدان، نێچیر ڕاو مەکەن، ئەوەی بە ئارەزوو ڕاو بکات و نێچیر بکوژێت لە تۆڵەیدا دەبێت قوربانیەکی وەك ئەو نێچیرە پێشکەش بکات و ئەو بڕیارەش دەبێت دوو کەسی شارەزای دادپەروەر لە خۆتان بیدەن).

هەروەها لەبارەی ئافرەتیشەوە دەڵێت: ﴿ وَإِنۡ خِفۡتُمۡ شِقَاقَ بَيۡنِهِمَا فَٱبۡعَثُواْ حَكَمٗا مِّنۡ أَهۡلِهِۦ وَحَكَمٗا مِّنۡ أَهۡلِهَآ ﴾ النساء: ٣٥. واتە: (خۆ ئەگەر ترسان لەوەی نێوان ژن و مێرد بشێوێت، دادوەرێك لە خزمی پیاوەکە و دادوەرێك لە خزمی ژنەکە بنێرن _ بۆ ڕێکخستنیان _).

سوێندتان دەدەم بە خوا، حوکمی پیاوان لە بارەی پاراستنی خوێن و گیان و چاك کردنی پەیوەندی نێوانیان باشترە و خێرترە یان لە کەروێشکێك کە نرخەکەی چارێگە دینارێکە؟

وتیان: لە پاراستنی خوێنیان و چاك کردنی پەیوەندی نێوانیان.

ئین عەبباس وتی: ئایا لەوە دەرچووم؟ وتیان: بەڵێ بە خوا دەرچووی.

سەبارەت بەوەی شەڕی کردووە و دیل و دەستکەوتی نەبردووە، ئایا عایشەی دایکتان وەك دیل و دەستکەوت دەگرن، ئایا ئەوەی بۆ ئەوانی تر بە دروستی دەزانن بۆ ئەویش بە دروستی دەزانن، ئەگەر وابێ:

کوفرتان کردووە.

ئەگەر پێتان وایە دایکی ئێوە نییە، ئەوا بێ باوەڕی و کوفرتان کردووە، لە ئیسلام دەرچوونە. خوای مەزن دەفەرموویێت: ﴿ ٱلنَّبِيُّ أَوۡلَىٰ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ مِنۡ أَنفُسِهِمۡۖ وَأَزۡوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمۡ ﴾ الأحزاب: ٦. واتە: (پێغەمبەر ﷺ نزیکترە لە ئیمانداران لە خودی خۆیان، خێزانەکانیشی دایکیانن). ئێوە لە نێوان دوو گومڕایی دێن و دەچن جا کامەتان دەوێت ئەوەیان هەڵبژێرن.

وتی: ئایا لەوەش دەرچووم؟

وتیان: بەخوا لەمەش دەرچووی.

ئینجا ئیبن عەبباس وتی: سەبارەت بەو وتەیەتان کە ناوی (لە: پێشەوای باوەڕدارانەوە)ی سڕیوەتەوە، ئەوا پێغەمبەری خوا ﷺ بانگهێشتی قوڕەیشیەکانی کرد لە ڕۆژی حودەیبیە تا ڕێکەوتننامەیەك لە نێوان خۆی و ئەواندا مۆر بکات، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بنووسە ئەمە ئەو بڕیارەیە کە موحەممەدی پێغەمبەری خوا پێی ڕازی بووە و پەسەندی کردووە، قوڕەیشیەکان وتیان: سوێند بەخوا ئەگەر بمانزانیبا کە تۆ پێغەمبەری خوای ئەوا لەگەڵت نەدەجەنگاین و ڕێگریمان نەدەکرد لە هاتنت بۆ ناو کەعبەی ماڵی

خوا، بەڵام بنووسە: موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەخوا من پێغەمبەری خوام هەر چەندە بەدرۆشم بخەنەوە، ئەی عەلی بنووسە (موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا)، پێغەمبەری خوا ﷺ باشتر و مەزنترە لە عەلی، ئایا لەمەش دەرچووم، وتیان: بەخوا لەمەش دەرچووی.

ئینجا ئیبن عەبباس وتی: لەمەش دەرچووم؟

وتیان: بەخوا لەمەش دەرچووی.

بیست هەزار کەس لە ڕای خۆیان پاشگەز بوونەوە و تەنها چوار هەزاریان لەسەر بۆچوونەکەیان مانەوە. بەپێی وتەی گێڕەرەوەکان ئەمانەش کوژران.

پوختەی گفتوگۆکە ئەوەیە کە حوکمڕانی ڕەهای خوای پاك و بێگەر تێکناگیرێ لەگەڵ حوکمڕانی مرۆڤ لە شەرع و ئاینی خوادا. ئەم حوکمڕانی و فەرمانڕەواییەی خوا فەرمانڕەواییەکی پێکهێنەری ڕەهای کۆکەرەوەیە، کە تۆمار و خامە و ئەوەش دەنووسرێ دەگرێتەوە.

سەبارەت بەم حوکمڕانیە ئەوا سنووردارە بە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی و ئەرکداری، لە دووریيەکانی ژیری و پەیی پێبردنە سروشتییەکانیدا وێنەکراوە، بە تیشکەکانی بنەما گشتییەکان ڕێنوێنی کراوە، بە ڕۆشناییەکانی ڕێنمایی خوایی لە ڕێنماییە لێبوردەکانی ئیسلامدا

ڕۆشن کراوەتەوە. هەر کەسێك گومان بە جگەلەمە ببات، ئەوا دەترسم وشەکانی شێواندبێ.

لە بڕگەی داهاتوودا هەوڵ دەدەین خوێنەر تێگەیشتنێکی دروستی هەبێ بۆ ئایەتەکانی حوکمڕانیەت بەپێی ناوکۆ (سیاق) و شوێنەکانیان.

**دووەم: هەندێك ئایەت سەبارەت بە حوکمڕانی**

لێرەدا بە تێروتەسەلی ناچمە سەر شێوە بەکارهێنانەکانی (حکم)، لە بابەتی داناییدا بۆی دەگەڕێمەوە، لێرەدا بەکورتی دەڵێم لە فەرهەنگدا هاتووە: حوکم: دادوەری و بڕیارە.

لە قورئانی پیرۆزدا وشەی حوکم لە نزیکەی سەد شوێندا بەکارهاتووە، بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ دادوەری و یەکلاکردنەوە بۆ ڕێگردن لە دەستدرێژی و ستەمکاری.

لەو شوێنانەی کە وشەی حوکمی تێدا هاتووە، مانایەکی بۆ داتاشراوە جیاواز لەوەی هەڵدەگرێ، بۆ مەبەست کە مەبەستە ڕاستەقینەکە نییە،

وەك ئەم فەرمایشتانە: ﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾ یوسف: ٦/ ٥٧. واتە: (حوكم و بڕیار تەنها بۆ خوایە). ﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾ یوسف: ١٢/ ٤٠. واتە: (فەرمان و بڕیار بۆ كەس نییە، تەنها بۆ خوا نەبێت). ﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾ یوسف: ١٢/ ٦٧. واتە: (هیچ فەرمان و بڕیارێك بۆ كەس نییە، تەنها بۆ خوا نەبێت). هەروەها ئەم فەرمایشتانەش: ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ المائدة: ٥/ ٤٤. واتە: (بێ گومان ئەوەی حوكم داوەری نەكات بەو بەرنامەیەی كە خوا دایبەزاندووە، ئا ئەوانە بێ باوەڕن). ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ المائدة: ٥/ ٤٥. واتە: (ئەوەی حوكم و داوەری نەكات بەو بەرنامەیەی كە خوا دایبەزاندووە، جا ئا ئەوانە ستەمكارن). ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ﴾ المائدة: ٥/ ٤٧. واتە: (ئەوەی حوكم و داوەری نەكات بەو بەرنامەیەی كە خوا دایبەزاندووە، جا ئا ئەوانە ناپاك و تاوانبارو لە سنوور دەرچوون).

شتێكی زانراوە كە زۆربەی دەق و دەربڕینە پەخشكراوەكان چ عەرەبی بن یان نا عەرەبی، چەند ڕووێكی ئاماژە هەڵدەگرن، ئایەتەكانی قورئان بەهۆی سروشتە ڕەوانبێژییە دەرئاساكەی كە تەحەددای عەرەبەكانی پێ كرد، بەسەركەوت بەسەر گشت دەربڕینەكانی مرۆڤ لە ڕووی ڕەوانبێژ و لەو لایەنەی كە چەند ڕووێك هەڵدەگرێت. تێگەیشتنی ئەم ئایەتانە پێویستی

به تێگەیشتنی ناوکۆیەکەی هەیە، هەروەها تێگەیشتن لەوەی دەقەکەی لە پێناودا دابەزیوە و ئەو بۆنەیەی کە تیایدا هاتووە. هەر بۆیە وتراوە قورئان چەند ڕوویێك هەڵدەگرێت. ئەمەش بە مانای دەوڵەمەندی ڕاڤەی قورئان و فرە جۆریەکەی دێت بەپێی بارودۆخەکان، بە واتای نارۆشنی و لێڵی ڕاڤە و شرۆڤەی قورئان نایەت. شتێکی شاراوە نییە کە ئەم ئایەتانەی ئاماژەمان پێی کرد بریتین لە چەند ئایەتێکی یەك مانا هەڵگری ئاماژە ڕوون لە نێو ناوکۆ (سیاق)ەکانیاندا، بەڵام بیدعەچییەکان لە نموونەی خەورایجەکانی کۆن و هاوچەرخ دەستیان پێووەگرتووە، چونکە بۆ نموونە پێیان وایە ئەمە یارمەتی ئەوان دەدات لە کافرکردنی خەڵك و ئەو حوکمڕانانەی یاسای دەستکرد لە وڵاتەکانیان پەیڕەو دەکرێ، هەروەها لە بە بەرداکردنی حوکمی نەفامی بە بەر ئەو کۆمەڵگە موسڵمانەی کە دروشمی سیاسی حیزبی ئەوان هەڵناگرێ یاخود شوێن پەیڕەوە توندەکانیان ناکەوێ. جا هەڵدەستین بە ئەنجامدانی گەشتێکی ڕۆحی بە خزمەت ئەم ئایەتانەدا، تا ببینین ئایا هیچ پاڵپشتیەکی گومانی ئەوان دەکات!!

یەکەم: تەواوی ئایەتە پیرۆزەکە لە سوڕەتی ئەنعامدا، کە ڕستەی:﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾ لەخۆدەگرێ: ﴿قُلۡ إِنِّي عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّي وَكَذَّبۡتُم بِهِۦۚ مَا عِندِي مَا تَسۡتَعۡجِلُونَ بِهِۦٓۚ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۖ يَقُصُّ ٱلۡحَقَّۖ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلۡفَٰصِلِينَ ٥٧﴾.

مەبەستی ئەم ئایەتە ئەوەیە کە پێغەمبەر خاوەن بەڵگە و نیشانەیە لە یەکخواناسی و ئیسلامدا، لەمانەدا لەسەر بەڵگە دەڕوات. سەبارەت بە هاوبەشدانەران ئەوا بەدرۆیان خستەوە و دەیانوت: ئەگەر ئەمە ڕاست بێ ئەوا لە ئاسمانەوە بەردمان بەسەردا ببارێنە یان سزایەکی بەئێشمان بۆ بێنە، هەروەك لە سوڕەتی ئەنفالدا هاتووە. بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم وتەیەی هاوبەشدانەران ئایەتەکە زیاتر فەرمووی: ﴿ مَا عِندِى مَا تَسۡتَعۡجِلُونَ بِهِۦٓ ﴾ واتە: ئەمە پسپۆری من و لە توانای مندا نییە، منیش مرۆڤم، ﴿إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾ واتە: یەکلاکردنەوە و بڕیار بۆ خوایە لە دواخستنی سزا یان بڕیاری گەردوونی ((قەزا و قەدەر)) تەنها موڵکی خوایە.

ئەوەی جەخت لەسەر ئەم مانایە دەکاتەوە ئەم ئایەتەی پاشترە: ﴿ قُل لَّوۡ أَنَّ عِندِى مَا تَسۡتَعۡجِلُونَ بِهِۦ لَقُضِىَ ٱلۡأَمۡرُ بَيۡنِى وَبَيۡنَكُمۡۗ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٥٨﴾ ﴾ الأنعام: ٦/ ٥٨. واتە: (پێیان بڵێ: ئەگەر بەڕاستی ئەوەی ئێوە پەلەتانە لە پێشهاتنی "سزای خوایی" لای من بوایە و بەدەست من بوایە، ئەو کاتە هەموو شت لە نێوانماندا کۆتایی دەهات "ئێوە لەناو دەچوون"، خوایش هەمیشە زانایە بە ستەمکاران).

ئەی خوێنەر بۆت هەیە بە وردی و وردبوونەوەوە ئەم ئایەتە بخوێنیەوە، هەروەها بگەڕێیەوە بۆ ڕاڤە دانپێدانراوەکان تا دڵنیابی لەوەی

حوکمەکە لێرەدا حوکمی گەردوونیە نەوەك حوکمی کاروباری دونیایی... ﴿ وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلۡغَيۡبِ لَا يَعۡلَمُهَآ إِلَّا هُوَ ﴾ الأنعام: ٦/ ٥٩. واتە: (کلیلی هەموو شاراوەکان و زانینی هەموو نهێنیەکان بەدەست خوایە و هەر لای ئەوە، کەس نایانزانێت جگە لەو زاتە). لە پەراوێزەکەی کلنبوی لەسەر ڕاڤەی جەلالی دەوانیدا هاتووە: ((تێکگیران لە حوکمڕانی عەقڵ و ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن ﴿ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِ ﴾ بوونی نییە؛ چونکە حوکم لەم ئایەتە پیرۆزەدا بە واتای "قەزا و قەدەر"ە یان ڕێك و پێك کردنی کردەوەکان دێ. ئەمانەش تایبەتن بە خودی پەروەردگار))[1].

دووەم: تەواوی ناوکۆ (سیاق)ی ئایەتە پیرۆزەکەی سورەتی یوسف: ﴿ يَٰصَٰحِبَيِ ٱلسِّجۡنِ ءَأَرۡبَابٞ مُّتَفَرِّقُونَ خَيۡرٌ أَمِ ٱللَّهُ ٱلۡوَٰحِدُ ٱلۡقَهَّارُ ﴿٣٩﴾ مَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسۡمَآءٗ سَمَّيۡتُمُوهَآ أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلۡطَٰنٍۚ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۚ أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٤٠﴾ ﴾ یوسف: ١٢/ ٣٩ – ٤٠. واتە: ("ئەوسا ڕووی تێکردن و وتی": ئەی هاوەڵی زیندانیم؛ ئایا چەند خوایەکی هەمە جۆر و جیاواز "بپەرسترێن" چاکترن، یاخود خوایەکی تاك و تەنها و زاڵ بەسەر هەموو شتێکدا؟. جا هەرچی ئێوە دەیپەرستن جگە لە خوا، تەنها خۆتان و باو و باپیرانتان ناوتان لێناون "تەنها ناون و ناوەڕۆکیان نییە"، هەرگیز خوا بەوە

---

[1] التفتازاني، سەرچاوەی پێشوو، ٢/ ١٨٤.

ڕازی نییه و، هیچ بەڵگەیەکیشی ڕەوانە نەکردووە لەسەر پەسەند کردنیان، بەڕاستی حوکم و فەرمانڕەوایی جگە لە خوا شایستەی کەسی تر نییە، فەرمانیشی داوە جگە لە خۆی کەسی تر نەپەرستن، هەر ئەوەشە ئایین و بەرنامەی پەسەند و ڕاست و دروست و بەنرخ، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم ڕاستیانە نازانن و لێی بێ ئاگان).

سێیەم: تەواوی ئایەتی دووەمی سوڕەتی یوسف: ﴿ وَقَالَ يَٰبَنِيَّ لَا تَدۡخُلُواْ مِنۢ بَابٖ وَٰحِدٖ وَٱدۡخُلُواْ مِنۡ أَبۡوَٰبٖ مُّتَفَرِّقَةٖۖ وَمَآ أُغۡنِي عَنكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِن شَيۡءٍۖ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۖ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُۖ وَعَلَيۡهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُتَوَكِّلُونَ ٦٧ ﴾ یوسف: ١٢/ ٦٧.

واتە: (هەروەها وتی: کوڕەکانم، هەمووتان لە یەك دەروازەوە مەچنە ژوورەوە و لە چەند دەروازەیەکی جیا جیاوە بچنە ژوورەوە "خۆتان بکەن بە شاردا"، دڵنیاش بن کە من ناتوانم هیچ شتێك لەو بەڵاو پێشهاتانەی کە بڕیاری خوای لەسەرە بگێڕمەوە لە ئێوە، هیچ فەرمان و بڕیارێك بۆ کەس نییە، تەنها بۆ خوا نەبێت، پشتم هەر بەو بەستووە و پشت و پەنام هەر ئەوە، جا دەبا ئەوانەی کە پاڵپشت و پشتیوانیان دەوێت هەر پشت بەو ببەستن).

یەعقوب سڵاوی خوای لێبێت سوربوو لەسەر ئەوەی منداڵەکانی تووشی هیچ خراپەیەك نەبن، بەڵام دەشیزانی کە هیچی بۆ ئەوان پێ ناکرێ لە بەرامبەر بڕیاری خوا، چونکە قەدەر بەدەستی خوایە و حوکم و بڕیار

تەنها بۆ خوایە. حوکم لەم ئایەتانەدا بەکارهاتووە بۆ بوارەکانی قەدەر و جیهانی پەنهان (غەیب) و توانای گشتی ڕەها، کە تەنها هی خوایە.

ئەمەش تێکناگیرێ بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەی پێشەوا عەلی سڵاوی خوای لێبێت پێی هەڵسا لە ناوبژی کردن بۆ پاراستنی خوێنەکان یان ئەوەی لیژنەیەکی پسپۆری پاك پێی هەڵبستێ لە دانانی یاسایەك کە بەرژەوەندی خەڵك ڕێکبخات لە سایەی ڕۆشنایی داد و ویژددان، ئەمانەش دوو بنەمای شەریعەتی ئیسلامین.

چوارەم: سێ ئایەتەکەی سوڕەتی مائیدە، هەر یەکێکیان بە حوکمێك کۆتایی دێت کە جیاوازە لەوەی تر، لەگەڵ ئەوەی بابەتەکەش یەك بابەتە: ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ المائدة: ٥/ ٤٤. واتە: (بێ گومان ئەوەی حوکم داوەری نەکات بەو بەرنامەیەی کە خوا دایبەزاندووە، ئا ئەوانە بێ باوەڕن). ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ المائدة: ٥/ ٤٥. واتە: (ئەوەی حوکم و داوەری نەکات بەو بەرنامەیەی کە خوا دایبەزاندووە، جا ئا ئەوانە ستەمکارن). ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ﴾ المائدة: ٥/ ٤٧. واتە: (ئەوەی حوکم و داوەری نەکات بەو بەرنامەیەی کە خوا دایبەزاندووە، جا ئا ئەوانە ناپاك و تاوانبارو لە سنوور دەرچوون).

ڕاڤەكارە كۆنەكانی قورئانی پیرۆز ڕەحمەتی خوایان لێبێ چەندین لێكدانەوە (تأویل)ی جیاوازیان كردووە بۆ ئەم دیاردەیە. زەمەخشەری حوكمەكەی بەستووەتەوە بە سوك سەیركردنەوە، جا وتویەتی: ((هەر كەسێك حوكم نەكات بەوەی خوا دایبەزاندووە، بە سوك و كەم سەیری بكات، ئائەوانە بێ باوەڕن. ستەمكارەكان و لاسارەكان وەسفە بۆیان بە سەركەشی كردنیان لە كوفریاندا، كاتێك ستەمیان لە نیشانە و بەڵگە و ئایەتەكانی خوا كرد بەهۆی بە سوك سەیركردنیەوە، یاخی بوون بەوەی بە جگەلە بەرنامەی خوا كاریان كرد))، زەمەخشەری لە ئیبن عەبباسەوە گێڕاویەتیەوە كە بێ باوەڕان و ستەمكاران و لاسارەكان بریتین لە خاوەن كتێبەكان. هەندێك زانای تر لێكدانەوەیان بۆ كردووە بەوەی ئەمە كوفرێكە بچوكتر لە كوفری مەزن، هەندێكی تر وتویانە هەر كەسێك نكۆڵی لە حوكمی خوا بكات ئەوا كوفری كردووە، ئەوەش كە حوكم بە بەرنامەی خوا ناكات بەڵام دانی پێدادەنی، ئەوا كەسێكی ستەمكار و لاسارە.

بەڵام من بەو لێكدانەوانە دڵم قەناعەتی نەهات و ڕازی نەبوو، ڕووی ڕەوانبێژی قورئانیم تێدا بەدی نەكرد، جا وردبوومەوە لە ئایەتەكان لە ژێر ڕۆشنایی ناوكۆ (سیاق)ی هەر یەكێك لەم ئایەتانە، بەمەش ڕووی دەرئاسابوون (إعجاز)ی قورئانیم بۆ دەركەوت لەم ڕاجیاییەدا، بۆم دەركەوت كە بابەتی هەر ئایەتێك جیاوازە لەگەڵ ئەوەی تر، ئەم ئایەتانە بە هیچ شێوەیەك دروست نین بە بەڵگە بهێنرێنەوە بۆ كافر (تەكفیر) كردنی ئەو كەسەی حوكم ناكات بەوەی خوا دایبەزاندووە لەو شتانەی كە پەیوەست

نین بە بیروباوەڕ و یەکخواناسیەوە، مەگەر نکۆڵی یان سوکایەتی پێ بکات ئەمەش شتێکە مشتومڕی تێدا نییە.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەمە دەڵێم: ناوکۆ - سیاق -ی ئایەتی یەکەم بەم شێوەیەیە، خوای مەزن دەفەرموویێت: ﴿ إِنَّآ أَنزَلْنَا ٱلتَّوْرَىٰةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ ۚ يَحْكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسْلَمُوا۟ لِلَّذِينَ هَادُوا۟ وَٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلْأَحْبَارُ بِمَا ٱسْتُحْفِظُوا۟ مِن كِتَٰبِ ٱللَّهِ وَكَانُوا۟ عَلَيْهِ شُهَدَآءَ ۚ فَلَا تَخْشَوُا۟ ٱلنَّاسَ وَٱخْشَوْنِ وَلَا تَشْتَرُوا۟ بِـَٔايَٰتِى ثَمَنًا قَلِيلًا ۚ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴾ المائدة: ٥/ ٤٤. واتە: (بەڕاستی ئێمە کاتێك تەوڕاتمان ناردە خوارەوە ڕێنمویی تیادا بوو و نوورو ڕووناکیش بوو، ئەو پێغەمبەرانەی کە هەمیشە ملکەچ و فەرمانبەردار بوون حوکمی ئەوانەیان پێدەکرد کە ببوونە جولەکە، هەروەها زانا پەروەردگار ناسەکانیان و شەرعناسەکانیشیان حوکمیان دەکرد بەوەی داوایان لێکرا بوو بیپارێزن، کە ئەویش کتێبی خوا _ تەوڕاتە _ هەروەها شایەتیش بوون لەسەری، کەواتە لە خەڵکی مەترسن و تەنها لە من بترسن، ئایەت و فەرمانەکانی من بە نرخێکی کەم مەفرۆشن، جا ئەوەی حوکم و داوەری نەکات بەو بەرنامەیەی کە خوا دایبەزاندووە، ئا ئەوانە بێ باوەڕن).

شتێکی ڕوونە کە ناوکۆ (سیاق)ی ئەم حوکمە لەبارەی تەوڕات و ئەو ئیمان و ڕووناکی یەکخواناسیەیە کە تێیدایە، تەوڕات بیروباوەڕ و بەرنامەی

ژیانه. واتای ئایەتەکە لەم ناوکۆ (سیاق)ەدا بریتییە لەوەی هەر کەسێك حوکم نەکات و دان نەنێت بە یەکخواناسی و ڕێنوێنیدا ئەوا بێ باوەڕە، واتە: ناچێتە ناو کۆمەڵی باوەڕدارانەوە. کەواتە پێویست بە لێکدانەوە (تأویل) یان کۆت و بەندکردن (تقیید) نییە، چونکە ئەم دووانە پێچەوانەی بنەڕەتن.

سەبارەت بە ئایەتی دووەم، ئەوا ناوکۆی ئایەتەکە باسی ئەو یاسا و پەیڕەوە دادگەرە دەکات کە لە تەوڕاتدا هەیە؛ جا فەرموویەتی: ﴿ وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَآ أَنَّ ٱلنَّفْسَ بِٱلنَّفْسِ وَٱلْعَيْنَ بِٱلْعَيْنِ وَٱلْأَنفَ بِٱلْأَنفِ وَٱلْأُذُنَ بِٱلْأُذُنِ وَٱلسِّنَّ بِٱلسِّنِّ وَٱلْجُرُوحَ قِصَاصٌ ۚ فَمَن تَصَدَّقَ بِهِۦ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَّهُۥ ۚ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴾ المائدة: ٤٥. واتە: (لە تەوڕاتدا پێویستمان کردووە لەسەریان کە بەڕاستی هەر کەسێك کەسێك بکوژێت دەبێت بکوژرێتەوە، چاوی یەکێك کوێر بکات دەبێت چاوی کوێر بکرێتەوە، لوتی یەکێك عەیبدار بکات دەبێت لوتی عەیبدار بکرێتەوە، گوێی یەکێك ببڕێت دەبێت گوێی ببڕدرێتەوەو ددانی یەکێك بشکێنێت دەبێت ددانی بشکێنرێتەوەو برین و زامەکانیش هەروەها تۆڵەیان بەگوێرەی خۆی بۆی دەسەنرێتەوە، جا ئەوەی لە تاوانبار خۆش ببێت، ئەو چاوپۆشی و لێخۆش بوونە دەبێتە کەفارەتی گوناهانی، بێ گومان ئەوەی حوکم و داوەری نەکات بەو بەرنامەیەی کە خوا دایبەزاندووە، ئا ئەوانە ستەمکارن).

شتێکی ئاشکرایه که ئەم ئایەتە ئاماژە دەکات بۆ بەشێك لە بەرنامە و شەریعەت و یاسای تەورات. ئەو کەسەی کار بە بەرنامەی داد نەکات و دادوەری دادگەرانە جێبەجێ نەکات ئا ئەوانە ستەمکارن. وەسفی شیاو بۆ ئەو کەسەی پەیڕەوی دادی یاسایی دەبوغزێنێت بریتییە لە ستەم نەك کوفر و تاوانباری و لادەری و لاساری، بێ گومان ئەوەی داد جێبەجێ ناکات و حوکمی پێ ناکات ئەوا مافی ئەوانی تر پێشێل دەکات و ستەمیان لێدەکات.

بەمەش دەرئاسابوونی شێوە دارشتنی قورئانی و ئەندازەی گونجانی لەگەڵ خواستی دۆخەکە ڕوون دەبێتەوە.

لەبەر ئەوەی ئینجیل تەنها بریتییە لە: کۆمەڵێك ئامۆژگاری ڕەوشتی و ڕاسپاردەی مرۆیی و نموونەی باڵا، ئەوا وەسفی شیاو بۆ ئەو کەسەی ئامۆژگاری و ڕاسپاردەکانی دەبوغزێنێت بریتییە لەوەی کەسێکی تاوانبار و لاسارە نەك شتێکی تر؛ هەروەك کۆتایی ڕەوانبێژی ئایەتی سێیەم ئەمە بوو: ﴿ وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ الْإِنجِيلِ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فِيهِ ۚ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾ المائدة: ٤٥. واتە: (دەبا شوێنکەوتووانی ئینجیل بەو ڕێنموویی و ئامۆژگاریانە هەڵسوکەوت بکەن کە خوا لە ئینجیلدا دایبەزاندووە، ئەوەی حوکم و داوەری نەکات بەو بەرنامەیەی کە خوا دایبەزاندووە، جا ئا ئەوانە ناپاك و تاوانبارو لە سنوور دەرچوون).

بۆ جاری دووەم لەگەڵ من لەم لێکدانەوە وردببەوە، تا بۆت ڕوون ببێتەوە، هەروەك چۆن خوای مەزن سینەی منی پێ گوشاد کرد، هەروەها بۆ ئەوەی بۆت دەربکەوێت ئەم سێ ئایەتە هەرگیز بە هانای ئەو توندڕەوانەوە ناچێ ئەو کۆمەڵگە موسڵمانانە کافر دەکەن کە کار بەو یاسا دەستکردانە دەکەن کە دادگەری دەستەبەر دەکەن.

ڕاستی ئەوەیە کە پێشتر وتم، هەر چەندە خوا زاناترە، بەوەی ئەو ئایەتانەی باسی فەرمانڕەوایی و حوکڕانی دەکەن سێ ڕەهەندیان هەیە: ڕەهەندی یەکەم: بریتییە لە ڕەهەندی بوونەوەری و بڕیار لە بوون (التکوینی) کە بە قەزاو قەدەر دەری دەبڕێت. ڕەهەندی دووەم: بریتییە لە ڕەهەندی یاسادانان، کە بە پێڕەوی گشتی پوختەی پەیوەندییە گشتییەکان دیاری دەکات، جگەلە پرس و بابەتەکانی خێزان و پەرستشەکان. سەبارەت بەوەی کە پەیوەستە بە ڕەهەندی سیاسیەوە ئەوا باسی کردووە کە زۆربەی بەجێهێڵراوە بۆ دانایی زانا و پێشەوایان کە سەرپەرشتیاری ڕێکخەری لایەنی کۆمەڵایەتین.

بۆچوونم بە ئاڕاستەی ئەو ڕا و بۆچوونەدا ناچێ کە دەڵێ ئەم سێ ئایەتانە تایبەتن بە خاوەن کتێبەکان، بەڵکو پێیم وایە، بێگومان خواش زاناترە حوکمەکەی ئەم ئایەتانە موسڵمانانیش بەهەمان شێوە دەگرێتەوە: جا ئەوەی حوکم نەکات بەوەی خوا دایبەزاندووە لە قورئانی پیرۆزدا لە حوکمەکانی یەکخواناسی و ڕێنوێنی و باوەڕ ئەوا بێ باوەڕە؛ ئەوەی کە

حوکم نەکات بەو حوکمە یاساییانەی خوا دایبەزاندووە ئەوا ستەمکارە؛ ئەوەش کە حوکم نەکات بەوەی خوا دایبەزاندووە لە بەرنامەکەیدا لە نموونە و پەند و ئامۆژگاری ڕەوشتی ئەوا کەسێکی لاسارە. بێگومان خوا زاناترە.

هەر چۆنێك بێت ئەوا کافر کردنی کۆمەڵگە و یاسادانەران و ئەو تاکانەی ڕەواج دەدەن بە یاسای دەستکردی دادگەر بۆ ڕێکخستنی کاروباری دونیایان بە پشت بەستن بەم ئایەتە: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾ المائدة: ٥/ ٤٤. واتە: (بێ گومان ئەوەی حوکم داوەری نەکات بەو بەرنامەیەی کە خوا دایبەزاندووە، ئا ئەوانە بێ باوەڕن). لەوە تێپەڕ ناکات ببێتە هەڵخەڵەتاندن و هەڵبەستنە بە ناوی ئاینەوە.

## سێیەم: بیرۆکەی بەچاکدانان و بەخراپدانانی ژیرمەندانە (فکرة التحسین والتقبیح العقلیین)

ئەمە بە یەکێك لە بابەتە هەرە بنەڕەتییەکانی زانستی بنەماکانی فیقه دادەنرێ، یەکێك لە پرسە عەقڵی و نەقڵییەکان. ئەمە پرسێکی کلامییە لە ڕووی لێکۆڵینەوە تێداکردن لەبارەی کردەوەکانی خوای پایەبەرز، کە ئایا بە چاك وەسف دەکرێن؟ یاخود شتە ناشرین و خراپەکان دەچنە ژێر سایەی ویست و خواستی ئەوەوە؟.

ئەمە بابەتێکی زاستی بنەماکانی  فیقهە، لە ڕووی لێکۆڵینەوە لەسەر کردنی لە بارەی پەیوەندی فەرمان و داخوازی بە چاکە و باشەوە و پەیوەندی ڕێگری بە خراپ و پەستیەوە. پوختەی ڕاجیایی لە نێوان خاوەنانی ئەم بیرۆکەیە لە موعتەزیلە و شیعە و ماتوریدییە حەنەفییەکان[1] و دژەکانی بیرۆکەکە کە ئەشعەرییەکانن، ئەوەیە کە چاکی شتەکان داخوازی فەرمانە، واتە: چاکی و باشییەکەی بە فەرمان (أمر) چەسپاوە، چاك و خراپی لە ڕووی شەرعیەوە بوونی نییە پێش فەرمان و ڕێگری کردن. هیچ شتێك لە خودی کردەوەدا نییە کە چاك یان خراپی بکات جگەلە شەڕع نەبێ. ئەمە لەلای ئەشعەرییەکان. سەبارەت بە موعتەزیلە و شیعەکان، کە گوزارشتیان لێدەکرێ بە دادگەراکان؛ بەهۆی پشتبەستنیان بەم بیرۆکەیە دادگەریان لەسەر خوا پێویست کرد، پێیان وایە چاکی ئەو شتەی فەرمانی پێکراوە یەکێکە لە ئاماژەکانی فەرمان (أمر)، بەو واتایەی چاکە و خراپیەکەی بە ژیری (عەقڵ) چەسپاوە، فەرمان پێکردنیشی ئاماژەیە لەسەری و ناسێنەریەتی.

---

[1] ()ماتوریدیەکان قوتابخانەیەکی کەلامین، لە زۆربەی پرسە کەلامییەکاندا لەگەڵ ئەشعەرییەکان یەکدەگرنەوە. دەدرێنە پاڵ ماتوریدی، کە ناوی محەممەدی کوڕی محەممەدی کوڕی مەحمودی ناسراو بە باوکی مەنسوری ماتوریدییە. لە ماتورید لە دایك بووە، کە دەکەوێتە سەمەرقەند لەودیوی ڕووبارەکە (ماوەرائەنهەر). بە تەواوی نازانرێ کەی لە دایك بووە. وا دیارە لە ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی کۆچی لەدایك بووە و هاوچەرخی ئەشعەری بووە. پەیڕەوەکەی خەسڵەتی میانڕەوی تێدایە کە هەر دوو لایەنی ژیری و شەڕعی ڕازی کردووە. تیۆرەکانی لە بواری بیروباوەڕدا لەسەر ئەو شتانە دامەزراند کە لە ئەبو حەنیفەوە بەجێمابوون. لە پرسی چاك و خراپی ڕەفتارەکان لە موعتەزیلەکان نزیك بوونەوە، تەنانەت زانای بلیمەت موقبلی لە کتێبەکەیدا (العلم الشامخ في تفضيل الحق على المشايخ) ماتوریدیەکان لە پرسی چاك و خراپی ڕەفتارەکاندا لەسەر بۆچوونی موعتەزیلەکانن.

به گوزارشتێکی تر، لەلای موعتەزیلەکان سروشتی شتەکانە کە ئاڕاستەی شەڕع دیاری دەکات. بەڵام ئەشعەرییەکان پێیان وایە شەڕع سروشتی شتەکان دیاری دەکات؛ بەپێچەوانەی بۆچوونی موعتەزیلەکان. چاك ئەوەیە کە شەرع بەچاکی دابنێ، خراپیش ئەوەیە کە شەڕع بە خراپی دابنێ، بە مانای دیارکراوی چاکە و خراپە لەم بوارەدا.

لێرەوە تێگەیشتن گەڵاڵە دەبێ لەوەی موعتەزیلە دەیلێت، کە چاك و خراپ دوو شتی خودین لە کردەوەکاندا. یان وەك سیفەتی ڕاستەقینە بۆیان چەسپاون یان بەپێی لایەن و ڕەچاوکردن بۆیان چەسپاون، گوزارشتەکان لەم شتانەدا دەگۆڕێن.

زانای موعتەزیلی باوکی قاسمی بەلخی کە لە ساڵی ٣١٩ك مردووە و یەکێکە لە موعتەزیلەکانی شاری بەغداد وتویەتی: ((خراپ لەبەر ڕوودانی بە سیفەت و خودی خۆی بە خراپ دادەنرێ))[١].

ئیسکافی موعتەزیلی دەڵێت[٢]: ((شتی چاك لە پەرستشەکاندا، بە خودی خۆیان چاکن. خراپەکانیش بە خودی خۆیان خراپن، نەوەك بە هۆی شتێکەوە بێ. گوێڕایەڵی و پەرستش بۆ خۆیان پەرستشن، تاوان و سەرپێچیش بۆ خۆیان تاوانن)).

---

(١) بڕوانە دانراوەکەمان: فكرة القانون الطبيعي عند المسلمين، لا ٣١.

(٢) الأشعري. مقالات الإسلاميين، ط ٢، ١٩٦٣، ٣٥٦.

بەم پێیە چاکە دەبێتە سیفەتێکی شاراوە لە کردەوە (بەرژەوەندی)دا، وا دەکات لەلای خەڵك و خوای مەزن پەسەند بێ، بکەرەکەشی شایستەی ستایش و پاداشت دەبێ. خراپەش سیفەتێکی شاراوەیە لە کردەوە (خراپە)دا، وادەکات لەلای خەڵك و خوای مەزن پەسەند نەبێ. بکەرەکەشی شایستەی سەرزەنشتە.

بە هەڵە ئەوە دراوەتە پاڵ موعتەزیلەکان کە ئەوان ژیری دەکەنە دادوەر نەوەك شەرع. لە ڕاستیدا پێیان وایە ژیری پەیی بە سیفەتی چاك و خراپ دەبات و دەری دەخات؛ هەروەك چۆن شەرعیش دەریدەخات و ئاشکرای دەکات. ژیری پێویستی بە شەرعە بۆ ئاشکراکردنی ئەودیوی پەیی پێبردنەکەی.

بە وردی ئەم بیرۆکەیە تاوتوێ دەکەین لە دوو پرسدا؛ یەکەمیان دادوەربوونی ژیریە. دووەمیا: شوێنەوارەکانی ئەم دادوەربوونە.

**پرسی یەکەم: دادوەربوونی ژیری**

زۆرێك لە زانا کۆن و نوێیەکانی کەلام و بنەماکانی فیقھ ئەو بیرۆکەیان دووبارە کردۆتەوە کە موعتەزیلەکان پێیان وایە: ژیری دادوەرە نەوەك شەرع، بە ڕەهایی ژیری پێش شەرع دەکەوێتەوە. لە ڕاستیدا ئەرکی ژیری (عەقڵ) لای موعتەزیلەکان وەك ئەوانی تر لە پەیی پێبردن تێپەڕناکات، ئەوە لەلای ئەوان چەسپاوە کە کردەوە لە خودی خۆیدا لایەنێکی چاك یان خراپی هەیە، بەڵام ئەندازەی پەیی پێبردنی ژیری بەم لایەنە دەگۆڕێ

بەپێی جیاوازی سروشتەکەی: لەوانەیە بە سروشتتی پەیی پێببرێ بەبێ وردبوونەوە و ڕامان، وەك ڕاستگۆیی باش و سوودبەخشە، خراپی درۆ زیانبەخشە، لەوانەیە نە بە سروشتی و نە بە تێڕامان پەیی پێنەبرێ؛ بەڵام ئەگەر شەرع فەرمانی پێکردبێ، دەزانرێ کە لایەنی باشی هەیە، وەك دوایین بەڕۆژووبوون لە دوایین ڕۆژی مانگی ڕەمەزان، یان لەوانەیە شەرع ڕێگری لە شتێك بکات، ڕووە خراپەکەی دەربخات، وەك بە ڕۆژبوون لە یەکەم ڕۆژی شەوالدا[1].

لەم بارەوە قازی عەبدولجەباری موعتەزیلی[2] لە کتێبەکەیدا (المحیط بالتکلیف) وتویەتی[3]: ((هەرچی لەسەر مرۆڤی ئەرکدار پێویستە کە بیکات یان نەیکات، خوای گەورە پوختەکەی لە ژیری و عەقڵەکاندا داناوە، بەڵام لە هێزی ژیریەکاندا نییە تیشك بخرێتەسەر وردەکارییەکانی؛ جا چ لە کاروبارەکانی ئایین یان لە کاروبارەکانی ژیان و گوزەران و بەرژەوەندییەکانی خەڵك بێ، هەروەها چ ئاینی بێ لە بوارە ژیرمەندیەکان

---

(١) عضد الدین الإیجي. شرح المواقف. القاهرة: دار الطباعة العامرة. ١٢٩٢ك، ٣٩٤.

(٢) دادوەری دادوەران ناوی باوکی حەسەنی عەبدولجەباری کوڕی ئەحمەدی کوڕی خەلیلی کوڕی عەبدوڵای هەمەدانی ئەسد ئابادییە. کتێبەکانی قۆناغەکانی مێژوو بەرواری لە دایك بوونی ئەویان دیاری نەکردووە، بەڵام ئەوەی یەکدەنگی لەسەرە ئەوەیە کە ساڵی ٤١٥ك مردووە. هاوچەرخی نەوەی بوەیهیەکان بووە لە عێراق و خوراسان، کاربەدەستی ڕەی ئەوی بانگهێشت کرد بۆ لای خۆی و کردیە دادوەری داوەرانی ئەو ناوچە لە ساڵی ٣٦٧. شەرعناس بووە لەسەر ڕێباز و ڕاڕەوی شافیعی، دواتر ڕوویکردتەوە زانستی کەلام و بووەتە شێخی موعتەزیلەکان. چەندین دانراوی هەیە لە گرنگترینیان: (المغني) لە بابەتی دادگەری و یەکخواناسیدا، و شرح الأصول الخمسة، والمحیط بالتکلیف.

(٣) عبدالجبار المعتزلي. المحیط بالتکلیف. مج ١، تحقیق عمر السید عزمي من منشورات المؤسسة المصریة للتألیف، ص ٢٢.

له شەڕعییەکاندا بێ. ڕوونکردنەوەی ئەم ڕستەیە هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە دەچنە ژێر ئەرکداریەوە، جا یان ئەوەتا واجبە و دەبێ ئەنجام بدرێ، یاخود خراپە و دەبێ فەرامۆش بکرێ، یان چاکە و باشە ئەنجام بدرێ؛ لەوانەیە پوختەی ئەمانە لە ژیری و عەقڵەکانماندا جێگیر ببێ. ئایا نابینی کە لە ژیریەکانماندا چەسپاوە کە ئەنجام نەدانی هەر شتێك زیانمان پێ بگەیەنێ، ئەوا ئەنجامدانی واجب و پێویستە. هەر شتێك کە بیکەین و ببێتە مایەی زیان ئەوا فەرامۆشکردنی پێویستە، ئەو شتەش کە بە ئەنجامدانی سوودمان پێ بگات ئەوا باشە بیکەین، بەڵام پێویستمان بە تێڕامان و لێکۆڵینەوەیە، هەروەها پێویستمان بە هۆشیارکەرەوەیە بۆ ئەوەی خودی کردەوەکان بناسین، کە ڕێگەی کردەوەکانە...)).

له دەقێکی تری زانای بلیمەت عەبدولجەباری موعتەزیلیدا هاتووە[1]: ((ئەوەی پێغەمبەران دەیهێنن، دۆخەکەش بەو شێوەیەیە کە باسمان لێوەکرد، ئەوا پەیامی پێغەمبەران تەنها بریتییە لە وردەکاری و خستنەڕووی تێروتەسەلی پوختەی ئەوەی لە ژیری و عەقڵەکاندا دانراوە. باسی ئەوەمان کرد کە پێویست بوونی بەرژەوەندی و سوود و پەستی و قێزەونی خراپە لە ژیری و عەقڵدا جێگیر کراون؛ بەڵام ئەوەندە هەیە کە ئێمە نەمانتوانیوە بە ژیری بزانین ئەم شتە بەرژەوەندی تێدایە و ئەم شتە زیان و خراپەیە، بۆیە خوای مەزن پێغەمبەرانی بۆ ئێمەی ڕەوانەکردووە،

(١) عبدالجبار المعتزلي. المغني في العدل والتوحيد. تحقيق أحمد فؤاد الأهواني، إشراف طه حسين، القاهرة: المؤسسة المصرية العامة للتأليف، ٤/ ١٥٤.

تا دۆخی ئەم کردەوانەمان پیشان بدەن، بەمەش پێغەمبەران شتێکیان هێناوە کە وردەکاری ئەوە دەخەنەڕوو کە خوای مەزن لە ژیری و عەقڵی ئێمەدا جێگیری کردووە، لەمەدا دۆخەکە وەك دۆخی پزیشکانی لێهات؛ کاتێك وتیان: ئەم پاقلە و سەوزەیە سوودبەخشە و ئەوەشیان زیانبەخشە، ئێمەش پێشتر زانیبوومان کە لادانی زیان لەسەر خود واجبە و هێنانی سوودیش بۆ خود باشە)).

لەوانەیە خوێنەر لەم دەقانەدا ئەوە هەڵبهێنجێ کە گوزارشت دەکات لە بۆچوونەکانی موعتەزیلە سەبارەت دادوەربوونی ژیری و ڕاجیایی نێوان ناوبراوان و ئەشعەرییەکان و هاوبیرانیان سەبارەت بە دادوەربوونی ژیری یان شەرع نییە، بەڵکو سەبارەت بە نرخی شەرعی یان یاسایی شتەکەیە. بە دەربڕینی پێشینان ڕاجیاییەکە سەبارەت بە دۆخی کردەوە و سروشتی شتەکانە. موعتەزیلەکان داندەنێن بە بوونی بەهای بابەتی شاراوە لە کردەوەکاندا، وەك: کوشتن و دزین لە ڕووی نەرێنیەوە، لە ڕووی داد و چاکە و گێڕانەوەی سپاردە لە لایەنی ئەرێنیەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی شەرع. بەڵام ئەشعەرییەکان دان بەمەدا نانێن، بەڵکو پێیان وایە کە هیچ بەهایەك بۆ شت نییە لە دەرەوەی سنووری شەرعدا، چاك ئەوەیە کە شەرع بە چاکی دەزانێ، بەر دانپێدانان و هاتنی دەقی شەرعی چاك و خراپ و پەست بوونی نییە؛ بەو واتایەی شایستەی ستایش و پاداشت یان سەرزەنشت و سزا نییە؛ نەوەك بە واتای تەواوی و نا تەواوی.

شتی نامۆ ئەوەیە کە زۆربەی گەورە شەرعناسانی زانستی بنەماکانی فیقهـ ئەم ڕاستییەیان فەرامۆش کردووە، کە خودی سەرچاوەکانی موعتەزیلە دەری دەخەن، ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین لە خوارەوەدا:

١) لە کتێبی (كشف الأسرار على أصول الإمام فخر الإسلام البزدوي)دا[١] هاتووە: ((خەڵك لەبارەی عەقڵ و ژیری ڕاجیان، جا موعتەزیلەکان وتویانە: ژیری هۆکارێکە ئەو شتە پێویست و واجب دەکات کە پێی باشە وەك: ناسینی بەدیهێنەر بە دیهێنەرایەتی، ڕزگارکردنی نقومبوو و سووتاو، هۆکاری حەڕام کردنی ئەو شتەیە کە پێی وایە خراپە وەك: گاڵتە و یاری کردن بە شتە سەلمێنراوەکان و بڕاوەکان، لە سەرووی هۆکارە شەرعییەکان؛ چونکە هۆکارە شەرعییەکان لە خودی خۆیاندا پێویست و واجبکەر نین؛ بەڵکو لە ڕاستیدا ئاماژە و نیشانەن، هەڵوەشاندنەوە و جێگۆڕینیان بەسەردا دێ. ژیری (عەقڵ) بە خودی خۆی ئەم شتانە پێویست دەکات و قەدەغەشیان دەکات بێ ئەوەی گۆڕانی بەسەردا بێ. لەم پێویستکردن (واجب کردنە) و قەدەغە (حەڕام)کردنەدا ژیری لە سەرووی هۆیە شەرعییەکانەوەیە. مەبەست لە پێویست (واجب) کردن و قەدەغە (حەڕام) کردن لەمەدا ئەوەیە کە ئەگەر شەرع نەیەت ئەم شتانە پێویست یان قەدەغە بکات، ئەوا ژیری پێویست و واجبیان دەکات،

---

١) عبدالعزيز البخاري. كشف الأسرا على أصول الإمام فخر الإسلام البزدوي. مكتب الضائع، ١٣٠٧ك، ٤/ ٢٢٩.

یان حەڕام و قەدەغەیان دەكات، چەسپاندنی ئەمە نەوەستاوەتەوە سەر سروش و نیگای بیستڕاو)).

٢) لە (التوضيح)ی زانای بلیمەت سەدری شەریعەدا هاتووە[1]: ((ژیری "عەقڵ" لەلای موعتەزیلەكان دادوەرێكی ڕەهایە لە بڕیاردان لە چاكە و خراپە لەسەر كردەوەكانی خوا و بەندەكانیش. سەبارەت بە بڕیاردان لەسەر كردەوەكانی خوا، بەهۆی ئەوەیە كە كردەوەی باشتر و شیاوتر لەسەر خوا پێویستە بەپێی ژیری و عەقڵ، بەمەش فەراموٚشكردنی باشتر لەلایەن خواوە حەڕامە بەپێی ژیری. حوكمدان بە واجب بوون و حەڕام بوون، بە حوكمدانی ژیری دەبێ لەسەر چاك و خراپی شتەكە. سەبارەت بە بڕیاردانی ژیری لەسەر بەندەكان بەهۆی ئەوەیە كە ژیری لای بەندەكان كردەوەكان لەسەر ئەوان پێویست دەكەن و حەڕامی دەكەن و حەڵاڵی دەكەن، بەبێ ئەوەی خوا هیچ حوكم لەم بارەوە بدات)).

ئەو ڕاستیەی دەقە ئاماژە ڕۆشنەكانی خودی موعتەزیلەكان ڕوونی دەكەنەوە ئەوەیە كە ژیری بەڵگەی حوكمە نەوەك دروستكەری حوكم، حوكم ڕاستیەكی جێگیركراوە لە سروشتی شتەكاندا، چەسپانی حوكمەكە ناوەستێتە سەر ژیری و ویست. هەندێك لە پاشینان دركیان بەم ڕاستییە كردووە؛ لە كتێبی (البدر الساطع على

---

[1] التفتازاني، سەرچاوەی پێشوو: ١/ ١٩٠.

جمع الجوامع)دا هاتووه[1]: ((ئەو وتەیە کە دەڵێ موعتەزیلە ژیری کردۆتە دادوەر، ئەمەش وادەخوازێ کە لە ڕێبازی موعتەزیلەکاندا ژیری دروستکەری حوکم بێ بە ڕەهایی، بێگومان ئەمە وا نییە؛ بەڵکو لە کاتی لێکۆڵینەوە و دڵنیابوون لەوەی لە موعتەزیلەکانەوە هاتووە ئەوەیە کە وتویانە: شەڕع جەختکەرەوەیە لەسەر حوکمی ژیری لەوەی ژیری پەیی پێبردووە لە چاك و خراپی شتەکان، وەك باشی ڕاستگۆیی سوودبەخشە، خراپی درۆ زیانبەخشە، مەبەستیان ئەوە نییە ژیری شت پێویست "واجب" و قەدەغە "حەڕام" دەکات)). لە بەرپەرچەکەی زانای بلیمەت کلنبویدا[2] هاتووە لەسەر ئەوەی وتراوە موعتەزیلە دەسەڵاتی فەرمان کردن و ڕێگری داوەتە ژیری: مەبەستیان ئەوەیە ڕێبەری ژیری دەکات بۆ چاك و خراپی لە کارەکاندا، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ پێویست و واجب بوون و قەدەغە و حەڕام بوون لەسەر بەندەکان، وەك ڕێنیشاندەری پێغەمبەر، پێغەمبەریشیان لەگەڵ ژیری گشتاندووە، لەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرزدا: ﴿وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا﴾ الإسراء: ١٧/ ١٥. واتە: (سزای کەس نادەین تا پێغەمبەرێکی بۆ نەنێرین).

---

(١) العلامة محمد بخيت. البدر الساطع على جمع الجوامع، القاهرة: مطبعة التمدن، ١٣٣٢ك، ١/ ١٥١.

(٢) حاشية العلامة إسماعيل الكلنبوي على شرح جلال الدين الدواني على العقائد العضدية. النطبعة العثمانية، ١٣١٦ك، ٢/ ١٨٤.

ژیری (عەقڵ) هۆیەکی پێویست و واجبکەر نییە، هەروەك چۆن خاوەنی (كشف الأسرار) لەبارەی موعتەزیلەوە هێناویەتی، نە شت پێویست و نە قەدەغەشی دەکات وەك چۆن زانای بلیمەت سەدری شەریعە باسی کردووە؛ بەڵکو ئامرازێکە بۆ پەیی پێبردنی حوکم بەپێی درك کردن بەو لایەنە چاك و خراپەی لە کردەوەکەدا هەیە. مەبەست لە دەربڕینی حوکمی ژیری بریتییە لە پەیی پێبردنی ژیرانە.

بۆ زیاتر دڵنیابوونەوە لەم ڕاستییە، گەواهی بە چەند وتەیەکی ڕاشکاوی تری گەورە زانایانی موعتەزیلە دێنمەوە، لەوانە:

٣) قازی عەبدولجەباری موعتەزیلی وتویەتی[١]: ((بیستن[٢] خراپ و باشی شت پێویست ناکات، بەڵکو دۆخی کردەوەکە دەردەخات وەك ژیری و عەقڵ))، لە دەقێکی تردا زانای بلیمەت عەبدولجەباری موعتەزیلی وتویەتی[٣]: ((مەبەست لەم وتەیەیان کە دەڵێن: خوا پێویست و واجبی کردووە، ئەوەیە کە ئەو ئێمەی ئاگادار کردۆتەوە لە پێویست و واجب بوونی واجب، یان وای لە ئێمە کردووە واجب بناسینەوە بە دانانی ئاماژەیەك)).

---

١) عبدالجبار المعتزلي. المغني في العدل والتوحيد، سەرچاوەی پێشوو. ٢/ ٦٤.

٢) لێرەدا مەبەستی لە بیستن سروش و نیگایە. (وەرگێڕ).

٣) سەرچاوەی پێشوو، ٦/ ٦٢.

٤) زانای بلیمەت باوکی حوسەینی بەسڕی موعتەزیلی[1] کە لە ٤٣٦ک مردووە وتویەتی: ((مانای ئەوەی خوا حوکمی حەڕام و قەدەغەبوونی داوە، ئەوەیە کە کەسی ئەرکدار ئاگادار دەکاتەوە لە خراپی شتەکە))[2].

## پرسی دووەم: شوێنەوارە کردارییەکانی کرداری بە چاکدانان و بە خراپدانانی ژیرانە[3]

بە چاکدانان و بە خراپ دانانی ژیرمەندانە، چەندین شوێنەواری بیروباوەڕی هەیە، کە پوختمان کردۆتەوە لەو دانراوەماندا کە بە (بیرۆکەی یاسای سروشتی لای موسڵمانان) ناونراوە، ئێمە لێرەدا کارمان پێ نییە. سەبارەت بە شوێنەوارەکانی لە ڕووی کردارییەوە ئەوا لە دوو باسدا پوختیان دەکەینەوە: یەکەمیان: کردەوە سەرچاوەی حوکمە. دووەم: بوونی شەریعەتێکی ژیرانە.

### باسی یەکەم: کردەوە سەرچاوە و چاوگی حوکمە

---

١) ناوی باوکی حوسەینی محەممەدی کوڕی عەلی کوڕی تەیبی موعتەزیلییە، ساڵی ٤٣٦ک کۆچی دوایی کردووە. ئەوەندە بەسیەتی کە خاوەنی کتێبی: (المعتمد)ە لە زانستی بنەماکانی فیقهدا.

٢) أبو الحسين البصري. المعتمد في الأصول. دمشق: ١٩٦٥، ٢/ ٩.

٣) بگەڕێوە بۆ دانراوەکەمان: فكرة القانون الطبيعي عند المسلمين، سەرچاوەی پێشوو، ٨١.

لەوەی ڕابردوو ئەوە ڕوون بووەوە کە کردەوەکان هەندێك بەهای چەسپاو هەڵدەگرن، لە ڕووی باش یان خراپ، حوکمیش درەوشانەوەی ئەو ڕووەیە کە لە کردەوەکەدایە.

لەگەڵ ئەوەی موعتەزیلەکان و زانایانی زانستی فیقهـ تاوتوێی ئەم پرسەیان نەکردووە لە چوارچێوەی بابەتێکی سەربەخۆدا؛ بەڵام لە میانەی دەربڕینەکانیاندا بە شێوەیەکی ژیربێژانە و ڕۆشن دەرکەوتووە، زانای بلیمەت عەبدولجەباری موعتەزیلی وتویەتی[1]: ((ئەم حوکمانە هیچ کاریگەریەکی بکەریان تێدا نییە، تەنانەت بە کاریگەریەکەش نابەستڕێنەوە، ناشدرێنە پاڵی بەڕووی ڕاستەقینە؛ بەڵکو حوکمەکە چەسپاوە بە ڕوودانی کردەوەکە بە ڕووی خۆی. جا ئەگەر کردەوەکە بەپێی ئەو ڕووە ڕوویدا کە هەیەتی یان لە پێناو ڕووەکەی ڕوویدا، ئەوا بە چاك یان خراپ دادەنرێ، ئەو کاتە پێویست دەبێ چاك یان خراپ بێ، بکەرەکە بیەوێ یان نەیەوێ، هیچ کاریگەریەکی لەمەدا نابێ. لەمەوە ڕوون دەبێتەوە ئەم حوکمانە کە بریتین لە واجب و خراپ و چاك و باش بوون کۆمەڵە حوکمێکن بەپێی دۆخی کردەوەکە پێویست کراون. حوکمی کردەوەکان حوکمی دۆخەکانیانە. ئەم حوکمانە لەگەڵ کردەوەکان وەك هۆ و دەرەنجامیان لێهاتووە)).

---

[1]) عبدالجبار المعتزلي. المغني في العدل والتوحيد، ٦/ ٧.

زانای بلیمەت ئیبن تەیمیە لە میانەی ڕوون کردنەوەی حوکمی درۆ ئاماژەی بەم واتایە کردووە، جا وتویەتی[1]: ((ئەوەش کە بە عەقڵ خراپ و پەستی چەسپاندووە، حوکمەکانی بۆ خودی کردەوەکان گێڕایەوە، ئەوا لەبەر خودەکەی کردەوەکەی بە خراپ داناوە)). لەسەر ئەمە ئەو قسەیە دەچەسپێ کە دەڵێت سەرچاوەی حوکم دۆخ و خودی کردەوەیە، هەر یەکێکیش بە جیا گوزارشتی لێکردووە، سەرچاوەی حوکمەکە نە شەرعە و نە ژیری.

لەلای موعتەزیلەکان کردەوە ئەوەیە کە ڕوویداوە و کەسانی دیکەش تواناییان بەسەردا دەشکێ. عەبدولجەباری موعتەزیلی بە تێروتەسەل باسی کردووە، جا وتویەتی[2]: ((کردەوە یان ئەوەتا ڕوودەدات، هیچ خەسڵەتێکی زیادەی نییە لەسەر ڕوودانەکەی (ڕووداوێکی ڕووتە) لە بنەڕەتدا، یان خەسڵەتێکی زیادەی هەیە لەسەر ڕوودانەکەی. یەکەمیان ئەو جوڵە و قسە کەمەیە کە لەسەر زمان و ئەندامەکانی ئەو کەسەوە ڕوودەدات، کە لە بیری چووەتەوە یان خەوتووە، سوود یان زیانی تێدا نییە؛ ئەگەر یەکێك لەم دووانەشی تێدابوو، کە سوودە یان زیان، ئەوا دەتوانرێ بەپێی ئەوەی هەڵیدەبژێرین بە چاك یان خراپ ناوی بنێین؛ ئەگەر سەرزەنشت و ستایش تێیدا نەچەسپێن، ئەوا یان ئەوەتا خەسڵەتێکی زیادەی هەیە لەسەر ڕوودانی، ئەمەش یان ئەوەتا لە

---

1) ابن تيمية، المسودة في أصول الفقه، ٢٣٣.

2) عبدالجبار المعتزلي. المحيط بالتكليف. ٢٣٠.

کەسێکەوە ڕوودەدات کە زانایە پێی، یان لە کەسێکەوە کە نەزانە؛ ئەگەر لەلایەن کەسێکەوە ڕوویدا کە نەزان بێ و توانای زانینیشی نەبێ، ئەوا حوکمی لەسەر نییە. ئەمە مەبەستی باسەکەمان نییە. ئەگەر لەلایەن کەسی زاناشەوە ڕوویدا ئەوا یان ئەوەتا ڕوودەدات بەبێ پەنابردن و ناچارکران یان بە ناچارکران و پەنا بۆبردن، ئەوەی دووەمیان هیچ حوکمێکی نییە لەوەی مەبەستمانە. لە کاتی ئەم دابەشکردنەدا پێویستە قسە لەسەر ئەو کردەوەیە بکرێ کە لەلایەن کەسی زاناوە ڕوودەدات یان توانای بەسەردا دەشکێ بەبێ ناچارکران)).

پوختەکەی ئەوەیە کە کردەوە دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ حوکمی شەرعی، نەوەك تەنها ڕووداوێکی ماددی بێ، بەڵکو ئەو کردەوەیەیە کە سەرنجی کۆمەڵگە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ؛ بەشێوەیەك کە دەبێتە شوێنی ڕێزلێنانی یان ڕاستکردنەوەی، بەهۆی ئەو شوێنەوارەی جێی دەهێڵێت لەسەر تاك و کۆمەڵگە. بە گوزارشتێکی تر کردەوە بەرپرسیارە. ئەمەش دەستەبەر نابێ مەگەر دوو مەرج فەرهەم ببن، کە بریتین لە زانین، واتە بکەر پەیی بە سروشتی ئەو کردەوەیە ببات کە ئەنجامی دەدات، دووەمیان ئازادیە، واتە سەرپشك بێ لە ئەنجامدانی کردەوەکە.

حوكم دەگۆڕێ بە گۆڕانی سروشت و ڕووی کردەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە[1]:

یەکەم: خراپ، ئەو کردەوەیەیە کە بکەرەکەی شایستەی سەرزەنشت و سزایە. بەرپرسیارێتی پێویست دەکات. نموونەی بۆ دەهێنرێتەوە بە ستەم، بە تاوان و قەدەغەکراو و حەڕام و گوناە وەسف دەکرێ.

دووەم: واجب و پێویست، ئەو کردەوەیە، ئەوەی نەیکات شایستەی سەرزەنشت و سزایە، ئەوەش دەیکات شایستەی ستایش و پاداشتە. نموونەی بۆ دەهێنرێتەوە بە ویژدان و دادگەری.

سێیەم: سوننەت[2]، ئەو کردەوەیەیە، کە بە نەکردنی مرۆڤ شایستەی سەرزەنشت نابێ، بەڵام بکەرەکەی شایستەی ستایشە، سوودەکەشی تەنها بۆ بکەرەکەیە.

چوارەم: چاکەکاری، ئەو کردەوەیەیە، ئەوەی نەیکات شیاوی سەرزەنشت نابێ، ئەوەش کە دەیکات شایستەی ستایشە، سوودەکەی بۆ ئەوانی دیکەشە نەك تەنها بۆ خودی بکەرەکە.

پێنجەم: ڕێپێدراو، ئەو کردەوەیەیە کە هیچ دەروازەیەکی نییە لە شایستەبوون بۆ ستایش یان سەرزەنشت.

---

(١) عبدالجبار المعتزلي. المغني في العدل والتوحيد، ٦/ ٧.

(٢) بە زاراوە فیقهییەکەی. (وەرگێڕ).

**باسی دووەم: بوونی شەریعەتێکی ژیرانە**

چەمکی شەریعەتیژیرانە لە کتێبی (الملل و النحل)ی دانراوی زانای بلیمەت شەهرستانیدا هاتووە، ئەمەش دەقەکەیەتی[1]: ((جوبائی و کوڕە موعتەزیلەکانی شەریعەتی ژیرانەیان چەسپاندووە، شەریعەتی پێغەمبەریان بۆ حوکمە ئەندازەکراوەکان و دیاریکەری کاتی پەرستشەکان گێڕاوەتەوە کە هیچ ژیریەك و هزرێك پەیی پێنابات)).

بەڵام زانایانی شیعە ئەم گوزارشتەیان بۆ ئەم چەمکە پێ باشترە ((بەڵگەی ژیری "عەقڵی" و سەربەخۆیە ژیرییەکان))، هەروەك لەو دانراوانەیاندا دیارە کە لەم بابەتە دەکۆڵنەوە.

جا مادەم حوکم دەرەوشانەوەی ئەوەبێ کە لە کردەوە و ڕووداوی سەرپشکیدا هەیە لە ڕووی چاك یان خراپ کە ژیری پەیی پێببات، ئەوا ئەمە بەبێ چەند و چوون وادەخوازێ کۆمەڵە حوکمێکی عەقڵی هەبێ سەرباری شەریعەتی ئاینی کە چرەی ئەو حوکمانە دەکات کە دەرەوشانەوەی ئەو بەرژەوەندییە یان خراپە و زیانەن کە لە کردەوەدا هەن و ژیری درکیان پێ ناکات، بەڵام شەرع دەریان دەخات. لێرەدا ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەوروژێنرێن:

- بناغەی پێوەپابەندبوون بەم شەریعەتە ژیرانەیە چییە؟

---

[1]) ابن حزم. الملل والنحل. القاهرة: المطبعة الأدبية، ١٣١٧ك، ٢، ١٥٥.

- پەیوەندی نێوان شەریعەتی ژیرانە و شریعەتی ئاینی چییە؟
- چوارچێوەی کرداری ئەم شەریعەتە ژیرانەیە چییە؟

هەوڵدەدەم لەم بڕگانەی دواتردا وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی هەڵوەستەم لەسەر کردووە لە کتێبەکانی موعتەزیلەکان و زانا شیعەکانی زانستی بنەماکانی فیقە، بەپێی ئەو ڕزبەندییەی خرایەڕوو.

**یەکەم: بناغەی پێوەپابەندبوون بەم شەریعەتە ژیرانەیە**

شتێکی چەسپاوە پابەندکردن یەکێکە لە گرنگترین کۆڵەگەکانی بنچینە و ڕێسای شەرعی و یاسایی. ئایا بناغەی پێوە پابەند بوون بەو شەریعەتە چییە کە بە شەریعەتی ژیرانە ناونراوە؟

بناغەی پێوە پایەند بوون ئەوەیە کە ژیری پەیی دەبات بە بەهای خودی کردەوەکە لە چاکبوون یان خراپ بوونی، بەمەش ڕەگەزێکی ماددی لە کردەوەدا ئاشکرا دەکات. لەبەر ئەوەی خوا زانایە ئەوا ئێمە بێ چەند و چوون حوکم دەدەین بەوەی ئەوەی ژیری پەیی بە چاکی و باشیەکەی بردووە ئەوا خواش بێ گومان زانیویەتی چاکە. جا لەبەر ئەوەی خوا هەردەم کاری هەرە شیاو دەکات، دەبێ فەرمان بە پێویست و واجب بوونی بکات یان فەرمان بە چاك بوونی دەربکات. هەمان شتیش سەبارەت بە خراپە.

ئەو پوختەیە لەوە هەڵدەهێنجین کە بنچینەی پێوەپابەندبوونی شەریعەتی ژیرانە بریتییە لە گونجان و یەکگرتنی یان گریمانەکردنی یەکگرتنی لەگەڵ حوکمە خواییەکان.

## دووەم: پەیوەندی نێوان شەریعەتی ژیرانە و شەریعەتی ئاینی

لەوەی پێشتر خرایەڕوو ئەوە ڕوون بووەوە کە لێرەدا بەیەکەوە لکانێك هەیە لە نێوان حوکمی ژیرانە و حوکمی شەڕعی. ئەمەش ئەو شتەیە کە زانایانی موعتەزیلە و شیعە لە توێژینەوە ژیرانە (عەقڵی)یەکانیاندا دووبارەی دەکەنەوە. ئەو پەیوەندیەی ئەم دوو شەریعەتە بەیەکەوە دەبەستێتەوە بەیەکەوە لکانە؛ بەو واتایەی هەر شتێك ژیری حوکم پێ بکات شەریعیش حوکمی پێ دەکات.

لە خوارەوەدا هەڵدەستم بە گوڵبژێری هەندێك وتە لە ناو دانراوەکانی گەورە زانایانی دادگەرا، واتە موعتەزیلە و شیعە، وتەی ئەو زانایانەیان کە پسپۆرن لە زانستی بنەماکانی فیقهدا، بۆ ڕیشەدارکردن و بە بنەماکردنی ئەم بیرۆکە.

أ- زانای بلیمەت باوکی حوسەینی بەسڕی موعتەزیلی دەڵێت[1]:

((سەبارەت بە گەیشتن بە حوکمە شەڕعییەکان، ئەوا کۆششکار "مجتهد" بیەوێ حوکمی ڕووداوێك بزانێت، ئەوا دەبێ تەماشا

---

[1]) أبو الحسين البصري، سەرچاوەی پێشوو، ٩٠٨.

بكات حوكمی ئەم ڕووداوە لە ژیری و عەقڵدا چییە، دواتر سەیر بكات كە ئایا دروستە حوكمی ژیری تێدا بگۆڕێت؟ ئایا لە بەڵگەكانی شەرعدا ئەوە هەیە كە پێشخستنی ئەم حوكمە بخوازێ یان نا؟ ئەگەر ئەوەی دەستنەكەوت لە شەرعدا كە حوكمەكە لە ژیریەوە بگوازێتەوە، ئەوا بە حوكمی ژیری و عەقڵ بڕیار دەدات. مەرج لەمەدا زانینیەتی، بەوەی ئەگەر بەرژەوەندی گۆڕا لەوەی ژیری دەیخوازێت؛ ئەوا بۆ خوا دروست نەدەبوو ئێمەی پێی ئاشنا نەكردبا. ئەگەر لە شەرعدا شتێكی بەدی كرد ئاماژەبێ بۆ گواستنەوە حوكمەكە، ئەوا ئەویش حوكم بە گواستراوەكە دەكات؛ چونكە ژیریەكان ئاماژەیان بەم حوكمانە كردووە بەو مەرجەی بەڵگەیەكی شەرعی ئێمە لێی لانەدات)).

مەبەستی ئەم دەقە ئەوەیە كە ئەگەر كۆششكار (دادوەر) ڕووبەڕووی ڕووداوێكی دیاریكراو بووەوە، خرایەپێشی بۆ ئەوەی حوكمی لەسەر بدات، ئەوا دەبێ سەرەتا بڕوانێتە سروشتی ڕووداو لە ڕووی شوێنەواری لە پەیی پێبردنی ژیریدا، ئایا لەو شتانەی كە ژیری تیایدا سەربەخۆیە؟ بەپێی گوزارشتی زانایانی شیعەی پسپۆڕی زانستی فیقه. واتە: ئایا لەو شتانەیە كە ژیری پەیی بە حوكمەكەی دەبات بە سروشتی وەك باشی داد و خراپی ستەم، ئایا لەو شتانەیە كە هەرگیز حوكمی ژیری تێدا

ناگۆڕێت؟ دواتر لەسەری پێویستە بڕوانێت و وردببێتەوە لە بەڵگەکانی شەرعدا، کە وادەخوازێ حوکمەکە پێشبخرێ یان نا؟ ئەگەر دادوەر حوکمی شەرعی لە سەرچاوە شەرعییەکاندا دەست نەکەوت، ئەوسا پەنا دەباتەبەر ژیری، بەپێی عەقڵ حوکم دەکات، ئەو حوکمە عەقلی و ژیرییەی لە ژیریەوە هاتووە دەبێتە حوکمێکی شەرعی.

لەمەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە حوکمی شەرعی لکاوە بە حوکمی ژیریەوە، بەو مەرجەی لە شەرعدا بەڵگەیەك نەیەت پێچەوانەی حوکمی ژیری. لەوانەیە ئەم تێکگیرانە ڕووبدات لە کاتی ڕەچاوکردنی بەرژەوەند و زیانی شەرعی[1] و لە ڕێپێدراوە شەرعییەکاندا کە بەشی هەیە لە بەخشندەیی و لوتفدا، وەك سەربڕینی ئاژەڵان و هاوشێوەی ئەمە[2].

ئەمەی پێشوو پرسیارێکی وروژاند کە ئەمەش ناوەڕۆکەکەیەتی[3]: ((ئەگەر وتتان: ئەو حوکمانەی بە دەقی شەرعی یان بە هەڵهێنجان زانراون کە حوکمی شەرعین، هەر وتیشتان: گشت حوکمەکانی ژیری حوکمی شەرعین، ئەگەر لەڕێی بەڵگە شەرعیەکانیشەوە نەهاتبێن. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە وتوتانە: گشت حوکمەکان شەرعین. ئەگەر ئەمەتان وت، ئەی

---

1) سەرچاوەی پێشوو، ٨٨٦.

2) عبدالجبار المعتزلي. سەرچاوەی پێشوو، ١٧/ ١٤٢.

3) عبدالجبار المعتزلي. سەرچاوەی پێشوو، ١٧/ ١٤٢.

چۆن دەڵێن: دوو جۆری حوکم هەیە، حوکمی ژیری و عەقڵ و حوکمی شەرعی؟)).

زانای بلیمەتی موعتەزیلی بەسرِی بەم وتەیەی وڵامی داوەتەوە، جا وتویەتی[1]: ((وەسف کردنی حوکم بەوەی شەرعییە، بەپێی دوو ڕوو دەبێت، یەکێکیان مەبەست لێی ئەوەیە کە بە دەقی شەریعەت بەدەستهاتووە، یان بە چەند کردەوەیەك کە تیایدا هاتووە، یاخود تەنها بە هەڵهێنجان لێی. ئەوەی تریان بە خۆگرتنەوەی شەریعەت لە گواستنەوەی بەپێ داخوازی ژیری و عەقڵ. ئەگەر وتمان: حوکم هەیە ژیریە و حوکمیش هەیە شەرعییە، ئەوا مەبەستمان ڕووی یەکەمە)).

ب- زانای بلیمەت باوکی قاسمی قومی لە کتێبەکەیدا (القوانین) دەڵێت[2]: ((بەڵگەی ژیری بریتیە لە حوکمی ژیری کە هۆی گەیشتنە بە حوکمی شەرعی، لە زانین و شارەزابوون لە حوکمی ژیری دەچێتە سەر شارەزابوون لە حوکمی شەرعیدا)).

هەر لەم چوارچێوەیەدا قومی وتویەتی: ((لەوانەیە ژیری پەیی ببات بە چاکە لە شتێکدا و ڕازیش نەبێ فەراموش بکرێ و جێبەجێکردنیشی پێویست بکات، لە هەندێك شتدا درك بە خراپەیەك بکات، بەمەش حوکمی فەراموش کردنی شتەکە

---

1) عبدالجبار المعتزلي. سەرچاوەی پێشوو، ١٧/ ١٤٢.

2) عبدالجبار المعتزلي. سەرچاوەی پێشوو، ١٧/ ١٤٢.

بدات، لەوانەیە دروست بێ لە بەشێکی شتەکەدا فەرامۆش بکرێ و لە بەشێکیشیدا ئەنجام بدرێ. بەهەمان شێوە ژیری پەیی بەوە دەبات کە هەندێك لەم کردەوانە خوا ڕازی نییە فەرامۆش بکرێن، دەیەوێ بەندەکانی پیادەی بکەن بە ناونیشانی پێوە پابەندبوون، هەشیانە خوا ڕازییە ئەنجام بدرێ، بە ناونیشانی پێوە پابەندبوون، ئەم کردەوەیە لەوانەیە کە شایستەی سزا و پاداشتە، جا ئەگەر چاك بێ ئەوا پاداشتی دەداتەوە، ئەگەر خراپیش بێ ئەوا سزای دەداتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە داوامان لێکراوە کردەوە بکەین و نەکەین بەپێی زمانی ژیری و عەقڵ؛ هەروەك چۆن پێغەمبەر دیارە و حوکم و فەرمان و ڕێگریەکانی خوا ڕوون دەکاتەوە، بەهەمان شێوە ژیریش ئەمە ڕوون دەکاتەوە. هەر کەسێك ژیری خۆی کردە دادوەر سەبارەت بە بوونی بنەمای دانای بە توانای دادوەری بەدیهێنەری جیهان، ئەوا بڕیار دەدات کە خوا سزای ئەو بەندە بەهێزە دەدات بەهۆی ئەوەی ستەمی لە بەندەی بێهێز و لاواز کردووە.

لە هەمان چوارچێوەدا قومی وتویەتی: ((کورت کردنەوەی گوێڕایەڵی و سەرپێچی لە گونجان لەگەڵ گوتاری بێژەیی و دژبوون لەگەڵی بانگەشەیەکی بێ بەڵگەیە؛ بەڵکو بریتین لە گونجان لەگەڵ داوای یاسادانەر و سەرپێچی کردنی؛ ئەگەر داواکەش بە زمانی عەقڵ و ژیری بێ؛ چونکە ئەوەی بانگەشەی

پێویستبوونی گێڕانەوەی سپاردە و قەدەغەبوونی ستەم دەكات، بە سەلمێنراوی و بڕاوەیی بانگەشەی ئەوە دەكات كە خوا ئەوی دواندووە بە زمانی ژیری و عەقڵ. جا چۆن دەبێ بە گومانەوە كار بە گوتاری خوا و داواكەی بكرێ، نابێ كار بكرێ بەشتێ بكرێ سەرباری ئەوەی دڵنایی لەسەر هاتووە)).

ت- شێخ محەممەد ڕەزا مزەفەڕ وتویەتی[1]: ((ڕاستی ئەوەیە بە یەكەوە لكان چەسپاوە بەپێی ژیری، ژیری ئەگەر حوكمیدا بە چاك یان خراپی شتێك، یاخود ئەگەر بۆچوونی تێكڕای ژیرمەندان كۆك بوو لەسەر چاكی شتێك، بەهۆی ئەوەی پاراستنی سیستەم و مانەوەی جۆری تێدایە یان كۆك بوون لەسەر خراپییەكەی بەهۆی ئەوەی كەم و كورتی دەخاتە ناو سیستەم و مانەوەی جۆری دووچاری هەڕەشە دەكاتەوە، ئەوا ئەمە دەبێتە پێشەكی بۆچوونی هەمووان. دەبێ یاسادانەریش هەمان حوكمی ئەوان دەربكات، چونكە لەوانە یان سەركردەیانە. ژیر و شارەزایە بەو شتەی كە هەیە؛ تەنانەت خۆی بەدیهێنەری ژیریە، وەك هەموو ژیرمەندان، دەبێ ئەو حوكمە دەربكات كە ئەوان دەری دەكەن. ئەگەر وادابنێین بەشدار نابێ لە حوكمی ئەواندا، ئەوا ئەو حوكمە نەدەبووە

[1]) المظفر. أصول الفقه، طبعة النجف، ٢/ ٢٢٧.

سەرەتای بۆچوونی هەمووان. ئەمەش پێچەوانەی مەبەستەکەیە)).

**سێیەم: چوارچێوەی کرداری شەریعەتی ژیرانە**

مەبەستم لەوە دیاریکردنی ئەو پەیوەندیانەیە کە ئەم شەریعەتە دیاری دەکات، جا بەشێوەیەکی سەربەخۆ یان بە هاریکاری لەگەڵ شەریعەتی خوایی، هەروەها دیاری کردنی جۆری ئەو پرسانەی دەوروژێنرێن لە باوەشی دەسەڵاتی ژیریدا. بۆیە ئەم توێژینەوەیە پێویستی بەم وردەکار و درێژەپێدانەی خوارەوەیە:

**أ- ئەو پەیوەندیانەی کە شەریعەتی ژیرانە بەشێوەیەکی سەربەخۆ هەڵسوکەوتی تێدادەکات**

دیاریکردنی ئەم پەیوەندیانە لەگەڵ بیروباوەڕە ئاینیەکان، کە پێش پرسە شەرعییەکانی تر دەکەون، لە ژیریدا بەڵگەی لەسەر هەبووە، زانینی ڕاست و دروستی شەرع وەستابووەتە سەر زانین و شارەزابوون لەم پەیوەندیانە، وەك: ناسینی خوا و سیفەتەکانی، زانینی ئەوەش کە خوا بێ نیازە و شتی پەست و نزم ناکات.

مادەم زانینی ڕاست و دروستی ئایین وەستابێتە سەر ناسینی خوای مەزن، ئەوا ژیرانە نییە باوەڕبوون بە خوا بوەستێتە سەر ڕاست و

دروستی ئایین؛ چونکە ئەو کاتە پێویستی بە بیرۆکەی خولی ئەستەم دەبێ. پرسەکانی ئیمان و باوەڕ بەشێوەیەکی پلەیەك پرسی ژیری و عەقڵین.

لەم بارەوە زانای بلیمەت باوکی حوسەینی بەسڕی وتویەتی[1]: ((بزانە ئەو شتانەی بە بەڵگە زانراون، یان ئەوەتا دروستە تەنها بە ژیری بزانرێن، یاخود تەنها بە شەڕع، یاخود بە شەڕع و ژیری. ئەوەی تەنها بە ژیری دەزانرێ، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە ژیریدا بەڵگە لەسەری هەیە و زانین ڕاست و دروستی شەڕع وەستابێتە سەر شارەزابوون و زانینی ئەو، وەك: ناسینی خوا و سیفەتەکانی و ئەوەی خوا بێ نیازە و کاری پەست و نزم و خراپ ناکات)).

## ب- ئەو پەیوەندیەی کە شەریعەتی ژیرانە بە هاوکاری لەگەڵ شەریعەتی ئاینی هەڵسوکەوتی تێدا دەکەن

لێرەدا چەندین بواری فراوان هەیە لە بیروباوەڕ و هەڵسوکەوت و مامەڵەدا کە هەر دوو شەریعەتەکە یەك حوکمیان لە بارەوە هەیە، زانای بلیمەتی بەسڕی بەمەی خوارەوە دیاری کردووە[2]: ((هەر شتێك لە ژیریدا بەڵگەی لەسەر هەبێ، زانینی ڕاست و دروستی شەڕع نەوەستابێتە سەر زانینی ئەو)) وەك چۆن ئەمە دەبینرێ لە باوەڕبوون

---

(1) أبو الحسين البصري، سەرچاوەی پێشوو، ٢٢٧.

(2) سەرچاوەی پێشوو، ٨٨٦.

بەوەی خوا تاك و تەنهایە، گوێڕایەڵی کردنی پێویستە. لە هەڵسوکەوت و مامەڵەشدا نموونەی بۆ دەهێنرێتەوە بە پێویست بوونی گێڕانەوەی سپاردە، ڕەوایی سود وەرگرتن لەوەی زیانی بۆ کەس تێدا نییە.

هەندێکیان پرسیارێکیان لێرەدا وروژاندووە کە ئەمەش ناوەڕۆکەکەیەتی: سوودی بوونی حوکمی شەڕع چییە لەو بوارانەی ژیریی پەیی بە حوکمەکانی دەبات؟ بە گوزارشتێکی تر: ئایا حوکمی شەڕع لەم بوارانەدا حوکم دادەمەزرێنێ؟ لە وەڵامدا شێخ موزەفەر وتویەتی[1]: ((لە ڕاستدا هاتنی حوکمی شەڕع بۆ ڕێنیشاندانە، وا دادەنرێ کە حوکمی ژیری بەسە بۆ بانگهێشت کردنی کەسی ئەرکدار بۆ کاری چاك، پێویست بە بانگهێشکەر ناکا لەلایەن خواوە. بەم پێیە هەر فەرمانێك لەسەر زمانی شەڕع بهێت لە بوارانەی ژیری تێدا سەربەخۆیە، دەبێ شەڕع جەخت لەسەر حوکمی ژیری بکاتەوە نەوەك حوکم دابمەزرێنێ)).

بە هەمان شێوەی ئەم بۆچوونە قازی موعتەزیلی وتویەتی[2]: ((ئەوەی نزیکترە لە بەڵگە بیستراوەکان ئەوەیە کە ئاماژە بەو حوکمانە دەکەن کە لە ژیریدا دانەنراون...)) واتە: ژیری لە ئاستیاندا دەوەستێت. مەبەستی لە بابەتەکانی خوارپرستییە، کە ژیری ناتوانێ پەیی بە واتاکانی ببات. لە دەقێکی تردا دەڵێت: ((بزانە ئەم حوکمە

---

[1] المظفر. سەرچاوەی پێشوو، ٢٣٧.

[2] عبدالجبار المعتزلي. المغني في العدل والتوحيد. سەرچاوەی پێشوو، ١٧/ ١٥١.

زانراونەی کردەوەکان، ئەگەر بە ژیری زانراو بن، ئەوا دەدرێنە پاڵی، دەوترێ حوکمەکانی ژیری و عەقڵین. ئەگەر بە بیستن و خەبەر زانراو بن ئەوا پێی دەوترێ حوکمی بیستراو)).

**پ- جۆری ئەو پرسانەی دەخرێنە بەردەم ژیری بۆ حوکمدان لەسەری[1] موعتەزیلە قسەیان لەسەر سێ پلەی دەسەڵاتی ژیری کردووە سەبارەت بە حوکمدان**

یەکەمیان: پلەی هەرە پێویست، ئەو پرسانەن کە ژیری حوکمیان دەزانێ بەبێ ماندووبوونی هزر و بیر. پێویستییە ژیرییەکان لەلای ئەوان بریتییە لە بناغەی بەرپرسیارێتی مرۆڤ، بە دوو شت دیاری دەکرێن، یەکەیان ئەوەیە کە ژیری پێ کامڵ و تەواو دەکرێ. لەوانە زانین و شارەزابوون بە بنچینەکانی شتی خراپ و پێویست "واجب" و چاکەکان. دووەمیان ئەوەی بەشێکە لە بنچینەی ئاماژەکان. لەم بارەوە دەڵێت: بنچینەی ئاماژەکان لەسەر پێویستبوونی ڕوانین لە ناسینی خوای پاك و بێگەر بریتییە لە دروست بوونی ترس لە فەرامۆشکردنی. لە ژیریدا جێگیربووە کە وەلانانی زیان لەسەر خود شتێکی زانراوە یان ئەندێشەکراوە، بناغەی ئاماژەکردن بۆ ئەوەی مرۆڤ داهێنەری کردەوەکانیەتی واتە دروستکەری کردارەکانیەتی لە لای موعتەزیلە، لە کاتی پێوە وابەستەبوونی کردەوەکە بەوەوە، بەرجەستەبوونی

(1) بگەڕێوە بۆ دانراوەکەمان: فکرة القانون الطبیعي عند المسلمین. سەرچاوەی پێشوو، ٩٥.

کردەوەکە بەپێی مەبەست و داخوازیەکانی. ئەمەش بەشێکە لە کۆی گشتی کاملێتی ژیری کە مرۆڤ بۆ بەرپرسیارێتی دەپاڵێوێت.

پلەی دووەمیش ئەو پرسە تیۆریانەن کە ژیری درك بە حوکمەکەیان دەکات دوای وردبوونەوە و ڕامان.

لێرەدا هەندێك پرسی پەرستشی هەن، کە ژیری درکیان پێ ناکات بەبێ پشت بەستن بە سروش و نیگا. ئەمەش پلەی سێیەمە، کە ناکەوێتە ناو بازنەی دەسەڵاتی ژیری، زانای بلیمەتی بەسرِی موعتەزیلی بەم وتەیەی نموونەی بۆ هێناوەتەوە، جا وتویەتی: ((شتێکی زانراوە کە بە ژیری نازانین ئەو کەسە شایستەی سەرزەنشتە کە ڕۆژووگرتنی لە یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی دواخستووە، ئەوەش کە پێشی خستووە شایستەی نییە، بەهەمان شێوە بە ژیری نازانین جیاوازی یەکەم ڕۆژی ڕەمەزان لەگەڵ ڕۆژی پێشتری چییە، لەو ڕووەی کە لە واجب بووندا جیاوازی دەخوازێ))[1].

زانایانی شیعە ئەوانەی پسپۆرن لە زانستی بنەماکانی فیقهدا هەمان شتیان وتوە، پرسە تیۆریەکانیان بە شتە ناودارەکان تایبەت کردووە. ئەویش ئەو پرسانەن کە ڕاو بۆچوونی کەسانی ژیر لە خەڵك لەسەری کۆکن[2].

---

(1) أبو الحسين البصري. سەرچاوەی پێشوو، ٨٨٩.

(2) بڕوانە دانراوەکەمان: فكرة القانون الطبيعي عند المسلمين. سەرچاوەی پێشوو، ٩٦.

## پرسی سێیەم: گرنگی دادوەربوونی ژیری لە نوێسازیدا

لە توێژینەوەی بە چاك و خراپ دانانی ژیرانە لە قوتابخانە جیا جیاکانی ئیسلامیدا، ئەوە دەردەکەوێ کە سەبارەت بەمە بۆ دوو ئاڕاستە دابەشبوونە؛ ئاڕاسەیەکی ڕووکاری و ڕووکەشی کە تەنها لەسەر دەق وەستاوە، ئاڕاستەیەکی بابەتی کە سەرەتا لەسەر تێگەیشتنی شتەکان وەستاوە.

شتێکی زانراوە کە ئاڕاستەی ڕووکاری گیان و ڕۆحی لاساییکردنەوەیە، گەشە بە داهێنان نادات. بەڵام ئاڕاستەی بابەتی گەشە و نەش و نما دەدات بە تێڕوانین و ڕەچاوکاری و توێژینەوەی زانستی ڕەسەن.

وەك دامەزراندن لەسەر ئەم بیرۆکەیە، باسی ئەو هۆکارانەم کردووە کە بوونەتە هۆی دواکەوتنی ئوممەتی ئیسلامی لە کاروانی شارستانیەت و باسی ئەوەشم کردووە کە دوو هۆکاری مەترسیدار بارودۆخی کەڵتوری و ڕۆشنبیری ڕاکێشاوە بەرەو دۆخی نەخوازراو لە ئێستا و داهاتوودا. هۆکاری یەکەم ئەوەیە کە کەلتوری ئیسلامی هاوچەرخ هێشتا هۆگری کەڵتوری هاریکاری نەبووە لەگەڵ ئەوانی تر بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی؛ بەڵکو هێشتا لە قۆناغێکدایە کە کەلتوری هاوردە لە کۆمەڵگەی موسڵماندا نامۆیە، لەگەڵ ئەوەی دانایيەکی زۆر بەسوودە و پەیمانێکی پابەندکەرە، بەپێی

ڕەزامەندی دەوڵەتانی ئیسلامی لەسەر پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان. سەبارەت بە هۆکاری دووەم ئەوا هۆکارێکی هزری کەلتوریە، تێکەڵ بەلایەنی بیروباوەڕی بووە کە هۆشیاری دەستە و کۆمەڵی جەماوەری ئوممەتی پێکهێناوە لە چوارچێوەی ئەندێشەی گوماندار لەبارەی ژیرمەندێتیەوە، هەروەها دژایەتیەکی داگیرساو لە نێوان ئایین و ژیریەوە، ئەمەش بەهۆی زاڵبوونی مەزهەبی ئەشعەرییەکانە لە پرسی بە چاکدانان و بە خراپدانانی ژیرانە. پوختەکەی ئەوەیە کە شتەکان لە خودی خۆیاندا نرخیان نییە، چاك ئەوەیە کە شەڕع بە چاکی دابنێ، خراپیش ئەوەیە کە شەڕع بە خراپی دابنێ. ئەمە واتای ئەوەیە کە هیچ بەهایەکی بابەتی لە دەرەوەی دانپێدانانی دەق بوونی نییە. هیچ شتێك لە خودی خۆیدا دادگەری نییە، هیچ شتێکیش لە خودی خۆیدا ستەم نییە. بەڵام جگەلەوان وەك موعتەزیلە و شیعەکان سەرباری بوونی جیاوازی لە نێوانیاندا لە دەرەنجام و وردەکاریدا دانیانناوە بەوەی کردەوەکان یان چاکن یاخود خراپن لە خودی خۆیاندا، بەهۆی چەند ڕەوچاوکاریەك تیایاندا.

زانایانی کەلام و زانستی بنەماکانی فیقه مێژگەردی زۆر و بۆری هزریان لەبارەی ئەم پرسە هەیە، کە سوودی بۆ خوێنەر نابێ لێرەدا؛ بۆیە پەنا دەبەمەبەر بەڵگەی سروشتی و خوارسکی بۆ چەسپاندنی بابەتیبوونی بەهاکان.

خوای پاك و بێگەرد فەرمانی پێکردووین بە کۆمەڵێك بەها و نموونەی باڵا و پێناسەشی نەکردوون؛ فەرموویەتی: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُ بِٱلۡعَدۡلِ ﴾ النحل: ١٦/ ٩٠. واتە: (بەڕاستی خوا فەرمان دەدات بە دادپەروەری). ئەم دادگەریەشی ڕوون نەکردۆتەوە؟ وردەکاریی دادگەری بە ژیری و ویژدانی ئێمە سپاردووە؛ چونکە بەهرەی پەیی پێبردن و جیاکاری لە ئێمەدا بەدیهێناوە، تەنانەت کردوویەتییە مەرجی بەرپرسیارێتی: ﴿ وَنَفۡسٖ وَمَا سَوَّىٰهَا ٧ فَأَلۡهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقۡوَىٰهَا ٨ ﴾ الشمس/ ٩١/ ٧ – ٨. واتە: (سوێند بە دەروون و ئەو زاتەی کە بە ڕێکو پێکی بەدیهێناوە. جا توانای خراپە و چاکە و خوانەناسی و خواناسی تێدا دابین کردووە). پێغەمبەری ڕێزدار پیشانی ئێمەی داوە کە چ هەستکردنێك بە چاکە و خراپە لە ناخی ئێمەدا هەیە، جا فەرموویەتی: ((چاکە ئەوەیە ناخ پێی ئاسوودە و دڵنیابێ، خراپەش ئەوەیە کە دەروون و ناخ پێ سەغڵەت و ڕاڕا بێ)).

لەگەڵ بەهێزی بەڵگە ژیری و عەقڵی و خەبەری (نەقڵی)یەکان کە جەخت لەسەر متمانەبوون بە ژیری دەکەنەوە لە زانینی ڕاستینە و حەقیقەتی شتە چەسپاوەکان، دان دەنێ بەوەی دانایی، کە ئەندازەگیری ژیرانەیە بۆ شتەکان، بریتییە لە فێرکردنی خوایی: ﴿وَيُعَلِّمُكُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ ﴾ البقرة: ٢/ ١٥١. واتە: (فێری قورئان و حیکمەت و

داناییتان دەکات). ئەوا تێگەیشتنی ئەشعەری سەبارەت بە شێوەیی و ڕوکەشیبوونی بەهاکان زۆرێك لە شەڕعناسانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، بەدەمەوە هاتنی لە ژیری گشتیدا بەدی کرد، شێوەی هۆشیاری دەستە و کۆمەڵی کە هێزێکی فشارکەری پێکهێنا لەیەن چینی گشتیەوە هێشتا هەوڵی ئەو دەستەبژێر سەرچاوە و مەرجەعییەتە ڕەسەنانە لاواز دەکات لە زانکۆیە ئیسلامیە کۆنەکان و کۆڕبەندە فیقهییەکاندا؛ ئەو هەوڵانەی کە دەدرێن بۆ نوێکردنەوەی پەیڕەوی ئیسلامی کە دامەزراوە لەسەر دانایی و ژیرمەندی و لادانی سەغڵەتی و ئاسانکاری، هێشتا وا دەبینێ کە ڕاستکردنەوەی شتەکان بەبێ مۆڵەت پێدانی پێشوەختەی شەڕع بیدعە و گومڕاییە لە ئایندا؛ هەر چەندە شەڕع هەرگیز وا بڕیاری نەداوە.

ئا لێرەوە؛ توندڕەوی ونبوەکەی خۆی بینیەوە، ڕاستیەکانی سەراو ژێر کرد، سیاسەتی بنیاتنا لەسەر گومان و خەیاڵ، هەر چەندە پێشینان و هاوچەرخان بە یەکێك لە زانستەکانی دانایيان هەژمار کردووە: ﴿ إِنَّ ٱلظَّنَّ لَا يُغۡنِي مِنَ ٱلۡحَقِّ شَيۡـًٔا ﴾ یونس: ١٠/ ٣٦. واتە: (بەڕاستی گومانیش هیچ سوودێك بەخاوەنەکەی ناگەیەنێت لە بارەی حەق و ڕاستیەوە). دانایی و ژیری پەکخست، چینی گشتی هاندا دژی سەرچاوە و مەڕجەعییەتە فیقهییە فەرمییە ڕەسەنەکان. نامۆیی لەوەدا نییە شتی هەرە سەرسامکەر بهێنێ تا یەکێك دێ ڕاستییەکەی دەردەخات یان

پەیڕەوەکەی پوچەڵ دەکاتەوە، بەمەش توانای نامێنێ چیتر باوەڕدارە سادەکان فریو بدات.

پوختەی ئەوەی من دەمەویست بیڵێم ئەوەیە کە تێڕوانینی ئەشعەرییەکان سەبارەت بە ڕووکەشی بوونی بەهاکان و ڕیشەداکوتانی لە ژێری چینی گشتیدا و زاڵبوونی لە پەیڕەوی فەرمیدا سەریکێشا بۆ لاوازبوونی ڕۆڵی ژیری و عەقڵی ئیسلامی لە دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی مرۆڤایەتی.

شتێکی زانراوە کە شارستانیەتی بەرهەمی کەڵەکەبوونی شارەزایی و ئەزموونی ژیرمەندانە و پوختەی گوشراوی هزری مرۆییە لە گەڕان بە دوای سەرچاوەکانی ژیان و هێز و وزە. ئەگەر ئەم تێگەیشتنە لە سەرەتای دەرکەوتنی شکستی نەهێنابا، ئەو بیرۆکە و تێگەیشتنە ڕیشەی داکوتابا کە دەڵێ شت و کردەوەکان خاوەنی بەهای بابەتی خۆیانن، ئەوا ژیری و عەقڵی ئیسلامی بۆ ماوەیەکی درێژ مەشقی دەکرد لەسەر بەکارهێنانی هێزە داهێنەرەکانی لە دۆزینەوەی ئەو شوێنانەی هێزیان تێدا شاردراوەتەوە لە سروشتدا، شتی سەرسوڕهێنی دەهێنا کایە. پێشڕەوی شارستانیەتی ئیسلامی دەکرد بۆ زانست و لێبوردەیی و ڕووناکی. ئەم شتەش داناییە کە لە دەروازەی دواتردا بە ویستی خوا چارەی دەکەین.

# دەروازەی شەشەم

## دانایی لە چارەسەرکردنی پرس و کێشەکاندا

ماوەیەکە وشەی دانایی (حیکمەت) هەڵوەستەم پێدەکات، کە هاوپێچ لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا دێت، لە زیاتر لە دە ئایەتدا خراوەتە پاڵ قورئانی پیرۆز، هەروەك ئەم وشەیە لە چەندین ئایەتی دیکەدا بە تەنها هاتووە، منیش لێ ڕادەمێنم و ورد دەبمەوە، لە مەبەستەکان قوڵ دەبمەوە و بیریان لێدەکەمەوە. ئەمانەش چەند نموونەیەك لەم ئایەتانە:

﴿ رَبَّنَا وَٱبۡعَثۡ فِيهِمۡ رَسُولٗا مِّنۡهُمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَيُزَكِّيهِمۡۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴾ البقرة: ٢/ ١٢٩. واتە: (پەروەردگارا، بۆ ئەو خەڵکەی کە لە ئایندەدا دێن پێغەمبەرێك لە خۆیان ڕەوانە بکە، تا ئایەتەکانی تۆیان بەسەردا بخوێنێتەوەو فێری کتێبە پیرۆزەکەی تۆ "واتە: قورئان" و داناییان بکات، تا دڵ و دەروونیان لە ژەنگ و کردەوەیان لە ڕەوشتی ناپەسەند پاك بکاتەوە، بەڕاستی هەر تۆ خوایەکی باڵادەست و دانایت).

﴿ كَمَآ أَرۡسَلۡنَا فِيكُمۡ رَسُولٗا مِّنكُمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِنَا وَيُزَكِّيكُمۡ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَيُعَلِّمُكُم مَّا لَمۡ تَكُونُواْ تَعۡلَمُونَ ﴾ البقرة: ٢/ ١٥٩.

**واتە: (هەر وەکو "بۆ تەواو کردنی ناز و نیعمەتم" لە نێوتاندا پێغەمبەرێکم لە خۆتان بۆ ڕەوانە کردوون کە ئایەتەکانی منتان بەسەردا دەخوێنێتەوە، دڵ و دەروون و ڕواڵەت و ئاشکراتان خاوێن دەکاتەوە، فێری قورئان و حیکمەت و داناییتان دەکات، ئەو شتانەتان فێر دەکات کە هەرگیز خۆتان نەتاندەزانی).**

﴿ هُوَ ٱلَّذِي بَعَثَ فِي ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ رَسُولٗا مِّنۡهُمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمۡ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَإِن كَانُواْ مِن قَبۡلُ لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴾ الجمعة: ٦٢/ ٢. **واتە: (هەر ئەو زاتەیە لەناو خەڵکێکی نەخوێندەواردا پێغەمبەرێکی لە خۆیان ڕەوانە کرد، ئایەتەکانی قورئانەکەی ئەویان بەسەردا دەخوێنێتەوە و دڵ و دەروون و ڕواڵەت و ئاشکرا و نادیاریان پوختە دەکات، فێری قورئان و دانایی و شەریعەتیان دەکات، بەڕاستی ئەوانە پێشتر لەگومڕایی و سەرلێشێواویەکی ئاشکرادا گیریان خواردبوو).**

﴿ وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَمَآ أَنزَلَ عَلَيۡكُم مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَٱلۡحِكۡمَةِ ﴾ البقرة: ٢/ ٢٣١. **واتە: (یادی ناز و نیعمەتی خوا بکەنەوە لەسەرتان، هەروەها یادی ئەو شتانە بکەنەوە کە لە قورئاندا بۆتان ڕەوانە کراوە و دانایشتان بۆ دابەزێنراوە).**

﴿ يُؤۡتِي ٱلۡحِكۡمَةَ مَن يَشَآءُۚ وَمَن يُؤۡتَ ٱلۡحِكۡمَةَ فَقَدۡ أُوتِيَ خَيۡرٗا كَثِيرٗا ﴾ البقرة: ٢/ ٢٦٩. واته: (ئەوزاته بەهەر کەس بیەوێت و "شایسته بێت" حیکمەت و دانایی پێ دەبەخشێت و هەر کەس حیکمەتی پێ ببەخشرێت، ئەوە بێگومان خێرێکی زۆری پێدراوە).

﴿ وَأَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ ١١٣ ﴾ النساء: ٤/ ١١٣. واته: (خوای گەورەش قورئان و دانایی بۆ دابەزاندوویت).

﴿ وَٱذۡكُرۡنَ مَا يُتۡلَىٰ فِي بُيُوتِكُنَّ مِنۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱلۡحِكۡمَةِ ﴾ الأحزاب: ٣٣/ ٣٤. واته: (هەرچی لە ماڵەکانتاندا دەخوێنرێتەوە لە قورئان و دانایی، یادی بگرن و فەرامۆشی مەکەن).

﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِ ﴾ النحل: ١٦/ ١٢٥. واته: ("ئەی پێغەمبەر (د. خ)، ئەی ئیماندار" بانگەواز بکە بۆ لای بەرنامە و ڕێبازی پەروەردگارت بەحیکمەت و دانایی و ئامۆژگاری جوان و بەجێ).

﴿ ذَٰلِكَ مِمَّآ أَوۡحَىٰٓ إِلَيۡكَ رَبُّكَ مِنَ ٱلۡحِكۡمَةِ ﴾ الإسراء: ١٧/ ٣٩. واته: (ئەو ڕێنموییانەی کە پەروەردگارت بە وەحی بۆی ڕەوانە کردیت بەشێکن لە حیکمەت و دانایی).

زۆرێك لەو واتایانەی زانایانی ڕاڤەکاری قورئان و زمانەوانی باسیان کردبوو، لەلام پەسەند نەبوون، دڵی منیان ڕازی نەکرد. یەکێك لەو

واتایانەی بۆ دانایيان هێنابوو، بریتی بوو لە پێغەمبەرایەتی، دانایی بەواتای پێغەمبەرایەتی شیاوی مرۆڤ فێر بوون نییە، بەڵکو بەهرەیەکی خواییە، ئەمە لە زۆر جێگادا بە ڕاست و دروست نابێ، هەروەك دەردەکەوێ لە ئایندەدا.

بەدوورم دەزانی مەبەست لە دانایی و حیکمەت خودی قورئان بێ، لەگەڵ ئەوەی قورئان هەمووی داناییە، بەو واتایەی ئایەتەکانی بە ڕێك و پێکی و دانایی هۆنراونەتەوە، سروش و نیگایەکە لەلایەن دانای هەرە زاناوە هاتووە. لەبەر ئەوەی خستنەپاڵی شتێك بۆ لای شتێکی تر، بەو مانایە دێ کە شتەکان جیاوازن لەگەڵ یەکتر، دامەزراندن لە پێشترە لە جەختکردنەوە، ئەوەی جەخت دەکاتەوە لە جیاواز بوونی قورئان و حیکمەت، ئەوەیە کە قورئانی پیرۆز هەندێك ئایەتی خۆی بە دانایی تایبەت کردووە، هەروەك لە سوڕەتی ئیسڕائدا هاتووە، لە پوختەی هەندێك یاسا و حوکمی قورئانی، کە نموونەی باڵا بۆ مرۆڤ وێنا دەکات لە بیروباوەڕ و ڕێبازی چاك، ﴿ ذَٰلِكَ مِمَّآ أَوۡحَىٰٓ إِلَيۡكَ رَبُّكَ مِنَ ٱلۡحِكۡمَةِ ﴾ الإسراء: ١٧/ ٣٩. واتە: (ئەو ڕێنموییانەی کە پەروەردگارت بە وەحی بۆی ڕەوانە کردیت بەشێکن لە حیکمەت و دانایی).

لە ڕاستیدا پەیوەندی نێوان قورئان و دانایی، وەك پەیوەندی دەقی گشتی لەگەڵ تایبەتیە لەلایەك[1]، چونکە هەندێك حوکمی ئاینی هەیە

---

(1) واتە قورئان لەو لایەنەدا گشتی ترە لە دانایی، چونکە هەندێك شتی قورئان پەیی بە حیکمەتەکەی نابردرێ. (وەرگێڕ).

پەیی پێ نابرێت بە ژیری، بۆیە سەختە دانایی لە خۆی بگرێ، کە بە عەقڵ پەیی پێدەبرێ، جا یاساکانی جیهانی نەبینراو (غەیب) و چیرۆکی پێغەمبەران، کە هیچ شوێنەوارێکی گەواهیدەریان نییە، بە عەقڵ پەیی پێ نابردرێ، بەڵکو بە سروش و قورئان درکی پێدەکرێ. لە ڕوویێکی دیکەوە دانایی فراوانترە، لەبەر ئەوەی قورئانی پیرۆز لەوانەیە هەندێك شتی تێدانەبێ کە گوزارشت دەکەن لە کامڵی دەروون لە ڕووی زانست و کردارەوە، دانایی ئەمە لە خۆدەگرێ، هەروەك زانای بلیمەت عەبدلحەکیم سیالکوتی ئەمەی ڕوون کردۆتەوە(١).

سەبارەت بەوەی مەبەست لە دانایی سوننەتی پێغەمبەر بێ، وەك چۆن پێشەوا شافیعی وتویەتی، ئەوا لە ڕاستی نزیکترە و لەپێشترە بۆ پەسەندکردن، لە یەکەم هەنگاودا، چونکە ئەرکی پێغەمبەری ڕێزدارە (د. خ) وەك ڕوونکردنەوە: ﴿ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ ﴾ البقرة: ٢/ ١٥١. واتە: (فێری قورئان و حیکمەت و دانایيتان دەکات). بەڵام من پێم وایە ئەم بۆچوونە ڕاست دەرناچێ لە زۆرێك لەو شوێنانەی کە دانایی تێدا هاتووە، وەك ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ ٱدْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلْحِكْمَةِ وَٱلْمَوْعِظَةِ ٱلْحَسَنَةِ ﴾ النحل: ١٦/ ١٢٥. واتە: ("ئەی پێغەمبەر (د. خ)، ئەی ئیماندار" بانگەواز بکە بۆ لای بەرنامە و ڕێبازی پەروەردگارت بەحیکمەت

---

(١) بڕوانە: حاشية العلامة عبدالحكيم السيالكوتي على تفسير البيضاوي، كويتة باكستان، مكتبة إسلامية، ميدان ماركيت. ساڵی چاپی لەسەر نەنووسراوە، ١/ ٤٦١.

و دانایی و ئامۆژگاری جوان و بەجێ). هەروەها ئەم فەرمایشتە: ﴿ وَٱذۡكُرۡنَ مَا يُتۡلَىٰ فِي بُيُوتِكُنَّ مِنۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱلۡحِكۡمَةِ ﴾ الأحزاب: ٣٣/ ٣٤. واتە: (هەرچی لە ماڵەکانتاندا دەخوێنرێتەوە لە قورئان و ئایەتەکانی خوا و دانایی، یادی بگرن و فەرامۆشی مەکەن). دەبێ مەبەست لە دانایی شتێکی دیکەی جیاواز بێ لە وتە یان هەڵوێستێك، بەوەی بۆ نموونە هەموو وتە و هەڵوێستێك بگرێتەوە کە ژێری سەلامەت پەیی ببات بەوەی لەو شتانەیە کە دەچێتە ناو وەڵامدانەوەی سروشتی مرۆڤایەتی ڕێك و پێکی ڕێنوێنی کراو بە ڕووناکی و نووری ئیمان و باوەڕ. مەبەست لە ژیری لێرەدا ئەو ڕووناکیەیە کە خوای مەزن لە مرۆڤدا دایناوە بۆ ئەوەی ڕێگەی خۆی پێ بدۆزێتەوە و سپاردەی سەرشانی خۆی بەجێبگەیەنێ و بەرگەی بەرپرسیارێتی کردەوە و هۆشیاری خۆی بگرێ. ئەمەش هەڵوێستێکە دەکرێ بە هۆشیاری بەرچاوڕۆشن هەستی پێبکرێ؛ ئەگەر سروش (قورئان) نەیهێنابێ. بە دەربڕینێکی تر چەمکی دانایی گوزارشت دەکات لە ڕەهەندێکی ژیری چەسپاوی پتەو کە لە نێوان ئەو و سروشتی ڕێك و پێکی مرۆڤدا بەربەست نییە کە من واگومان دەبەم.

کاتێك من لێرەدا هەڵوێستەم کرد، ڕازێك بە خەیاڵمدا دەهات و بیرۆکەیەك بە ناخمدا دەخولایەوە، کە ئەمەش مەبەستیەتی: ئەویش ئەوە بوو کە دانایی شایستەیە بەوەی ببێتە بنچینەی دووەم لە سەرچاوەبوون بۆ فیقه و هەڵسوکەوتی ئیسلامی. لەگەڵ ئەوەی دانایی ڕاستەقینە بریتییە لە

ڕێنماییەکانی پێغەمبەر (د. خ) کە مەبەست لێی سوننەتی پاك و بەپێزە، بەڵام سوننەت فراوانترە، لەو لایەنەی کە ئەو سوننەتەش دەگرێتەوە کە بۆ نموونە شێوازەکانی نوێژ و ئەندازەکانی زەکات و نیشانەکانی خوا ڕوون دەکاتەوە، لێرەدا سوننەت لە سروش و نیگا جیاواز نییە، چونکە بەشێکە لە سروش و درێژبووەوەیەتی، کاتێکیش سوننەت ڕوو دەکاتە هێڵە گشتییەکانی کار و بایەخی پەیڕەوی ڕەفتار و بیرکردنەوە، ئەوا ئوممەت دەخاتە بەردەم بەرنامەیەك کە ئێستا و ئایندەی بۆ ڕۆشن دەکاتەوە، لەوێوە ئێمە هێڵی دانایی دەکێشین لە هەڵسوکەوتدا، جا چ دادوەری یان ڕەفتار بێ، هەروەك لەم فەرمایشتانەی پێغەمبەردا (د. خ) هاتووە: ((زەرەر و زیانگەیاندن لە ئیسلامدا نییە))[1]، ((لە چاکی موسڵمانبوونی مرۆڤەوەیە کە شتێك فەراموۆش بکات کە پەیوەندی پێیەوە نەبێ))[2]، ((ئایین دڵسۆزی و ئامۆژگارییە))[3]، ((بێگومان کردەوەکان بە نیاز و مەبەستەوە بەسراونەتەوە))[4].

بەم پێیە مەبەست لە دانایی ئەگەر بە سوننەت ڕاڤە بکرێ، ئەو جۆرە سوننەتە دەبێ کە ژیریەکان ئاگادار دەکاتەوە بۆ ئەو شتانەی چاکەی تاك و کۆمەڵگەی تێدایە، پەیڕەوی ڕاست و ڕێکی فێر دەکات لە کار و

---

(١) ئیبن ماجە گێڕاویەتیەوە: سنن ابن ماجه، کتاب الأحکام.

(٢) ترمزی گێڕاویەتیەوە: سنن الترمذي، کتاب الزهد.

(٣) بوخاری گێڕاویەتیەوە: صحیح البخاري، کتاب الإیمان، باب ((قول النبي ﷺ: الدین النصحیة)).

(٤) بوخاری گێڕاویەتیەوە: صحیح البخاري، کتاب بدء الوحي.

هەڵسوکەوتدا، دانایی سوننەتی پێغەمبەر یان سوننەتی ڕوونکەرەوەی قورئانە، یان ڕوونکەرەوەی ژیان و گوزەرانە. کاتێك دەبێتە ڕوونکەرەوەی قورئانی پیرۆز، ئەوا وەك حوکم دەبێتە بەشێك لە سروش. کاتێکیش دەبیتە سوننەتێکی ڕوونکەرەوەی ژیان بەشێوەیەکی سەربەخۆی، ئەوا دەبێتە مەشخەڵێك بۆ کۆشش (إجتهاد)؛ کە لە ژێر ڕۆشناییەکەیدا کێشە هەنوکەییەکانی ژیان چارە دەکرێن.

لەبارەی گشت ئەم ڕازانەوە من پرسیارم دەکرد بۆچی توێژینەوە و دەروازەیەکی تایبەت دانەنراوە لە زانستی بنەماکانی فیقهدا؟ یان بۆچی لە باس و لێکۆڵینەوەکانیاندا بەو چاوە سەیری سوننەتی پێغەمبەریان نەکرد کە داناییە؟ ئایا دانایی کە چەندین ئایەتی یەك واتا هەڵگری لەبارەوە هاتووە لەپێشتر نییە بۆ پشت پێبەستن لە بەچاکدانان (إستحسان) کە وێڵبوونە لە بە بنەماکردنی، هەندێك لە گەورە پێشەوا شەرعناسەکانیش پێی ڕازی نین؟ بۆیە تێڕوانینم وایە ئەم توێژینەوە دەستپێبکەم بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی لەبارەی ئەم بابەتەوە دەوروژێنرێن بۆ فراوانکردنی تێڕوانین لەبارەیەوە، ئەویش ئەم پرسیارانەن:

- دانایی (حیکمەت) چییە؟ ڕاڤەکاران لەبارەوەی چیان وتوە؟ بۆچوونی ئێمە لەم بارەوە چییە؟
- هەڵوێستی زانایانی کەلام و دانایان و فەیلەسوفەکان لە بەرامبەریدا؟

- **دانایی (حکمەت) لەلایەن پسپۆرانی زانستی بنەماکانی فیقهـ چییە؟**

**یەکەم: دانایی (حیکمەت) لە زمانەوانیدا، ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی ڕاڤەکاران لەبارەیەوە، بۆچوونی ئێمە لەم بارەوە**

**أ- دانایی (حیکمەت) لە زمانەوانیدا**

**لە فەرهەنگی (المحيط) و (مجمل اللغة)ی ئیبن فارسدا هاتووە: (الحِكْمَةُ) بە (لە ژێر: کەسرە) بریتییە لە داد و زانست و نەرم و نیانی و پێغەمبەرایەتی و قورئان. (أحكمه، فاستحكم) واتە: ڕێك و پێك و تۆکمەی کرد، بەمەش تۆکمە بوو و ڕێگەی لێگرت لە تێکچوون، (الحكمة) لە (الحكم)ەوە هاتووە، بە واتای ڕێگری لێکردن، چونکە ڕێگری لە خاوەنەکەی دەکات لە نەزانی[1].**

**لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا هاتووە: دانایی (الحكمة) زانینی باشترینی شتە لە ناو شتاندا بەهۆی باشترین زانستەوە. لە فەرموودەی پیرۆزدا هاتووە: ((شعریش دانایی تیادایە)) واتە: وتەی بە سوودی تێدایە کە ڕێگە لە نەزانی و گێلی دەگرێت. بە مانای زانست و تێگەیشتن دێت[2].**

**[1]** بڕوانە: الفيروزآبادي، القاموس المحيط، بيروت: دار الفكر، ١٤٠٣ك/ ١٩٨٣م، ٤/ ٩٨.

**[2]** ابن منظور. لسان العرب. بيروت: دار صادر، ١/ ١٤٠ – ١٤١.

له كتێبی (التعريفات)ی سەید شەریفی جورجانیدا هاتووە: ((دانایی و حیکمەت لە زمانەوانیدا بریتییە لە زانست و کردار بەیەکەوە))[1].

لە ئیبن درید دەگێڕدرێتەوە کە وشەی "(ئامۆژگاریم کردی) یان (بانگم کردی بۆ کاری باش) یاخود (ڕێگریم لێکردی لە کاری خراپ) ئەمانە دانایی و حیکمەتن".

## ب- دانایی لە ڕاو بۆچوونی ڕاڤەکارانی قورئاندا

١) ڕاڤەکاری مەزن ئیبن عەتییە لە سەروبەندی ڕاڤەی ئەم فەرمایشتەی خوای مەزندا فەرموویەتی: ﴿ يُؤۡتِي ٱلۡحِكۡمَةَ مَن يَشَآءُۚ وَمَن يُؤۡتَ ٱلۡحِكۡمَةَ فَقَدۡ أُوتِيَ خَيۡرٗا كَثِيرٗا ﴾ البقرة: ٢/ ٢٦٩.

وتویەتی: ((خەڵك لەبارەی دانایی "حیکمەت" لەم ئایەتەدا ڕاجیاییان تێکەوتووە، سودی وتویەتی: "دانایی: پێغەمبەرایەتیە"، ئیبن عەبباس وتویەتی: "شارەزابوونە لە تێگەیشتن و هەڵوەشاوە و هەڵوەشێنەرەوە (نسخ) و یەك واتا و فراواتا و عەرەبی بوونی قورئان")).

قەتادە وتویەتی: ((دانایی تێگەیشتنە لە قورئان))، موجاهدیش هەمان شتی وتوە، هەروەها موجاهید وتویەتی: ((دانایی ڕاستپێکانە لە گوفتار و کرداردا))... مالیك وتویەتی: ((دانایی، شارەزابوون و تێگەیشتنە لە ئایین و سوود و کەڵك وەرگرتنە لێی)). وتراوە:

---

[1] الجرجاني. التعريفات. تحقيق إبراهيم الأبياري. بيروت: دار الكتاب العربي، ١٩٨٥، ١٢٣.

دانایی، تێگەیشتن و لەخواترسان و پارێزکارییە... ئەم ڕا و بۆچوونانە – جگەلەوەی دەوترێ دانایی پێغەمبەرایەتییە – لە یەکترەوە نزیکن، چونکە دانایی (حیکمەت) چاوگی (إحکام)ە واتە ڕێك و پێکی لە کار و گوفتاردا. کتێبی خوا داناییە، سوننەتی پێغەمبەرەکەشی داناییە، هەموو ئەوەی باسکرا بەشێکە لە دانایی کە ڕەگەزە[1]. لە ئیبن مەسعودەوە هاتووە، کە گێڕانەوەکەی دراوەتە پاڵی: ((لوتکەی دانایی لەخواترسانە))[2].

شتێکی ڕوونە دانایی و حیکمەت لەلای ئیبن عەتییە فرەواتایە، وەك ڕەگەزە کە شتێکی گشتییە و چەندین ڕاستی لە ژێریدان. بە ڕێك و پێکی و تۆکمەییش ڕاڤە دەکرێ، بەڵام ئەمەیان بەبێ وردەکاری جیاکەرەوە مەبەستی دانایی ڕوون ناکاتەوە. زۆربەی ئەم مانایانە لە زۆرێك لە ئایەتەکانی تردا کە وشەی دانایی (حیکمەت)یان تێدا هاتووە ناگونجێن.

٢) پێشەوا ڕازی فراوانکاری کردووە لە ڕوونکردنەوەی واتاکانی دانایی و زۆری خستۆتەڕوو لەبارەی مانا فەلسەفیەکەی، جا لە ڕاڤەی ئەم فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿ رَبَّنَا وَٱبۡعَثۡ فِيهِمۡ رَسُولٗا مِّنۡهُمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَيُزَكِّيهِمۡۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴾

---

(1) ابن عطية. المحرر الوجيز في تفسير الكتاب العزيز. تحقيق أحمد صادق الملاح، ٢/ ٢٥١.

(2) ابن كثير. تفسير القرآن العظيم. تحقيق حسين بن إبراهيم زهران. بيروت: دار الكتب العلمية، ١/ ٤٨٠ – ٤٨١.

البقرة: ٢/ ١٢٩. وتويەتی: ((بزانە دانایی واتە ڕاست پێکان لە گوفتار و کرداردا، مرۆڤ بە دانا ناونانرێ مەگەر ئەم دوو شتەی تێدا کۆنەبنەوە، وتراوە: بنچینەی دانایی و حیکمەت لە (أحكمت الشيء)ەوە هاتووە، واتە گێڕاندمەوە، وەك ئەوەی لە نەزانی بیگێڕێتەوە، بەڵام ئەمەیان هەڵەیە، بەڵکو دانایی ئەوەیە کە باسمان کرد لە ڕاست پێکان لە گوفتارو کرداردا و دانانی شت لە شوێنی شیاوی خۆیدا))[1].

لە هەمان شوێندا ڕازی وتویەتی: ((ڕاڤەکاران سەبارەت بە مەبەست لە دانایی لێرەدا ڕاجیان، کۆمەڵێك بۆچوونیان هەیە، یەکەمیان: ئیبن وەهەب دەڵێت: بە مالیکم وت: دانایی چییە؟ ئەویش وتی: شارەزابوونە لە ئایین و لێتێگەیشتنیەتی و شوێنکەوتنیەتی. دووەمیان: شافیعی وتویەتی: دانایی بریتییە لە سوننەتی پێغەمبەری خوا (د. خ)، ئەمە وتەی قەتادەشە. هاوەڵانی شافیعی وتویانە: بەڵگە لەسەر ئەمە ئەوەیە کە سەرەتا خوای مەزن باسی خوێندنەوەی قورئانی کردووە، دواتریش باسی فێرکردنی قورئانی کردووە، پاشان دانایی داوەتە پاڵی، دەبێ مەبەستی لێی شتێکی تر بێ لە دەرەوەی قورئان. سێیەم بۆچوون: دانایی بریتیە لە جیاکاری لە نێوان ڕاستی و پوچەڵ. چاوگە وەك (القعدة و الجلسة). فێری کتێبەکەی تۆیان دەکات کە بۆ ئەوانت دابەزاندووە، پرس و

---

(1) الرازي. التفسير الكبير. بيروت: دار الفكر للطباعة والنشر، ١٩٨٥، ٤/ ٧٣.

**حوکمەکانت یەکلا دەکاتەوە کە فێری پێغەمبەرەکەت دەکەیت... چوارەمیان: فێری قورئانیان دەکات واتە فێری ئەو حوکمانەیان کە لە قورئاندا هەن، فێری داناییشیان دەکات، مەبەستی لەوەیە کە دانایی ئەو بەرنامانەیان فێر دەکات و ئاشنایان دەکات بەو بەرژەوەندی و سوودانەی تیایدان))[1].**

**لێرەدا ڕازی لە مانای داناییدا شتێکی تازەی نەهێناوە، بەڵام لە کاتی ڕاڤەکردنی ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرزدا:** ﴿يُؤۡتِي ٱلۡحِكۡمَةَ مَن يَشَآءُۚ وَمَن يُؤۡتَ ٱلۡحِكۡمَةَ فَقَدۡ أُوتِيَ خَيۡرٗا كَثِيرٗا﴾ البقرة: ٢/ ٢٦٩. **چەند پرسێکی باسکردووە: لەوانە پرسی یەکەم، تیایدا دەڵێ مەبەست لە دانایی یان زانستە یاخود ئەنجامدانی کاری چاکە، لە موقاتیل دەگێڕێتەوە کە وتویەتی: ڕاڤەی دانایی لە قورئاندا بە چوار ڕووە: یەکەمیان: ئامۆژگاریەکانی قورئان، لە سوڕەتی بەقەڕەدا فەرموویەتی:** ﴿وَمَآ أَنزَلَ عَلَيۡكُم مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَٱلۡحِكۡمَةِ يَعِظُكُم بِهِۦ﴾ البقرة: ٢/ ٢٣١. **واتە: (یادی ئەو شتانە بکەنەوە کە لە قورئاندا بۆتان ڕاوانە کراوە و دانایشتان بۆ دابەزێنراوە، لەکاتێکدا ئامۆژگاریتان دەکات بەوانە). واتە: ئامۆژگاریەکانی قورئان. دووەمیان: بە واتای تێگەیشتن و زانست و زانین هاتووە، ئەم فەرمایشتەی خوا لەمەوە هاتووە:** ﴿وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡحُكۡمَ صَبِيّٗا﴾ مريم: ١٩/ ١٢. **واتە: (لە تەمەنی منداڵیدا**

---

**[1]) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.**

زانست و تێگەیشتنمان پێبەخشی). سێیەمیان: بە واتای پێغەمبەرایەتی دێ لە سورەتی نیسائدا: ﴿ فَقَدۡ ءَاتَيۡنَآ ءَالَ إِبۡرَٰهِيمَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ ﴾ النساء: ٤/ ٥٤. واتە: (بێگومان ئێمە کتێبمان بە نەوەی ئیبڕاهیم بەخشیووە، هەروەها لە جۆرەها دانایی بەهرەوەرمان کردوون). بە مانای پێغەمبەرایەتییە. لە سورەتی ساددا هاتووە: ﴿ وَءَاتَيۡنَٰهُ ٱلۡحِكۡمَةَ وَفَصۡلَ ٱلۡخِطَابِ ﴾ ص: ٣٨/ ٢٠. واتە: (حیکمەت و دانایی و قسە و فەرمانی بەجێمان پێبەخشێ). بەهەمان شێوە لێرەشدا هەر بە مانای پێغەمبەرایەتی دێ. لە سورەتی بەقەرەشدا هاتووە: ﴿ وَءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلۡمُلۡكَ وَٱلۡحِكۡمَةَ ﴾ البقرة: ٢/ ٢٥١. واتە: (خوای گەورە پاشایەتی و دانایی پێبەخشی). چوارەمیان: بە مانای قورئان دێ، بەهۆی ئەو شتە سەرسوڕهێنەرانەی تیایدان، لەم دو ئایەتەدا بەم مانایە هاتووە: ﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِ ﴾ النحل: ١٦/ ١٢٥. واتە: ("ئەی پێغەمبەر (د. خ)، ئەی ئیماندار" بانگەواز بکە بۆ لای بەرنامە و ڕێبازی پەروەردگارت بەحیکمەت و دانایی و ئامۆژگاری جوان و بەجێ). ﴿ وَمَن يُؤۡتَ ٱلۡحِكۡمَةَ فَقَدۡ أُوتِيَ خَيۡرٗا كَثِيرٗا ﴾ البقرة: ٢/ ٢٦٩. واتە: (هەر کەس حیکمەتی پێ ببەخشرێت، ئەوە بێگومان خێرێکی زۆری پێدراوە)[1].

بە مەبەستی وەلانانی ئەو خەیاڵەی کە پێی وایە دانایی بێژەیەکی فرەواتایە، ئەوا پێشەوا ڕازی سەرنجی ئەم چوار ڕووانەی داوە و وتویەتی:

---

[1] هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

((گشت ئەم ڕووانەی وشەی دانایی لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بۆ زانست دەگەڕێنەوە))[1]. لەبەر ئەوەی ڕازی بە ژێربێژییە فەلسەفیەکەی بەرەو ئەوە دەڕوات کە دانایی لە زانست دەرناچێت یان لە ئەنجامدانی کاری ڕاست بەدەر نییە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ وەك هەر بوونەوەرێکی دیکە هەوڵ بۆ کامڵ بوون دەدات لەو مەبەست و ئامانجەی بەلایەوە گرنگە))[2]، کامڵ بوونی مرۆڤ لە دوو شتدایە: ((ڕاستی لەبەر خودی خۆی بناسێ، چاکەش بزانێ لەپێناو کارپێکردنی، یەکەمیان زانینە و دووەمیشیان کاری دادگەرانەیە))[3].

٣) بەیزاوی لە ڕاڤەی ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرزدا: ﴿ رَبَّنَا وَٱبۡعَثۡ فِيهِمۡ رَسُولٗا مِّنۡهُمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَيُزَكِّيهِمۡۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ﴾ البقرة: ٢/ ١٢٩. وتویەتی: ((دانایی ئەوەیە کە دەروون پێی کامڵ دەبێ لە زانیاری و حوکمەکان))[4].

لە کاتی ڕاڤەکردنی ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: وتویەتی: ﴿ يُؤۡتِي ٱلۡحِكۡمَةَ مَن يَشَآءُ ﴾ البقرة: ٢/ ٢٦٩. دانایی دەستەبەرکردنی زانست و

---

(١) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

(٢) ابن رشد. فصل المقال فيما بين الحكمة والشريعة من الإتصال. تحقيق مصطفى عبدالواحد. القاهرة: المكتبة المحمودية، ١٩٦٨، لا ١٣.

(٣) الرازي، التفسير الكبير، سەرچاوەی پێشوو، ٧/ ٦٧ – ٦٨.

(٤) البيضاوي. أنوار التنزيل وأسرار التأويل. بيروت: دار الفكر، ٢٧.

کارکردنە بە ڕێك و پێکی[1]. لە سەروبەندی شرۆڤەی ئەم فەرمایشتەش: ﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ ﴾ النحل: ١٦/ ١٢٥. باسی ئەوەی کردووە کە دانایی بریتییە لەو وتەیەی کە تۆکمە و ڕێك و پێکە، بەڵگەیەکی ڕوونکەرەوەی ڕاستی و لابەری گومان و دوودڵییە[2]. لە پەڕاوێزەکەی شیهابدا لەسەر ڕاڤەی بەیزاوی هاتووە: ((ڕاڤەکارانی بۆچوونی جیاوازیان هەیە دەربارەی دانایی و حیکمەت، قورئان و سوننەتی کۆیان دەکاتەوە، وتراوە: دانایی سوننەتە، بۆچوونێکی تر وتویەتی قورئانە، وتراوە تێگەیشتنە لە ئایین، ڕایەکی تر دەڵێت: زانست و کردارە، هەروەها وتراوە: هەر وتەیەك دەگرێتەوە کە کردارێکی باشی لێ بپشکوێتەوە)).

٤) پێشەوای ڕاڤەکار ئالوسی لە میانەی گواستنەوەی ئەم دەقە لە کتێبی (البحر) دەڵێت: ((سەبارەت بە مانای داناییەوە ئەوا زانایان بیست و نۆ بۆچوون و وتەیان هەیە، کە هەموویان لە یەکترەوە نزیکن، هەندێکیان زۆر ئەم بۆچوونانەیان بە زاراوەیی داناوە، کە کورت هەڵاتوون لەوەی خاوەن بۆچوونەکە پێی وایە تاك و توخمێکی گرنگە لە داناییدا. نهێنی ئەوەی کە گوزارشت لە قورئان دەکرێ جارێك بە ئایەتەکان جارێکیش بە کتێب و کەڕەتێکیش بە داناییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بە وەسفکرانی بە هەر ناونیشانێك

---

1) سەرچاوەی پێشوو، ٦٢.

2) هەمان سەرچاوە، ٣٩٦.

بەهرە و ناز و نیعمەتێکی سەربەخۆیە. هەروەها وتویەتی: مەبەست لە فێرکردنی دانایی وەستان و هەڵوەستەکردنە لەسەر نهێنییە شاراوەکانی فەرمایشتی خوای مەزندا))[1].

٥) لە ڕاڤەی زانای بلیمەت تاهڕی کوڕی عاشوری سەبارەت بە مانای دانایی لەم فەرمایشتەی خوای مەزندا: ﴿ يُؤۡتِي ٱلۡحِكۡمَةَ مَن يَشَآءُ ﴾ البقرة: ٢/ ٢٦٩. هاتووە: ((دانایی ڕێك و پێکی زانین و زانست و شارەزابوونە لێی و کارکردنە بەپێی ئەو زانستە، لە "الحكم"ەوە داتاشراوە، کە ڕێگیریە، چونکە ڕێگری لە خاوەنەکەی دەکات لە هەڵەکردن و گومڕایی... ئەوەش کە خوا بیەوێ دانایی پێببەخشێ ئەوا کە بەدیهدەهێنێ ئامادەییشی تێدا دروست دەکات لە سەلامەتی ژیری و عەقڵ و هاوسەنگی هێزەکەی تا شایستەی تێگەیشتن بێ لە ڕاستیەکان و ملکەچی ڕاستی دەبێ، ئەگەر ملکەچی ڕاستیش بوو ئەوا هەوا و ئارەزوو و دەمارگیری و لوتبەرزی ڕێگری لێ ناکەن... دانایی شرۆڤە کراوە بەوەی زانینی ڕاستی شتەکانە وەك خۆیان. واتە: بەشێوەیەك کە ڕاستییە هاوشێوەکان لەگەڵ یەکتر ئاوێتە نەبن و لە هۆ و پاڵنەرەکاندا هەڵە نەکات))[2]. لە ڕاڤەی ئەم فەرمایشتەی خوای مەزندا: ﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ ﴾ النحل: ١٦/ ١٢٥.

---

[1] الآلوسي. روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني. بيروت: دار إحياء التراث العربي، ١٩٨٥، ٣/ ٤١.

[2] محمد طاهر بن عاشور. تفسير التحرير والتنوير. الدار التونسية. ١٩٨٤، ٣/ ٦٢.

وتویەتی: دانایی واتە زانینی ڕاستپێکانی بێ هەڵە، دانایی تەنها بۆ ئەو زانینە بەکاردێ کە پاك و دوورە لە کەم و کورتی هەڵە و پاشماوەکانی نەزانی لە فێرکردنی خەڵك و پاکساز کردنیان. بۆیە پێناسەی داناییان کردووە بەوەی بریتییە لە زانینی ڕاستی شتەکان وەك خۆیان بەگوێرەی توانای مرۆیی[1].

٦) مامۆستای بلیمەتمان شێخ عەبدولکەریمی مودەڕیس[2] خوا تەمەنی درێژ بکات ڕاڤەی دانایی کردووە بە شارەزابوون لە ئایندا، هۆشداری لەبارەی ئەوەشداوە کە لە نەریتی پەیڕەوانی ئایندا بە واتای هەڵسان دێت بە کاروبارەکانی ئایین بەو پێیەی لە ڕووی زانستی و کردارییەوە پێویستە، ئەمە مەبەستە لەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ يُؤْتِي ٱلْحِكْمَةَ مَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُؤْتَ ٱلْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا ﴾ البقرة: ٢/ ٢٦٩.

سەربارى ئەوەی شلەژان دەردەکەوێ لە دیاریکردنی مانای دانایی بە مەبەستێکی ڕێك و پێك و گونجاو لەگەڵ گشت ئەو شوێنانەی دانایی تێیدا هاتووە، زۆربەیان دانایی و ڕێك و پێکی لە زانست و کرداردا بەیەکەوە بەستۆتەوە، ئیبن عاشور لە کاتی ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا: ﴿ يُؤْتِي ٱلْحِكْمَةَ مَن يَشَآءُ ﴾ البقرة: ٢/ ٢٦٩. هەوڵیداوە واتایەکی

---

(١) هەمان سەرچاوە، ١٤/ ٣٢٧.

(٢) عبدالكريم المدرس. مواهب الرحمن في تفسير القرآن. بغداد: دار الحرية للطباعة، ١٩٨٦.

کۆمکار بهێنێتەوە کە ڕێك بێت لەگەڵ گشت ئەو شوێنانەی دانایی تێدا هاتووە، جا وتویەتی: ((ناوێکی گشتگیرە بۆ گشت قسە یان زانستێك کە تیایدا ڕەچاوی چاککردنی دۆخی خەڵك و بیرو باوەڕیان، لە میانەی چاکسازیەکی بەردەوامی نەگۆڕ)). بەڵام هەوڵەکە سەرکەوتوو نەبوو، وەك چۆن من وایدەبینم، چونکە دانایی گشتگیرترە، هەروەها ڕێبازی ڕاست و ڕێك و هەڵوێستی دانایانەش دەگرێتەوە، کە ئەمانە نە قسەن و نە زانستن.

### پ- بۆچوونمان لەبارەی داناییەوە

ئەوەی من بۆی دەچم ئەوەیە کە دانایی تایبەت بکرێ سەرباری مانا بەربڵاوەکەی، واتە: ڕێك و پێکی لە زانست و کرداردا بە بڕیاری ژیرانەی دادگەر، کە وەڵامگۆی ویژدانی مرۆییە جا چ بەرنامە و شەریعەت یان ئامۆژگاری یاخود هەڵوێست بێت. سەبارەت بە قورئان ئەوا گشتگیرترە لە دانایی، کە بیروباوەڕی ئیمانی دەگرێتەوە، هەندێك باسی مرۆڤ بە ژیری خۆی پەیی پێنابات، دەبێ میهر و لوتفی خوایی هەبێ بۆ ڕێنوێنی، هەروەك قورئانی پیرۆز چیرۆکیش دەگرێتەوە کە زانستی مرۆڤ پێی ناگات بەبێ گواستنەوە و نەقڵ و پشتڕاستکردنەوە، لە توانای مرۆڤدا نییە بە ژیری خۆی بیزانێت، دەبێ ئەم چیرۆکانە لە قورئانەوە وەربگیرێن بەبێ ئەوەی پەیوەندیان بەداناییەوە هەبێ، چونکە دانایی بە ژیرمەندێتی و نیگای

سروشتی و خوارسکی بەدەستدێت، دانایی بە ژیری و سروشتیش بەدەستدەخرێ، هەروەك چۆن لە ڕێی سروش و نیگاش مرۆڤ فێری دەبێ، سەبارەت بە قورئان ئەوا ڕێگەکەی سروش و نیگایە.

ئەوەی من لێرەدا دەیخوازم ئەوەیە کە توێژەری خوێنەر هان بدەم بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی من دەمەوێ پێی بگەم و یارمەتیم بدات تیایدا ئەگەر دانایی تێیدا بەدی کرد، ئەویش ئەوەیە دانایی لە شەریعەت و بەرنامەی خواوەیە، بنچینەکانی لە کتێبی خواوە سەرچاوەیان گرتووە، لە سوننەتی پێغەمبەردا نووسراوەتەوە، لەسەر سروشتی ڕێك و پێك مرۆڤ نەقشێنراوە، ئەویش ئەو حوکمانەن کە ژیری دانی پێدادەنێ و گەواهی لەسەر ڕاستی و دروستیەکەی دەدات.

ئەگەر خوێنەرمان بەشدارکرد لە ڕامان و وردبوونەوە لە ئایەتەکانی دانایی و حیکمەتدا لە قورئانی پیرۆزدا، بۆ نموونە مەبەستم ئەم ئایەتە پیرۆزانەن: ﴿ لَّا تَجۡعَلۡ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتَقۡعُدَ مَذۡمُومٗا مَّخۡذُولٗا ﴿٢٢﴾ ﴾ الإسراء: ١٧/ ٢٢. واتە: ("ئەی مرۆڤ" هەرگیز نەکەیت خوایەکی تر بکەیتە هاوتای خوا و هاوەڵی بۆ بڕیار بدەیت چونکە بەو کارەت زەبوون و خەجاڵەت دەبیت).
﴿ وَلَا تَمۡشِ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَرَحًاۖ إِنَّكَ لَن تَخۡرِقَ ٱلۡأَرۡضَ وَلَن تَبۡلُغَ ٱلۡجِبَالَ طُولٗا ﴿٣٧﴾ ﴾ الإسراء: ١٧/ ٣٧. واتە: (هەروەها بەسەر زەویدا بەکەش و فش و لەخۆبایی بوونەوە مەڕۆ، چونکە تۆ هەرگیز ناتوانیت زەوی کوناودەر بکەیت، ناشگەیتە بەرزی چیاکان "ئیتر ئەم کەشخە و شانازیەت لە چییە؟").

بەیەکەوە هەڵوەستە بکەین لەسەر ئەو دەقەی خوایی کە بەدوای ئەم ئایەتانەدا هێناویەتی: ﴿ ذَٰلِكَ مِمَّآ أَوۡحَىٰٓ إِلَيۡكَ رَبُّكَ مِنَ ٱلۡحِكۡمَةِ ﴾ الإسراء: ١٧/ ٣٩. واتە: (ئەو ڕێنموییانەی کە پەروەردگارت بە وەحی بۆی ڕەوانە کردیت بەشێکن لە حیکمەت و دانایی). ئەوا بەیەکەوە نزیك دەکەوتینەوە لە تێگەیشتنی خوازراو، هەستمان بە پێگەیەك دەکرد بۆ دانایی لە قورئانی پیرۆزدا، تایبەتمەند و جیاوازە لەگەڵ ئایەتەکانی خوا، بەوەی هاوئاوازە لەگەڵ بەرنامەی ژیری سروشتی ڕێك و پێکی مرۆیی، هیچ شتێکیان لە نێواندا نییە ببێتە ڕێگر لە باوەڕ پێکردن و پەسەندکردنی. لێرەوە پشتگیری ئەوە ناکەم کە ڕاڤەکاری مەزن پێشەوا ڕازی لە ڕاڤەکەیدا بۆ ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن هێناویەتی: ﴿ وَٱذۡكُرۡنَ مَا يُتۡلَىٰ فِي بُيُوتِكُنَّ مِنۡ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱلۡحِكۡمَةِ ﴾ الأحزاب: ٣٣/ ٣٤. واتە: (هەرچی لە ماڵەکانتاندا دەخوێنرێتەوە لە قورئان و دانایی، یادی بگرن و فەرامۆشی مەکەن). لەوەی ئایەتەکانی خوا قورئانە و داناییش وشە و دەربڕین و وتەکانی پێغەمبەرە (د. خ)[1]، بەڵکو بە بۆچوونی من ڕاستتر – کە گونجاوترە بۆ واتای خوێندنەوە – ئایەتەکانی خوا و دانایی بەیەکەوە بە مانای قورئانی پیرۆز دێن، چونکە قورئانی پیرۆز ئایەت نیشانەی دەرئاسایە، حوکمی سەرسوڕهێنە. شتێکی زانراوە کە ئەوەی دەخوێنرێتەوە قورئانە نەوەك وتەی پێغەمبەر (د. خ) بە هیچ دۆخێك. ئەوەی نامۆیە ئەوەیە ئەم

---

(1) الرازي، التفسیر الکبیر، هەمان سەرچاوە، ٢٥/ ٢١١.

تێگەیشتنە کە من پشتی دەگرم نامۆ نەبووە لەلای مامۆستای ڕاڤەی مەزن، پێشەوای بوارە ژیری و خەبەریەکانی ڕاڤە، کە پێشەوا ڕازییە، ناوبراو هەڵوەستەی لەسەر ئەم ئایەتانە کردووە و وتویەتی: بەگشتی بیست و پێنج جۆری ئەرك و ڕاسپادە لەخۆدەگرێ لەوانە: ﴿ لَّا تَجْعَلْ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ ﴾ الإسراء: ١٧/ ٢٢. واتە: ("ئەی مرۆڤ" هەرگیز نەکەیت خوایەکی تر بکەیتە هاوتای خوا و هاوەڵی بۆ بڕیار بدەیت). ﴿وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا ﴾ الإسراء: ١٧/ ٢٣. واتە: (چاکەکاریش بن لەگەڵ دایك و باوکتاندا). ﴿ وَءَاتِ ذَا ٱلْقُرْبَىٰ حَقَّهُۥ وَٱلْمِسْكِينَ وَٱبْنَ ٱلسَّبِيلِ ﴾ الإسراء: ١٧/ ٢٦. واتە: (مافی خزم و خوێشان بەجێ بهێنە، هەروەها مافی هەژارانیش "بە یارمەتیدانیان بە گوێرەی توانا" ئەنجام بدە هەروەها مافی ڕێبواریش "بەدەستگرۆیی و ڕێ نیشاندان" جێبەجێ بکە. ﴿ وَلَا تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَىٰ عُنُقِكَ وَلَا تَبْسُطْهَا كُلَّ ٱلْبَسْطِ ﴾ الإسراء: ١٧/ ٢٩. واتە: (نەکەیت ئەوەندە دەست نوقاو بیت وەك ئەوەی کە دەستی بەکۆت و زنجیر بەگەردنیدا هەڵواسرابێت، هەروەها ئەوەندەش دەست بڵاو مەبە). ﴿ وَلَا تَقْتُلُوٓا۟ أَوْلَٰدَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلَٰقٍ ﴾ الإسراء: ١٧/ ٣١. واتە: (نەکەن منداڵەکانتان لە ترسی گرانی و برسێتی بکوژن). ﴿ وَلَا تَقْتُلُوا۟ ٱلنَّفْسَ ٱلَّتِى حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلْحَقِّ ﴾ الإسراء: ١٧/ ٣٣. واتە: (کەسێك نەکوژن کە خوا کوشتنەکەی حەرام کردبێت مەگەر بەهۆی تاوانێکەوە شایستە بێت و کوشتنی ڕەوا بێت). جگەلەمانەش.

ئینجا پێشەوا ڕازی ڕوونکردنەوەی داوە لەسەر تایبەتکردنی ئەم ئەرك و ڕاسپاردانە بە دانایی، بەشێوەیەك کە ئەو واتایەی لێ دەخوێنرێتەوە کە ئێمە بانگەوازی بۆ دەکەین: جا وتویەتی: ((لەبەر چەندین ڕوو و لایەن ناوی ناوە دانایی؛ چونکە پوختەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فەرمان کردن بە یەکخواناسی و جۆرەها پەرستش و چاکە و خێرخوازی و پشتکردن لە دونیا و ڕووکردنە دواڕۆژ، ژیریەکان گەواهی دەدەن لەسەر ڕاست و دروستیەکەی، ئەوەی وێنەی ئەم بەرنامەیەی هێناوە هەرگیز نابێتە بانگەوازکار بۆ ئاینی شەیتان، بەڵکو سروشتی ڕەسەن گەواهی دەدات لەسەر ئەوەی ئەم بەرنامە بانگەواز دەکات بۆ خوای میهرەبان)). ئەگەر هەڵوەستە بکەین لەسەر ئەم وتەیەی ڕازی: ((ژیریەکان گەواهی دەدەن لەسەر ڕاست و دروستیەکەی)). بە ڕۆشنی دەبینین کە دانایی لای ڕازی بە واتای ئەوە دێ کە ژیری بەڕاستی دادەنێ، گەواهی لەسەر ڕەوایی و دروستیەکەی دەدات. ئەم مانایە زیاتر ڕوون دەبێتەوە کاتێك باسی ڕووی دووەمی ناونانی ئەم شتانە بە دانایی دەکات، جا دەڵێت: ((دووەمیان؛ ئەم حوکمانەی باسکران لەم ئایەتانەدا، چەند بەرنامە و ڕێسایەکن پێویستە ڕەچاو بکرێن لە گشت ئاین و دینەکاندا، شیاوی هەڵوەشاندنەوە و پوچەڵ کردنەوە نین، بەڵکو چەسپاو و تۆکمە و یەك واتا هەڵگرن و دانایەکن لەم ڕەچاوکردنەدا))[1].

---

[1]) هەمان سەرچاوە، ٢٠/ ٢١٤.

زانای بلیمەت زەمەخشەری ڕاو بۆچوونێکی نزیك لەمەی هەیە، لە کاتی ڕاڤەی ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرز: ﴿ ذَٰلِكَ مِمَّآ أَوۡحَىٰٓ إِلَيۡكَ رَبُّكَ مِنَ ٱلۡحِكۡمَةِۗ ﴾ الإسراء: ١٧/ ٣٩. وتویەتی: ((بە دانایی ناوی ناوە، چونکە وتەیەکی تۆکمە و ڕێك و پێکە کە هیچ ڕێیەکی تێناچێ بۆ گەندەڵی))[1]، دانایی لەلای موعتەزیلەکان بریتییە لە هێزی تێگەیشتن و دۆخی ئاماژەکان[2].

بەم پێیە دانایی بەرنامەیەکی ژیرانەی گونجاوە لەگەڵ سروشت و ویژدانی مرۆڤ لە گشت کات و شوێنێکدا، کە یەکخواناسی پوختە، ڕەوشتێکی مرۆیی بەرزە، دادوەرییەکی دادوەرانەیە، نهێنی ڕێز و شکۆ و پلەبەرزی مرۆڤە. پێم وایە زانای بلیمەت ڕاغبی ئەسفەهانی دەمامکی لاداوە لەسەر ئەم ڕاستییە، جا وتویەتی: ((لە تێکڕای قورئاندا بە تایبەت و بە تەنها باسی دانایی کردووە. کتێبی وەك وێنەیەك داناوە بۆ ئەوەی کە پەیی پێ نابردرێ تەنها لە ڕێی پێغەمبەرایەتیەوە نەبێ، داناییشی بۆ ئەوە داناوە کە لە ڕووی ژیریەوە درکی پێ دەکرێ، ئەمانەش بە دوو دابەزێنراو دانراون، ئەگەرچی دابەزینیان لەلایەن خواوە لەوانەیە جیاواز بێ، کۆکردنەوەیان بەیەکەوە لە قورئاندا بەهۆی ئەوەبێ کە هەر دووکیان پێویستیان بە یەکتر هەیە، ئەوا وتراوە: ئەگەر کتێبی خوا نەبوایە ئەوا ژیری گومڕا و

---

[1] هەمان سەرچاوە، ٢٠/ ٢١٤.

[2] الرازي. التفسير الكبير، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠/ ٢١٤.

سەرلێشێواو دەبوو، ئەگەر ژیریش نەبوایە ئەوا کەڵك و سوود لە کتێبی خوا وەرنەدەگیرا))[1].

شتێکی ڕوونە کە ئەو ژینگەیەی وشەی دانایی تێدا دەژیەت لە کاتی بەکارهێنانی لە چەندین شوێنی جیاوازدا لە قورئانی پیرۆز، ئەوا ئەم مانایانە بەدەستەوە دەدات: ڕاستی و دادگەری کە بە سروشتی ڕێك و پێك هەستی پێدەکرێ و بە ژیری هۆشیار و کامڵ بوو بە خەسڵەتە بەرزەکان پەیی پێدەبرێت.

یەکێك لە گەورە ڕاڤەکارانی سەردەم ڕێزدار ئایەتوڵای مەزن سەید عەبدولئەعلای سەبزواری لە ڕاڤە کۆمکارەکەیدا (مواهب الرحمن في تفسير القرآن) بە تێروتەسەلی باسی ئەمەی کردووە، لە کاتی ڕاڤەی ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ يُؤۡتِي ٱلۡحِكۡمَةَ مَن يَشَآءُ ﴾ البقرة: ٢/ ٢٦٩. وتویەتی: ((ئەگەر بەدواداچوون بکەین بۆ ئەو شوێنانەی لە قورئانی پیرۆزدا دانایی تێدا باسکراوە، دەبینین جارێك هاوپێچ کراوە و بەستراوەتەوە بە کتێبی خوا، خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَيُعَلِّمُكُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ ﴾ البقرة: ٢/ ١٥١. واتە: (فێری قورئان و حیکمەت و دانایتان دەکات). جارێکی تر باسی دانایی دەکات دوای کۆمەڵێك لە حوکمی شەرعی، کە دابەزێنراون بۆ پاکسازی مرۆڤ و ڕابەرایەتی کردنی بەرەو

[1] الأصفهاني. الذريعة إلى مكارم الشريعة. سەرچاوەی پێشوو، ٨٤.

کامڵبوون و بەختەوەری، هەروەك لە سورەتی ئیسرائدا خوای مەزن لە دوای هێنانەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ئەرك و ڕاسپاردە خواییەکان و حوکمە سروشتییەکان فەرموویەتی: ﴿ ذَٰلِكَ مِمَّآ أَوۡحَىٰٓ إِلَيۡكَ رَبُّكَ مِنَ ٱلۡحِكۡمَةِ ﴾ الإسراء: ١٧/ ٣٩. واتە: (ئەو ڕێنموییانەی کە پەروەردگارت بە وەحی بۆی ڕەوانە کردیت بەشێکن لە حیکمەت و دانایی). ئەمە لەوە وەردەگیرێ کە دانایی بریتییە لەو داواکارییە ڕاست و ڕەوایانەی لە ناخدا نەخشە دەگرن، هێنانە کایەی سازان لە نێوان بیروباوەڕ و کردار و ڕۆیشتن بەرەو کامڵ بوونی خوازراو بۆ مرۆڤ، بەمەش هەموو ڕاستییە سروشتیەکان و حوکمە شەرعییەکان و زانیاریە ڕەواکان دەگرێتەوە کە پەیوەستە بە بنەما و دوارۆژەوە، ئەو ڕاستیانە شرۆڤە دەکات کە پەیوەستن بە بەرنامەی هەرە باش لە ڕووی بەسترانەوەی بە بەختەوەری مرۆیی، کە درۆ و پوچەڵی پەسەند ناکات))[1].

لە شوێنێکی تردا سەبزواری وتویەتی: ((ئەوەی لەو ئایەتە پیرۆزانەی خرانەڕوو وەردەگیرێ کە وشەکەیان تێدا هاتووە ئەوەیە کە زانینی ڕووکەش و ناواخنی شەریعەتە، هەروەها زانست و زانیاریە بەرزەکانە لە یەکخواناسی و پێغەمبەرایەتی و ڕەوشتە بەرزەکان و شارەزابوون لە بەرژەوەندیەکان و ئەو حوکمەی ئاینی خوای لەسەر بنیاتنراوە، چونکە بەهۆیەوە دەروونەکان پاك دەبنەوە، دەگەنە کامڵبوونی داواکراو، بە ڕەوشتی بەرز خۆی

[1]) السبزواری. مواهب الرحمن في تفسير القرآن. النجف: ١٩٨٦، ٤/ ٣٨٤.

دەڕازێنێتەوە))[1]. بەڵام من پێم وایە دانایی تایبەتە بە حوکمە ئیمانی و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتەکان، کە مرۆڤ بۆ لای کێش دەکرێت، بە سروشتە ڕێك و پێکەکەی پەسەندی دەکات. هەموو حوکمەکانی ناو کتێبی خوا بە گشتی ناگرێتەوە لە حوکمە دینیەکان یان چیرۆکە مێژووییەکان، مەگەر بە ئەندازە و قەبارەیەکی مەزن زۆردی لە خستنە ناوەوەی ئەمانە بکرێ.

وا بۆم دەردەکەوێ کە دانایی وەسفێکی کامڵبوونە لە مرۆڤدا، ڕێبەرێتی دەکات بۆ خێر و بەختەوەری، بەهۆیەوە مرۆڤ زاڵ دەبێ بەسەر هێزەکانی دەروون و ویست. لەوانەیە وەك ناو بۆ بەرهەمەکەی بەکاربهێنرێ. ئا ئەمە مەبەست و خوازراوە (بێگومان خواش زاناترە) لەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا لُقۡمَٰنَ ٱلۡحِكۡمَةَ﴾ لقمان: ٣١/ ١٢. واتە: (سوێند بە خوا بەڕاستی ئێمە حیکمەت و دانایمان بە لوقمان بەخشی). لەبەر ئەوەی لوقمان ڕێگەی ئیمان و ڕەوشتبەرزی نەگرتەبەر بە پێغەمبەرایەتی بەڵکو بە دانایی گرتیەبەر. ئامۆژگارییەکانی بۆ کوڕەکەی خودی داناییین، نەوەك بڵێ تەنها لە پێغەمبەرایەتیەوەن. – هەروەك پێشەوا ڕازی وتویەتی[2] – لەم ئایەتەدا ئاماژەیەك هەیە بۆ ئەوەی کە شوێنکەوتنی پێغەمبەر (د. خ) پێویستە لەو شتانەی کە ژیری لە ماناکەی تێناگات، وەك دەرخستنی خواپەرستی، ئەی چی سەبارەت بەو شتانەی تایبەت نین بە پێغەمبەرایەتیەوە و ژیری لە ماناکانیان دەگات. ئەوەی پێغەمبەر

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ٤/ ٥٤.

[2] الرازی. التفسیر الکبیر. سەرچاوەی پێشوو، ٢٥/ ١٤٦.

هێناویەتی بە دانایی پەیی پێدەبرێت. دانایی بوارەکەی ژیری ڕێك و تۆکمەیە، لێرەدا مەبەست لێی وەك پێشەوا ڕازی وتویەتی: ((سازان و سەرکەوتنی کارە بە زانست، هەر کەسێك سازان و سەرکەوتنی لەکاردا پێبەخشرا بە زانست و زانینەوە، ئەوا دانایی پێدراوە... ئەگەر مرۆڤ دوو شتی زانی، ئەوا یەکێکیان لەوەی تر گرنگترە، ئەگەر خۆی سەرقاڵکرد بە شتە گرنگترەکەی ئەوا کردەوەکەی کۆك دەبێ لەگەڵ زانستەکەی، ئەمەش داناییە. ئەگەر گرنگترەکەی فەرامۆش کرد، ئەوا پێچەوانەی زانستەکەی جوڵاوەتەوە، ئەمەش هیچ داناییەکی تێدا نییە))[1].

دانایی دۆخێکی کردارییە لە هەڵسوکەوتی ڕێك و پێکی مرۆڤ و وشە کۆمکارەکانی و ڕەفتارە ڕاستەکانی، تواناکەی لەسەر گەیشتنی بە ڕاستی شتەکان بەگوێرەی توانا. بەمەش زانست و کردار و ژیربێژی و هەڵسوکەوت بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، ئەمەش دۆخێکی بەدیهێنراوە لە مرۆڤدا، کە شایستەی بەدەستهێنان و فێربوونە لە دوای خۆ ئامادەکردن بۆی. زانای بلیمەت تەفتازانی وتویەتی[2]: بەدیهێنەری پایەبەرز و خاوەن شکۆ سێ هێزی بە مرۆڤ داوە، یەکەمیان؛ بنەمای پەیی بردن بە ڕاستییەکان و سەرەنج ڕاکێشان بەرەو ڕووانین و وردبوونەوە لە ئاکامەکان، جیاوازی کردن لە نێوان باش و خراپ. بە هێزی ژیری و دەربڕین و و دەروونی ئارام و بەهرە ناودەبرێ. دووەمیان؛ بنەمای کێشکردنی سوودەکان و داواکردنی پەنا

(١) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

(٢) التفتازاني. شرح التلويح على التوضيح. دار الكتب العلمية، ٢/ ٤٨.

له خواردن و خواردنەوەكان و جگەلەمانەش، بە هێزی ئارەزوو و ئاژەڵی و دەروونی فەرماندە (أمارە) ناودەبرێ. سێیەمیان: بنەمای ڕووبەڕوو بوونەوەی ناخۆشیەكان و خولیای بەرزەفڕی و زاڵبوون. ئەمەش هێزی توڕەیی و دەروونی سەرزەنشتكەر و حەوتگەرا (سبعیە)یە. هاوسەنگبوونی هێزی یەكەم دانایی بەرهەم دێنێ، هاوسەنگبوونی هێزی دووەم داوێنپاكی فەراهەم دەكات، هاوسەنگبوونی هێزی سێیەم بوێری بەرهەم دێنێت. دانایی لای تەفتازانی زانینی ڕاستیەكان وەك خۆیان بەگوێرەی توانا، ئەمەش زانستی سوودبەخشە كە گوزارشتی لێدەكرێ بە زانینی ئەرك و مافەكانی دەروون، كە بەم فەرمایشتەی خوای مەزن ئاماژەی پێكراوە: ﴿ يُؤۡتِي ٱلۡحِكۡمَةَ مَن يَشَآءُۚ وَمَن يُؤۡتَ ٱلۡحِكۡمَةَ فَقَدۡ أُوتِيَ خَيۡرٗا كَثِيرٗا ﴾ البقرة: ٢/ ٢٦٩.

وتەی ئەوان لەوە لە بۆچوونەكەمان دەرناچێ، جا دەڵێن: دانایی پەیدابوو بەرهەمی ژیریە، و بەهادارترین دەرەنجامی جیاوازبوون و بیركردنەوەیە، پوختەی زانست و بژاردنە، وتویانە: هەموو شتێك پێویستی بە ژیریە. ژیریش پێویستی بە تاقیكردنەوە و ئەزموونە، دانایی دۆخێكە بۆ دەروون تیایدا پەیی دەبات بە ڕاستی و جیایی دەكاتەوە لە هەڵە لەو كردەوانەی مرۆڤ تێیدا سەرپشكە[1]. هەر بۆیە لەسەر باوەڕداری پێویست كردووە دانایی بە ونبوی خۆی دابنێ و هەوڵ و كۆشش بكات بۆ

---

(1) الغزالي. إحیاء علوم الدین، سەرچاوەی پێشوو، ٣/ ٥٤.

بەدەستهێنانی، وەك بەرجەستەكردنی ئەم فەرموودە پیرۆزە: ((دانایی ونبووی باوەڕدارە، لە هەر كوێیەك بیدۆزێتەوە ئەوا شایستەترە بۆی)) ترمزی گێڕاویەتیەوە[1].

ئەم واتایە بەهەمان شێوە لەو فەرمایشتە ڕاست و دروستە وەردەگیرێ كە بوخاری و موسلیم لە ئیبن مەسعودەوە (ڕەزای خوای لێبێت) گێڕاویانەتەوە كە پێغەمبەر (د. خ) دەفەرمووێت: ((ئیرەیی لە دوو شتدا نەبێ ڕەوا نییە، پیاوێك خوا ماڵ و سامانی پێداوە، ئەویش لە پێناوی خوا دەیبەخشێ، پیاوێكیش خوا دانایی پێدابێ، ئەوش كاری پێ بكات و خەڵكی فێر بكات)).

لەوانەیە ڕاغبی ئەسفەهانی[2] ئەو بۆچوونەی لەم فەرموودە پیرۆزە هەڵهێنجابێ، كە دەڵێت: دانایی بریتییە لە شوێنكەوتنی بەرنامەی خوا لە مشورگێڕیدا بە ئەندازەی وزەی مرۆڤ، بەوەی كۆشش بكات تا زانستی خۆی پاك بگرێت لە نەزانی و دادگەریەكەی دووربگرێ لە ستەمكاری و نەرم و نیانیەكەی لە گێلی دووربگرێت.

پوختەی ئەوەی دەمانەوێت پێی بگەین ئەوەیە كە ئەو داناییەی لە پاڵ كتێبی خوادا هاتووە لە قورئانی پیرۆزدا یان بە تەنها هاتووە بە واتای بەرچاوڕۆشنی مرۆیی دێ كە بە ڕێ ڕۆشنی خوایی ڕێنوێنی كراوە. ئەمەش

---

(1) محمد عبده. الإسلام والنصرانية، ٨١.

(2) الأصفهاني. الذريعة إلى مكارم الشريعة. ٨٤.

ئەو ژیریە هۆشیارەیە، کە توانای وردبوونەوە و پێکهێنان و هەڵهێنجان و دانانی هەر شتێکی هەیە لە شوێنی خۆیدا، مافی گشت خاوەن مافێکیش بدات. لێرەدا مرۆڤ لەوە تێدەگات کە شەرعناسان دەڵێن ژیری بناغە و مەرجی ئەرکداریە. دانایی لە هەر کوێیەك بێ شەریعەتیش لەوێیە. شەریعەتیش لە هەر کوێیەك بێت داناییش لەوێ دەبێت. لەبەر ئەوەی ڕاستی هەروەك ئیبن ڕوشد وتویەتی لەگەڵ ڕاستی تێکناگیرێ بەڵکو یەکدەگرێ لەگەڵی. هەر بەم پێیە دەکرێ زۆرێك لە حوکم و بۆچوونەکانی زانا شەرعناسەکان بە دانایی ڕیشەدار و بە بنەما بکەین بەبێ ئەوەی پێویست بکات بە ڕۆیشتنە ناو ململانێی هزری فیقهی دەربارەی پێوان (قیاس) و بە چاکدانان (إستحسان) و بەرژەوەندی وەك نموونە. ئەمە بەشێکە لەوەی من بۆی دەچم سەبارەت بە دانایی و ڕەسەنایەتی سەرچاوەبوونی لە فیقه و هزر و یاسادا.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەگەڵ شێخ غەزالیدا[1] دەڵێت: دانایی نزیکەی لە بیست جێگای قورئاندا هاتووە، چ بە سەربەخۆ یان هاوتا لەگەڵ کتێبی خوا (کتێبی خوا و دانایی). ئەوەی وتویەتی دانایی سوننەتی پێغەمبەرە، ئەوا هەڵەی کردووە، چونکە تۆ ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن دەخوێنیتەوە: ﴿ وَيُعَلِّمُهُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَٱلتَّوْرَىٰةَ وَٱلْإِنجِيلَ ﴿٤٨﴾ ﴾ آل عمران: ٣/ ٤٨. واتە: (هەروەها خوای گەورە فێری کتێب و نووسین و دانایی و

(١) محمد الغزالي، كيف نتعامل مع القرآن. فيرجينيا: المعهد العالي للفكر الإسلامي، ١٩٩٢م، ١٠٢ – ١٠٣.

تەورات و ئینجیلی دەکات). چۆن دانایی بریتی دەبێ لە سوننەتی پێغەمبەر خوا (د. خ)، لە کاتێکدا گوفتارەکە مەبەستی عیسای کوڕی مەریەمە (سڵاوی خوای لێبێت). ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا لُقْمَٰنَ ٱلْحِكْمَةَ أَنِ ٱشْكُرْ لِلَّهِ ﴾ لقمان: ٣١/ ١٢. واتە: (سوێند بە خوا بەڕاستی ئێمە حیکمەت و دانایمان بە لوقمان بەخشی، بەم شێوەیە "پێمان وت" شوکرانە بژێر و سوپاسگوزاری خوا بکە). ﴿ ذَٰلِكَ مِمَّآ أَوْحَىٰٓ إِلَيْكَ رَبُّكَ مِنَ ٱلْحِكْمَةِ ۗ وَلَا تَجْعَلْ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ فَتُلْقَىٰ فِى جَهَنَّمَ مَلُومًا مَّدْحُورًا ﴿٣٩﴾ ﴾ الإسراء: ١٧/ ٣٩. واتە: (ئەو ڕێنموییانەی کە پەروەردگارت بە وەحی بۆی ڕەوانە کردیت بەشێکن لە حیکمەت و دانایی، نەکەیت خوایەکی تر بەهاوتای خوای بالادەست بزانیت، چونکە ئەگەر وابیت، فڕێ دەدرێیتە ناو ئاگری دۆزەخەوە بە سەرزەنشت کراوی و ڕیسوایی و شەرمەزاری و دوور خراوەی لە بەزەیی خوایی). ﴿ فَقَدْ ءَاتَيْنَآ ءَالَ إِبْرَٰهِيمَ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَءَاتَيْنَٰهُم مُّلْكًا عَظِيمًا ﴾ النساء: ٤/ ٥٤. واتە: (بێگومان ئێمە کتێبمان بەنەوەی ئیبراهیم بەخشیووە "بە موسا تەورات و بە عیسا ئینجیل و بە محەممەدیش (د. خ) قورئان" هەروەها لە جۆرەها دانایی بەهرەوەرمان کردوون و "بە هەندێکیان" وەك "یوسف و داود و سولەیمان" دەسەڵات و پاشایەتیەکی گەورەمان بەخشیووە). لە نزیکەی دە جێگای قورئاندا کە دانایی هاتووە، ناکرێ بە مانای سوننەتی پێغەمبەر بێت. بەڵکو بەو مانایەدێ کە لە ڕێنماییە قورئانیەکان وەردەگیرێ، واتە بە مانای دانانی شت

له جێگای شیاوی خۆیدا دێت. لێرەوە دەڵێم: تەرازوو لایەنی کردارییە و داناییش لایەنی تیۆریە لە دانانی شت لە شوێنی خۆیدا. کۆی ئەو ئایەتانەی دانایی و تەرازوویان تێدا هاتووە پەیڕەوێکمان پێ دەدەن. کە ئوممەت دەبێ دیدگایەکی قورئانی هەبێ کە هەڵی دەهێنجێ لە کۆی ئایەتە سیاسیەکانی قورئاندا: ((گەل چۆن حوکمڕانی دەکات؟ چۆن حوکمەکان لەسەر بارودۆخی خەڵك جێبەجێ دەکرێن، واتە چۆن هزری قورئانی دادەبەزێنیە سەر بارودۆخێکی کرداری[1]؟)).

## دووەم: دانایی و فەلسەفە

مێژوونووسانی فەلسەفە کۆکن لەسەر ئەوەی وشەی فەلسەفە لە وشەیەکی یۆنانیەوە هاتووە، کە (فەیلوسوفی)یە، وشەیەکی لێکدراوە لە دوو وشە پێکهاتووە، (فەیلۆ) ماناکەی (خۆشویستن)، (سۆفی) واتاکەی (دانایی)ە[2]. (سوفوس)یش واتە دانا. ئەم وشەیە بەکاردەهات بۆ هەر یەکێك کە لە بوار و شتێکدا کامڵ بووبێ؛ بواری ژیری یان ماددی بێ؟ بۆ ژەنیاری مۆسیقا و چێشتلێنەر و دەریاوان و دارتاشیان بەکارهێناوە[3]، بەڵام ئەم مانایە زۆری نەخایاند گۆڕا بۆ مانایەك کە ئەوپەڕی بەرزی و بڵندی و

(١) پێم وابێ لێرەدا هەڵەی نووسین هەیە، لە دەقە عەرەبیەکەدا هاتووە: (كيف تنزل الفكر القرآني على واقع علمي) بەڵام من پێم وابێ (واقع عملی)یە، بۆیە بە بارودۆخێکی کرداریم لێکداوەتەوە. (وەرگێڕ).

(٢) عبد المنعم الحفني. الموسوعة الفلسفية. بيروت: دار ابن زيدون، القاهرة، مكتبة، ٣٨٦.

(٣) هەمان سەرچاوە، ١٧.

کاملێتی دەگەیەنێ، وا دەدرێتە پاڵ فیساگۆڕس کە وتویەتی: ((دانایی تەنها بۆ خوایە، ئەوەش بۆ مرۆڤ هەیە کە دەبێ هەوڵ و تەقەلا بدات تا شارەزا بێت، لە تواناشیدا هەیە دانایی خۆشبوێت، خولیای زانین بێ، بەدوای ڕاستیدا بگەڕێت)). بەهەمان شێوە دراوەتە پاڵ سۆقرات کە وتویەتی: ((ناویان نانێم دانایان، چونکە ئەمە ناوێکی زۆر مەزنە، تەنها وەسفی خوای پێ دەکرێ. بەلام ناویان دەنێم ئەوانەی داناییان خۆشدەوێ، دانایی جۆرێکی کامڵە لە زانست کە تەنها شایستەی خوای مەزنە. ئەمەش هیچی تر نییە جگەلە زانین و شارەزابوون لە ڕاستی شتەکان وەك خۆیان[1]. هەر بۆیە زانایانی فەلسەفەی ئیسلامی گوزارشتیان لە فەلسەفە کردووە بە دانایی و پێناسەیان کردووە بەوەی زانستێکە تیایدا لێکۆڵینەوە دەکرێ لە بارەی ڕاستی شتەکان وەك خۆیان لە بووندا، بەگوێرەی توانای مرۆیی. هەروەها پێناسەیان کردووە بەوەی شارەزابوونە لە دۆخی خودی شتەکان وەك خۆیان لە هەمان شتدا[2]. زانای بلیمەت ئیبن خەلدون باسی ئەوەی کردووە[3] کە: ((ئەو زانستانەی کە مرۆڤەکان لێکۆڵینەوەی تێدا دەکەن و دەستا و دەستیان پێدەکەن بە بەدەستهێنان و فێربوونەوە دوو جۆرن: جۆرێکیان سروشتیە، مرۆڤ بە هزری خۆی پێی دەگات؛ جۆرێکی دیکەش گواستراوە و نەقڵیە، لەوە وەردەگیرێ کە دایناوە. جۆری یەکەمیان: بریتین لە زانستەکانی دانایی

(1) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

(2) صديق بن حسن القنوجي. أبجد العلوم. ١/ ٢٤٥، و لاپەڕەکانی دواتری. بگەڕێوە بۆ فەرمانگەی زانیاری ئیسلامی.

(3) ابن خلدون. المقدمة. تحقيق عبدالواحد وافي. القاهرة: دار النهضة مصر، ١/ ٤٢٥.

و فەلسەفیەکان. ئەمە ئەو زانستانەن کە دەکرێ مرۆڤ بە سروشتی هزری خۆی هەڵوێستەی لەسەر بکات، بە توانا پەیی پێبەرە مرۆییەکانی دەستی بگات بە بابەت و پرس و لایەنەکانی بەڵگەکانی و ڕووەکانی فێربوونی، تا ڕوانینەکەی هەڵوێستەی پێدەکات و هانی دەدات لەسەر ڕاستڕەوی و دوورکەوتنەوە لە هەڵەکردن تیایدا، بەوپێیەی مرۆڤە و خاوەن هزر و بیرە. جۆری دووەمیان: بریتییە لە زانستە گواستراوە دانراوەکان. هەموویان پشتیان بەستووە بە هەواڵدان لەبارەی دانەری شەڕعی)). دانایی هەروەك ئیبن خەلدون بۆی دەچێت بوارەکەی ژیری مرۆییە بەپێچەوانەی زانستە گوێزراوە (خەبەری و نەقلی)ەکان، کە بوارەکەیان هەواڵە لەبارەی بارودۆخی شەڕعی.

هەیانە دانایی وەك ناو داناوە بۆ کامڵ کردنی دەروونی مرۆیی لە هێزە تیۆریەکەی، واتە: دەرچوونی لە هێزەوە بۆ کردار لە پەیی پێبردنە ئەندێشەییەکان و یەکلاکەرەوەکان، بەپێ توانای مرۆیی[1]. دانایی بۆ دوو بەش دابەش دەبێت، کە ئەمانەن: دانایی کرداری، دانایی تیۆری[2]. دانایی تیۆری، ئەو داناییەیە کە پەیوەستە بەو پرسانەی هەوڵی فێربوونیان دەدرێ بۆ دامەزراوی تێگەیشتن و کارەکان، سەبارەت بە دانایی کرداری ئەوا پەیوەستە بە کردەوەکانەوە. هەر یەکەیان سێ بەشی هەیە:

---

(1) أبجد العلوم، سەرچاوەی پێشوو، ٢/ ٢٤٧.

(2) عبدالقادر السفندجي. تهذيب الكلام، ((مخطوط في مكتبتنا الخاصة)).

لەبەر ئەوەی دانایی کرداری یان زانست و شارەزاییە لە بەرژەوەندی تەنها کەسێك، کە بە پاکسازی ڕەوشت ناودەبرێ، هەروەها بە دانایی ڕەوشتیش ناوزەد دەکرێ. سوودەکەشی پاك و خاوێن کردنەوەی دەروون و ناخەکانە. سەبارەت بە زانین و شارەزابوون لە بەرژەوەندی کۆمەڵێکی بەشداربووی هاوبەش لە یەك خانوو و خێزاندا. ئەوا بە زانستی بەڕێوبردنی ماڵ و دانایی ماڵداری ناودەبرێ، سەبارەت بە بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵەیەکی هاوبەش و بەشداربوو لە شارێکدا واتە دەوڵەتدا، ئەوا بە سیاسەتی شارستانی ناودەبرێ.

سەبارەت بە دانایی تیۆری، ئەوا یان زانست و شارزاییە بە چەند دۆخێك کە لە بوونی دەرەکی و بە ژێریبووندا پێویستی بە مادده نییە، ئەمەش زانستی خواییە ((خواناسییە)). سەبارەت بە شارەزابوون لەو دۆخانەی پێویستیان بە مادده هەیە لە بوونی دەرەکیدا بێ ئەوەی بە ژێری ببن وەك زانستی بیرکاری. ئەمەش زانستی بیرکاری و فێرکاریە. سەبارەت بە شارەزابوون بەو دۆخانەی لە بوونی دەرەکیاندا پێویستیان بە مادده و ژێری هەیە، ئەوا نموونەی ئەمە وەك مرۆڤ، ئەمە زانستی سروشتییە.

ئەوەی باسمان نزیك دەبێتەوە لەو دابەشکردنە کە دانایی لای ئەوان بریتییە لە زانست یان کاری ڕاست و دروست. ناکرێ لەم دوو مانایە دەربچێ، چونکە کاملی مرۆڤ لە دوو شتدایە: ڕاستی بناسێ لەبەر خودی خۆی، چاکەش بناسێت لە پێناو کارکردن پێی. سەرچاوەی یەکەم بۆ زانست

و درك پێكردنی ڕەها دەگەڕێتەوە، دووەمیشیان دەگەڕێتەوە بۆ كار دادگەری و ڕاست پێكان[1].

پێشەوا ڕازی "خوا لێی ڕازی بێ" زۆر ڕۆچووە لە دابەزاندنی ئەم دابەشكارییە فەلسەفیانە لەسەر واتا قورئانیەكان. یەكێك لەو شتانەی باسی كردووە لە بارەی ئاماژەدان بە دانایی كرداری و تیۆری لەكاتی ڕاڤەكردنی ئەم فەرمایشتە: ﴿ يُؤۡتِي ٱلۡحِكۡمَةَ مَن يَشَآءُ ﴾ البقرة: ٢/ ٢٦٩. واتە: (ئەو زاتە بەهەر كەس بیەوێت و "شایستە بێت" حیكمەت و دانایی پێ دەبەخشێت). ئەوا وتویەتی: ((لە ئیبڕاهیمەوە سڵاوی خوای لێبێت ئەم وتەیەی ئەوی گێڕاوەتەوە: ﴿ رَبِّ هَبۡ لِي حُكۡمٗا ﴾ الشعراء: ٢٦/ ٨٣. واتە: (پەروەردگارا: زانیاری و دانایی و دەسەڵاتی تەواوم پێ ببەخشە). ئەمە دانایی تیۆریە. ﴿ وَأَلۡحِقۡنِي بِٱلصَّٰلِحِينَ ﴾ الشعراء: ٢٦/ ٨٣. واتە: (پەیوەستم بكە بە چاكەكارانەوە). ئەمەش دانایی كرداریە. بانگی موسا سڵاوی خوای لێبێت كرد و فەرمووی: ﴿ إِنَّنِيٓ أَنَا ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ ﴾ طه: ٢٠/ ١٤. واتە: (بەڕاستی هەر من "الله"م، من خوام، هیچ خوایەك نییە بە حەق جگە لە من نەبێ). ئەمە دانایی تیۆریە. دواتر فەرمووی: ﴿ فَٱعۡبُدۡنِي ﴾ طه: ٢٠/ ١٤. واتە: (هەر من بپەرستە). ئەمەش دانایی كردارییە. لەبارەی عیسا سڵاوی خوای لێبێت فەرموویەتی: ﴿ قَالَ إِنِّي عَبۡدُ ٱللَّهِ ءَاتَىٰنِيَ ٱلۡكِتَٰبَ وَجَعَلَنِي نَبِيّٗا ٣٠ ﴾

[1]) الرازي، تفسیر الكبیر، سەرچاوەی پێشوو، ٧/ ٧٣.

مريم: ١٩/ ٣٠. واته: ("عيسا" وتى: بەڕاستى من بەندەى خوام، كتێبى ئینجیلى پێ بەخشیووم و كردوومى بە پێغەمبەرى خۆى). ئەمە هەمووى دانايى تیۆريە، ئینجا عیسا وتى: ﴿وَأَوۡصَٰنِي بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱلزَّكَوٰةِ مَا دُمۡتُ حَيًّا﴾ مريم: ١٩/ ٣١. واته: (ئامۆژگارى كردووم كە نوێژەكانم ئەنجام بدەم و لە زەكاتدانیش درێغى نەكەم هەتا لە ژياندا هەم). ئەمەش دانايى كرداريە. لەبارەى محەممەدەوە (د. خ) فەرموويەتى: ﴿فَٱعۡلَمۡ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ﴾ محمد: ٤٧/ ١٩. واته: (ئەى مرۆڤ!! دەى كەواتە چاك بزانە و دڵنیابە جگە لە خوا، هیچ خوايەكى تر نییە). ئەمە دانايى تیۆريە. ئینجا فەرموويەتى: ﴿وَٱسۡتَغۡفِرۡ لِذَنۢبِكَ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ﴾ محمد: ٤٧/ ١٩. واته: (داواى لێخۆشبوونى گوناه بۆ خۆت و ئیمانداران لە پیاوان و ئافرەتان هەر لەو بكە. ئەمەش دانايى كردارییە. لەبارەى گشت پێغەمبەرانەوە فەرموويەتى: ﴿يُنَزِّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ بِٱلرُّوحِ مِنۡ أَمۡرِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦٓ أَنۡ أَنذِرُوٓاْ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠﴾ النحل: ١٦/ ٢. واته: (پەروەردگار، خۆى فريشتەكان بەرەحمەت و ژيانەوە "كە سروش و نیگاى ئاسمانیە" دەنێرێت بۆ هەر كەس بیەوێت لە بەندەكانى "كە پێغەمبەرانن"، فەرمانیان پێدەدات كە: خەڵكى بێدار بكەنەوە لەوەى كە بەڕاستى جگە لە من خوايەكى تر نییە بە حەق). ئەمە دانايى تیۆرییە. ئینجا فەرموويەتى: ﴿فَٱتَّقُونِ﴾ النحل: ١٦/ ٢. واته: (لەبەر ئەوە لە خەشم و قینم خۆتان بپارێزن و لەمن بترسن). ئەمەش دانايى

کردارییە. قورئان یەکێکە لەو بەڵگانەی ئاماژە دەدەن بەوەی کە کامڵبوونی مرۆڤ تەنها لەم دوو هێزەدایە))[1]. ئەوەش کە پەیوەستە بە ڕەهەندی فەلسەفی بوونی مرۆڤ و پەیوەندیەکەی بە داناییەوە، ئەوا ئیبن ڕوشد باسی کردووە کە سیستەمێك هەیە گەردوون بە گشتی لەخۆ دەگرێ، ئەویش ئەوەیە کە هەر بوونەوەرێك ئامانجێکی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەم بوونەوەرە بەدوای ئەم ئامانجەدا دەگەڕێ و بۆی دەچێ: ((هەر یەکێك بەرەو ئەو ئامانجە دەچێ کە بۆی دروسکراوە))، بە گەیشتنی بە ئامانجەکەی کامڵبوون دەستدەخات. ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەو شتەی مرۆڤ جیا دەکاتەوە لە شتەکانی دیکە، تایبەت پێی ئەوەیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی هۆشیارە و بەرپرسە، بە گیانی گۆیا (قسەکەر) ناوی دەبەن، مرۆڤ هەوڵ بۆ کامڵبوون دەدات لە ڕووی هۆشیاری و پەیی پێبردنەوە. ئەمەش بۆ دوو لایەن دابەش دەبێت: لایەنی کرداری – پلەو پایەی کرداری -، بەوەی هەڵسوکەوتی تایبەت دەکات بەپێی ئەو هۆشیاریی و شارەزاییەی هەیەتی. لایەنی زانستی – پلەو پایەی تیۆری – کە زانست و بیرو بۆچوونی جیاواز بەدەستدەخات.

پوختەی ئەوەی مەبەستیەتی ئەوەیە کە مرۆڤ وەك هەر بوونەوەرێکی تر خاوەن ئامانجێکی تایبەت بەخۆیەتی و بۆی دەچێت، کامڵبوون دەستەبەر دەکات بە گەیشتن پێی، ئەمەش داناییە. ئەمەش کامڵ کردنی

---

() هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

دەروون دەگەیەنێ لە ڕووی وشیاری و پەیی پێبردنی لە ڕووی کرداری و تیۆر، هەڵسوکەوت و زانیندا.

ئیبن ڕوشد کتێبێکی دەگمەن و بێ هاوتای داناوە لە بابەتی خۆیدا و تۆکمە لە خستنەڕووەکەیدان کە زۆر ڕەسەنە لە زمان و بواری خۆیدا، ناوی ناوە: ((وتەی جیاکەرەوە لە بارەی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان دانایی و شەریعەتدا هەیە)). لەم کتێبەیدا ئەندازەی پەیوەندی دانایی لەگەڵ زانستی ڕاست و دروست و کاری ڕەوا واتە: دانایی تیۆری و داناییکرداری ڕوون دەکاتەوە. کاری ڕەوا هەروەك ئیبن ڕوشد ڕوونی دەکاتەوە بریتییە لە بەرجەستەکردنی ئەو کردەوانەی کە دەبنە مایەی بەختەوەری و خۆدوورگرتن لەو کردارانەی دەبنە مایەی بەدبەختی، زانینی ئەم کردارانە و شارەزابوون لێیان بە زانستی کرداری ناودەبرێ[1].

لەبەر ئەوەی ڕاستی شتێکی چەسپاوە، چەسپاویشە کە شەریعەتی ئیسلامی بریتییە لە شەریعەتی ڕاست و ڕەوان، ئەوا ئێمە دەزانین بە شێوەیەکی بڕاوە و سەلمێنراو دەزانین کە تێڕوانینی بەڵگەیی کە پێشەکیەکانی دڵنیاکەرەوەن، ئەمەش کە داناییە، لەگەڵ شەریعەت یەکدەگرێتەوە و پەیوەندی پێوە دەکات، لێرەوە ئیبن ڕوشد دەڵێت[2]: ((ئەگەر بەڕاستی شەریعەت بانگەوازکار بێ بۆ ڕوانین و ڕامان، کە سەردەکێشێ بۆ زانینی ڕاستی، ئەوا ئێمەی گرۆی موسڵمانان بە شێوەیەکی

---

1) ابن رشد. فصل المقال. سەرچاوەی پێشوو، ١٣ – ١٤.

2) هەمان سەرچاوە، ٣٥.

براوه دەزانین کە ڕوانینی بەڵگەیی سەرناکێشێ بۆ پێچەوانەبوون لەگەڵی ئەوەی شەرع هێناویەتی، ڕاستی دژی ڕاستی نابێ، بەڵکو لەگەڵ یەکدەگرێ)).

دانایی لەلای ئیبن ڕوشد بریتییە لە هەڵوێستی ژیرانەی پەیوەست بە ڕاستی شتەکان، بۆ کامڵکردنی پلە و پایە کرداری و تیۆریەکان.

دانایی درەوشانەوە، یەکێکە لە زانستەکانی فەلسەفی، وەك تەسەوفە، کە یەکێکە لە زانستە ئیسلامییەکان، ڕوونکردنەوەی ئەمەش ئەوەیە کە بەختەوەری هەرە مەزنی مرۆڤ بریتییە لە ناسینی خوای پایەبەرز. بۆ ئەم ناسینەش – وەك دەڵێن - دوو ڕێگە هەیە:

١) ڕێگەی تێڕامان و بیرکردنەوە و بەڵگە هێنانەوە.

٢) ڕێگەی کۆششکردن و مەشق و خواپەرستی، ئەگەر ئەوانەی ڕێگەی یەکەمیان گرتۆتەبەر کۆمەڵێك بوون لە پەیڕەوانی پێغەمبەران ئەوانە بریتین لە زانایانی کەلام، دانایانی ئیشراقی.

سەبارەت بەوانەی ڕێگەی مەشقی خواپەرستی دەگرنەبەر، ئەگەر پابەندبوون بە حوکمەکانی شەریعەت، ئەوا ئەمانە سۆفین، ئەگەرنا ئەوا ئیشراقیەکانن.

پوختەی ڕێگەی یەکەم[1] هەوڵدانە بۆ کامڵبوون بە هێزی بیرکردنەوە و ڕوانین و بەرزبوونەوە لە چوار پلەکانیدا، مەبەستم لێی ژیری هیولی و ژیری کرداری و ژیری بەهرەمەندی و ژیری بەدەستهاتوو، ئەوەی کۆتایی ئەوپەڕی ئامانجە، چونکە گوزارشتە لە بینینی ئەو تیۆریانەی کە دەروون پەیی پێبردووە، بەشێوەیەك کە هیچ شتێکی لێ ون نابێ. بۆیە وتراوە ژیری دەستکەوتوو و بەدەستهاتوو لەم خانەیەدا نییە، بەڵکو لە خانەی قەدەردایە، مەگەر تەنها بۆ هەندێك لەو کەسانە دەستەبەر دەبێ کە خۆی داماڵیوە لە پەیوەستییەکانی دەروون و ڕۆیشتوونەتە ناو ڕێچکەی داماڵراوەکان.

پوختەی ڕێگەی دوومیش خۆ کامڵ کردنە بە هێزی کرداری و بەرزبوونەوە لە پلەکانیدا، کە یەکەم پلەی پاککردنەوەی ڕووکەشە بە بەکارهێنانی بەرنامە و ڕێسا خواییەکان، دووەمیان؛ پاکسازی دەروون لە ڕەوشتە پەست و نزمەکان. سێیەمیان؛ درەوشانەوەی دەروونە بە وێنەی پیرۆز پوخت و پاك لە گومان و خەیاڵی خراپ. چوارەمیان؛ تێبینی و سەرنجدانی جوانی و قەشەنگی خوایە و کورت کردنەوەی ڕوانین لە کامڵی خوادا؛ پلەی سێیەم لەم هێزە ئەگەر پلەی چوارەمیشی لەگەڵ بەشدار بێ لە هێزی تیۆریدا، ئەوا چەندەها وێنەی زانیاری بەسەر ناخدا دەڕێژێت لە وێنەی بینینی دڵنیایی (مشاهده)، هەروەك لە ژیری دەستکەوتدا هەیە، بە وێنەی ئەمە شێخ شەمسەددین سوهرەوەردی پێشەکی نووسیوە بۆ کتێبی (الإشراق)ی شێخی ئیشڕاقیەکان، شێخ شیهابەددینی سوهرەوەردی، جا

---

[1] القنوجي، أبجد العلوم، سەرچاوەی پێشوو، ٢/ ٢٤٨.

وتویەتی[١]: ((ئەگەر بۆمان دەرکەوت کە بەختەوەری بەستراوەتەوە بە زانستە ڕاستەقینەکان جگەلەوانی تر، ئەوا دەڵێن زانستە ڕاستەقینەکان بۆ دوو جۆر دابەش دەبن: زانستی چێژی دەرخەر (زەوقی کەشفی)، جۆری تریان زانستی لێکۆڵینەوەی تۆریە، جۆری یەکەم بە واتای بینین و تێکەڵ بوونە لەگەڵ واتا و شتە ڕووت و داماڵراوەکان لە ڕێگەی تێکۆشان و کۆششەوە نەوەك بە هزر و شێوەی بەڵگەی پێوانەیی، یان دانای پێناسەیەکی دیاریکراو یاخود وێنەیی بەڵکو بە ڕووناکی و نووری درەوشانەوەی یەك لە دوای یەکی جیاواز کە ناخ و گیان لە جەستە دادەبڕێ و بە هەڵواسراوی دەیهێڵێتەوە کە داماڵینی خۆی دەبینێ و سەرووی خۆشی سەیر دەکات لەگەڵ چاودێری کرانی خوایی. کەمینەیەك لە دانا و فەیلەسوفەکان بەمە دەگەن، کە ئامادە و پلەوپایەدار بن.

شێخ سوهرەوەردی لە پێشەکی کتێبەکەیدا دانایی (ئیشراق)دا[٢] دەڵێت: ((ئەوەی تەنها لێکۆڵینەوەی دەوێت، ئەوا با پایەندبێ بە ڕێگەی مەشائییەکان، ئەمە تەنها بۆ لێکۆڵینەوە باشە، تۆکمە و دامەزراوە، ئێمە قسە و گفتوگمان لەگەڵی نییە لە باسەکانی ئیشراقیەتدا، بەڵکو ئیشراقییەکان کاریان ڕێکناکەوێ بەبێ درەوشانەوە ڕووناکی و نووریەکان، هەندێك لەو ڕێسایانە لەسەر ئەم نوورانە بنیات دەنرێن)).

---

١) السهروردي، حكمة الإشراق، ٥.

٢) سەرچاوەی پێشوو.

شێخی ئەسکەندەرانی[1] ئەفلۆتین کە لە ٢٠٥ز لە ئەسیوتی لە وڵاتی میسڕ لەدایك بووە، یەکەم کەس بووە کە فەلسەفەی ئیشڕاقی دامەزراندووە، کە واتا ئاینەکەی وەرگرتووە لە بیرۆکەی نموونەی ئەفلاتۆنی، پێی وابوو جیهان دیاردەی زۆری هەیە و بەردەوام ڕووکەشەکانی دەگۆڕێن، جیهان بەخۆی خۆی بەدینەهێناوە، بەڵکو دەبێ هۆیەکی پێشوەختەی هەبێ کە هۆکاری بوونیەتی، ئەو هۆکارەی بوونی لێ پەیدابووە تاکە و فرە نییە، ژیریەکان پێی ناگەن، بیر و هزرەکان دەستیان بە ناوەڕۆکی ناگات، بێ سەرەتا و بێ کۆتاییە، لە ناو شوێن و کاتدا نییە. لەبەر ئەوەی تاك و تەنهایە، ئەوا نابێ چەند جیهانێکی لێ پەیدابێ، بۆیە پەنای بردۆتەبەر بیرۆکەی ڕێژنە (فیض)، وتویەتی بیرکردنەوەی خوا لە خودی خۆی ڕێژنەی لێ پەیدابووە، ئەم ڕێژنەیەش بووەتە خودی جیهان. ئەمەش بنچینەکانی تیۆری ڕێژنەیین کە بە زیرەکی خزاونەتە ناو ئەدەبیاتی تەسەوف، پێ خلیسکان (شەتەحات)ەکانی هەندێك لە سۆفییەکان. ئێمە لێرەدا نامانەوێ بچینە ناو وردەکارییەکانی، یان ڕاستیان بکەینەوە، ئەوەندە بەسە کە ئاماژە بکەین بەوەی تیۆری ڕێژنەیی هەروەك فاڕابی دەڵێت[2] بۆچوونی وایە: ژیری چالاك و کارا (ئاسمانی دونیا) کە بەخشەری وێنەکانە بەردەوام و هەمیشە ڕاستییەکان بە سەر ڕووی جیهاندا دەدرەوشێنێتەوە، بەڵام ئەو

---

(١) أحمد أمين. و زكي نجيب محمود. قصة الفلسفة اليونانية. القاهرة: مكتبة النهضة المصرية، ٢٦٧ – ٢٦٩.

(٢) الفارابي. آراء أهل المدينة الفاضلة. تحقيق ألبير نصري نادر. بيروت: دار الشروق، ١٩٨٦، لا ٧ و لاپەڕەکانی دواتری.

گیان و دەروونانەی خاوەن مێشکی ساف و بێگەردن ئەم ڕاستیانە وەردەگرن و بە زمانی مرۆیی گوزارشتی لێدەکەن، بەشێوەیەك کە لەبەردەم هەست و مێشکی ئەوانی تردا دادەنێن، بەشێوەیەك کە ئەم ڕاستیانە دەنگدانەوەیەکی کەمی دەبێ. ڕاستییەکان لە خودی خۆیان لەسەرووی ئەم بازنە ماددیە بەرهەستەوەن، مەبەستم ئەو زمانەیە کە بەکارهێنراوە بۆ گوزارشت لێکردنی. تەنها فەیلەسوف بەهۆی چاکەی ژیربێژی و ڕامانی ژیرانە دەتوانێ بەرز ببێتەوە تا ئاستی سەرچاوەی ئەم ڕاستیانە، مەبەستم ژیری کارا و چالاکە).

شتێکی ڕۆشنە کە فارابی لێرەدا هەر دوو دانایی مەشائی و ئیشراقی ئاوێتەی یەکتر دەکات بە مەبەستی گەیشتن بە ڕاستییەکان، موسڵمان لەسەری پێویستە هۆشیار بێ و تێبگات لەوەی لە کۆنەوە وتراوە یان دەکرێ ئێستا بوترێ لە بارەی ڕاستی و حەقیقەت بەتایبەت لەوەی پەیوەستە بە قورئانەوە، بێگومان هەر ڕاڤەیەك کۆك نەبێ لەگەڵ ڕەوانبێژی و ڕوونبێژی موحەممەدی یان تێکبگیرێ لەگەڵ تێگەیشتنی عەرەبی ڕێك و پێك و ڕاست بۆ قورئانی پیرۆز، ئەوا ڕەتکراوەیە، خواش زاناترە.

### سێیەم: دانایی لەلایەن پسپۆرانی زانستی بنەماکانی فیقه

دانایی لە قورئاندا مافێك بوو بۆ خودی خۆی دەناسرا، چاکەیەك بوو بۆ کارپێکردنی ئاشنایەتی لەگەڵ پەیدا دەکرا، هەڵوێستێکی ژیرانە بوو کە

گشت خاوەن ویژدان و ئایین و ژیریەك ملكەچی دەبوو، خەسڵەتی كاملێتی سنووورداری مرۆڤی هەیە، ڕێك و پێكی بێ خار و خێچی خاسیەتیەتی.

دانایی لە فەلسەفەدا لێكۆڵینەوە بوو لە ڕاستی شتەكان بە ئەندازەی وزەی مرۆڤ، درەوشانەوەیەكی خوایی بوو لە ناخی ئەو خواپەرستانەی وازیان لە شتە ماددییەكان هێناوە، خۆیان بە واتای ڕۆحییەكان ڕازاندۆتەوە، دەروونی خۆیان درەوشاوە و ڕووناك كردۆتەوە بە كۆشش و هەوڵدان. بەمەش زانستی تایبەتی خواییان دەستخست: ﴿وَعَلَّمْنَاهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا﴾ الكهف: ١٨/ ٦٥. واتە: (زانست و زانیاری تایبەتی خۆمانمان پێ بەخشیبوو).

سەبارەت بە دانایی لەلای زانایانی بنەماكانی فیقه، ئەوا تایبەتە بەلایەنی یاسادانانی كرداری، مەبەستم دانایی كردارییە لە حوكمی شەرعیدا، مەبەستمان لێی ئەو چاكە و خێرەیە كە حوكمی شەرعی بۆ تاك یان كۆمەڵ دەستەبەری دەكات، چونكە خوای یاسادانەر دانایە، داناش تەنها ئەوە دەكات كە باش و بەرژەوەندی تێدایە، مەبەستمان لەوە ئەوە نییە كە موعتەزیلە بانگەشەی بۆ دەكات لەوەی باشتر و شیاوتر لەسەر خوا پێویستە، بەڵكو ئەوە پەسەند دەكەین كە كردەوەكانی خوا هۆدارن بە بەرژەوەندی بەندەكان. ئەوەش ڕاستی وتوە، كە وتویەتی: هەر كەسێك هۆداركردنی ڕەتكردەوە و نكۆڵی لێكرد ئەوا نكۆڵی كردووە لە پێغەمبەرایەتی، لەبەر ئەوەی ڕەوانەكرانی پێغەمبەران هۆدارە بە ڕێنوێنی كردنی خەڵك. لەگەڵ ئەوەی دانایی بە واتای بنەمای زانستی فیقه ڕێكخراو

نییە بەشێوەیەکی گشتی، ئەوا لە گشت دۆخێکی لاوەکیدا بەرهەستە. لەبەر گومانی نا ڕێکخراوی دانایی بە مانای زانستی بنەماکانی فیقھ، بیرۆکەی هۆی حوکمی شەرعیان داهێنا، وتیان: حوکمەکان بە بوون و نەبوون لەگەڵ هۆیەکانیان دەخولێنەوە نەوەك لەگەڵ حوکمەکەیان. هۆی پەسەند ئەو هۆیەیە کە دانایی مەبەست و خوازراو لەلایەن خوای یاسادانەرەوە لە خۆ دەگرێ لە دانانی حوکمدا، هۆی ڕاستەقینە بەرژەوەندییە، تەنانەت داناییە.

سەبارەت بە جیاوازیە ڕۆکەشیەکە، ئەوەیە کە هۆ بریتییە لە وەسفی دیار و ڕێکخراوی گونجاو بۆ ڕەوایی حوکم، کە دانی پێدانراوە و جێگومانی دانایی کە پاڵنەری بە یاسادانی داناییە، کە حوکمی لەسەر بنیات دەنرێ بە بوون و نەبوون. سەبارەت بە دانایی ئەوا بریتییە لەو بەرژەوەندیەی خوای یاسادانەر مەبەستیەتی لە دانانی حوکمەکان، سوود دێنێت و زیان وەلا دەنێت. لەوانەیە ڕێکخراو نەبێ، زانای بلیمەت سەدری شەریعە دەڵێت[1]: ((دانایی ڕووت لە گشت تاکێکدا ڕەچاو ناکرێت، بەهۆی نا ڕۆشنی و ڕێکخراو نەبوونەکەی، بەڵکو لە ڕەگەزدا ڕەچاو دەکرێت، بەمەش وەسفێکی دیاری ڕێکخراو دەدرێتە پاڵ حوکم، لەگەڵی دەخولێتەوە، واتە وەسفەکە لەگەڵ داناییەکە یان لە کاتی بوونی وەسفەکە ئەوا بوونی دانایی و حیکمەتەکە زاڵ دەبێ. مەبەست ئەوەیە کە پەیدابوونی دانایی لەسەر وەسفەکە هەردەم دەبێتە مایەی هێنانی دانایی یان بەلایەنی زۆری وەك گەشت و سەفەر لەگەڵ سەختی و ماندوێتی، واتە مەبەست لەوە نییە کە ماندووبوون و

---

[1] صدر الشريعة. شرح التوضيح على التنقيح. بيروت: دار الكتب العلمية، ٢/ ٦٣ – ٦٤.

سەختی داناییە، بەڵکو مەبەست لێی وەلانانی زیانە، وەلانانی زیانیش ئەوا لە وێنەی بوونی زیاندا دەستەبەر دەبێت، بوونی زیانیش دەستەبەر نابێ مەگەر سەختی و ماندوێتی هەبێ. دواتر زۆربەی جاران سەختی و ماندووبوون لە گەشت و سەفەردا بوونی هەیە، بەمەش حوکمەکە کە مۆڵەت پێدرانە لەسەر وەسفەکە پەیدا دەبێ، ئەویش سەفەر و گەشتە، دانایی مسۆگەر دەکات، کە بەلایەنی زۆری زیان وەلا دەنێت)).

هۆی ڕاستەقینە کە دەبێتە هۆکاری حوکمەکە بریتییە لە دانایی. سەبارەت بە جیاکاری لە نێوان هۆ و دانایی (حیکمەت)دا، ئەوا بەرهەمی هونەری زانستی بنەماکانی فیقهە، کە لەسەردەمی یەکەمی کۆچیدا بوونی نەبووە. بەڵکو ئێمە وا دەبینین کە ئەو هۆکارانەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون لە ڕووە ڕاستەقینەکەیاندا بریتین لە بەرژەوەندی و دانایی، جا چ ڕێکخراو بن یان نا ڕێکخراو. زۆربەی کۆشش (إجتهاد)ەکانی عومەری کوڕی خەتاب (ڕەزای خوای لێبێت) و جگەلەویش لە گەورە هاوەڵان و شوێنکەوتووان هۆدارکرابوون بە دانایی، هەروەك ئەم دۆخە بینرا لە لادان و لابردنی بەشی تازە موسڵمان بووەکان، دابەشکردنی زەویە خەراجییەکان لەسەر جوتیاران نەوەك لەسەر جەنگاوەران. لەبەر ئەوە من بۆ ئەوە دەچم کە لادانی زانایانی بنەماکانی فیقه لە هۆدارکردن بە دانایی بەرەو هۆدارکردن بە وەسفی دیار و ڕێکخراو، مانای پوچەڵکردنەوەی هۆدارکردن نییە لە دانایی، بەڵکو لە پێناو ڕێك و پێکیدا بووە.

له کتێبەکانی زانستی بنەماکانی فیقهدا هاتووە[1] کە یەکێك لە مەرجەکانی هۆ ئەوەیە کە وەسفێکی دیار و ڕێکخراو بێ لە خودی خۆیدا، تا ببێتە ڕێکخەری دانایی نەوەك دانایی ڕووت، ئەمەش لەبەر شاراوەیی داناییەکە وەك ڕەزامەندی لە بازرگانیدا. لەبەر ئەوەی دانایی لە بازرگانیدا بریتییە لە ڕەزامەندی. بازرگانی (کڕین و فرۆشتن) بەستراوەتەوە بە شێوە دەربڕینەکانی گرێبەستەکان نەوەك بە ڕەزامەندیەوە، چونکە شێوە دەربڕینی (فرۆشتم، کڕیم) دیار و ڕێکخراوە، یان لەبەر نا ڕێکخراوی دانایی وەك ماندووبوون و سەغڵەتی. ئەمە چەندین پلەی بێ ژمار و جیاوازی هەیە و دەگۆڕێ بەپێی کەسەکان... بۆیە بە گەشت و سەفەرەوە بەستراوەتەوە، جا ئەگەر داناییەکی ڕووت بینرا، بە خودی خۆی دیار و ڕێکخراو بوو، بەشێوەیە کە بکرێ ڕەچاو بکرێ و بزانرێ، ئەوا دروستە ڕەچاو بکرێ و حوکمی پێببەسترێتەوە بەپێی بۆچوونی ڕاست و دروست، چونکە ئێمە بەدڵنیایەوە دەزانین ئەمە مەبەست و خوازراوە لەلایەن خوای یاسادانەرەوە، و لەو پێناوەدا بە جێگومان ڕەچاو دەکرێ، بەهۆی ناجێگیری و شاراوە بوونی. ئەگەر ئەو ڕێگرە لاچوو کە کۆسپ لەبەردەم ڕەچاوکردنی ئەوا بە دڵنیاییەوە دروستە ڕەچاو بکرێ.

شتێکی ڕوونە کە مەبەست لە ڕێك و پێك بوون بریتییە لە ئاسانکاری بۆ بەیەکەوە کۆکردنەوەی دۆخی تازە و دۆخی دەق لەسەر هاتوو، لەو

---

[1] ابن الحاجب. منتهى الوصول والأمل في علمي الأصول والجدل. بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٥، ١٦٩.

هۆكارەی كە پاڵنەر حوكمەكە، بەهۆی شاراوەبوونی دانایی ئەوا سەختە پشتی پێ ببەسترێ بۆ كۆكردنەوەی هەر دوو دۆخەكە.

پێم وایە ئەم تێڕوانینە بنەماییە فیقهییە تایبەتە بە واتا لاوەكییەكان، سەبارەت بە واتا گشتییەكان و سەرەكییەكان، كە مەبەستمان لێی مەبەستەكان و گیانی گشتی شەریعەتە، گومان لەوەدا نییە كە ئەمە لە خودی دانایین بەواتا گشتییەكەی، لە چوارچێوە گشتییەكەیدا ڕێك و پێكە، هەر بۆیە دەڵێم: ((ئەگەر ئەمە دۆخی دانایی بێ لە بنەماكانی كتێبی خوادا، جا زیانێك لەوەدا دانایی بە ڕەهەندە ژیریەكەی و بە ناوەڕكە كۆك و تەبایەكەی لەگەڵ ئارەزووی مرۆڤ بۆ داد و یەكسانی و گونجاو لەگەڵ گیانی شەریعەت لە پێوانە (قیاس)دا پشتی پێببەسترێ، ناوەڕۆكەكانی دەق و هەڵهێنجانە فیقهییەكان فراوان بكرێ، بەتایبەت لەو دۆخانەدا كە دەقێكی قورئان یان سوننەتی لەسەر نەهاتووە.

ئەگەر بەدواداچوون بۆ فەتوا فیقهییە گونجاوەكانی گەورە زانایان بكەین، دەبینین لە ڕاستیدا پشت دەبەستێ بە دانایی ژیرانە لە ژێر ڕۆشنایی بنەماكانی شەریعەت. ئەگەر سەرچاوەكانیشیان جیاواز بن، كە بە سەرچاوە پاشكۆیەكان ناسراون. چەسپاوە كە حوكمەكانی خوا هۆدار كراون بە دانایی و بەرژەوەندی. دانایی هاودەمی قورئانی پیرۆزە، هەر حوكمێك دانایی دەستەبەر نەكات ئەوا لە شەرعەوە دوورە. ئەوەی پشتی ئەم بیرۆمەیە دەگرێت، ئەوەیە كە حەنەفییەكان پێوانە (قیاس) فەرامۆش

دەكەن ئەگەر دانایی دەستەبەر نەكات، لە جیاتی پێوانە پەنا دەبەنەبەر بە چاكدانان (إستحسان)، كە دەبێ دەرخەری دانایی بێ، ئەگەرنا بەچاكدانان تەنها دەبێتە یاسادانانێك لەسەر بنەمای ئارەزوو، هەروەك چۆن پێشەوا شافیعی "ڕەزای خوا لێبێت"وەسفی كردووە. ئێمە لێرەدا سەرقاڵی ئەوە نین وردەكاریەكەی بخەینەڕوو، لە ڕاستیدا گوزارشتە لە حوكمی چەسپاو لە ناو گشت نەتەوە و خاوەن ئاینەكان، هەروەك ڕازی باسی كردووە، ئیبن ڕوشد ئاماژەی پێداوە، ئەمە ئەو بنەمایانەن كە ژیری و سروشتی شتەكان دەچەسپێنێ و گشت خاوەن كاكڵ و ژیری و ویژدانی سەلامەت و تەندروست ملكەچی دەبن.

# پوختە

ئەم کتێبە هەوڵێکی پەیڕەودار پێشنیار دەکات و دەخاتەڕوو، بۆ دۆزینەوەی ئاسۆکانی گونجاوی فیقهی ئیسلامی، کە شیاوی نوێسازی و هاتنەوە و گونجانە لەگەڵ قۆناغەکانی شارستانییەتی مرۆڤایەتی، کە بەردەوام لە بەرزبوونەوە و پێشکەوتندایە.

ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سەرچاوەکەی بریتییە لە ڕاستی و سەلمێنراوەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر، کە بیر و هزری چاکەخوازی و دادگەری و دانایی و ڕێزی مرۆڤ و بە بنەما دەکات، ڕێز و حورمەتی زانست و زانایان دەگرێت.

ژیری و عەقڵی شەرعناس و خوێنەر بەیەکەوە ڕادەپەڕێنێ و هاندەدات، بەڵکو هێڵە سەرەکییەکانی شەریعەت بخوێنێتەوە کە تایبەتن بە بوارەکانی داب و نەریت، بەپێی پێشهات و دەستکەوتەکانی سەردەم، نەوەك بەپێی دەستکەوت و پێدداویستییەکانی چەرخەکانی ڕابردوو، کە چیتر بوونی نەماوە، هیچ کۆمکارێك لە نێوان چەرخی ڕابردوو و سەردەمی ئێستادا نییە.

ئەم دید و تێڕوانینە کە داهێنان و شتێکی نامۆ نییە هەڵدەهێنجێ لە بنەما سەلمێنراو و بڕاوەکان، هێڵە گشتییەکانی شەریعەت، کە ڕەحمەت و

میهرەبانی بۆ هەمووان فەراهەم دەکەن، زەرەر و زیانگەیاند ڕەت دەکەنەوە، دان بە ڕووگەی هەموو ئاینێکدا دەنێت: ﴿وَمَا بَعْضُهُم بِتَابِعٍ قِبْلَةَ بَعْضٍ ﴾ البقرة: ٢/ ١٤٥. واتە: (ئەوانیش هەندێکیان شوێنکەوتەی ڕووگەی هەندێکی تریان نین). زەوی دەکاتە گۆڕپان و مەیدانێکی ڕێپێدراو بۆ هەمووان: ﴿ كُلًّا نُّمِدُّ هَٰٓؤُلَآءِ وَهَٰٓؤُلَآءِ مِنْ عَطَآءِ رَبِّكَ ﴿٢٠﴾ ﴾ الإسراء: ١٧/ ٢٠. واتە: (ئێمە هەر دوولا "دنیا پەرستان و خواپەرستان" لە بەخششی پەروەردگارت بەهرەوەر دەکەین).

بانگی ڕاجیاکان و خاوەن بۆچوونە جیاوازەکان دەکات بۆ کێبڕکێ و پێشبڕکێ لە شارستانیەتدا، نەوەك بەیەکدانان و ململانێ: ﴿فَٱسْتَبِقُوا۟ ٱلْخَيْرَٰتِ ﴿١٤٨﴾ ﴾ البقرة: ٢/ ١٤٨. واتە: (پێشبڕکێ بکەن لە چاکەکاندا). ستایشی دانایی و گفتوگۆی ئامانجدار دەکات بۆ داواکردنی مافەکان بێ دەمارگیری یان پەڕگیری و توندڕەوی.

لایەنگیری خۆی دەردەخات بۆ بابەتی بوونی بەهای شتەکان و کردەوەکان وەك: داد و ستەم، نەوەك بۆ ئەو دوو کێشانەیان کە لە ئەشعەریەکان بەجێماوە.

لێکدانەوەیەك دەخاتەڕوو بۆ ئایەتەکانی حوکمڕانی (حاکمیەت)، کە لە سوڕەتی مائیدەدا هاتوون، کە ڕێکخستنی دەرئاسا و ئیعجازی شێوە داڕشتنی

قورئانی لەخۆی دەگرێ، لەگەڵ ئەوەی گرێی تەکفیر (کافرکردن)یش ڕوون دەکاتەوە، کە زۆر کەس تووشی بوونە، ئایەتەکانیان لێ تێکچووە.

پڕۆژەی گفتوگۆ و ڕامان پێشنیار دەکات، بابەتەکەی پێویستییەکی کۆمەڵایەتی مێژووییە، نەوەك خۆشی و چێژێکی هزری.

# پاشکۆ

## هەڵوێستی ئیسلامی لەبەرامبەر خاوەن ئاینە جیاوازەکان

## پێشەکی

هەردەم ژیربێژی لە کاتی توێژینەوە لە کێشە کۆمەڵایەتییە کۆن و نوێیەکان، وادەخوازێ کە بە چەند پێشەکییەك دەستپێ بکات کە مشتومڕ یان ڕاجیایی لەلای ژیرمەندانەوە نەوروژێنن، لێرەدا مەبەستمان ئەو جۆرە کەسانە نییە کە لەوانەیە داوای بەڵگە بکەن لەسەر ڕاستییەك، کە وەك ڕۆژی ڕووناك درەوشاوەیە، ئەو پێشەکیانەی مەبەستمن کە پەیوەستن بە ناوەند و چەقەکانی ناونیشانی بنەڕەتی ئەم توێژینەوەیە، ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم: بنەڕەت و بنچینە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان ئاشتییە، دەتوانین ئەم بنچینە سەرەکییە، کە بەهەمان شێوە لەسەر پەیوەندی نێوان موسڵمانان و ناموسڵمان جێبەجێ دەبێ لە چیرۆکی ئادەم و یەکەم خێزانی مرۆڤایەتی وەربگرین، کە خوای گەورە ویستی ببێتە کۆگای بەرپرسیارێتی و جێنشینایەتی لە زەویدا، کاتێك قابیل دەستی خۆی درێژکرد بۆ ئەوەی هابیلی براکەی بکوژێت، هابیل خۆی گرتەوە لە هەوڵدان بۆ کوشتنی، بۆ ئەوەی ئاشتی ببێتە پەیرەوی مرۆڤ لە ژیان و جگەلەوەش بە گوناه و تاوان بچەسپێ.

﴿ لَئِنۢ بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقۡتُلَنِي مَآ أَنَا۠ بِبَاسِطٖ يَدِيَ إِلَيۡكَ لِأَقۡتُلَكَۖ إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٢٨﴾ ﴾ المائدة: ٢٨. واته: (سوێند به خوا ئەگەر تۆ دەست درێژ بکەیت بۆ من بۆ ئەوەی بمکوژیت، من دەستدرێژ ناکەم بۆ تۆ بۆ ئەوەی بتکوژم، چونکە بەڕاستی من لەسزا و تۆڵەی خوا، پەروەردگاری جیهانەکان دەترسم). لە هەمان بەسەرهاتدا خوای مەزن مافی جێگیربوون و نیشتەجێبوونی لە زەوی بە ئادەم و خێزانەکەی بەخشی، کە ﴿وَلَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُسۡتَقَرّٞ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٖ﴾ البقرة: ٣٦. واته: (تاماوەیەکی دیاریکراو نیشتەجێ دەبن لە زەویدا و لە ناز و نیعمەتەکان سوود وەردەگرن و بەهرەوەر دەبن). ئایا جێگیربوون و نیشتەجێبوون بەبێ ئاشتی دەبێ؟؟.

دووەم: فرەیی مرۆیی لە ڕووخسار و ڕووکەش و گەیاندن و ئەزموون و بیرکردنەوە و ڕێگاکەی، ڕاستییەکی گەردوونی و قەدەرێکی خوایی نەگۆڕە و هەردەبێ ببێ: ﴿ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ خَلۡقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفُ أَلۡسِنَتِكُمۡ وَأَلۡوَٰنِكُمۡ ﴾ الروم: ٢٢. واته: ("یەکێکی تر" لە نیشانە و بەڵگەکانی، دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویە و جیاوازی زمان و ڕەنگتانە).

ئیسلام ڕاستی فرە جۆری شارستانی و ئاینی دەچەسپێنێ لە چەندین ئایەتی قورئاندا، بۆت هەیە لێکۆڵینەوە لەم ڕاستییە بکەیت بە وردبوونەوە و ڕامان لەم ئایەتە پیرۆزە: ﴿ لِكُلّٖ جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗاۚ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ

﴿لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَآ ءَاتَىٰكُمْ﴾ المائدة: ٥/ ٤٨. واتە: (بۆ هەر لایەکتان "موسڵمانان و خاوەنانی کتێب" بەرنامە و پڕۆگرامی تایبەتمان بڕیارداوە خۆ ئەگەر خوا بیویستایە هەر هەمووتانی دەکردە یەك ئوممەت و گەلێکی یەك پارچە، بەڵام "ویستی وایە بەو جیاوازیە" تاقیتان بکاتەوە لەوەی پێی بەخشیوون). هەروەها ئەم ئایەتە هاوشێوەیەش: ﴿وَلَوْ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً ۖ وَلَا يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ ﴿١١٨﴾ إِلَّا مَن رَّحِمَ رَبُّكَ ۚ وَلِذَٰلِكَ خَلَقَهُمْ ﴿١١٩﴾﴾ هود: ١١٨ – ١١٩. واتە: (خۆ ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە ئەوە هەموو خەڵکی دەکرد بەیەك تاقم و کۆمەڵ، "بەڵام" بەردەوامیش ئەو خەڵکە جیاوازن لە نێوانی یەکتردا لە ئایین و بەرنامە و بۆچووندا. مەگەر ئەوەی بەزەیی پەروەردگارت گرتبێتیەوە، هەر بۆ ئەو مەبەستەش خوای گەورە دروستی کردوون).

هزری ئیسلامی؛ هزرێکی کراوەیە، دان بە بەرامبەردا دەنێت و تەنگی پێ هەڵناچنێت، پیلان بۆ سوك و ڕسواکردنی دانارێژێت، ئەم ڕێبازە شارستانیە کراوەیە لە ڕۆح و پەند و ئامۆژگارییەکانی قورئانی پیرۆز وەرگرتووە، ئەگەر حەز دەکەیت ئەم ئایەتە بخوێنەوە: ﴿لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا﴾ المائدة: ٤٨. واتە: (بۆ هەر لایەکتان "موسڵمانان و خاوەنانی کتێب" بەرنامە و پڕۆگرامی تایبەتمان بڕیارداوە). ئەگەر دوودڵ بوویت لە وەرگرتنی ئەم پەیڕەوە ئیسلامییە لێبوردەیە ئەوا لەم ئایەتە پیرۆزە

وردببەوە: ﴿ وَلَئِنۡ أَتَيۡتَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ بِكُلِّ ءَايَةٖ مَّا تَبِعُواْ قِبۡلَتَكَۚ وَمَآ أَنتَ بِتَابِعٖ قِبۡلَتَهُمۡۚ وَمَا بَعۡضُهُم بِتَابِعٖ قِبۡلَةَ بَعۡضٖ ﴾ البقرة: ١٤٥. واتە: (سوێند بەخوا ئەگەر بچیت بۆ لای ئەوانەی کتێبیان بۆ هاتووە، بە هەر بەڵگەیەك بتەوێت شوێنی ڕاستی بکەون و ڕوو بکەنە ڕووگەی تۆ، ڕووی تێناکەن و بەقسەت ناکەن، تۆش هەرگیز شوێنکەوتەی ڕووگەی ئەوان نابیت، ئەوانیش هەندێکیان شوێنکەوتەی ڕووگەی هەندێکی تریان نین). جا جیاوازی گەلان لە ئایین و شارستانیەتدا، ڕاستییەکی گەردوونیە ئیسلام ڕێز و بەهای بۆ داناوە، ئەو کێشانەی دروست دەبن بەهۆی ئەو جیاوازیەوە، ئەوا بە لێبوردەیی و دانان بە بەرامبەردا چارەسەر کردووە، کێشەی جیاوازی لە ئایندا بە دواڕۆژی سپاردووە، بەوەی هیچ خاوەن دەسەڵاتێك نییە جگەلە خوای مەزن، کە پاشای ڕۆژی دواییە.

سێیەم: لەگەڵ ئەوەی ئایین و شەریعەتەکان تێدەکۆشن بۆ ڕێك و پێك کردنی هەڵسوکەوتی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەش لە ئیسلامدا پەیڕەوێکی ڕۆشن هەیە بۆ پاکسازی دەروونی مرۆیی، هەروەها لە یاسا دەستکردەکانیشدا ڕێ و شوێن و سزا هەیە و دەسەپێنرێ بۆ ڕێگەگرتن لە پێشێلکردنی بەرنامە و شەریعەتە ڕێکخەرەکان، ئەوا هەموو ئەمانە مرۆڤ بە ناچاری نابەن بەرەو پابەندبوون بەم نموونە و بەهایانە، مرۆڤ داناماڵێ لە هۆکارە خودییەکانی، کە لەوانەیە کاریگەری لەسەری زیاتر بێ لە هەر هۆکارێکی تری دەرەکی، بەمەش مرۆڤ لە هەڵبژاردنەکانیدا بە ئازادی دەمێنێتەوە، تەنانەت جار

وایە لە ناو ڕێنماییە ڕێنیشاندەرییەکاندا دەمێنێتەوە. لەوانەشە گشت ئەم ڕێنماییانە لە تاقی دیوار بدات بە هەر هۆیەك بێ پێشێلیان بکات.

ئەو ڕاستیەی دەمانەوێ جەختی لەسەر بکەینەوە لەم پێشەکیەدا ئەوەیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی بەرپرسیارە، بەرپرسیارێتیەکەی گەڵاڵەبووە لە ئازادبوونی لە هەڵبژاردنی ئەوەی دەستدەخات یان ئەوەی پێشکەشی دەکات، یاخود لەو پەیڕەو و ڕێبازەی هەڵیبژاردووە یان باووباپیرانی بۆیان هەڵبژاردووە. ئا لێرەوە تاك و گەل و نەتەوە و کۆمەڵگەکان جیاواز دەبن لە سروشتی هەڵبژاردنەکاندا بەپێی جیاوازی ویست و خواست و پاڵنەرە دەروونیە کەڵەکەبووەکان لە ناو نەوەکاندا، ناکرێ گشت خەڵك لەسەر یەك تێڕوانین کۆبکرێتەوە لە سیاسەت یان لە ئابووری یاخود لەسەر جۆرێك لە ژیانی کۆمەڵایەتی، نموونەش لەسەر ئەمە کۆکردنەوەی خەڵك لەسەر یەك ئایین. پێغەمبەران و پەیامبەران توانیان کۆمەڵگەکان هۆشیار بکەنەوە بۆ سەر ڕێگە ڕاست و ڕێنوێنی، بەڵام نەیانتوانیوە هەموویان ڕێنوێنی بکەن و بیانهێننە ناو بازنەی ڕێنوێنیکراوان، چونکە ئەرکی ئەوان یادخستنەوە و بیرهێنانەوەیە: ﴿ فَذَكِّرْ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٌ ﴿٢١﴾ ﴾ الغاشية: ٢١. واتە: (کەواتە "تۆ ئەی پێغەمبەر (د. خ) ئەم شتانە بخەرەوە یادیان و ئامۆژگاریان بکە، بەڕاستی تۆ هەر یادخەرەوەیت. هیچ دەسەڵاتێکت نییە بەسەر دڵ و دەروونیاندا "تا بە زۆر باوەڕداریان بکەیت". بەڵام ئەو کەسەی کە پشت هەڵکردووە و کوفری هەڵبژاردووە. ئەوە خوا سزا و تۆڵەیەکی زۆرسەخت و

بەئازار و بێ سنووریان لێ دەسێنێت). مافی ئەوەیان پێنەدراوە ویستی ئازادی مرۆڤ زەوت بکەن: ﴿ فَمَن شَآءَ فَلۡيُؤۡمِن وَمَن شَآءَ فَلۡيَكۡفُرۡ ﴿٢٩﴾ ﴾ الكهف: ١٨/ ٢٩. واتە: (جا ئەوەی دەیەوێت با باوەڕ بهێنێت و ئەوەی دەیەوێت با کافر و بێ باوەڕ بێت).

ناونیشانی سەرەکی گوتاری ئیسلامی و گشت گوتارێکی تری ئاینی بریتییە لە: ﴿ لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِ ﴿٢٥٦﴾ ﴾ البقرة: ٢/ ٢٥٦. واتە: (بەهیچ جۆرێك زۆر کردن نییە لە وەرگرتنی بیروباوەڕی ئاینی ئیسلامدا "دینداریی بەزۆر نابێت بکرێت و دین بەزۆر نادرێت بەسەر کەسدا").

هەر لەم گۆشە نیگایانەوە کە کۆڵەگەی سەلمێنراون، پێویستیان بە بەڵگە بۆ هێنانەوە نییە، تەنها ئەوەندە بەسە ئاماژەیان بۆ بکرێت، دەست دەکەم بە خستنەڕووی هەڵوێستی ئیسلامی لە سایەی ڕۆشنایی قورئانی پیرۆز لە بەرامبەر خاوەن ئاینە جیاوازەکان، ئەم توێژینەوەیەم هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی خوێنەر ڕاستەوخۆ هەست بکات بە ئەندازەی سوربوونی ئیسلام لەسەر دروستکردنی پەیوەندی ڕۆشن لە مەترسیدارترین ئەو پرسانەی ڕاجیاییان تێدایە، ئەویش جیاوازی بیروباوەڕییە، ئەمەش لە دوو دەروازەدا تاوتوێ دەکەین، لە دەروازەی یەکەمدا تاوتوێی تێڕوانینی خۆمان دەکەین بۆ ئایین و ئیسلام و پەیوەندیان بە ئاینە ئاسمانیەکانی ترەوە، لە دەروازەی دووەمدا دەچینە سەر پەیڕەوی ئیسلام لەگەڵ خاوەن ئاینە جیاوازەکان.

# دەروازەی یەکەم

## ئایین و ئیسلام، پەیوەندی ئیسلام بە ئاینەکانی تر

هەروەك پێشتر لە پێشەكیدا باسكرا توێژینەوەكە وا دەخوازێ مانای ئایین و واتای ئیسلام ڕوون بكرێتەوە، پەیوەندی ئیسلام بە ئاینە ئاسمانیەكانی دیكەش ڕوون بكرێتەوە، لەبەردەمماندا سێ باس هەیە:

### باسی یەکەم

### مانای ئایین

بە تێڕوانینی من مانای ئایین دیاری ناكرێ مەگەر لە ناوكۆ (سیاق)ی و بە ناوكۆیەكەی نەبێ، بە ئەندازەی ڕاجیابوونیان سەبارەت بە دروشم و جێبەجێكردنەكان و بنچینەكانی ئایین، ئەوا ئەوەندەش ڕاجیان سەبارەت بە واتاكەی. واتای فەرهەنگی سودی بۆمان نابێ لە دیاری كردنی مانا دیاركراوەكەی، بەهەمان شێوە ئەوەی ڕاڤەكاران و شەرعناسە پایەبەرزەكان و جگەلەوانیش ئاماژەیان پێداوە كەڵكی بۆمان نییە. ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ فەرهەنگی (المحیط)ی فەیروز ئابادی كە ڕۆچووە لە ڕەگ و ڕیشە و ماناكانی وشەدا، دەبینی ئایین، واتە: وشەی ئایین یەكێكە لە وشە فرە واتاكان، كە واتای دژیەكیش دەگەیەنێ، خاوەنی فەرهەنگی ناوبراو دەڵێت: (ئایین، بە لەژێر "كسر"ە، واتە: پاداشت... ئیسلام، ئامادەسازی، پەرستش، بارانی

بەردەوام یان نەرمە باران، گوێڕایەڵی... سەرشۆڕی، دەرد، لێپرسینەوە، تێکشکاندن، زاڵبوون، خۆبەگەورە زانین، دەسەڵات و موڵك و حوکمڕانی، ژیاننامە، مشورگێڕی، یەکخواناسی، ناوە بۆ هەر شتێك کە خوای پێ بپەرسترێ، ئوممەت و پارێزکاری، تاوان و سەرپێچی، ناچارکردن... دۆخ، دادوەری... "دان یدین": خۆی بەگەورەزانی و خۆی ڕیسواکرد، گوێڕایەڵ بوو، سەرپێچی کرد...). ئەمەش مانای وایە کە ئایین یەك واتای دیاریکراوی نییە، بەڵکو ماناکەی بەو ناوکۆیە (سیاق)ە دیاری دەکرێ کە تیایدا هاتووە، یان تیایدا وتراوە، وشەی ناوبراو بە واتای پاداشت و سزا و گوێڕایەڵی و گۆشەگیری و سەرشۆڕی و ئیسلام و گشت ئەو شتانەی کە خوای پێ دەپەرسترێ هاتووە.

هیچ شتێکی نامۆ نییە لە شلەژانی نێوان وشە و واتاکەی یان ماناکانی، وشە بۆ واتا دانراوە، واتاش شتێکی هۆشمەندیە، بێژە و وشە تەنها هێمایەکە کە خەڵکی وا لەسەری ڕێکەوتن کە ئاماژەیە بۆ ئەو شتەی ناو هۆش، کە دەگۆڕێ و جێگیر نابێ مەگەر لە نێو ناوکۆ (سیاق)ەکەی نەبێ، لە کاتی ڕوونکردنەوەی مەبەستی بێژەرەکەی نەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا گەورە شەرعناسەکان زاراوەیەکیان بۆ پێناسەی ئایین داناوە، کە هەروەك زانای بلیمەت ئیبن حەجەری هەیتەمی شافیعی لە پێشەکییە کۆمکارەکەیدا بۆ فەرهەنگە فیقهیەکەی (تحفة المحتاج[1]) دەڵێت: "دانراوێکی خواییە؛ ژیرمەندەکان بە ویستی خۆیان ئاڕاستە دەکات بۆ شتی باش، کە بەتایبەت

[1]) ابن حجر الهیتمي، تحفة المحتاج بشرح المنهاج، ط، بیروت، لا ٢٠ و لاپەڕەکانی دواتری.

چاکه و خێری بۆ ئەوان تێدایه؟". بەپێی ئەم پێناسەیە دانراوە و بەرنامە مرۆییەکان وەك نەخشە سیاسی و مشورگێڕی ژیان و گوزەران بە ئایین دانانرێ، چونکە دانراوی خوایی نین، بەهەمان شێوە ئەو دۆخە سروشتیانەش کە ڕێنمایی ئاژەڵان دەکەن بۆ سوود و زیانیان ناچنە چوارچێوەی ئاینەوە، چونکە ئایین ژیرمەندەکان ڕێنوێنی و ئاڕاستە دەکات، یەکێك لە داریکەرە بنەڕەتییەکانی ئایین بەپێی ئەم پێناسەیە کە نەریتی شەڕعناسان لەسەر بووە، ئەوەیە کە دەبێ بە هەڵبژاردنی سوپاسکراو بێ، کەوتە دۆخە ناچارییەکان ناچنە ناو چوارچێوەی ئاینەوە. لایەنی گرنگ لە ئایندا ئەوەیە کە گوزارشتی کۆتایی ئاماژەی پێ دەدات کە ئەویش ئەمەیە "خێر و چاکەی بەتایبەت بۆ ئەوان تێدایە"، واتە: ئامانجی ئایین بریتییە لە خێر و چاکەی ڕەها بۆ تێکڕای خەڵك. شتێکی ڕوونە ئەم پێناسەیە کە هاووێنەکەی سەیدی بلیمەت شەریفی جورجانی لە پەڕاوێزەکەی لەسەر کتێبی (العضد[1])دا هێناویەتی لەسەر هیچ یەکێك لەو واتایانە دانەمەزراوە کە فەرهەنگە کۆن و نوێیەکانی عەرەبی پێی نەخشێنراون، ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئەوەی پێناسەکردنی ئایین بە هاووێنەی ئەم وشە فرەواتا و کورتبڕانە مەبەستی خوازراو ناگەیەنێ بەبێ پشت بەستن بەو دیاردەیەی سەریهەڵداوە لە واتای خوازراو، کە واتای ڕۆحی پەرستشیە، ئاماژە دەکات بۆ پەیوەندی بەدیهێنراو بە دیهێنەرەوە، هەر بۆیە ئەم پێناسە بە ڕوونکردنەوەی دیاردەی ئاینی دادەنرێ، کە ون نابێ لەبەردەم

---

(1) حاشية الشربيني على تحفة المحتاج، هەمان سەرچاوە.

ناخ و هزر و بیری مرۆڤ، ئەگەرچی هەندێك بانگەشەی شتێکی جگەلەمە بکەن.

لێرەوە بینیمان پرۆفیسۆر دکتۆر هوستن سمیس خاوەنی توێژینەوەی قوڵی ڕۆحی لە ئاینە مەزنە جیهانیەکاندا، لە کتێبەکەیدا ((ئاینەکانی جیهان)) لە پێناسەکردنی ئایین بەشێوەیەکی ژیربێژی دوور دەکەوێتەوە لە جیاتی ئەمە نزیك دەبێتەوە لە شرۆڤەکردنی دیاردەی ئاینی زیندوو، لەلای ناوبراو ئاینی زیندوو بانگهێشتی گیان و ڕۆح دەکات بۆ بەرزترین پلەکانی سەرکێشی و گرتنەبەری ڕێگەی سەخت، کە دەکرێ پێی هەڵسێت، بانگی دەکات بۆ گەشت کردن بە ناو دارستان و چیا و بیابانەکانی ڕۆحی مرۆیی، ئەمە بانگەوازێکە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاستی و زاڵبوون بەسەر دەروونداً، دواتر دکتۆر هوستن دەڵێت: ((ئاینی ڕەسەن پاکترین و درەوشاوەترین دەلاقە و پەنجەرەیە، کە وزە گەردوونیە لەبن نەهاتووەکان دەتوانن لەوێوە بڕژێنە ناو قەوارە و ناخی مرۆییەوە. کەواتە چ شتێك لە توانایدایە ململانێ لەگەڵ ئایین بکات لە کاریگەری هەبوون لەسەر ناوەندە داهێنەرەکانی مرۆڤ و نیگایەکانی؟؟))، دکتۆری ناوبراو دەگاتە ئەوەی بڵێت کەسێك کە نا دینداری وەك بێرنارد شۆ گەیشتۆتە ئەوەی کە پێی وابێ ئایین بریتییە لە تاکە هێزی بزوێنەری ڕاستەقینە لە جیهاندا.

دكتۆر لە پێشەكی كتێبەكەیدا (ئاینەكانی جیهان) دەگاتە ئەوەی ئایین بەم مانایە دەبێتە بابەتی توێژینەوە لە كتێبەكەیدا[1].

ئایین بابەتێكی زمانەوانی نییە، بەڵكو ئەو ڕەهەندە ڕۆحییەیە كە دەدرەوشێتەوە لە پیادەكردنی ئەو پەیڕەوەی خوای مەزن بۆ مرۆڤی داناوە لە هزر و ڕەوشتدا.

هەندێكی تر ڕاڤەی وشەی ئاینیان كردووە بەوەی خودی پەیڕەوە، زانای بلیمەت ئیبن حەجەڕ بەم وتەیەی ئاماژەی پێكردووە، جا دەڵێت[2]: ((لەوانەیە ئایین بەو حوكمانە ڕاڤە بكرێ كە دانراون)). وا دەردەكەوێت كە ناوبراو بەلای واتای ملكەچیدا دەچێ لە وشەی ئایندا، جا دەڵێت: (((میللەتیش هەمان مانای وشەی ئایینی هەیە، وەك شەریعەتە، چونكە لەو ڕووەی كە مل بۆ نواندنە واتە ملكەچ دەبێ بە ئایین ناودەبرێ، لەو ڕووەی كە لەسەری كۆك دەبن بە میللەت ناودەبرێ، لەم لایەنەش ئامانجی ڕزگاركردنی ناخە لە تیاچوون كە بە شەریعەت ناودەبرێ)).

ئەوەی مانای ملكەچی لە وشەی ئایندا زیاتر پەسەند دەكات لە ماناكانی تردا، ئەوەیە كە ئەسمەعی[3] لە هەندێك عەرەبەكانی گێڕاوەتەوە، وتویەتی: پیتی (د)ی وشەی (الدِّين) (لەسەر: فتح)ەی بۆ دانراوە، چونكە خاوەنەكەی

---

[1] د. هوستن سميث، أديان العالم، نشر دار الجسور الثقلافية، حاب ٢٠٠٥، لا ٢٧.

[2] ابن حجر الهيتمي، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢١.

[3] بڕوانە: القاموس المحيط، في كلمة الدين، الهامش، ط ١٩٣٥، ٤.

لەسەرووی قەرزدار (مدین)، پیتی (د)ی وشەی (الدُنیا)، پیتی (د)ی وشەی (الدِّین) چونکە لەسەر ملکەچی بنیاتنراوە. ئەمەش قوڵکردنەوەیەکی دەستکردی زۆرەملێیە، لە لایەنی زمانەوانی ڕووکەشیدا، کە لەو سەردەمی بایەخدان بە بێژەکان ڕەواجی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا شێخی ڕاڤەکارە پاشینەکان، زانای بلیمەت ئەحمەد موستەففا مەڕاغی ئاماژەی پێداوە و وتویەتی[1]: وشەی (الدین) لە زمانەوانیدا چەند مانایەکی هەیە، لەوانە: پاداشت و سزا، گوێڕایەڵی، ملدانواندن، کۆی ئەو ئەرکانەی کە خوای گەورەی پێ دەپەرسترێ، ئەوەی کە بەندەکان پێی ڕادەسپێردرێن تا جێبەجێی بکەن، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی بۆ خەڵك دانراوە، ئەوا بە شەرع ناودەبرێ، بەپێی ملکەچ بوون و فەرمانبەرداری بۆ خوای یاسادانەر پێی دەوترێ دین و ئایین، بەپێی ئەوەی نووسراوە ئەوا پێی دەوترێت میللەت.

(1) الشیخ أحمد مصطفی المراغي، تفسیر المراغي، مطبعة. بمصر، ١٩٥٣، ج ٣، لا ١١٧ و لاپەڕەکانی دواتری.

## باسی دووەم:

## مانای ئیسلام

ئەگەر مانای زاڵی وشەی ئایین لە زۆربەی ئەو چوارچێوانەی قسەی تێدا کراوە بە دەوری ملکەچی بخولێتەوە، ئەوا مانای ئیسلامیش بە هەمان شێوەیە، ئیسلام بە مانای ملکەچی و خۆبەدەستەوەدان دێت، هەروەها بە مانای ڕۆیشتنە ناو ئاشتی واتە ئاشتەوایی و سەلامەتی دێت، ناونانی ئاینی ڕاست و دروست بە ئیسلام لەگەڵ ئەم مانایانە دەگونجێ، ناونانی بە خۆبەدەستەوەدان لە هەمووان لەپێشترە و گونجاوترە، بە بەڵگەی ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ وَٱتَّبَعَ مِلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا ﴾ النساء: ١٢٥. واتە: (کێ هەیە ئاینی چاکتر و پەسەندتر و جوانتر بێت لەو کەسەی ڕووی کردۆتە خوا و خۆی تەسلیمی ئەو زاتە کردووە و لەکاتێکدا کارجوان و کار پەسەندە و شوێنی ئاینی ئیبراهیمی ملکەچ و فەرمانبەردار کەوتبێت). ﴿ بَلَىٰ مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَلَهُۥٓ أَجْرُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦ ﴾ البقرة: ١١٢. واتە: (نەخێر وانییە، هەر کەس بەڕاستی خۆی بداتە دەست خوا و لەهەمان کاتدا چاکەکار و موسڵمان بێت، ئەوە پاداشتی خۆی لای پەروەردگاری دەست دەکەوێت).

ئیسلام دەستووری گشتییە، گیانی گشت ئاینەکان کۆ دەکاتەوە لەخۆیدا، پەیامی پەیامبەران و پێغەمبەران لەخۆ دەگرێ لە یەکخواناسی و کاری باش و چاکەکردن لەگەڵ مرۆڤ و بڵاوکردنەوە لەسەر زەویدا، بەڵگەی ئەمەش ئەم فەرمایشتەی خوای مەزنە: ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلْإِسْلَٰمُ ﴾ آل عمران: ١٩. مەڕاغی زۆر چاك ڕاڤەی کردووە، کاتێك وتویەتی[1]: واتە گشت ئەو ئایین و شەریعەت و بەرنامانەی کە پێغەمبەران هێناویانە، ڕۆح و گیانیان بریتییە لە ئیسلام و ملکەچی و خۆبەدەستەوەدان، ئەگەرچی لە هەندێك ئەرك و ڕاسپاردە و شێوەی کاردا جیاواز بن، موسڵمانی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە پاك بێ لە کرچ و کاڵییەکانی هاوبەشدانان لە کردەوەکانی و باوەڕیشی هەبێ، جا لە هەر میللەتێك بێت، لە هەر سەردەمێکیشدا بێ. ئەمە مەبەستی ئەم فەرمایشتەی خوای پایەبەرزە: ﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴾ آل عمران: ٨٥. واتە: (جا ئەوەی بێجگە لەئاینی ئیسلام پەیڕەوی هەر ئاینێکی تر بکات لێی وەرناگیرێت، لە قیامەتیشدا لە خەسارەتمەند و زەرەرمەندانە). هیچ شتێکی نامۆ لەمەدا نییە، قورئانی پیرۆز جەختی کردۆتەوە لەسەر یەکێتی ئاینەکان لە مەبەستە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی ئاییندا، وەك: یەکخواناسی و ڕەوشتە بەرزەکان، ئەگەر دەتەوێ ئەوا ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن بخوێنەوە: ﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِىٓ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ وَمَا وَصَّيْنَا بِهِۦٓ إِبْرَٰهِيمَ

---

[1]) الشيخ أحمد مصطفى، سەرچاوەی پێشوو، ب ٣، لا ١١٨ و لاپەڕەکانی دواتر.

وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِ ﴾ الشورى: ٤٢/ ١٣. واتە: (ڕێبازی ئاین و بەرنامەی ژیانی بۆ داناون، هەروەك بۆ نوحی دانابوو و هەر بەو شێوەیە قورئانیشی بۆ تۆ ئەی محەممەد (د. خ) وەحی و نیگا کردووە، وە بە ئیبڕاهیم و موسا و عیساشی ڕاگەیاندووە کە ڕێبازی ئایین و یەکخواناسی بەرنەدەن و لەسەری پایەدار بن).

لە ڕاستیدا ئایین بۆ دوو شت دانراوە، یەکەمیان: پاکسازی ڕۆح و گیانەکان و ڕزگارکردن و پاککردنەوەی ژیرییەکان لە کرچ و کاڵییەکانی هاوبەشدانان و گومڕایی. دووەمیان: چاکسازی دڵەکان بە کاری چاك و مەبەست و نیازی دڵسۆزانە بۆ خوا و خەڵك.

پەرستشەکانیش دانراون بۆ پەروەردەکردنی گیانی خۆبەدەستەوەدان و ملکەچبوون بۆ ڕێنماییەکانی ئاینی ڕاست و دروست.

بۆ ئەوەی خوێنەر ئاگادار بکەینەوە لە دیدگای پرۆفیسۆری شارەزا لە ئاینەکاندا دکتۆر هوستن سمیس سەبارەت بەوەی پەیوەستە بە ئیسلامەوە، چ وەك وشەکەی، چ وەك مەبەستەکەی، بۆچوونی ناوبراو لە کتێبە تایبەتەکەیدا دەگوازینەوە، جا دەڵێت[1]: ناوی ڕاست و دروست بۆ ئەم ئاینە پیرۆزە ئیسلامە، مەبەست لەمە بە موحەممەدی ناوبردنیان لای خۆرئاواییەکان پێشێلکردنی ڕاستینە و حەقیقەتی ئەم ئاینەیە. ئەم وشەیە لە ڕووی زمانەوانیەوە لە ڕەگ و ڕیشەکانی (السلم) داتاشراوە، کە سەرەتا بە

---

(1) د. هوستن سميث، أديان العالم، نشر الجسور الثقافية، حلب، ٢٠٠٥، لا ٤٦٥.

**مانای ئاشتی دێت، له پلەی دووەمدا بە مانای خۆبەدەستەوەدان دێ. هەر بۆیە مانا تەواوەکەی دەبێتە: ئەو ئاشتیەی بەرهەم دێ، کاتێك مرۆڤ خۆی بە تەواوی ڕادەستی خوای مەزن دەکات.**

**بەمە توێژەری ناوبراو بابەتی بوونی خۆی چەسپاند لە شرۆڤەکەی بۆ ئاینەکان، لە ناویشیاندا ئاینی ئیسلام. لەبەر گرنگی ڕاڤەی ئەم ئایەتە پیرۆزە:** ﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُ ﴾ آل عمران: ١٩. **لە دیاریکردنی مانای ئیسلام و کاریگەری ناوکۆ (سیاق)ەکە لە دەستنیشان کردنی ماناکەی، پەنا دەبەمە بەر ڕاڤەکاری مەزن پێشەوا ڕازی و داوای ڕوونکردنەوەی لێ دەکەم، وا لێی تێگەیشتم کە ناوکۆ (سیاق)ەکەی ئاماژە بۆ یەکخواناسی دەکات، ئایەتی پێشووش جەختی لەسەر کردۆتەوە:** ﴿ شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلۡعِلۡمِ قَآئِمَۢا بِٱلۡقِسۡطِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ١٨ ﴾ آل عمران: ١٨. **واتە: (خوای گەورە "لە ڕێگەی دروست کراوانیەوە، کە هەمووی نیشانەی دەسەڵاتی دەنوێنێت" خۆی شایەتی داوە و دەریخستووە و سەلماندویەتی کە بەڕاستی جگە لەو هیچ خوایەکی تر نییە کە شایانی پەرستن بێت، هەروەها فریشتەکان و خاوەن زانستەکانیش "لە پێغەمبەران و زانایان" کە بەڕێگەیەکی ڕاست و دروست دەیسەلمێنن خوا هەمیشە داد پەروەری ڕەهایە و جگە لەو زاتە خوایەکی تر نییە و ئەو خوایەکی باڵادەست و دانایە). جا مادەم ئیسلام ئەو ئاینەبێ کە یەکخواناسی لەخۆ**

بگرێ، وەك چۆن ڕازی[1] وا دەڵێت، ئەوا لەمەوە پێویست دەبێ کە ئاینی ڕاست و دروست لای خوا بریتی بێ لە ئیسلام. ڕازی لە ڕاڤەکەیدا بەردەوام دەبێ، دان دەنێ بەوەی ئیسلام لە بنەڕەتی زمانەوانیدا سێ جۆرە ڕووی هەیە: یەکەم: گوزارشتە لە هاتنە ناو ئیسلام، واتە ملکەچبوون و خۆبەدەستەوەدان و شوێنکەوتنی. دووەم: هەر کەسێك موسڵمان بوو، واتە هاتۆتە نێو ئاشتی و ئیسلامەوە. سێیەمیان: ئیبن ئەنباری وتویەتی: موسڵمان واتە ئەو کەسەی لە پەرستشەکانیدا دڵساغ و دڵسۆزە بۆ خوای مەزن. ئیسلام لای ڕازی بە مانای دڵسۆزبوون دێ لە ئایین و بیروباوەڕدا بۆ خوای مەزن.

## باسی سێیەم: پەیوەندی ئیسلام بە ئاینە ئاسمانیەکانی ترەوە

قورئانی پیرۆز کە سەرچاوەی سەرەکی ڕاستی و حەقیقەتی ئاینیە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی پەیوەندی ئیسلام بە پەیامەکانی دیکەی پێش خۆیەوە بریتییە لە پەیوەندی درێژەپێدان و بە ڕاستدانانی بنچینەکانیان نەوەك پەیوەندی ڕەتکردنەوە و هەڵوەشاندنەوە. ئەگەر دەتەوێ ڕابمێنە لەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ ﴾ المائدة: ٥/ ٤٨. واتە:

---

(1) الإمام الرازي، التفسير الكبير، تفسير سورة آل عمران، ٧/ ٣٠٩.

(ئێمە قورئانمان هاوڕێ لەگەڵ هەموو حەقیقەت و ڕاستییەکدا بۆ تۆ دابەزاندووە، ڕاستی و دروستی کتێبەکانی پێش خۆیشی دیاری دەکات و چاودێرە بەسەر هەموویاندا). ئەم فەرمایشتەی خوای مەزنیش هەر لەم واتایەوە نزیکە: ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ﴾ الشورى: ١٣. واتە: (ڕێبازی ئاین و بەرنامەی ژیانی بۆ داناون، هەروەك بۆ نوحی دانابوو و هەر بەو شێوەیە قورئانیشی بۆ تۆ ئەی محەممەد (د. خ) وەحی و نیگا کردووە، وە بە ئیبڕاهیم و موسا و عیساشی ڕاگەیاندووە کە ڕێبازی ئایین و یەکخواناسی بەرنەدەن و لەسەری پایەدار بن). بە هەمان شێوە ئەم مانایە لەم فەرمایشتەی خوای پایەرداردا ڕوون دەبێتەوە، کە دەفەرموویت: ﴿قُلۡ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ عَلَيۡنَا وَمَآ أُنزِلَ عَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمۡ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ٨٤﴾ آل عمران: ٨٤. واتە: ("ئەی محەممەد (د. خ)، ئەی ئیماندار" بڵێ: باوەڕمان هێناوە بەخوا و بەوەی بۆمان نێرراوەتە خوارەوە و بەوەش کە نێرراوەتە خوارەوە بۆ سەر ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و نەوەکانی و بەوەش کە دراوە بە موسا و عیسا و پێغەمبەران لەلایەن پەروەردگاریانەوە و ئێمە جیاوازیی

ناکەین لە نێوان هیچ کامیاندا و هەمووومان تەسلیم و ملکەچی ئەو پەروەردگارەین).

لە فەرموودەیەکی ڕاست و دروستدا هاتووە کە موسلیم گێڕاویەتیەوە، وێنەی پێغەمبەری ڕێزدار محەممەد (د. خ) دەکات بە شێوازی پێغەمبەرایەتی کۆکەرەوە، کە پەیوەندی ئیسلام بە ئاینە ئاسمانیەکانی دیکەوە بە جوانترین شێوە وێنا دەکات، جا فەرموویەتی: (نمونەی من و پێغەمبەرانی پێش من وەك نمونەی پیاوێك وەهایە کە بینایەکی دروست کردووەو زۆر چاك و جوانی کردووە، تەنها جێگای یەك خشت نەبێت، لە سوچێك لە سوچەکانیدا، خەڵك بەدەوریدا دەگەڕێن و سەرسام دەبن و دەڵێن: ئەی ئەم خشتە بۆچی دانەنراوە؟ فەرمووی ئەو خشتە منم و سەرمۆری پێغەمبەرانم). موسلیم هێناویەتی بە ژمارە (٥٢٣).

ئالێرەوە جیاوازی گوتاری قورئانی لەگەڵ گوتاری خاوەن ئاینە ئاسمانیەکانی تر دەرکەوت، بە بانگەشەکردنی بۆ ڕێزگرتن و هاندانی بەرامبەر بۆ گوێگرتن لە گوتاری ئاینی نوێ، کە تەواوکەر و بەڕاستدانەری ئاینەکانی پێشووە، گوتاری قورئان بانگیان دەکات بە خاوەن کتێبەکان، کتێب و پەرتوکیش هێمای زانست و زانین و زانیارییە. ئەوەش کە خاوەن زانست و زانیاریە دەبێ پێشوازی لە زانست و زانیاری تازە بکات، نەوەك گەمارۆی بدات: ﴿ قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ كَلِمَةٖ سَوَآءِۭ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمۡ أَلَّا نَعۡبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشۡرِكَ بِهِۦ شَيۡـٔٗا وَلَا يَتَّخِذَ بَعۡضُنَا بَعۡضًا أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِۚ فَإِن

﴿تَوَلَّوۡاْ فَقُولُواْ ٱشۡهَدُواْ بِأَنَّا مُسۡلِمُونَ ٦٤﴾ آل عمران: ٦٤. واتە: ("ئەی محەممەد (د. خ)" بڵێ: ئەی ئەوانەی کتێبتان بۆ ڕەوانەکراوە وەرن بەدەم بانگەواز و بەرنامەیەکەوە کە هاوبەش و هاوسەنگە لە نێوان ئێمەش و ئێوەشدا "ئەویش ئەمەیە": جگە لە (الله) کەسی تر نەپەرستین، هیچ جۆرە هاوەڵێکی بۆ بڕیار نەدەین، هیچ لایەکمان لاکەی ترمان "بەپیرۆز و فەرمانڕەوا دانەنێین" لەجیاتی ئەو زاتە و نەیپەرستین "خۆ ئەگەر لەم بانگەوازەدا" سەرپێچیان کرد و گوێیان پێنەدا، ئەوە پێیان بڵێ: کە ئێوە بەشایەت بن کە ئێمە موسڵمانین و ملکەچی فەرمانی پەروەردگارین).

بۆ موسڵمان دروست نییە، سنووری شیاو و هەڵبژاردنی باشترین تێپەڕێنێ، لە کاتی گفتوگۆ و مشتومڕ کردن لەگەڵ خاوەن کتێبەکان، تا ڕابێت لەسەر پەسەندکردنی بەرامبەر و هاوبەش بوون لە ژیاندا، بەپێی ڕێسا و بنەمای: ﴿لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ ٦﴾ الكافرون: ٦. واتە: (دینی خۆتان بۆ خۆتان و دینی خۆم بۆ خۆم). ﴿فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَقُولُواْ ٱشۡهَدُواْ بِأَنَّا مُسۡلِمُونَ﴾ آل عمران: ٦٤. واتە: ("خۆ ئەگەر لەم بانگەوازەدا" سەرپێچیان کرد و گوێیان پێنەدا، ئەوە پێیان بڵێ: کە ئێوە بەشایەت بن کە ئێمە موسڵمانین و ملکەچی فەرمانی پەروەردگارین).

ئەوەی ئەم پەیوەندییە بەهێز دەکات ئەوەیە کە مەبەستەکانی ئایین لە یەکخواناسی و چاکەکاری و ڕەوشت بەرزی و داناییدا یەك شتە، ئەگەرچی

بەرنامە و شەریعەتەکان لە لق و پۆپ و هەندێك وردەکاریدا جیاواز بن، ئا لێرەوە پەنا دەبەمەبەر توێژەری بە ویژدانی خۆرئاوایی دکتۆر هوستن لە کتێبەکەیدا (ئاینەکانی جیهان) لە ژێر چەمکی (بیروباوەڕە بنەڕەتیەکان) بەدەر لە هەندێك جیاوازیدا ئەوە دەخوێنمەوە کە چەمکە خواناسی (لاهوتی)یە بنەڕەتیەکانی ئیسلام بە شێوە کرداری کۆکە لەگەڵ چەمکە خواناسی (لاهوتی)یەکانی جولەکە و مەسیحییەتدا، ئەم دوو ئاینە کە لە پێش ئیسلامدا هاتوون[1].

سەرباری یەك سەرچاوەیی، کە مەبەستمان نیگا و سروشی خوایی بۆ ئاینە ئاسمانیەکان، کە هەر ئەمەش یەك ڕۆح و گیان و ڕاستینە و حەقیقەتی خواستووە، ئەوا پەیڕەوی ئیسلام بۆ ژیان ژینگەی گونجاو دەسازێنێ بۆ هاریکاری مرۆیی لە نێوان ئاینە جیاوازەکان، بەهۆی ئەو بنەما مرۆییانەی پشتی پێدەبەستێ، وەك ئەمانەی خوارەوە:

١) ڕێزی مرۆڤایەتی: ئیسلام یەکسانی لە نێوان نەوەکانی ئادەمی لە ماف و ئەرکەکاندا بە مافێکی سروشتی شایستە داناوە، بەپێی داخوازی سروشت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡ ﴾ الحجرات: ١٣. واتە: (ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە هەمووتانمان لە نێر و مێیەك دروستکردووە "کە باوکە ئادەم و دایکە حەوایە" و کردوومانن بە

---

[1] د. هوستن سميث، أديان العالم، نشر دار الجسور الثقافية، حلب، ٢٠٠٥، لاپەڕەکانی دواتر.

چەندەها گەل و تیرە و هۆزی جۆر بەجۆر، تا یەکتر بناسن و پەیوەندیتان خۆش بێت بە یەکەوە.. بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خوا ئەو کەسانەتانە کە زۆرتر لە خواترسە و فەرمانبەرداری خوایە). گشت مرۆڤەکانی شایەنی ڕێز و حورمەتن، بەپێی داخوازی ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ وَلَقَدۡ كَرَّمۡنَا بَنِيٓ ءَادَمَ ﴾ الإسراء: ٧٠. واتە: (سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووە).

٢) برایەتی مرۆڤایەتی: قورئانی پیرۆز ڕاشکاوانە باسی لە یەکێتی مرۆڤایەتی کردووە: ﴿ كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ ﴾ البقرة: ٢/ ٢١٣. واتە: (لەسەرەتای پەیدابوونی خەڵکیدا، خەڵك یەك ئوممەت بوون).

بەهۆی ئەم برایەتیەوە قورئانی پیرۆز ڕێگری نەکردووە لە چاکەکردن لەگەڵ خاوەن ئاینە جیاوازەکان، جا دەفەرموویێت: ﴿ لَّا يَنۡهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمۡ يُقَٰتِلُوكُمۡ فِي ٱلدِّينِ وَلَمۡ يُخۡرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمۡ أَن تَبَرُّوهُمۡ وَتُقۡسِطُوٓاْ إِلَيۡهِمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ ۝٨ إِنَّمَا يَنۡهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ قَٰتَلُوكُمۡ فِي ٱلدِّينِ وَأَخۡرَجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمۡ وَظَٰهَرُواْ عَلَىٰٓ إِخۡرَاجِكُمۡ أَن تَوَلَّوۡهُمۡۚ وَمَن يَتَوَلَّهُمۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ۝٩ ﴾ الممتحنة: ٨ – ٩. واتە: (دڵنیاش بن کە خوا قەدەغەی ئەوەتان لێ ناکات کە چاك ڕەفتاری و دادپەروەری بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا جەنگیان دژ نەکردوون و دژایەتی ئاینیان نەکردوون و لە شوێنەوارتان دەریان

نەکردوون، چونکە بەڕاستی خوا دادپەروەرانی خۆش دەوێت. بە ڕاستی خوا تەنها قەدەغەی ئەوەتان لێ دەکات کە پشتیوانی بکەن لەوانەی کە جەنگیان بەرپا کرد دژی ئایین و دەریان کردن لە شوێنەواری خۆتان و پشتیوانی ئەوانیان کرد ڕۆڵیان هەبوو لە دەرکردنتاندا، ئەوەش پشتیوانیان لێ بکات و خۆشی بوێن، جا ئا ئەوانە هەر ستەمکارن).

٣) دادپەروەری: ئیسلام مافی دادپەروەری داوە، کە مافێکی سروشتییە، قورئان دانی پێداناوە و چەسپاندوویەتی بۆ دۆست و دوژمن بە یەکسانی، هەر بۆیە خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُواْ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلۡقِسۡطِۖ وَلَا يَجۡرِمَنَّكُمۡ شَنَـَٔانُ قَوۡمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعۡدِلُواْۚ ٱعۡدِلُواْ هُوَ أَقۡرَبُ لِلتَّقۡوَىٰۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴿٨﴾ ﴾ المائدة: ٨. واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، زۆر بەچاکی هەستن بە ئەنجامدانی شایەتی دادپەروەرانە لەبەر خوا، ڕق و دوژمنایەتی هیچ کەس و هیچ لایەك هەڵتان نەنێت کە لە دادپەروەریی لابدەن، دادپەروەربن، ئەوە نزیکترە لە تەقوا و خواناسیەوە، دەی کەواتە لەخوا ترس و پارێزکاربن، چونکە بەڕاستی خوا ئاگادارە بەو کار و کردەوەیەی کە دەیکەن).

٤) هەڵسوکەوت کردنی هاوتایانە لەگەڵ بەرامبەردا لەگەڵ ڕەچاوکردنی پلەبەرزتربوون لە چاکەدا: قورئانی پیرۆز ئەم

بنەمایەی چەسپاندووە بەم فەرمایشتەی خوای مەزن: ﴿ فَمَنِ اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ ﴾ البقرة ١٩٤. واتە: (جا ئەوەی دەستدرێژی دەکاتە سەرتان، ئێوەش مافتان هەیە بەقەدەر دەست دریژییەکەی ئەو، تۆڵەی خۆتان بکەنەوە و لە خوا بترسن و، چاك بزانن کە بەڕاستی خوا یار و یاوەری پارێزکارانە).

٥) بەوەفابوون و بەجێهێنانی بەڵێن و پەیمان: خوای تاك و پاك لە هاوەڵ فەرموویەتی: ﴿ وَأَوْفُوا بِعَهْدِ اللَّهِ إِذَا عَاهَدتُّمْ وَلَا تَنقُضُوا الْأَيْمَانَ بَعْدَ تَوْكِيدِهَا وَقَدْ جَعَلْتُمُ اللَّهَ عَلَيْكُمْ كَفِيلًا ۚ إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ ﴿٩١﴾ وَلَا تَكُونُوا كَالَّتِي نَقَضَتْ غَزْلَهَا مِن بَعْدِ قُوَّةٍ أَنكَاثًا تَتَّخِذُونَ أَيْمَانَكُمْ دَخَلًا بَيْنَكُمْ أَن تَكُونَ أُمَّةٌ هِيَ أَرْبَىٰ مِنْ أُمَّةٍ ۚ إِنَّمَا يَبْلُوكُمُ اللَّهُ بِهِ ۚ وَلَيُبَيِّنَنَّ لَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴿٩٢﴾ ﴾ النحل: ٩١ – ٩٢. واتە: (بە وەفا و بە ئەمەك بن بۆ ئەنجامدانی پەیمانی خوا کاتێك بڕیاری دەدەن و سوێند و پەیمان و بەڵێنتان هەڵمەوەشێننەوە دوای ئەوەی کە دووپات کرابۆوە و تەئکیدی لەسەر کرابوو، لەکاتێکدا کە ئێوە خواتان کردۆتە کەفیل و زامن بەسەر خۆتانەوە، بێگومان خوا دەزانێت بەو کار و کردەوانەی کە دەیکەن. وەکو ئەو ئافرەتە مەبن کە ڕیسەکەی دەکردەوە

بەخوری، دوای ڕستن و تۆکمەکردنی هەڵی دەوەشاندەوە، لەکاتێکدا ئێوەش بەڵێن و سوێند و پەیمانتان بکەنە هۆی فێڵ و تەڵەکە لە نێوانتاندا، نەوەکو دەستە و کۆمەڵێکی ژمارە زۆر و دەسەڵاتدار پەلاماری دەستەیەکی تری کەم دەست و لاواز بدات، بێگومان خوا بەو جۆرە شتانە تاقیتان دەکاتەوە، سوێند بەخوا هەموو ئەو شتانەتان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە جیاوازی و کێشەتان تێدا هەبوو).

ئەمانە چەند حوکم و بنەمایەکن مرۆڤ بەرز دەکەنەوە و بە پلە باڵاکاندا بەرزی دەکەنەوە، تەنانەت گونجاویشن لەگەڵ سروشتی مرۆیی: ﴿ فَأَقِمۡ وَجۡهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفٗاۚ فِطۡرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيۡهَاۚ لَا تَبۡدِيلَ لِخَلۡقِ ٱللَّهِۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ٣٠ ﴾ الروم: ٣٠. واتە: ("ئەی ئینسان بە دڵێکی پاك و بێگەردەوە" ڕوو بکەرە بەرنامە و ئاینی خوا و ئەم لا ئەو لا مەکە، خەڵکینە ئێوەش پابەندی ئەو نەخشەیە بن کە خوا ئێوەی لەسەر دروست کردووە، هیچ جۆرە گۆڕانکاریەك لە هیچ نەخشە و دروستکراوێکی خوادا نییە، ئائەوەیە دینی ڕاست و دروست، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم ڕاستیانە نازانن).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانەدا ئەوا پەیوەندی ئیسلام بە ئاینە ئاسمانیەکانی دیکەوە لە ڕووی بنچینەوە سەرچاوەوە پەیوەندی

یەکگرتن و یەکتر تەواوکردن و لێکتێگەیشتنە لەبارەی کێشە مەزنەکانی مرۆڤ.

ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێ تێڕوانی ئەم ئاینانە یەکبگرێ لەوەی پەیوەستە بە پرسە خواناسی (لاهوتی)یەکان یان وردەکاری پەیڕەوی ژیان، شتێکی زانراوە ئیسلام ڕێز و حورمەتی پێغەمبەر عیسای مەسیح دەگرێ وەك پێغەمبەرێك، لەدایکبوونە پاکەکەی پەسەند دەکات بەبێ باوك، هەر دوو گیانی ئادەم و عیسای مەسیح بە دوو تاکە ڕۆح دادەنێ کە خوا بە ڕاستەوخۆ دروستی کردوون:﴿ إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَۖ خَلَقَهُۥ مِن تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٥٩﴾ ﴾ آل عمران: ٥٩. واتە: (بەڕاستی نموونەی دروست بوونی عیسا لەلایەن خواوە؛ وەك نموونەی ئادەم وایە کە لە خاك دروستی کرد و لەوەودوا فەرمانیدا و پێی وت: ببە "بە ئینسان" ئەویش بوو، "عیسا دایکی هەبوو، ئادەم دایك و باوکیشی نەبوو"). بەڵام قورئان ڕەخنە لە بیروباوەڕی جەستەدارکردنی خوا و سێکوچکەی خوایەتی دەگرێ، بەوەی بە داهێنراوێك هەژماری دەکات کە جیاوازی لە نێوان خوا و مرۆڤ دەشێوێنێت، ئەمەش بەپێی دەربڕینەکانی قورئان، هەروەك دکتۆر هوستن دەڵێت[1].

---

(1) بڕوانە: أبو زهرة، أصول الفقه، دار الفكر العربي، القاهرة، لا ٩٤، لاپەڕەکانی دواتر.

﴿ وَقَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَلَدٗا ﴿٨٨﴾ لَّقَدۡ جِئۡتُمۡ شَيۡـًٔا إِدّٗا ﴿٨٩﴾ تَكَادُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ يَتَفَطَّرۡنَ مِنۡهُ وَتَنشَقُّ ٱلۡأَرۡضُ وَتَخِرُّ ٱلۡجِبَالُ هَدًّا ﴿٩٠﴾ أَن دَعَوۡاْ لِلرَّحۡمَٰنِ وَلَدٗا ﴿٩١﴾ وَمَا يَنۢبَغِي لِلرَّحۡمَٰنِ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا ﴿٩٢﴾ إِن كُلُّ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ إِلَّآ ءَاتِي ٱلرَّحۡمَٰنِ عَبۡدٗا ﴿٩٣﴾ ﴾ مريم: ٩٢ – ٩٣. **واته: ("جوولەکە و گاور و بت پەرستان" دەیانوت: خوای میهرەبان ڕۆڵە و نەوەی بۆ خۆی داناوە!!. سوێند بەخوا بەڕاستی بوختانێکی ناقۆڵا و دەکەن و گوفتارێکی ناشایستە و سەرسوڕهێنەر دەڵێن. خەریکە ئاسمانەکان لە ناقۆڵایی ئەو گوفتارە نابەجێیە، لەت و پەت ببێت، زەوی خەریکە شەق بەرێت و ڕۆبچێت، کێوەکانیش خەریکە بکەون و ورد و خاش ببن. کاتێك کە نەفامان بوونی ڕۆڵە و نەوەیان دایە پاڵ خوای میهرەبان. لە کاتێکدا بۆ خوای میهرەبان نەهاتووە و ڕەوا نییە کە نەوە بۆ خۆی بڕیار بدات. هیچ کەسێك نییە لە ئاسمانەکان و زەویدا، کە بەندەی ملکەچی خوای میهرەبان نەبێت).**

**موسڵمانان – هەروەك هوستن[1] – دەڵێت ئاڵودەی وێناکردنی دوانە نەبوینە بۆ خوا، تەنانەت ئەو کاتەش کە ئەم وێناکردنە بەشێوەیەکی خوازراو (مجازی)یش بەکاردێ، چونکە موسڵمانان پێیان وایە کاتێك مرۆڤ وەسف دەکرێ بەوەی منداڵی خوا بن، ئەوا ئەمە دواتر خوا دەخاتە ناو چوار چێوەی جەستەوە، ئەمەش**

---

**(1) د. هوستن سمیث، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٨٥، لاپەڕەکانی دواتر.**

**وێچواندنی خوایە بە دروستکراوان و جەستە بڕیاردانە بۆ خودی خوای مەزن.**

## دەروازەی دووەم

## پەیڕەوی ئیسلام لەگەڵ خاوەن ئاینە جیاوازەکان

لەوانەیە خوێنەری ژیر لە دەروازەی یەکەمدا، کە توێژینەوەیەکی شیکاری بوو بۆ چاوگ و بنەڕەتی زمانەوانی وشەکانی: ئایین، ئیسلام، پەیوەندی ئیسلام بە ئاینەکانی دیکەوە، ئەوە هەڵبهێنجێ کە ئەم پرسە پەیوەستە بەلایەنی جیهانی پەنهانەوە، کە هیچ کەسێك دەسەڵاتی بەسەردا نییە بێجگەلە خوای مەزن نەبێ، کە خاوەنی ڕۆژی پاداشت و سزایە، خوێنەری زیرەك دەزانێ کە لێپرسینەوە لە دوارۆژدا بڕیار لە سزا و پاداشت و ڕاستی جێبەجێکردن و ملکەچبوون بۆ ویستی خوای پاك و بەرز دەدات، بۆ هیچ یەکێك لە مرۆڤەکان یان هەر بەدیهێنراوێکی تر نییە، حوکمی کۆتایی بدات بە پشت بەستن بە هەڵسەنگاندنی ئەوەی تاك پێشکەشی دەکات یاخود ئەوەی لە ناخ و دڵ و دەروونیدایە لەبەرامبەر ئیمان و باوەڕ: ﴿ إِنَّ إِلَيْنَآ إِيَابَهُمْ ﴿٢٥﴾ ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُم ﴿٢٦﴾ ﴾ الغاشية: ٢٥، ٢٦.

واتە: (بێگومان ئەوانە گەڕانەوەیان هەر بۆ لای ئێمەیە. لەوەودوایش بەڕاستی حساب و لێپرسینەوە و دادگاییان لەسەر ئێمەیە).

شتێکی زانراوە کە باوەڕبوون بە ڕۆژی دوایی ڕەگەزێکی بنەڕەتییە و بنچینەیەکی سەنگینە لە گشت ئاینە ئاسمانیەکاندا.

ئاینی تاك پەیوەستە بە دوارۆژەوە، جا بە مانای پاداشت و سزا بێ یاخود بە مانای گوێڕایەڵی بێ یان بە واتای پەرستش بێت: ﴿ قَالَتْ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَٰمٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا ﴿٢٠﴾ ﴾ مریم: ٢٠. واتە: (مەریەم وتی: جا چۆن من منداڵم دەبێت، لەکاتێکدا هیچ مرۆڤێك توخنم نەکەوتووە و داوێن پیسیش نەبووم).

بەهەمان شێوە ئیسلام کە بەمانای خۆبەدەستەوەدان و ملکەچ بوون دێت بۆ بڕیار و فەرمانی خوای پاك و بەرز، بانگەوازی دەکات بۆ ڕزگاربوون لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا، ڕۆیشتنە ناو خانەی ڕەحمەت و میهرەبانی لەبن نەهاتوو و بێ کۆتایی، ئەمەش لە فراوانی موڵکی خوادا دەدرەوشێتەوە، کە هیچ کەسێك خاوەنی نییە جگەلە خوای پاك و بەرز نەبێت.

لەبەر ئەوەی پرسەکە خواناسییە، ژیری مرۆیی توانای تێدا نییە، ئەوا هەڵدەستین بە هێنانەوەی ئەو ئایەتانەی کە بە کۆی گشتیان دەچەسپێنن کە تەنها خوا بڕیار دەدات کێ براوەیە و کێش دۆڕاوە لە ڕۆژی دواییدا، هەر بە پەلەش ئاماژە دەکەم بۆ وانەیەکی گرنگ، کە دەبێ مرۆڤ باش لێی تێبگات، ئەویش ئەوەیە کە جیاوازی و ڕاجیایی نابێ ببێتە هۆکاری گەندەڵی و خراپەکاری لە زەویدا، یان نابێ ببێتە سووتەمەنی ئاشوب و هەڵگیرسانی جەنگی کاولکەر یاخود بانگەوازی بکات بۆ ترساندن و تۆقاندنی بەرامبەر یان کوشتنی یاخود دوورخستنەوە و پەراوێزخستنی، هەمووان بەندەی خوان بیانەوێ و نەیانەوێ، تەنها خوای مەزن خاوەنی

ڕۆژی سزا و پاداشته، پشت دەبەستین به گەوره ڕاڤەکارانی قورئان له تێگەیشتن و شیکردنەوەی ئەم ئایەتانه، لەگەڵ ئەوەی بیر و بۆچوون بەلایدا دەچێ له ژێر ڕۆشنایی مەبەست و داناییەکانی ئیسلام.

ئەم دەروازەیه بەدرێژی له ژێر ناونیشانی بچوکتر و لاوەکیدا ناخرێتەڕوو، بەڵکو گوزارشت دەبێ له هێنانەوەی چەندین ئایەتی قورئانی، که بڕیاریان داوه لەم بابەتەدا، بەبێ ئەوەی پابەندبین به ڕیزبەندیەکی دیاریکراو:

١. له سورەتی شورا، ئایەتی ٦ قورئانی پیرۆز بۆ پێغەمبەری ڕێزدار دووپات دەکاتەوه که: ﴿ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ ٱللَّهُ حَفِيظٌ عَلَيۡهِمۡ وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم بِوَكِيلٖ ۝٦ ﴾ واته: (ئەوانەش له جیاتی ئەو زاته کەسانی تر و شتی دیکه دەکەنه پاڵپشت و پشتگیر، ئەوانه خوا چاودێره بەسەریانەوه وەنەبێت تۆ ئەی محەممەد "د. خ" کرابیت به سەرپەرشت بەسەریانەوه). بۆ ئەوەی ئێش و ئازارەکانی سەر دڵی محەممەد (د. خ) و ئەوەی له دەستی قوڕەیشییەکان دەیچەشت بەهۆی کەلله ڕەقیان و دەستگرتنیان به گومڕاییەکانی باووباپیرانیان له پەرستنی بت و پەیکەردا.

دواتر له هەمان چوارچێوەدا، له سورەتی شورا ئایەتی ٨ جەخت لەسەر هەمان مانا دەکاتەوه به شێوازێکی تر: ﴿ وَلَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَهُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَلَٰكِن

﴿ يُدۡخِلُ مَن يَشَآءُ فِي رَحۡمَتِهِۦۚ وَٱلظَّٰلِمُونَ مَا لَهُم مِّن وَلِيّٖ وَلَا نَصِيرٍ ﴿٨﴾ ﴾ واته: (ئەگەر خوا ویستی ببوایە هەموویانی دەکردە میللەتێکی یەك پارچە "هەمووان بەناچاریی ئیماندار و چاك دەبوون" بەڵام ویستی وایە هەر کەس بیەوێت و شایستە بێت، دەیخاتە سایەی ڕەحمەت و میهرەبانی و بەهەشتی خۆیەوە، ستەمکارانیش هیچ پشتیوان و یاریدەدەرێکیان نابێت).

گومان لەوەدا نییە ئەوەی چوارچێوەی ئەم دەقە دەیخوازێ و دەیگەیێنێ ئەوەیە کە جیاوازی ڕەگی داکوتاوە لە نێوان باوەڕداران و بێ باوەڕان، بەپێی ڕووکەشی چوارچێوەی دەقەکە ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ ویستی سەربەستی تاك، لەوانەشە سەربکێشێ بۆ ئاشوب، ئەگەر بەبێ دادوەرێك مایەوە کە پرسەکانی بۆ چارە بکات، دەبینین لە هەمان سوڕەتدا ئەم ئایەتەی بەدواداهاتووە: ﴿ وَمَا ٱخۡتَلَفۡتُمۡ فِيهِ مِن شَيۡءٖ فَحُكۡمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبِّي عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ أُنِيبُ ﴿١٠﴾ ﴾ الشورى: ١٠. واته: (لە هەر شتێکدا کێشە و ڕای جیاوازتان بوو، ئەوە سەرەنجامی بڕیارەکەی بۆ خوا خۆی دەگەڕێتەوە، چونکە هەر ئەو زاتەیە خوای پەروەردگارم هەر پشت بەو دەبەستم و هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێمەوە). ڕووی دیاری چوارچێوەی دەقەکە ئەوەیە کە باوەڕ و ڕێنوێنی بەخششە، مرۆڤیش بەو توانایانەی هەیەتی، دەتوانێ پەیی ببات بەوەی چاك و خێر و ڕاستە، لە ژێر ڕۆشنایی ڕوانین لە نیشانە و ئایەتەکانی خوا، ئازادیشە لەوەی بڕیاری چی دەدات، لەسەر پێغەمبەرانیش ڕاگەیاندنی پەیامی خوایە نەوەك جێگیرکردنی باوەڕ

له ناخی خەڵكدا بەبێ ئەوەی بیانەوێ: ﴿ إِنَّكَ لَا تَهۡدِي مَنۡ أَحۡبَبۡتَ ﴾ القصص: ٥٦. واتە: (بەڕاستی ئەی پێغەمبەر "د. خ" تۆ ناتوانیت ئیمان و باوەڕ ببەخشیت بەو كەسەی خۆشت دەوێت). دەرەنجامی سروشتی ناوكۆی ئەم دەقە ئەوەیە كە هەر چەندە بەندەكان ڕاجیابن سەبارەت بە پرسی ئایین، ئەوا بڕیارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا، لە ڕۆژی دواییدا بڕیاری لەسەر دەدات، نێوانی دژەڕاكان یەكلا دەكاتەوە. ئەو كاتە ڕاستڕەو جیا دەبێتەوە لەوەی لەسەر هەڵە دەڕوات، خەڵكی بەهەشتی لە خەڵكی دۆزەخی جیا دەبێتەوە[1].

هیچ پاڵنەر و پاساوێك نییە بۆ دامەزراندنی پەیوەندی كۆمەڵایەتی لەگەڵ خاوەن ئاینە جیاوازەكان لەسەر دەمارگیری ئاینی، هەرچی پەیوەندی بە مافەكانی خواوە هەیە ئەوا لەسەر لێبوردەیی ڕاوەستاوە، دانایی و حیكمەتی ئەمەش ئەوەیە كە خوای مەزن ئەمە یەكلا دەكاتەوە لە ڕۆژی دواییدا.

پێشەوا ڕازی لە ڕاڤەكەیدا تێڕوانینێكی تری هەیە سەبارەت بەم شێوە دارشتنە قورئانیە، جا دەڵێت: ((شێوە دارشتنە قورئانیەكە، ئەوە دەگەیەنێ هەروەك چۆن خوای مەزن ڕێگری لە پێغەمبەر "د. خ" بە زۆرەملێ بڕوا بەبێ باوەڕان بێنێ، بەهەمان شێوە ڕێگری لە باوەڕداران كردووە بچنە نێو ململانێ و ناكۆكی و كێشە لەگەڵیان، جا فەرموویەتی: ﴿ وَمَا ٱخۡتَلَفۡتُمۡ فِيهِ

---

[1] د. هوستن سمیث، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٨٥، لاپەڕەكانی دواتر.

مِن شَيۡءٖ فَحُكۡمُهُۥٓ إِلَى ٱللَّهِۚ ﴾ الشورى: ١٠. واته: "له هەر شتێكدا كێشه و ڕای جیاوازتان بوو، ئەوه سەرەنجامی بڕیارەكەی بۆ خوا خۆی دەگەڕێتەوه". ئەمەش پاداشدانەوەی ڕاستڕەوان و سزادانی ئەوانەیه لەسەر هەڵ دەڕۆن)).

وەك نەریتی خۆی پێشەوا ڕازی زۆر ڕۆچووه له قوڵایی ئایەتەكان و شرۆڤەی ئاماژەكانیان سەبارەت به پرسەكانی زانستی بنەماكانی فیقه و زمانەوانی و كەلامی و فەلسەفی.

ڕاجیایی ڕوویداوه له نێوان زانای بلیمەت بەیزاوی و زانای بلیمەت زەمەخشەری، له كاتی ڕاڤەكردنی ئایەتی پێشوو، زەمەخشەری (الشيء: شت)ی ڕاڤەكردووه به كار و باره ئاینیەكان، جا وتویەتی[1]: له هەر كار و پرسێكی ئایندا بێ باوەڕانی خاوەن كتێب و هاوبەشدانەران لەگەڵ ئێوه ڕاجیاییان هەبوو لەسەری، ئەوا حوكم و بڕیاری ئەمەی كه ڕاجیایی تێدایه به خوای مەزن ڕاسپێردراوه، كه بریتییه له پاداشتدانەوەی ئەو باوەڕدارانه ڕاستیان پێكاوه، سزادانی ئەوانەی لەسەر هەڵه ڕۆیشتوون.

بەڵام بەیزاوی (الشيء: شت)ی گشتاندووه، بەشێوەیەك كه دین و دونیا بگرێتەوه. بەڵام پەڕاوێزی شیهاب[2] هەمان بۆچوونی بەیزاوی نییه، به بەڵگەی ئەوەی مەبەست له كاروبارەكانی دونیا كێشه و ڕكابەریەكانه، مەرج و پێویست نییه ڕكابەری له شتی دونیاییدا هەبێ له نێوان باوەڕداران و بێ

---

(١) المراغي، تفسير المراغي، ٢٥/ ٢٠.

(٢) الزمخشري، تفسير الكشاف، طبعة بولاق، ١٣١٩ك، ط ٢، ٣/ ٦٤.

باوەڕان، لە بارەی ڕکابەرییە دونیاییەکانیشەوە ناوترێ با خوای مەزن داوەری بکات. لەم ڕاڤە قوڵانەدا چەند تێڕوانینێکی تر هەن، کە زۆربەیان ناگونجێن لەگەڵ خودی ئایەت و ناوکۆ و مەبەستەکەی.

لەبەر چاوی خوێنەری ڕامێنەر ئەوە شاراوە نییە، کە چەندە ئەم ئایەتە ئارامی و هێمنی فەراهەم دەکات لە پەیوەندی نێوان خاوەن ئاینە جیاوازەکاندا، هەروەها تا چەند مرۆڤ پێویستی بە تێگەیشتنە لەوانی تر لە نێو دەریای توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە بەهاکانی ڕێنوێنی و دەستگرتن پێیەوە. بەم ڕەوشتە قورئانیە پیرۆزە، موسڵمان ئارامی و دڵنیایی بۆ دەروون و خودی خۆی فەراهەم دێنێ و هەلی وردبوونەوە لە قوڵایی ئەم ئاینە دەستەبەر دەکات، ئەو ئاینەی کە کە ڕێز لە ویستی مرۆڤ دەگرێ هەتا لە گومڕاییەکەشیدا. پوختەی ئەوەی لەم ئایەتە پیرۆزە و ناوکۆیەکەیدا بەدەست دێ ئەوەیە کە بۆ هیچ مرۆڤێك نییە، جا ئەو مرۆڤە هەر کەسێك بێت ئەوا بۆی نییە خاوەن بیروباوەڕە جیاوازەکان تێکبشکێنێ و بیانچەوسێنێتەوە، تەنها ئەوەیان بۆ هەیە بانگەوازی بکەن بۆ سەر ڕێگەی ڕاست: ﴿لَّيۡسَ عَلَيۡكَ هُدَىٰهُمۡ﴾ البقرة: ٢٧٢. واتە: (ئەی پێغەمبەر (د. خ) هیدایەت و ڕێنمووییی و موسوڵمان کردنی ئەو خەڵکە لەسەر تۆ نییە).

٢. لە سورەتی نیسائدا ئایەتی ١٤١ بخوێنەوە: ﴿فَٱللَّهُ يَحۡكُمُ بَيۡنَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِۗ وَلَن يَجۡعَلَ ٱللَّهُ لِلۡكَٰفِرِينَ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ سَبِيلًا﴾ واتە: (خوا لە ڕۆژی قیامەتدا دادوەریی دەکات لە نێوانتاندا "ئەی بێ باوەڕ و

دووڕووەکان" دڵنیابن هەرگیز خوا نایەڵێت بێ باوەڕان بەسەر ئیمانداراندا دەست ڕۆیشتوو بن و ڕیشەکێشیان بکەن). جا وردببەوە لەو چوارچێوەیەی ئایەتەکەی تێدا هاتووە، کە لە ئایەتی ١٣٨ەوە دەست پێدەکات تا ئەم ئایەتە، تا بە خودی خۆت هەست بکەیت بە ئەندازەی کرانەوەی قەشەنگی ئیسلام بە ڕووی سەرسەختترین و مەترسیدارترین دژەڕاکان، کە ئەوانیش دووڕووەکانن، هەروەها بۆ ئەوەی پەیی ببەیت بە ڕەوشتبەرزی پەیڕەوی ئیسلامی لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ خاوەن ئاینە جیاوازەکاندا.

﴿ بَشِّرِ ٱلْمُنَـٰفِقِينَ بِأَنَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٣٨﴾ ٱلَّذِينَ يَتَّخِذُونَ ٱلْكَـٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۚ أَيَبْتَغُونَ عِندَهُمُ ٱلْعِزَّةَ فَإِنَّ ٱلْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا ﴿١٣٩﴾ وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِى ٱلْكِتَـٰبِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ ءَايَـٰتِ ٱللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا تَقْعُدُوا۟ مَعَهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا۟ فِى حَدِيثٍ غَيْرِهِۦٓ ۚ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ جَامِعُ ٱلْمُنَـٰفِقِينَ وَٱلْكَـٰفِرِينَ فِى جَهَنَّمَ جَمِيعًا ﴿١٤٠﴾ ٱلَّذِينَ يَتَرَبَّصُونَ بِكُمْ فَإِن كَانَ لَكُمْ فَتْحٌ مِّنَ ٱللَّهِ قَالُوٓا۟ أَلَمْ نَكُن مَّعَكُمْ وَإِن كَانَ لِلْكَـٰفِرِينَ نَصِيبٌ قَالُوٓا۟ أَلَمْ نَسْتَحْوِذْ عَلَيْكُمْ وَنَمْنَعْكُم مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۚ فَٱللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۗ وَلَن يَجْعَلَ ٱللَّهُ لِلْكَـٰفِرِينَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ سَبِيلًا ﴿١٤١﴾ ﴾ النساء: ١٣٨ – ١٤١. واتە: ("ئەی پێغەمبەر "د. خ" مژدە بە دووڕووەکان بدە کە بەڕاستی سزایەکی بەئێشیان بۆ ئامادە کراوە. ئەو دووڕووانەی کە

بێ باوەڕەکان دەکەنە پشتیوان و یار و یاوەری خۆیان لەجیاتی ئیمانداران، ئایا دەیانەوێت عیززەت و دەسەڵات و سەربەرزیان لای ئەوان دەست بکەوێت؟ "ئەوانە بەهەڵەدا چوون" چونکە بەڕاستی عیزەت و باڵادەستی و سەربەرزیی هەر هەمووی بۆ خوایە. بەڕاستی "خوای گەورە" لە قورئاندا ئەم بڕیارەی ناردووە بۆ سەرتان کە: هەر کاتێك لە جێیەکدا گوێتان لێ بوو کوفر و گاڵتە بەئایەتەکانی خوا دەکرێ، ئەوە دامەنیشن لەگەڵ ئەوانەدا هەتا قسە و باسەکەیان نەگۆڕن "ئەگەر دابنیشن و گوێ نەدەنێ" ئەوە بەڕاستی ئێوەش لەو کاتەدا وەك ئەوانن، بەڕاستی خوا دووڕووەکان و بێ باوەڕەکان هەموویان لە دۆزەخدا کۆ دەکاتەوە. ئەوانەی کە خۆیان بۆ ئێوە مەڵاسداوە چاوەڕوانی بەسەرهاتتان دەکەن، ئەگەر سەرکەوتنێکتان لەلایەن خواوە دەست بکەوێت دەڵێن: ئەی ئێمە لەگەڵتاندا نەبووین؟! خۆ ئەگەر کافرەکان بەشێکیان ببێت لە سەرکەوتن، دووڕووەکان دەڵێن: ئایا ئێمە لەسەر ئێوەمان نەدەکردەوە و نەمانهێشت ئیمانداران زیانتان پێبگەیەنن، ئینجا خوا لە ڕۆژی قیامەتدا دادوەریی دەکات لە نێوانتاندا "ئەی بێ باوەڕ و دووڕووەکان" دڵنیابن هەرگیز خوا نایەڵێت بێ باوەڕان بەسەر ئیمانداراندا دەست ڕۆیشتوو بن و ڕیشەکێشیان بکەن). لە کاتی وردبوونەوە لەم دیمەنە مەزنەی قورئانی پیرۆز بەم مانا و وانانەی خوارەوە دەگەین:

یەکەم: وەسفی دووڕووانی تێدایە، کە خەریکە ئابڕوویان ببات و مەبەست و نیازە شاراوەکانیان دەربخات، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- دۆستایەتی و خۆشەویستی ڕاستەقینەیان بۆ بێ باوەڕان، نەوەك باوەڕداران، بە هیوای سەرکەوتن و زاڵبوون و سەربەرزی بێ باوەڕان.

٢- سوودگەرایی زێدەڕەو، کە وایان لێدەکات هەر دەستکەوت و قازانجێك بقۆزنەوە لە هەر کوێیەك بێت، داوای بەشی خۆیان لە هەر لا دەکەن، ئەگەر سەرکەوتن بۆ باوەڕداران بێ ئەوا خۆیان پێشدەخەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە موسڵمانێتیدا لەگەڵیاندان، ئەگەر سەرکەوت بەشی بێ باوەڕان بوو، ئەوا ڕۆڵی باش و کارای خۆیان یادی بێ باوەڕان دێننەوە، لەو سەرکەوتنەی بەدەستیان خستووە.

دووەم: جەختکردنەوەی قورئانی لەسەر ئەوەی ئاکامی دووڕووان و بێ باوەڕان یەکە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ جَامِعُ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱلۡكَٰفِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا ﴾ النساء: ١٤٠. واتە: (بەڕاستی خوا دووڕووەکان و بێ باوەڕەکان هەموویان لە دۆزەخدا کۆ دەکاتەوە). تەنانەت قورئانی پیرۆز فەرموویەتی ڕێباز و ڕێگەی دووڕوویی خراپترە لە ڕێگەی بێ باوەڕان، خوای پایەبەرز سەرزەنشتی بێ باوەڕانی کردووە لە سەرەتای سورەتی بەقەرەدا لە دوو ئایەتدا، بەڵام لە زیاتر لە دە ئایەتی هەمان سورەتدا سەرزەنشتی دووڕووانی کردوووە، هەر بۆیە ئایەتی پیرۆزی قورئان لە دوای ئەم دیمەنە هاتووە و فەرموویەتی:

﴿ إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ فِي ٱلدَّرۡكِ ٱلۡأَسۡفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمۡ نَصِيرًا ﴾ النساء: ١٤٥. واتە: (بەڕاستی دووڕووەکان لە چینی هەرە خواری ناو دۆزەخدان و هەرگیز بۆ ئەوان پشتیوانێکت دەست ناکەوێت).

سێیەم: لەوانەیە پاڵنەرەکانی حوکمی مرۆیی وابخوازن کە سەرکردە بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات، ئەم توێژە تێکدەرە بە زەبری تووند و تیژی لەناو ببات، بەڵام دانایی قورئانی و خوایی پێغەمبەری (د. خ) ئاراستەکرد بە ئاراستەی ئاشتی و لێبوردەیی و هانیدا بۆ ڕێزگرتن لە ڕا و بۆچوونی بەرامبەر، تا ئەو ڕۆژە دێ کە هیچ خاوەن دەسەڵاتێك نییە جگە لە خوای گەورە نەبێ: ﴿ فَٱللَّهُ يَحۡكُمُ بَيۡنَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ ﴾ النساء: ١٤١. واتە: (خوا لە ڕۆژی قیامەتدا دادوەریی دەکات لە نێوانتاندا). ئەمە بانگەوازێکی ڕاشکاوە بۆ وەدەرنانی کێشەی بوونی پەیوەندی لەگەڵ دووڕووەکاندا تا ڕۆژی دوایی، هەروەك ئایەتی ١٠ سوڕەتی شوڕا بە ڕاشکاوانە بانگەوازی کرد بۆ وەلانانی کێشەی بوونی پەیوەندی لەگەڵ بێ باوەڕان تا ڕۆژی دوایی.

٣. لە سوڕەتی مائیدەدا، کە سوڕەتێکی مەدینەییە، ئەم فەرمایشتەی خوای مەزن دەخوێنینەوە: ﴿ إِلَى ٱللَّهِ مَرۡجِعُكُمۡ جَمِيعٗا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ﴾ المائدة: ٤٨. واتە: (دڵنیاش بن کە هەمووتان

دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا، ئەو کاتە هەواڵی تەواوتان دەداتێ دەربارەی ئەو شتانەی کە کێشەتان لەسەری هەبوو).

ئەم ئایەتە لە ناوکۆ و چوارچێوەی فرە شەریعەت و پەیڕەوەکانی خوا بۆ گەلان هاتووە:﴿ وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلْكِتَٰبِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ ۖ فَٱحْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ عَمَّا جَآءَكَ مِنَ ٱلْحَقِّ ۚ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا ۚ وَلَوْ شَآءَ ٱللَّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَٰحِدَةً وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِى مَآ ءَاتَىٰكُمْ ۖ فَٱسْتَبِقُوا۟ ٱلْخَيْرَٰتِ ۚ إِلَى ٱللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ ﴿٤٨﴾ ﴾ المائدة: ٤٨. واتە: (ئێمە قورئانمان هاوڕێ لەگەڵ هەموو حەقیقەت و ڕاستییەکدا بۆ تۆ دابەزاندووە، ڕاستی و دروستی کتێبەکانی پێش خۆیشی دیاری دەکات و چاودێرە بەسەر هەموویاندا "کاتێك خاوەنانی کتێب لە گاور و جوو گیروگرفتیان دەهێنن بۆ لای تۆ" بەو بەرنامەیەی خوا ناردوویەتی داوەریی بکە لە نێوانیاندا و شوێن ئارەزووەکانی ئەوان مەکەوە و لەو حەقە لامەدە کە بۆت ڕەوانە کراوە، بۆ هەر لایەکتان "موسڵمانان و خاوەنانی کتێب" بەرنامە و پڕۆگرامی تایبەتمان بڕیارداوە خۆ ئەگەر خوا بیویستایە هەر هەمووتانی دەکردە یەك ئوممەت و گەلێکی یەك پارچە، بەڵام "ویستی وایە بەو جیاوازیە" تاقیتان بکاتەوە لەوەی پێی

بەخشیوون، دەی کەواتە زۆر بەپەلەبن و پێشبڕکێ بکەن بۆ هەموو خێر و چاکەیەك، دڵنیاش بن کە هەمووتان دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا، ئەو کاتە هەواڵی تەواوتان دەداتێ دەربارەی ئەو شتانەی کە کێشەتان لەسەری هەبوو).

لە ناوەڕۆك و چوارچێوە و ناوکۆی ئایەتەکەدا وا تێدەگەین و ئەوەش بەدەردەکەوێ کە شەریعەتە کردارییەکان دەگۆڕێن بەپێی گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سروشتی مرۆڤ و ئامادەییان، ئەگەرچی گشت پێغەمبەران کۆك بن لە بنچینەی ئایندا، کە یەکخواناسی و دڵسۆز بوونە بۆ پەروەردگار لە دۆخی ئاشکرا و پەنهاندا، ملکەچی و بەدەستەوەدانی نێوچەوان و ڕووخسار بە خوا[1]، ئایین یەکە و بەرنامە و شەریعەتەکان جیاوازن.

هەرگیز خوای مەزن جیاوازی شەریعەتەکانی نەکردۆتە خاڵی ناکۆکی و ململانێ و دژایەتی لە نێوان ڕەگەز و ڕەچەڵەکەکان، بەڵکو خوای مەزن فەرمانی کردووە ئەم جیاوازییە ببێتە کێبڕکێ لە نێوان گەلاندا لە چاکە و خێردا، ئەمە کێبڕکێیەکی شارستانیە نەوەك دوژمنکاری یان شارستانی. هیچ یەکێك مافی ڕاستکردنەوەی نییە لە پێناو ڕەتکردنەوەی بەرامبەر و سڕینەوەی لە ژیاندا، خوای مەزن سەرچاوەی گشت ئەم ئاینانەیە، لە دواڕۆژدا ئەوە یەکلا دەکاتەوە کە تیایدا ڕاجیابوون.

---

(1) حاشية الشهاب على البيضاوي، دار صادر، ٧/ ٤١٢.

ڕاڤەکاری شەرعناسی فەیلەسوفی پسپۆر لە زانستی بنەماکانی فیقهدا پێشەوا ڕازی لە ڕاڤەکەیدا[1] بۆ قورئانی پیرۆز باسی کێشەی جیاوازی کردووە کێشەی لێك جیایی کردووە، کە گوایە لە ڕێگەی پێغەمبەراندا هەبووە، لە کاتێکدا وێنەی ئەم ئایەتانە: ﴿ شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا ﴾ الشورى: ٤٢/ ١٣. واتە: (ڕێبازی ئاین و بەرنامەی ژیانی بۆ داناون، هەروەك بۆ نوحی دانابوو). ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُۖ فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡ ﴾ الأنعام: ٩٠. واتە: (ئەو "ناوبراوانە" ئەو کەسانەن کە خوا "بەتایبەت" ڕێنموویی کردوون، تۆش "ئەی محەممەد (د. خ)، ئەی ئیماندار" شوێنی ڕێنموویی ئەوانە بکەوە). ئاماژە دەدەن بە یەکێتی ئاینەکان. ئەم ئایەتەش ئاماژە بۆ گەلان دەکات: ﴿ لِكُلّٖ جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗا ﴾ المائدة: ٥/ ٤٨. واتە: (بۆ هەر لایەکتان "موسڵمانان و خاوەنانی کتێب" بەرنامە و پرۆگرامی تایبەتمان بڕیارداوە). بەڵگەشە لەسەر فرە بەرنامەیی: ﴿ وَلَوۡ شَآءَ رَبُّكَ لَجَعَلَ ٱلنَّاسَ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ ﴾ هود: ١١٨. واتە: (خۆ ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە ئەوە هەموو خەڵکی دەکرد بەیەك تاقم و کۆمەڵ).

---

[1] المراغي، تفسير المراغي، ١٣٠.

بەڵام ڕازی چارەی ئەم کێشەیەی کردووە بە کۆکردنەوەی ئەم ئایەتانە و گونجاندنیان لەگەڵ یەکتری، ئەوەی ئاماژە بکات بە جیاوازی ئاینەکان، بەوەی لێکداوەتەوە کە لق و پۆپەکانی ئایینە، ئەوەش کە ئاماژە و بەڵگە دەکەن بۆ یەکگرتوویی ئاینەکان، بە بنەماکانی ئاینی لێکداوەتەوە.

هەروەها ناوبراو وتویەتی: لێرەدا گوتارەکە ڕووی لە گەلی موسا و گەلی عیسا و ئوممەتی محەممەدە (درود و سڵاوی خوایان لێبێ) بە بەڵگەی ئەو چوارچێوەیەی تیایدا هاتووە، وشەی (شرعة) بە دوو مانا دێت، یەکەمیان: ڕوونکردنەوە و ڕۆشنکردنەوە. دووەمیان: ڕۆیشتنە ناو شتەوە، شەریعەت لە زمانی عەرەبەکاندا بەو جۆگەیە دەڵێن کە خەڵك هەڵی دەکەنن و لێی دەخۆنەوە، شەریعەت (فعیلە)یە کە بەمانای بەرکار دێ، کە ڕێگەی ڕۆشنە، دەوترێ: ڕێگەکەم بۆ ڕۆشن کردیەوە، بەمەش ڕۆشن دەرکەوت[1].

٤. خوای مەزن لە ئایەتی ١٣٣ سورەتی بەقەرەدا، کە سورەتێکی مەدینەییە، دەفەرمووێت: ﴿ وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ لَيۡسَتِ ٱلنَّصَٰرَىٰ عَلَىٰ شَيۡءٖ وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَىٰ لَيۡسَتِ ٱلۡيَهُودُ عَلَىٰ شَيۡءٖ وَهُمۡ يَتۡلُونَ ٱلۡكِتَٰبَۗ كَذَٰلِكَ قَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَ مِثۡلَ قَوۡلِهِمۡۚ فَٱللَّهُ يَحۡكُمُ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ فِيمَا كَانُواْ فِيهِ يَخۡتَلِفُونَ ﴾ واتە: (جولەکە دەڵێن: گاورەکان لەسەر هیچ بنەما و

---

[1] الرازي، التفسير الكبير، ١٢/ ١٢، لاپەڕەکانی دواتر.

ڕاستییەك نین، گاورەكانیش دەڵێن جوولەكە لەسەر هیچ بنەما و ڕاستییەك نین، لە كاتێكدا ئەوانە كتێبی "تەورات و ئینجیلیش دەخوێننەوە" هەروەها ئەوانەش كە هیچ نازانن "لە بتپەرستانی عەرەب" هەروا دەڵێن "بڕوایان بە ئایینی ئیسلام و ئەوانیش نییە" خوایش لە ڕۆژی قیامەتدا دادگایی نێوانیان دەكات لەوەی كە ناكۆكن تیایدا).

وا پێدەچێ قورئان یاسایەكی گشتی بچەسپێنێ بۆ خاوەن ئاینە جیاوازەكان، ناوەڕۆك و مەبەستەكەی ئەوە بێ كە تەنها خوای مەزن حوكمیان لە نێودا دەكات لە ڕۆژی دوایی، ئەمەش بۆ جەختكردنەوەیە لەسەر ئازادی، كە بناغەی بەرپرسیارێتی مرۆڤە لە دونیا و دوارۆژدا.

هەر یەك لە ڕاڤەكەی ڕازی و زەمەخشەری و مەڕاغیم خوێندۆتەوە سەبارەت بەوەی پەیوەستە بەم ئایەتە و ناوكۆ (سیاق)ەكانی، گشتیان دواون لەسەر چاوپێكەوتنی ئەحبارەكانی جولەكە و شاندی نەسڕانیەكان بە پێغەمبەری ڕێزدار (د. خ)، لە پەڕاوێزی چاوپێكەوتنەكەیاندا گفتوگۆیەكیان ئەنجامدا، تا ئەو ئاستەی دەنگیان بەرزبووەوە، جولەكەكان وتیان: بەڕاستی ئێوە لەسەر هیچ شتێكی ڕاست و دروست نین، بەهەمان شێوە نەسڕانیەكانیش بەوانیان وت: ئێوەش لەسەر ئاینی ڕاست نین. بەڵام قورئانی پیرۆز سەركۆنەی ئەوانی كرد، بەڵام بەشێوازێكی ناڕاستەوخۆ، ئەوانی

هۆشیار کردەوە لەوەی ئەم پرسە پەیوەستە بە زانست و زانیاری ئاینیەوە، سەرچاوەکانی ئەم زانین و زانستەش لەلای هەر دوو لاکە دەست دەکەویت، جا هەڵوێستی ئەوانە چۆن دەبێ کە نەزانن، ئەوانیش ئەوانەن کە خاوەنی کتێبی ئاسمانی نین، وەك خەڵکی ناو نەمافێتی.

لەگەڵ ئەوەشدا با ڕاجیابن، خوای مەزن حوکمیان لە نێواندا دەکات لە دوارۆژدا، لەوەی ڕاجیان تێیدا، نێوانی ڕاستڕەو و هەڵەڕەو لەوەی ڕاجیان تیایدا یەکلا دەکاتەوە.

بەڵام ئیسلام قسەی بێ ئامانج و تەنها قسە فڕێدان پەسەند ناکات، قسە لە هیچ کەسێك وەرناگرێ، بەبێ بەڵگە: ﴿قُلۡ هَاتُواْ بُرۡهَٰنَكُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ﴾ البقرة: ١١١. واتە: ("تۆش ئەی محەممەد (د. خ)، ئەی ئیماندار" پێیان بڵێ: ئەگەر ڕاستگۆن، بەڵگەتان لەسەر ئەم قسەیە بهیننە مەیدانەوە). ئیسلام پێوەرێکی ڕۆشنی دیاریکردووە بۆ ڕاستگۆیی باوەڕ لەم فەرمایشتەی خوای مەزندا: ﴿ بَلَىٰ مَنۡ أَسۡلَمَ وَجۡهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحۡسِنٞ فَلَهُۥٓ أَجۡرُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ١١٢ ﴾ البقرة: ٢/ ١١٢. واتە: (نەخێر وانییە، هەر کەس بەڕاستی خۆی بداتە دەست خوا و لەهەمان کاتدا چاکەکار و موسڵمان بێت، ئەوە پاداشتی خۆی لای پەروەردگاری

**دەست دەکەوێت و نەترسیان دەبێت و نەغەم و پەژارە دایان دەگرێت).**

**ئەم دوو ئایەتانە لە ناوکۆی ئەو ئایەتەدا هاتوون کە ئاماژەی پێدراوە لەم دیمەنەدا، واتە بریتین لە: بەدەستەوەدانی ڕووخسار و نێوچەوان بۆ خوا، ئەنجامدانی کاری چاك بە ڕێك و پێكی. خواش زاناترە.**

**٥. خوای پایەبەرز لە ئایەتی ٦٩ سوڕەتی حەجدا، کە مەدینەییە دەفەرمووێت: ﴿ ٱللَّهُ يَحۡكُمُ بَيۡنَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ فِيمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ٦٩ ﴾ الحج: ٦٩. واتە: (هەر خوا خۆی لە ڕۆژی قیامەتدا داوەری دەکات لە نێوانتاندا لەسەر ئەو شتانەی کە ئێوە کێشە و جیاوازیتان لەسەر دەکرد).**

**وردببەوە و ڕابمێنە لە ناوکۆی ئەم ئایەتە پیرۆزە تا تێبگەیت لەو دیمەنەی ئایەتەکە مەبەستیەتی ڕاستی بکاتەوە: ﴿ لِّكُلِّ أُمَّةٖ جَعَلۡنَا مَنسَكًا هُمۡ نَاسِكُوهُۖ فَلَا يُنَٰزِعُنَّكَ فِي ٱلۡأَمۡرِۚ وَٱدۡعُ إِلَىٰ رَبِّكَۖ إِنَّكَ لَعَلَىٰ هُدٗى مُّسۡتَقِيمٖ ٦٧ وَإِن جَٰدَلُوكَ فَقُلِ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا تَعۡمَلُونَ ٦٨ ﴾ الحج: ٦٧ ، ٦٨. واتە: (بۆ هەر میللەتێك بەرنامە و پرۆگرامێکمان دیاری کردووە پەیڕەوی دەکەن و لەسەری دەڕۆن، کەواتە با خاوەن ئایینەکانی تر نەیکەنە کێشە و ئاژاوە لەگەڵتدا لەبارەی ئەم**

ئایینەوە، ئەی محەممەد "د. خ" بەردەوام بانگەوازی خەڵکی بکە بۆ لای پەروەردگارت چونکە بەڕاستی تۆ لەسەر ڕێگە و ڕێباز و ڕێنمونیەکی ڕاست و دروستیت. خۆ ئەگەر مشتومڕت لەگەڵدا بکەن "تۆ" بڵێ: خوا خۆی چاك زانایە بەو کار و کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن).

زانای بلیمەت مەڕاغی دەڵێت(): ((ئەو ئوممەتەی لە ڕەوانەکرانی موساوە تا ڕەوانەکرانی عیسا پەیڕەوەکەی ئەوەبووە کە لە تەوڕاتدا هاتووە، ئەو ئوممەتەی لە ڕەوانەکرانی عیساوە تا ڕەوانەکرانی محەممەد "د. خ" بەرنامەکەی ئەوەبووە کە لە ئینجیلدا هاتووە، ئوممەتی محەممەد "د. خ" کە ئەوانەن لە ڕەوانەکرانی ئەوەوە دەرکەوتوون تا ڕۆژی دوایی و پەیڕەوەکەیان ئەوەیە کە لە قورئاندایە، چونکە هەر سەردەمێك ئەو بەرنامەیەی بۆ هەیە کە لەگەڵ دەگونجێ لەو قۆناغدا)).

ئەوەی لە ناوکۆی ئەم ئایەتە و ناوەڕۆکەکەی وەردەگیرێ ئەوەیە کە جیاوازی بەرنامە و شەریعەتەکان پاڵنەر نییە بۆ دژایەتی و بەربەرەکانێ و یەکتر دادگایی کردن لە ژیاندا، بەڵکو ئەوەی بڕیار لەم جیاوازیانە دەدات و یەکلایان دەکاتەوە خوای مەزنە لە ڕۆژی دواییدا، ئەمەش پوختەی ئەوەیە کە ئایەتە ڕۆشنەکانی پێشتر جەختیان لەسەر کردەوە.

---

() المراغي، هەمان سەرچاوە، ١٧/ ١٣٨ و لاپەڕەکانی دواتر.

٦. لەگەڵ ئەمەشدا لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە و هێمای تر هەن، کە جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەو ڕاستییەی کە خوای مەزن لە ڕۆژی دوایی حوکم لە نێوان خاوەن ئاینە جیاوازەکاندا دەکات: ﴿إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾ يونس: ٩٣. واتە: (بەڕاستی پەروەردگاری تۆ "ئەی محەممەد (د. خ)" داوەری دەکات لە نێوانیاندا لە ڕۆژی قیامەتدا لەو کێشەو شتانەدا کە ئەوان جیاوازی و ناکۆکی تێدا دەکەن). ﴿وَإِنَّ رَبَّكَ لَيَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾ النحل: ١٢٤. واتە: (بێگومان پەروەرگاری تۆ فەرمانڕەوایی دەکات لە نێوانیاندا لە ڕۆژی قیامەتدا لەسەر ئەو شتانەی کە ئەوان کێشە و جیاوازیان تێدا دەکرد). ﴿إِنَّ رَبَّكَ هُوَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿٢٥﴾﴾ السجدة: ٢٥. واتە: (بەڕاستی پەروەردگارت خۆی "دوای ئەوەی کە بوونە چەندەها دەستە و گرۆ" لە ڕۆژی قیامەتدا لەیەك جیایان دەکاتەوە، چاك و خراپیان دیاری دەکات لەو شتانەدا کەوا ئەوان کێشەیان تێدا دەکرد و ڕووبەڕووی یەك دەبوونەوە و بەرامبەر یەك دەوەستانەوە). ﴿إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿١٧﴾﴾ الجاثية: ١٧. واتە: (بەڕاستی پەروەردگاری تۆ "ئەی

محەممەد (د. خ)" داوەری دەکات لە نێوانیاندا لە ڕۆژی قیامەتدا لەو کێشەو شتانەدا کە ئەوان جیاوازی و ناکۆکی تێدا دەکەن).

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَٱلَّذِينَ هَادُوا۟ وَٱلصَّـٰبِـِٔينَ وَٱلنَّصَـٰرَىٰ وَٱلْمَجُوسَ وَٱلَّذِينَ أَشْرَكُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿١٧﴾ ﴾ الحج: ١٧. واتە: (بەڕاستی ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە و ئەوانەش کە بوونەتە جوو، لەگەڵ سابئەکاندا کە فریشتە پەرست؛ یان ئەستێرە پەرستن و گاورەکان و ئاگرپەرستەکان و ئەوانەی کە هاوەڵیان "بۆ خوا" بڕیارداوە، بێگومان خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا جیایان دەکاتەوە لە یەکتر و بڕیاری خۆی دەدات لەسەریان، بەڕاستی خوا شایەتە بەسەر هەموو شتێکەوە).

ئەم ڕاستییە گونجاوە لەگەڵ بەخششی خوایی بۆ مرۆڤ لە سەرەتای بوونەوە، بەوەی زەوی ببێتە شوێنی مانەوە و حەوانەوەی مرۆڤ تا کاتێکی دیارکراو و هاتنی دواڕۆژ: ﴿ وَلَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَـٰعٌ إِلَىٰ حِينٍ ﴾ البقرة: ٢/ ٣٦. واتە: (تاماوەیەکی دیاریکراو نیشتەجێ دەبن لە زەویدا و لە ناز و نیعمەتەکان سوود وەردەگرن و بەهرەوەر دەبن).

بەڵام حەزی هەڵە و تاوان کە ڕەگ و ڕیشەی هەیە لە مرۆڤدا، بووەتە هۆی تێکدانی ژیان و گوزەرانی، وایلێکردووە هەندێك جار لە ڕێگەی ڕاست لابدات: ﴿ وَلَوْ يُؤَاخِذُ ٱللَّهُ ٱلنَّاسَ بِمَا كَسَبُوا۟ مَا

﴿ تَرَكَ عَلَىٰ ظَهۡرِهَا مِن دَآبَّةٖ وَلَٰكِن يُؤَخِّرُهُمۡ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى ﴾ فاطر: ٤٥. واته: (خۆ ئەگەر خوا تۆڵەی لە خەڵکی بسەندایە لەسەرەنجامی کار و کردەوەی نادروستیاندا، هەرچی زیندەوەر هەیە لەسەر ڕوکاری زەوی نەدەما، بەڵام خوا ئەوەندە بەپەلە نییە لە تۆڵەسەندن، بەڵکو دوایان دەخات بۆ کاتێکی دیاریکراو).

قورئانی پیرۆز محەممەد (د. خ)ی دواندووە، جا فەرموویەتی: ﴿ وَمَآ أَنتَ عَلَيۡهِم بِجَبَّارٖ ﴾ ق: ٤٥. واته: (خۆ تۆ زۆردارنیت بەسەریانەوە). ﴿ لَّسۡتَ عَلَيۡهِم بِمُصَيۡطِرٍ ٢٢ ﴾ الغاشية: ٨٨/ ٢١ – ٢٤. واته: (هیچ دەسەڵاتێکت نییە بەسەر دڵ و دەروونیاندا "تا بە زۆر باوەڕداریان بکەیت"). ﴿ إِنَّكَ لَا تَهۡدِي مَنۡ أَحۡبَبۡتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُ ﴾ القصص: ٢٨/ ٥٦. واته: (بەڕاستی ئەی پێغەمبەر (د. خ) تۆ ناتوانیت ئیمان و باوەڕ ببەخشیت بەو کەسەی خۆشت دەوێت، بەڵکو خوا هەر کەسێکی بوێت دەیخاتە سەر ڕێگەی ڕاست و ئیمانی پێدەبەخشێت). ئەرکی پێغەمبەران و پەیامبەران (د. خ) ڕاگەیاندنی پەیام و ڕێنوێنیەکان و ڕێنماییکردنی مرۆڤە بۆ سەر ڕێگە ڕاستەکەی لە باوەڕ و یەکخواناسی و ئاشتیدا.

# پێرست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| پێشەکی وەرگێڕ | ٧ |
| پێشەکی و ڕێخۆشکردن | ٩ |
| • دەروازەی یەکەم: خوێندنەوەیەکی بابەتیانە بۆ ئەرکەکانی سوننەتی پێغەمبەر | ٣٦ |
| _ یەکەم: ئەرکەکانی سوننەتی پێغەمبەر | ٣٦ |
| _ دووەم: ڕەهەندی ڕێنیشاندەری (البعد الإرشادي) سوننەتی پێغەمبەر | ٤٧ |
| _ سێیەم: ئەو شوێنەوارانەی لە دەرەنجامی خەسڵەتی ڕێنیشاندەری سوننەتی پێغەمبەر کەڵەکە دەبن | ٦٥ |
| • دەروازەی دووەم: فیقهی واتا و فیقهی چاوگی وشە (فقه المعاني و فقه المباني) | ٧٧ |

أ_ ئاماژەی فەرمان و ڕێگریکردن (دلالة الأمر والنهي) ٨٥

ب_ ئاماژەی دەقی گشتی (دلالة العام) ٩٢

_ یەکەم: فیقهی واتا و قوتابخانەی ڕاوبۆچوون (مدرسة الرأي) ٩٤

_ دووەم: فیقهی واتا و فیقهی مەبەست (فقه المقاصد) ١٠٠

_ سێیەم: فیقهی واتا و قوتابخانەی پابەندبوون بە دەق ١٠٧

_ چوارەم: فیقهی واتا و قوتابخانەی کۆمەڵایەتی (مێژوویی) ١٠٩

_ پێنجەم: فیقهی چاوگی وشە و ڕاڤەی بێژە (اللفظ)یی و شرۆڤەی بەرتەسك ١١٠

_ شەشەم: فیقهی واتا و ڕاڤەی بەرفراوان ١١٢

_ حەوتەم: فیقهی واتا و گونجانی فیقه لەگەڵ بارودۆخ لە سایەی ڕۆشنایی دانایيدا ١١٤

_ هەشتەم: فیقهی واتا و فیقهی بەرژەوەندی و ژیری ١١٦

- **دەروازەی سێیەم**: ڕەهەندی سیاسی لە هزری ئیسلامیدا ١٢٨

_ یەکەم: مانای هزری ئیسلامی و تایبەتمەندییەکانی ١٢٩

_ دووەم: سیستەمی سیاسی لە ئیسلامدا ١٣٣

_ سێیەم: پێگەی سیاسەت لە ئیسلامدا ١٤٢

_ چوارەم: دەوڵەتی ئیسلامی ١٤٩

_ پێنجەم: سەرچاوەکانی سیستەمی سیاسی ئیسلامی ١٥٤

_ شەشەم: دەوڵەتی ئیسلامی لە ڕووی پێکهاتنەوە ١٦٤

- **دەروازەی چوارەم**: ڕەهەندی شارستانی لە هزری ئیسلامیدا ١٧١

_ یەکەم: فرەیی شارستانی ڕاستییەکی گەردوونییە ١٧٣

_ دووەم: بەرنامەی ئیسلام بۆ ژیان ١٨٥

- پرسی یەکەم: پەیڕەوی لێبوردەیی لە ئیسلامدا ١٨٧
- پرسی دووەم: فرەیی و پەسەندکردنی بۆچوونی بەرامبەر ٢٠٨
- پرسی سێیەم: مافەکانی مرۆڤ ٢١٩
- پرسی چوارەم: کەلتوری (ڕۆشنبیری) داد و ئاشتی نەوەك کەلتوری (ڕۆشنبیری) ستەم و تووند و تیژی ٢٧٦
- ناساندنی تیرۆر (الإرهاب)

- **دەروازەی پێنجەم**: بیرۆکەی حوکمڕانی (فکرة الحاکمیة) ٢٩٩

_ یەکەم پێشەوا عەلی (سڵاوی لێبێت) چۆن ڕووبەڕووی ئاشووبی حوکمڕانی بووەوە؟ ٣٠١

_ دووەم: هەندێك ئایەت سەبارەت بە حوکمڕانی ٣٠٧

_ سێیەم: بیرۆکەی بەچاکدانان و بەخراپدانان (فكرة التحسين والتقبيح) ٣١٩

دەروازەی شەشەم: دانایی لە چارەسەرکردنی پرس و کێشەکاندا ٣٥٣

_ یەکەم: دانایی (حیکمەت) لە زمانەوانیدا، ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی ڕاڤەکاران لەبارەیەوە، بۆچوونی ئێمە لەم بارەوە ٣٦١

_ دووەم: دانایی و فەلسەفە ٣٨٥

_ سێیەم: دانایی لەلایەن پسپۆرانی زانستی بنەماکانی فیقه (الأصوليين) ٣٩٧

پاشکۆ: هەڵوێستی ئیسلامی لەبەرامبەر خاوەن ئاینە جیاوازەکان ٣٠٧

نوێسازی پێویستیەکی کۆمەڵایەتیە، ناکرێ مرۆڤ لە بەری ڕابکات. لە شوێنێ نەریت بڕیاردەر بوو یان ئامارژەکانی دەقە شەرعییەکان گوماندارو ناڕاشکاو بوون، کاتێکێش ڕووداو و پێشهاتی وا پێش دێن کە دەقێکی مانا بڕاوە یان لە سەر نییە، کە بوونی چەسپاو بێ، ئەوالێرە دا نابێتە دانایی و پەیڕەوکردنی شەرع بەوەی هەڵبستین پەنا بۆ زاراوەی فیقهی کۆن ببەین کە بۆ سەردەمی خۆیان وتویانە، بەڵکو دە بێ فیقهێکی نوێسازی هەبێت کە بگونجێ لەگەڵ بارودوخ، شتەکان ئاسان بکات نەوەك سەخت، لەگەڵ گیانی ڕۆژگار بچیتە ڕێ نەوەك پاش بکەوێت.

ئەو پرۆژە نوێسازییەی ئەو کتێبە پێشکەشی دەکات، هەمو ئەو ئامانجامانەی لە باوەش گرتووە کە ببێتە بنەمایەك بۆ دامەزراندنی قوتابخانەیەکی هزری ئیسلامی کوردەواری هاوچەرخ، گونجاو لە گە ڵ بنەمایەکانی ئیسلام و پێوەرەکانی مەدەنییەت و مرۆڤایەتی.

چاپخانەی حاجی هاشم / هەولێر
0750 445 9848